کار و چالاکییەکانی

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی

سێ ساڵدا

فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان
تەموز - ٢٠٢٢

ناوەڕۆك

پێشەکی: ١
وەزارەتی داد..... ٢
وەزارەتی ناوخۆ ٢٣
وەزارەتی دارایی و ئابووری ٥٥
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان..... ٧٧
وەزارەتی تەندروستی..... ٩٢
وەزارەتی پەروەردە..... ١١٩
وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ١٤٥
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار..... ١٦٣
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی..... ١٩٥
وەزارەتی پلاندانان ٢١٠
وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی..... ٢٣٠
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان..... ٢٤٥
وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ٢٥٠
وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو..... ٢٦٣
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی..... ٢٨٤
وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ٢٩٢
وەزارەتی ئەوقاف و کاروبای ئایینی ٣٢٦
وەزارەتی کارەبا..... ٣٣٦
وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوسان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ..... ٣٧٤
وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان..... ٣٧٦
وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان..... ٣٨٦
فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ٤١٧
فەرمانگەی میدیا و زانیاری ٤٣٢
دەستەی وەبەرهێنان ٤٥١
دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە..... ٤٦٥
دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم..... ٤٧٢
دەزگای گشتی کاروباری مین ٤٨١
ئەکادیمیای کوردی ٥٠٠
فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری..... ٥٢٢
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان..... ٥٣٨
ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان..... ٥٤٢
نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ٥٥٩

پێشەکی:

فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرپرسیارێتی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەت و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی خولی و بەرزکردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێزان سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگری سەرۆکی حکومەت لە ئەستۆ دەگرێت، بەپێی بڕگەکانی یەکەم و دووەم لە مادەی (٢١)ی پەیڕەوی هەموارکراوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٦ی ئەنجومەنی وەزیران.

لە چوارچێوەی بڕیاری ژمارە (٣)ی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠١٩/٧/١٥ لە دوای ڕاسپاردنی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پۆلێن کردنی سەرجەم خاڵ و بڕگەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەم لەسەر ئاستی پەیوەندی بە وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراوەکان بە وەزارەت بە مەبەستی جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای هێڵە گشتییەکان.

فەرمانگەی میدیا و زانیاری لە چوارچێوەی ئەرکی خۆیدا هاوکار و هەماهەنگ بووە لەگەڵ وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت لە گەیاندنی پەیام و ئامانجە سەرەکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاووڵاتیان و خستنەڕووی کار و چالاکییەکانی وەزارەت و دام و دەزگاکان.

ئەم ڕاپۆرتەی کە ئامادە کراوە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی ئاست و چۆنێتی کار ڕاپەڕاندن بۆ جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەلایەن وەزارەت و دەستە و فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت لە ماوەی سێ ساڵی تەمەنی کارکردنی کابینەی حکومەت، کە تیایدا چالاکی و کارەکانی خۆیان خستۆتە ڕوو. لە دارشتنی کار و چالاکییەکانیاندا هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمیان لەبەرچاو گرتووە کە بریتین لە حەوت ئاستی سەرەکی و پەنجاو دوو هێڵی گشتی.

لە ئەنجامی بەدواداچوونمان بۆمان ڕوون بۆتەوە کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، تێکڕای دامودەزگاکانی حکومەت، توانای خۆیان خستۆتەگەڕ بۆ جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەرەو پێشبردنی پڕۆسەی چاکسازی؛ لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای قەیرانی دارایی و لێکەوتە دارایییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، دامودەزگاکانی حکومەت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بەردەوامبوون.

وەزارەتی داد

وەزارەتی داد

لە ئاستی چاکسازی:

چالاکی بەردەوام	پێکهێنانی (١٠) لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت لەسەر ئاستی وەزارەت	٪٨٠
	پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ بەدواداچوونی سکاڵای هاووڵاتیان و فەرمانبەران لە ڕێگەی سۆشیال میدیا، ئیمێل، تەلەفۆن، سندوقی سکاڵا.	٪١٠٠

لیژنەکانی لێکۆڵینەوە:

بەمەبەستی جێبەجێکردنی پلان و کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کابینەی چاکسازی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە لە چوارچێوەی ئەو هەوڵە چاکسازییانەی کە وەزارەت بۆ ڕێگریکردن لە گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی میللەت داویەتی ئەویش پێکهێنانی (١٠) لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند بووە لەسەر ئاستی وەزارەت، کە تەنها دوو لیژنە ماوە کارەکانیان تەواو بکەن و ئەوانی تر بە سەرکەوتیی کۆتاییان بە لێکۆڵینەوەکان هێناوە بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر (٨٨٧/٢٠ لە ٢٠٢١/١١/٢١) و (١٠٢٢/٢٠ لە ٢٠٢١/١٢/٢٣) و (٧٨٢/٢٠ لە ٢٠٢١/١٠/١٩) و (٨٣٦/٦ لە ٢٠٢١/١١/٧) و (٩٠٣/٢٠ لە ٢٠٢١/١١/٢٨) و (٤٠٢/٢٠ لە ٢٠٢١/١/١) و (٥١٩/٢٠ لە ٢٠٢٢/٥/٢٩) ئەم لیژنەیە ماوە کارەکانی تەواو بکات.

دووەم: دادنووسی یەکەمی هەولێر (٤٥٣/٢٠ لە ٢٠٢٢/٥/١٧) ماوە کارەکانی تەواو بکات.

لە بواری جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٠ :

لە ماوەی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی توانراوە هەنگاوەکانی جێبەجێکردن بەم شێوەیەی خوارەوە پیادە بکرێ:

١- سەرجەم دۆسییەکانی هەمیشەیی وەزارەت کە (٤١٥٨) دۆسییەیە وردبینی کراون.

٢- لە نێویاندا ژمارەی زیادەی پلە (٦٢) دۆسییە هەبووە.

٣- ژمارەی زیادەی سەرموچە (٥٣) دۆسییە هەبووە.

٤- ئەژمێری بانکی بۆ (٢٥٩٩) فەرمانبەری هەمیشەیی و گرێبەست کراوەتەوە، بەڵام بانکەکان ئاگاداری فەرمانگەکانیان کردووە لەلایەن فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بە ڕاگرتنی کردنەوەی ئەژمێری بانکی لەبەرئەوەی دەکرێتە سیستەمی (ITM).

خشتەی پێداچوونەوە بە دۆسییەی فەرمانبەرانی وەزارەتی داد

ژ	سەرۆکایەتی یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی	ژ. گشت دۆسییەکان	ژ. دۆسییەی وردبینیکراو	ژ. زیادەی پلە	ژ. زیادەی سەرمووچە
١	دیوانی وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد	١٨٩	١٨٩	٨	٠
٢	ئەنجومەنی شورا	٦٠	٦٠	٠	٠
٣	سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی	٥٨	٥٨	٢	٣٦
٤	سەرۆکایەتی داواکاریی گشتی	٤٩٨	٤٩٨	٢٠	٠
٥	پەیمانگەی دادوەری	٢٥	٢٥	٥	٠
٦	بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە	١٥٧٥	١٥٧٥	١٣	٠
٧	بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان	١٧٥٣	١٧٥٣	١٤	١٧
	کۆی گشتی	**٤١٥٨**	**٤١٥٨**	**٦٢**	**٥٣**

تێبینی: هەمووی تەواو بووە بەڵام بۆ جاری دووەم لیژنەی سەرەکی دیوانی وەزارەت پێداچوونەوە بە دۆسییەکان دەکات بە مەبەستی دڵنیابوون.

فۆرمی زانیاری کردنەوەی هەژمێری بانك

ژ	سەرۆکایەتی یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی	ژ. گشتی فەرمانبەران	ژ. فەرمانبەری هەژمێربۆکراو	تێبینی
١	دیوانی وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد	٢٢٣	٢٢١	٠
٢	ئەنجومەنی شورا	٦٩	٧١	٠
٣	سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی	٦١	٦٢	٠
٤	سەرۆکایەتی داواکاریی گشتی	٥٣٥	٤٤٨	٩٦ فەرمانبەر ماوە
٥	پەیمانگەی دادوەری	٢٧	٢٥	٠
٦	بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە	١٥٩٥	٨٥٦	٨٠٩ فەرمانبەر ماوە
٧	بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان	١٨٩٤	٩١٦	١٠٠٩ فەرمانبەر ماوە
	کۆی گشتی	**٤٤٠٤**	**٢٥٩٩**	**١٩١٧**

دەرکردنی بەیان و ڕێنمایی:

١- دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ کە جەخت لەسەر پابەندبوونی فەرمانبەران بە دەوام و تەرخانکردنی کاتەکانی بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و پاراستنی نهێنی و کەمکردنەوەی ڕۆتین کراوەتەوە.

٢- دەرکردنی ڕێنمایی بە نووسراوی ژمارە (١٠٢)ی لە ٢٠١٩/١٢/١٦ تایبەت بە چۆنیەتی تەملیککردنی زەوییەکانی میری.

٣- ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠. لە ٢٠٢٠/٨/٩، سەبارەت بە هەڵگرتنی گلدانەوە و وەرگرتنی ڕەسمی وەرگرتنەوە.

٤- فەرمانی وەزارەت بە ژمارە ٣٤٨/٦ لە ٢٠٢٠/٩/٧ بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی و لەپێناو باشتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان و ڕاپەڕاندنی کارەکانیان لە دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی داد.

٥- بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/٩/١٧، بڕیاری کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دووەم لە ناوەندی پارێزگای هەولێر تایبەت بە وەرگرتنەوەی قەرزی حکومەت.

٦- ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/١١/١٧ تایبەت بە فەرمانگەکانی دادنووس، بە مەبەستی ڕێکخستنی کاری دادنووسی لە فەرمانگەکان.

٧- ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١ لە ٢٠٢١/٦/١٠ بە مەبەستی ڕێکخستنی دۆسییەکانی جێبەجێکردن و پاراستنی بەڵگەنامەکان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان.

٨- جێبەجێکردنی پلانی دامەزراندنی (٧) لە فەرمانبەرانی پێکهاتەکانی وەزارەت، لە سەرتاسەری هەرێم بە ناونیشانی سەرپەرشتیاری دادی.

٩- بەیانی ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی داد ، (گۆڕینی ناوی یەکەی جێندەر بۆ یەکەی مافی مرۆڤ و یەکسانی جێندەری.

١٠- بەیانی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سێیەمی هەولێر.

١١- بەیانی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دووەمی سلێمانی .

١٢- بەیانی ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە کردنەوەی فەرمانگەی دادنووسی لە قەرەداغ.

شاندەکان:

١- بەشداریکردنی بەڕێز وەزیری داد (فەرسەت احمد عبدلله) لە ٢٠٢٢/٢/٢٦ لە ئاهەنگی ڕێزلێنان کە لە وڵاتی لوبنان ئەنجامدرا بۆ بەرهەمی کۆششی ئەو پرۆژانەی ئەنجومەنی وەزیرانی دادی عەرەبی لە ئەستۆی گرتووە لە پاڵپشتیکردنی پرۆسەی زانستی.

٢- بەشداریکردنی شاندێکی وەزارەت لە وۆرکشۆپێک لە وڵاتی ئیماراتی یەکگرتوو لە ڕێکەوتی ٢٥ ــ ٢٠٢١/٥/٢٦.

٣- بەشداریکردنی شاندێکی وەزارەت لە وۆرکشۆپێک لە وڵاتی ئیماراتی یەکگرتوو کە لە لایەن ڕێکخراوی UNODC سازکرابوو تایبەت بە نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان و تاوان و بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر لە ١٩ ــ ٢٠٢١/٢/٢٥.

٤- بەشداریکردنی شاندێکی وەزارەت لە وۆرکشۆپێک لە وڵاتی لوبنان تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش و دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی لە ڕێکەوتی ٢٠ -٢٢ /٢٠٢٠/١٠.

لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا:

پرۆژەی بەردەوام	پرۆژەی بەئەلیکترۆنی کردنی وێنەی تۆمار و سکانی تۆمارە هەمیشەییەکان لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە.	Scan٪١٠٠ Re Name٪٣٥
	دروستکردنی ماڵپەری ئەلیکترۆنی www.shura.gov.krd تایبەت بە ئەنجومەنی شورا	٪١٠٠
	دروستکردنی ماڵپەری ئەلیکترۆنی www.clr.gov.krd تایبەت بەسەنتەری توێژینەوەی یاسایی	٪١٠٠
	ئەنجامدانی کۆنگرەی زانستی (یاسایی) لە لایەن ناوەندی توێژینەوەی یاسایی	٪١٠٠
	پرۆژەی بەئەلیکترۆنی کردنی فەرمانگەکانی دادنووسی لە هەرێم	٪٨٥
	نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی پەیمانگەی دادوەری	٪١٠٠
	ئامادەکردنی دەرخستەی (٧) پرۆژەی جیاواز	٪١٠٠
	دیزاینکردنی (٣) پرۆژەی جیاواز	٪١٠٠
	دروستکردنی باڵەخانەی تۆمارکردنی خانووبەرەی ڕانیە	٪٨٥
	دروستکردنی بەڕێوبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سیمێل	٪٨٠
	دروستکردنی باڵەخانەی تەواوکاری لە دیوانی وەزارەت	٪٣٠
	دروستکردنی باڵەخانەی بەڕێوبەرایەتی و تێبینەرایەتی دادییەکانی ئاکرێ	٪٢٠
	دروستکردنی باڵەخانەی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ئاکرێ	٪٢٠
	دەرکردنی گۆڤاری گرێبەستی کۆمەڵایەتی (العقد الاجتماعی) بە سێ زمان و وەرگرتنی توێژینەوەی یاسایی و زانستی و هەڵسەنگاندنیان وەرگێڕانی دەقە یاساییەکان بۆ زمانی ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی	٪١٠٠
	کۆکردنەوەی ئامار و کردنی بە پەرتووکێک و شیکردنەوەی قورسایی کار	٪١٠٠

	چاپکردنی پەرتووکێکی تایبەت بە ڕاسپاردەکانی دەستەی ڕاوێژکاری و ڕێنماییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە	٪١٠٠
	ئامادەکردن و شیاندنی دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتی	٪١٠٠
	هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەوڵەت (بەغداد) بۆ دروستکردنی بنچینەی یاساییەکان (قاعدة التشريعات القانونية).	٪٦٥

لە ئاستی پەیوەندی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

خشتەی ڕێکاری بەردەوام	تۆمارکردنی تانەیەکی یاسایی لە دادگای فیدراڵی عێراقی لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٤) لە دژی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی، لەسەر هەمواركردنی چەند ماددەیەك لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٨.
	ئامادەکردنی گەڵاڵەی تانەدان لە یاسای دەروازە سنوورییەکان (المنافذ الحدودية).

ناوەندی توێژینەوەی یاسایی:

دامەزراندنی ناوەندی توێژینەوە یاسایی بە بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/١١/٢٥ لە دیوانی وەزارەتی داد، بە مەبەستی گرنگیدان بە بواری زانستی یاسایی و دەرکردنی گۆڤارێکی زانستی لە ژێر ناوی گرێبەستی کۆمەڵایەتی (العقد الاجتماعی) بە سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی. تاکو ئێستا ئەم چالاکییە بەردەوامانەی هەبووە:

(٣) سێ ژمارە لە گۆڤارەکە چاپکراوە تاکو ئێستا (١٠٧) توێژینەوەی زانستی و یاسایی بە ناوەندەکە گەیشتووە لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان و (٨٨) توێژینەوە پەسەندکران بۆ بڵاوکردنەوە کە هەندێکیان بەرهەمی توێژەری بیانین.

١- چوار کتێب چاپ کراوە بە ناونیشانەکانی (الفدرالية المالية)، (الهندسة التشريعية)، (الشرعية الجزائية)، (الحق في معرفة الحقيقة) و چوار کتێبی دیکەش لە قۆناغی چاپکردن دایە.

٢- مێزی بازنەیی تایبەت بە یاسای بازرگانی لە ٢٠٢١/٤/٥ ئەنجامدرا.

٣- کۆنگرەی یەکەمی زانستی (ئۆنلاین) لە ٢٠٢١/١٠/٢٥ سازدراوە لەژێر ناونیشان (تطوير اجهزة وزارة العدل - طموح الحقوقيين جميعا).

٤- کۆنگرەی دووەمی زانستی (ئۆنلاین) لە ٢٠٢٢/٣/٢٨ سازدراوە لە ژێر ناونیشانی (حقوق الاطباء وواجباتهم في ميزان العدل من واقع تجربة جائحة كورونا).

٥- لە پلاندایە تاکو کوتایی ساڵی ٢٠٢٢ کۆنگرەی سێیەم ساز بکرێت لەژێر ناونیشان (دراسات القانونية المقارنة عمادتطوير المنظومةالقانونية الوطنية).

٦- ماڵپەڕی ناوەندی توێژینەوە و گۆڤارەکە بەم ناونیشانە چالاك کراوە (clr.gov.krd).

ئەنجومەنی شورای هەرێم:

بە یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ پێکهاتووە و کاری یاسایی و دادوەری دەکات و پێکهاتووە لە چەند دەستەیەک و دادگایەک و بەڕێوەبەرایەتیەک و ئەنجومەنی شورای هەرێم لەو ماوەیەدا ئەم پرۆژانەی لەبەردەست بووەو کاری لەسەر کردوون:

یەکەم: چالاکی یاسایی

چالاکی	ساڵی یەکەم	ساڵی دووەم	ساڵی سێیەم	کۆ
پرۆژە یاسا	٢٢	٣٤	٥	٦١
ڕادەربڕین	١٦	١٥	٣٨	٦٩
پەیڕەو	٠	٢	٢٣	٢٥
ڕێنمایی	٠	٢٠	٢٤	٤٤



دووەم: چالاکی دادوەری

چالاکی	ساڵی یەکەم	ساڵی دووەم	ساڵی سێیەم	کۆ
داواکانی پێداچوونەوە	١٣٩	١٩٠	٣٢٩	٦٥٨
داواکانی دادگای کارگێڕی هەولێر	٧٥	١٥٨	١٠٧	٣٤٠
داواکانی دادگای کارگێڕی سلێمانی	٣٠	١٠٢	٩٨	٢٣٠
داواکانی دەستەی بەرزەفتکردن	٢٦٠	٠	٣٣٨	٥٩٨



بە یاسای ژمارە (١٢٤) ی ساڵی ١٩٧٩ پێکهاتووە و ئەم سەرۆکایەتییە تایبەتە بە چاودێری و سەرپەرشتیکردنی سەرجەم فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی داد و بە پەیڕەوکردنی سیستەمی نوێی پشکنین و بەکارهێنانی لیستی وردبینی و فۆرمی تایبەت لە ماوەی سێ ساڵی کابینەی نۆیەمدا (٧١١) سەردان و پشکنینیان کردووە، بەم شێوەیە:-

چالاکی	ساڵی یەکەم	ساڵی دووەم	ساڵی سێیەم	کۆ
هەولێر	١٣٥	٦٧	٦١	٢٦٣
دهۆك	١٠٥	٣٨	٤٦	١٨٩
سلێمانی	١٠٢	٦٣	٩٠	٢٥٥
کۆی گشتی	٣٤٢	١٦٨	١٩٧	٧٠٧





سەرۆکایەتی داواکاری گشتی:

کارەکانی ئەم سەرۆکایەتییە بە یاسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ ی هەموارکراو رێکخراوە کە لە هەموو دادگاکانی کوردستان داواکاری گشتی لایەنێکی گرنگ و ئامادەیە و پێکهاتووە لە (٥٢) فەرمانگە و جێگرایەتی و چالاکییەکانی بەم شێوەی خوارەوەیە:

خشتەی ژمارەی فەرمانگەکانی داواکاری گشتی بەپێی پارێزگا

فەرمانگە	ژمارەی فەرمانگە بە پێی پارێزگا						کۆی گشتی
	هەولێر	سلێمانی	دهۆک	گەرمیان	هەڵەبجە	راپەڕین	
سەرۆکایەتی داواکاری گشتی	١						١
فەرمانگەی داواکاری گشتی	٣	٢	٣	١	١	١	١١
جێگرایەتی داواکاری گشتی	١٦	٦	٩	٦	٠	٣	٤٠
کۆی گشتی	**٢٠**	**٨**	**١٢**	**٧**	**١**	**٤**	**٥٢**

١- بەدواداچوون: **(١٧٢٦)** بەدواداچوونی کراوە (جگە لە بەدواداچوونی مانگانەی فەرمانگەکان و جێگرایەتییەکانی داواکاری گشتی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی گەوران و ئافرەتان و نەوجەوانان) لە: (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، راپەڕین، گەرمیان) و دادگاکانی لێکۆڵینەوە و پشکنین و سەردانیکردنی بنکەکانی ئاسایش و پۆلیس، دواتر بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ناوخۆ بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان و چەسپاندنی یاسا.

٢- **(٧٥)** تانەلێدان لە بەرژەوەندی یاسا.

٣- یەکلاییکردنەوەی دۆسییە: **٤٦٤** یەکلاکردنەوە تەنیا لە (سەرۆکایەتی داواکاری گشتی) جگە لە بەشداریکردنی ئەندامانی داواکاری گشتی لە یەکلاییکردنەوەی سەدان دۆسییەی دیکە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان، بۆ نمونە دۆسییەکانی: (دادگای تاوان، دادگای کەتن، دادگای نەوجەوانان، دادگای گومرگ، دادگای تێهەڵچوونەوە، دادگای باری کەسی، دادگای داوای شارستانی، دادگای لێکۆڵینەوە)

٤- جوڵاندنی سکاڵای داوای مافی گشتی: سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لەو ماوەیەدا **(١٣٦٣)** سکاڵای لە سەرتاسەری هەرێم جوڵاندووە.

٥- بەدواداچوونی بۆ **(١٦٧٣)** کێشە کردووە.

٦- دانانی نوێنەر لە لیژنەکانی لێکۆڵینەوە: **(٤٧٣)** ئەندامی داواکاری گشتی لە لیژنەکان دانراون.

خشتەی بەراوردکردنی کارەکان لە ماوەی سێ ساڵدا

جۆر	ساڵی یەکەم	ساڵی دووەم	ساڵی سێیەم تاکو مانگی ٥	کۆ
بەدواداچوون	١٥٤٥	٢٧٨٧	١٦٧٣	٦٠٠٥
تانە لێدان	٢٢	٦٧	٧٥	١٦٤
جوڵاندنی سکاڵای مافی گشتی	١٣٢٥	١٩٦٠	١٣٦٣	٤٦٤٨
کۆی گشتی	**٢٨٩٢**	**٤٨١٤**	**٣١١١**	**١٠٨١٧**



بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد:

کاروباری دیوانی وەزارەت بەڕێوە دەبات و پێکدێت لە چەندین بەڕێوەبەرایەتی و بەش لە خوارەوە وەکو نمونە بەشێکی کار و چالاکییەکانیان دەخەینەڕوو:

١- لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لیژنەیەکی تایبەت پێکهاتووە بە فەرمانی ژمارە (٧١٨/٥) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٢١ بە سەرۆکایەتی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی داد و ئەندامیەتی سێ بەڕێوەبەر لە دیوانی وەزارەت بۆ بەدواداچوونی سکاڵای هاووڵاتیان و فەرمانبەران لە ڕێگە سۆشیال میدیا، تەلەفۆن، ئیمێل، سندوقی سکاڵا.

٢- بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان:

لەماوەی سێ ساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم (٤٥) ژمارە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان دەرچووە، لە ژمارە (٢٣٨) تاکو ژمارە (٢٨٣) .

٣- بەڕێوەبەرایەتی راستاندن و پەیوەندییە دادییەکان:

خشتەی ئەو مامەڵانەی راستاندنیان بۆ کراوە

لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو کە کۆی گشتی (٤١٧٣١) مامەڵە بووە

جۆری مامەڵە	٢٠١٩ لە مانگی ٧	٢٠٢٠	٢٠٢١	٢٠٢٢ تاکو مانگی ٥
بریکارنامەی گشتی	٨٧٤	١٨٥٣	٣٢٢٦	١١٤٢
بریکارنامەی تایبەت	١٢٣٥	٢٦٥٧	٤٤٠٨	٢٦٥٩
بەڵگە نامە	١٨٢٩	٥٨٨٤	١٠٠٩٥	٥٨٦٩
کۆی گشتی	**٣٩٣٨**	**١٠٣٩٤**	**١٧٧٢٩**	**٩٦٧٠**

٤- بەڕێوەبەرایەتی ئەندازە و پڕۆژەکان:

ز	جۆری چالاکی	ژمارەی چالاکی
١	دیزاینکردنی پڕۆژە	٢ پڕۆژە
٢	ئامادەکردنی دەرخستە	٧ دەرخستە
٣	جێبەجێکردنی پڕۆژە	١ پڕۆژە

ئاستی ئازادی ودیموکراسی و پێکەوە ژیان:

چالاکییەکانی یەکەی جێندەر :

١) ڕۆڵی وەزارەت و یەکەی یەکسانی جێندەری زۆر گرنگ بوو لە خستنەڕووی پێشنیاری هەموارکردنی یاسای ژمارە ٣ی سالی ١٩٩٩ تایبەت بە ونبووانی هەڵمەتەکانی جینۆساید لەهەرێم و زیادکردنی ونبووانی کوردانی ئێزیدی لەئەنجامی تاوانەکانی تیرۆرستانی داعش لەدوای ٢٠١٤/٨/٣ کە بەیاسای ژمارە ١٧ ی سالی ٢٠٢١ ئەم هەمواره ئەنجامدرا کە لەئاکامدا هەزاران خێزانی کوردانی ئێزیدی سوود مەند دەبن لێی.

٢) نووسینەوەو ئامادەکردنی سیاسەتی یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەت لەچوارچێوەی وەزارەتی داد کە تا ئێستا لەسەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانە بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر وەربگرێت و لەساڵی ٢٠٢١ ـەوە ئامادە کراوە.

٣) ئەنجامدانی پرۆژەی نەهێشتنی خەتەنەکردنی مێینە ئەو بەشەی کە تایبەت بوو بە وەزارەتی داد لەلایەن یەکەی یەکسانی جێندەری لە ٢٠٢١/٩/١٥ کە بریتی بوو لە هۆشیارکردنەوەو وۆرکشۆپ، ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان ئامادە کرابوو.

پەیمانگەی دادوەری:

ئامانجی پەیمانگەی دادوەری شیاندنی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و پارێزەران و کادیری یاسایی جۆربەجۆرە لە فەرمانبەرانی ئەنجومەنی دادوەری و وەزارەتی داد و وەزارەت و دەزگاکانی تری حکومەت. بە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٩ ڕێکخراوە و لە سێ ساڵی ڕابردوو پەیمانگای دادوەری دوو خولی دەرچووانی هەبووە بەناوی خولی سێیەم و خولی چوارەم، بەم شێوەیەی خوارەوە :

خولی سێیەم:

(٥٩) قوتابی، لەوانە (٣١) پیاو و (٢٨) ئافرەت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ -٢٠١٩) و لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٨/١٠/٢) یەکەم ڕۆژی خوێندنیان بوو و لە ساڵی (٢٠١٩) ئەم خولە دەرچوون بۆ قۆناغی دوو و لەبەر هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا خوێندنیان درێژ کرایەوە بۆ ساڵی (٢٠٢١)، وە لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٢/١٧) تەواو بوون کە (٤٧)یان بە دادوەر و (١٢) یان بە ئەندامی داواکاری گشتی دامەزران.

خولی چوارەم :

ئەم خولە (٦٠) قوتابی بوون (٣٦) پیاو و (٢٤) ئافرەت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ - ٢٠٢٠) لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٩) وەک قوتابی قۆناغی یەکەم دەست بەکار بوون، لەبەر ڤایرۆسی کۆرۆنا خوێندنیان بۆ درێژکرایەوە تاکو ساڵی (٢٠٢٢) لە ڕێکەوتی (١٥ / ٢ / ٢٠٢٢) خوێندنیان تەواوکرد .

کۆی گشتی هەردوو خول: ... ١١٩ قوتابی، ٦٧ پیاو ، ٥٢ یان ئافرەت.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە:

کارەکانی بە پێی یاسای ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو ڕێکخراوە، کە بریتییە لە پاراستنی مافی موڵکایەتی هاووڵاتیان و دەوڵەت و کەرتی تایبەت و هەموو ئەو کەسایەتییە سروشتی و مەعنەویانەی یاسا مافیان دەپارێزێت، هەروەها جێبەجێکردنی هەر ڕەفتارێک کە بەسەر موڵکدا دێت وەکو (کڕین، فرۆشتن، گۆڕینی ڕەگەز...تاد) ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە پێکدێت لە (٥٥) بەڕێوەبەرایەتی و تێبینەرایەتی کە لە سەرتاسەری هەرێم بوونیان هەیە بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان و دانشتوانی هەرێم، لە سێ ساڵی کابینەی نۆیەمدا (٤,٧١٩,٧٢٩) چوار ملیۆن و حەوت سەدو نۆزدە هەزار و حەوت سەد و بیست نۆ مامەڵەیان جێبەجێکردووە، بڕی (٢٩٣،٤٦٩،٢٧٢،٢٠٤) دوو سەد و نەوەد و سێ ملیار و چوارسەد و شەست و نۆ ملیۆن و دووسەد و حەفتاو دوو هەزار و دوو سەد و چوار دینار زیادەی داهاتیان هەبوو.

یەکەم: ئاماری مامەڵەکان و کارە خزمەتگوزارییەکان لە ماوەی سێ ساڵ

ژ	جۆری مامەڵە	کۆ
١	مامەڵە ڕەفتارکارییەکان وەکو (فرۆشتن و بەموڵککردن و ڕاستکردنەوەی ڕەگەز)	٣٠٩٧٤٩
٢	مامەڵە هونەرییەکان وەکو (چەسپاندنی سنوور و نەخشەی ڕووپێوان)	١٣٦٣٤٦
٣	مامەڵە ژمێرکارییەکان وەکو (پسوولەی بڕاو و یاداشتی ڕێگەپێدان)	٩٨٣٤٣٦
٤	مامەڵە پەرتەوازەکان وەکو (وێنەی تۆمار و پشتگیریکردن و مامەڵەی دەستگرتنی بانك)	٢٩٥١٧٧٨
٥	مامەڵە وردبینکراوەکان	٣٣٨٤٢٠
	کۆی گشتی	**٤,٧١٩,٧٢٩**

دووەم: ئاماری داهات و خەرجی

داهاتی فەرمانگەکانی خانووبەرە	**٣٥٢,٦٤٨,٢٢٩,٥٩٢**
خەرجی فەرمانگەکانی خانووبەرە	**٥٩,١٧٨,٩٥٧,٣٨٨**

- لە ئەنجامی لێدەرکردنی خەرجییەکان لە داهاتیان دەردەکەوێ کە زیادەی داهاتیان هەیە بە گوژمەی (٢٩٣،٤٦٩،٢٧٢،٢٠٤) دوو سەد و نەوەد و سێ ملیار و چوارسەد و شەست و نۆ ملیۆن و دووسەد و حەفتاو دوو هەزار و دوو سەدو چوار دینار.
- لە ماوەی سێ ساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانوبەرە بە ڕێژەی ٨٣,٢٪ زیاتر بووە لە خەرجییەکان و ئەگەر بە شێوازی (Return on Investment ROI) ئەژماری بکەیەن دەکاتە ٤٩٥,٩٪ زیاتر بووە.



ئاستی کارگێڕی:

کار و چالاکی جۆراوجۆر

١- کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و ئامادەکردنی دۆسییەیەکی دیکۆمینتاری کە پێکهاتووە لە (٩٢) لاپەڕە پەیوەست بە کێشەی ئەو زەوی و زارانەی کە دەکەوێتە سنووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و هەروەها کێشەی تۆمارە هەمیشەییەکانی فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە کە لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری سالی ١٩٩١ سووتاون کە بە نووسراومان ژمارە (٤٩٨٥) لە ٢٠١٩/٩/١٦ بەرزکراوەتەوە.

٢- (١٨٧٧) تۆماری هەمیشەیی بە ئەلیکترۆنی کراوە کە هەر تۆمارێك بە نزیکەی (٤٠٠) مامەڵەی تیادا تۆمارکراوە لە ئەنجامی لێکدانی ئەم ژمارەیە دەگاتە (٧٥٠٨٠٠) مامەڵە سکان کراوە.

٣- دانان و ئامادەکردنی بەرنامەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ چەند فەرمانگەیەکی تۆمارکردنی خانووبەرە بەمەبەستی دەرکردنی وێنەی تۆمار بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی تاوەکو ئێستا (١١) فەرمانگەمان کارەکانی دەرکردنی وێنەی تۆمار بە ئەلیکترۆنی کراوە.

٤- بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە بە بەردەوامی ڕوونکردنەوەی میدیاییان داوە لەسەر بابەتە جیاجیاکانی پەیوەست بە تەملیکی زێدەڕۆکان و کارتەکانی زەوی و تۆمارکردنی یەکە نیشتەجێبووەکانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان.

٥- دروستکردنی فۆرمێك و دانانی میکانیزمێکی نوێ بەمەبەستی نەجوڵاندنی دۆسییەی خانووبەرە لە پێناو پاراستنی بەڵگەنامەکانی ناو دۆسییە.

٦- بڵاوکردنەوەی ڕێبەری ڕێکارە هونەرییەکان کە هەموو ڕێکارەکانی هونەری تێدا دیاریکراوە لە پەیجی بەڕێوەبەرایەتی گشتییمان کە ئاسانکاری دەکات بۆ فەرمانبەرانی هونەری و هۆبە هونەرییەکان.

٧- بەکارهێنانی ئامێری خوێندنەوەی کارتی نیشتیمانی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە بەمەبەستی ڕێگریکردن لە کاری تەزویر و ساختەکاری.

٨- دەرکردنی (١٤٧) ڕاسپاردە لە لایەن دەستەی ڕاوێژکاری هەمیشەیی پەیوەست بە دەرکردنی ڕێنمایی و ئامۆژگاری چارەسەرکردنی کێشەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە.

٩- یەکلاکردنەوەی (٢٢١) داوا لە دادگاکان کە هەندێکیان لە بەرژەوەندی گشتی و گەڕانەوەی سامانی دەوڵەت بووە.

١٠- ڕەزامەندیدان لەسەر کردنەوەی (٣٧٣) نووسینگەی دەلالی.

١١- دەرکردنی (١٢) بڕیار لەلایەن وردبینی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە.

١٢- ئامادەکردنی (٣١) ڕێبەری ڕێنوێنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەش بە هاووڵاتیان و خزمەتخوازان دەکرێت لە فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لە ڕووی پێناسە و پێداویستییەکان و هەنگاوەکان و ناونیشانی شوێنی فەرمانگەکان و ڕوونکردنەوەی مادده یاساییەکان و ڕێنماییەکانی وەرگرتنی بڕی ڕەسمەکان بەمەبەستی بەرچاو ڕوونی و شارەزایی هاووڵاتیان لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان.

١٣- بەشداری کردنی ژمارەیەك لە فەرمانبەران لەو خولانەی کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنستیتۆی (KIPA) ڕێکخرابوو لە بوارەکانی کۆمپیوتەر و هۆشیاری یاسایی و بیرکردنەوەی ستراتیژی و کارگێڕی ئەلیکترۆنی.

١٤- تانەدان لە هەندێك بڕیاری دادگا بۆ گێڕانەوە و پاراستنی سامانی دەوڵەت :

أ- تانەدان لە بەرژەوەندی یاسا لە ڕێگای سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بە نووسرامان ژمارە (٢٠٥٠) لە ٢٠١٩/٤/١٨ لە بڕیاری دادگای کارگێڕی سلێمانی ژمارە (٥١/ك/٢٠١٨) کە بریاردرابوو بە تۆمارکردنی زەوی قەرەبوو بەناوی هاووڵاتیان بە ڕێژەی ٣٪ بە پێچەوانەی یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٨ و بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٧٧٩) لە ٢٠١٨/١٢/١٨ و (٢٧٠٥) لە ٢٠١٨/٦/١١، و گەڕانەوەی تانەکە لە بەرژەوەندی فەرمانگەکانمان بە بڕیاری ئەنجومەنی شورای هەرێم/ دەستەی گشتی بە ژمارە (١٠٣/ الهيئة العامة/ ادارية/٢٠١٩) لە ٢٠١٩/٩/١ ئەمەش بووە هۆی گەڕانەوەی سامانی گشتی .

ب- تانەدان لە بڕیاری دادگای کارگێڕی هەولێر ژمارە (٦/ك/٢٠١٩) بە هاوبەشی لەگەڵ داواکاری گشتی کە لەم بڕیارە بڕیاردرابوو بە تۆمارکردنی زەوی قەرەبوو بەناوی هاووڵاتیان بەڕێژەی ٣٪ بە پێچەوانەی یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٨ و بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٧٧٩) لە ٢٠١٨/١٢/١٨ و (٢٧٠٥) لە ٢٠١٨/٦/١١، گەڕانەوەی تانەکە لە بەرژەوەندی فەرمانگەکانمان بە بڕیاری ئەنجومەنی شوورای هەرێم/ دەستەی گشتی بە ژمارە (١٢١/ الهيئة العامة/ ادارية/٢٠١٩) لە ٢٠١٩/٩/١٥ ئەمەش بووە هۆی گەڕانەوەی سامانی گشتی.

ج- تانەدان لە بڕیاری دادگای بەرایی شەقڵاوە ژمارە (١٤٠/ ب /٢٠١٧) لە ٢٠١٩/١٠/٩ بەپێی ئەم بڕیارە تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی شەقڵاوە پابەند کرابوو بە قەرەبوو کردنەوەی بە بڕی (٦٢٠٠٠٠٠٠) شەست و دوو ملیۆن دینار ئەو هاووڵاتیەی لە ئەنجامی بڕیاری دادگا بە پووچەڵکردنەوەی ئەو قەیدەی کە موڵکەکە بەناوی هاووڵاتیەکە بووە، تانەکە لە بەرژەوەندی فەرمانگەکە گەڕایەوە بە بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٣٢/ الهيئة العامة/٢٠١٩) لە ٢٠١٩/٤/٣٠ ، ئەمەش بووە هۆی گەڕانەوەی سامانی گشتی.

١٥- بەمەبەستی جێبەجێکردنی پلان و کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کابینەی چاکسازی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بۆ خەڵك بەهەموو چین و توێژێکەوە وە لەسەر ڕاسپاردەی ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لە ڕۆژی دەست بەکار بوونی ئەم کابینەیە تاکو ئێستا توانیویانە دەیان هەزار کارتی زەوی کەوەکو قەرەبوو بە هاووڵاتیان دراوە یان دراون بە چین و توێژەکان وەکو کەس و کاری شەهیدان و فەرمانبەران بکەنە سەند و تۆماریان بکەن بەناوی شارەوانی بەمەبەستی تەملیك کردنیان بەناوی ئەوانەی بۆیان تەرخانکراوە، لەم چوارچێوەیەدا نزیکەی (٥٤٠٢٤) پەنجا و چوار هەزار و بیست و چوار کارت گۆڕاوە بۆ سەنەد.

١٦- ئامادەکردنی ڕەشنووسی هەموارکردنی یاسای ڕەسمە داییەکان ژمارە (١١٤)ی ساڵی ١٩٨١ی هەموارکراو بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوەکانی تری وەزارەت.

١٧- بەمەبەستی جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بڕیاری ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ئامادەکاری کردووە و پلانی خۆی داناوە بۆ ئەنجامدان و خێراکردنی تۆمارکردنی یەکە نیشتەجێکانی وەبەرهێنان دوای ئەوەی نەخشەی ئیفرازەکانیان لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە بۆ دەنێردرێت کە زیاتر لە (١٩٠٠٠٠) سەد و نەوەت هەزار یەکەی نیشتەجێیە.

لە ساڵی سێیەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان و تاکو ٢٠٢٢/٦/٦ بڕیاری کردنەوەی ئەم فەرمانگانەی خوارەوە درا:

١- بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە کردنی زاخۆ بە ئیدارەی سەربەخۆ و کردنەوەی تێبینەرایەتی ناکامەکانی زاخۆ.

٢- بەیانی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٢ دامەزراندنی یەکەی ڕادەستکردن و داواکردنی تۆمەتباران و تاوانباران لەدیوانی وەزارەت، کە تایبەتمەند دەبێت بەهەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراقی فیدراڵ و ئەنجومەنی دادوەری هەرێم و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم.

٣- بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە کردنەوەی دادگای کارگێڕی لە پارێزگای دهۆک.

٤- بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە کردنەوەی فەرمانگەی دادنووسی لە قەزای باتیفا.

٥- بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە کردنەوەی جێگرایەتی داواکاری گشتی لە کەلار.

٦- بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ گۆڕینی ناوی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی سەلاحەددین بۆ تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی پیرمام.

٧- بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە کردنەوەی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی کەسنەزان.

٨- بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە کردنەوەی دادنووسی سێیەمی هەولێر.

٩- بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە گۆڕینی بەشی ئەندازیاری بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەندازە و پرۆژەکان.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان:

ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە لەسەر ئاستی هەرێم پێکدێت لە:

فەرمانگەکانی دادنووسی کە بەپێی یاسای ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٩٨ ی دادنووسی کارەکانیان ڕێکخراوە.

بەڕێوەبەرایتییەکانی جێبەجێکردن کە بەپێی یاسای ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ کارەکانیان ڕێکخراوە.

بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکان کە بەپێی یاسای ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠ کارەکانیان ڕێکخراوە.

کە سەرجەمیان پێک دێن لە (١١٧) فەرمانگە لەسەر ئاستی هەرێم.

خشتەی ژمارەی فەرمانگەکان

فەرمانگە	ژمارەی فەرمانگە بە پێی پارێزگا						کۆی گشتی
	هەولێر	سلێمانی	دهۆک	گەرمیان	هەڵەبجە	ڕاپەڕین	
بەڕێوەبەرایەتی گشتی	١						**١**
فەرمانگەکانی دادنووسی	٢٢	١٧	١٥	٥	٣	٦	**٦٨**
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن	١٦	٩	٦	٣	١	٣	**٣٨**
بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکان	١	١	١				**٣**
تێبینەرایەتی چاودێری ناکامەکان	٣	١	١	١		١	**٧**
کۆی گشتی	**٤٣**	**٢٨**	**٢٣**	**٩**	**٤**	**١٠**	**١١٧**

یەکەم: پڕۆسەی بە ئەلیکترۆنی کردنی فەرمانگەکانی دادنووس: تاکو ئێستا (٥٧) فەرمانگەی دادنووس بە ئەلیکترۆنی کراون لە کۆی (٦٧) فەرمانگە کە دەکاتە ٨٥٪ کۆی فەرمانگەکان بەم شێوەی خوارەوە:

خشتەی ژمارەی فەرمانگەی دادنووسی بە ئەلیکترۆنی کراو

ز	شوێن	ژمارە
١	پارێزگای هەولێر	٢٠
٢	پارێزگای سلێمانی	٢١
٣	پارێزگای دهۆك	١٣
٤	پارێزگای هەڵەبجە	٣
	کۆی گشتی	٥٧

دووەم: سەرجەم ئەو مامەڵانەی ئەنجام دراون بۆ هاووڵاتیان دەگاتە (٢٩٣٦١٢٩) دوو ملیۆن و نۆسەد و سی و شەش هەزارو سەدو بیست و نۆ مامەڵە، وەکو لە خشتەی خوارەوە دیاری کراوە.

خشتەی کاری فەرمانگەکان لە سەرجەم شار و شاروچەکانی هەرێم

ز	شوێن	ژمارە
١	فەرمانگەکانی دادنوسی	٢٧٤٤٦١٠
٢	بەڕێوەبەرایەتییەکانی جێبەجێکردن	١٠٩٨٤٦
٣	بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێری ناکامەکان	٨١٦٧٣
	کۆی گشتی	**٢٩٣٦١٢٩**

سێیەم: داهات و خەرجی

داهاتی فەرمانگەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد	**٨،٦٤٤،٠٨٢،٠٩٠**
خەرجی فەرمانگەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد	**١٩،١٨٥،٩٢١،٩٨٥**

چوارەم: چالاکی جۆراوجۆر

١- کۆمپانیای iNFORR GROUP خولێکی بۆ فێر بوونی سکان کردن و ئەرشیف کردنی مامەڵەکان بە سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگە دادنووسییەکان کردەوە کە کار بە سیستەمی ئەلکترۆنی دەکەن.

٢- لەمانگی ٢٠٢١/٦ سازکردنی خولێک بۆ فەرمانبەران ووردبینی بۆ فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی سلێمانی و فەرمانگە دادنووسی یەکانی دەوروبەری سلێمانی لەلایەن ناوەندی پەرەپێدانی کارگێڕی و دارایی لە پارێزگای سلێمانی.

٣- کردنەوەی ژووری داتا سەنتەر (کۆنترۆڵ) لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد.

٤- لەڕۆژی ٢٠٢١/١٢/١٨ ساز کردنی کۆنفرانسێک بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی دادو بەهاوکاری کۆمپانیای iNFORR GROUP تایبەت بە سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ دادنووسان لە سنووری پارێزگای سلێمانی.

٥- لەڕۆژی ٢٠٢٢/٥/٢٨ هەردوو بەڕێوەبەری جێبەجێکردنی هەولێر و جێبەجێکردنی سلێمانی لەشاری بەغدا بەشداریان لە ڕاهێنانی (ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی نێوەندگیری بیانی لە عێراق)دا کرد کە بۆ ماوەی (١) یەک ڕۆژ بوو.

٦- پێدانی دەسەڵاتی دادنووسی بە (٤) فەرمانبەری یاسایی بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کارەکانی فەرمانگەکانی دادنووسی لە شار و شاروچکەکانی هەرێم.

وەزارەتی پێشمەرگە

وەزارەتی پێشمەرگە

ئاستی چاکسازی:

بەردەوامبوونی کاری لیژنە لاوەکییەکانی چاکسازی لە بوارە جیاوازەکان بۆ دەستەبەرکردن و هێنانەدی ئامانجی پرۆسەی ڕیفۆرم لە وەزارەتی پێشمەرگەدا

لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، ئەو کارانەی کە لەسەر ئاستی چاکسازی ئەنجامدراون، ئەمانەی خوارەوەن:

١- بە ئەلیکترۆنی کردنی پرۆسەی دابەشکردنی مووچە لە ڕێگای چەکی بانکییەوە و کردنەوەی هەژماری بانک بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، ئەمەش هەنگاوێکی باش و ئەرێنی بوو بۆ نەهێشتنی شێوازی دابەشکردنی هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان بە شێوەی کاش و لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە. تاکو ئێستا (**٣١,٣٨٢**) ئەفسەر و پلەدار بەشێوەی چەکی بانکی مووچەکانیان وەردەگرن.

٢- کارکردن لەسەر پرۆسەی دروستکردنی یەک یەکەی ژمێریاری لە وەزارەتی پێشمەرگە.

٣- بەرکاربوونی (١٠) پرۆژە و پلانی بەرنامەی چاکسازی. ژمارەیەک پرۆژە ڕەشنووسەکانیان ئامادەن و لە قۆناغی کۆتاییدان.

٤- تەواوبوونی پلانی کاری پرۆژەکانی (یەکپۆشیی جلوبەرگی سەربازی، پرۆژەی پزیشکی وەزارەت، لۆجستی وەزارەتی پێشمەرگە).

٥- بەردەوامبوون لەکاری پێکەوەیی و هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە دیپلۆماسی و پاشکۆیە سەربازییەکان و لایەنەکانی هاوپەیمانان .

٦- بەردەوامبوون لەسەر ئامادەکردن و پێداچوونەوەی دۆسییەی ئەفسەران و کارمەندان و نەهێشتنی کەم و کوڕییەکان.

٧- ئامادەکردن و گواستنەوەی (**٣٠١٨**) دۆسییەی خانەنشینی (هۆکاری تەندروستی، سەربازی، کۆچکردن) بۆ سەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٨- گواستنەوەی (**١٠٨٦**) دۆسییەی شەهیدانی سەنگەری دژ بە تیرۆرستانی داعش لە وەزارەتی پێشمەرگە، فەرماندەیی هێزەکانی (٧٠ و ٨٠) بۆ سەر میلاکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٩- چاوپێکەوتن و پشکنینی (**٩٦٤٦**) کەمئەندام و ئامادەکردنی دۆسییەکانیان.

١٠- پێکهێنانی لیژنەی هاوبەشی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بۆ گواستنەوەی کەمئەندامانی کۆچکردوو لە وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندەیی هێزەکانی (٧٠و٨٠) بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

١١- جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ی یاسای ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە (**٨٢١**) ئەفسەر لە وەزارەتی پێشمەرگە خانەنشین کراون.

١٢-ئەنجامدانی لێک تێگەیشتنێک لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانانی ئەڵمانی بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی و هاوکاری بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی، کۆلیژی ئەرکان.

١٣-ڕادەستکردنی پرۆژەی سیستەمی (DMR) لەلایەن کۆمپانیای گڵۆباڵی ئەمریکی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن.

١٤-بەردەوامیی پرۆسەی وەرگرتنی چەک و ئالیات و ئۆتۆمبێلی سەربازی بۆ لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی داعش.

لەسەر ئاستی دارایی و ژمێریاری:

١- بەردەوامبوونی هاوکارییە داراییەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان بە پری (**$٢٠،٠٠٠،٠٠٠**) بیست ملیۆن دۆلاری مانگانە بۆ هێزی پێشمەرگە.

٢- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە نووسراوی ژمارە (٦٩٥٦ لە ٢٠٢١/٦/١٦)، ڕەزامەندی داوە بۆ خەرجکردنی پری (**٥،٨٣٦،٦٧٠،٨٠٠**) پێنج ملیار و هەشت سەد و سی و شەش ملیۆن و شەش سەد و حەفتا هەزار و هەشت سەد دینار، وەک خەرجی هاوکاری و تێچووی چارەسەری بریندارانی جەنگ. بەمەش توانرا بەشێک لە قەرزە کەڵەکەبووەکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ خاوەنەکانیان بگێڕدرێتەوە .

٣- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە نووسراوی ژمارە (١٤١١٧ لە ٢٠٢١/١١/١٨) ڕەزامەندی داوە لەسەر تەرخانکردنی پری (**١،٧٣٠،٠٧٩،٩٠٢**) یەک ملیار و حەوت سەد و سی ملیۆن و حەفتا و نۆ هەزار و نۆسەد و دوو دینار وەک قۆناغی یەکەم، بۆ دروستکردنی دوو باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە. بە تەواوکردنی ئەم باڵەخانانە، کرێی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتییەکان کەمتر دەبێتەوە. ئەمەش هەنگاوێکی باشە بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

٤- بەردەوامبوون لەسەر خەرجکردنی پاداشتی کۆتایی شەهیدان کە مانگانە لەگەڵ لیستی مووچە تاکو پری (**٣٥٠،٠٠٠،٠٠٠**) سێ سەد و پەنجا ملیۆن دینار دابین دەکرێت. بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێکەوتی (مانگی ٢٠٢١/٢ تاکو ٢٠٢٢/٤) پری (**٤،٨٣٣،٢٩٦،١٠٠**) چوار ملیار و هەشت سەد و سی و سێ ملیۆن و دووسەد و نەوەد و شەش هەزار و سەد دینار بۆ (**٣٤٤**) خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان خەرجکراوە.

٥- کەمکردنەوەی خەرجی بۆ کڕینی ئازووقەی وشکە بۆ لیواکانی پیادە و هەماهەنگی کردن لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ دابینکردنی تەواوی بەشە ئازووقەی وشکە بۆ یەکە سەربازییەکان.

لەسەر ئاستی خزمەتگوزاریی کارگێڕی:

١- بەردەوامبوون لەسەر بەرەوپێشبردن و ڕاییکردنی کارە کارگێڕییەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین لە کاروباری ڕۆژانە و کارکردن بە ئاراستەی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان و پرەنسیپە سەربازییەکان لەناو وەزارەتی پێشمەرگە و بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانانی ئەمریکی بۆ بە سیستەمکردنی کارە کارگێڕییەکان. ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە سەرقاڵی ئامادەکردنی پلانی کارکردنە بە شێوەی ئەلیکترۆنی. کۆمپانیایەکی ئەمریکی بە ناوی (پرۆد لیف) کە بودجەکەی لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانی ئەمریکی تەرخان دەکرێت، ئەم کارە دەکات و بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەک لە وەزارەتی پێشمەرگە پێکهێنراوە بۆ کارکردن لەگەڵ کۆمپانیای (پرۆد لیف) کە لە ئێستادا داتا و زانیارییە کارگێڕییەکان کۆدەکەنەوە بۆ ئامادەکردنی پلانی کارکردن.

٢- دروستکردنی تۆڕی بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە و دامەزراندنی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو بۆ بەرەو پێش بردن و ڕایی کردنی کارەکانی بەشی مووچە، بە شێوەیەک کە لەگەڵ گۆڕانکارییە بەردەوامەکان بگونجێت و توانای پێشخستن و گونجاندنی هەبێت لەگەڵ سیستەمی مووچە؛ کە لە وەزارەتی کاروباری پیشمەرگە پەیڕەو دەکرێت.

لەسەر ئاستی ڕێکخستن (میلاکات):

١- ڕێکخستن و داڕشتنی پەیکەربەندی هەردوو فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی (٢،١) و گواستنەوەیان بۆسەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە.

٢- ڕێکخستن و پێداچوونەوە بە خشتەی روکن و پەیکەربەندی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە، لە ڕووی میلاک و پێکهاتەیان.

٣- کارکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان، بۆ دەستنیشانکردنی میلاکی پەسەندکراو لە ڕووی چەک و ئالیات و کەلوپەلی تەکنیکی بۆ یەکە سەربازییەکان.

٤- پێکهێنانی بنکەی کاروباری کارگێڕی (قاعدة الشؤن الأدارية) لەسنووری پارێزگای دهۆک و سلێمانی.

٥- دروستکردنی یەکەی پاسەوانی تایبەت لەسەر میلاکی فەرماندەیی کاروباری کارگێڕی و کۆکردنەوەی پاسەوانەکانی بەرپرسانی وەزارەت.

٦- دروستکردنی هەردوو کەتیبەی تۆپی مەیدانی (٢،١).

٧- دروستکردنی یەکەی جێندەر.

٨- دروستکردنی (٤) بنکەی هەماهەنگی هاوبەش و بەستنەوەیان بە بنکەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش کە ئەرکیان هەماهەنگی کردنە لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراقی فیدراڵ و ئەنجامدانی کۆمەڵێک ئۆپەراسیۆن بە هاوبەشی هەردوولا.

٩- دروستکردنی بەشی ڕاگەیاندنی شانەی جەنگی وەزارەت و هەماهەنگی کردن لەگەڵ شانەی جەنگی سوپای عێراقی فیدراڵ.

١٠- چڕکردنەوەی هەوڵەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بۆ یەکخستی هێزەکانی (٨٠،٧٠).

١١- گواستنەوەی میلاکی فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی (٢،١) و لیواکانی (١٨ و ١٩ و ٢١ و ٢٢) لە فەرماندەیی هێزەکانی (٨٠،٧٠) بۆ سەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە، کە ژمارەیان (١٧،٨٩٣) ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگەیە.

١٢- پێداچوونەوە بە بەرنامە و میلاک و چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی ڕاوێژکارانی هێزەکانی هاوپەیمانان و گۆڕینی پلانی پڕۆژەکان لە (٣٩) پڕۆژە بۆ (٢٨) پڕۆژە .

١٣- ئەنجامدانی خولی پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی توانستی ئەفسەر و کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی پلانی ساڵانە ئامادە دەکات بۆ ئەنجامدنی خولەکان لە بوارە جیاوازەکان بۆ پێگەیاندنی ئەفسەر و کارمەندان لە ڕووی پراکتیکی و تیۆری.

- بەشداریکردنی (**٢٨٩**) ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگە لە خولەکانی دەرەوەی وڵات کە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان ڕێکخراوە.
- بەشداریکردنی (**٢٢،٨٠٠**) ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگە لە خولەکانی ناوەوەی هەرێم.
- بەشداریکردنی (**٢٥٠**) ئەفسەر و کارمەند لە خولەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و زانیاری پەیوەندی و تەکنەلۆژیا لە سەنتەری زمان.
- ئەنجامدانی (**١٤**) خول لە بواری سیستەمی گەیاندن بۆ (**٢١٢**) بەشداربوو.
- ئەنجامدانی (٤) خولی ڕشتەی بنەڕەتی بۆ ئەفسەر و کارمەندان و خولی پەرەپێدان بۆ (**٥١**) بەشداربوو.
- ئەنجامدانی چەندین خولی جۆراوجۆر لەلایەن بەڕێوەبەڕایەتی ڕشتەکان.
- ئەنجامدانی خولی بەرزکردنەوەی توانستی ئەفسەری ئیداری و ژمێریاری لیواکانی پیادە، بەسەرپەرشتی تیمی هێزەکانی هاوپەیمانانی هۆڵەندی لە کۆلیژی بەڕێوەبردن و ئابووری، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێریاری سەربازی.
- ئەنجامدانی چەندین مەشق و ڕاهێنانی جۆراوجۆر لە بەڕێوەبەرایەتیی میرەی گشتی لە بواری (شۆفێری و ئالیات و ئامێری سەربازی).

توند و تۆڵکردن و پتەوکردنی سەنگەرەکانی بەرگری:

بەهۆی ئەنجامدانی چەند زنجیرە پەلامارێکی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر سەنگەرەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و بوونی کەموکوڕی لە توندوتۆڵی سەنگەرەکان، لەسەر فەرمانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بڕیاردرا بۆ توندوتۆڵکردن و پێداچوونەوە بە بارودۆخی سەنگەرەکان. بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پێشمەرگە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، چەند لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ سەردانیکردنی سەنگەرەکان لە گشت میحوەرەکان و دەستنیشانکردنی کەم و کوڕییەکان و نۆژەنکردنەوەی بارەگا و خاڵەکانی چاودێری و دابینکردنی ئامێر و کەرەستەی سەربازی و ئامرازەکانی خۆپارێزی بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان.

وەزارەتی ناوخۆ

وەزارەتی ناوخۆ

پێشەکی

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی جێبەجێکار و پارێزەری سەروەری یاسایە و هاوشان لە گەل ئامانجەکانی وەزارەتمان لە پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیان و پارێزگاری کردن لەتەناهی و ئەمنیەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان چەندین ئەرکی گەورەی تری پێ سپێردراوە لەبواری مرۆیی و بەهانا چوون و هاوکاری ئاوارە و پەنا بەران و لە بواری کۆمەڵایەتی وەکو بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی ئافرەتان و منداڵ و خێزان و لە بواری پرۆژەو ئاوەدانی لە ڕێگای پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و لە بواری دروست کردنی متمانە لە نێوان دام دەزگاکانی وەزارەت و پیاوانی پۆلیس لەگەڵ هاووڵاتی هاوشان لەگەڵ ئەو هەموو ئەرکە جۆراوجۆرە ئامانجی هەرە لە پێشینەی وەزارەتمان لەماوەی سێ ساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەم بووە کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە متمانەی پێدراوە وگومانی تێدا نیە کە بڵاو بوونەوەی پەتای کۆرۆنا کاریگەری هەبوو لەسەر گشت سێکتەرەکانی ژیانی هاووڵاتیان و دام دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە بە هاوکاری و هەماهەنگی گشت وەزارەتە پەیوەندیدارەکان وەزارەتمان رۆلێکی بەرچاوی هەبوو لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم پەتا جیهانییە.

هەموو هەوڵیکمان لەم ماوەیە چەسپاندنی بنەمای ڕێزگرتن بووە لە هاووڵاتی لە ناو فەرمانگەکانمان هەروەها بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی و کەمکردنەوەی ڕۆتین و دابین کردنی ئاسانکاری تەواو بۆ ئەوەی ئیشو کارەکان بەبێ تەگەرەو گیرو گرفت بەڕێوە بچن بۆ سەرکەوتنی کارەکانمان هەماهەنگی تەواومان هەبووە لەگەڵ گشت وەزارەت و دەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها لەگەڵ دام دەزگاکانی حکومەتی فیدراڵی .

لەخوارەوە هەوڵ دەدەین زۆر بەکورتی کار و چالاکی و پرۆژەکانی وەزارەتمان لە ماوەی سێ ساڵی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بخەینە ڕوو ئەگەر چی بەسەدان کار و چالاکی تر هەیەکە ڕۆژانە ئەنجام دراوە بەڵام لەم چەند لاپەڕیە جێگای نابێتەوە ئەوەی نووسیومانە تەنها پوختەی کار و چالاکییەکانی وەزارەتەکەمانە لە ٢٠١٩/٧/٢٢ تاکو ٢٠٢٢/٦/١ .

- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان :**

  - **بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان**

- دامەزراندنی (١) فەرمانبەری شارستانی، (٩٦) فەرمانبەری گرێبەست و (٢٩١) پاسەوان بۆ پلە باڵاکان بەشێوەی گرێبەست ٢٦١ بۆ پۆلیسی هەولێر، ٢١ بۆ پۆلیسی دهۆك ٨، بۆ ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ و ١ بۆ پۆلیسی هەڵەبجە.
- وەزارەتی ناوخۆ لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (١١٠٥٤٩) سەد و دە هەزار و پێنج سەد و چل و نۆ هەزاری نووسراوی ئاراستەی کراوە .
- لەو ماوەیە (٧١٤٠٩) حەفتا و یەك هەزار چوار سەد و نۆ نووسراوی ئاراستەی دەرەوەی وەزارەت کردووە کە ئەم ژمارانە راستی ئەوە دەردەخات کە ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ سەدان نووسراو دەکرێت و کاری هاووڵاتیان لە دام ودەزگاکان جێبەجێ دەکرێت .
- بەیان و ڕێنمایی لە ٢٠١٩/٧/٢٥ تاکو ٢٠١٩/١٢/٢٤ (١) یەك ڕێنمایی و (٥) پێنج بەیان.

- بەیان و ڕێنمایی ساڵی ٢٠٢٠ (٥) پێنج ڕێنمایی (٥٨) بەیان.
- بەیان و ڕێنمایی ساڵی ٢٠٢١ (٩) نۆ ڕێنمایی (٣٩) بەیان.
- بەیان و ڕێنمایی ساڵی ٢٠٢٢ (٢) دوو ڕێنمایی (١٠) بەیان.
- شۆڕکردنەوەی دەسەڵات لەلایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکان و پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان بۆ بەرجەستەکردنی لامەرکەزی ئیداری بەپێی فەرمانی بەڕێز سەرۆکی حکومەت ژمارە (١٩٢٢ لە ٢٠٢٢/٢/٢) بەپێی هەردوو بەیانمان ژمارە (٧ ، ١٢) ساڵی ٢٠٢٢.
- ئەم ئۆتۆمبێل و ماتۆر و کۆمپیوتەرانەی خوارەوە لەماوەی ٣ ساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم دابەش کراون بەسەر دام و دەزگاکانی وەزارەت.

جۆری کەل و پەل	ژمارە
ئۆتۆمبیل	٤٨٧
ماتۆر	٧
کۆمپیوتەر	٢٣٢

- داتاکانی وەزارەتی ناوخۆ (جگە لەو داتایانەی پەیوەستن بە وەزارەتی تەندروستی) سەبارەت بە هەڵمەتی بەرنگاربوونەوی پەتای کۆرۆنا کە وەزارەتی ناوخۆ سەرۆکایەتی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەتایەی کردووە.
- لەساڵی ٢٠٢٠ (٣٨) بەیان، ٢٠٢١ (١٦) بەیان و ٢٠٢٢ (٢) بەیانی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای بەرنگاربوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) .

- **هێنانەکایەی فەرمانگەکان:**

- هێنانەکایەی (بنکەی پۆلیسی ناو زانکۆی چەرمۆ) لە قەزای چەمچەماڵ لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٢١٦٠ ٢٠١٩/٧/٨).
- هێنانەکایەی (بەشی بنکەی ڕاهێنانی کۆچ) لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٢٢٤٩٧ لە ٢٠١٩/١٢/٩).
- هێنانەکایەی (نووسینگەی پاسپۆرتی چەمچەماڵ) لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامە بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٢١٦٧١ لە ٢٠١٩/١٢/١).
- هێنانەکایەی (کارتی نیشتمانی) لە ناحیەی (بالیسان) بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٩١٢٩ لە٢٠٢٠/٧/٧).
- هێنانەکایەی نشینگەی زاخۆ بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٩٨٥٨ لە ٢٠٢١/٥/١٨).
- هێنانەکایەی هۆبەی ئەرشیف لە فەرماندەی پێشمەرگەی زێرەڤانی بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٠٥٨٩ لە ٢٠٢١/٥/٢٦).
- هێنانەکایەی نووسینگەی نەهێشتنی تاوان لە قەزای چەمچەماڵ بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٥٥٢٠ لە ٢٠٢٠/١٠/٤).

- هێنانەکایەی بنکەی بەرگری شارشتانی (خاڵخالان) قەزای چەمچەماڵ بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٩٩٧٧ لە ٢٠٢٠/١٢/١).
- هێنانەکایەی بنکەی (پۆلیسی مەرزی سەیران بەن) لە پارێزگای سلێمانی بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٨٩٦٢ لە ١٨ / ١١ / ٢٠٢٠).
- هێنانەکایەی (سەنتەری چاودێری کامیرا) لە پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەتی ناوخۆ بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٢٠٦٢١ لە ٢٠٢٠/١٢/١٠).
- هێنانەکایەی (هۆبەی کامێراکان) لە بەشی نەهێشتنی تاوان لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیسی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان فەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٨٩٦١ لە ٢٠٢٠/١١/١٨).
- هێنانەکایەی بەشی (بەرگری شارستانی) قەزای چەمچەماڵ لە بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی پارێزگای سلێمانی بەستنەوەی ئەم (٩) بنکەیەی خوارەوە بەم بەشە :-

(چەمچەماڵ، ئاغجەلەر، تەکیەی جەباری، تەکیەی کاکەمەند، شۆڕش، سەنگاو، قادر کەرەم، شوان، خاڵخالان) بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٥٥١٩ لە ٢٠٢٠/١٠/٤).

- هێنانەکایەی بنکەی (بەرگری شارستانی شرفونا) قەزای ئاکرێ بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٢١٣٨٦ لە ٢٠٢٠/١٢/٢١).
- هێنانەکایەی بنکەی (ئاگر کوژێنەوە) لە ناحیەی دارەشەکران لە پارێزگای هەولێر فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٧٩٦٥ لە ٢٠٢١/٤/١٨).
- هێنانەکایەی بنکەی هاتووچۆ لە هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی/ لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێم.
- هێنانەکایەی (بەشی پۆلیسی کاروباری ئاوارە و پەنابەران)ی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس (٥٤٣٦ لە ٢٠٢١/٣/١).
- هێنانەکایەی هەردوو نووسینگەی (ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا) بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لە پارێزگای هەولێر بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (١١٩٦٢ لە ٢٠٢١/٦/١٥).
- هێنانەکایەی بنکەی بەرگری شارستانی لە (گۆندی دۆرێ) لە ناحیەی گۆڕەتوو لە قەزای مێرگەسوور لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی سۆران/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٠٨١٤ لە ٢٠٢١/٥/٣٠).
- هێنانەکایەی یەکەی یەکسانی جێندەری بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٧٧٢٢ لە ٢٠٢٠/١١/٣).
- هێنانەکایەی (بەشی ئەفسەرانی ژێر فەرمان - قسم الضباط تحت الإمرة) لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (١١٩٦٠ لە ٢٠٢١/٦/٩).
- هێنانەکایەی (بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی ئاکرێ) لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٨٤١٠ لە ٢٠٢١/٩/١٥).
- هێنانەکایەی (هۆبەی پەنجە مۆر) لە بەشی بەڵگەکانی تاوانی سۆران لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس سۆران بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٩٩٠٥ لە ٢٠٢١/١٠/٤).

- هێنانەکایەی بەشی (هەماهەنگی) لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (٢١٢٢٨ لە ٢٠٢١/١٠/٢٠).
- هێنانەکایەی (بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگە) لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (٢٢٥٨٣ لە ٢٠٢١/١١/٩) .
- هێنانەکایەی (بنکەی پۆلیسی دەرکاری) لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی زاخۆ لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (٢٣١٨٠ لە ٢٠٢١/١١/١٦) .
- هێنانەکایەی (هۆبەی بەدواداچوونی تاوانباران) لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیسی پارێزگای (هەولێر ، دهۆك ، سلێمانی) بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (٢٣١٧٩ لە ٢٠٢١/١١/١٦).
- هێنانەکایەی (بەشی ژمێریاری و هۆبەی ووردبینی) لە بەڕێوەبەرایەتی فڕۆکەوانی هەرێم لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (٢٦٢٢٨ لە ٢٠٢١/١٢/٢٢).
- هێنانەکایەی (بنکەی ڕێگای خێرا) لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ هەولێر بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (٨٦٨٨ لە ٢٠٢٢/٤/١٧).
- هێنانەکایەی (بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان) لە پەیکەری ڕێکخستنی ئیدارەکان بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (٣٤٣٠ لە ٢٠٢٢/٢/٨).
- هێنانەکایەی (بنکەی پۆلیسی دادگا) لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (٧٧ لە ٢٠٢٢/١/٣).
- هێنانەکایەی (بنکەی بەرگری شارستانی ماسیك) لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی پارێزگای دهۆك بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (٧٨ لە ٢٠٢٢/١/٣).
- هێنانەکایەی (بنکەی بەرگری شارستانی ئازادی) لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی پارێزگای سلێمانی بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٧٥٤ لە ٢٠٢٢/١/١٩).
- هێنانەکایەی (بنکەی گرتن و گواستنەوەی مێرگەسۆر) لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (٨٢٣٥ لە ٢٠٢٢/٤/١٢).
- هێنانەکایەی (بەشی بەرگری شارستانی بەردەڕەش) لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی ئاکرێ بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (٨٨٤٤ لە ٢٠٢٢/٤/١٨).
- هێنانەکایەی هۆبەی (ئەرشیف) و هۆبەی (لێپڕینەکان) لە پەیکەری ڕێکخستنی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٤٣٧ لە ٢٠٢٢/١/١٧).
- هێنانەکایەی (بنکەی پۆلیسی ڕۆژئاوای تەق تەق) لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس پارێزگای هەولێر بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (٦٣٩ لە ٢٠٢٢/١/٩).

- **یاسای هەڵگرتنی چەک و پلانی وەزارەت بۆ نەهێشتنی چەکی بێ مۆڵەت:**

بەپێی یاسای پێشووی مۆڵەتی چەك هەڵگرتنی ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٣ و ڕێنمایی هەڵگرتنی و هەبوونی چەك ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٥ کاری کردووە و بەکەمی و بەشێوەیەکی بەرتەسك مۆڵەتی چەك هەڵگرتنی داوە بۆ حاڵەتی زۆر پێویست و بە چەندین نووسراو بەژمارە (١٢٩٣١ /٢٠١٩/٧/٢٣ و١٢٩٣٠ لە ٢٠١٩/٧/٢٣ و٢١٣٤/د لە ٢٠١٩/٧/٢٣) بۆ پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان و فەرمانگە پەیوەندارەکان داواکراوە کەوا هەرچەکێك بێ مۆڵەت بێت دەستی بەسەر دابگرێت بەپێی یاسا و (٧٤٠٢) دەمانچە و کلاشینکۆف و تاپڕ و (٣٧٠١٤) فیشەکی جواروجۆر دەستی بەسەردا گیراوە و مۆڵەتی هەڵگرتنی چەك بەهیچ کەسێك نەدرێت لە دەرەوەی یاسا هاوتەریب وەزارەتمان پڕۆژە یاسایەکی نوێی بۆ هەڵگرتنی چەك ئامادەکردو و ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا پاشان بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی جێی ئەم یاسا کۆنە بگرێتەوە خۆشبەختانە بە هەوڵ و ماندوبونی وەزارەتمان و بەتایبەتی جەنابی وەزیر ئەم پڕۆژەیە بووە بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ هەڵگرتنی چەك لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو و لە ڕۆژنامەی (وقائع کوردستان) بڵاوکرایەوە ئامادکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی چەك لەسەر ڕۆشنایی یاسای نوێ چەك ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٢ بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکای ئاسایش و پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

دەمانچە و کلاشینکۆف وتاپر	٧٤٠٢
فیشەکی جۆراو جۆر	٣٧٠١٤

- **بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان:**

ژ	جۆری گرێبەست	کۆمپانیای جێبەجێکار	گووژمە
	٢٠١٩		
١	دروستکردنی بنکەی بەرگری شارستانی سێمێل	دوودانک	**٧٩٣،٩٦٨،٠٠٠**
٢	دابینکردن و دانان و چەسپاندنی هێماکان و پێداویستی ئەندازەی سۆران	سەرباز	**١٩٠،٨٢٧،٠٠٠**
٣	دابینکردن و دانان و چەسپاندن و هێمای ڕێنیشاندەر و هێمای هاتووچۆی جۆراوجۆر بۆ ڕێگاکانی سنوری عەربت و سیدصادق و هەڵەبجەی شەهید و پێنجوین و نالّ پارێز و گەرمک	هەڵاڵە	**١،٥٧٠،٦٧٢،٤٠٠**
٤	دابینکردن و هێنان و دانانی پێداویستی بینای نوێی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر	فریشتەی بەفری	**٤٨٨،٠٠٥،٠٠٠**
٥	دانان و دابینکردنی گاردرێل بۆ ڕێگاکانی نێوان تاسلوجە- دوکان	پوککا	**٣،٣٧٠،٠٠٠،٠٠٠**
٦	دروستکردنی بینایەی هاتووچۆی شەقڵاوە	بتوێن	**٣٨٣،٣٠٠،٠٠٠**
٧	دروستکردنی بینای هاتووچۆی قوشتەپە	بتوێن	**٨٩٩،٣٨٩،٠٠٠**
٨	عقد التأهیل الخاص بمدیریات اقامة- إقلیم کوردستان (اربیل ومدیریاتها، السلیمانیة ومدیریاتها، دهۆك ومدیریاتها) وفق المواصفة ISO:٩٠٠١:٢٠١٥	RTCE.UK.LTD	**٩٨،٥٠٠،٠٠٠**
٩	کڕینی جل و بەرگی سەربازی بۆ لیوای (١ و ٢) پۆلیسی دامەزراوە نەوتیەکان	فریشتەی بەفری	**٦١٦،٥٠٠،٠٠٠**
١٠	دابینکردن و بەستانی فەڕارە بۆ ئۆتۆمبێلەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر و دهۆک و ئۆتۆمبێلەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر ، دهۆک	سەرباز	**٣٥٥،٠٠٠،٠٠٠**
١١	توصیل بیانات المخالفات المروریة	آسیاسیل	**٥،٧٤٢،٠٠٠**
١٢	دروستکردنی بەشی ئالیات و نۆژەنکردنەوەی بەشی کرێ و بارهەڵگر بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر	سەرباز	**٥٧٢،٠٠٠،٠٠٠**
١٣	گرێبەستی پاککردنەوەی تەلاری وەزارەت	Dazzling Future	**١٠١،١٠٠،٠٠٠**
١٤	گرێبەستی پاککردنەوەی بینای هاتووچۆی هەولێر	کۆمپانیای فریا	**١٠٢،٨٤٠،٠٠٠**
١٥	گرێبەستی خزمەتگوزاری (صیانە) کردنی موەلیدەکانی دیوانی وەزارەت	خلیل گۆران	**٣٦،٠٠٠،٠٠٠**
١٦	گرێبەستی (تایبەت بە دابینکردنی سوتەمەنی بەنزین و گازوایل)	NORTH LIGHT	**بەپێی پێویست**
١٧	تایبەت بە دابینکردنی سوتەمەنی نەوت و گاز) بۆ ئۆتۆمبێلەکانی وەزارەتی ناوخۆ	KURD NEFT	**بەپێی پێویست**
١٨	توصیل بیانات المخالفات المروریة	آسیاسیل للاتصالات	**٦٨،٩٠٤،٠٠٠**

	٢٠٢٠		
١	گرێبەستی پاککردنەوەی بینای بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر	کۆمپانیای فریا	١٠٢،٨٤٠،٠٠٠
٢	گرێبەستی پاککردنەوەی تەلاری وەزارەت	Dazzling Future	١٠١،١٠٠،٠٠٠
٣	دروست کردنی بینای پرۆتۆکۆل	چمدی	٤٤٥،٦٦٥،٠٠٠
٤	گرێبەستی خزمەتگوزاری (صیانە) کردنی موەلیدەکانی دیوانی وەزارەت	خلیل گۆران	٣،٠٠٠،٠٠٠
٥	گرێبەستی پرۆژەی دابین کردن و دانانی سیستەمی RED TRAFFIC CAM بۆ ترافیک لایتی گۆرەپانەکانی ناوشاری سلێمانی چوار ییان سێ رییان دووریان	سەرباز	٢،١٢٦،٠٠٠،٠٠٠
٦	گرێبەستی (تایبەت بە دابینکردنی سوتەمەنی نەوت و گاز) بۆ ئۆتۆمبێلەکانی وەزارەتی ناوخۆ	کورد نەفت	
٧	گرێبەستی (کڕینی جل و بەرگی سەربازی بۆ لیوای (١ و ٢) پۆلیسی دامەزراوە نەوتییەکان)	خامۆش	٦٥٧،٠٠٠،٠٠٠
٨	گرێبەستی پرۆژەی ڕێکخستنی هاتووچۆ بە بۆیەکردن و هێلکاری شەقام و بۆیەکردنی کربیستۆن و دانانی فسفۆری پلاستیکی دیلانیتەر بۆ شەقامەکانی سەنتەری شار دەوروبەری قەڵات و لە بازنەی شەقامی ٣٠م بەرەو ژوور و شەقامەکانی دەوروبەری پارکی شاندەر	سەرباز	١٦٩،٤٢٥،٠٠٠
٩	گرێبەستی (تایبەت بە دابینکردنی سوتەمەنی بەنزین و گاز) بۆ ئۆتۆمبێلەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەرین	NORTH LIGHT	بەپێی پێویست
	٢٠٢١		
	پشکنینی ئاسایی قەزای ناوەندی دهۆك و ناحیەکانی بە فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٣١٣) لە ٢٠١٩/٩/١٢.	لێکۆڵینەوە لە جێبەجێنەکردنی فەرمانی لابردنی زیادەڕۆیی لە ناحیەی وارماوە و وە لێکۆڵینەوە لە لابردنی زێدەڕۆیی لە ناحیەی بەکرەجۆ .	بەدواداچوون لە داواکاری فەرمانبەر (فاطمە فەیزوللا فقێ أمین) لە نووسینگەی کۆچبەران/ دهۆك.
	پشکنینی ئاسایی دیوانی پارێزگای سلێمانی و فەرمانگە شارستانیەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لەم پارێزگایە بە فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٣٦٨) لە ٢٠١٩/١٠/٢٠.	لێکۆڵینەوە لە نووسراوی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی تایبەت بە نوێکردنەوەی مۆڵەتی بەنزینخانەی کۆنی هەڵەبجە.	بە دواداچوون لەسەر سکاڵای کۆمەڵێك ئەفسەر و هاووڵاتیان لە ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/١٠.
	پشکنینی ئاسایی پارێزگای دهۆك و خۆجێیەتی پارێزگا بە فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٤٣٦) لە ٢٠١٩/١٢/٢٣.	لێکۆڵینەوە لە فەرمانی وەزاری نهێنی ژ(٢٥٥٢) لە ٢٠١٩/٩/١٦.	بە دواداچوون لەسەر مولکە داگیرکراوەکانی وەزارەتی پەروەردە بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژ(١٣٨٠) لە ٢٠١٩/١١/١٨.
		لێکۆڵینەوە لە فەرمانی وەزاری ژ(١٧٨٤٧) لە ٢٠١٩/١٠/٢٢.	بە دواداچوون لە تەندەری نەخۆشخانەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بە فەرمانی وەزاری ژ(١٤٠١٣) لە ٢٠١٩/٨/٢١ .
٢٠٢٠/١١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١	پشکنینی ئاسایی مەخموور و ناحیەکانی بە فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٥٣) لە ٢٠٢٠/٢/٢ .	لێکۆڵینەوە لە نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ ژ(٢٧٧) لە ٢٠٢٠/١/٦لە سەر کارە دارایی و کارگێڕی و یاساییەکانی دیوانی پارێزگای سلێمانی.	بە دواداچوون و دەرخستنی ڕاستییەکان تایبەت بە قەزای کەلار لە ٢٠٢٠/٨/٢٢ بە نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ ژ(١١٩٨٧) لە ٢٠٢٠/٨/٢٦.
	پشکنینی ئاسایی قائیمقامیەتی قەزای دەشتی هەولێرو ناحیەکانی	لێکۆڵینەوە لە نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ ژ(٥١٨٣) لە ٢٠٢٠/٢/٢٧ لە سەر پڕۆژەی لاندفییل و ریسایکلین لە سنووری ئیداری ڕاپەرین.	بە دواداچوون لەسەر سکاڵای بەڕێز(د.فلاح مصگفی صدیق) بەڕێوەبەری ناحیە لە دیوانی پارێزگای

	به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٥٤) له ٢/٢/ ٢٠٢٠.		سلێمانی به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٢٢٣) له ٢٠٢٠/٩/٣٠.
	پشکنینی ئاسایی قائیمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێربه فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٥٨) له ٢٠٢٠/٢/١٧.	لێکۆڵینەوە له فەرمانی وەزاری وەزارەتی ناوخۆ ژ(١٧٧١٨) له ٢٠٢٠/١١/٣ لەسەر گۆڕینی چەکی پارەی (٥٠) ئاوارەی گەڕاوە له وڵاتی ئێران که دانیشتووی پارێزگای هەڵەبجەن.	به دواداچوون لەسنووری ناحیەی بەکرەجۆ لەسەر بابەتی دابەشکردنی زەوی به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٢٢٥) له ٢٠٢٠/٩/٣٠ .
	پشکنینی قائیمقامیەتی قەزای کۆیەبه فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٩٠) له ٢٠٢٠/٢/٢٠.	لێکۆڵینەوە له چارەسەرکردنی کەم و کوڕییەکانی ب چاکسازی به نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژ(٣٦٩٩) له ٢٠٢٠/٦/١٧.	
	پشکنینی ئاسایی ناحیەکانی قائیمقامیەتی قەزای هەولێر ژ(٩٤) له ٢٠٢٠/٢/٢٤.	لێکۆڵینەوە له نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ/فەرمانگەی یاسایی ژ(١٧١٩٧) له ٢٠٢٠/٨/٢٧ بۆ وەرگرتنی ووتەی قائیمقامی قەزای کەلار.	
٢٠٢١/١/١ تا ٢٠٢١/١٢/٣١	پشکنینی ئاسایی قائیمقامیەتی قەزای کۆیه به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(١٦) له ٢٠٢١/١/١٠	لێکۆڵینەوە له فەرمانی وەزاری ژ(٥١٣١) له ٢٠٢١/٢/٢٧ تایبەت به چارەسەرکردنی کێشەی هاووڵاتیان له سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین.	به دواداچوون له رووداوەکانی قەزای سید صادق به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٣٦) له ٢٠٢١/١/٢٨.
	پشکنینی ئاسایی قەزای مەخموور و ناحیەکانی به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٥٣) له ٢٠٢١/٢/٢.	لێکۆڵینەوە له فەرمانی وەزاری ژ(١٠١٨) له ٢٠٢١/٤/١١ لەسەر فەرمانبەری شارستانی (هاوکارنجم الدین أسعد) که فەرمانبەرە له ب.گ ڕەگەزنامە.	بەدواداچوون تایبەت به ڕاپۆرتی فەرمانگەی داواکاری گشتی سلێمانی به نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ ژ(٣٢٧٠) له ٢٠٢١/٢/٤.
	پشکنینی ئاسایی قەزای سۆران و ڕەواندوز و ناحیەکانی به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(١٥٣) له ٢٠٢١/٥/١٩.	لێکۆڵینەوە له بەرێوەبەری میرە و کۆگاکان له وەزارەتی ناوخۆ به فەرمانی وەزاری ژ(١٣٣٧/ د) له ٢٠٢١/٥/٦	به دواداچوون لەسەر سکاڵای هاووڵاتی (سعید خان) له نووسینگەی کۆچ و کۆچبەرانی سۆران به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٦٣) له ٢٠٢١/٢/١٦.
	پشکنینی ئاسایی سەرجەم قەزا و ناحیەکانی سنووری پارێزگای هەولێر به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(١٣٧) له ٢٠٢١/٤/٢٥.	لێکۆڵینەوە له بەڕێز(رفعت سلیم خان عادۆ) بەرێوەبەری بانکی دیلمان له قەزای سۆران به فەرمانی وەزاری ژ(٧٩٦٠) له ٢٠٢١/٤/١٨.	به دواداچوون له سەر ناوەرۆکی نووسراوی ئیدارەی گەرمیان تایبەت به مەرکەزی پۆلیسی گومرگی پەرویزخان به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٣١٨) له ٢٠٢١/٩/٢٦.
	پشکنینی ئاسایی ب.گ ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٣٧٨) له ٢٠٢١/١١/٣.	لێکۆڵینەوە له بەڕێز (أكرم بهجت خورشید) بەرێوەبەری ناحیەی گۆرەتوو له قەزای مێرگەسوور به فەرمانی وەزاری نهێنی ژ(٣١٧٩/ د) له ٢٠٢١/٩/٣٠.	
		لێکۆڵینەوە له قائیمقامی پێشووی قەزای ڕانیه بەڕێز (بەرهەم أحمد حمه رشید) به فەرمانی وەزاری ژ(١٥٦٥٤) له ٢٠٢١/٨/١٢.	
		لێکۆڵینەوە له سەر (قادر کریم عبدالرحمن) موختاری گەڕەکی ئەیلول له قەزای سۆران به فەرمانی وەزاری ژ(١٦١١٤) له ٢٠٢١/٨/١٨.	
		لێکۆڵینەوەلەنووسراوی وەزارەتی ناوخۆ/ئیدارەی گەرمیان/ب ژمێریاری ژ(٣٦٧٢) له ٢٠٢١/١٠/٢٧ به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٣٨١) له ٢٠٢١/١١/٤.	
٢٠٢٢/١/١ تا ٢٠٢٢/٤/٦	پشکنینی ئاسایی دیوانی پارێزگای هەڵەبجە و ناحیەکانی به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٣٢) له ٢٠٢٢/١/١٣.	لێکۆڵینەوە لەسەر نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لەسەر فەرمانبەر (کارزان سلێمان قادر) که نوێنەری وەزارەتی ناوخۆیە له قەزای ڕانیه له ئیدارەی ڕاپەڕین به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(١٥) له ٢٠٢٢/١/٦.	به دواداچوون له سەر سکاڵای فەرمانبەر (هەژار رسول محمد) له قائیمقامیەتی قەزای قەڵادزێ به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٤٢) له ٢٠٢٢/١/١٩.
		لێکۆڵینەوە له سەر دەستکاریکردنی لیستی مووچه له فەرمانگەی کارتی نیشتمانی کفری .	به دواداچوون له ناوەرۆکی نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ / نووسینگەی وەزیر ژ(١٨٩) له ٢٠٢٢/٢/١٧.
		لێکۆڵینەوە له سەرۆکی یەکەی ئیداری ناحیەی سیروان بەڕێز (هێمن حمه حسین) به فەرمانی وەزاری ژ(٢٢٠٠) له ٢٠٢٢/١/٢٦.	
		لێکۆڵینەوە له هەردوو خاڵی(٢/أ/١) ,(٢/أ/٢) ڕاپۆرتی چاودێری دارایی /٢٠١٧ کاروباری پارێزگای سلێمانی به فەرمانی کارگێڕیمان ژ(٧٠) له ٢٠٢٢/٢/٣.	

		لێکۆڵینەوە لە فەرمانی وەزاری ژ(٤٢٥٠) لە ٢٠٢٢/٢/١٦ لەسەر ووردبینی کردنی خەرجییەکانی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سنووری پارێزگای سلێمانی	
		لێکۆلینەوە لە کێشەی رووخاندنی خانووی هاوولاتی (ئارەش یوسف محمود) دادوەر لە دادگای سەربازی یەکی وەزارەتی پێشمەرگە بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ ژ(٣٦١٩) لە ٢٠٢٢/٢/٩.	
		لێکۆڵینەوە لە فەرمانبەر (سیامند أحمد مصطفی) لە قەزای بازیان بە فەرمانی وەزاری وەزارەتی ناوخۆ ژ(٥٩٨٩) لە ٢٠٢٢/٣/٨.	
		لێکۆڵینەوە لە فەرمانی وەزاری وەزارەتی ناوخۆ ژ (٧٧٠٩) لە ٢٠٢٢/٤/٦ لەسەر چۆنیەتی خەرجکردنی بوودجەی تەرخانکراو بۆ رووبەرووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەلایەن پارێزگای دهۆکەوە.	
	١٥ پشکنینی ئاسایی	**٢٦ لێکۆڵینەوە**	**١٤ بەدواداچوون**

- **دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:**

کار و چالاکی دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە ماوەی کابینەی نۆ:

١-ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە (٥٥) پەڕاو .

٢-سکاڵای هاوولاتیان (١٦٨) سکاڵا.

٣-پشکنینی (١٣٩) شوێن .

- **دادگـای هـێزەکانی ئـاسـایشی نـاوخـۆ/ هەولێر / یەک:**

[کێشە تەواو بووەکانی ئەم دادگایە لە ماوەی کابینەی نۆ]

سـاڵ	چالاکی
٢٠١٩	(١٨٥) کێشە تەواو بووە
٢٠٢٠	(٨٤) کێشە تـەواو بـووە
٢٠٢١	(٢٣٥) کێشە تەواو بووە
تاکو ٢٠٢٢/٤	(٥٩) کێشە تـەواو بووە
کۆی گشتی	(٥٦٣) کێشە تەواو بووە

وەزارەتی دارایی و ئابووری

وەزارەتی دارایی و ئابووری

کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان (لەماوەی کابینەی نۆیەمدا):

یەکەم/ بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی:

١- پەسەندکردنی پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەت بۆ یەکەم جار.

٢- تەواوکردنی بە ئەلیکترۆنیکردنی سیستەمی گومرگی لە دەروازەکانی ئیبراهیم خلیل و هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی (سلێمانی و هەولێر) و بەستنەوەیان بە نووسینگەی وەزیر و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ئێستاش ئەم سیستەمە لە کارکردنە لەرێگای ئەم سیستەمە ڕۆژانە ئاگاداری سەرجەم جموجۆل و کار و چالاکی دەروازەکانین.

٣- (١٩) بەیانی جۆراوجۆر دەرکراوە بۆ کردنەوەو لکاندن و هەڵوەشاندنەوەی لە وەزارەتمان .

٤- کارکردن لەسەر (٦٠٥٧١) نووسراو کە هاتووەو دەرچووە لە دیوان.

٥- هەڵساون بە کڕین و تۆمارکردنی (١٠٧) ئۆتۆمبێلی جۆرارجۆر بۆ وەزارەت.

٦- دانانی بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەر بۆ فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتمان لەسەر بنەمای کێبرکێ (منافسە)ی cv.

دووەم/ بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و لێکۆلینەوە بەدواداچوون:

دەرکردنی ٥٤ ڕێنمایی دارایی و هەموارکردنی ٦ ڕێنمایی و هەروەها دەرکردنی ٥٠ گشتاندن.

سێیەم/ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری:

- پڕکردنەوەو ناردنی (١٩٢٤) فۆرمی جۆراوجۆر لە ڕێگەی سیستەمی ئۆنلاین (kfms).

بەشی راوێژکاری و سەرپەرشتیاری ئەندازیاری و هونەری:

١- ئەنجامدانی چەندین پڕۆژەی جیاجیا لەسەر بوودجەی (ئاسایی و وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاکان) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە:

	ناوی پارێزگا	ژمارەی پڕۆژەی ئەنجامدراو	بڕی خەرجکراو بە پێشینە
	هەولێر	٧٨	٥،٦٥٧،٨٩٥،٢٧٠
	سلێمانی	١٠٣	٦،٤٧٦،٨٠٨،٦٦٢
	دهۆک	١١٠	١٢،٥٤٢،٧٥١،٣٢٠
	کۆی گشتی		٢٤،٦٧٧،٤٥٣،٥٠٠

٢- بەشی راوێژکاری و سەرپەرشتیاری ئەندازیاری و هونەری بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری و هونەری هەولێر/ سلێمانی/ دهۆک هەڵساوە بە ووردبینکردنی سەرجەم پڕۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چەندین پارەی گەڕاندۆتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت بەم شێوەیەی خوارەوە:

ژ	فەرمانگەی ووردبین کار	ساڵ	گوژمەی وەفر دوای ووردبین کردن
١	ب.ئەندازەی هەولێر	٢٠١٩ تاکو ٢٠٢٢	٨٥،٠١٠،٣٣٣،٧٥٩
٢	ب.ئەندازەی سلێمانی	٢٠٢١ تاکو ٢٠٢٢	٧،٣٥٠،٠٠٠،٠٠٠
٣	ب.ئەندازەی دهۆک	٢٠٢١ تاکو ٢٠٢٢	٢،٢٥٩،٠٠٠،٠٠٠
	کۆی گشتی		**٩٤،٦١٩،٣٣٣،٧٥٩**

٣- هەڵساون بە دروست کردنی یەک بینا لەناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان بۆ هۆبەی (کۆگا و دۆسییەکان).

- **ناوەندی پەرەپێدانی کارگێڕی و دارایی:**

هەولێر:

ژمارەی خول	ژمارەی بەشداربوو	ناوی خول
١٠ خول	١٧٠ فەرمانبەر	میکانیزمی بەڕێوەبردنی هاوچەرخ و بنەماکانی ژمێریاری حکومی ئامادەکردنی بوودجە و تخویل.....هتد

سلێمانی:

ژمارەی خول	ژمارەی بەشداربوو	ناوی خول
٣٨ خول	١٠٤٢ فەرمانبەر	ژمێریاری و وردبینی و ژمێریاری لامەرکەزی و ژمێریاری مەرکەزی و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی میزانیە و کۆمپیوتەر.....هتد

کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری (لەماوەی کابینەی نۆیەمدا):

١- لە بواری کۆمپانیاکان :

أ- هەمواری پەیڕەوی تیانوس گرتنی بازرگانی بە مەبەستی باجی دەرامەتی ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٨٥ کە دواتر هەموارەکە بە پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ دەرچوو.

ب- هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم لێخۆشبوونە نایاساییەکان پاڵپشت بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣) لە (٢٠١٩/٨/٧).

ت- گۆڕانکاری ڕێکاری وەرگرتنی باجی هاوردە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە گومرگەکان کە ئەمەش بووە هۆی بەرزکردنەوەی داهات و کەمکردنەوەی ڕۆتین.

ج- زیاد کردنی ژمارەی کۆمپانیاکانی گەورە باجدەران بەم شێوەیە:

- هەولێر (٢٤٠) کۆمپانیا.
- دهۆک (٢٧) کۆمپانیا.
- سلێمانی (٣٦) کۆمپانیا.

٢- لە بواری پیشە:

أ- ئامادەکردنی بەرنامەی کاری سیستەمی باجی دەرامەت.

ب- ئەنجامدانی ماڵە مەیدانی بە مەبەستی تۆمارکردنی ئەو شوێنە بازرگانیانەی کە تۆمار نەکراون و داواش لە دەزگای ئاسایشی هەرێم کرا بە دانانی نوێنەرێکیان لە لیژنەکانی ماڵە مەیدانی.

ت- ئامادەکردنی ڕێنمایی دارایی هەواڵدەری نهێنی (مخبر سری) بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی (٥٤) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی (١٩٨٢)ی هەموارکراو.

٣- لە بواری باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆ:

أ- گۆڕینی ڕێکاری باجدان لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی دەرامەتی (کەسی) لە بری ئەوەی باجدەر سێ مانگ جارێك سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی باج بکات، ئێستا تەنها یەك جار لە سەرەتای ساڵ سەردان دەکات ئەوەش بۆتە هۆی (کەم بوونەوەی ڕۆتین و زیادکردنی داهات) بەشێوەیەکی بەرچاو.

ب- پێشکەش کردنی پڕۆژەی هەمواری پەیڕەوی باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆی کارمەندانی کەرتی تایبەت ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ کە ئێستا لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە گفتوگۆداین لەسەر ئەو بابەتەو دوا نووسراویشمان بە ژمارە (١٦٠ لە ٢٠٢٠/١/١٣)ە.

٤- لە بواری باجی خانووبەرە:

أ- کردنەوەی تێبینەرایەتی باجی خانووبەرەی قەزای (دەشتی هەولێر، شەقڵاوە، پشدەر، سیمێل).

ب- وەرگرتنی باجی گرێبەستەکانی بانەوانی (المساطحە) وەک پێویست باج لە گرێبەستەکانی بانەوانی (المساطحە) کە پێشتر وەرنەدەگیرا.

ت- هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی ژمارە (٤٣٨) لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١١/١١ کە تایبەتە بە لێخۆشبوون لە باجی زەوی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان چونکە ئەو لێخۆشبوونە بەدەر لە یاساو ڕێنماییەکانە، زەرەر بە خەزێنەی هەرێم دەدات نووسراوێکمان تایبەت بەو بابەتە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بە ژمارە (٧٠٨٨) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٦.

ج- گشتاندن بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی خانووبەرە کردووە بە ژمارە (٧٠٨٧) لە ڕێکەوتی ١٠/١٦/ ٢٠١٩ لە ڕێگەی خۆیانەوە سەرجەم قەرزدارانی باج ناچار بکەن بۆ دانی باجەکانیان بەپێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر یان دەگیرێتەبەر.

٥- لە بواری یاسایی:

أ- بۆ پاڵپشتی بڕیاری ژمارە (١٣)ی ئەنجومەنی وەزیران کە لە (٢٠١٩/٨/٧) دەرچووە بە مەبەستی ڕێگری کردن لە خۆدزینەوە لە باج هەڵساین بە ئاڕاستەکردنی (٤٩٣٦) چوار هەزار و نۆسەد و سی و شەش نووسراوی ئاگادار کردنەوە (گەف) بۆ ئەو باجدەرانەی کە قەرزاری بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجن وەک بەڕێوەبەرایەتی باجی (خانووبەرە و دەرامەت و کۆمپانیاکان و خانووبەرەی میری) و پاش ئەم ئاگادارکردنەوانە بەشێک لەو باجدەرانە هەڵسان بەدانی باجی کەوتوو لەسەریان و سەبارەت بەو باجدەرانەی کە بەدەم ئاگادارکردنەوەکە نەهاتن، دوای تەواوبوونی ماوەی یاسایی هەڵساین بە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان وەک (نیشانەی گلدانەوە، داخستنی شوێنەکانیان، قەدەغەی گەشتکردن (منع السفر).

٦- پلانی جێبەجێ کراو و داهاتوو :

أ- دەرچوواندنی ڕێنمایی تایبەت بە خەملاندنی ساڵی (٢٠٢٠).

ب-داڕشتنەوەی پەیکەری کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج.

ت-بەدواداچوونمان بۆ داهاتەکان لەسەر ئاستی هەر بەڕێوەبەرایەتییەک و بەراوردکردنیان لەگەڵ مانگ و ساڵانی پێشوو و دانی پێشنیاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی یاساو ڕێنماییەکان بۆ بەدەست هێنانی داهاتی یاسایی و ڕێکوپێک و نەهێشتنی خۆدزینەوە لە باج لەلایەن باجدەران.

پ- دانانی بەرنامە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر پۆلێنکردنی دۆسییەکانی باج لەسەر پیشەکان.

٧- لە بواری خانووبەرەی میری:

أ- زێدەڕۆیی :

سەرژمێری کردنی زێدەڕۆیی لەسەر مولکەکانی میری (وەزارەتی دارایی) لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- پارێزگای هەولێر (٢٢٢٧) زێدەڕۆیی .
- پارێزگای دهۆک (٣١٨) زێدەڕۆیی .
- ئیدارەی ڕاپەڕین (١٠٥) زێدەڕۆیی .
- پارێزگای سلێمانی (کەتا ئێستا تەواو نەکراوە) زێدەڕۆیی .
- ئیدارەی گەرمیان (١٢٠) زێدەڕۆیی .
- قەزای سۆران (٣٢٠٠) زێدەڕۆیی .

ب- بەکرێدان و فرۆشتن:

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانووبەرەی میری (٣٥٠) گرێبەست ئەنجامداوە.

ت- داهات :

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو داهاتی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانووبەرەی میری بە ڕێژەیەکی باش زیادی کردووە کە نزیکەی (١٠) ملیار دینار بووە.

پ- ڕێکاری یاسایی:

لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانووبەرەی میری بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار و دادگا و داواکاری گشتی پەیوەندار کاری پێویست ئەنجام دراوە بۆ گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر قەرزارەکان بەپێی یاسای ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧ (یاسای وەرگرتنەوەی قەرزی حکومی) و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر زێدەڕۆیی.

٨- لە بواری ئای تی (IT) :

أ- دروست کردن کارپێکردنی سیستەمێکی تایبەت بە پاکانەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی دەرامەت و کۆمپانیاکان بەشێوەی (پاکانەی ئەلیکترۆنی) و بەستنەوەی لەگەڵ بەشێک لە دام و دەزگاکانی تری حکومەت بە شێوەی ئەلیکترۆنی بۆ مەبەستی ڕێگری کردن لە خۆدزینەوە و ساختەکاری .

ب- ئامادەکردنی پرۆپۆزەلی پرۆژەی بە سیستەم کردنی کۆی پرۆسەی کاروباری بەڕێوەبەرایەتییە جیاجیاکانی باج، بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری، ئێستا پرۆپۆزەلی پرۆژەکە لەبەر دەستی فەرمانگەی ناوبراودایە بە مەبەستی دیراسەتکردنی.

١. هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی (١٥/٣) لە گرێبەستی نێوان کۆمپانیای ماس و حکومەتی هەرێم کە تایبەتە بە بەخشینی کۆمپانیا لە باج بەپێی نووسراومان ژمارە (٢٧٤٦) لە (٢٠٢٠/٨/٢٤)٠

٢. هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (١٨٨) لە (٢٠٠١/١٠/١٤)ی ئیدارەی پێشووی سلێمانی کە تایبەت بوو بە بەخشینی پرۆژە گەشت و گوزارییەکان بۆ ماوەی (٥) ساڵ لە باج بە نووسراومان ژمارە (٢٧٤٦) لە (٢٠٢٠/٨/٢٤) .

٣. هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٧٥٤٧) لە (٢٠٠٨/٧/٩)ی ئەنجومەنی وەزیران کە تایبەتە بە بەخشینی موەلیدە ئەهلییەکان بە نووسراوی ژمارە (٢٧٤٧) لە (٢٠٢٠/٨/٢٤)٠

٤. لیستی تایبەت بە کۆمپانیاکانی بواری نەوت بە نووسراومان ژمارە (٢٧٥٢) لە ٢٠٢٠/٨/٢٤) ئاڕاستەی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان کراوە بۆ وردبینی کردن و دۆزینەوەی زانیاری و ملکەچ کردنیان بۆ باج .

٥. ڕێکخستنەوەی باجی خاڵە سنوورییەکان کە بۆتە هۆکاری زیادبوونی بەرچاوی داهاتی باج لە خاڵە سنورییەکان بەنووسراومان ژمارە (١٢٦٣) لە (٢٠١٩/٢/٢٦) ٠

٦. ئەنجامدانی ڕووماڵی مەیدانی (مسح) تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی دەرامەت بۆ تۆمارکردنی ئەو هاووڵاتیانەی لە باج هەڵاتوون و ناویان تۆمارنەکراوە بەنووسراومان ژمارە (٧٠٨٣) لە (٢٠١٩/١٠/١٦)٠

٧. دانانی پەیڕەوی ئەنجومەنی پیشە (مجلس المهنة التدقیق والحسابات) بۆ مەبەستی ڕێکخستنی کاری ژمێریاری یاسایی بەنووسراومان ژمارە (٢٣٩٠) لە (٢٠٢٠/٦/١٥) ٠

٨. گۆڕینی ڕێکاری وەرگرتنی باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆی کارمەندانی کەرتی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی دەرامەتی کەسی بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین و زیادکردنی داهات بەپێی خشتەی خەملاندنی ساڵی (٢٠٢٠) ٠

٩. کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی دهۆک/٢ و تێبینەرایەتی باجی خانووبەرەی (قەزای دەشتی هەولێر، قەزای شەقلاوە، قەزای پشدەر، قەزای سێمێل) بەنووسراوی ژمارە (٢٠٠٠) لە (٢٠٢٠/٤/٢٨).

١٠. کردنەوەی دیوانی باجی خانووبەرە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی خاوەن موڵک کرێچی.

١١. ئامادەکردنی ئاماری تایبەت بە زێدەڕۆییەکان لەسەر موڵکی گشتی و ناردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەنووسراوی ژمارە (٣٢٦) لە (٢٠٢٠/١/٢٠) .

١٢. وەرگرتنی باجی کەڵەکەبووی کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم کە بڕی (١٧٤) ملیار دینار بەپێی نووسراومان ژمارە (٢٧٤٩) لە (٢٠٢٠/٨/٢٨) ٠

١٣. وەرگرتنی باجی کۆمپانیاکانی تایبەت بە دانانی ئامێری سۆنار لە دەروازەکان بەپێی نووسراومان ژمارە (٧٧٦٠) لە (٢٠١٩/١١/١٤)٠

١٤. بڕیاری پێداچوونەوەی سەرجەم کۆمپانیاکانی بواری بەکرێدانی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکان بەپێی نووسراومان ژمارە (٢٤١١) لە (٢٠٢٠/٧/٢٦)٠

١٥. وەرگرتنی باجی کۆمپانیاکانی بەشدار لە پڕۆژەی دانانی پێوەری زیرەک بە نووسراومان ژمارە (٧٧٥٨) لە (٢٠٢٠/١١/١٤) ٠

١٦. بەهۆی خۆدزینەوە لە باج (٢٤٥٠) باجدەر دراونەتە دادگا وە ڕۆژانە ژمارەیان زیاد دەکات.

١٧. ژمارەیەک کۆمپانیا بە تاوانی ساختەکاری دراونەتە دادگا.

١٨. بەشێک لەو کۆمپانیایانەی بەپێی ماددەی (٥٩) لە یاسای باجی دەرامەت ساڵی (١٩٨٢) هەموارکراو دراونەتە دادگا لەسەر داوای خۆیان بە (تسوية الصلحية) کێشەکانیان چارەسەرکراوە کە بەپێی هەمان ماددە بڕی باجەکە و دوو هێندی باجەکەیان لێوەرگیراوە.

١٩. دەستکردن بە ئەنجامدانی پڕۆسەی خەملاندنی گشتی لە سنوری شاری سلێمانی و هەڵەبجەو هەردوو ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان کە بەپێی یاسای باجی خانووبەرە پێنج ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێت و سەرجەم خانوو و باڵەخانەکان و دوکان و ... هتد تۆماردەکرێن و دەخەملێندرێن کە دەبێتە بنەمای کۆکردنەوەی باجی خانووبەرە بۆ پێنج ساڵی داهاتوو.

٢٠. ئەنجامدانی پڕۆسەی خەملاندنی گشتی زەوی لە سنوری پارێزگای هەولێر و دهۆک کە لە بەڕێوەرایەتییەکانی باجی خانووبەرە ئەنجام دەدرێت.

٢١. چالاککردنی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و وردبینی و پشکنین کە ڕۆژانە سەردانی مەیدانی بەڕێوەبەرایەتییەکان دەکرێت بۆ مەبەستی ڕێگریکردنی خۆدزینەوە لە باج و کەمکردنەوەی گەندەڵی.

٢٢. وەرگرتنی باجی مبیعات بەڕێژەی (١٠%) لەو شوێنانەی لە چوار ئەستێرە بەرەو سەرەوەن.

٢٣. وەرگرتنی باجی ڕاستەوخۆ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بەڕێژەی (١٥%) لە کۆی پارەی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکریت .

٢٤. وەرگرتنی باجی هەنارده و هاورده لە بەرهەمە نەوتییەکان .

٢٥. بەدواداچوونی ئەو کۆمپانیا و باجدەرانەی سەرچاوەی داهاتیان شاردۆتەوە و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان .

٢٦. پەسەندکردنی زیاتر لە (٦١٥١) بریکارنامەی تایبەت و گشتی سەرەتاکانی کۆمپانیا بۆ ئەو هاووڵاتیانەی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

٢٧. بەهۆی جێبەجێکردنی ئەو چاکسازی و ڕێکخستنەوانەی لە باج کراوە بۆتە کۆی زیادبوونی بەرچاوی داهات بەم شێوەیەی خوارەوە :-

- داهات تاکو کۆتایی مانگی ئایاری (٢٠٢١):

ژ	پارێزگا	داهات	ڕێژە %
١	هەولێر	١٥٥,٥١٢,٥٧٥,٧٤٥	%٥٢
٢	سلێمانی	٧٣,١٦٥,٤٣٧,٣٠٢	%٢٤
٣	دهۆک	٧٣,٢٨٦,٣٩٩,٠٠٠	%٢٤
	کۆی گشتی	**٣٠١,٩٦٤,٤١٢,٠٤٧**	**%١٠٠**

٢٨. جێبەجێکردنی ڕێنمایی ژمارە (٩) ی سالی (٢٠٢١) وەزارەتی دارایی و ئابووری تایبەت بە باجی فرۆشتن لە شوێنە گەشتیارییەکان.

٢٩. جێبەجێکردنی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٢١) وەزارەتی دارایی و ئابووری تایبەت بە نەخۆشخانە ئەهلییەکان .

٣٠. هاوتا کردن و یەکخستنی کلێشەکانی پشتگیری و پاکانەی باجدەر لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی خانووبەرە کە زیاتر لە (٣٠) جۆر بکرێت بە یەک کلێشە تەنها بە گۆرانی چەند زانیارییەک .

٣١. بەپێی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکەمان ژمارە (٧٩٤٢ لە ٢٠١٩/١١/٢٤) خشتەی خەملاندن ساڵی (٢٠٢٠) دەرکراو گۆڕانکاری زۆر کرا ئەویش بە زیاد کردنی ڕێژەی قازانج وەک (دابین کردن و بەڵێندرایەتی و هەناردە و هاوردە....هتد).

٣٢. گۆڕانکاری ڕێکاری وەرگرتنی باجی هاوردە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە گومرگەکان کە ئەمەش بووە هۆی بەرزکردنەوەی داهات و کەمکردنەوەی ڕۆتین وەک (زێڕ و هاوردە و هەناردە کردنی سەرجەم کاڵاکان) ٠

٣٣. سەپاندنی باج لەسەر لقی بانکە ئەهلییەکان بۆ ساڵانی (٢٠١٤،٢٠١٥،٢٠١٦) .

٣٤. بە ئەلیکترۆنی کردنی پاکانەکانی باج لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان کە لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٠) کەوتە بواری جێبەجێکردن .

٣٥. ئەنجامدانی خەملاندنی گشتی خانووبەرە و زەوی لە سنوری پارێزگای (هەولێر و دهۆك وە قەزاو ناحیەکان) کە چەند ساڵێکە ئەو خەملاندنە گشتیە ئەنجام نەدراوە وە باج وەکو پێویست وەرنەگیراوە لە قەزاو ناحیەکان.

٣٦. ڕێکخستن و لێکدانی پاکانەکانی باجی خانووبەرە لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی خانووبەرە.

٣٧. کردنەوەی دیوانی باجی خانووبەرە کە لە ماددەی (٢٠) ی یاسای باجی خانووبەرە ژمارە (١٦٢) ساڵی (١٩٥٩) ی هەموارکراو ئاماژەی پێکراوە .

٣٨. ئاگادارکردنەوەی قەرزدارانی باج لەڕێگەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی خانووبەرە ئەمەش بووە هۆی کۆکردنەوەی داهاتێکی زۆر .

٣٩. ئاراستەکردنی گەف (انذار) بۆ قەرزارانی باج بەنزیکەی (٢٠٠٠) دوو هەزار گەف کە لە (قانون تحصیل الدیون الحکومیة) ژمارە (٥٦) ساڵی (١٩٧٧) ئاماژەی پێکراوە .

٤٠. لە چوارچێوەی ڕێکەوتنی نێوان بەغدا و هەرێم بە مەبەستی یەکخستنی سێکتەری باج و گومرگ بڕیاردرا بە وەرگرتنی باجی هەناردە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە سنورەکان و ئەو بڕە باجەشە باجی هەناردە و هاوردەیە و داهاتی کۆتاییە و گەڕانەوەی نیە .

٤١. پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٠٥٠) لە ٢٠٢١/٤/١٨ ڕێنماییمان دەرکردوە بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانمان بە ژمارە (٨٥٨٠) لە ٢٠٢١/١٢/٥ سەبارەت بەو کۆمپانیانەی مۆڵەتی وەبەرهێنانیان بۆ پڕۆژەکانیان وەرگرتووە لە بەغدا هەرێمی کوردستان پاپەند نین بەو بەخشینانەی کە لە بەغداوە دەدرێت لە بەر ئەوەی یاسای تایبەت هەیە لە هەرێمی کوردستان .

ژ	کار و چالاکییەکان	ژمارە
١	(٣٨) داوا	(١٩داوای میزانیە، (٦) داوای کارگێڕی، (١) داوای دەستەی بەرزەفتکردن، (٨) داوای ساختەکردن، (١) داوا لە لیژنەی بەرزەفتکردن لە سەندیکای پارێزەران ، (٣) داوای دادگای بەرایی .
٢	پەسەند کردنی (٣,٦٦٠) بریکارنامە	٣٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار داهات
٣	ئاراستەکردنی گەف (انذار)	(٢٤٩٨) گەف
٤	کۆمپانیای پاکتاو کراو	(٤٨٨) کۆمپانیا لە هەولێر ، (٢٥٧) کۆمپانیا لە سلێمانی ، (٦٤) کۆمپانیا لە دهۆك .
٥	داخستنی شوێن (٣٧) شوێن	(٩) کۆمپانیا ، (٥) نادی ، (٩)کارگە ، (٨) بەنزینخانە ، (٢) نەخۆشخانە ، (٤) صالۆن
٦	دانانی نیشانەی گلدانەوە (٤١٨) حجزخراوەتە سەر کۆمپانیاو مولك	(٩١) کۆمپانیا، (٣٠٠) مولك، (٣) بانك، (١٣) کارگە، (٨) بەنزینخانە
٧	قەدەغەکردنی گەشت (منع السفر)	قەدەغە کردنی گەشت بۆ (٦) هاووڵاتی کراوە
٨	تسویە صلح	١٢ دانە
٩	پێبژاردنی ئەو کۆمپانیایانەی کە لەماوەی یاسایدا میزانیەیان پێشکەش نەکردووە (١٧٩٣) کۆمپانیا	(١٣٤١) کۆمپانیا سزا دراون بە بڕی (٦,٤٨٣,٩٥٨,٥٠٠)دینار لە هەولێر. (٢٥٨)کۆمپانیا سزا دراون بە بڕی (٦٠١,٨٢٩,٩٠٠) دینار لە سلێمانی. (١٩٤) کۆمپانیا سزا دراون بە بڕی (١,٤٤٦,٣٦٥,٠٠٠) دینار لە دهۆك.

بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرە بۆ ساڵی ٢٠٢١

ناوی بەڕێوەبەرایەتیەکان	ژمارەی گرێبەست	ژمارەی گرێبەستی ٢٠٢١	ژمارەی گەف	ژمارەی انزار	ژمارەی ئەوانەی دراوەتە دادگا	داهاتی ساڵی ٢٠٢٠	داهاتی ساڵی ٢٠٢١
بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری هەولێر	٢٥٦٠	٥٠٩	٢٣٣	١٣٠٠	------	٥٤٤٢٢٨٠٥٥٠	٨٧٣٠٥٧١٧٠٨
بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری سلێمانی	٣٢٣	١٤٧	٢٦٧	٣٨٦	------	١١٩٦٨٤٣١٠٠	١٤٠٣٤٦٧٠٠٠
بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری دهۆك	٢٧٩	٨٠	٩٤	------	١٩ دۆسییە	٨٨٩٨١٣٠٠٠	٤٠٩٦٧٣٦٠٥٠
بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری ڕاپەڕین	١١٦	٩٠	٨	١٠	٩ دۆسییە	١٣٧٧٩٨٥٠٠	٤٠٤٢٨٦٠٠٠
بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری سۆران	٢٣٦	٧٢	٥	٩٨٢	١٣٥ دۆسییە	٣٠٨٢٩٥١٣٥	١٥٢٤١٥٧٠٠
بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری گەرمیان	٢٨١	٧	٦	٣١	------	٣٢٠٥٣٣٢٠٠	٤١١٩٢٤٨٠٠
کۆی گشتی	**٣٧٩٥**	**٩٠٥**	**٦١٣**	**٢٧٠٩**	**١٦٣**	**٨٢٩٥٥٦٣٤٨٥**	**١٥١٩٩٤٠١٢٥٨**

ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری (لەماوەی کابینەی نۆیەمدا):

١- لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٦ ڕەزامەندی لەسەر (٢٢٤) پڕۆژە بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دراوە بە دوو قوناغ بۆیان تمویل بکرێت:

أ- ئەو پڕۆژانەی کە ڕێژەی جێبەجێکردنی داراییان لە ٨٥٪ بەرەو سەرەوەیە کە ژمارەیان (١٤٨) پڕۆژەیە .

ب- ئەو پڕۆژانەی کە ڕێژەی جێبەجێکردنی داراییان لە ٧٥٪ بەرەو سەرەوەیە ژمارەیان (٧٦) پڕۆژەیە .

٢- لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٤ ڕەزامەندی درا لەسەر (٦٧) پڕۆژە بۆ ئەو پڕۆژە خزمەتگوزاری و خێرا کە لەسەر بودجەی پترۆ دۆلارە تایبەت بە پارێزگای سلێمانی .

٣- لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٦ ڕەزامەندی دراوە لەسەر گوژمەی (١٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پانزدە ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەکان .

٤- لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٦ ڕەزامەندی درا لەسەر (٣،٨٨٨،٠٠٠،٠٠٠) ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی پارێزگای هەولێر کە لەلایەن پارێزگای ناوبراو بە شێوەی ڕاستەوخۆ جێبەجێ دەکرێت .

٥- تەمویل کردنی بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ٧٥) ملیۆن دۆلار بە مەبەستی دابینکردنی کرێی کارەبا بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

٦- تەمویل کردنی بڕی (٠٠٠ ٥٣٩ ٣٥٠ ٨٨) ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان کە لەلایەن وەزارەتەکان جێبەجێ دەکرێت بەپێی لیستی هاوپێچ کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر دراوە .

٧- لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تەمویل کردنی بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ٥١ ٨٤٢) ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان کە لەلایەن وەزارەتەکان جێبەجێ دەکرێت لە سنوری پارێزگای سلێمانی ئیدارەی گەرمیان .

٨- لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تەمویل کردنی بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ١٥٠ ٩) ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان کە لەلایەن وەزارەتەکان جێبەجێ دەکرێت لە سنوری پارێزگای دهۆك .

٩- خەرج کردنی بڕی (١٠٠ ٨٧٧ ٨٣٧ ٣) ملیار دینار بۆ دابینکردنی دەرمانی براندی شێرپەنجە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر و سلێمانی بە چوار قوناغ لەسەر ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران .

١٠- تەرخانکردنی بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ٩٦٠ ٣) ملیار دینار بە مەبەستی سازدانەوەی ئامێرەکانی پزیشکی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بۆ ماوەی دوو ساڵ لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

١١- تەرخانکردنی بڕی (٠٠٠ ٧٤٠ ٦٤٢ ٢) ملیار دینار بە کڕینی و چاککردنەوەی ڕەحلە بۆ گشت قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بۆ هەریەك لە پاریزگاکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، هەڵەبجە) و ئیدارەی گەرمیان، بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی پلاندانان تایبەت بە جێبەجێ کردنی گرێبەستە گشتیەکانی حکومەت .

١٢- تەرخانکردنی بڕی (٠٠٠ ٥٥٠ ٥٠٨ ١) ملیار دینار بە مەبەستی دابینکردنی کەل و پەل و پێداویستیەکانی گشت قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ - ٢٠٢٠) بۆ هەریەك لە پاریزگاکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، هەڵەبجە) ئیدارەی گەرمیان، بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی پلاندانان تایبەت بە جێبەجێ کردنی گرێبەستە گشتییەکانی حکومەت .

١٣- تەرخانکردنی بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ٢٨٠) ملیۆن دینار بە مەبەستی دابینکردنی کەل و پەل بۆ سەنتەری ژیانەوەی چارەسەری شێرپەنجە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی.

١٤- تەرخانکردنی بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ٤٦٠) ملیۆن دینار بە مەبەستی سازدانەوە و دابین کردنی کەل و پەل بۆ سەنتەری تیشکی شەهید مجید لە کۆیە سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

١٥- تەرخانکردنی بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ٣) ملیار دینار بە مەبەستی سازدانەوەی ئامیری پزیشکی نەخۆشخانەی شار سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بۆ ماوەی دوو ساڵ لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

١٦- تەرخانکردنی بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ٢) ملیار دینار بە مەبەستی سازدانەوەی ئامێرەکانی تیشك و بەردی گورجیلە بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دهۆك .

١٧- تەرخان کردنی بڕی (٥ ١٣٦ ٦٥٧ ٠٠٠) ملیار دینار بە مەبەستی مەوداکانی پاککردنەوەی ئاوی خواردنەوە لە جۆری (شەب و کلۆر و پۆلیمەر) بۆ ماوەی ساڵێك بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان و دابین کردنی ئاوێکی پاك بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

١٨- تەرخانکردن و خەرج کردنی بڕی (٢١,٣٩٦,٠٠٠,٠٠٠) ملیار دینار تایبەت بە رووبەڕوو بوونەوەی پەتای کۆرۆنا بەم شێوەی لای خوارەوە :-

ناوەرۆك	هەولێر	دهۆك	سلێمانی	هەڵەبجە	ڕاپەڕین	گەرمیان	کۆ
پاریزگا و ئیدارەکان	٢,١٧٥	٢,١٤٥	١,٤٠٠	١٣٠	٤٠	١٦٥	٦,٠٥٥ملیارد.ع
ب.گ.تەندروستیەکان	٤,٩٢٠	٣,٥٠٤	٥,١٣٣	٤٤٩	٧١٢	٦٢٣	١٥,٣٤١ملیارد.ع

١٩- ئامادەکردن و ووردبین کردنی تەرازووی پێداچوونەوەی گشت یەکە ژمێریارییەکانی حکومەتی هەرێم تایبەت بە بودجەی بەکارخستن و بودجەی وەبەرهێنان بۆ مانگەکانی (١٢،١١،١٠،٩،٨،٧،٦،٥،٤) ساڵی ٢٠١٩ و مانگی (١) ساڵی ٢٠٢٠ کە زیاتر لە (١١٠٠) هەزار و سەد یەکەی ژمێریاری لەخۆ دەگرێت بە مەبەستی یەکخستنی ژمێرکاری حکومەتی هەرێم و گەڕانەوەی گشت داهاتەکان و کەمکردنەوەی خەرجی و کۆنترۆڵ کردنی سیولەی نەختینەو هەروەها ڕوونکردنەوەی ژمێریارەتی بۆ یەکەکانی کەرتی حکومی کە بە شێوەی مەڵبەندی و نامەڵبەندی تمویل دەکرێن و چاودێری ناوخۆ لەسەر دەستکاری کردنی ئەموالی گشتی پەرەپێدەدات و پێداویستیەکانی سەرکەوتنیان بۆ فەراهەم دەکات و سەرپەرشتی دەکات، چاودێری خەرجی ڕابردوو خەرجی دواتریش دەکات، لە سەرپێچییە داراییانەش دەکۆڵێتەوە کە جێبەجێ کردنیان بە وەزارەتەکە دەسپێرێت .

٢٠- کەمکردنەوەی خەرجی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتییمان تایبەت بە خەرجی بەکارخستن کە لەلایەن لیژنەی ووردبینی کردن کەمکراوەتەوە کە ژمارەی نووسراوەکان (١٤٦٩) نووسراوەو بڕی داواکراو بە بڕی (٤٥,٦٨١,٥٩٥,٢١٣) ملیار دینارەو بڕی خەرج کراو (٣٨,٣٢٣,٦٩٨,٧٦١) ملیار دینار و بڕی کەمکراو (٧,٣٥٨,٠٦٠,٤٥٢) ملیار دیناره .

٢١- کردنەوەی (١٨٦) حیسابی بانکی بۆ گشت فەرمانگە حکومییەکان .

٢٢- داخستنی (٥٦) حیساب لە بانکەکان تایبەت بە فەرمانگە حکومییەکان .

٢٣- دەرکردنی ڕێنمایی پێویست کە ژمارەیان (١٧) بۆ ڕاپەراندنی ئیش و کاری ڕۆژانەوی وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم .

٢٤- دەرکردنی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٢و١٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە یاسای چاکسازی.

٢٥- دەرکردنی زنجیرەیەك لە گشتاندن کە ژمارەیان (١٦) گشتاندنە بۆ وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم .

کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری لە ٢٠٢١/١/١ تا ٢٠٢١/٠٦/٢٠ :

١- دابینکردنی بڕی (١٧٣,٢٢٦,٠٠٠,٠٠٠) ملیار د.ع بۆ پڕۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان و پڕۆژەی وەزارەتەکان پارێزگاکانی هەرێم .

٢- دابینکردنی بڕی (٧,١٦٥,٠٩٣,٠٠٠) ملیار د.ع بۆ پڕۆژەکانی بودجەی گەشەپێدانی پاریزگاکانی هەولێر .

٣- دابینکردنی بڕی (١٣٧,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیار د.ع بە مەبەستی دابینکردنی کرێی کارەبا بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٤- تەرخانکردنی بڕی (٢,٧٨٥,٤٢٧ ٠٠٠ ٠٠٠) ملیار دینار بە مەبەستی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی هەرێمی کوردستان.

٥- تەرخانکردنی بڕی (٥٤٠,٢٠٠,٠٠٠) ملیۆن د.ع بە مەبەستی ڕاماڵینی بەفر لە سنوری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٦- تەرخانکردنی بڕی (٢,٢٥٣,١٦٤,٠٠٠) ملیار د.ع بە مەبەستی مەوداکانی پاککردنەوەی ئاوی خواردنەوە لە جۆری (شەب و کلۆر و پۆلیمەر) بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان و دابینکردنی ئاوێکی پاك بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان .

٧- تەرخانکردنی بڕی (٦,١٢٦,٩٥٨,٠٠٠) ملیار د.ع بە مەبەستی سازدانەوەو دابینکردنی کەلوپەل بۆ نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان .

ناوەڕۆك	هەولێر	دهۆك	سلێمانی	کۆی گشتی
ب.گ.تەندروستییەکان	٢,٢٨٣,٤٨٨,٠٠٠	٩٧٧,٧٩١,٠٠٠	٢,٨٦٥,٦٧٩,٠٠٠	**٦,١٢٦,٩٥٨,٠٠٠**

٨- تەرخانکردن و خەرجکردنی بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیار د.ع مانگانە تایبەت بە رووبەرووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بەم شێوەیەی لای خوارەوە :

ناوەڕۆك	هەولێر	دهۆك	سلێمانی	کۆی گشتی
ب.گ.تەندروستییەکان	٢,٢٨٣,٤٨٨,٠٠٠	٩٧٧,٧٩١,٠٠٠	٢,٨٦٥,٦٧٩,٠٠٠	**٦,١٢٦,٩٥٨,٠٠٠**

٩- خەرجکردنی بڕی (٣٦,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیار د.ع بۆ مەبەستی کڕینی دەرمان و پێداویستی پزیشکی لە سنوری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .

ناوەڕۆك	هەولێر	دهۆك	سلێمانی	کۆی گشتی
ب.گ.تەندروستییەکان	١٣,٠٨٠,٠٠٠,٠٠٠	٩,٤٢٠,٠٠٠,٠٠٠	١٣,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠	**٣٦,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠**

١٠- تەرخانکردنی بڕی (٢٣٧,٤٨٩,٠٠٠) ملیۆن د.ع وەك قوناغی سێیەم بۆ مەبەستی نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەی رانیە.

١١- تەرخانکردنی بڕی (٤٤,٣٠٧,٥٠٠٠) ملیۆن د.ع وەك قوناغی سێیەم و کۆتایی بۆ مەبەستی نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەی منداڵانی سلێمانی .

١٢- خەرجکردنی بڕی (٤٧٤,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن د.ع وەك بەخشینی ناوەندەکانی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان .

١٣- تەرخانکردنی بڕی (٢,٣٤٤,٦٢٣,٠٠٠) ملیار د.ع بۆ مەبەستی پڕۆژەی بە سیستەم کردنی کۆکردنەوەی کرێی ئاو .

١٤- خەرجکردنی نزیکەی (٤,٥٠٦,٧٥٢,٠٠٠) ملیار د.ع تایبەت بە شایستەکانی کۆمپانیاکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەی گواستنەوە و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بە تانکەر و ئاودانی پارك و باخچەکان و دوورگە ناوەندییەکان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و قەزای سۆران .

١٥- خەرجکردنی بڕی (١٩٤,٢٥٠,٠٠٠) ملیۆن د.ع بۆ مەبەستی کڕینی ماسك و جێل و معقم بۆ قوتابخانەکانی هەرێم .

١٦- ئامادەکردن و وردبین کردنی تەرازووی پێداچوونەوەی گشت یەکە ژمێریارییەکانی حکومەتی هەرێم تایبەت بە بودجەی بەکارخستن و بودجەی وەبەرهێنان بۆ مانگەکانی (١,٢,٣,٤,٥) کە زیاتر لە (١١٠٠) هەزار و سەد یەکەی ژمیریاری لەخۆ دەگرێت بە مەبەستی یەکخستنی ژمێرکاری حکومەتی هەرێم و گەڕاندنەوەی گشت داهاتەکان و کەمکردنەوەی خەرجی و کۆنترۆڵ کردنی سیولەی نەختینەو هەروەها ڕوونکردنەوەی ژمێریارەتی بۆ یەکەکانی کەرتی حکومی کە بەشێوەی مەڵبەندی و نامەڵبەندی تمویل دەکرێن و، چاودێری ناوخۆ لەسەر دەستکاری کردنی موڵکی گشتی پەرەپێدەدات و پێداویستییەکانی سەرکەوتنیان بۆ فەراهەم دەکات و

سەرپەرشتی دەکات، چاودێری خەرجی ڕابردوو خەرجی دواتریش دەکات، لە سەرپێچییە دارایییانەش دەکۆڵێتەوە کە جێبەجێکردنیان بە وەزاتەکە دەسپێرێت .

١٧- کەمکردنەوەی خەرجی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان تایبەت بە خەرجی بەکارخستن کە لەلایەن لیژنەی وردبینی کەمکراوەتەوە کە ژمارەی نووسراوەکان (٦٥١) کە بڕی داواکراو بە بڕی (٩١,٢٠٥,٤٥١,٢٧١) ملیار د.ع بڕی خەرج کراو (٨٥,٧٢٩,٩٩٤,٥٢٥) ملیار د.ع بڕی کەمکراو (٥,٤٧٥,٤٥٦,٧٤٦) ملیار دینار .

کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی (لەماوەی کابینەی نۆیەمدا):

١- کردنەوەی خولێکی دڵنیایی بۆ کۆمپانیای گشتی کۆمپانیاکانی دڵنیایی کۆمپانیای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٦/١٣ تاکو ٢٠٢١/٦/١٧) و ڕەنگدانەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکی لەسەر کاروباری ڕۆژانەمان و سوودگەیاندن بە فەرمانبەران. ئەم خولە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا بە هەماهەنگی لەگەڵ (ئەکادیمیای عەرەبی – ئوردنی) ٠

٢- زیادکردنی ڕێژەی پشکی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی لە ڕێژەی (١٠٪) بۆ ڕێژەی (٢٥٪) لە داهاتی کۆمپانیا ئەهلییەکان کەوا کاردەکەن لە خاڵی سنورییەکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/١ پەیڕەو دەکرێت و ڕێکخستنەوەی کارەکانیان و بەپێی ڕێنماییەکان.

٣- چالاککردنی دەزگای چاودێری بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان سەبارەت بەو کۆمپانیایانەی کە نیازی خۆدزینەوەیان هەیە لە تۆمارکردن و پێدانی ڕسوماتی دڵنیایی کە جەندین ساڵ بەپێی مۆڵەتی کاردەکەن بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیاکانی دڵنیایی (مذکرة تفاهم)ی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی ئەنجام داوە بۆبنبڕکردنی حاڵەتەکانی نەمانی قۆرخکاری و زیادکردنی داهاتی ناوخۆ و ئەنجامدانی کارەکان لە سەر بنەمای ڕێساو ڕێنماییەکانی دڵنیایی .

٤- هەموارکردن و بەرکارکردنی یاسای ڕسمی پول بە ژمارە (٧١) ی ساڵی ٢٠٢١ لە جیاتی یاسای ڕسمی پولی ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٣ کە ئێستا جێبەجێ دەکرێت لە هەرێمی کوردستان کە ئەمەش بووە هۆی زیادکردنی داهات بەشێوەیەکی بەرچاو .

٥- هەمووارکردن و بەرکارکردنی یاسای ڕێکخستنی کارەکانی دڵنیایی ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٥ (قانون تنظیم اعمال التأمین) کە ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیران کارەکانی تەواوکراوە وە نێردراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان ٠

٦- هەموارکردنی پڕۆژە یاسای (التعدیل الاول لقانون وزارة المالیة ولاقتصاد للاقلیم کوردستان/ عێراق) ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ مادەی (١٥) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری کۆڕینی ناوی (کۆمپانیای گشتی التأمین) بۆ (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی) .

٧- بۆ جێبەجێکردنی دڵنیایی ناچاری (التامین الالتزامي) چەندین ڕێکاری یاساییمان گرتۆتەبەر بە هەمەهانگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمپانیایی (شرکة التامین) لە وەزارەتی دارایی بۆ ئۆتۆمبێلەکانی هەرێم بۆ گشت پارێزگاکانی کوردستان ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە بەربڵاوەترین ئامێری گواستنەوە ئەژمار دەکرێت کە کاریگەری هەیە بە بەرەوپێشچوونی بواری ئابووری و ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەیە لە سەر جوڵەی بازرگانی ناوخۆ و دەرەکی، و هەروەها هۆکارێکە بۆ سەلامەتی گیانی هاووڵاتیان هەروەک لە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران هاتووە بە ژمارە (٧١٩٣) لە ٢٠١٥/٩/٧ بڕگەی (٣) ئاماژە بەوە کراوە بە جێبەجێکردنی دڵنیایی الالزامی لەسەر هەموو ئۆتۆمبێلێک بە ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان قیست و قەرەبوو بەپێی پەیڕەوەی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١١ .

٨- نووسراومان بەرزکردۆتەوە بۆ دەستەی وەبەرهێنان بۆ جێبەجێکردنی دڵنیایی ئەندازەیی (التأمین الهندسی) لەسەر هەموو ئەو پڕۆژانەی کەوا سەرمایەگوزاریان تێدایە تاکو لەسەر وەبەرهێن پێویست بکرێت لە هەر کۆمپانیایەکی دڵنیایی مۆڵەت پێدراوی پڕۆژەکەی دڵنیایی بکات بۆ کەم کردنەوەی زیانەکان لەکاتی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو یان کارەساتێکی سروشتی .

پوختەیەك لە کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە (لەماوەی کابینەی نۆیەمدا):

پوختەیەک لە کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی میلاکات :

١- ڕاستکردنەوە و پەسەند کردنی مووچە و ناونیشانی پلەی فەرمانبەران بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.

٢- یەکخستن و ڕێکخستنی میلاک و کۆکردنەوەی داتاو زانیاری سەرجەم مووچەخۆران و پەسەندکردنی.

٣- پەسەند کردنی دامەزراندنی هەمیشەیی و گرێبەست و نوێ کردنەوەی گرێبەستی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم لەسەر بوودجەی ئاسایی .

٤- ڕایی کردنی مامەڵەی خاوەن پێداویستی تایبەت .

٥- پەسەندن کردنی (هیکل تنظیمی) پەیکەری ڕیکخستن سەرجەم وەزارەتەکان دوای پەسەند کردنی لیژنەی تایبەتی وەزارەتمان .

٦- لەسەر فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٥ دەستکرا بە ئامادەکاری بۆ ئامادەکردنی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢١.

٧- لیژنەیەک لەسەر ئاستی وەزارەت پێکهێنرا کە بەڕێوەبەری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئەندام بوو لە لیژنەی گفتوگۆی خەملێنراوی وەزارەتەکان و داموودەزگاکانی حکومەت لەگەڵ لیژنەی تایبەتی وەزارەتەکان بۆ ئامادەکردنی بودجەی خەملێنراوی ساڵی/ ٢٠٢١ .

٨- پەسەندکردنی پلە بەرزکردنەوەو ڕاست کردنەوەی مووچەو ناونیشان و هەژمارکردنی ڕاژە و پێدانی پێشخستن (قدم) بۆ فەرمانبەرانی شارستانی لە پلە (٢) و پلە (٣)٠

یەکەم : پەسەندکردنی مووچەو پلەی ئەو بەڕێزانەی پلە (أ) دامەزراون بریتیە لە (٩٣) کەس.

دووەم : پەسەندکردنی مووچەو پلەی ئەو بەڕێزانەی پلە (ب) دامەزراون بریتیە لە (١١١) کەس.

سێیەم: پەسەندکردنی مووچەو پلەی دەرچووانی پزیشکی گشتی بریتیە لە (١٢٠٩) پزیشک.

چوارەم: پەسەندکردنی مووچەو پلەی مامۆستایانی گرێبەست کە کراون بە هەمیشەیی بریتیە لە (٥٠٩٥) مامۆستا٠

پێنجەم : پەسەندکردنی مووچەو پلەی دەرچووانی پزیشکی ڤێنتەرەی بریتیە لە (١٧١) کەس کە بە شێوەی کاتی بوون کراون بە هەمیشەیی٠

شەشەم : پەسەندکردنی مووچەو پلەی یەکەم و دووەم و سێ یەمەکانی کۆلیژ و پەیمانگە حکومییەکان دامەزراون بە شێوەی هەمیشەیی بریتیە لە (٢٧٦٣) کەس.

حەوتەم : پەسەندکردنی مووچەی ئەو کەسانەی کە بەشێوەی گرێبەست دامەزراون بریتیە لە (٩٢٤) گرێبەست٠

هەشتەم : پەسەندکردنی مووچەو پلەی (١٨٣) کەس کە بەشێوەی هەمیشەیی جیاجیا لەسەر میلاکی وەزارەتەکان دامەزراون.

نۆیــەم: سەبارەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت بەم شێوەی خوارەوەیە:

١) بڕینی مووچەی (١٢٥٢٢) کەس.

٢) کەم کردنەوەی مووچە لە (١٥٠،٠٠٠) هەزار دینار بۆ (١٠٠،٠٠٠) هەزار دینار بریتیە لە (٧٥) کەس.

٣) گەڕانەوەی مووچەی خاوەن پێداویستی تایبەت بریتیە لە (٤٢) کەس.

٤) لەجیاتی دانانی خاوەن پێویستی تایبەت بریتیە لە (١٢) کەس.

٥) بڕینی مووچەی چاودێری خێزانی بریتیە لە (٢٩٤) کەس.

دەیەم : دابینکردنی مینحەی زیندانی سیاسی بریتیە لە (١٧٤١) کەس.

٩- کردنەوەی هەردوو ئیدارەی سەربەخۆی (زاخۆ، سۆران) دەستکرا بە جیاکردنەوەی بوودجەی زیاتر لە (٦٠) فەرمانگەی سەربەخۆ.

١٠- وەڵامدانەوەی تەواوی ئەو پرسیارانەی ئاراستەمان کراوە لەلایەن پەرلەمانتارە بەڕێزەکان لەڕێی سەرۆکایەتی پەرلەمان یاخود وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان تایبەت بە پرسی بوودجە.

کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی (لەماوەی کابینەی نۆیەمدا):

١- لە ئێستادا نزیکەی (٥٧٤) داوا و نوێنەرایەتی یاسایی کە فەرمانبەرانی یاساییمان لە سەرجەم دادگاکان و بنکەکانی پۆلیس لە هەرێمی کوردستان ئامادە بووە بۆ داکۆکی کردن لەمافی گشتی .

٢- دوو دۆسییەی لێکۆڵینەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکەمان ئاراستەی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان کراوە بە مەبەستی پاراستنی ماڤی وەزارەتمان :-

- لیژنەی لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی دروست کردنی گرێبەستی باڵەخانەی بانکی دومیز .
- لیژنەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بە چاپی پسوولەی کارەبای بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر.

٣- ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی لە دەروازە سنوورییەکان و ئەنجامدانی گرێبەستی تازە بۆ کارکردنیان بەپێی بەرژەوەندی وەزارەتمان وە ئەنجامدانی (٤) گرێبەستی پڕۆژەکان .

کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ (لەماوەی کابینەی نۆیەمدا):

١- پێداچوونەوە بە ڕسوماتی گومرگی بۆ هەندێ کاڵا لەلایەن لیژنەی هاوبەشی گومرگی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ .

٢- هەموو ئەو یاسا و بڕیارانەی کە پەیوەندیان بە پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ جێبەجێ کراوە کە بڕیاری لەسەر دراوە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی عێراق و هەرێم .

٣- لەلایەن لیژنەیەکەوە هەڵساوین بە پێداچوونەوە بە سەرجەم ڕێنمایی گومرگی ژمارە (٦) و لیژنەکە کاری خۆی تەواو کردووە و نێردراوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ پەسندکردن و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان .

٤- پێداچوونەوە بە لێخۆشبوونی گومرگی کراوە بە تایبەت ئەوانەی کە بەدەر بوون لە یاسا و بڕیارەکانی لێخۆشبوون.

٥- هەموو ئەو بڕیارانە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ دەرچوون کە تایبەتن بە ڕۆژنامەی زراعی بۆ پاراستنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی هەرێم و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەمان جێبەجێ کراون .

٦- دوای بە سیستەم کردنی هەر سێ دەروازەی نێودەوڵەتی (باشماخ، حاجی ئۆمەران، پەروێزخان) لە ئێستادا بەڕێوەبەرایەتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل لە قۆناغی جێبەجێ کردندایە.

٧- کردنەوەی خولی ڕاهێنان لەسەر بابەتی هونەری و کاروباری گومرگی لە کۆماری ئیسلامی ئێران کە (٢٧) فەرمانبەر بەشداریان کرد بۆ ماوەی (١٤) ڕۆژ .

٨- ڕاییکردنی سەرجەم مامەڵە و نووسراوەکانی تایبەت بە کاروباری بازرگانی و گومرگی و کارگێڕی و ژمێریاری کە لە سەرەتای دەستبەکار بوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم ژمارەی دەرچوو لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەمان زیاتر بووە لە (١٨٠٠٠) هەژدە هەزار نووسراو .

٩- داڕشتنەوەی پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و بەڕێوەبەرایەتییە گومرگییەکان و دادگاکانی گومرگی بە هەماهەنگی لەگەڵ دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

١٠- سیستەمی ترانزێت بۆ سەرجەم بازرگانان جێبەجێکراوە و بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٣٢١) لە (٢٠١٩/٨/١) دەرچووە .

١١- هەمووارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی تایبەت بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کە زیاتر ئاسانکاری لەخۆ دەگرێت بۆ هاووڵاتیان و بازرگان و ئەو ئاستەنگانەی کە پێشتر تێبینی لەسەر بوو .

١٢- جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی سیستەمی بە ئەلیکترۆنی کردنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگی لە (ئیبراهیم خلیل، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر) ٠

١٣- دانان و بەستنی سیستەمی ئەلیکترۆنی ناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگی (سیستەمی هاتوو، دەرچوو، میلاکات، سیستەمی بە ئەلیکترۆنی کردنی دۆسییەی فەرمانبەران لەسەر هارد و سی دی)٠

١٤- چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەدەر لە یاساو ڕێنماییەکانی هاوردەی هەرێم دەکرێن لە ڕێگەی لیژنەیەکی باڵای هاوبەش لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ .

١٥- چالاککردنی لیژنەی هاوبەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کەدروست دەبن لە دەروازە سنورییەکان٠

١٦- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی تایبەت بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کە زیاتر ئاسانکاری لە خۆ دەگرێت بۆ هاووڵاتیان٠

١٧- هەموارکردنی ڕێنمایی گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ی ساڵی (٢٠١٦) و دەرچوونی ڕێنمایی گومرگی ژمارە (٧) ی ساڵی (٢٠٢٠) .

١٨- پێداچوونەوە بە هەندێ بڕگە و بابەتی ناو پێناسەی گومرگی لەگەڵ زیادکردنی چەند بڕگەیەک کە پێشتر نەبوون.

١٩- هەماهەنگی و بەشداریمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی سەبارەت بە پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ بۆ برەودان بە بەرهەمی کارگەکانی ناو هەرێمی کوردستان لە رێگەی لیژنەی هاوبەشەوە کە پێک هێنراوە.

٢٠- هەماهەنگی و بەشداریمان لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان بۆ پاڵپشتی کردنی ئەو پرۆژانەی کەلە چوارچێوەی وەبەرهێنان جێبەجێ دەکرێت لەگەڵ لێخۆشبوونی مەوادی سەرەتایی کە دێت بۆ ئەو کارگەکانە کە لە رێگەی لیژنەکانی هاوبەشی هەردوولا ٠

٢١- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی لەسەر جێبەجێکردنی برگەکانی تایبەت بە لێخۆشبوونی گومرگییەکان بەپێی یاسای ژمارە (٢٠) ی ساڵی ١٩٩٨ .

٢٢- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٦) ی تایبەت بە (مەرومالات) بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وە ڕێکخستنەوەی بە ڕێنمایی ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٢١)

٢٣- لە عێراق ترانزێت راگیراوە بەڵام لە هەرێمی کوردستان میکانیزمێک هاوشێوەی ترانزێت کە هاووڵاتیان و بازرگانان ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەنجام دەدەن لە نێوان (ئێران و تورکیا و سوریا) لەڕێگەی دەروازە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان بەیانکردنی دامەزراندنی کۆمەڵگای چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل ژمارە (١) لە پارێزگای دهۆک و ژمارە (٢) لە پارێزگای سلێمانی .

٢٤- بەیانکردنی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری گومرگی و کردنەوەی بەشەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) بە ئامانجی ڕێگری کردنی لە دیاردەی قاچاغ و سەرپێچی یاسایی کە دەکرێت لەکاتی هێنان و بردنی کاڵای بازرگانی لە رێگەی مەفرەزەی هاوبەش لەگەڵ پۆلیسی گومرگ.

٢٥- لە دادگاکانی گومرگی هەرێمی کوردستان لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) (١٨٢) کێشەی گومرگی یەکلاکراوەتەوە و ڕێکاری یاسایی وەرگیراوە٠ لە (٤٣٣) برگە لەگەڵ دەستەی گشتی گومرگەکانی حکومەتی عێراق٠

پوختەیەک لە کار و چالاکییەکانی سێ ساڵەی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین):

سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٢٠ و پەیڕەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٢٠ ئەوەی کە پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیان هەبێت لەم ڕاپۆرتە بۆ بەڕێزتان دەخەینەڕوو .

یەکەم: هەموارکردنەوەی مووچەی خانەنشینی ناونیشانی شارەزا کە ژمارەیان (٤٩٦) چوار سەد و نەوەد و شەش خانەنشینە هەروەک لە ماددەی (١٦) ی یاسای چاکسازی هاتووە لە سەر بنەمای یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی هەموارکراو گەڕاندنەوەی بڕی (٤١٠،٦٣٧،٢٠٠) دینار مانگانە بۆ خەزێنەی حکومەت و جیاکردنەوەی دۆسییەی (٢٢) بیست و دوو خانەنشین بە پلەی شارەزا کە بەڵگەنامەی پێویست یاخود بە بڕیاری تایبەت خانەنشین کراون جێبەجێکردنی مادەکە بە تەواوی خانەنشین کردنی ناوبراون لە سەر بنەمای یاسای ئاماژە پێکراو لە سەرەوە .

دووەم: گواستنەوەی دۆسییەی خانەنشینی دادوەران لە ئەنجومەنی دادوەری بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتیان و هەموارکردنەوەی مووچەی خانەنشینان لەگەڵ ئەندامانی داواکاری گشتی بەڕێژەی (٧٠٪) لە مووچە و دەرماڵەکانیان هەروەک لە بڕگەی نۆیەم لە ماددەی حەوت لە یاسای چاکسازی هاتووە کە ژمارەیان (١١٣) خانەنشینە و گەڕاندنەوەی بڕی (٩٢،٤٨٣،٠٠٠) دینار مانگانە بۆ خەزێنەی حکومەت.

سێیەم: هەموارکردنەوەی مووچەی خانەنشینی (٣٠٤) خانەنشین بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و گەڕاندنەوەی (١٨٤،١٩٢،٦٥٠) دینار مانگانە بۆ خەزێنەی حکومەت هەروەها کارکردن لە سەر ماددەی (٧) لە یاسای چاکسازی بەردوامە و داوای دۆسییەی خانەنشینی ئەو پلە تایبەت و پلە باڵایانە کراوە کە یاسای چاکسازی دەیان گرێتەوە هەروەها جیاکردنەوەی دۆسییەی (٤٤٧) خانەنشین کە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کراون کە بەڵگەنامەی پێویست یاخود بە بڕیاری تایبەت خانەنشین کراون .

چوارەم: هەموارکردنەوەی مووچەی خانەنشینی (١٧٧) خانەنشین بە پلەی ڕاوێژکار گەڕاندنەوەی (١٣٧،٨٠١،٠٠) هەزار دینار مانگانەی بۆ خەزێنەی حکومەت هەروەها جیاکردنەوەی (١٥٤) دۆسییەی خانەنشینی بە پلەی ڕاوێژکار کە بەلگەنامەی پێویستیان نیە بە بڕیاری تایبەت خانەنشین کراوە .

پێنجەم: هەموارکردنەوەی مووچەی خانەنشینی (٣٢) خانەنشین بە پلەی وەزیر گەڕاندنەوەی (٥٣،٣٠٢،٦٠٠) هەزار دینار مانگانەی بۆ خەزێنەی حکومەت هەروەها جیاکردنەوەی (١٥٠) دۆسییەی خانەنشینی بە پلەی وەزیر کە بە بەڵگەنامەی پێویستیان نییە بە بڕیاری تایبەت خانەنشین کراون و بەڵگەنامەی پێویستیان نییە.

شەشەم: هەموارکردنەوەی مووچەی خانەنشینی (٦٧) خانەنشین بە پلەی بریکاری وەزیر گەڕاندنەوەی (٧٣،٢٨٤،٠٠) هەزار دینار مانگانە بۆ خەزێنەی حکومەت هەروەها جیاکردنەوەی (٨١) دۆسییەی خانەنشینی بە پلەی بریکاری وەزیر کە بەڵگەنامەی پێویستیان نیە بە بڕیاری تایبەت خانەنشین کراون .

حەوتەم: کارکردن لە سەر ماددەی حەوت لە یاسای چاکسازی بەدوامە و بۆ ئەوانەی کە لەدوای دەرچوونی یاسای چاکسازی خانەنشین دەکرێن .

هەشتەم: بەمەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٨) لە یاسای چاکسازی تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکە ژمێریاریانەی کە لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی و وەزارەتی دارایی و ئابووری مووچەی خانەنشینی خەرج دەکەن بە تایبەت لە وەزارەتی پێشمەرگە و خانەنشینی یەکەی (٧٠ و ٨٠) بۆ ئەو مەبەستە پەیکەرێکی ڕێکخستنی نوێمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێشنیار کردووە بۆ کارکردن لەسەر هۆبە و بەشی نوێ بۆ خانەنشیبنی پێشمەرگە دیاریکراوە هەروەها چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی پێشمەرگە و کەمئەندامانی سەنگەر و هەردوو خانەنشینی یەکەی (٧٠ و ٨٠) ئەنجام دراوە بۆ ئەم مەبەستە یەکەی (٧٠ و ٨٠) ئامادەییان دەربڕیوە لیستی پێشمەرگە و دۆسییەکانیان ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی پێشمەرگە بکەن دوای پێداچوونەوە و پاککردنەوەی لیستەکان ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان بکەن و لە کاتی ئێستا چاوەڕێی هاتنی لیستەکان دەکەین .

نۆیەم: سەبارەت بە خانەنشینان بە پلەی (وەزیر، بریکاری وەزارەت، ڕاوێژکار، بەڕێوەبەری گشتی) ئەوانەی بە فعلی پۆستیان نەبینیوە هەروەک لە ماددەی (٩) لە یاسای چاکسازی هاتووە بە لیستێک کە پێکهاتووە لە (١١٦٩) خانەنشین ڕەوانەی لیژنەی باڵای چاکسازی لە ئەنجومەنی وەزیران کراوە بۆ بڕیاردان لە سەر دۆسییەکانیان بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هەندێک لە ناوبراون کاتی خۆی ڕاژەیان هەبووە بەڵام ڕاژەکانیان بۆ هەژمار نەکراوە لەبەر ئەوەی پێویستیان پێ نەبووە بە تایبەت ئەوانەی کە ڕاژەی پێشمەرگایەتیان هەیە لیژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنراوە کە ئەم خانەنشینانە جیابکاتەوە لەگەڵ ئەوانەی هیچ ڕاژەیەکیان نیە یەکە ئەمەش

کارکردن تێدا بەردوامە تاکو ئێستا دوو کۆبوونەوە لەلایەن لیژنەی پێکهێنراو ئەنجام دراوە تێدا فۆرمێک پەسەند کراوە بۆ ئەوەی لە لایەن گشت خانەنشینانی پلە تایبەت پڕ بکرێتەوە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە زانیاری تەواومان دەست بکەوێت و بەتوانین پۆلێنیان بکەین .

دەیەم: سەبارەت بە خانەنشینانی نایاسایی بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەوانەی کە بە پلەیەکی بەرزتر لە پلەی خۆیان خانەنشین کراون هەروەک لە ماددەی (١٠) لە یاسای چاکسازی هاتووە لیژنە لەگشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان پێکهاتووە و بەردوامن لە کارکردنیان .

یانزدە: کارکردن و هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەری زانیاری بایۆمەتری لە بابەتی دوو مووچە و بایۆمەتری خانەنشینان و دروست کردنی کارتی بانکی کردنەوەی هەژمار و (upn) بۆ خانەنشینانی هەرێمی کوردستان و کارکردن تێدا بەردەوامە .

دووانزدە: سەبارەت بە دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی دوای دەرچوونی پەیڕەوەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی ئەم سندوقە لە پەیکەری ڕێکخستنی نوێ سندوقی خانەنشینان دروست بکرێت دابینکردنی بینایەو کەل و پەل و فەرمانبەر بۆ ئەم سندوقە دابنرێت بۆ ئەوەی ئەم سندوقە کارا بکرێت و هەرێمی کوردستان بە بێتە خاوەنی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی .

سێزدە: وەکو ئەندامیەتی لە لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی (٩) لە یاسای چاکسازی کە لیژنەیەکی باڵایە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران پێکهێنراوە کە لە سەرۆکایەتی هەرێم و داواکاری گشتی و دەزگای ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە ئەندامیەتیان هەیە لە لیژنەکە ئامادەکاری کراوە و فۆرمێک پڕکرایەوە لە لایەن خانەنشینانی پلە تایبەتەکان کارکردن لە لیژنەکە بەردوامە ئامادەکاری کراوە بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە لە داهاتوێکی نزیک بە مەبەستی تەواوکردنی کارەکانی جێبەجێکردنی ماددەی (٩) لە یاسای چاکسازی بە پێداچوونەوە بە فۆرمەکان جیاکردنەوەی خانەنشینانی نایاسایی و یاسایی ئەوانەی بە پلەی بەرزتر خانەنشین کراون .

چواردە: لە دوای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان هەموارکردنەوەی مووچەی خانەنشینی (وەزیر و بریکاری وەزیر و دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا و قائمقام و ناونیشانی شارەزا) گوژمەی (٩٦٧،٣٧٤،٤٥٠) دینار گەڕێندراوەتەوە بۆ خەزێنەی هەرێم هەروەها کارکردن لە ڕاگرتنی دوو مووچە بەردەوامە و لیستی ناوی (٨٩٤٧) خانەنشین کە ناویان لە لیستی دوو مووچەدا هاتووە مووچەکانیان ڕاگیراوە کە نزیکەی (٦،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) شەش ملیار دینار گوژمەی پارە دەکات بەڵام لەبەر ئەوەی لەناو ئەم لیستە هەندێک لە خانەنشینان مەرج نییە دوو مووچە بن بەڵکو (سەرکار یان راسپێردراو) بن بۆیە ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی خانەنشینی کراوە بۆ یەکلایی کردنەوەو ڕاگرتنی مووچەکانیان دوای یەکلایی بوونەوەی مووچەکانیان ڕادەگیرێت ئەوکات بۆمان دەردەکەوێت کەوا بڕی گوژمەی گەڕاوە بۆ خەزێنەی هەرێم چەندە ٠

پانزدە: لە (٢٠٢١/١/٣) تاکو (٢٠٢١/٦/١) خانەنشین کردنی نزیکەی (٣٠٠٠) سێ هەزار فەرمانبەر.

شانزدە: لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١/٣) تاکو (٢٠٢١/٦/١) خانەنشین کردنی نزیکەی (٣٠٠٠) سێ هەزار فەرمانبەر.

حەڤدە: پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەی تەواوی دۆسییەی پلە تایبەتەکان جگە لە دۆسییەی ئەندام پەرلەمانان کەوا ئەوانیش لەژێر کارکردن دایە .

هەژدە: ڕەوانە کردنی لیستی ئەو پلە تایبەتیانەی کەوا خزمەتیان نیە یان لە پانزە ساڵ کەمترە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیاردان لە سەریان .

نۆزدە: تەواو کردنی سیستەمی زانیاری خانەنشینی ئەلیکترۆنی کڕینی و دانانی کەلوپەلی ماوە ئێستادا لە تەندەردایە لە وەزارەتمان .

لیستی (وەزیر، بریکاری وەزیر، ڕاوێژکار، بەڕێوەبەری گشتی، قائمقام، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا، شارەزا، دادوەر) هەموار کراو.

پلەی خانەنشینی	ژمارەی خانەنشینان	مووچەی کۆن	مووچەی نوێ	جیاوازی مووچە
شارەزا	٤٦٧	٨٥٦،٦٠٣،٢٠٠	٤٤٥،٤٦٥،٠٠٠	٤١١،١٣٨،٢٠٠
دادوەر	١١٣	٤٥٨،٨٥٥،٠٠٠	٤٥٦،٣٧٢،٠٠٠	٩٢،٤٨٣،٠٠٠
بەڕێوەبەری گشتی	٣٠٩	٧٦٥،١٥٨،٦٥٠	٥٦١،٧٩٣،٠٠٠	٢٠٣،٣٦٥،٦٥٠
ڕاوێژکار	١٧٧	٥٣٠،٩٥١،٠٠٠	٣٩٣،١٥٠،٠٠٠	١٣٧،٨٠١،٠٠٠
بریکاری وەزیر	٦٧	٣٠٦،١٩٢،٦٠٠	٢٢٧،٩٠٨،٠٠٠	٨٩،٢٨٤،٦٠٠
وەزیر	٣٢	١٢٧،١٦٩،٦٠٠	٧٣،٨٦٧،٠٠٠	٥٣،٣٠٢،٦٠٠
کۆی گشتی	**١،١٩٤**	**٣،١٣٤،٩٢٩،٤٥٠**	**٢،١٥٨،٥٥٥،٠٠٠**	**٩٧٦،٣٧٤،٤٥٠**

ژمارەی دۆسیەی ئەو خانەنشینانەی کە بە بڕیاری تایبەت خانەنشین کراون یاخود بەڵگەنامەی پێویستیان نیە .

ناونیشانی خانەنشینان	ژمارەی خانەنشینان
ڕاوێژکار	١٥٤ خانەنشین
بەڕێوەبەری گشتی	٤٤٧ خانەنشین
شارەزا	٢٢ خانەنشین
بریکاری وەزیر	٨١ خانەنشین
وەزیر	١٥٠ خانەنشین
کۆی گشتی	**٨٥٤ خانەنشین**

(سەبارەت بە فرەمووچەیی):

- **کۆی گشتی فرەمووچەیی کە دوو مووچە دەرچوون:**

مووچەی وەک فەرمانبەر – فەرمانبەر :- لە کۆی (٩٣٢) فەرمانبەر (٣٦٧) فەرمانبەر دوو مووچە دەرچوون کە کۆی گۆژمەی پارەی بڕدراو (١٥٠،٤٦٨،٢٩٧) دینار .

- مووچەی وەک فەرمانبەر – خانەنشین :- لە کۆی (٣٩٧٨) فەرمانبەر – خانەنشینی (١٨٤٩) دوو مووچە دەرچوون کە کۆی گوژمەی پارەی بڕدراو (٥٨٧،٨٢٣،٤٧٦) دینار .

- مووچەی خانەنشین – خانەنشین :- لە کۆی (٥٠٩٩) خانەنشین – خانەنشین (١٩٧٣) دوو مووچە دەرچوون کە کۆی گوژمەی پارەی بڕدراو (٥١٥،٣٣٤،٨١٨) دینار .

هەروەها کەموکوڕی هەیە لە کۆی (٤١٨٩) دوو مووچەی کێشەی بارکۆد، مووچەی تەواو ، ناوی دووبارە ، کۆدی وەهمی، مووچەی وەهمی، (٥٠٠) و بارکۆدی دووبارە هەیە .

کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە پسپۆڕییەکان (لەماوەی کابینەی نۆیەمدا):

قەرزەکانی (خانووبەرە، کشتوکاڵ، پیشەسازی، نیشتەجێبوون، گەشت و گوزار) کە لای هاووڵاتیان بووە و گەڕاوەتە بۆ حکومەت بەڕێژەی لێخۆشبوونی ١٥٪، بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە:

- **پارەی قستە وەرگیراوەکانی سەر بە بانکە پسپۆڕییەکان لە (٢٠١٩/٧/١) تاکو (٢٠٢١/٥/٣١):**

ژ	ڕێکەوت	پارەی وەرگیراو
١	لە ٢٠١٩/٧/١ تاکو ٢٠١٩/١٢/٣١	٦٩,٥٨٥,٣٥٧,٤٥٠
٢	لە ٢٠٢٠/١/١ تاکو ٢٠٢٠/١٢/٣١	٧٤,٨٤٥,٠٤٩,٣٤٩
٣	لە ٢٠٢١/١/١ تاکو ٢٠٢٢/٥/٣١	١٧١،٥٧٦،٥٦١،٥٢٥
	کۆی گشتی	**٣١٦ ,٠٠٦ ,٩٦٨ ,٣٢٤**

کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان (لەماوەی کابینەی نۆیەمدا):

- گەڕانەوەی بڕی (٢,٩١١,٧٠٥,٦٩٠) دوو ملیار و نۆسەد و یازدە ملیۆن و حەفت سەد و پێنج هەزار و شەش سەد و نەوەد دینار لە قەرزی ئاسانکاری .
- ئاماژە بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٩٣٦١) لە ٢٠٢٠/٤/١٦ تایبەت بە یاسای چاکسازی و نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٢٠٦٩) لە ٢٠٢٠/٥/١٣ سەبارەت بە جێبەجێکردنی وەرگرتنەوەی قەرزی ئاسانکاری:

١- بانکەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان توانیویانە بڕی (١٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوانزە ملیار دینار بۆ خەزێنەی دەوڵەت بگەڕێننەوە .

٢- (٢٨،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) بیست و هەشت ملیار دینار بە موڵک کە بە ناوی بانکەکان کراوە گەڕاوەتەوە .

٣- کردنەوەی بانکی (دیبەگە و قوشتەپە) کە کاتی خۆی نوسینگە بوو بۆ ئەم سنورە.

لەسەرەتای دامەزراندنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان – بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان کە لە (٩٢) بانک پێکهاتبوو لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، دهۆک، سلێمانی) بۆ ڕاپەراندنی ئیش و کارەکانی فەرمانگەو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم لە کۆکردنەوەی داهات و دابین کردنی خەرجی گشت وەزارەت و فەرمانگەکان و دابەش کردنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینانی هەرێمی کوردستان و لە ئێستادا (٢) بانکی تر زیادکراوە کۆی گشتی بانکەکان بووە بە (٩٤) بانک٠

١- پێکهێنانی لیژنەیەک بە نوێنەرایەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی جێبەجێکردن و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری خانووبەرەی توانیمانە بڕی (١٢،٠٩٨،١٣٩،٤٠٧) ملیار دینار بەکاش (نقد) بگەڕێنینەوە و بڕی (٢٨،٠٣١،٦٠،٠٠٠) ملیار دینار بە شێوەی موڵک گەڕاوەتەوە کە موڵکەکان بە ناوی بانک کراوە و لە ئێستادا چەندین موڵکی تر کە ڕەهن کراون بەرامبەر قەرزەکان لە ژێر ڕێککاری یاساییدان بەمەبەستی یەکلایی کردنەوەی دۆسییەی قەرزەکان وەبڕی قەرزە ماوەی (٩٢٩ ,٢٧٣،٦١٦،٤٤٢)ملیار دینار٠

٢- بانکەکانی سەربە بەڕێوەبەڕایەتییەکەمان ئامادەن بە کردنەوەی ئەژمێر بۆ هەموو مووچە خۆرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بە ئەلیکترۆنی کردنی بانکەکان لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی بەپێی سیستەم لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای بانکەکان نزیکەی (upn) (٤٢٨،٠٠٠) بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی زانیاری ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای بانکەکان داخل کراوە کە تایبەتەبە مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان ٠

٣- کردنەوەی ئەژمێر بۆ ئەفسەر و کارمەندانی لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە بەنزیکەی (٢١،٠٠٠) ئەژمار کراوەتەوە لەلایەن بانکەکان بەمەبەستی وەرگرتنی مووچەکانیان.

٤- لە ئێستادا بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای بانکەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران دەستکراوە بە دانانی سیستەمی بۆ وەرگرتنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و تاقیکردنەوەی سیستەمی ئەلیکترۆنی بە سەرکەوتووی ئەنجامدرا بۆیە بەم نزیکانە خەرج کردنی مووچەی خانەنشینان و فەرمانبەران لەڕێگای کارتی ئەلیکترونی بە هەماهەنگی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلوجیای بانکەکان جێبەجێ دەکرێت ٠

٥- سەبارەت بەبانکی نیشتمان بەپێی نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران کە ئاراستەی وەزارەتی داد – بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری خانووبەرە کراوە بەمەبەستی تۆمارکردنی بینای بانکەکان بە ناوی بانکی نیشتمان ئەمەش بۆ تەواو کردنی سەرمایە (رأس المال)ی بانکی نیشتمان بە گوژمەی (٢٥٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) کە گوژمەی (٢٥،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) بەنەقد لە ئەژمێرێکی داخراوە دانراوە لە بانکی ناوەندی عێراقی لقی هەرێمی کوردستان و گوژمەی ماوە کە دەکاتە (٢٢٥،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) وەکو هەبووەکانی جێگیر (موجودات ثابتە) ی تۆماری هەمیشەی بانکەکان دەبێت ٠

٦- نووسراوێک ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە بە مەبەستی دانان و دەست نیشانکردنی ئەندامانی جێبەجێکاری بانکی بانکی نیشتمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی بانکی نیشتمان و بانکی ناوەندی عێراقی کە لە (٩) کەس پێک دێن (رئیس مجلس الادارة) و (نائب رئیس مجلس الادارة) و (حەوت ئەندام) کە (٢) ئەندام سەربەخۆن.

سەبارەت بە پێداچوونەوە بە دۆسییەی فەرمانبەرانی گشت بەڕێوبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەتمان لە یاسایی چاکسازی بەم شێوەی خوارەوە کاری لەسەر کراوە:

خشتەی پێداچوونەوە بە دۆسییەی فەرمانبەران

ژ	بەڕێوەبەرایەی گشتی	ژ٠گشت دۆسییەکان	ژ٠دۆسییەی وردبینکراو	ژ. زیادەی پلە	ژ. زیادەی سەرمووچە	تێبینی
١	بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان	٧١١	٧٠٩	٢٦٤	٧١٩	٩ فەرمانبەری ڕێکخراوەکان
٢	بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە	٢١٧	٢١٧	٦٨	٦٩	
٣	بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی	٧٢	٧٢	٦	٩	
٤	بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری	١٧٦٦	١٧٦٦	٩٢	١٤٦	٦٧ فەرمانبەری ڕێکخراوەکان
٥	بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە پسپۆرییەکان	١٠٩١	١٠٩١	٤١	١١٧	٢ فەرمانبەری ڕێکخراوەکان
٦	بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری	١٨٨٣	١٦٤٢	٥٩	١٤٦	٢٤١ فەرمانبەری ڕێکخراوەکان
٧	بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆمپانیاکانی دڵنیایی	١٥٧	١٥٧	٢٣	٣٨	
٨	بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانیەکان	٥١١٦	٥١١٦	٨٣	٩٠	
٩	بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ	٢٥٢٤	٢٤٩١	٢٨٤	١٩٠	
١٠	بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین	٧٤٩	٧٤٩	٤٤	١٢	
١١	بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکی ناوەندی هەرێم/ سلێمانی	١٥١	١٥١	٢٢	١٢	٧فەرمانبەری ڕێکخراوەکان
١٢	**کۆی گشتی**	**١٤,٤٣٧**	**١٤,١٦١**	**٩٨٦**	**١,٥٤٨**	

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

ساڵی (یەکەم)

یەکەم: بەڕێوبەرایەتی پاڵاوتگەکان و جووڵەی سووتەمەنی

١- داخستنی هەموو ئەو پاڵاوتگە تایبەتیانەی کە دەکەونە سنووری پارێزگای هەولێر کە ژمارەیان (١٣١) پاڵاوتگەیە.

٢- داخستنی هەموو ئەو پاڵاوتگە تایبەتیانەی کە دەکەونە سنووری پارێزگای سلێمانی کە ژمارەیان (٢٩) پاڵاوتگەیە.

٣- داخستنی هەموو ئەو پاڵاوتگە تایبەتیانەی کە دەکەونە سنووری پارێزگای دهۆک کە ژمارەیان (٣٧) پاڵاوتگەیە.

٤- لیژنەی بەدواداچوونی زێدەڕۆیی سەر بۆڕی نەوتی خاو بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای کار و وەزارەتی ناوخۆ (OPF) و ئاژانسی پاراستن، هەڵساین بە چارەسەرکردنی ئەم زێدەڕۆیانە و دەستگیر کردنی ئەم باندانە. (١-چاڵەگردەڵە، ٢- پشت بەنزینخانەی دۆڵەبەکرە،٣- نزیک گردی باشتەپە، ٤- دوو شوێن لە گوندی نۆغەران،٥- گوندی شەمامر، ٦- بشیریان، ٧- شێخان، ٨- بەنزینخانەی لانە لەسەر ڕێگای دیبەگە).

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی و ژینگە

ئەنجامدانی ٨٧ سەردان و پشکنینی تیمەکانی (هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی EIA، تەندروستی و سەلامەتی، رادەستکردنەوەی زەوی، پشکنینی ژینگەیی ئاو و هەواو خاک، وەڵامدانەوەی رووداوە لەناکاوەکان) بۆ بلۆکە نەوتییەکانی کۆمپانیاکان.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی کانزایی

١- بەداواداچوون و هەڵسەنگاندنی بەردی لایمستون کە بەکاردێت بۆ پاراستنی ژینگە لە وێستگەی هەڵمی کارەبای خەبات لە لایەن کۆمپانیای (Mega) و فراوانکردنی کارەکانیان لە کانەبەردی ناوچەی سیناوە لە ناحیەی خەلیفان بەپێی خەسڵەتەکان و ستاندراتی کارکردن .

٢- خولێکی فێربوون لەسەر بەکارهێنانی ڕێگاکانی جیۆفیزیایی بۆ گەڕان بەدوای کانزاکان بۆ فەرمانبەرانی جیۆلۆجی سەر بە وەزارەتمان کە بە هاوکاری کونسوڵییەی وڵاتی چین و لە ڕێگەی کۆمپانیای جیۆفیزیایی (GGFZCO)ـەوە ئەنجامدرا (تەواو بوو).

٣- دابینکردنی بەردی کلس لە کانەبەردی سیناوە بۆ وێستگەی کارەبای هەڵمی خەبات بۆ خاوێن کردنی ژینگە لە پاشماوە گۆگردییەکان و ئەم پڕۆژەیە بەردوامە و لەلایەن کۆمپانیای (Mega) بەڕێوەدەچێت.

٤- هەردوو پڕۆژەی دەرهێنانی خەلووزی بەردین لە قەزای زاخۆ بەردەوامن لە کار کردنیان کە وەزارەتمان گرێبەستی هەیە لەگەڵ هەریەک لە DonauRiver و Karpet .

٥- تاقیگەی ناوەندی بەردوام بووە لە پشکنینەکانی و داهاتی کۆتایی ساڵی (٢٠١٩) دیناری عێراقی بە بڕی (٤٣٨،٥٣٥،٠٠٠) دیناری عێراقی لەکاتێکدا داهاتی کۆتایی ساڵی (٢٠١٨) بریتی بوو لە (٣٠٩،٩١٠،٠٠٠) دیناری عێراقی ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا بڕی داهاتی (٢٠١٩) بە ڕێژەی (٤٢%) بەرزبووەتەوە بە بەراوورد بە ساڵی (٢٠١٨).

٦- هەر لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٠) کارو چالاکییەکان بەردەوام بوو سەرەرای کێشەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە شێوەیەکی سنووردار و بڕی داهات گەیشتە (٥٠،٤١٠٠٠٠) دیناری عێراقی و هەروەها بەردوام بوون لە چاودێری کردنی کوالێتی بەنزینی بەنزینخانەکان.

٧- ٢٠٠ کۆمپانیای کانەبەرد مۆڵەتیان پێدراوە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پشکنین و سانسۆری ناوخۆ

أ. لەسەر ئاستی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز (IOC):

١- جێبەجێکردنی سەرجەم بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە وەرگرتنی باج لە کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری بواری نەوت و گازدا. بۆ دڵنیایی زیاتر سەرجەم کۆمپانیاکانی (IOC) ئاگادار کراونەتەوە کە دەبێت هیچ پڕۆسەیەکی (تەندەرین) ئەنجام نەدرێت ئەگەر ووردەکاری (باج) لەگەڵ کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری پێشکەش نەکرابێت : بۆ نموونە هیچ کۆمپانیایەک لە هەڵسەنگاندنی هونەری سەرکەوتوو نابێت و بۆی نیە بەشداربێت ئەگەر بەراییەکانی باجی تەواو نەبوو.

٢- لە کاتی دۆزینەوەی هەر سەرپێچییەک یەکسەر پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج لە وەزارەتی دارایی کراوە. هەر بەم ڕێکارەش توانرا لەم ماوەیەدا نزیکەی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دۆلار وەک باج بۆ خەزێنەی دەوڵەت وەربگیردرێتەوە.

٣- هەر لە چوارچێوەی فەرمانی سەرۆکی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی تێچووی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز (IOC) ئەم کارانەی خوارەوە بە ئەنجام دراون:

- کەمکردنەوەی بودجەی تشغیلی کۆمپانیای (گازپڕۆم) بە نزیکەی (٢) ملیۆن دۆلار بۆ هەر ساڵێک لە کێڵگەی نەوتی (گەرمیان) .
- کەمکردنەوەی بودجەی تشغیلی کۆمپانیای (TTOPCO) بە نزیکەی (٣) ملیۆن دۆلار بۆ هەر ساڵێک.
- کەمکردنەوەی بودجەی تشغیلی کۆمپانیای (دانا گاز) بە نزیکەی (١،٥) ملیۆن دۆلار بۆ هەر ساڵێک.

بەرزکردنەوەی ڕێژەی کارمەندی خۆماڵی لە هەریەک لەم کۆمپانیایانەی سەرەوە بەم شێوەی خوارەوە:

کۆمپانیا	ڕێژەی ئێستا	ڕێژەی پێشوو
گازپڕۆم	٪٦٩	٪٦٥
TTOPCO	٪٨٣	٪٨٠
دانا گاز	٪٨٧	٪٨٠

ب. لەسەر ئاستی چاودێری کارگێڕی:

١- ئاماژە بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٤٧٩٩) لە ٢٠١٩/٧/١٧ هەڵساین بە سەردانی پارێزگای سلێمانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١ بەمەبەستی بەدواداچوون لەڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی و کانزاکانی سلێمانی بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٧ / بڕگەکانی ٥/ج خەرجیەکان و بڕگە ٦/ع کارگێڕی و دۆسییەی کەسی ئەمەش وایکرد بگەینە ئەنجامەکانی پێویست کە لە چوارچێوەی بەرنامەکانی چاکسازیدا ئەنجام درابوون و هەروەها کۆتایی هێنان بە بابەتە هەڵپەسێراوەکان.

٢- بە فەرمانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ژمارە (٨١٧٤) لەرێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٨ لیژنەیەک پێکهێنرا و سەردانی کۆگای سوتەمەنی عەربەتمان کرد بۆ لێکۆلینەوە سەبارەت بەو پاشماوە نەوتەی کە ماوەتەوە ماوەی (١٠) ساڵ لە ژێرەوەی خەزان کە بڕەکەی (٨٧،٣٨١) لیتر بوو و داوایان کردبوو لە ئەستۆیان دابەزێنرێت بەڵام لیژنەکەمان پێشنیارمان کرد بە چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە بە چەند خاڵێک بەبێ ئەوەی ئەم بڕەیە لە ئەستۆیان دابەزێت و بە هەدەر بروات.

ج- لەسەر ئاستی چالاکی و چاودێری هونەری:

١- پێدانی کەل و پەلی پێویست لە کێڵگەی نەوتی (بەردەڕەش) بۆ کۆمپانیای نەوتی (Rosneft) کە پێوستیان بەو کەل و پەلانە بوو لە جیاتی کڕینی لە دەرەوەی وولات.

٢- بەدوادچوون بۆ کڕینی کەل و پەلی کۆمپانیا نەوتیەکان و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی تێچووی کڕینی ئەو کەل و پەلانە بۆ کاری پێویست.

پێنجەم: ڕاوێژکاری ئاسایش بۆ کاروباری کۆمپانیا نەوتیەکان OPF

١- داڕشتنەوە و پێداچوونەوەی ئەمنیەتی گشت کۆمپانیاکانی بواری نەوت (IOC).

٢- دانانی میکانیزمێک بۆ پێدانی پارەی هێزی پۆلیسی نەوت لەلایەن کۆمپانیاکانەوە، کە بە هەماهەنگی لە نێوان کۆمپانیاکان و هێزی پۆلیسی نەوت ڕۆژانە لە ڕێگای پڕکردنەوەی فۆڕمێکەوە دەبێت ئامادەبووان دیاری دەکرێن لەلایەن نوێنەری هەردوولا واژوو دەکرێت و مانگانە ڕەوانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکرێت و لەسەر ئەو بنەمایە ئینڤۆیس بۆ کۆمپانیاکان دەکرێت.

٣- لابردنی ئەو کۆمپانیا سیکیوریتیانەی کە لە جێگای هێزی پۆلیسی نەوت لە کێڵگەکانی نەوت ئەرکیان دەگرت و دانانی هێزی پۆلیسی نەوت لە کێڵگەکانی نەوت لە جێگایان، کە ئەمەش بووە هۆی گێڕانەوەی پارەیەکی زۆر بۆ حکومەتی هەرێم.

٤- دروست کردنی پردی هەماهەنگی لە نێوان کۆمپانیاکانی بواری نەوت و هێزی پۆلیسی نەوت سەبارەت بە شێوازی ئەرک و پاراستنی کێڵگەکان و ژمارەی هێزی پۆلیسی نەوت.

٥- گەڕانەوەی پارەی نەدراوی هێزی پۆلیسی نەوت لەلایەن کۆمپانیاکانی بواری نەوت لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٩-٢٠٢٠) لە ڕێگای ئینڤۆیسەوە تەواوی پارەکە خرایە سەر ژمارە حسابی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

٦- سەردانی کردنی گشت بلۆکە نەوتییەکان و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی فراوان سەبارەت بە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و باشتر بەڕێوەچوونی ئەرکەکان.

٧- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هەفتانە لەگەڵ گشت کۆمپانیاکانی بواری نەوت بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە بەرەوپێشچوونی ئیش و کارەکانیان.

٨- پێکهێنانی لیژنەیەک لە هەردوو هێزی لیوای (١ و ٢)ی پۆلیسی نەوت بە مەبەستی پشکنینی بەردەوامی بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئەمنییەوە بۆ ڕێگری کردن لە دروست بوونی ئەو سەرپێچیانەی کە لە ڕابردوودا هەبوون.

٩- کارئاسانی کردن بۆ گشت کۆمپانیاکانی بواری نەوت بە مەبەستی هاتووچۆکردن و ئاڵوگۆڕ پێ کردنی کارمەندەکانیان لەناو پارێزگاکانی هەرێم بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە و کارئاسانی بۆ نەوەستانی کارەکانیان.

١٠- چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمپانیاکانی بواری نەوت لە کاتی کارکردنی کۆمپانیا بە تایبەت ئەو کەسانەی کە دەبوونە ڕێگر لەبەردەم کۆمپانیاکان لە کاتی کارکردن یان کاری کۆمپانیاکانیان ڕادەگرت.

١١- هەماهەنگی و ئاسانکاری بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فڕۆکە بۆ هاتن و ڕۆشتنی کارمەندەکانی کۆمپانیا (IOC)یەکان لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن.

١٢- کۆکردنەوەی هاوکاری پزیشکی بۆ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگای وەرگرتنی (ماسک و دەستکێش) لە کۆمپانیاکانی بواری نەوت.

١٣- ئاگادارکردنەوەی گشت کۆمپانیاکانی بواری نەوت (IOC) کە دەتوانن ٢٤ کاتژمێر لە کاتی بوونی هەر کێشە و گیروگرفتێک پەیوەندی بکەن وەکو هێلێکی گەرم.

شەشەم: بەڕێوەبەراتی گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی/ بەشی ڕاهێنان و پەرەپێدان

١- ئاسانکاری و ڕێگەپێدان بۆ دامەزراندنی (٤٩٥) کارمەندی ناوخۆ لە کۆمپانیا نەوتییەکان.

٢- ڕاهێنانی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی مەشق و ڕاهێنان (٨٨٤) قوتابی لە کۆمپانیا نەوتییەکان.

٣- سەردانی زانستی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان (١٠٦٧) قوتابی لە کۆمپانیا نەوتییەکان.

(ساڵی دووەم)

لە ئاستی چاکسازیدا:

هێڵی گشتی یەکەم: کاردەکەین بۆ چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی، لە مووچەخۆر و خانەنشین و چارەسەرکردن و ڕێکخستنەوەی دەوام و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەر هەر سەرپێچیەک کە لەم کەرتە کرابێت، ئەمەش لە ڕێگەی چەسپاندنی یاسا و دروستکردنی ئەنجومەنی ڕاژە و ئامادەکردنەوەی پرۆژە یاسای چاکسازی و ناردنەوەی بۆ پەرلەمان بە فۆرمێکی تازە و گونجاو.

ژ	چی کراوە	ئاستی جێبەجێکردن (%)
١	سەبارەت بە ئەم خاڵە کە لە سێ قوناغ پێکهاتووە (کۆکردنەوەی زانیاری و، وردبینی و نووسراوی فەرمی) کاری زۆری بۆ کراوە بەتایبەت لە بابەتی چاکسازی لە مووچەخۆر بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەت و لە ئێستادا لە قۆناغەکانی کۆتاییدایە.	**٩٥%** تەنها وردبینی کۆتایی ماوە بۆ ب.نەوت و کانزاکانی، هەولێر، سلێمانی، گەرمیان

هێڵی گشتی پێنجەم: بە هەموو توانامانەوە، ڕووبەڕووی هەموو جۆرە گەندەڵییەکی دارایی و کارگێڕی دەبینەوە و ڕێگر دەبین لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و زێدەڕۆیی بۆ سەر موڵک و مومتەلەکاتی هەرێم، ئەمەش لە ڕێگەی کاراکردن و پشتیوانی کردنی دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی.

ژ	چی کراوە	ئاستی جێبەجێکردن (%)
١	**١- دڵنیابوون لە تێچووی کۆمپانیا نەوتییەکان و بەدەستهێنانی زانیاری پیویست سەبارەت بە - تێچووی ڕاستەقینە.** **٢- دەرخستن و زانینی قازانجی ڕاستەقینەی کۆمپانیا نەوتییەکان.** **٣- شەفافییەتی زیاتر لە فرۆشتنی نەوت.** ئەم پرۆژەیە پێویستی بە چوار ساڵ هەیە کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ دەستبەکارکردن کراوەو قۆناغی باشی بڕیوە کە تێچووی بەکاربردنی کۆمپانیاکان کەمکراوەتەوەو بەدواداچون کراوە بۆ بابەتی "كلفة المستردة ".	**٧٥%** و بڕی ٥٣٠٠٠٠٠٠ ملیۆن دۆلار گەڕێندراوەتەوە بۆ حکومەت لە پرۆسەی ووردبینی پێش خەرج کردن و لە ڕێگەی دامەزراندنی سیستەمی PIMS

هێڵی گشتی شەشەم: کاردەکەین بۆ چەسپاندنی شەفافیەت لە گشت بوارە داراییەکانی هەرێمدا، بە تایبەت لە بواری داهاتە نەوتییەکانی هەرێم و داهاتە ناوخۆییەکان. بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە کاردەکەین بۆ دامەزراندنی سندوقی داهاتە نەوتییەکان بەپێی یاسای پەیوەندیدار.

ژ	چی کراوە	ئاستی جێبەجێکردن (%)
١	تایبەت بەم هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی حکومەت، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پاپەند دەبێت بەدانی سەرجەم زانیارییە داراییە پێویستەکانی پەیوەست بە مۆڵەتەکان و گرێبەستەکان بە سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان (KOTO)، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان مادەی (١٥)، بڕگەی سێیەم بەدیهاتنی شەفافییەت لەبواری نەوتدا.	

لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا:

هێڵی گشتی دووەم: کار دەکەین بۆ چارەسەرییەکی بنەڕەتی بۆ کێشەی کارەبا، لە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان و کەمکردنی بەهەدەردان و دابەشکردنێکی پێشکەتوو و گونجاوی کارەبا. هەروەها کار دەکەین بۆ ڕێکخستنەوەیەکی گونجاوی نرخی کارەبا و دامەزراندنی میکانیزمێکی کاریگەر و سەردەمیانە بۆ کۆکردنەوەی پارەی کارەبا لە بەکاربەران.

ژ	چی کراوە	ئاستی جێبەجێکردن (%)
١	ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر جێگرەوە بۆ وەبەرهێنانی کارەبا لەڕێگەی چەند جۆرێکی کانزا کە بە قەبارەیەکی ئابووری لە هەرێم هەیە وەك خەڵووزی ئەسفەلتی. ئەم پڕۆسەیە پێویستی بە ماوەی دوو ساڵ هەیە کە لە مانگی حەوتی ٢٠٢٠ دەست بە کارکردن کراوە. بۆ زیادبوونی بەرهەمی کارەبا لە ڕێی دروستکردنی وێستگەی کاربا کە بە خەڵوزی ئەسفەلتی کار دەکات. لە ئێستادا لە قۆناغی هێنانەوەی خەڵوز دایە.	**٢٠%** پڕۆژەی گەڕان (Exploration) بە دوای خەڵوزی بەردینی (ئەسفەلتاین) ئەنجام دراوە لەبەر نەسەقامگیری ناوچەکە و ڤایرۆسی کۆرۆنا
٢	**زیادکردنی ئاستی بەرهەمهینانی کارەبا** ١. زیادکردنی بەرهەمی (غاز) لە کێڵگەی غازی کۆرمۆر بە مەبەستی زیادکردنی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ هاووڵاتیان و پێدانی خزمەتگوزاری پێویست. ٢. زیادکردنی بەرهەمی غازی شل (LPG) بۆ بازاڕی ناوخۆ بە مەبەستی کەمکردنەوەی نرخی غاز لە بازاڕەکان بۆ هاووڵاتیان و هەروەها سەربەخۆیی ئابووری و پشت بەستن تەنها بە بەرهەمی ناوخۆ. ٣. دروستکردنی هەلی کار لە کێڵگە غازییەکان و هەروەها لە وێستگەکانی کارەبا. ٤. نەهێشتنی (قۆرخکاری) لەلایەن هەر بازرگانێك کە لە دەرەوەی هەرێم غازی (شل) هاوردە دەکات. **ئەم پڕۆسەیە لە قۆناغی سەرەتاییدایە لەبەر چەند هۆیەك:** - بەهۆی قەیرانی دارایی. - ڤایروسی کۆرۆنا.	**٣٠%** ئەنجامدراوە و پێشبینی ورد ئەوەیە کە لە ماوەی دووساڵی تردا ١٠٠% تەواو دەبێت و نزیکەی (١٠٠٠) هەلی کار دروست دەکەین.

هێڵی گشتی دەیەم: ژینگەی کوردستان گەورەترین سەرمایەی هەرێمە و کار دەکەین بۆ پاراستنی ژینگە و پەرەپێدان بە کلتوری ژینگە پارێزی. کار دەکەین بۆ بەکارخستنی سیستەمێکی پێشکەوتووی ریسایکل و چارەسەری زبڵ و خاشاک وکەمکردنەوەی مەترسییە ژینگەییەکان.

ژ	چی کراوە	ئاستی جێبەجێکردن (%)
١	• **پاراستنی ژینگە و پەرەپێدان بە کلتووری ژینگە پارێزی:** بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی پیسبوونی ژینگە لێرەدا پێویستە ئاماژە بەجۆر و کوالێتی بەرهەم هێنانی بەنزین و گازئۆیل و گازی شل بکەین. چونکە ئەم سوتەمەنییانە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە. بۆ نموونە ئەگەر هەریەك لەم بەرهەمانە بەتایبەتی بەنزین بەکوالێتی بەرز دروست نەکرێت، دەبیتە هۆی پیسبوونی ژینگە. لەبەر ئەوەی کوالێتی خەراپ دەبێتە هۆی توشبوون بە نەخۆشی شیرپەنجە بەهۆی دروستبوونی مادەی مەترسیدار. سەرەڕای بوونی بەنزینی نادروست کە کوالێتیان خراپە لە پاڵاوگەکان، بیرە نەوتییەکانیش و بەرهەمهێنانی نەوتی خاو ئەوانیش دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە، بەتایبەتی دەبنە هۆی پیسبوونی ئاوی ژێر زەوی ئاو و هەوای ناوچەکان، سەرەڕای ئەو گاز و مەوادانەی کە لەبەکارهێنانی کارکردنی یەکەکانیان دەردەچێت ئەگەر چارەسەری گونجاویان بۆ نەکرێت زیانی زۆر کوشندە دەبێت بۆ مرۆڤایەتی بۆ چەندین نەوەی داهاتوو هەروەها زیانی لەسەر زیندەوەریش بەهەمان شێوە هەیە. ئەم پڕۆسەیە تەواو بووە ڕاپۆرتی بۆ ئامادەکراوە دەتوانین بڵێین کە ئامانجەکەی خۆی بەدیهێناوەو لیژنەیەك لە وەزارەتمان هەیە کە بەردەوام چاودێری و بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە دەکات تا زیاتر بەرەو پێشەوەچوون بە خۆیەوە ببینێت.	١٠٠% ئەم پڕۆسەیە بەردەوامە بۆ زیاتر باشکردنی کوالێتی بەرهەمە نەوتییەکان
٢	• **وەزارەت پلانی ساڵانەیان هەیە بۆ چەندین ئامانجی جیاواز بۆ پاراستنی ژینگە بەبەردەوامی:** - پابەندکردنی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز بە ڕێکارەکانی پاراستنی ئەو کارمەندە بیانی یان ناوخۆیانەی لە کۆمپانیاکان کاردەکەن. - کەمکردنەوە یان نەهێشتنی مەترسییەکانی تەندروستی و سەلامەتی. - پاراستنی کەلوپەلەکان کە لەلایەن کۆمپانیاکان بەکاردەهێنرێت بۆ پاراستنی داهات. - لەکاتی هەبوونی ڕووداوی نەخوازراو بۆ دیاریکردن و پاراستنی مافەکانی کەسی بەرکەوتوو بە ڕووداوی نەخوازراوە. - وەرگرتنەوەی زەوی بلۆکە بەکارهاتووەکان کە لەلایەن کۆمپانیاکان بەکارهاتووە دوای جێهێشتنی کۆمپانیاکان بە هەر هۆکارێک بێت. - پابەندکردنی کۆمپانیاکان بە گەڕاندنەوەی ژینگەی زەویەکە بۆ دۆخی جارانی. - پابەندکردنی کۆمپانیاکان بەجێهێشتنی زەویەکە بە سەلامەتترین شێوە. - پابەندکردنی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز بە پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان و سەلامەتی کارمەندان و هاووڵاتیان. - دیاریکردنی گشت مەترسییەکان لەسەر ژینگە و خاک و ئاو و هەوا، بەر لە دەستپێکردنی پڕۆژەکە. - پابەندکردنی کۆمپانیاکان بە ڕێکارەکانی کەمکردنەوەی مەترسییەکان. - پابەندکردنی کۆمپانیاکان بەو پلان و ڕێکارانەی لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێکردبوو دوای دەستپێکردنی پڕۆژەکە. - سەردانکردنی ئەو شوێنەی کە لە ڕاپۆرتەکە باسکراوە بۆ دڵنیابوون. - پابەندکردنی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز بە پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان و سەلامەتی کارمەندان و هاووڵاتیان.	١٠٠% ئەم پڕۆسەیە بەردەوامە

	- پابەندکردنی کۆمپانیاکان بەو ڕێکارانەی لەکاتی ڕووداوە لەناکاوەکان دیانگرێتە بەر بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان. - پابەندکردن بە لێکۆڵینەوە و دەرخستنی هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو ڕووداوەی کە ڕوودەدات بۆ ڕێگەگرتن لە دووبارە ڕوودانی. - دیاریکردن و دەرخستنی ڕێژەی زیانەکان. - پابەندکردنی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز بە پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان و سەلامەتی کارمەندان و هاووڵاتیان. - دیاریکردنی گشت مەترسییەکان لەسەر ژینگە و خاک و ئاو و هەوا. - پابەندکردنی کۆمپانیاکان بە ڕێکارەکانی کەمکردنەوەی مەترسییەکانی سەرپێکهاتەکانی ژینگە. ٢- کار دەکەین بۆ پاراستنی ژینگە لەڕێگەی تاقیگە زانستییەکانەوە پاراستنی ژینگە لەڕێی زیادکردنی ئاستی کواڵیتی بەرهەمە نەوتییەکان لەڕێی زیادکردنی ژمارەی پشکنینەکان بۆ ڕوونی بزوێنەر، بەنزین و گازوایل. ئەم پڕۆسەیە لە قۆناغی یەکەمدایە بەهۆی قەیرانی دارایی و هەروەها ڤایروسی کوروناوە.	

لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

هێڵی گشتی شەشەم: هەوڵدەدەین هەرچی زووترە، دۆسییەی نەوت و گاز لەسەر بنەمای مادەی ١١١ و ١١٢ی دەستوری عێراقی فیدراڵ چارەسەر بکەین و یاسای نەوت و گاز لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەربچێت. هەروەها هەوڵدەدەین دەستەی گشتی چاودێری داهاتەکانی فیدراڵی وەک لە مادەی ١٠٦ی دەستوردا هاتووە دابمەزرێت.

ژ	چی کراوە	ئاستی جێبەجێکردن (%)
١	حکومەت هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە گفتوگۆکردن بە ئامانجی ئەوەی لەگەڵ حکومەتی بەغدا بگاتە ڕێککەوتن.	٨٥%

لە ئاستی ئابووری و داراییدا:

کاردەکەین بۆ ئەوەی ئابووری هەرێم فرەچەشن و فرەڕەهەند بێت و تەنیا پشت بە نەوت و غاز نەبەسترێت، بۆ ئەم مەبەستە پەرە بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری دەدەین و هەوڵ بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی لەم کەرتانەدا دەدەین.

ژ	چی کراوە	ئاستی جێبەجێکردن (%)
١	بەمەستی گەشەپێدان بە ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان پێدانی دوو مۆلەت بۆ وەبەرهێنان لە خەلوزی بەردینی (ئەسفەڵتاین) کە لە ٢٠١٩ دەستی پێکردووەو لە دوا قۆناغی گەڕان دایە (Exploration).	٢٠% بەرەوپێش چووە لەبەر ناسەقامگیری ئاسایشی ناوچەکە و ڤایروسی کۆرۆنا

(ساڵی سێیەم)

لە ئاستی چاکسازیدا:

١- بڵاوکردنەوەی زانیاری تەواو لەسەر داهاتی فرۆشتنی نەوت لەڕێگای ڕاپۆرتی دامەزراوەی دیلیۆت.

٢- لەدوای ساڵی ٢٠٢٠ و تائێستاش حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی بەغدا تاکو بگاتە ڕێککەوتن سەبارەت بە دۆسییەی نەوت و گاز لەسەر بنەمای مادەی (١١١ و ١١٢) ی دەستوری عێراقی فیدراڵ، تا یاسای نەوت و گاز لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەردەچێت، سەرەڕای هەوڵدانی وەزارەت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وەزارەتی نەوتی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ بەرژەوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

٣- بە ڕەچاوکردنی پاراستنی ژینگە و تەندروستی هاووڵاتیان بەمەبەستی چاکسازیکردن لە ڕێکارەکانی ڕێگەپێدان بۆ شەفافیەت لە داهاتی مۆڵەت پێدان بۆ هاوردەکردنی کەل و پەل و مادده پێویستەکان و بەرهەمە نەوتییەکان و پاشماوەکانی و مادده کیمیاییەکان بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆرمێکی تایبەت کە تەواوی زانیارییە پێویستەکان تێدا هاتووە و ووردبینی دەکرێت لە لایەن لیژنەی تایبەت لە وەزارەت دواتر نووسراوی ڕێگەپێدانیان بۆ دەکرێت بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان.

٤- ڕایی نەکردنی هیچ کاروبارێکی کۆمپانیاکان بێ دڵنیابوون لە پێدانی باج بەپێی ڕێنماییەکان .

٥- چاکسازی لە بەڕێوەبردنی پڕۆسەی تەندەرەکان، جێبەجێکردنی پڕۆگرامی پێداچوونەوەی تەندەرەکان کە ئەمانەی لە خۆ گرتووە:

- پێداچوونەوە بە ستراتیژی تەندەر و هەڵسەنگاندنی تەکنیکی و بازرگانی و بەخشینی گرێبەست.
- کردنەوی تەندەرکان لە وەزارەت لە ژێر چاودێری کامێرایی بۆنەهێشتنی دەرچوونی هیچ زانیاریەك دەربارەی تەندەرەکان.
- پەرەپێدان و باشترکردنی ڕێنمایی دەربارەی تەندەرەکان.

٦- بەردەوامیدان بە پەیوەندی نێوان کۆمپانیا نەوتییەکان (IOC) و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٧- دروستکردنی (Mailbox) بەمەبەستی ئەرشیف کردنی زانیاری کێڵگە نەوتییەکان.

کەمکردنەوەی ڕۆتین:

١- گرنگی تەواو بە پاراستنی ئاسایشی کۆمپانیا نەوتییەکان و لابردنی هەر کۆسپ و ڕێگرییەك لە پەرەپێدانی کارەکانیان و ڕەخساندنی بارێکی ئەمنی گونجاو.

٢- کەمکردنەوەی ڕۆتین و ڕایکردنی کاروباری دیوانی وەزارەت و گونجاندنی بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان لە زۆربەی کاتدا وەڵامی نووسراوەکان لەڕێگەی ئیمێڵ بۆ لایەنی پەیوەندیدار دەنێردرێتەوە.

٣- کەمکردنەوەی ڕۆتین سەبارەت بە بابەتی مەشقی هاوینە و گەشتی زانستی قوتابیان بەجۆرێك کە تەنیا یەك جار قوتابی سەردانی وەزارەت دەکات و دواتر هەموو کارەکان وەزارەت جێبەجێ دەکات وە پلان هەیە بۆ ساڵی داهاتوو ئەم خزمەتە بکرێتە ئونلاین.

٤- لە ئێستادا کار دەکرێت لەسەر بە ئەلیکترونیکردنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لە دیوانی وەزارەت و گشت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان.

لە چوارچێوەی کارنامەی حکومەتی هەرێم لە بواری چاکسازی ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێ کراون:

١- کەمکردنەوەی خەرجی تەشغیلی لە دیوانی وەزارەت و کەمکردنەوەی خەرجی لەسەر پێشینەی بەردەوامی وەزارەت تەنها بۆ خەرجی زۆر پێویست.

٢- بە ئامانجی زیادکردنی هەلی کار بۆ هاووڵاتیان و زیادکردنی داهاتە (نا نەوتییەکان) بۆ حکومەتی هەرێم و وەزارەت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی کانەبەردەکانەوە وەزارەت هەستاوە بە پێدانی (٦٢١) مۆڵەتی کانگا لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان و کۆی گشتی داهات بە دینار (١٣،٥٢٤،٠٣٤،٠٠٠) بۆ هەر سێ ساڵی (٢٠١٩ ، ٢٠٢٠ ، ٢٠٢١).

٣- سەبارەت بە پاسەوانی بیرە نەوتییەکان لەساڵی ٢٠١٩ وە تاکو ئێستا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- دانانی میکانیزمێک بۆ پێدانی پارەی هێزی پۆلیسی نەوت لەلایەن کۆمپانیاکانەوە، کە بە هەماهەنگی لە نێوان کۆمپانیاکان و هێزی پۆلیسی نەوت ڕۆژانە لە ڕێگای پڕکردنەوەی فۆرمێکەوە دەبێت و ئامادەبووان دیاری دەکرێت لەلایەن نوێنەری هەردوولا واژوو دەکرێت و مانگانە ڕەوانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکرێت و لەسەر ئەو بنەمایە ئینقۆیس بۆ کۆمپانیاکان دەکرێت بەشێوەیەکی شەفاف بەمەبەستی زیادکردنی داهات و گێڕانەوەی خەرجییەکی زۆر بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و توندوتۆڵکردنی پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان لە ڕووی ئاسایشەوە.

- لابردنی کۆمپانیا سیکیوریتی کە لە جێگای هێزی پۆلیسی نەوت و گاز لە کێڵگەکانی نەوت کار دەکەن و دانانی هێزی پۆلیسی نەوت و گاز لە کێڵگەکان.

- چاودێری کردنی بەردەوامی بۆری هەناردەکردنی نەوتی هەرێم زۆر بەچڕی و گرتنی چەندین باندی نایاسایی و بە فیڕۆدانی سامانی گشتی و پێکهێنانی لیژنەیەک لە هەردوو هێزی لیوای (١ و ٢)ی پۆلیسی نەوت بە مەبەستی پشکنینی بەردەوامی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئەمنییەوە بۆ ڕێگری کردن لە دروست بوونی ئەو سەرپێچیانەی کە لە ڕابردوودا هەبوون .

٤- ئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا بۆ فرۆشتنی پاشماوەی نەوتی و کەل وپەلی لە کارکەوتوی نەوتی و گەڕاندنەوەی داهات بۆ حکومەت کە بە پێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسای بەکرێدان و فرۆشتنی موڵك و ماڵی دەوڵەت ئەنجامدراوە.

٥- دەستنیشان کردن و دیراسەت کردنی چەندین پڕۆژە سەبارەت وەبەرهێنانی نوێ و بەردەوام لە بوارەکانی (خەڵووزی بەردین، بارایت، جبسوم بورد، چیمەنتۆی ئاسایی و سپی) ، لە ئێستادا ئامادەکاری دەکرێت بۆ دەرکردنی یاسای وەبەرهێنانی کانزایی لە هەرێمی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەیەکی تری داهات بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٦- دارشتن و پەرەپێدانی سیستەمێکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆسەی تەندەرەکان و گرێبەستەکان پەیوەست بە کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکان.

٧- چاکسازی لە بەڕێوەبردنی بەرهەمە نەوتییەکان (Downstream).

بەرهەمە پاڵاوراوەکان:

- لە کانونی دووەمی ٢٠٢٢ میکانیزمێکی نوێ ناسێندرا بۆ بەرهەمە دەرهێنراوەکان لەگەڵ بەکارهێنەرە کۆتاییەکان وەك وێستگەی بەرهەمهێنانی ووزە.
- وردبینیکردنی لە گرێبەستی پاڵاوتنی نەوت.
- پرۆژەی دابەشکردنی (١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) لیتر بەنزینی حکومی بەسەر ئەو بەنزینخانانەی کە دەکەونە ئەو شوێنانەی کە خەڵکی کەم دەرامەتی تێدا نیشتەجێن.

چاودێری کردنی کوالێتی و نرخی بەنزین:

- پێکهێنانی لیژنەیەك بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگاکان و قائمەقامیەتەکان سەردانی وێستگەکانی سووتەمەنی دەکەن بە بەردەوامی.
- پشکنینی سەرجەم ئەو بەنزینانەی کە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە لە مەرزەکان هاوردە دەکرێت و ئەوەی شیاو نەبێت دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی لێی هاوردەکراوە، بۆ نموونە لە مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان لەگەڵ کۆمپانیای لۆکس ئەجێنسی پشکنین بۆ ئەو بەنزینانە دەکرێت .
- لە کاتی پێویست لە رێگەی لیژنەکانی قائمقامیەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتمان سەردانی وێستگەکان دەکرێت و نمونەی بەنزین وەردەگیرێت و دەبرێتە تاقیگەکان تا پشکنینی بۆ ئەنجام بدرێت.
- پشکنین بۆ سەرجەم ئەو بەنزینانەی کە لە لایەن حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ بۆ وێستگەکان دەنێردرێت و بەدواداچوون دەکرێت لەم وێستگانی ئەم بەنزینانە دابەش دەکەن.
- پشکنین بۆ ئەو تانکەرانەی کە بەنزین بۆ پێشمەرگە دابین دەکەن.
- هەر وێستگەیەك بەنزینەکەی لە پشکنین دەرنەچێت لە قۆناغی یەکەم بەڵێننامەی لێوەردەگیرێت لە کاتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچیەکان ئەوا غەرامە دەکرێت و دادەخرێت .

٨- چاکسازی لە پرۆسەی رێگەپێدانی هاوردەکردنی بەرهەم و کەڵوپەلە نەوتییەکان لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکان و کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکان.

٩- پەرەپێدان و چاکسازی لە کاروباری دارایی و ووردبینی کۆمپانیا نەوتییەکانی بیانی و خۆماڵی و پاڵاوتگەکان.

١٠-چاکسازی لە بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت Upstream & Midstream .

دەرکردنی ڕێنمایی چاودێریکردنی نەوتی خاو کە ئەمانە لە خۆ دەگرێت:

- پێوەری کوالێتی بەرهەمهێنەرانی نەوت و ڕێ و شوێنەکانی تایبەت بە چاودێریکردن و ئامادەکردنی راپۆرت.
- دانانی پێوەر بۆ کوالێتی نەوت بۆ کومپانیای نەوتی کوردستان (KPC)، دانانی رێ و شوێنەکانی تایبەت با چاودێری کردن و راپۆرتکردن.

چاودێری کردنی تایبەتمەندییەکانی نەوتی خاو:

- لە کانونی دووەمی سالی ٢٠٢٢ میکانزمی نوێ پێشکەش کراوە بۆ بەراوردکردنی تایبەتمەندییەکانی نەوتی خاوی بەرهەم هێنەرانی نەوت لە گەڵ تاقیکردنەوەیەکی تایبەت کە لەلایەن کۆمپانیای بۆری نەوتی کوردستان (KPC) ئەنجام دراوە.
- رێکەوتننامەی پابەندبوون و رێکارەکانی بارکردنی نەوت.

بۆری نەوتی کوردستان:

- پرۆتۆکۆلی نوێ دامەزرێنرا بۆ پرۆسەی خاوێنکردنەوە و چاککردنەوەی بۆری نەوت.
- جێبەجێکردنی شێوازی نوێی پێوانەکردنی نەوتی هەناردەکراو.

لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا:

١- سەبارەت بە مەشقی هاوینە و گەشتی زانستی بۆ قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان " سەرەڕای هەبوونی نەخۆشی کۆرۆنا و رێکارە خۆپارێزییەکان توانراوە ئاسانکاری زۆر بۆ قوتابیان بکرێت تا بتوانن مەشقی هاوینە و گەشتی زانستی ئەنجام بدەن لە کۆمپانیا نەوتییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢١ مەشقی هاوینە بۆ (٣٣٤) قوتابی و (١٢٧) گەشتی زانستی بۆ قوتابیان ئەنجامدراوە.

٢- جگە لە دابین کردنی نەوتی سپی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کە بەلێن درابوو (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا ملیۆن لیتر دابین بکرێت و پابەند نەبوون بە فەرمانیان بەمەبەستی هاوکاری کردنی هاووڵاتیان لەسەرمای زستان بۆ پاراستنی ژینگە بۆ رێگرتن لە برینەوەی دار. وەزارەت لەسەر داهاتی خۆی لەسەر بریاری بەرێز سەرۆك وەزیران هەستا بە دابینکردن و دابەشکردنی بری (١١٠،٧٥٨،٨٦) لیتر بەسەر ناوچە شاخاوییەکان و دەوروبەری هەرچوار پارێزگای هەرێم (هەولێر ، دهۆك، سلێمانی ، هەڵەبجە).

٣- دابینکردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبای هەرێم کە ساڵانە دەخەملێنریت بە بڕی (١) ملیار دینار .

٤- دابەشکردنی بەنزینی ناوخۆیی بە میکانیزمێکی گونجاو کە بەڕێوەبەرایەتیەکانی نەوت و کانزاکانی سەر بە وەزارەت لە پارێزگاکان هەڵدەستن بە دابەشکردنی بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگاکان بە پێکهێنانی ژوورێکی ئۆپەراسیۆن کە پێکهاتووە لە قایمقامەکان و پۆلیس و لیژنەی پشکنینی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی نەوت و کانزاکان کە تیایدا کۆنترۆڵی بڕ و جۆری بەنزینەکە دەکرێت لە گەڵ سزادانی هەر سەرپێچی کارێك چ لە لایەن بەنزینخانەوە کرابێت یاخود کۆمپانیاکانەوە بێت و دابەشکردن بە گوێرەی شوێنی جوگرافی بەنزینخانەکان لە ناو شار و دەرەوەی شارەکانە بەڕەچاوکردنی بارودۆخی هاووڵاتیانی کەمدەرامەت و بەپێی بڕی بەردەست بەبێ جیاوازی.

٥- دابینکردنی بەنزین بۆ دام و دەزگا خزمەتگوزارییە حکومییەکان کە راستەوخۆ خزمەت بە هاووڵاتیان دەگەیەنن وەك وەزارەتی تەندروستی و دەزگا ئەمنیەکان و هتد.

٦- دابینکردنی غازی شلی پێویست بۆ کارگەکان و دڵنیابوون لە کوالیتی و گونجاوی نرخی و گەیاندنی (غازی ماڵان) بۆ هەموو پاریزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان بەبێ جیاوازی بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی ئابووری هاووڵاتیان.

٧- سەرەڕای بەرزبونەوەی نرخی برێنت کە نرخێکی جیهانییە و کاریگەری تەواوی هەبووە لەسەر بەرزبونەوەی نرخی بەنزین و تەواوی سووتەمەنییەکانی تر لە هەموو جیهاندا و لە ناویشیاندا هەرێمی کوردستان بێبەش نەبووە لەم بەرزبونەوەیە. وەزارەت بەردەوام لە هەوڵدان دا بووە بۆ دابەزاندنی هەر ڕسوماتێك و داهاتێك کە لە دەسەڵاتی دابێت بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان بۆ مەبەستی دابەزاندنی نرخی بەنزین سەرەڕای دابینکردنی سووتەمەنی کە ڕاستەوخۆ لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەکار دەهێنریت بە ڕێژەی (١٥٥٩ دینار) کەمتر لەنرخی برێنت کە ئەمەش لە پێناو سوودمەندبوونی هاووڵاتیان کاریگەریەکی زۆری هەبووە .

٨- گرنگیدان بە داواکاری هاووڵاتیان لە ناوچە کێڵگە نەوتییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان بە هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٩- پرۆسەی داڕشتنەوە و بەڕێوبردنی کێڵگەکانی کەرتی نەوت و گاز (MC).

بلۆکی تاوکێ :

- پێداچوونەوە و بەخشینی گرێبەست بۆ قۆناغی دووەمی پرۆژەی غازی پێشکەبیر.
- جێبەجێکردنی داواکاری پاشماوەی ماددە (Scrap Material).
- پێداچوونەوە و پەسەندکردنی نامەی داواکردنی داتا و زانیاری بۆ خوێندکارانی (PHD& MSc).
- پەسندکردنی پاداشتی قەرەبووکردنەوەی زەوی بۆ ئەندامانی لیژنەی قەرەبووکردنەوە.

بەعشیقە:

- پێداچوونەوە و پەسەندکردنی پلانی پەرپێدانی کێڵگەکانی نەوتی بەعشیقە (FDP).
- هەماهەنگی وەرگرتنی مۆڵەتی ئاسایش بۆ کۆمپانیا خزمەتەگوزارییەکان بە هۆی هەستیاری ناوچەی بەعشیقە.

خورمەڵە:

- هاندان لە سەر هەڵکۆڵینی پێنج بیری نوێی پڕکردنەوە بۆ پاراستن و بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان.
- کارکردن بۆخێراکردنی پرۆسەی پڕژاندنی ئاو بۆ ناو عەمباری نەوتی ژێرە زەوی(Water Injection).
- کارکردن بۆ ئەنجامدانی قۆناغی دووەمی پرۆژەی چارەسەرکردنی غاز،کە دەبێتە هۆی نەهێشتنی سووتانی غاز لە کێڵگەی خورمەڵە.

ئەتروش:

- دانوستاندن لەگەڵ کۆمپانیای (TAQA) بۆ تەواوکردن و ناردنی پێشنیاری سەرەتایی سەبارەت پرۆژەی چارەسەرکردنی غاز تا کۆبوونەوەی داهاتووی کۆمیتەی بەڕێوەبردن (MANCOM)
- ڕێنمایی کردنی (TAQA) بۆ نوێکردنەوەی سیستەمی چارەسەرکردنی تێکەڵەی ئاو-نەوت (Wet oil)ی بەرهەمهاتوو لە کێڵگەی ئەتروش.

لە ئاستی پاراستنی ژینگە:

ژینگەی کوردستان گەورەترین سەرمایەی هەرێمە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کاردەکات بۆ زیاتر پاراستن و پەرەپێدان بە کلتوری ژینگە پارێزی بۆ ئەم مەبەستەش ئەم کارانە جێبەجێ دەکرێت :

١- وەك تەواو کارییەك بۆ پرۆژەکان لە ساڵی ٢٠١٩ تا ئێستا لیژنەیەك پێکهێنراوەلە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی لێکولینەوەیەکی گشتگیر لەسەر ئەم پاڵاوتگە تایبەتانەی کە نایاساین و پێچەوانەی ڕێنماییەکانن و دوای تەواو بوونی کارەکانی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل بەرزکراوەتەوە بۆ لایەنی پەیوەندی دار .

٢- تیمێکی تایبەت بە ژینگە لە وەزارەتی سامانەسروشتییەکان لەدوای جێهێشتنی بلۆکی نەوتی لەلایەن کۆمپانیاکان هەڵدەستێت بە پشکنینی زەوی بلۆکەکە لەڕووی سەلامەتی و ژیتگەییەوە و پاپەندکردنی کۆمپانیاکان بە جێهێشتنی زەویەکە بە سەلامەترین شێوە، لە ساڵی ٢٠٢١ دوو بلۆك پشکنینی بۆکراوە.

٣- تیمێکی تایبەت لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سەردانی بلۆکە نەوتییەکان دەکەن کە کۆمپانیاکان کاری تێدادەکەن بە مەبەستی پابەندکردنی کۆمپانیاکان لە ڕووی سەلامەتی کارمەندان و هاووڵاتیان بۆ کەم کردنەوەی ڕووداوی نەخوازراو و لەم ساڵدا (٣٥) سەردان ئەنجامدراوە

٤- سەردانی دەوری ئەنجامدەدرێت بۆ پاڵاوتگە ناوخۆییەکان بەمەبەستی کەمکردنەوەی زیانەکان و جێبەجێکردنی ڕێکارە ژینگەییەکان لەم ساڵدا (٥٠) سەردان ئەنجامدراوە.

٥- تیمێکی تایبەت لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێکی نەخوازراو سەردانی بلۆکی نەوتی دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری ڕووداوەکە و ڕێگری کردن لە دووبارە نەبوونەوەی، و لە ئەم ساڵدا (١١) لێکۆڵینەوەی کراوە.

وەزارەتی تەندروستی

وەزارەتی تەندروستی

لە ئاستی چاکسازیدا:

بڕگەی یەکەم: کاردەکەین بۆ چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی، لە مووچەخۆر و خانەنشین و چارەسەرکردن و ڕێکخستنەوەی دەوام و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەر هەر سەرپێچیەک کە لەم کەرتە کرابێت، ئەمەش لە ڕێگەی چەسپاندنی یاسا و درووستکردنی ئەنجومەنی ڕاژە و ئامادەکردنەوەی پڕۆژە یاسای چاکسازی و ناردنەوەی بۆ پەرلەمان بە فۆرمێکی تازە و گونجاو.

- دەرچووواندنی پڕۆژە یاسای مافی نەخۆش بۆ خزمەتکردنی زیاتری نەخۆش و پاراستنی ماف و تایبەتییەکانی. دەرچووواندنی ڕێنمایی بۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان سەبارەت بە یاسای مافی نەخۆش.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاساکانی بیمەی تەندروستی، کەرتی گشتی و تایبەت، نەخۆشخانە تایبەتەکان، مافی پزیشکان، ئەنجومەنی پزیشکی.
- هەموارکردنی یاسای وەزارەتی تەندروستی بەجۆرێك کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا و خزمەتگوزاری تەندروستی بگونجێت.
- پێداچوونەوە بە لیستی فەرمانبەران و دەرچووواندنی فەرمانی خانەنیشینی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی گەیشتوونە تەمەنی خانەنیشینی.
- بەردەوامی کارەکانی ڕیفۆرمی سەرتاسەری لە سیستەمی تەندروستی بەهاوکاریی تیمی ڕاوێژکاری تەندروستی نێودەوڵەتی (ئێنرا)، ئەم پڕۆژەیە ئێستا چۆتە قۆناغی جێبەجێکردن دوای کۆکردنەوەی زانیاری پێویست و هەڵسەنگاندنی سیستەمی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی کارە پێویستەکان. شاندێک لە وەزارەتی تەندروستی کە پێکهاتبوون لە ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی تەندروستی لە وەزارەتی تەندروستی و پارێزگاکان سەردانی تورکیایان کرد بە مەبەستی بەشداریکردن لە وۆرکشۆپی ڕیفۆرمی تەندروستی بەهەماهەنگی ڕاوێژکارانی نێودەوڵەتی و ئامادەکاری پێویست بۆ دەستپێکردنی ڕیفۆرمی تەندروستی سەرتاسەری.

بڕگەی دووەم: کار دەکەین بۆ نەهێشتنی ڕۆتین و هەروەها خێراکردنی ڕاپەراندنی ئیش و کاری هاووڵاتیان و ڕێزگرتن لێیان لە داموودەزگا فەرمییەکاندا. بە کردەوە هەوڵ دەدەین بۆ بەخزمەتگوزارکردنی دامەزراوە حکومییەکان لە ئاست هاووڵاتیاندا. لە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەرچی زووترە پەرە بە خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان دەدەین.

- بە ئۆنلاین کردنی دابەشکردنی پزیشکان و دەرچووواندنی ڕێنمایی یەکگرتوو بۆ هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەت بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و شەفافییەت و دادپەروەریی زیاتر لە دابەشکردنی پزیشکان بەسەر قەزا و ناحیەکان.

- دەرچوواندنی ڕێنمایی گشتی بۆ پێشکەشکردنی پزیشکان بۆ پسپۆڕییەکان و بەشەکانی پەیوەست بە نیشتەجێی دێرینی و هەوڵدان بۆ بە ئۆنلاینکردنی پێشکەشکردن.
- ئامادەکردنی پۆرتاڵی خۆتۆمارکردنی پێشوەختە بەشێوەی ئۆنلاین تایبەت بە وەرگرتنی ڤاکسین بەمەبەستی کارئاسانیکردن بۆ هاووڵاتیان و وەرگرتنی ڤاکسین. ساڵی دووەمی کابینەی ٩ دەستپێکردووە و پۆرتاڵ و سیستەمەکە تەواو بووە بەردەوام تاکو ئێستا هاووڵاتیان سودی لێ دەبینین.
- ئامادەکردنی پۆرتاڵی تایبەت بەمەبەستی پشکنینی کۆرۆنا و وەرگرتنەوەی ئەنجامەکان بەشێوەی ئۆنلاین. ساڵی دووەمی کابینەی ٩ دەستپێکردووە و پۆرتاڵ و سیستەمەکە تەواو بووە بەردەوام تاکو ئێستا هاووڵاتیان سوودی لێ دەبینین.

بڕگەی سێیەم: نابێ بەرپرسانی باڵای حکومەت پێگەی کارگێڕی خۆیان بۆ بازرگانی و دەوڵەمەندبوون بەکاربهێنن. بە پشت بەستن بە یاسا بەرکارەکانی هەرێم، نابێ بەرپرسان کاری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنان بکەن و لێپرسینەوە لە هەر سەرپێچییەک لەم بوارەدا دەکەین.

- **دەرچوواندنی ڕێنمایی پێویست بۆ پاڵپشتی لەم بڕگەی بەرنامەی کابینەی نۆیەم:**

- نابێت هیچ فەرمانبەرێکی (KMCA) کاربکات لە کەرتی تایبەت لە بواری دەرمان یاخود پشکی هەبێت. بەپێی نووسراوی ژمارە ١٠٢٤/٦/١ لە ٢٠٢٠/٣/٢
- گشت ئەو پزیشک و فەرمانبەرانەی کە لەکۆمپانیاکانی بواری دەرمان و تاقیگە کاریان دەکرد ڕاژەکانیان گواستراوەتەوە لە بەڕێوەبەرایەتی جۆری دەرمان و کوالێتی کۆنترۆڵ.

بڕگەی چوارەم: ئەنجامدانی ئیفاد و سەفەر و بەستنی کۆنگرە و کۆنفراس، بە پێی پێویستی دەبێت و ڕێگە لە بە هەدەردانی سامان و خراپ بەکارهێنان و بەلاڕێدابردنێک لەم بوارانەدا دەگرین.

- ژمارەی ئیفاد و سەفەر لەماوەی سێ ساڵی کابینەی نۆیەم بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر کەمکراوەتەوە، بەشێکی بەهۆی پەتای کۆڤید بەڵام ئەوە کاری نەکردە سەر ئاستی ڕاهێنان و خولەکان کە بەردەوام بەشێوازی ئۆنلاین ئەنجامدەدران.
- شاند نەکردنی پزیشکی و کارمەندی تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتی کوالێتی کۆنترۆڵ بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی بە پێی نووسراوی ژمارە ٤٠٦٠/٦/١ لە ٢٠٢٠/١١/٢٢
- ڕاگرتنی قەرەبووکردنەوەی ئەو نەخۆشانەی کە بەبێ ئاگاداری سەندوقی کۆمەک سەردانی نەخۆشخانە تایبەتەکان یان دەرەوەی وڵاتیان دەکرد. ئامانجی سندووقی کۆمەک ئەوەیە کە نەخۆشانی شێرپەنجە لە گشت پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی سەنتەر و نەخۆشخانەکانی سەر بە سندووقی کۆمەک چارەسەر وەربگرن وە ئەگەر پێویستیان بە دەرەوەی وڵات بوو ئەوا لەڕێگەی لیژنەی پزیشکی پسپۆری هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت و ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێن.

بڕگەی پێنجەم: بە هەموو توانامانەوە، ڕووبەڕووی هەموو جۆرە گەندەڵییەکی دارایی و کارگێڕی دەبینەوە و ڕێگردەبین لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و زێدەڕۆیی بۆ سەر موڵک و مومتەلەکاتی هەرێم، ئەمەش لە ڕێگەی کاراکردن و پشتیوانیکردنی دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی پەرلەمان و دیوانی چاودێریی دارایی و دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی.

- **نەخۆشخانەو سەنتەرە تایبەتەکان:**

پاڵپشت بە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی تەندروستی لە ماوەی دەستبەکاربوونی کابینە چەندین ڕێکار و ڕێنمایی نوێی دەرچوواندووە سەبارەت پێداچوونەوە بە سەنتەر و نەخۆشخانە تایبەتەکان بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کەرتی تایبەت و ڕێگریکردن لە گەندەڵی و قۆرخکردن، خشتەی خوارەوە پوختەی گرنگترین ڕێکارەکانە.

١. ڕێکخستنەوە و بەرەوپێشبردن و باشترکردنی کاری نەخۆشخانە و سەنتەر و کۆمەڵگە تایبەتەکان، بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە: ١٣٥ لە ٢٠٢٠/١/١٢:

- کردنە مەرج کە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی تایبەت دەبێت (خانەنشین) یاخود (متفرغ) بێ بۆ ئەوەی بەتەواوی ئامادەبێ و خۆی تەرخان بکات بۆ سەرپەرشتیی نەخۆشخانەکان. پێش ئەو بڕیارە بەڕێوەبەر لە چەند شوێنێکی تر ئەرکی لە ئەستۆ گرتبوو ئەوەش کاریگەریی نەرێنی هەبوو لەسەر بەڕێوەبەردن.
- بەمەرجکردنی ئەوەی کە هەر پزیشکێک سەرپەرشتیاری نەخۆشخانەیەک یاخود سەنتەرێکی تر لە ئەستۆی دەبێت نۆرینگەی پزیشکییەکەی لەناو هەمان شوێن بێت. وە هیچ نەخۆشخانە و سەنتەر و نۆرینگەیەکی تری لە ئەستۆ نەبێ.
- ڕێکخستنی وەرگرتنی ڕسوماتی پێدانی مۆڵەتە بە نەخۆشخانە تایبەتەکان کە نەخۆشخانەی تایبەت پۆلێن کرا بۆ ٣ جۆر:
  - ✓ بچوک (١٠-٣٠) قەرەوێلە.
  - ✓ ناوەند (٣٠-٥٠) قەرەوێلە.
  - ✓ گەورە (٥٠-زیاتر).

٢. ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستی کاری سەنتەری پزیشکی جوانکاری و چاندنی قژ: فەرمانی وەزاری ژمارە: ١٣٠٣ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١:

- بەمەبەستی باشترکردنی کار و خزمەتگوزارییەکانی سەنتەری پزیشکی جوانکاری تایبەت کە کارەکانی تێدا بە مەرج کراوە لە ژێر چاودێریی پزیشکی پسپۆڕ یاخود شارەزای ئەم بوارە بەڕێوە بچێت و دیاریکردنی بڕوانامەی ئەو کارمەندانەی کە لەژێر چاودێریی دکتۆرەکان کە پێویستە بڕوانامەی دبلۆمی پزیشکیان هەبێت و هەروەها ئەندامی سەندیکای بەشەکانی خۆیان بن بە مەبەستی زیاترکردنی هەلی کار بۆ پیشەوەرانی پزیشکی لە بوارە جیاجیاکان.
- دیاریکردنی ئەو کارانەی کە ڕێگەپێدراوە لە سەنتەری پزیشکی جوانکاری بکرێت.

٣. ڕێکارەکانی کردنەوەی کلینیکی نەشتەرگەری ڕۆژانە، فەرمانی وەزاری ژمارە: ٩٩٢ لە ٢٠٢٠/٢/١٦.

- بە فەرمانکردنی کاری سەنتەرەکانی نەشتەرگەری ڕۆژانە و ڕێکخستنی کارەکانیان لەڕووی پزیشکی و سەرپەرشتیار و کارمەندانی پزیشکی و کوالێتی شوێنەکەیان.
- کۆنترۆڵکردن و سنووردارکردنی جۆری ئەم نەشتەرگەریانەی کە ڕێگە پێدراوە لەناو سەنتەری نەشتەرگەری ڕۆژانە ئەنجامبدرێت دیاریکراوە کە پێشتر هەندێک نەشتەرگەری ئەنجامدەدرا ڕێگە پێدراونەبوون.

- دیاریکردنی شوێن و تایبەتمەندیی ئەم جۆرە سەنتەرانە بوو لە ڕووی ڕووبەرەوە بۆ هەبوونی ئامێری پزیشکی پێویست و دەرجەی هەواگۆڕکێ و پاشەڕۆ پزیشکییەکان بە شێوەیەکی زانستی لەناو ببردرێن و زیانی بۆ ژینگە نەبێت.

٤. ڕێنمایی نەخۆشخانە و سەنتەرە پزیشکیە تایبەتەکانی تەندروستی: ئەم فەرمانە تایبەتە بە ڕێکخستن و دەستنیشانکردنی چۆنیەتی کارکردنی نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتەکانی تەندروستیی دەروونی. فەرمانی وەزاری ژمارە: ١٠١٣ لە ٢٠٢٠/٢/١٧

٥. شێوازی کارکردن لە سەنتەری درووستکردنی پەلی دەستکرد، گرنگیدان و دانانی ڕێنمایی چۆنیەتی کارکردن لە سەنتەرە پزیشکییەکانی درووستکردنی پەلی دەستکرد (الاطراف الاصطناعية). گرنگیدان بە قوربانیانی جەنگ یاخود ئەو کەسانەی کە بە ڕووداوی هاتوچۆ یاخود مین یان هەر ڕووداوێکی نەخوازراو پەلەکانیان لەدەستدەدەن. فەرمانی وەزاری ژمارە: ٦٨٥ لە ٢٠٢٠/٢/٢

٦. ڕێکخستنەوە و دیاریکردنی ڕێنمانیەکانی هاتنی پزیشکی بیانی، بە مەبەستی ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی هاتنی پزیشکانی بیانی بۆ ناو هەرێمی کوردستان کە پێشتر ئەم پزیشکانە بەشێوەیەکی هەڕەمەکییانە لەلایەن کەسانێک دەهێنرانە کوردستان بە بێ ئاگاداری وەزارەتی تەندروستی کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا چەندین کێشەی گەورەی بۆ سێکتەری تەندروستی دروستکردبوو. بۆ ئەم مەبەستە چەند ڕێنماییەکی توندوتۆڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای پزیشکان بۆ سنووردارکردنی هاتنی پزیشکان دانران، بەتایبەت لەم بوارانەی کە زۆر دەگمەنن بۆ ئەوەی هەم هاووڵاتیان سوودمەند بن وە هەم پزیشکانی ئێمەش سوودیان لێ ببینن وەکو سەرچاوەیەکی زانستی. فەرمانی وەزاری ژمارە: ٨٤٢ لە ٢٠٢٢/٣/٢

٧. پێداچوونەوە بە کەمکردنەوەی نرخی ئەو نەشتەرگەریانەی کە لەنەخۆشخانە تایبەتەکان ئەنجامدەدرێت.

٨. دانانی لیژنە تایبەتمەندەکان سەبارەت بە نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتەکان، پاڵپشت بەم فەرمانانە چوار لیژنە پێکهاتبوون کە بریتیبوون لە مانەی خوارەوە:

- لیژنەی دیراسەتکردنی داواکارییەکان.
- لیژنەی تێڕوانینی شوێن.
- لیژنەی دراسەتکردنی نەخشەکان.
- لیژنەی کەشفی کۆتایی.

ئەم لیژنانە کە هەریەکەیان پێکهاتبوون لە ٥ ئەندام، هەستاون بە کارەکانیان. لەماوەی ڕابردوو ئەم سەردانانە کراون:

- سەردانیکردن بۆ شاری هەولێر و دەوروبەری کە زیاتر لە ٢٥ سەردان کراوە و تێیدا زیاتر لە ٢٥٠ شوێن تێڕوانینی بۆ کراوە.
- سەردانیکردن بۆ شاری سلێمانی و دەڤەری گەرمیان ٦ سەردان کراوە کە تێیدا زیاتر لە ٢٠٠ شوێن تێڕوانینی بۆ کراوە بە مەبەستی پێدانی مۆلەت.
- سەردانیکردن بۆ شاری دهۆک و زاخۆ کە ٦ سەردان کراوە کەتێیدا زیاتر لە ١١٩ شوێن تێڕوانینی بۆ کراوە.

٩. ئامادەکردنی پەیڕەوەی تایبەت بە ڕێکخستنەوەی کەرتی تایبەت.

١٠. ئامادەکردنی ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستنەوەی کەرتی تایبەت.

١١. ڕێنمایی تایبەت بە فرۆشتنی دەرمانی گژ و گیا بەپێی (فەرمانی وەزاری ژمارە: ٥٧٩٤ لە ٢٠٢١/٨/٣٠)

١٢. ئامادەکردنی لیستی نرخەکانی خزمەتگوزارییەکان.

١٣. گۆڕانکاری لە پەیکەر و سەرچاوەی مرۆیی و لیژنەکانی تایبەت بەو بوارە بە ئاراستەی دووربوون لە قۆرخکاری (فەرمانی وەزاری ٩٣٦٧ لە ٢٠١٩/١٢/١٤ ، فەرمانی وەزاری ٣٣٢ لە ٢٠٢١/١/١٣ ، فەرمانی وەزاری ٧٥٦٥ لە ٢٠٢١/١٠/٢٧)

١٤. سنووردارکردن و دانانی نرخەکانی نەشتەرگەرییەکانی لە بواری شێرپەنجە. فەرمانی وەزاری ژمارە: ٣٣١٦ لە ٢٠/ ٢٠٢٠/٩

١٥. کەمکردنەوە و دیاریکردنی نرخەکانی خزمەتگوزارییەکانی نەخۆشی کۆرۆنا. لە ڕەوشی کۆرۆنا (٣٤٤) نەخۆش پێداچوونەوەی پسوولەکانیان بۆ کراوە لە (١٤) نەخۆشخانە وە بە بڕی (٨٩٢،٥٢١،٠٠٠) دینار خەرجی گەڕێندراوەتەوە بۆ نەخۆش بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە: ١٢٨ لە ٢٠٢١/١/٦، فەرمانی وەزاری ژمارە ١٧٣٥ لە ٢٠٢١/٢/٣.

بڕگەی حەوتەم: بەپێی ستاندەرە جیهانییەکان، چاکسازی لە کەرتی تەندروستی و دەرمان و خۆراک دەکەین و ڕێکاری یاسایی بۆ هەر سەر پێچیەک کە لەم لایەنە ژیارییەدا بکرێت دەگرینە بەر. بۆ ئەم مەبەستانەش دامەزراوەی خۆراک و دەرمانی هەرێم سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێنین..

- بەستاندەرکردنی شێوازی کۆگاکردنی بابەتە پزیشکییەکان لە فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی. نووسراوی ب. کوالێتی کۆنترۆڵ ژمارە: ٤٠٥٢/٦/١ لە ٢٠٢٠/١١/٢٢.
- یەکخستنەوەی نرخی دەرمان بە پێی نووسراوی ب.کوالێتی کۆنترال ٢٠/٦/١ لە ٢٠٢٠/١/٤.
- پێداچوونەوەی تۆماری کۆمپانیاکانی دەرمان بەپێی نووسراوی ب.کوالێتی کۆنترۆڵ ١٨/٦/١ لە ٢٠٢١/١/٤.
- دامەزراندنی کۆگای ناوەندی نیشتیمانی تایبەت بە دەرمان بەپێی نووسراوی ب.کوالێتی کۆنترۆڵ ١٩/٦/١ لە ٢٠٢١/١/٤.
- پێداچوونەوە و داڕشتنەوە نرخی پشکنین و تۆمارکردن و مۆڵەت وەرگرتن و ڕێگەپێدان و ڕسومات. نووسراوی ب.گ.کوالێتی کۆنترۆڵ ٤٠٧/٩/١ لە ٢٠٢١/١/٢٧.
- دەرماڵەی هاندانی دەرمانساز و پزیشکی ددان لە بەرامبەر کارنەکردنیان لە کەرتی دەرمان. نووسراوی ب.کوالێتی کۆنترۆڵ ١٢٦٣/١٢/١ لە ٢٠٢١/٣/٢٨.
- کەمکردنەوەی کرێی نەخۆش بەڕێژەی ٢٥٪ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بۆ هاوکاری هاووڵاتی لەم بارودۆخەدا.
- هەموارکردنی ڕێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردنی خۆراك بە ڕێگای زانستی و ڕێنمایی.

- **چاکسازییەکان لە بواری دەرمان لە کەرتی گشتی و تایبەت:**

لە کەرتی گشتی:

١. کارکردن لەسەر ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت بە دەرمان لە پەرلەمانی کوردستان و خستنەبواری جێبەجێکردی زۆربەی ڕاسپاردەکان.

٢. ڕێکخستنەوە و دانانی میکانیزمی گونجاوی یاسایی و کارگێڕی و دارایی بۆ دابینکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و پێدانی تەواوی دەسەڵاتەکان بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

٣. نەهێشتنی مانەوەی دەرمانی ئێکسپایەر لە فەرمانگەکان و بەهەدەردانی سامانی گشتی.

٤. دابینکردنی بودجەی دەرمان و بودجە جیاوازەکانی شێرپەنجە و دڵ و کۆرۆنا بۆ فەرمانگەکان.

٥. تەواوکردنی ئامادەکاری بۆ دابینکردنی بەشێکی دەرمان وەکو ئەزموونی بە شێوازی ناوەندی لەلایەن تیمی بیانی ڕاوێژکاران و کارکردنی بەردەوام بە ئاراستەی دروستکردنی دامەزراوەی ناوەندی دابینکردنی دەرمان لە کوردستان.

٦. پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکانی بەکارهێنانی دەرمانی شێرپەنجە.

٧. دابینکردنی زیاتر لە ٨٥٪ دەرمانی شێرپەنجە.

٨. ڕێگەگرتن و کەمکردنەوەی بوونی دەرمانە دەگمەنەکان لە پڕۆتۆکۆڵی چارەسەری شێرپەنجە.

٩. زیادکردنی دەسەڵاتی دارایی ڕاستەوخۆ بۆ دابینکردنی دەرمان لە فەرمانگەکان.

لە کەرتی تایبەت:

١. بۆ یەکەمین جار لە کوردستان بەکارهێنان و یەکخستنی لیستی نیشتیمانیی دەرمان.

٢. پێداچوونەوە و کەمکردنەوەی نرخی دەرمان بۆ زیاتر لە ٧٠٪ لیستی دەرمانەکان و ڕاگەیاندنی لە ئایندەیەکی نزیك کە بە بڕی ٩٨٠٠ جۆری دەرمان مەزندە دەکرێت.

٣. بەکارهێنانی (Reference) بڕوانامە نێودەوڵەتییەکان بۆ بنەمای ڕێگەپێدان و بەکارهێنانی دەرمان.

٤. دانانی ڕێنماییەکانی نوێ و تایبەت بە ڕێگەپێدان، هاوردەکردن، پشکنین، بەکارهێنانی دەرمان و پێداویستیی پزیشکی.

٥. دانانی ڕێنماییەکانی تایبەت بە دەرمان و پێداویستییە تەواوکراوەکان.

٦. دانانی ڕێنماییەکانی تایبەت بە دەرمانە گیایی و میلییەکان.

٧. ئەنجامدانی کۆنفرانسی هاوبەشی سەندیکای دەرمانسازان و دانانی نەخشەڕێگای چاکسازی.

٨. ئامادەکردنی ڕەشنووسی پەیڕەوی دانانی کۆگا و دامەزراوەی دابینکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی لە کوردستان.

٩. کارکردن ودانانی ڕێنمایی تۆمارکردنی کارگەی دەرمان و لە ناوەوەی و دەرەوەی هەرێم و عێراق.

١٠. ڕێگەگرتن لە کارکردنی دەرمانسازان و فەرمانبەرانی لە کوالێتی کۆنترۆڵ و لە دەرەوە و کۆمپانیاکان.

١١. ڕێگەگرتن لە دیاردەی شکاندنی ڕێزبەندی بۆ پشکنین و ڕێگەپێدان.

١٢. دانانی سیستەمی نوێی ئەلیکترۆنی بۆ بەستنەوەی دەرمان و دانانی ستیکەر کە لە ئایندەیەکی نزیک دەستبەکار دەبێت.

١٣. پێداچونەوە بە تەواوی کۆمپانیاکان و کۆگاکانی دەرمان بە ڕێنمانیی نوێ و نوێکردنەوەی مۆڵەتەکانیان و بەدەرەوەنانی کۆمپانیاکانی دوور لە ڕێنمایی.

١٤. نەهێشتنی دیاردەی بەڵێننامە بۆ دەرمانی بێ ئەوەلیات و نەهێشتنی دیاردەی گەڕانەوەی دەرمانی قاچاغ یان تەزویر یان دەرنەچوو لە بازگەکان بۆ خاوەنەکانیان.

١٥. کەمکردنەوەی ماوەی پێدانی ڕێگەپێدان.

١٦. فراوانکردنی فەرمانگەی کوالێتی کۆنترۆڵ و تاقیگەکانیان بۆ کەمکردنەوەی ماوەی چاوەڕوانی بۆ پشکنین.

١٧. کەمکردنەوەی ماوەی مانەوەی دەرمان لە دەروازەکان و بازگەکان.

١٨. ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی و دادگا و لەکارخستنی ژمارەیەك لە کۆمپانیاکانی سەرپێچی و خاوەنی کەمتەرخەمی لە بواری دەرمان.

١٩. دانانی میکانیزم و ڕێنمایی و پێداویستی تایبەت و زانستی بۆ (اقرار) پسندکردنی دەرمان.

٢٠. دانانی ڕێنمایی و ڕێکاری زانستی چۆنییەتی لەناوبردنی دەرمانی ماوە بەسەرچوو (ئیکسپایەر) بۆ جۆرە جیاوازەکان.

٢١. تەنها لە ساڵی ٢٠٢١ (٢٥،١٣١) مۆڵەتی هەڵسەنگاندن و پشکنین دەرچووە.

٢٢. تەنها لە پێنج مانگی ساڵی ٢٠٢٢(٨،٤٢٤) مۆڵەتی هەڵسەنگاندن و پشکنین دەرچووە.



٢٣. مۆڵەتی ڕێگەپێدان لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەك دەردەچێت:

- لە ساڵی ٢٠٢١ ١٧،٤٨٥
- لە ساڵی ٢٠٢٢ ٥،٧٣٨

٢٤. ڕێگەگرتن لە نوێنەری کۆمپانیا و ڕێخراوەکان کە سەردانی کوالێتی کۆنترۆڵ دەکەن بۆ ڕاپەراندنی کار و چالاکییەکان نابێت فەرمانبەر بێت لە هیچ داموودەزگایەکی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.





٢٥. بریارماندا کە بەڕێوەبەرایەتی دەرمان و کوالێتی کۆنترۆڵ خۆی Reference Standard دابین بکات بە نووسراوی ژمارە ٤٠٦٧\١\١ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠\١١\٢٤ .

٢٦. دانانی لیژنەی هاوبەش لەگەڵ سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان بۆ ڕێکخستن و یەک خستنەوەی نرخی دەرمان بە نووسراوی ژمارە (٢٠/٦/١) لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١/٤) کە زیاتر لە (١٠٠.٠٠٠) دەرمان نرخیان بۆ دانراوە.

٢٧. کاراکردن و گرنگیدان بە هۆبەی پەرەپێدان و توێژینەوەی زانستی بۆ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی بابەتە زانستییەکان وکوالێتی دەرمان.

٢٨. کردنەوەی هۆبەی Pharmacovigilance بۆ بەدواداچوون لەسەر دەرئەنجام و کاریگەرە لاوەکییەکانی دەرمان و ئاگادار بوون لە ڕەوشی نەخۆشەکان.

٢٩. دانان و نوێکردنەوەی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبەرایەتیی کوالێتی کۆنترۆڵ بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و باشکردنی کارەکان و داتاکردنی زانیارییەکان.

٣٠. بەدواداچوون و پشکنینی کۆمپانیاکان، کۆگاکان و دەرمانخانەکان و بە لیژنەی هاوبەشی وەزارەت و کوالێتی کۆنترۆڵ و سەندیکای دەرمانسازان.

٣١. دانانی لیستی نیشتیمانی و ڕێبەری پۆلێنکردنی دەرمان و ڕێنمایی لەناوبردنی دەرمان و ڕێنمایی سزاو پێبژاردن.

٣٢. بڕیارماندا کە لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٣/٢١) ڕێگەپێدان بە بەرهەمی کۆمپانیاو کارگە بیانییەکان نادرێت تاوەکو لە بەڕێوەبەرایەتیی دەرمان و کوالێتی کۆنترۆڵ خۆیان تۆمار نەکەن بۆ گشت بەرهەمە دەرمانسازی و پزیشکییەکان.

٣٣. کاراکردن و گرنگیدان بە هۆبەی پەرەپێدان و توێژینەوەی زانستی بۆ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی بابەتە زانستییەکان وکوالێتیی دەرمان.

٣٤. نرخدانان بۆ ١١،٧٠٦ بەرهەمی دەرمانی.

٣٥. گرتنەبەری ڕێ و شوێن لەگەڵ کەرتی تایبەت بەم شێوەیەی خوارەوە:

- **دەرمانی دەستبەسەرداگیراو:**

ساڵ	دەستبەسەردا گیراوە بە تۆن
٢٠٢٠	٥٥ تۆن
٢٠٢١	١١٨ تۆن
٢٠٢٢	٣ تۆن

- **سەردانکردنی کۆگای دەرمان:**

ساڵ	ژمارەی سەردانیکردنی کۆگای دەرمان	ژمارەی داخستن
٢٠٢٠	٥	٥
٢٠٢١	٤٠	٢٣
٢٠٢٢	٢٥	٦

- **سەردانکردنی کۆمپانیای دەرمان:**

ساڵ	ژمارەی سەردانیکردنی کۆمپانیای دەرمان	ژمارەی داخستن
٢٠٢٠	٤٧	٢٧
٢٠٢١	٨٥	٥٤
٢٠٢٢	١٠٧	٣٤

- **سەردانکردنی دەرمانخانە:**

ساڵ	ژمارەی سەردانیکردنی کۆمپانیای دەرمان	ژمارەی داخستن
٢٠٢٠	١٥	٧
٢٠٢١	٢٥	١٤
٢٠٢٢	٢٨	٨

٣٦. ڕێگەگرتن لە شاند و گەشتکردنی پزیشکان و کارمەندان بەبێ ڕەزامەندی.

٣٧. کارکردنی بەردەوام لەگەڵ سەندیکانی کارمەندانی تەندروستی بۆ دانانی ڕێگەچارەی نۆرینگەکانی ناو ماڵان و فرۆشتنی دەرمان لەلایەن کارمەندانی تەندروستی.

بڕگەی سێزدەیەم: کار دەکەین بۆ سەروەرکردنی یاسا و ڕێز گرتن لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و نابێ لە کوردستاندا کەس لە سەرووی یاسا بێت. هیچ کەسێک ڕێگەی پێنادرێت بە هۆی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حزبی لە دەست یاسا رابکات و خۆی لە دەرەوەی یاسا ببینێتەوە، هەروەها کاری جددی دەکەین بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی بڵاوبوونەوەی چەک لە ناو کۆمەڵگەکەماندا.

- **دەرچوواندنی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، ژمارە ١ی ٢٠٢٠.**
- **هەموارکردنی ڕێنماییەکانی پێدان و نوێکردنەوەی نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی کارتی تایبەت.**

ڕێکارەکان	ژمارە
لیژنەی لێکۆڵینەوە	٥٦٩
لیژنەی بەدواداچوون	٣٩٢
تۆماری سکاڵا	٢٣٤
گرێبەستی کار	٣٠٨
داواکاری دادگا	٣٢٧
بەڵێننامە	٢٨٠٣٥
کۆی گشتی ڕێکارە یاساییەکان	**٢٩٨٦٥**

بەدواداچوون و پشکنین و ئەنجامدانی ئەم ئیجرائاتانەی خوارەوە:

سەردانکردنی کەرتی گشتی	**٧٨٠ سەردان**
سەردانکردنی کەرتی تایبەت	**١٢٣٢ سەردان**
سزای (ئاگادارکردنەوە و داخستن و پێبژاردن و بەڵێننامە)	**٣٢١ شوێن**
سکاڵا	**٢٩٥ سکاڵا**
سوپاس و پێزانین	**٦٦ سوپاسنامە**
داهاتی پێبژاردن	**٥٣٩٠٠٠٠٠ دینار**

لە ئاستی خزمەتگوزاریدا:

بڕگەی یەکەم: کاردەکەین بۆ باشترکردنی کەرتی تەندروستیی گشتی و گەیاندنی خزمەتێکی باشتری تەندروستی بە هاووڵاتیان و هەوڵی جێگیرکردنی سیستەمی بیمە یا خود دڵنیایی تەندروستی بە پێی پێوەری گونجاو بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان دەدەین. هەروەها کار دەکەین بۆ پێشکەشکردنی ڕەشنووسی یاسای مافی نەخۆش و ڕێکخستنەوەی ماف و ئەرکی پزیشکان بۆ پاراستنیان لە هەر دەستدرێژییەک.

- بەخۆڕاییکردنی پشکنینی تاقیگەیی بۆ تووشبووانی کۆرۆنا و گومانلێکراوان لە تاقیگەکانی کەرتی گشتی (حکومی) و لە تاقیگەکان و نەخۆشخانەکانی ڕێگەپێدراوی کەرتی تایبەت (ئەهلی) نرخەکان بەڕێژەیەکی زۆر کەمکرایەوە. فەرمانی وەزاریمان ژمارە ٢٣٣٥ لە ٢٠٢١/٣/٣١
- سازدانەوەی ئامێرە پزیشکییە گەورەکان و ئامێرە هەستیارەکان بە بڕی ٢٣،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ دینار بۆ ئامێرەکانی C.T . scan, MRI, Linac, Cath lab.. هتد
- یەکخستنەوەی سازدانەوەی ئامێرە گەورەکان.
- دابینکردنی ئامێری پزیشکی بە بڕی ٨،٣٥٠،٠٠٠،٠٠٠ کە ٣،٨٥٠،٠٠٠،٠٠٠ سێ ملیار و هەشت سەدو پەنجا ملیۆن بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا بووە.
- کۆی گشتی نزیکەی ٣١،٣٥٠،٠٠٠،٠٠٠ دینار بۆ سازدانەوە و دابینکردنی ئامێری پزیشکی.
- دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەی ١٠٠ تەختی لە ئامێدی/ دهۆک ٤٣،٠٠٠،٠٠٠ دۆلار.

- پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی کۆرۆنا بە هاوکاریی وڵاتی ئەڵمانی لە سلێمانی.
- دەستپێکردنەوەی پرۆژەی بنکە تەندروستی پیاران-بارزان.
- دروستکردنی نەخۆشخانەی لەدایکبوون لە ئاکرێ .
- دروستکردنی نەخۆشخانەی لالاڤ بۆ نەخۆشییە گوزراوەکان لە هەولێر و دهۆک.
- دروستکردنی نۆرینگەی دەرەکی لەنەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوونی دهۆک.
- دروستکردنی نۆرینگەی دەرەکی لە نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوونی هەولێر.
- فراوانکردنی نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە دهۆک.
- کردنەوەی تاقیگەی خۆراک لە دەڤەری ڕاپەڕین.
- زیاتر لە ٤٠ ملیار دینار بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی شێرپەنجە و دابینکردن و سازدانەوەی ئامێرەکانی شێرپەنجە خەرجکراوە بە پاڵپشتی سندوقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە.
- لە ساڵێکدا زیاتر لە ٩١ هەزار بوتڵی خوێن وەرگیراوە و دراوە بە نەخۆش لە هەرێمی کوردستان.
- پرینەوەی بودجەیەکی ساڵانە بەبڕی ملیارێک و ٦٠٠ ملیۆن دینار بۆ نەخۆشخانەو سەنتەرەکانی شێرپەنجە لە کوردستان (نانەکەلکی، هیوا، ئازادی).
- دروستکردنی پرۆژەی هۆڵی نەشتەرگەری بۆ توشبووانی شێرپەنجە / سلێمانی
- پرۆژەی سەنتەری شێرپەنجەی مەمك / ڕاپەڕین.
- دەستبەکاربوونی پرۆژەی دابینکردنی ئامێری لێزەری شێرپەنجە / سلێمانی.
- دەستبەکاربوونی پرۆژەی چاندنی مۆخ / هەولێرکۆی گشتی پرۆژە بەردەوامەکانی سندوقی کۆمەک ٣٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ دینار.
- دوای گەیشتنی دوو ئامێری لیناک بۆ شاری هەولێر بۆ چارەسەری تیشکی بۆ تووشبووانی شێرپەنجە گرێبەستی دابینکردنی ئامێری لیناکی نوێ بۆ سلێمانی ئەنجامدرا.
- دابینکردنی ئامێری ئیکمۆ (ECMO).
- تەواوکردنی نەخۆشخانەی چارەسەری کیمیایی لە پارێزگای هەڵەبجە.
- چارەسەرکردنی نەخۆشانی شێرپەنجە بە بڕی (٦،١٤٩،٠٦٥،٠٠٠) دینار بۆ مەبەستی نەشتەرگەری و چارەسەر جگە لە دەرمان.
- نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەکانی ڕزگاری لە هەولێر و ئازادی لە دهۆك و بانکی خوێن لە هەولێر بە گوژمەی (١،٣٩٣،٦٦١،٠٠٠) دینار.
- دابینکردنی دەرمان بۆ تووشبووانی شێرپەنجە بە بڕی (٢٩،٦٦٢،١٥٧،٠٠٠) دینار.
- دابینکردنی پێداوسیتی تاقیگەیی بۆ تووشبووانی شێرپەنجە بە بڕی (٦١٧،٥٩٥،٠٠٠) دینار.

- خەرجکردنی بڕی (٢٤،٨٩٠،١٦٢،١٠٠) دینار لەسەر بودجەی تەرخانکراوی کۆرۆنا و خەرجکردنی نزیکەی بڕی (٢٤،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دینار لەسەر بودجەی تەرخانکراوی ئاسایی (کە مانگانە بڕی ٦،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ شەش ملیار دیناری مانگانە هەبوو لە وەزارەت وە ٦٠٪-٧٠٪ ئەو بودجەیە بۆ کۆرۆنا خەرجکراوە) بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بوارەکانی خۆپارێزی و بەرەنگابوونەوە و زوو دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ.
- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و زانیاری لەنێو خەڵکی بە هەمانگەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی/ چاپکردنی زیاتر لە ٣٠٠،٠٠٠ چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان، ئەنجامدانی ٨١٧ سمینار وە ٥٨٥٢ سەردانی ماڵان کراوە.
- ئامێرەکانی (RT-PCR) دابینکران لە کاتی ئێستادا ٢٦ تاقیگە پشکینین لە کەرتی گشتی و تایبەت لە هەرێمی کوردستان بۆ هاووڵاتیانی گومانلێکراو ئەنجامدەدەن. هەتا ئێستا (٤٦١،٧٣٨) پشکنین ئەنجامدراوە کە لە ١٠.٢٪ پۆزێتیف دەرچووە.
- لە ماوەی کابینەی نۆیەم (٨٥) ڤینتەلەیتەری نوێ و مۆدێرن کڕاون، کە ئێستا کۆی گشتی (١٥٩) ئامێری هەناسەی دەستکرد تایبەت بە پێشکەشکردنی خزمەتی پزیشکی بۆ نەخۆشییەکانی کوڤێد-لە ئێستادا کاران.
- دابینکردنی ئامرازەکانی خۆپارێزی (PPE) بۆ ستافی نەخۆشخانەکان بەتایبەتی ئەو نەخۆشخانانەی کەوا بەرکەوتەی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ نەخۆشی گومان لێکراو و ڕاهێنانی تەواو لەسەر خۆپارێزی لە پەتای کۆڤید-١٩.
- ڕۆژانە زیاتر لە ١٤ هەزار تێست بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی کۆرۆنا ئەنجامدەدرێت.
- زیاتر لە ٣٤٠٠ بوتڵی پلازما وەرگیراوە بۆ پێدانی بە تووشبووانی کۆرۆنا و لەنێوان پارێزگاکان و ئاڵوگۆڕ کراوە (٢٠٠٠ هەولێر، ٩٤٦ سلێمانی، ٢٥٠ دهۆك، ٢٥٠ گەرمیان). هەر بووتڵێکی پلازما بڕی زیاتر لە ٤٠٠ هەزار دینار خەرجی پێوستە.
- دامەزراندنی تیمی بەڕێوەبردنی ڕووداو لەگەڵ سەنتەری کارکردنی حاڵەتی کتوپڕ بۆ مەبەستی پلاندانان، جێبەجێکردن و چاودێریکردنی چالاکییەکان لەسەر ئاستی هەرێم، کارئاسانی کردن لە پەیوەندیکردن و هەماهەنگی کردن لە نێو وەزارەتی تەندروستی، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، هاوکارەکانی تر و بەخشەرەکان بۆ هاوکاریکردن لە دابینکردنی سەرچاوەی جۆر بە جۆر.

- **دەرچوواندنی ڕێنمایی تایبەت بە کۆرۆنا بۆ :**
  - کۆمەڵگا.
  - دامودەزگا تەندروستییەکان.
  - خاڵە سنووری و فڕۆکەخانەکان.
  - قوتابخانە و زانکۆکان و دوابەدوا بۆ تاقیکردنەوەکان.
  - مامۆستا ئایینیەکان و مزگەوتەکان.
  - پلانی خۆپارێزی لە نەخۆش ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کەمپی ئاوارەکان.
  - ڕێنمایی خۆپارێزی لە نەخۆش ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شوینی کاردا.

- ڕێنمایی خۆپارێزی لە نەخۆش ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ دامودەزگا حکومییەکان بۆ فەرمانبەران.
- ڕێنمایی خۆپارێزی لە نەخۆش ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ کارگەکان.
- بڵاوکردنەوەی پێوەری تایبەت بۆ پێناسەکردنی حاڵەتەکان، ناسینەوەیان و چاودێریکردنیان بە گوێرەی پێوەرەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کە لەگەڵ بەکارهێنانی پێوەری تایبەت بە پشکنین و گەڕانی چالاك و کارا بۆ تۆمارکردنی کۆڤید- ١٩ لە هەموو ئاست و شوێنەکاندا (چوار جار نوێکراوە).
- بڕیاری خۆ کەرەنتینکردن لە ماڵەوە بۆ بەرکەوتەی تووشبووەکان و گەشتیارەکان لەگەڵ دانانی ڕێنماییەکانی کەرەنتینکردن لە ماڵەوە.
- بڕیاری جیاکردنەوەی ماڵی بۆ ئەو نەخۆشانەی کە نیشانەیان نیە یان نیشانەیان سووکە لەگەڵ دانانی ڕێنماییەکانی جیاکردنەوە لە ماڵەوە.
- ڕێنمایی بۆ گەشتکردن لە ڕۆشنایی کردنەوەی فڕۆکەخانەکان و گەشتە ئاسمانیەکان بەدەم گەشتیاراندا.
- ڕێنمایی بۆ دەروازە سنوورییەکان سەبارەت بە هاتوون و چوون لە دەروازە سنورییەکان.
- پڕۆتۆکۆلی چارەسەری بۆ نەخۆشی کۆرۆنای بۆ سەنتەرەکانی چارەسەری کۆرۆنا.
- ڕێکاری پێویست لە کاتی هەبوونی حاڵەتی پۆزتیفی نەخۆش ڤایرۆسی کۆرۆنا.
- پەسەندکردن و بڵاوکردنەوەی پێوەری پێویست بۆ پێوەری کرداری لە کاتی کۆکردنەوەی نموونە، بەڕێوەبردن، گواستنەوەی نمونەی وەرگیراو بۆ کۆڤید- ١٩ بۆ دڵنیابوونەوەی لە ناسینەوەی تەواوەتی.
- ڕێنمایی بۆ بەکارهێنانی ماسک ودەستکێش بەشێوەیەکی ڕێك وپێك.

- ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە و ئامادەکاری و سەردان و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەکو دانانی پڕۆسەی کرداری پێوەری (Standard Operations Procedures) بۆ فڕۆکەخانەکان.

- ڕاگەیاندنی کەمپینێکی سەرتاسەری بەهاوکاری فەرمانگەی میدیا و زانیاری سەبارەت بە ڕۆشنبیری تەندروستی بۆ هاووڵاتیان، کە لە ڕێی ئەم فەرمانگەوە، هەموو ئەو پەیام و ڕێنماییایە تەندروستییانەی کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە پەسندکراو بوون، بڵاودەکرێنەوە بەشێوازی جیاجیا گرافیکی لە پەیج و میدیای هەموو وەزارەت و فەرمانگە حکومییەکان و بەمەش زۆرترین پەیام گەیشتە هاووڵاتیان لە چەندین شار و پارێزگای جیاجیاو تائێستاش بەردەوامە
- پەرەپێدانی توانای کارمەندانی تەندروستی لە بواری خۆپارێزی و چارەسەری کە کۆی ٢٩٣٧ کارمەندی تەندروستی ڕاهێنراون لە ١٣٠ خولی ڕاهێناندا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. هەروەها ڕاهێنانێک بۆ ٢٥ ڕاهێنەران (TOT) لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ئەنجامدارا لەم بوارەدا
- پێشنیارکردنی چەند پڕۆژەیەکی گرنگی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ وەزارەتی پلاندانان بە مەبەستی چەسپاندنی لە نێو پەیڕەوی پڕۆژە یاسای PPP و پێشنیاری یەکەم پڕۆژەی دابینکردنی ئامێری MRI بۆ پارێزگای دهۆك و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی ڕِەزامەندی .

بڕگەی یازدەم: لەسەر شێوازێکی دادپەروانە و هاوسەنگ کار دەکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی شار و قەزا و ناحیەکان و گرنگی تایبەت دەدەین بە هاندانی خەڵکی لادێکان بۆ مانەوەیان لە گوند و دێهاتەکانیان و گەیاندنی خزمەتگوزاری شایستە بۆیان.

- بۆ گرنگیدان بە تەندروستی هاووڵاتیان لە قەزاو ناحیەکان، پزیشکی پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکان پەیوەستکراون کە ٣ ساڵ خزمەت قەزاو ناحیەکان بکەن کە پێشتر تەنیا پزیشکی پلەبەند و گشتی خزمەتی تەندروستیان لە قەزاو ناحیەکان پێشکەش دەکرد، بەڵام لەکاتی ئێستادا میلاکی پزیشکی پسپۆڕ لە قەزاو ناحیەکان پەرەی پێدەدرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتی لەکاتی پێویستی بە پزیشکی پسپۆڕ پێویست نەکات بێتە سەنتەری شارەکان.

بڕگەی چواردەم: بە ئەلیکترۆنی کردنی کاروباری حکومەت (حکومەتی ئەلیکترۆنی)، چ لە ئاست کاروباری ناوخۆی حکومەت و چ لە ئاست پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان بۆ هاووڵاتیان، لە ئەرکە لە پێشینەییەکانمان دەبێت و بەم هۆیەوە ڕێگە لە ڕۆتین و بەهەدەردانی سامانی گشتی و کاتی هاووڵاتیان و دامەزراوەکان دەگیرێت و کوالێتیی خزمەتگوزارییەکان بەرز دەکرێتەوە.

- پتەوکردنی بەئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی دەرمان، کە لەکاتی ئێستادا هەموو کۆمپانیاکانی دەرمان بۆ کوالێتی کۆنترۆڵ لەڕێگەی سیستەمێکی ئۆنلاینەوە داواکاری پێشکەش دەکرێت
- پێشنیارکردنی بە ئەلیکترۆنی کردنی خۆراکی هاوردە و بەستنەوە لەگەڵ سنوورەکان هاوشێوە سیستەمی کوالێتی کۆنترۆڵ بۆ دەرمان
- پەرە پێدانی هێڵی گەرمی کۆرۆنا ١٢٢ و دابینکردنی ژمارەیەکی زۆر لە هێڵی گەرم کە لەرێگەی ئۆنلاینەوە داواکارییەکان تۆمار دەکرێن و بەدواداچوون بۆ کەیسەکان دەکرێت هەمووی لەڕێگای سیستەمێکی ئەلیکترۆنی کە دەتوانرێت لەیەک کاتدا زیاتر لە ٢٠٠ تەلەفۆن وەربگرێت.
- دروستکردنی سیستەمی کورد ڤاک و پێدانی ڤاکسین لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ لە مانگی ٢٠٢١/٣/٢١ کە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان پێدانی ڤاکسین بە ئەلیکترۆنی کرا زیاتر لە (٢٢٥) سەنتەر تا وەکو ئێستا بەردەوام کار دەکات و هەروەها پێدانی کارتی ڤاکسین بۆ ئەو هاووڵاتیانەی کە دوو ژەمی ڤاکسینیان وەرگرتووە دەبنە خاوەن ئەو کارتە کە کارتێکی جیهانیە(QR Code) دەخوێندرێتەوە، وە بەکارهێنانی سیستەمی کورد ڤاک سوودی زۆری هەبوو لەبەر ئەوەی داتاکان زۆر بە ئاسانی بە ردەست دەبێت وە هەموو کاتێک دەتوانرێت بزانرێت چەندە ڤاکسین دراوە بە ١٠٠% تەواو بووە بەردەوامە لە کار.
- درووستکردنی سیستەمی تێستی کۆرۆنا بۆ ئەو هاووڵاتیانەی سەفەر دەکەن و بۆ هاووڵاتی ئاسایی کە بە سیستەم کراوە و فۆرمێکی دیاریکراوە لە هەموو کوردستان و بەردەوامە تا ئێستا.
- بە کارهێنانی (DHIS٢) بە هاوبەشی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) کە لە ئێستادا لە سەرەتای لە ماوەی ئەم ساڵە کارەکانی تەواو دەبێت دەکەوێتە کار وە بەمەش سەرجەم ئامارەکان لە بنکە و سەنتەر و نەخۆشخانەکان بە ئەلیکترۆنی دەکرێن لە هەموو روویەکەوە. ئەو سیستەمە سیستەمێکی گرنگە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێشنیار کراوە بۆ پتەوکردنی ئاماری تەندروستی و سیستەمی ئەلیکترۆنی تەندروستی. تاوەکو ئێستا وەزارەتی تەندروستی بەهەماهەنگی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و هاوکاری گروپێکی ئیتاڵی لەزانکۆی تۆر ڤێرگاتا-ڕۆما لەقۆناغی پێشکەوتووی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەن.

- **سوودەکانیDHIS۲ :**

- پلاتفۆرمی سیستەمی زانیاری بەڕێوەبردنی تەندروستی سەرچاوە کراوە و لەسەر بنەمای وێب (HMIS) بۆ ڕاپۆرتکردن، شیکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان بۆ هەموو بەرنامەکانی تەندروستی، کە لەلایەن بەرنامەی سیستەمی زانیاری تەندروستی (HISP) پەرەی پێدراوە.
- لە زیاتر لە ٦٠ وڵاتی جیهان بەکاردێت.
- بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بەردەستە.
- نمایشکردن و ئامادەکردنی ئامار و ڕاپۆرت بەپێی ستانداردەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و پێداویستییە تایبەتەکانی سیستەمی تەندروستی لە ناوچەکەدا.
- تۆمارکردنی نەخۆشییەکان بەپێی ستانداردیWHO ICD ١٠ کە یارمەتی پۆلێنکردنی نەخۆشییەکان دەدات بۆ پشتگیری کردن و دۆزینەوەی ڕێژە و ڕێژەی سەدی هەر نەخۆشییەک لە ڕوانگەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە.
- هاوبەشکردن و گواستنەوەی داتا لە نێوان ناوەند و قەزا تەندروستییە جیاوازەکان لە سەرانسەری هەرێمدا.
- سیستەمەکە لەگەڵ ئەپلیکەیشنێکی مۆبایلدا دێت بۆ داخڵکردنی زانیارییەکان.
- دەتوانرێت سیستەمەکە لە دۆخی ئۆفلاینیشدا بەکاربهێنرێت.

- **قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە و چالاکییەکان:**

- ڕاهێنانی نزیکەی ٧٠٠ پزیشک لەسەر سیستەمی چاودێری تەندروستی و کۆدکردنیICD ١٠ ی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی.
- وەزارەتی تەندروستی، ڕێککەوتننامەی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ تۆر واژۆ کردبوو لەگەڵ زانکۆی ڤێرگاتا - ڕۆما، بە پشتیوانی هاوکاری ئیتاڵی بۆ جێبەجێکردنیDHIS۲.
- شەش کورسی دکتۆرا لە زانکۆی تۆر ڤێرگاتا - ڕۆما دابین کرابوو، بۆ پێشکەشکردنی پشتگیری ناوخۆیی بۆ پرۆگرامەکە لە ناوچەکەدا.
- بەدواداچوون و چاودێری بەردەوام لەلایەن تیمەکانی سیستەمی DHIS .
- باشترکردنی سیستەم و دابینکردنی ئامار و ڕاپۆرت بەپێی پێداویستیەکانی DoHs و MoH ی حکومەتی هەرێم.
- ژمارەی ئەو یەکانەی دامەزراوە تەندروستییانەی کە لە ئێستادا سیستەمەکە تێیدا دانراوە بەم شێوەیەن:
  - ✓ شاری هەولێر (کۆی گشتی= ٢٩، چالاک= ١٤)
  - ✓ دهۆک (کۆی گشتی= ٦٠، چالاک= ٥٤)
  - ✓ سلێمانی (کۆی گشتی= ٢٥، چالاک= ١١)
  - ✓ شاری هەڵەبجە (کۆی گشتی= ٦، چالاک= ٤)
  - ✓ کۆی گشتی= ١٢٠، چالاک= ٨٣

- **شیکردنەوەی زانیارییە تەندروستییە تۆمارکراوەکان لەسیستەمەکە:**

- کۆی ژمارەی یەکەکان PHCCS و نەخۆشخانەکان کە داتای تۆمار دەکەن ٨٣ یەکە و هەروەها ٣٥ یەکە کە ئامادەن بۆ دەستپێکردنی کارکردن، کە کۆی گشتی توانای ١٢٠ یەکە دەدات لە ساڵی ٢٠٢٢.
- ژمارەی چاودێری نەخۆشی - نەخۆشانی دەرەوە تۆمارکراوە لەلایەن KRG-HIS گەیشتووەتە کۆی گشتی ١،٤٤٧،٦٢١ ڕووداو تا مانگی ئایاری ٢٠٢٢.
- ژمارەی ئەو ڕووداوانەی لەدایکبوون تۆمارکراون، تا مانگی ئایاری ٢٠٢٢، بە کۆی گشتی گەیشتووەتە ١٢٥ هەزار و ٣٦٠ ڕووداو.
- ژمارەی ئەو ڕووداوانەی مردن تا مانگی ئایاری ٢٠٢٢ گەیشتووەتە ٦٥ هەزار و ٢٨٦ ڕووداو.
- کۆی گشتی ٢،٠٣٣،١٩٦ ڕووداویان بەدەستهێناوە تا مانگی ئایاری ٢٠٢٢. بە کۆی گشتی، کۆی ژمارەی هەموو ڕووداوەکانی تۆمارکراو لە ساڵێکدا بەم شێوەیە بووە؛ (٢٢٠،٩٩٢ ڕووداو لە ساڵی ٢٠١٦، ٣٦٨،٦١٦ ڕووداو لە ساڵی ٢٠١٧، ٥١٩،١٦٣ ڕووداو لە ساڵی ٢٠١٨، ٨٩٠،٦٤٢ ڕووداو لە ساڵی ٢٠١٩، ١،١٧٧،١٠٤ ڕووداو لە ساڵی ٢٠٢٠، ١،٨١٣،٩٨٦ ڕووداو لە ساڵی ٢٠٢١ و ٢،٠٣٣،١٩٦ ڕووداو لە ساڵی ٢٠٢٢)

- **ئاماژە تەندروستییە گرنگەکان:**

- ژمارەی مردووان بەگشتی لە ژێر کۆنترۆڵ بووە لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوو. لە ساڵی ٢٠٢٠ بەهۆی پەتای کۆرۆنا ڕێژەی مردن زیاد بووە بەڵام لەساڵی ٢٠٢١ کەمتر بووەتەوە بەهۆی بەرنامەی خۆپارێزی و چارەسەری کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی دارێژراوە.
- ڕێژەی مردنی منداڵی تازە لەدایکبوو و کەمتر لە ١ ساڵ و کەمتر لە ٥ ساڵ بەرەو کەمبوون ڕۆشتووە وە ئێستا ڕێژەی مردنی منداڵ لە کوردستان لە ئاستی پێوەرە جیهانییەکاندایە.

ئاماری مردووان
Mortality Data





- بەراورد بە وڵاتانی دەوروبەر و ڕێژەی جیهانی، ڕێژەی مردنی منداڵ لە هەرێمی کوردستان باشترە لە ڕێژەی جیهانی و باشترە لە عێراق.

تێکڕای مردنی منداڵانی ٢٠٢١ بەراورد بە ساڵانی پێشوو
Infant and child mortality rate per 1000 newborns

ڕێژەی مردنی منداڵ بۆ ١٠٠٠ لەدایکبوو Child Mortality Rate per 1000 births	2011	2011	2019	2019	2021*	ڕێژەی Global rateجیهانی
	کوردستان KRG	عێراق Iraq	کوردستان KRG	عێراق Iraq	کوردستان KRG	Global Average
کۆرپەی تازە لەدایکبوو کەمتر لە ١ مانگ Less than 1 month	21	24	10	14	6.7	18
کەمتر لە ١ ساڵ Less than 1 year	28	35	13	23	10.4	29
کەمتر لە ٥ ساڵ Less than 5 year	32	41	15	26	14.0	39



مردنی منداڵ بۆ هەر ١٠٠٠ لە دایکبوویەک لە ٢٠٢١
Infant and child mortality rate per 1000 newborns







- بە بەراورد بە وڵاتانی دەوروبەر و ڕێژەی جیهانی ڕێژەی مردنی دایک لە هەرێمی کوردستان باشترە لە ڕێژەی جیهانی وە باشترە لە عێراق.

مردنی دایکان و ڕێژەکەی بۆ هەر ١٠٠٠٠٠ لەدایکبوونێکی زیندوو

Number of maternal mortality and its ratio per **100000** live births





- نەخۆشییە گوستراوەکان لەژێر کۆنترۆڵن بەهۆی بەرنامەی پتەوی خۆپاراستن و بەردەوامی بەرنامەی کوتان و بەدواداچوون و خزمەتگوزارییەکانی پاراستنی تەندروستی.

خزمەتگوزاری پاراستنی تەندروستی کۆنترولی نەخوشییە گوازراوەکان

- **نەبوونی هیچ حالەتی ئیفلیجی منالان لە هەرێمی کوردستان هەر لە ساڵی 1998وە.**
- **نەبوونی هیچ حالەتی مەلاریا لە هەرێمی کوردستان هەر لە ساڵی 2008وە.**
- **ڕێژەی نەخوشە گوزراوەکان وەکو: سیل و هەوکردنی جگەر جۆری بی وە سی و ئایدز و تایفۆد و تا ماڵطا و هاری سەگ.**
- **هەمووی لەکەمبووندایە وە لە ژێر کونترول دایە بە هۆی بەرنامەی تایبەت بە کۆنترولکردن.**

- بەهۆی بەرنامەی پشکنینی هاوسەرگیری، نەخۆشی تەلاسمیا ساڵ دوای ساڵ بەرە و کەمی ڕۆیشتووە.

تەلاسیمیا



ژمارەی نەخۆشانی تەلاسیمیا
3,172

ژمارەی مردووان لە ٢٠٢١
19حالەت



لە ئاستی ئابووری و داراییدا

بڕگەی سێیەم: کار دەکەین بۆ ڕێکخستنەوەی سیستەمی بانکی لە هەرێم و بەکارخستنی ئەو سیستەمە بۆ خزمەتگوزارییە کەسی و گشتییەکان و بەکارهێنانی ژمارە بانکییەکان و کارتە ئەلیکترۆنییەکان بۆ ئالوگۆڕی دراوی و خەرجییەکان و ڕێژەی مامەڵە بە پارەی کاش کەم بکرێتەوە.

- داهاتی وەزارەت بە ڕێژەی ١٢٧٪ زیادی کردەوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو، ئەوەش بەهۆی پتەوکردنی ڕێکارەکان و پێبژارکردنی سەرپێچیەکان لە کەرتی تەندروستی.
- کەمکردنەوەی بەشێك لە خەرجییەکانی چاککردنەوەی ئامێرە پزیشکییەکان، ئامانج لەم ڕێکارە کەمکردنەوەی ئەرکی دارایی سەر ئەستۆی حکومەت و کەم کردنەوەی زێدەڕۆییە.
- ساڵی ٢٠٢١ بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٩ بڕی داهات بە ٥٠،٦٢٩،٦١٦،٨٨٠ ملیار دینار زیادی کردووە وە بڕی خەرجی ٣،٧٤٣،٣٠٨،١٢٣د ملیار دینار کەمی کردووە.

کۆی داهاتەکانی وەزارەتی تەندروستی لە ٣ ساڵی ڕابردوو (بە دیناری)



کۆی خەرجیەکانی وەزارەتی تەندروستی لە ٣ساڵی ڕابردوو(بە دیناری):







Income to Expenditure Ratio

ڕێژەی داهات و خەرجییەکانی وەزارەتی تەندروستی لە ساڵی ٢٠١٩ تا ٢٠٢١



جۆری خەرجییەکان لە ساڵی ٢٠٢١



هەندی لەو داهاتانەی کەوا لە ساڵی ٢٠٢١ زیادی کردووە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٩

	2019	2020	2021
کوالیتی کۆنترۆلی دەرمان KMCA	6,781,451,000	6,686,309,000	17,544,456,000
نوێکردنەوەی مۆڵەتی کار	22,193,050	423,154,000	1,753,361,750
داهاتی دیوانی وەزارەت	1,023,345,000	627,158,000	1,650,503,000
پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی کۆمپانیاکان	586,000,000	284,000,000	607,000,000
پولی دارایی	231,905,928	223,540,001	311,082,956
پشکنین و بەدواداچوون	126,075,000	266,468,000	225,556,000
نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتەکان	299,750,000	67,250,000	116,750,000
تاقیگەی خۆراک	11,520,000	9,440,000	11,325,000

بەراوردی خەرجیەکانی وەزارەتی تەندروستی لە ساڵی ٢٠١٩ تا ٢٠٢١

ژ	بابەت	2019	2020	2021
1	**مووچە**	**634,007,373,969**	**618,849,084,335**	**580,632,306,417**
2	**خزمەتگوزاری خاوێنکردنەوە**	17,584,468,250	17,616,758,385	19,045,193,900
3	**دەرمان**	39,582,245,722	47,956,236,127	37,346,808,315
4	**سوتەمەنی**	6,059,935,500	4,756,622,825	4,741,011,647
5	**کرێی کارەبا**	15,266,788,500	5,543,810,800	27,273,205,222
6	**خۆراکی نەخۆشخانەکان**	11,525,790,312	9,382,444,221	11,602,041,138
7	**پێداویستی پزیشکی و تاقیگا**	45,151,875,190	55,177,620,369	60,454,728,751
8	**چاکردنەوەی ئامێر و بینا و کەل وپەل**	11,637,453,325	13,140,056,225	18,216,918,500
9	**هاندان**	9,964,019,550	14,571,401,666	18,716,073,700
10	**ئامێر و کەل و پەل بۆ نەخۆشخانەکان**	5,616,119,200	9,951,077,350	15,801,452,856
11	**جۆراو جۆر**	7,046,547,750	6,026,840,820	5,869,568,699
	کۆی گشتی	**803,442,617,268**	**802,971,953,123**	**799,699,309,145**

تێچووی نەشتەگەری لە نەخۆشخانەی حکومی و ئەهلی

-نرخی هەر نەشتەرگەرییەك لە نەخۆشخانەی حکومی نزیکەی 7000 دینارە
-نرخی هەر نەشتەرگەرییەك لە نەخۆشخانەی ئەهلی نزیکەی 750,000 دینارە

ژمارەی نەشتەرگەری لە کەرتی حکومی

223,326

کۆی پارەی گەڕاوە بۆ هاوڵاتیان

165,931,218,000



تێچووی نەشتەگەری لە نەخۆشخانەی نیمچە تایبەت و ئەهلی

ژمارەی نەشتەرگەری لە خزمەتگوزاری نیمچە تایبەت

23,226

نرخی نەشتەرگەری لە نیمچە تایبەت 270,000
نرخی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی ئەهلی 750,000



لە ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

بڕگەی یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان لایەنی فەرمی دانوستان دەبێت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان، دەستەی دانوستان دروست دەکەن، بۆ دانوستان لەگەڵ بەغدا و بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانی گەلەکەمان.

- لەگەڵ دەستبەکاربوونی ئەو کابینەیە زۆرترین لێکتێگەشتن و پەیوەندی هەبووە لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە کابینەی پێشوو و کابینەی ئێستاش.
- وەزیری تەندروستی بەشداری کردووە لە لیژنەی باڵای عێراق (خلية الأزمة) لەسەر ئاستی باڵا لە شاری بەغداد و پێشنیار و داواکاریەکانی هەرێمی کوردستانی گەیاندووە و لە ناوەڕۆکی بڕیارەکان جێگیر کراوە.
- لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنای نوێ لەسەر ئاستی وەزارەت بەشدار بوون لە کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی باڵای بەرلەمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکایەتی لیژنەکەی دەکرد.
- لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان لێکتێگەشتنی باش درووستکراوە لە ئێستادا بۆ ئاڵوگۆڕی داتاکان و زانیاری.
- لە ئێستادا بەپەلە نووسراوەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بە دەست دەگات لە ڕێگەی پۆستەی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغداد.
- وەرگرتنی بەشێك لەو هاوکارییانەی کە دەگاتە دەست حکومەتی عێراقی فیدراڵ وەك پشکی هەرێمی کوردستان.

لە ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم و لایەنە نێودەوڵەتییەکان:

بڕگەی دووەم: جەخت لەسەر پەیوەندییەکی باش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دەکەینەوە، بە جۆرێک بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێزی دوولایەنە، پەرە بە ئاستی پەیوەندییەکان لە گشت بوارەکاندا بدرێت.

- لەگەڵ زۆربەی کونسوڵی وڵاتانی دەرەوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پەیوەندی و لێکتێگەشتنی باش هەیە و بەشێکیان زۆر چالاکن و هاوکاریشیان گەیاندۆتە وەزارەت، لەوانە: کونسوڵی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کونسوڵی ئیماڕات، کونسوڵی کۆریای باشوور، کونسوڵی ئوردن، کونسوڵی تورکیا، نوێنەری یەکێتیی ئەوروپا، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، بەشێك لە کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر.
- کونسوڵی چین هاوکار بووە لە پێشکەشکردنی پێداویستی خۆپارێزی و کیتی تێستی کۆرۆنا و هێنانی تیمی تایبەت بە چارەسەری کۆرۆنا کە لە پسپۆڕانی وڵاتی چین بوون.
- هەماهەنگی تەواو هەیە لە نێوان وەزارەتی تەندروستی ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی و ئەندامی چالاکی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە و چەند جارێك هاوکاریان گەیاندۆتە وەزارەت کە لە پێداویستی پزیشکی و کیتی تێستی کۆرۆنا و ئامێری هەناسەدان و ئامێری پزیشی پێکهاتبوون.

لە ئاستی کارگێڕیدا:

بڕگەی یەکەم : کار دەکەین بۆ چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداریی پارێزگاکان کە گونجاو بێت لەگەڵ سیستەمی یاسایی و کارگێڕی هەرێمی کوردستان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتی بەپێی یاسا، لە ژێر چاودێریی سەرۆکایەتی حکومەت.

- دابەزاندنی دەسەڵاتەکانی کارگێڕی بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ناو دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.
- دابەزاندنی دەستەڵاتی دارایی بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.
- کەمکردنەوەی ڕۆتینە کارگێڕییەکان لە پێدانی مۆڵەتی خوێندن و مۆڵەتی ئاسایی و مۆڵەتی دایکایەتی.

بڕگەی دووەم: کاری جدی دەکەین بۆ تەرشیقی پەیکەری دام و دەزگاکانی حکومەت لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بە شێوەیەک کە بۆ هەرێمی کوردستان گونجاو بێت، ئەمەش بە پێی پلانێکی تۆکمە و ئامادەکردنی نەخشەرێگایەکی زەمەنی لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا

- کار لەسەر پەسەندکردنی پەیکەری دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بەردەوامە. ئامانج لەم ڕێکارە ڕێکخستنەوەی پەیکەرێکی گونجاوە بۆ وەزارەت لە خوارەوە بۆ سەرەوە.

کردنەوەی هۆبە و سەنتەری پێویست لە بەڕێوەبەرایەتی و نەخۆشخانەکان

ژ	ناوی سەنتەرو بەش و هۆبە	شوێن
١.	کردنەوەی هۆبەی بانکی خوێن	لە نەخۆشخانەی خواکورک بۆ لەدایک بوون ئافرەتان
٢.	کردنەوەی (منفذصرف) بۆ دەرمانی بایلۆژی نەخۆشانی سەدەف.	نەخۆشخانی رزگاری / اربیل نەخۆشخانەی ئازادی / دهۆك نەخۆشخانەی شهید هیمن / سلیمانیة
٣.	کردنەوەی هۆبەی یاسایی	لە بەڕێوەبەرایەتی خۆپارستنی تەندروستی لەسلێمانی
٤.	کردنەوەی هۆبەی نەخۆشییەکانی هەناسە	لە نەخۆشخانەی رزگاری فێرکاری
٥.	کردنەوەی هۆبەی تیشک	لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی
٦.	کردنەوەی سەنتەری ئازادی بۆ پزیشکی دەم و ددان	لە بنکەی تەندروستی ئازادی
٧.	کردنەوەی هۆبەی پشکنین و دڵنیایی جۆری	لە بەڕێوەبەرایەتی تەنروستی ئاکرێ
٨.	کردنەوەی هۆبەی بێهۆشکاری	لە نەخۆشخانەی هیوا
٩.	کردنەوەی هۆبەی نەشتەر گەری ڕوو و شەویلاگ	لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری
١٠.	کردنەوەی هۆبەی کتوپڕی هەناوی	لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا
١١.	کردنەوەی هۆبەی بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنانی توتن	لە ب. گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەت
١٢.	کردنەوەی هۆبەی نەشتەرگەری جەمالی حاجی عەلی	لە نەخۆشخانەی هیوا

وەزارەتی پەروەردە

وەزارەتی پەروەردە

پێشەکی

پاش خستنەڕووی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکومەتی هەرێم لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/١٠) بۆ خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان و وەرگرتنی متمانە بۆ حکومەت و کارنامەکە، پاشان دەستبەکاربوونمان لە (٢٠١٩/٧/١٥)، وەک وەزارەتی پەروەردە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ڕاسپێردراین بۆ دانانی کارنامەی وەزارەت لە چوارچێوەی تەوەر و هێڵە گشتییەکانی کابینەی نۆیەمدا لەماوەی (٣٠) ڕۆژی کارکردن، کارنامەکە لەماوەی دیاریکراودا پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێز کرد.

بەپاڵپشتی ڕێزدار سەرۆکی حکومەت هەنگاومان ناوە بۆ جێبەجێکردنی تەوەر و هێڵە گشتییەکانی کارنامەی وەزارەت، هەر لەم سۆنگەیەوە لە (٢٠١٩/٧/١٥) هەتا (٢٠٢٢/٦/٢٠)، لە چوارچێوەی ئەم ڕاپۆرتەدا ئەم کار و بەرنامە و پڕۆژە و ئەو بڕیارانەی وەزارەتی پەروەردە جێبەجێکراون.

پێکهاتە و میلاك و پەیکەر:

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان خزمەتگوزاری پەروەردەیی و فێرکردن پێشکەش بە هاونیشتمانییانی هەرێمی کوردستان دەکات بەگوێرەی ئەو تەمەنانەی کە یاسا و ڕێنماییەکان دیاریان کردووە بۆ قۆناغەکانی خوێندن.

پەیکەری وەزارەتی پەروەردە بەگوێرەی پێداویستییە کارگێڕییەکان داڕێژراوە، وەزارەتی پەروەردە توانیویەتی خزمەتگوزارییەکانی بگەیەنێتە سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بە ناوچە دوورە دەستەکان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیشەوە، فراوانی سنووری کارکردنی وەزارەت وایکردووە ژمارەیەکی زۆر میلاک و باڵەخانە بۆ ناوەندەکانی خوێندن و پێداویستی لۆجیستی هەبێت، بۆ بەرچاوڕوونی ئەم داتایانە دەخەینە ڕوو:

١- جگە لە وەزیری پەروەردە و بریکاری وەزارەت و ڕاوێژکاران، ژمارەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەربە دیوانی وەزارەتن، (١٢) بەڕێوەبەرایەتی گشتییە.

٢- ژمارەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە ئێستادا (٥) بەڕێوەبەرایەتی گشتییە، لە ئایندەیەکی نزیکدا ژمارەیان دەبێتە (٨) بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە، بەهێنانە کایەی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سۆران، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی زاخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ڕاپەڕین).

٣- ژمارەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان (٣٧) بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزایە، جگە لە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە کەرکوک کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکوکە.

٤- ژمارەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە: **(١٥٨٦٤٢)** مامۆستا و فەرمانبەرە، بەجۆرێک **(١٢١٦٥٢)** مامۆستایە، **(٣٦٩٩٠)** فەرمانبەرە، بەگوێرەی ئاستی خوێندن و بڕوانامە و ڕەگەز بەمجۆرە پۆلێن دەکرێن:

٥- ژمارەی وانەبێژانی دانەمەزراو: **(٣٠٤٥٤)** وانەبێژ.

٦- ژمارەی ناوەندەکانی خوێندنی سەربە وەزارەتی پەروەردە: **(٦٧٥٦)** باخچە و قوتابخانە و پەیمانگەیە.

٧- ژمارەی قوتابیانی ناوەندەکانی خوێندنی حکومی: (**١,٧٤٣,٨٥٩**) قوتابییە.

٨- ژمارەی ناوەندەکانی خوێندنی ناحکومی: (٤٦٢) ناوەندی ناحکومییە: (باخچە، قوتابخانە، کۆمەڵگەی پەروەردەیی، پەیمانگە).

٩- ژمارەی قوتابیانی ناوەندەکانی خوێندنی ناحکومی: (**١٢٠٨٣٤**) قوتابی.

١٠- ژمارەی مامۆستایانی ناوەندەکانی خوێندنی ناحکومی (**٩٦١٠**) مامۆستا.

لە ئاستی چاکسازیدا:

١- یاسای چاکسازی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠٢٠)

أ- بەگوێرەی یاسای چاکسازی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠٢٠)، پەیڕەوی جێبەجێکردنی (یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان / عێراق)، بەشی سێیەم لە مادەی ٣ نەهێشتنی سوودمەند بوون زیاتر لە جارێک لە بودجەی گشتیی لەو لیستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کە دراوە بە وەزارەت و ئەو فەرمانبەرانەی کە لە لیستی وەزارەتی دارایی و ئابووری هاتوون مووچەکانیان ڕاگیراوە.

ب- ئاماژە بە بەشی دووەم لە ڕێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراو و زیندانیکراو و ڕاگیراوانی سیاسی، مادەی دووەم وەکو وەزارەتی پەروەردە لە ڕێنمایی ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٢١ی باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان، لە مادەی (٤٧) خاڵی پێنجەم " لەسەر هەموو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکانە، (٥) پێنج کورسی بە خۆڕایی بۆ منداڵانی شەهیدان و هاوسەرەکانیان تەرخان کراوە، بەو مەرجەی ئەو ژمارە داواکارییە هەبێت".

ج- پاش پێداچوونەوە و وردبینی کردن لە کۆی گشتیی دۆسییەکانی سەر بە میلاکی وەزارەت تایبەت بە مامۆستایان و فەرمانبەران کراوە کە ژمارەیان (**١٦٢،٦١٣**)ە، (**١٣٣٠**) هەزار و سێ سەد و سی حاڵەت دەستنیشانکرا، بەپێی یاسایی چاکسازی هەموو سەرپێچی و زیادەیەک کە لە پلە و سەرمووچەی زیادە دەستنیشان کراون ڕێکاریان بەرامبەر دەگیرێت و کارکردن تیایاندا تەواوبووە بەمەبەستی گەڕانەوەی کۆی بڕە پارەکان بۆ گەنجینەی حکومەت، دوای وەرگرتنی سەرنج و تێبینی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە کۆی ئەو (**١٣٣٠**) حاڵەتە (**١١١١**) هەزار و سەد و یانزە حاڵەت دەستنیشانکران کە بڕگە و مادەکانی یاسای چاکسازی دەیانگرێتەوە، واتە (**٢١٥**) دوو سەد و پانزە حاڵەت بێ کێشە بوون، بەمجۆرە:

- لە کۆی (١١١٥) حاڵەت، (٧٤) حاڵەت مووچەکانیان زیادی کردووە، بڕی ئەو پارەیەی مانگانە لە کۆی گشتیی دەخرێتە سەر مووچەکانیان بریتییە لە (٤،١٧١،٢٣٠) چوار ملیۆن و سەد و حەفتا هەزار و دوو سەد و سی دینار، بۆ یەک ساڵ بڕی پارەکە دەکاتە (٧٦٠، ٠٥٤، ٥٠) پەنجا ملیۆن و پەنجا و چوار هەزار و حەوت سەد و شەست دینار.

٢- بەسەرکردنەوە و چاودێری وردی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان:

بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کەرتی تایبەت لە پەروەردەدا و پاراستنی مافی هاووڵاتیان لە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری پەروەردە و فێرکردن بە کوالێتیەکی بەرز و ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان نرخی خوێندن و جۆری خزمەتی پێشکەشکراو، هەموو ئەو دامودەزگا پەروەردەییانەی کەرتی تایبەت کە خاوەن مۆڵەتن و لە کاردان لە ڕێگەی لیژنەیەکی باڵاوە بەسەر دەکرێنەوە و پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، بەڕێوەچوونی کارەکانیان بەراورد دەکرێن بە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان و کەموکوڕی و سەرپێچی، لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمەوە لە (٢٠١٩/٧/١٥)ەوە تا ئێستا لە کۆی (٤٦٢) باخچە و قوتابخانە و پەیمانگەی ناحکومی لیژنە باڵاکانمان سەردانی (٤١٩) باخچە و قوتابخانە و پەیمانگەی ناحکومییان کردووە لە هەر چوار پارێزگای (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، هەڵەبجە، گەرمیان)، لە کۆی ئەو سەردانانە (٧٢٥) سەرپێچیان تۆمار کردووە، بەڵێننامە لە سەرجەم ئەو دامەزراوە پەروەردەییانە وەرگیراوە بۆ چاککردنی کەموکورتیەکان لەماوەیەکی کەمدا، بە ڕاپۆرتیش سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەکان ئاگادار کردۆتەوە لەو سەرپێچیانە بەمەبەستی بەدواداچوون و چارەسەرکردنیان.

بەمەبەستی چاکسازی لە بواری خوێندنی ناحکومیدا پاش بەدواداچوونی دەستنیشانکردنی سەرپێچیەکانی باخچە و قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان و پابەند نەبوونیان بە ڕێنماییەکانی وەزارەت بەپێی ئەو دەسەڵاتەی بە وەزارەت دراوە بە بڕی (١.٠١٠.٠٠٠.٠٠٠ دینار) یەک ملیار و دە ملیۆن دینار سزای ئەو باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیانەمان داوە کە سەرپێچیان کردووە بە درێژایی ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ژمارەی ناوەندی خوێندنی ناحکومی کە سەرپێچیان کردووە	بڕی سزا
٣٢ سی و دوو	١.٠١٠.٠٠٠.٠٠٠ یەک ملیار و دە ملیۆن دینار

٣- داشکاندنی کرێی خوێندن:

لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی کەرتی تایبەت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) و (٢٠٢٠-٢٠٢١) و داشکاندنی نرخی خوێندن لە هەردوو ساڵەکەدا بە ڕێژەی ١٠٪ و ڕێژەی ١٥٪ و ڕێژەی ٢٥٪ کراوە.

٤- هەڵسەنگاندنی دەرەکی قوتابخانەکان

بە مەبەستی باشترکردنی کوالێتی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی کارگێڕی و زانستی قوتابخانەکان وەزارەتی پەروەردە لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمەوە لە (٢٠١٩/٧/١٥)ەوە گرنگی زیاتر بە پڕۆژەی هەڵسەنگاندنی دەرەکی قوتابخانەکانداوە کە ئەم پڕۆژەیە وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (بریتیش کاونسڵ) جێبەجێی دەکات و گشتاندنی پێکراوە بۆ پەروەردەی پارێزگاکان، قوتابخانە حکومییەکان لەلایەن سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و قوتابخانە ناحکومییەکان لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت. ئامانجە تایبەتیەکانی ئەم پڕۆژەیە بریتییە لە ڕێکخستنی میلاك لەلایەن سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر، دانانی میکانیزمێکی کاریگەر بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی ئەزموونی نێوان قوتابخانەکان لە ڕێگەی سەرپەرشتیارەوە، گرنگیدان بە باشترکردنی کوالێتی پەروەردە و فێرکردن و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان لە نێوان دەستەی کارگێڕی قوتابخانە و سەرپەرشتیار، هەروەها دانانی کوالێتی پەرەپێدانی قوتابخانە بە مەبەستی ئامادەکردنی بەرنامەی کاری قوتابخانە.

لە ساڵی (٢٠٢٢) بەمەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی میلاکی سەرپەرشتیاران لە پارێزگاکان ڕەزامەندی (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران - سەرۆکایەتی دیوان) بەدەستهێنراوە بە مەبەستی تەرخانکردنی (**٣٨١**) پلەی سەرپەرشتیاری، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی باڵا پێکهێنراوە بۆ دانانی پێوەر و میکانیزمی نوێ بۆ هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی ئەو مامۆستایانەی فۆرمی داواکاری سەرپەرشتیاری بە شێوەی ئۆنلاین پڕدەکەنەوە، بەجۆرێک پلەی سەرپەرشتیاری بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و لەسەر بنەمای توانا و شارەزایی و لێهاتوویی دەدرێت بەو مامۆستایانەی شایستەی ئەم ئەرکەن.

٥- چاکسازی لەبواری فێرکردنی پیشەیی:

أ- وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتی داوە بە (**٤٠٧**) چوار سەد و حەوت پەیمانگەی پیشەیی بەمەبەستی بڕەودان بە توانای پیشەیی هاووڵاتیان بە گشتی و گەنجان بەتایبەتی، لەم بوارەدا لە ١٥ی ٧ی ٢٠١٩ ەوە تا ١ی ٦ی ٢٠٢٢، بڕی (**٢٩٧،٢٠٠،٠٠٠**) دوو سەد و نەوەد و حەوت ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار سزای ئەو پەیمانگە پیشەییانە کردووە کە سەرپێچی ڕێنماییەکانی وەزارەت کردووە.

ب- دانانی بەرنامەیەک بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی کۆمەڵگە پیشەییەکان لەگەڵ کەرتی تایبەت (**p.p.p**).

ج- ئامادەکردنی پلانێکی ستراتیجی بۆ پەرەپێدانی خوێندنی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٦- گرێبەستەکانی سابیس:

ئەنجامدانەوەی گرێبەستێکی نوێ لەگەڵ قوتابخانەکانی سابیس کە بەراورد بە گرێبەستەکەی پێشتر (**١٨،٩٠٠،٠٠٠**) هەژدە ملیۆن و نۆ سەد هەزار دۆلار لەماوەی (٤) چوار ساڵدا کەمدەکرێتەوە.

لە ئاستی پڕۆژەی تەشریع و ڕێنمایی و ڕێبەر:

١- دەرچوواندنی ڕێنمایی نوێی باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٠) لە ٢٣ی ٧ی ٢٠٢٠، لە وەقائعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

٢- دەرچوواندنی ڕێنمایی ژمارە ١ و ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە پەیمانگە و سەنتەر و خوێندنی پیشەیی لە کوردستاندا.

٣- دەرچوواندنی ڕێنمایی باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان، ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٢١)، کە هەمواری ڕێنمایی ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٢٠).

٤- ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٢٢)، تایبەت بە فرۆشگەی قوتابخانەکان.

٥- ڕێبەری ڕێنماییکارانی پەروەردەیی:

دانانی ڕێبەرێک بە هەردوو زاراوەی (سۆرانی و بادینی) و بە زمانەکانی (عەرەبی و ئینگلیزی) بۆ ڕێنماییکارانی پەروەردەیی کە لەناو باخچە و قوتابخانە و پەیمانگەکاندا کار دەکەن، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕێنماییکردنی پەروەردەییەوە ئامادەکراوە، (**١٠،٠٠٠**) دانە لەم ڕێبەرە چاپکراوە و دابەشی سەر سەرجەم قوتابخانەکانی سەربە وەزارەتی پەروەردە کراوە.

٦- ئامادەکردن و واژووکردنی بەڵگەنامەیەك لە ژێر ناونیشانی (**چوارچێوەی سیاسەتەکانی تایبەت بە فێرکردنی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت**) چاپکراوە و بووەتە ڕێڕەوێك بۆ بەڕێوەبردن و دانانی ڕێنمایی تایبەت بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە داموودەزگا پەروەردەییەکان، ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری ڕێکخراوی (بریتش کاونسڵ) ئەنجومەنی ڕۆشنبیری بەریتانی جێبەجێکرا.

٧- تەواوکردنی پرۆژە یاسای پەروەردە و فێربوون و ڕەوانەکردنی بۆ ئەنجومەنی شورا و بۆ سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، لە ئێستادا پرۆژە یاساکە لە پەرلەمانی کوردستانە بەمەبەستی پەسەندکردن و دەنگدان لەسەری.

٨- **چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر ئاستی قوتابخانە:**

وەزارەتی پەروەردە بە هاوکاری و هەماهەنگی ڕێکخراوی یونسێف پرۆژەی ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای قوتابخانەی داڕشتووە، پرۆژەی ڕێبەری بەڕێوەبردن لەسەر ئاستی قوتابخانە نامیلکەیەکە بۆ پشتیوانی کردنی بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و مامۆستایان و کارمەندانی کارگێڕیی قوتابخانە و دایك و باوکان لە بەجێهێنانی ڕۆڵی سەرەکیی خۆیان لە بەڕێوەبردن و گەشەپێداندا.

کەمکردنەوەی ڕۆتین و دابەزاندنی دەسەڵاتەکان:

١- دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان نوێ کراوەتەوە جگە لەو بابەتانەی سروشتییان وایە پشت بەدەسەڵاتی ناوەندێتی دەبەسترێت، دەسەڵاتی تەواو دراوەتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان، سازدانی کۆبوونەوە لەنێوان بەڕێوەبەری گشتی دیوان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان لە هەڵەبجە بەمەبەستی جێبەجێکردنی خاڵی یەکەم.

٢- بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین و ئاسانکاریی سەردانیکاران، پێشتر بۆ وەرگێرانی بڕوانامەی قوتابی یان دەرچوو بۆ زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی)، جگە لە تێچوویەکی زۆری هاتووچۆ لەسەر سەردانیکاران و ماوەی (٢ تا ٣) هەفتەی پێویست بوو بۆ ئەنجامدانی کارەکان لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئەزموونەکان. بەڵام ئێستا بەتەکنیکێکی بەرز و ستاندەرێکی شارەزا لە ڕێگەی سستمی (ئی پەروەردە E- Parwarda) بەماوەی (٦ خولەک) وەرگێرانی بڕوانامە ئەنجامدەدرێت و نووسراویش بۆ لایەنی پەیوەندیدار ئامادەدەکرێت.

٣- بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین و ئاسانکاریی بۆ قوتابیان و خوێندکاران و بەخێوکارانیان، پێشتر بۆ گواستنەوەی قوتابی لە قوتابخانەیەک بۆ قوتابخانەیەکی دیکە یان لە پارێزگایەک بۆ پارێزگایەکی دیکە، ماوەی (٧ تا ١٠) ڕۆژی پێویست بوو بۆ ئەنجامدانی کارەکان، بەڵام ئێستا لەڕێگەی سستمی (ئی پەروەردە E- Parwarda) بەماوەی چەند خولەکێک کارەکە ئەنجامدەدرێت و تەواوی داتای قوتابییەکە لە قوتابخانەی پێشووتری دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانە نوێیەکەی، لە قوتابخانەکەی پێشتریشی وەک ئەرشیف دەمێنێتەوە.

پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن:

لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمەوە (٢٠١٩/٧/١٥) تا ئێستا چەندین پرۆگرامی خوێندن (ئامادەکراوە، وەرگێڕاوە، گونجاندوە، گۆڕدراوە)، جگە لەمانە لیژنەی باڵا پێکهاتووە بۆ پێداچوونەوە بە بەشێک لە پرۆگرامەکانی خوێندن کە پێویستییان بە پێداچوونەوە هەیە، دەتوانین گرنگترین ئەو کار و چالاکییانەی لە بواری پرۆگرامەکانی خوێندن ئەنجامدراوە بەمشێوەیە بخەینەڕوو:

یەکەم: گۆڕینی پڕۆگرامەکانی خوێندن

١- ئامادەکردن و وەرگێڕانی پڕۆگرامی خوێندنی بابەتی **کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان** بۆ پۆلەکانی (١ تا ٩) بنەڕەتی بە زمانەکانی (کوردی سۆرانی، بادینی، عەرەبی، تورکمانی، سریانی)، لەسەر خەرجی ڕێکخراوی یونسێف.

٢- ئامادەکردن و وەرگێڕانی **پڕۆگرامی زمانی کوردی** بۆ پۆلی (٢ ، ٣) بنەڕەتی و (١٠، ١١، ١٢) ئامادەیی بە زمانی (کوردی) بەهەردوو شێوەزاری سۆرانی و بادینی.

٣- ئامادەکردن و وەرگێڕانی کتێبی **زانست بۆ هەمووان** بۆ پۆلی (١) بنەڕەتی زمانەکانی کوردی (سۆرانی و بادینی)، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکمانی، سریانی.

٤- ئامادەکردن و وەرگێڕانی کتێبەکانی **تەکنەلۆژیای زانیاری** بۆ پۆلەکانی (٧، ٨) بنەڕەتی و (١٠، ١١) بە زمانەکانی کوردی (سۆرانی، بادینی)، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکمانی، سریانی.

٥- گۆڕین و وەرگێڕانی کتێبەکانی **بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی** پۆلی (٧، ٨، ٩) بنەڕەتی بە زمانەکانی کوردی (سۆرانی و بادینی)، عەرەبی، تورکمانی، سریانی.

٦- گۆڕین و وەرگێڕانی کتێبەکانی **پەروەردەی ئیسلامی** پۆلی (١ تا ١٠) بنەڕەتی بە زمانەکانی کوردی (سۆرانی و بادینی)، عەرەبی، تورکمانی، سریانی.

٧- گونجاندن و وەرگێڕان و ئامادەکردنی کتێبەکانی **کیمیا** پۆلی (١٠، ١١، ١٢) ئامادەیی بە زمانەکانی کوردی (سۆرانی و بادینی)، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکمانی، سریانی.

٨- ئامادەکردنی کتێبی **ڕێبەری مامۆستای پەروەردەی وەرزش** بۆ پۆلی (١ تا ٦) بنەڕەتی بە زمانی کوردی سۆرانی.

٩- گۆڕینی پڕۆگرامەکانی پەروەردەی وەرزشی بۆ پۆلی (٧، ٨، ٩) بنەڕەتی.

١٠- ئامادەکردنی **ئەتڵەسی زانستەکانی کۆمەڵایەتی** وەک هۆیەکانی فێرکردن بۆ کتێبەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەرجەم قۆناغ و پۆلەکانی خوێندن لە پۆلەکانی (٤ بنەڕەتی تا ١٢ئامادەیی) بە زمانی کوردی (سۆرانی).

١١- گۆڕینی کتێبی زمانی ئینگلیزی بۆ قۆناغی پێنجەمی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان.

١٢- ئامادەکردنی **نامیلکەی خشتەی دابەشکردنی بەشەوانەکان و بڕگەکانی خوێندن** بۆ هەردوو وەرزی خوێندن بۆ باخچەی منداڵان و ناوەندەکانی (حکومی، ناحکومی، نێودەوڵەتی، پیشەیی، پەیمانگەکان، خوێندنی ئیسلامی).

١٣- ئامادەکردن و گۆڕینی کتێبی **زانستی پیشەسازی** بۆ پۆلی یەکەمی ئامادەیی پیشەیی بەشی چاککردنی کۆمپیوتەر.

١٤- ئامادەکردن و گۆڕینی کتێبی **مەشقی کرداری** بۆ پۆلی یەکەمی ئامادەیی پیشەیی بەشی چاککردنی کۆمپیوتەر.

١٥- بەمەبەستی پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکانی خوێندن، پێکهێنانی لیژنەی باڵای پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکانی خوێندنی بازنەکانی (١، ٢، ٣ ، ٤) و باخچەی منداڵان ، بە سەرپەرشتی بەڕێز وەزیری پەروەردە و بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەمەنییەکان و بە بەشداری و نوێنەرایەتی دوو ئەندام بۆ هەربابەتێک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان، کەرکوک/ب.خوێندنی کوردی) بۆ بابەتەکانی (زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی، بیرکاری، زانستەکان، بایلۆجی، فیزیا، کیمیا، کۆمپیوتەر(تەکنەلۆژیای زانیاری)، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، مافی مرۆڤ، مێژوو، جوگرافیا، ئابووری، فەلسەفە، کۆمەڵناسی، پەروەردەی وەرزشی، پەروەردەی هونەری، پڕۆگرامی خوێندنی ئامادەیی پیشەییەکان).

دووەم: پلانی کار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)

گۆڕینی کتێبەکانی لیستی خوارەوە بە تەواوەتی لە گەڵ وەرگێڕانیان بۆ زمانەکانی خوێندن کە بەرامبەر ناونیشانی کتێبەکان نووسراوە.

ز	ناوی کتێب	بۆ پۆلی	بە زمانی
١	خوێندنی کوردی	(٣) بنەڕەتی	هەردوو شێوەزاری (سۆرانی + بادینی)
٢	بیرکاری	(١) بنەڕەتی	هەردوو شێوەزاری(سۆرانی+ بادینی)+ عەرەبی+ ئینگلیزی+ تورکمانی+سریانی
٣	بیرکاری	(١٠،١١،١٢) زانستی	هەردوو شێوەزاری (سۆرانی+ بادینی)+ عەرەبی+ ئینگلیزی+ تورکمانی + سریانی
٤	بیرکاری	(١٠، ١١، ١٢) وێژەیی	هەردوو شێوەزاری (سۆرانی+ بادینی)+ عەرەبی + ئینگلیزی + تورکمانی + سریانی
٥	زانست بۆ هەمووان	(٢ + ٣) بنەڕەتی	هەردوو شێوەزاری (سۆرانی+ بادینی)+ عەرەبی + ئینگلیزی + تورکمانی + سریانی
٦	زانستە کۆمەڵایەتییەکان	(٤، ٥، ٦) بنەڕەتی	هەردوو شێوەزاری (سۆرانی + بادینی) + عەرەبی + تورکمانی + سریانی
٧	جینۆسایدی گەلی کورد	(١٠) ئامادەیی	هەردوو شێوەزاری (سۆرانی + بادینی) + عەرەبی + تورکمانی + سریانی
٨	جوگرافیای گشتیی	(١٠) ئامادەیی	هەردوو شێوەزاری (سۆرانی + بادینی) + عەرەبی + تورکمانی + سریانی
٩	مێژووی نوێ	(١١) ئامادەیی	هەردوو شێوەزاری (سۆرانی + بادینی) + عەرەبی + تورکمانی + سریانی
١٠	فەلسەفە	(١١) ئامادەیی	هەردوو شێوەزاری (سۆرانی + بادینی) + عەرەبی + تورکمانی + سریانی
١١	دەروونناسی	(٨) بنەڕەتی	هەردوو شێوەزاری (سۆرانی + بادینی) + عەرەبی + تورکمانی + سریانی
١٢	دەروونناسی	(١٠) ئامادەیی	هەردوو شێوەزاری (سۆرانی + بادینی) + عەرەبی + تورکمانی + سریانی
١٣	پەروەردەی ئیسلامی و ئایینناسی	(١١،١٢) ئامادەیی	هەردوو شێوەزاری (سۆرانی + بادینی) + عەرەبی + تورکمانی
١٤	ئامادەیی پیشەییەکان	(١٠، ١١، ١٢)	خوێندنی بابەتی بەهێزکردن وەک بابەتی زێدەکی لە گشت بەشەکانی ئامادەیی پیشەیی (گەشتیاری، کارەبا، کشتوکاڵی ، ئۆتۆمبێل ... هتد)

گرنگیدان بە کوالێتی:

١- دەرفەتی خوێندن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی:

أ- سوودمەندبووانی خوێندن لە پەیمانگەی گەشەپێدانی وەزارەت:

بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پەروەردەیی، هەزار و سەد و نۆ (١١٠٩) مامۆستا وەک دوا گروپی مامۆستایان چوار کۆرسی خوێندنیان تەواوکرد لە مانگی ٧ی ٢٠٢١، لە پەیمانگەی گەشەپێدانی پەروەردەیی، بەمەش دەرماڵەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس دەیانگرێتەوە.

ب- سوودمەندبووانی بەکالۆریۆس لە زانکۆکانی کوردستان:

بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاست و توانای مامۆستایانی وەزارەتمان هەتا ئێستا (٥٠٠) پێنج سەد مامۆستای هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم لە خوێندنی زانکۆییدان بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.

ج- دەرفەتی خوێندنی باڵا:

١- هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەمەبەستی دەرچوواندنی پەیڕەوی مۆڵەتی خوێندن لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە درێژەدان بە خوێندن بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی سەرجەم وەزارەتەکان.

٢- لە ١٥ ی ٧ ی ٢٠١٩ ەوە هەتاکو ٢٠ ی ٦ ی ٢٠٢١ مۆڵەتی خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەکانی (دبلۆمی باڵا - ماستەر - دکتۆرا) بەخشراوەتە مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەت لە چوارچێوەی ڕێنماییە بەرکارەکاندا، بەمجۆرە:

ماستەر	دکتۆرا	دبلۆمی باڵا
٩٣٣	٢٧٠	٢٣٣
کۆی گشتی		١٤٣٦

هەروەها بەپێی جۆرەکانی مۆڵەت بەمجۆرە دابەشکراون:

جۆری مۆڵەت	ژمارە
زانکۆکانی هەرێم و عێراق	١٢٥٩
زەماله	١٠١
نفقه خاصه	٧٦
کۆی گشتی	**١٤٣٦**

٣- کوالێتی (دڵنیایی جۆری) پانتاییەکی فراوانی پێدراوە لە پرۆژ یاسای پەروەردە و فێربوون.

پرۆسەی بە دیجیتاڵکردن (بە ئەلیکترۆنیکردن) و میدیای پەروەردە و فێرکردن:

یەکەم/ بە دیجیتاڵکردن:

١- دامەزراندن و بەکارخستنی سیستەمی E-Parwarda:

سستەمێکی ئەلیکترۆنیە کە پێکهاتووە لە بەشەکانی زانیاری (فەرمانبەران و مامۆستایان، قوتابخانە، قوتابی و نمرەکانیان، کۆگا، مووچە، دەرکردە و وەرگرتە)، هەر لەسەرەتای ڕاگەیاندنی حکومەت بۆ بە ئەلیکترۆنی کردنی کاروباری حکومەت (حکومەتی ئەلیکترۆنی)، چ لەسەر ئاستی کاروباری ناوخۆی حکومەت و چ لەسەر ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان بۆ هاووڵاتیان، وەزارەتی پەروەردە دەستپێشخەر بووە لەم بوارەدا و بەردەوامە لە بەئەلیکترۆنیکردنی کاروباری وەزارەت، پرۆژەی بەستنەوەی قوتابخانەکان بە سیستەمی ئەلیکترۆنی(E-parwarda) لەسەر ئاستی وەزارەت و پەروەردەی پارێزگاکان و پەروەردەی قەزاکان و قوتابخانەکان بەحکومی و ناحکومییەوە جێبەجێکراوە:

ژمارەی قوتابخانە	ژمارەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەمیشەیی	ژمارەی قوتابیانی حکومی	ژمارەی قوتابیانی ناحکومی
٦٧٥٦	١٥٨٦٤٢	١,٧٤٣,٨٥٩	١٢٠,٨٣٤
		کۆی گشتیی ژمارەی قوتابیان:	١,٨٦٤,٦٩٣

٢- پۆستی ئەلیکترۆنی:

لەئێستادا تەواوی نووسراوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەکانەوە بەشێوەی ئەلیکترۆنی دەگاتە وەزارەت و پشت بە پۆستەی دەستی نابەسترێت، هەروەها لە پەروەردەی قەزاکانەوە نووسراوەکان بە ئەلیکیترۆنی دەنێردرێن بۆ پەروەردە گشتییەکان، لەسەر ئاستی پەروەردە و قوتابخانەکانیش، سەرجەم قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەی ئەلیکترۆنی نووسراوەکانیان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان دەکەن.

٣- پلاتفۆرمی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی E-wane:

پلاتفۆرمێکی تایبەتە بە خوێندنی ئەلیکترۆنی لەکاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (COVID- ١٩) دامەزرا بەمەبەستی دانەبڕانی قوتابیان لەپرۆسەی خوێندن، لەم پلاتفۆرمەدا سەرجەم قوتابیان و مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان کۆدی بەکارهێنەر و وشەی تێپەڕی تایبەت بە خۆیان بۆ دروستکراوە، لەم پلاتفۆرمەدا سەرجەم وانەکان بەشێوەی ڤیدیۆ تۆمارکراوە بە زمانەکانی (کوردی، ((سۆرانی – بادینی))، عەرەبی، ئینگلیزی، سریانی، تورکمانی) بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن (بنەڕەتی، ئامادەیی، پیشەیی، خوێندنی ئیسلامی، پەیمانگەکان)، بەشێکی تری ئەم پلاتفۆرمە تایبەتە بە چاتکردن لە نێوان قوتابیان و مامۆستایان بەمەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیاری قوتابیان و ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکان لەلایەن مامۆستایانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر لە (**١،٥٠٠،٠٠٠**) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار ئەکاونت لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفت دابینکراوە کە قوتابی دەتوانێت نامە بەشێوازی (نوسین، دەنگ، ڤیدیۆ) بۆ مامۆستاکانی بنێرێت، لەهەمان کاتدا ئەپلیکەیشنی ئۆفلاینیش هەیە کە دەتوانرێت قوتابیان بەبێ ئینتەرنێت بینەری وانەکان بن.

٤- هەورەفێرگە:

هەورەفێرگە، پڕۆژەیەکی فێرکاری ئۆنلاینە کە لەلایەن چەند کەسێکی خۆبەخشی هەرێمی کوردستان دیزاین کراوە و دواتر بێ هیچ تێچوویەك ڕادەستی وەزارەتی پەروەردە کراوە، هەورە فێرگە وەك پڕۆژەیەکی فێرکاری ئۆنلاینە، یارمەتیدەری مامۆستایان و قوتابیانی هەرێمی کوردستانە، تا بتوانن بە کەمترین کات و ئاسانترین شێوە بابەتەکانی پڕۆگرامی خوێندن بەردەست بێت و سوودی لێوەربگرن، قوتابیان دەتوانن جگە لە فێربوونی وانەکان، پەرتووکی ئەلیکترۆنی هەروەها ڤیدیۆ بۆ هەر بەشێك لە هەر بابەتێك یاخوود وانەیەك بەکاربهێنن، هەڵسەنگاندنیش بۆ خۆیان ئەنجام بدەن بۆ هەر بابەتێك کە ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم بابەتە فێربوون، ئەم ئەپلیکەیشنە بۆ هەر سێ سستمی (IOS و Android و Windos) فەراهەمکراوە، هەروەها وانەی پیادەکاری بۆ مامۆستایان لەخۆدەگرێت.

٥ - کۆرسی فێربوونی زمانی کوردی:

وەزارەتی پەروەردە بەهەماهەنگی لەگەڵ ناوەندی ڕەوەندی کورد لەدەرەوە کە ئۆفیسی سەرەکییان لە وڵاتی ئەڵمانیایە پڕۆژەیەکیان ئامادەکردووە تایبەت بە فێرکردنی زمانی کوردی (زمانی دایک) بۆ قوتابیان و هاونیشتیمانیانی کوردستانی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین (وڵاتانی ئەوروپا، ئەمریکا، ئوسترالیا)، لەڕێی ئامادەکردنی کۆرسێکی زمانی کوردی بەشێوەی ئۆنلاین، ئەم کۆرسە شەش مانگ دەخایەنێت، هەفتەی تەنها یەک ڕۆژ بۆ ماوەی یەک کاژێر لەلایەن چەند مامۆستایەکی شارەزایی زمانی کوردی دەوترێتەوە.

لە یەکەم هەڵمەتدا (١٠٣) قوتابی ناوی خۆیان لە ناوەندی ڕەوەندی کورد تۆمار کردووە بۆ هەردوو شێوەزاری (سۆرانی و بادینی)، (٧٢) قوتابی بۆ شێوەزاری سۆرانی، (٣١) قوتابی بۆ شێوەزاری بادینی، وەزارەتی پەروەردە هەموو ئامادەکارییەکانی تەواوکردووە، لە مانگی (٢٠٢٢/٣) کۆرسەکە دەستیپێکرد، لە پلانی هەردوولاماندا هەیە کە پاش تەواوبوونی ئەم کۆرسە ئەم پڕۆژەیە بەردەوامی هەبێت.

دووەم/ میدیای پەروەردەیی و بڵاوکراوە:

٢-١: کەناڵی ئاسمانی پەروەردەیی:

لەمانگی ٥ی ٢٠٢٠ کەناڵی لۆکاڵی پەروەردەیی کرا بە کەناڵێکی ئاسمانی، بۆ ئەم پڕۆژەیە ڕێکخراوی یونسێف تێچووەکەی گرتە ئەستۆ کە بڕی ($٢٣٠،٠٠٠) دوو سەد و سی هەزار دۆلار بوو، و حکومەت مانگانە بودجەی تەشغیلی بۆ دابین کردووە.

٢-٢: کەناڵی لۆکاڵی پەروەردەیی دهۆک:

ئەم کەناڵە لۆکاڵییە پەروەردەییە تایبەتە بە شێوەزاری بادینی کە سەرجەم بابەت و وانەکان بەشێوەی ڤیدیۆ بڵاو دەکاتەوە وەک پاڵپشتێک بۆ خوێندنی دوورەدەست (Distance – learning)، بەهەمان شێوە ڕێکخراوی یونسێف خەرجیەکانی گرتۆتە ئەستۆ و حکومەت مانگانە بودجەی تەشغیلی بۆ دابین کردووە، ئەم کەناڵە لە ٢٠٢٠/ ٧/٢٤ دەستی بەپەخش کرد.

٢-٣: ڕادیۆی پەروەردەیی:

ئەم ڕادیۆیە پەروەردەییە، هۆشیاری پەروەردەیی و بابەتی جۆراوجۆر لەبواری پەروەردە و دەروونناسی و گەشەپێدان بڵاو دەکاتەوە لەچوارچێوەی بەرنامە و بابەتی زانستی و پەروەردەیی، بەهەمان شێوە ڕێکخراوی یونسێف خەرجییەکانی گرتۆتە ئەستۆ، لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٨/١٧) دەستی بە پەخشکردن کرد.

٢-٤: کەناڵی پەروەردەیی هەولێر:

ئەم کەناڵە لۆکاڵیە پەروەردەییە کە بە هەماهەنگی ڕێکخراوی یونسکۆ دامەزراوە و لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٨/١٧) دەستی بە پەخشکردن کرد.

٢-٥: پلاتفۆرمی (Oznoz):

وەزارەتی پەروەردە وەك هەنگاوێکی تری خوێندنی دوورە دەست (Distance-Learning) بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف، لەگەڵ دەزگای (Oznoz) نێودەوڵەتی ڕێکەوتنێکی ئەنجامداوە بە مەبەستی وەرگێڕان و دۆبلاژکردنی گشت بابەتەکانی ئەم دەزگایە کە پێکهاتووە لە ئەفلام کارتۆنی پەروەردەیی بۆ زاراوەکانی بادینی و سۆرانی، تا ئێستا توانراوە نزیکەی (٥٠) ئەڵقەی ئافلام کارتۆنی (١٠٠١ شەوە) وەربگێڕدرێتە سەر هەردوو زاراوەی سۆرانی و بادینی، لەگەڵ چەندین زنجیرەی بە سوودی تر کە لە پرۆسە دایە و دەتوانرێت گشت بابەتەکان لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆی پەروەردەیی پەخش بکرێت.

لەم لینکەی خوارەوە لەکاتی ئێستا تەنها **١٨** ڤیدیۆ دانراوە، لە چەند هەفتەی داهاتوو گشت ڤیدیۆیەکانی تر دادەنرێت.

https://video.oznoz.com/iraq?language=Sorani

٦-٢: ژووری سکاڵا و بەدواداچوون:

بەمەبەستی نزیکبوونەوە لە هاووڵاتی و پەروەردەکاران و بەخێوکار و کەسوکاری قوتابیان و کەمکردنەوە بەربەستەکان لەنێوان وەزارەت و خەڵکدا، وەزارەت ژوورێکی تایبەتی بەچەند هێڵێکی گەرمی دامەزراندووە، کە بەردەوام لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەخزمەت خەڵکدا بێت، ڕەخنە و بۆچوون و پێشنیار و ڕایەکانیان وەربگیرێت و بەدواداچوونیان بۆ بکات بەمەبەستی نەهێشتنی کەموکوڕییەکان و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و ڕازیکردنی هاووڵاتیان، بەمەش سیستەمی چاودێریکردن توندوتۆڵتر دەبێت و متمانەی خەڵکیش بە وەزارەت و حکومەت تۆکمەتر دەکات، بۆ ئەم مەبەستە (٤٦٩٧) چوار هەزار و شەش سەد و نەوەد و حەوت سکاڵا و پێشنیار گەیشتووە و وەڵامی پێویست دراونەتەوە و مانگانەش ڕاپۆرت دەدرێت بە فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بەمجۆرە:

جۆر	لە ٢٠١٩/٧/١٥ تا ٢٠٢٢/٦/٢٠
سکاڵا	٢٧٢٩
پێشنیار	١٩٦٨
کۆی گشتی	**٤٦٩٧**

٧-٢: پەرەی سۆما بۆ تاقیکردنەوە گشتییەکانی پۆلی ١٢ ی ئامادەیی:

لە کابینەی نۆیەمدا وەزارەتی پەروەردە دەستیکرد بە چاکسازی لە بواری تاقیکردنەوە گشتییەکانی پۆلی ١٢ ی ئامادەیی، ئەمەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەک لە پەرەی سۆما بەمەبەستی بەدیهێنانی دادپەروەری و شەفافیەت ڕێگەگرتن لە بەخراپ کەڵک وەرگرتن لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکاندا، گرنگترین ئەو گۆڕانکاریانەی لە پەرەی سۆمادا ئەنجاممانداوە:

١- چاپکردنی ناوی چواری قوتابی، ناوی هۆڵی ئەزموونی، جۆری خوێندن، ناوی بابەت، زمانی خوێندن، ناوی قوتابخانە، ناوی پەروەردە، ناوی پارێزگا، هەندێ ڕێنمایی تایبەت، لەسەر پەرەی سۆما.

٢- دانانی پەنجەمۆری قوتابی لەسەر پەرەی سۆما.

٣- دانانی نوێترین وێنەی قوتابی لەسەر پەرەی سۆما.

٤- دانانی کۆدی تایبەت لەسەر پەرەی سۆما.

٥- دانانی کۆدی ئەزموونی قوتابی لەسەر پەرەی سۆما.

٦- دانانی سریال نەمبەری قوتابی لەسەر پەرەی سۆما.

٧- دانانی واژووی بەڕێوەبەری هۆڵ لەسەر پەڕەی سۆما.

٨- پرسیارەکانی هەر بابەتێک بە (٢٦) شێواز چاپدەکرێت بە جۆرێک قوتابییەک لەکاتی تاقیکردنەوەدا ناتوانێت کەڵک لە قوتابیانی هەردوو تەنیشت و پێش و پاشی خۆی وەربگرێت.

٩- پاش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان هەموو پەڕەی وەڵامەکانی قوتابیان سکان دەکرێت و لەڕیگەی سایتی وەزارەتی پەروەردە دەخرێتە بەرچاوی قوتابیان بۆ ئەوەی لە ئەنجامەکانی خۆیان دڵنیابن.

پشتگیری کردنی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی تایبەت بە قوتابخانەکانی چاکسازی:

وەزارەتی پەروەردە پشتگیری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکات لەبواری فێرکردن و ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندن بۆ سزادراوان قوتابخانەکانی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان، لە دابینکردنی پڕۆگرامەکانی خوێندن و مامۆستایان و بەڕێوەچوونی ئەزموونەکان، لە ئێستادا **(٣١٥)** قوتابی لە هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی، لە خوێندنی ئاسایی و خوێندنی خێرا، دەخوێنن، بەگوێرەی ئەم خشتەیە:

ز	چاکسازییەکان	ناوی قوتابخانە	ژمارەی مامۆستا		ژمارەی قوتابی	
			و. پەروەردە	و. کار	بنەڕەتی	ئامادەیی
١	ب.چاکسازی ئافرەتان و منداڵان- هەولێر	ق. ڕوناکی بنەڕەتی - خوێندنی خێرا	-	١٧	٢٣	٢
٨٨	١٩-١١-٠٠٤٩	چاککردنەوەی قیری ڕیگای دوکان – سلێمانی.	سلێمانی	دوکان	٥،٣٠٤
٨٩	١٩-١١-٠٠٥٢	چاککردنەوەی وێستگەکانی کێشان لە سنووری پارێزگای هەولێر.	هەولێر	هەولێر	٥٥٧
٩٠	١٩-١١-٠٠٥٣	پڕۆژەی کارە خزمەتگوزارییەکانی (٣٩٦) یەکەی نیشتەجێبوون لە هەولێر/ بنەسڵاوە/ بڕگەی خۆڵکاری لە شەقامە ناوخۆییەکان.	هەولێر	هەولێر	٢٥٧
٩١	١٩-١١-٠٠٥٤	پڕۆژەی ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکانی (٣٩٦) یەکەی نیشتەجێبوون لە هەولێر/ بنەسڵاوە قۆناغی یەکەم / بڕگەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.	هەولێر	دەشتی هەولێر	٨٩٥
٩٢	١٩-١١-٠٠٥٦	پڕۆژەی کارە خزمەتگوزارییەکانی (٣٩٦) یەکەی نیشتەجێبوون لە هەولێر / بنەسڵاوە تەواو کردنی کاری شەقامە ناوخۆیەکان.	هەولێر	دەشتی هەولێر	١،١٦٥
٩٣	١٩-١١-٠٠٥٩	پڕۆژەی کارە خزمەتگوزارییەکانی (١٤٤) یەکەی نیشتەجێبوون لە سۆران/ بڕگەی تەواوکردنی کاری شەقامە ناوخۆییەکان.	هەولێر	سۆران	٥٥٤
٩٤	١٩-١١-٠٠٦٣	پڕۆژەی کارە خزمەتگوزارییەکانی (٣٦) یەکەی نیشتەجێبوون بە شێوازی (٤) باڵەخانەی (٣) نهۆمی لە سەنگەسەر.	ڕاپەڕین	پشدەر	٦١٠
٩٥	١٩-١١-٠٠٦٥	کارە خزمەتگوزارییەکانی (ئاو، ئاوەڕۆ و کاری مەدەنی) بۆ ٧٢ یەکەی نیشتەجێبوون لە هەڵەبجە – قۆناغی یەکەم.	هەڵەبجە	هەڵەبجە	٢٥١
٩٦	١٩-١١-٠٠٦٦	کارە خزمەتگوزاریەکانی (کاری کارەبایی) بۆ ٧٢ یەکەی نیشتەجێبوون لە هەڵەبجە – قۆناغی دووەم	هەڵەبجە	هەڵەبجە	٥١
٩٧	١٩-١١-٠٠٦٧	کارە خزمەتگوزارییەکانی (گەیاندنی ئاوی سەرکی بۆ پڕۆژەکەو بەستنەوەی ئاوەڕۆی پڕۆژەکە بە تۆڕی سەرەکیەوە) بۆ ٧٢ یەکەی نیشتەجێبوون لە هەڵەبجەی شەهید – قۆناغی سێیەم.	هەڵەبجە	هەڵەبجە	١١٤
٩٨	١٩-١١-٠٠٦٨	قۆناغی چوارەم/ بڕگەی قیرتاوکردنی ڕێگاوبان و بڕگەی بیهارتۆن بۆ ستونەکان.	هەڵەبجە	هەڵەبجە	١٠٤
٩٩	١٩-١١-٠٠٦٩	کارە خزمەتگوزارییەکانی (٣٦) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت لە کفری بڕگەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و شەقامە ناوخۆییەکان.	گەرمیان	کفری	٢٣٧

١٠٠	١٩-١١-٠٠٧٠	دروست کردنی ڕێگای خێرای باشماخ - پێنجوین لەگەڵ دوویەکتربر	سلێمانی	پێنجوین	٣٥،٥٣٣
١٠١	٢١-١١-٠٠٠٢	دروستکردنی ڕێگا و پردی تووەقوت	هەڵەبجە	هەڵەبجە	٢٧،٦٨١
١٠٢	٢١-١١-٠٠٠٣	قیرتاوکردنی ڕێگای گوونەدەکانی (هەلۆنە- نۆڵچکە- لۆتەر) لە سنووری ناحیەی بنگرد/ قەزای دوکان.	سلێمانی	دوکان	٥٢٥
١٠٣	٢١-١١-٠٠٠٤	دروستکردنی ریگای گوندی ئەللاهی بە درێژی (٢کم) لە قەزای بەردەڕەش.	دهۆك	بەردەڕەش	١٧٤
١٠٤	٢١-١١-٠٠٩٢	تێکەڵەرێژکردن و قیرتاوکردنی ڕیگای سەرچاوگ- ملەی گەچینە / ناحیەی سیروان.	هەڵەبجە	ناوەند	٧٤٣
١٠٥	٢١-١١-٠٠٩٣	کاری دیزاینی ڕێگای ١,٢,٣LOT لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک.	هەرێمی کوردستان	هەرێمی کوردستان	٦٦٥
١٠٦	٢١-١١-٠٠٩٤	دروستکردنی هێلی ئاسنینی هەرێمی کوردستان/ قۆناغی یەکەم	هەرێمی کوردستان	هەرێمی کوردستان	٣،٧٩٩
١٠٧	٢١-١١-٠٠٩٦	چاککردنی ڕێگای قیری (بەنداوی دەربەندیخان- بۆ گوندەکانی ناوچەی شەمێران)	سلێمانی	دەربەندیخان	٩،٥٢١
١٠٨	٢١-١١-٠٠٩٩	چاککردنەوەی ڕێگای دۆڵی بالیسان لە سێڕییانی زینە تیر تاکو شکارتە / لە قەزای شەقڵاوە.	هەولێر	شەقڵاوە	٣،٧١٥
١٠٩	٢١-١١-٠١٠٠	قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی سوێلە مێش بە درێژی ٣,٥کم.	سلێمانی		٤٣٥
١١٠	٢١-١١-٠١٠١	قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی (چنارە زڵزڵە) لە بەرزنجە بە درێژی (٥,٨کم).	سلێمانی		٢٧٩
١١١	٢١-١١-٠١٠٢	قیرتاوکردنی ڕێگای سەرسیر - ڕێگای زەلان سیوەیل.	سلێمانی		٢،١٦٧
١١٢	٢١-١١-٠١٠٣	قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی شانەدەری سەروو لە شارەزوور .	سلێمانی		١٤٤
١١٣	٢١-١١-٠١٠٤	قیرتاوکردنی ڕێگای نێوان (بەرزنجە- باراو) لە سیدصادق.	سلێمانی		١،٨١٢
١١٤	٢١-١١-٠١٠٥	چاککردنەوەی بەشێک لە ڕێگای (سماقولی - هیزۆپ).	هەولێر	کۆیە	١٧٦
١١٥	٢١-١١-٠١٠٦	قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی (دێرێ) لە ناحیەی سەرکەپکان لە قەزای ڕانیە.	ڕاپەڕین	ڕانیە	٢٢٠
١١٦	٢١-١١-٠١٠٧	قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی باساک.	سلێمانی		٨٠٧
١١٧	٢١-١١-٠١٠٨	دروستکردنی پارچەیەک لە ڕێگای سماقولی – هیزۆپ	هەولێر	کۆیە	١،٧٩٣
١١٨	٢١-١١-٠١٠٩	تێکەڵە ڕێژکردنی ڕێگای گوندی (تەکیە- ماڵوڵە- کانی مستەفا).	سلێمانی		٨٥٦
١١٩	٢١-١١-٠١١٠	چاککردنەوەی ڕێگای گوندی تاڵەبان.	سلێمانی		٣٣
١٢٠	٢٢-١١-٠٠٠١	دروستکردنی ڕێگای سەر زێڕی لە دهۆک/ قۆناغی یەکەم.	دهۆك	ئامێدیێ	٤٣،٠٧٨
١٢١	٢٢-١١-٠٠٠٣	دروستکردنی ڕێگای گوندەکانی (قزڵوو- گۆمەشین- کاولان) لە قەزای کۆیە.	هەولێر	کۆیە	٩٥٩
		کۆی گشتی			**٢،٣٣٤،٣٧٩**

پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە لە ساڵی سێیەمی کابینەی نۆیەم تەواوبوونە:

پرۆژەکانی ڕێگاوبان:

ژ	کۆدی پرۆژە	ناوی پرۆژە	پارێزگا	گوزمەی گشتی (ملیۆن دینار)
١	١٨-١١-٠٠٠٣	بەستنەوەی ڕێگای تونێلی سەلاحەدین -کۆڕێ لەگەڵ ڕێگای کۆڕێ-قەندیل	هەولێر	١،٥٤٤
٢	١٩-١١-٠٠٠٦	دانانی بۆری ئاسنی ئارامکۆ لە شوێنی جیاواز بۆ ڕێگاکانی ناحیە و قەزاکانی سۆران، چۆمان، ڕەواندوز، دەوروبەری پارێزگای هەولێر.	هەولێر	٨٥٠
٣	١٩-١١-٠٠٢٥	چاککردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگای سەرەکی (چۆمان - حاجی ئۆمەران) بە چینێک بایندەر لە وێستگەی (٠٠٠+٩) تاکو (٠٠٠+١٥).	هەولێر	٤٦٥
٤	١٩-١١-٠٠٢٧	فراوان کردن و قیرتاو کردنی ڕێگای (هەولێر -کۆیە) قۆناعی یەکەم لە دێگەڵە تاکو کۆیە بە درێژایی (٢٥)کم.	هەولێر	٤،٣١٢
٥	١٩-١١-٠٠٣٨	ڕێگای (هەولێر - پیرمام) بە درێژی (٣٠) کم.	هەولێر	٥٣٢
٦	١٩-١١-٠٠٣٩	ڕێگای (هەولێر - پردێ) بە درێژی (٣٨) کم.	هەولێر	٣١٦
٧	١٩-١١-٠٠٤٠	ڕێگای (گۆمەسپان - سماقولی) بە درێژی (١٧) کم.	هەولێر	٥١٥
٨	١٩-١١-٠٠٤١	ڕێگای (کۆڕێ - شەقڵاوە - میراوە) بە درێژی ١٥ کم.	هەولێر	٢٠١
٩	١٩-١١-٠٠٤٤	ڕێگای (جەژنیکان - زرارەتی) بە درێژی ٣٩ کم.	هەولێر	٣١١
١٠	١٩-١١-٠٠٧١	فراوانکردنی ڕێگای دەروازەی مێرگەسۆر - ڕووبارۆک - کۆمەڵگای زێت.	هەولێر	١،٠٨١
١١	١٢-١١-٠٠٣٤	دروستکردنی ڕێگای گوندی خەردەنە بە درێژی ٥.٢ کم لە ناحیەی گۆڕەتوو/ قەزای مێرگەسوور.	هەولێر	١،٠٣٣
١٢	٢١-١١-٠٠٠١	دروستکردنی ڕێگای گوندی باشووری خواروو لە ناحیەی باسترمە بەدرێژی ٢,٧کم	هەولێر	٢٨٦
١٣	١١-١١-٠٠١٣	دروستکردنی پردی کۆنکریتی بەدرێژی (٩٢٨)م دووساید لەسەرزێ گەورە لە نزیک گوندی گۆپاڵ.	هەولێر	٥٠،٣٠٤
١٤	٢٠-١١-٠٠١٧	پرۆژەکانی ڕیگاوبانی دەڤەری سیدەکان.	هەولێر	٨٠٠
١٥	٢١-١١-٠٠٩٥	پرۆژەی ڕێگای (دارەشەکران - ئیفراز) بە درێژی ١٣ کم.	هەولێر	١٧٩
١٦	١٠-١١-٠٠٢٢	پرۆژەی ڕووناکی و ئاگرکوژێنەوەو هەوا گۆڕکێ ی تونێلی پێشڕەو لە چیای ئەزمەڕ.	سلێمانی	١١،٢١٥
١٧	١١-١١-٠٠٢٥	دروستکردنی ڕێگای دوو سایدی (سیدصادق - پێنجوێن) / قۆناغی یەکەم لەویستگەی(٠٠٠+٠) بۆ (٦٠٠+١٨) کم.	سلێمانی	٥٠،٥٩٨
١٨	١٣-١١-٠٠٣١	چاککردنەوەی ڕێگای قیری گوندی (سەرگەڵو) سەر بە ناحیەی سورداش ٧,٧.کم.	سلێمانی	١،٠٣٠
١٩	١٣-١١-٠٠٦٣	دروست کردنی موقتەرەباتی پردی زورەکفان بەدرێژی ٢ کم.	دهۆك	٣،٧٤١
٢٠	١٩-١١-٠٠٣٣	پرۆژەکانی دەڤەرەی شێخان.	دهۆك	٢،٩٢٢
٢١	١٠-١١-٠٠٤٧	دروست کردنی ڕێگای دهۆك - هەولێر بەشی چرە- روڤیا - بەردەرەش بە درێژی ٢٩,٥ کم.	دهۆك	٣٨،٦١٣
٢٢	١٠-١١-٠٠٦٠	چاککردنەوە و داپۆشینی ڕێگای دۆڵی سمیل - گەلی زاخۆ بە درێژی ١٥کم پارچەیا (سمێل - باتێل)/ قوناغی یەکەم.	دهۆك	٣٦،٥٧٠
٢٣	٢٠-١١-٠٠٠٤	چاککردنەوەی ڕێگای پردی زەڵم- سیدصادق / قۆناغی یەکەم لە گوندەکانی (تەپە زێڕینە - گوڵەخانە - قەدەفەری) بە درێژی ٤,٥ کم.	هەڵەبجە	٢٦٦
٢٤	٢٠-١١-٠٠٠٧	چاککردنی ڕێگای (عەبابەیلێ - شنرووێ) بەدرێژی ٤٠ کم.	هەڵەبجە	١٣١
٢٥	٢٠-١١-٠٠١٠	قیرتاوکردنی ڕێگای (بەردەبەل - بانیبنۆک) بەدرێژی ٤,٣کم.	هەڵەبجە	٣٧٦
٢٦	٢٠-١١-٠٠١٢	تێکەڵە ڕێژکردنی ڕێگای گوندی ریشێن بە درێژی ٧,٨٥ کم.	هەڵەبجە	٢٨٧

٢٧	١٣-١١-٠٠٧٠	فراوانکردن و بەرز کردنەوەی سایدی کۆنی ڕێگای (کەلار - ڕزگاری بە درێژی ٨،١ کم لە گەڵ بڕگەی (lighting) بۆ ڕێگاکە.	گەرمیان	١٢،٠٧٧
٢٨	١٩-١١-٠٠٠٤	دروستکردنی دیواری ڕاگرو گۆڕینی بەشێک لە ڕێڕەوی ئاو بۆ پاراستنی ڕێگاو پردی مەزاری ئەنفالکراوەکان لە گەرمیان بە درێژی ٢٣٠ م.	گەرمیان	٣٠٧
		کۆی گشتی		**٢٢٠،٨٦٢**
		پڕۆژەکانی بیناسازی و نیشتەجێکردن		
١	١٩-١١-٠٠٥٨	پڕۆژەی کارە خزمەتگوزاری (١٤٤) یەکەی نیشتەجێبوون لە سۆران/ قۆناغی یەکەم / بڕگەی کارەبا	هەولێر	٢٩٢
٢	٠٩-١١-٠٠٠٤	دروستکردنی ١٥٠٠ خانوو لە سیتەک و زرگوێز	سلێمانی	٩٠،٥٥٠
٣	١٣-١١-٠٠٤٤	ئامادەکردنی دەرخستەو دیزاین کردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروست کردنی (٦٠) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت لە سەیدسادق	سلێمانی	٣،٨٤٦
٤	١٩-١١-٠٠٦٤	کارە خزمەتگوزارییەکانی (٣٦) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت لە خانەقین.	گەرمیان	١٩٢
٥	١٩-١١-٠٠٦٠	پڕۆژەی کارە خزمەتگوزارییەکانی (٨٤) یەکەی نیشتەجێبوون لە قەڵادزێ / قۆناغی یەکەم بڕگەی ئاو و ئاوەڕۆ.	ڕاپەڕین	٢٠٧
٦	١٩-١١-٠٠٦١	پڕۆژەی کارە خزمەتگوزاری (٨٤) یەکەی نیشتەجێبوون لە قەڵادزێ/ قۆناغی دووەم بڕگەی کارەبا.	ڕاپەڕین	١٠٠
٧	١٩-١١-٠٠٦٢	پڕۆژەی کارە خزمەتگوزارییەکانی (٨٤) یەکەی نیشتەجێبوون لە قەڵادزێ / قۆناغی سێیەم بە بەستنەوەی تۆڕی ئاوی پاک و دروستکردنی سپتینک تانک.	ڕاپەڕین	٨٥
٨	١٣-١١-٠٠٧٩	ئامادەکردنی دەرخستەو دیزاین کردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروست کردنی (٤٨) یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە ڕانیە	ڕاپەڕین	٢،٩٩٦
		کۆی گشتی		**٩٨،٢٦٨**
		کۆی گشتی ڕێگاوبان + بیناسازی و نیشتەجێکردن		**٣١٩،١٣٠**

پرۆژە بەردەوامەکانی بودجەی ئاسایی/ کابینەی نۆیەم:

ز	ناوی پرۆژە	پارێزگا	قەزا	گوژمەی پرۆژە بە ملیۆن دینار
١	ڕاماڵینی بەفر و باری لەناکاو بۆ زستانی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بۆ سنووری ئیدارەی گەرمیان.	سلێمانی		٤٥
٢	چاککردنی ڕێگای گوند (گەرمکی حاجی علی).	سلێمانی	کەلار	٢٩
٣	تێکەڵەڕێژکردنی ڕێگای گوندی دەروێشان.	سلێمانی	سەنگاو	١٣٨
٤	چاککردنەوەی ڕیگای سەنگاو ـ سەگرمە ـ قەرەداغ.	سلێمانی	قەرەداغ	٧٢٣
٥	تیکەڵەڕیژکردنی بەشێک لە ڕیگای گوندی باخ.	سلێمانی	پیرەمەگروون	٢٩
٦	کۆنکرێت کردنی ڕیگای سەرەکی گوندی گۆرانکە.	سلێمانی	شارباژێر	١٣٦
٧	چاککرنی ڕێگای گوندی (کانی قورە).	سلێمانی	چەمچەماڵ	١٦
٨	چاککرنی ڕێگای گوندی (بەلەکجار - بەڵخەی سەروو).	سلێمانی	قەرەداغ	١٧
٩	دروستکردنی ڕێگایەک بۆ سەر گۆڕستانی گوندی (تەکیە).	سلێمانی	قەرەداغ	١٨
١٠	چاککرنی ڕێگای زەوییە کشتوکاڵییەکان و ڕەزووباخەکانی گوندی (داری زیاین).	سلێمانی	قەرەداغ	١١
١١	تێکەڵە ڕێژکردنی ڕێگای گوندی (بانی بۆڵان).	سلێمانی	دەربەندیخان	١٤
١٢	چاککرنی ڕێگای گوندی (ووشتر مل).	سلێمانی	شارباژێر	١٢
١٣	چاککرنی ڕێگای گوندی (قەفار - توپزاوا).	سلێمانی	چەمچەماڵ	٢٧
١٤	چاککرنی ڕێگای گوندی (کۆکۆیی - شەمێران).	سلێمانی	دەربەندیخان	٦
١٥	چاککرنی ڕێگای گوندەکانی (لەک هیدایەت - دارتووی زەنگەنە).	سلێمانی	چەمچەماڵ	١٤
١٦	چاککرنی ڕێگای گوندی (زمناکۆ).	سلێمانی	دەربەندیخان	١١
١٧	تێکەڵە ڕێژکردنی ڕێگای گوندی (هەباسە گوڵە) .	سلێمانی	سلێمانی	١٠
	کۆی گشتی			**١،٢٥٤**

پرۆژە تەواوبووەکانی بودجەی ئاسایی پارێزگای هەولێر /کابینەی نۆیەم:

ز	ناوی پرۆژە	پارێزگا	قەزا	گوژمەی پرۆژە بە ملیۆن دینار
١	دروست کردنی ئاوبارەی لوولەیی لە گوندی کانی سوور	هەولێر	کۆیە	٦
٢	فیرتاوکردنی ڕێگای ئۆمەر خوچانی (هاوڕێ)ی بنەڕەتی و هەڵگوردی کوڕان بە درێژی (٤٠٠)م.	هەولێر	کۆیە	٧٠
٣	نۆژەنکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی کۆیە	هەولێر	کۆیە	٢٤
	کۆی گشتی			**١٠٠**

پرۆژە تەواوبووەکانی بودجەی ئاسایی پارێزگای سلێمانی /کابینەی نۆیەم

ز	ناوی پرۆژە	پارێزگا	قەزا	گوژمەی پرۆژە بە ملیۆن دینار
١	چاککردنی ڕێگای گوندی (کریم باسام - ئاوباریک).	سلێمانی	کفری	٤٦
٢	چاککردنی ڕێگای گوندی(گۆمەیی).	سلێمانی	کفری	٢٤
٣	چاککردنی ڕێگای گوندی (هەزار کانی).	سلێمانی	کفری	٢٠
٤	چاککردنی ڕێگای گوندی (درۆزنەی گەورە).	سلێمانی	کفری	٣١
٥	چاککردنەوەی بەشێک لە ڕێگای گوندی(خان رؤوف ئاغا).	سلێمانی	کفری	٣٠
٦	چاککردنی پێویست و بە پەلەی ڕێگای گوندی باوەکر.	سلێمانی	کفری	٢٥
٧	چاککردنەوەی ڕێگای گوندەکانی (گۆبانی حمەامین بەگ– دوو میلانی خوارووو – دوو میلانی سەرووو).	سلێمانی	کەلار	٤٦
٨	تێکردنی مەوادی زبر بۆ ڕێگای گوندی (رەمەزان مامکە).	سلێمانی	کەلار	٣٧
٩	ڕاماڵینی بەفر و باری لەناکاو بۆ زستانی (٢٠١٩ -٢٠٢٠) بۆ سنووری ئیدارەی گەرمیان.	سلێمانی	گەرمیان	٣٥
١٠	چاککردنی تێکەڵەی ڕێگای (قچقرخ – لەلبن– سێ تەپان– قوبە).	سلێمانی	کفری	٣٠
١١	چاککردنەوەی قیری ڕیگای چوارتا ـ زەلان.	سلێمانی	ــ	٧٠
١٢	قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی کانی شەیتان.	سلێمانی	تەکیە	٦٥
١٣	قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی چالاخ.	سلێمانی	پیرەمەگروون	٥٩
١٤	قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی سابوراوا.	سلێمانی	پیرەمەگروون	٩٥
١٥	چاککردنەوەی ڕێگای قیری خێوەتە ـ ماوەت.	سلێمانی	ماوەت	٧٤
١٦	باسنێ - کەنارۆی/ قۆناغی یەکەم.	سلێمانی	چوارتا	٤٢
١٧	باسنێ - کەنارۆی/ قۆناغی دووەم.	سلێمانی	چوارتا	٩٧
١٨	کانی وەتمان ـ خەلەکان /ق٢	سلێمانی	دوکان	٩٧
١٩	چاککردنەوەی ڕیگای سەرەکی کانی وەتمان ـ خەلەکان /ق١.	سلێمانی	دوکان	٨٩
٢٠	بازگەی سیتەک - چوارتا/ق٢.	سلێمانی	چوارتا	٩٨
٢١	کانی وەتمان ـ خەلەکان /ق٣.	سلێمانی	دوکان	٩٣
٢٢	چاککردنی ڕیگای قیری (ماوەت ـ ئاوەکورتی ـ شاناخسێ).	سلێمانی	ماوەت	٩٤
٢٣	دروستکردنی ئاوبارەی صندوقی ٢*٢ نزیك پردی وەیسە.	سلێمانی		٥٢
٢٤	قیرتاوکردنی ڕێگای ئاوایی شێخ مصطفی ـ قەڵا قاریمز.	سلێمانی	قەرەداغ	١٢١
٢٥	دانانی بۆری بۆ ڕێگای گوندی (باخان)	سلێمانی	قەرەداغ	٢
٢٦	چاککردنەوەی بەشیک لە ڕیگاسەرەکی تونیلی دەربەندیخان ق١.	سلێمانی	دەربەندیخان	٩٠
٢٧	قشط کردن و چاککردنەوەی بەشێک لە ڕیگای سەرەکی دەربەندیخان لە تونێلی دەربەندیخانەوە ق٢.	سلێمانی	دەربەندیخان	٩٥
٢٨	چاککرنی ڕێگای گوندی (ئالیاوای سەرووو خوارووو).	سلێمانی	سلێمانی	٤
٢٩	چاککرنی ڕێگای گوندی (دەربەند سوتاو).	سلێمانی	سلێمانی	١٣
٣٠	چاککرنی ڕێگای گوندی (وێڵەدەر).	سلێمانی	سلێمانی	١٣
٣١	چاککرنی ڕێگای گوندی (سوتکە).	سلێمانی	سلێمانی	٢٦
٣٢	دابینکردنی بۆری بۆ فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی دوو یەکەی (١٠١).	سلێمانی	سلێمانی	١
٣٣	چاککرنی ڕێگای گوندی سۆران جەباری.	سلێمانی	چەمچەماڵ	٢٣
٣٤	چاککرنی ڕێگای گوندی گۆلەمە.	سلێمانی	چەمچەماڵ	١٢
٣٥	چاککرنی ڕێگای گوندی (قایتەوەنی گەورە).	سلێمانی	چەمچەماڵ	١٨
٣٦	نۆژەنکردنەوەو تێکەڵەڕێژکردنی ڕێگای گوندی (صۆڵەی دەربەند)	سلێمانی	قەرەداغ	١٥
٣٧	چاککرنی ڕێگای گوندی (میکائیل پاشا، دۆڵانی سەرووو، دۆڵانی خوارووو، هۆمەرامان).	سلێمانی	قەرەداغ	٩
٣٨	چاککردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگای پردی گوندی (کانی حەیران).	سلێمانی	دەربەندیخان	٤

٣٩	چاککرنی ڕێگای ڕەزووباخی گوندی (هەڕاوی خواروو).	سلێمانی	سید صادق	١٨
٤٠	چاککردنی ڕێگای نێوان باراو بۆ حاجی مامەند.	سلێمانی	سید صادق	١٦
٤١	نۆژەنکردنەوەی ڕێگای گوندی (مران).	سلێمانی	پێنجوێن	١٥
٤٢	دروستکردنی ئاوبارە بۆ ڕێگای گوندی (چەوتان).	سلێمانی	پێنجوێن	٦
٤٣	دروستکردنی ڕێگایەک بۆ سەر ڕەزووباخەکانی گوندی (کورەداوێ)	سلێمانی	ماوەت	٢٠
٤٤	پاککردنەوەی پردی چەمی هەرزنێ.	سلێمانی	ماوەت	٨
٤٥	چاککرنی ڕێگای سەرەکی گوندی (بناویلە).	سلێمانی	شارباژێڕ	٩
٤٦	چاککرنی ڕێگای ڕەزووباخی گوندی (کۆکە).	سلێمانی	دوکان	١٥
٤٧	ڕاکێشانی ڕێگای گوندی سەرمۆرد بۆ گوندی قەمچوغە.	سلێمانی	دوکان	٢٨
٤٨	تێکەڵە ڕێژکردنی ڕێگای گوندەکانی گەبەی کۆن و تازە.	سلێمانی	دوکان	١٠
٤٩	چاککرنی ڕێگای گوندی (ئەڵا قوڵی).	سلێمانی	سلێمانی	٢٠
٥٠	چاککرنی ڕێگای گوندی (هەنجیرەی بازیان).	سلێمانی	سلێمانی	٧
٥١	چاککرنی ڕێگای گوندی (چنگنی).	سلێمانی	چەمچەماڵ	٢٠
٥٢	چاککرنی ڕێگای گوندی (میرەیی حەوزەوار).	سلێمانی	چەمچەماڵ	١٦
٥٣	چاککرنی ڕێگای گوندی (ژاڵەی ڕەبات).	سلێمانی	چەمچەماڵ	١٠
٥٤	چاککرنی ڕێگای گوندی (قایتەوەنی بچوک).	سلێمانی	چەمچەماڵ	١٣
٥٥	چاککردنی سێ شوێنی پرد لە سەراو میراو.	سلێمانی	ماوەت	١٢
٥٦	چاککرنی ڕێگای گوندی (مەرۆی - پێشوان).	سلێمانی	ماوەت	٨
٥٧	چاککرنی ڕێگای گوندی (باڵچوغ - کانی پان).	سلێمانی	سلێمانی	٩
٥٨	چاککرنی ڕێگای گوندی (گاوانی).	سلێمانی	سلێمانی	٩
٥٩	تێکەڵە ڕێژکردنی ڕێگای گوندی (کەڵەشێرە) / قۆناغی یەکەم.	سلێمانی	سلێمانی	٢١
٦٠	تێکەڵە ڕێژکردنی ڕێگای گوندی (شێخ ئاوڵا).	سلێمانی	سلێمانی	١٤
٦١	چاککرنی ڕێگای گوندی (توتە قەل).	سلێمانی	چەمچەماڵ	١٧
٦٢	چاککرنی ڕێگای ناو گوندی شیوە قوڵ.	سلێمانی	قەرەداغ	٨
٦٣	چاککرنی ڕێگای سەرەکی گوندی(زەیت عمر).	سلێمانی	قەرەداغ	١٢
٦٤	چاککرنی ڕێگای گوندی (چارخ).	سلێمانی	پێنجوێن	٩
٦٥	چاککرنی ڕێگای گوندی (وینە).	سلێمانی	پێنجوێن	٨
٦٦	چاککرنی ڕێگای سەرەکی گوندی (زییە).	سلێمانی	شارباژێڕ	١٦
٦٧	چاککرنی ڕێگای گوندی (زاخی).	سلێمانی	شارباژێڕ	١٥
٦٨	چاککرنی ڕێگای گوندی (قازی ئاوا).	سلێمانی	شارباژێڕ	١٢
٦٩	چاککرنی ڕێگای سەرەکی گوندی (مێشولان).	سلێمانی	شارباژێڕ	٧
٧٠	چاککرنی ڕێگای ناو گوندی (کانی خان).	سلێمانی	دوکان	١٦
٧١	چاککرنی ڕێگای ڕەزووباخەکانی گوندی (کلکە سماق).	سلێمانی	دوکان	١٢
٧٢	لێدانی ڕێگایەکی نوێ بۆ گوندی (جۆمەرەسی).	سلێمانی	پێنجوێن	١١
٧٣	چاککرنی ڕێگای گوندی (شێخ زەینەڵ).	سلێمانی	دوکان	١٣
٧٤	تێکەلە ڕێژکردنی ڕێگای گوندەکانی (قەیماسە- دۆڵەتوو سوێرەڵە- شیراوێژە- هەرمێڵە- هەوڵۆ- مامە خەلان).	سلێمانی	شارباژێڕ	٢٠
٧٥	چاککرنی ڕێگای گوندی (مەمەند ئاوا - کانی ماران).	سلێمانی	پێنجوێن	١٥
٧٦	چاککرنی ڕێگای گوندی (هۆمەر سێنان- خونیانە- ورياوە- کانی میرانی کۆماری- دەڵاو- لالە هۆمەر- زەنگیدەر- بەهێ).	سلێمانی	پێنجوێن	١٥
٧٧	چاککرنی ڕێگای ڕەزووباخەکانی گوندی (گێڵدەرە).	سلێمانی	سید صادق	٨
٧٨	تێکەڵە ڕێژکردنی ڕێگای گوندی (وێڵە).	سلێمانی	سلێمانی	٦
کۆی گشتی				**٢٣١٩**

پرۆژە تەواوبووەکانی بودجەی ئاسایی پارێزگای دهۆک /کابینەی نۆیەم:

ز	ناوی پرۆژە	پارێزگا	قەزا	گوزمەی پرۆژە بە ملیۆن دینار
١	دروستکردنی ڕێگای گوندی (گربدەو نوێ - گربدەو کەفن – دربیسان)	دهۆک	بەردەڕەش	٣٨٤
	کۆی گشتی			٣٨٤
	کۆی گشتی هەولێر / سلێمانی / دهۆک			٢،٧٩٤

پرۆژە ئەنجامدراوەکان لە کابینەی (نۆیەمی) حکومەتی هەرێمی کوردستان:

جۆری بودجە	جۆری پرۆژە	ژمارەی پرۆژە	پارێزگا	گوزمەی گشتی (ملیۆن) دینار	باری پرۆژە	
وەبەرهێنان	ڕێگاوبان	٢٤	هەولێر (٦٦١ کم)	٤٦٤،٧٦٩	تەواوبوو	٩٦٢،٨٧٢
وەبەرهێنان	ڕێگاوبان	٢٦	سلێمانی (٣١٥کم)	١٢٠،٢٤٨		
وەبەرهێنان	ڕێگاوبان	١٠	دهۆک (٢٣٦کم)	٢٦٩،٠٠٦		
کۆی گشتی:		٦٠	کم١،٢١٢	٨٥٤،٠٢٣		
وەبەرهێنان	بیناسازی	٢	هەولێر	٦١٦	تەواوبوو	
وەبەرهێنان	بیناسازی	٧	سلێمانی	٩٧،٩٧٦		
کۆی گشتی:		٩		٩٨،٥٩٢		
ئاسایی	ڕێگاوبان	٣	هەولێر	١٠٠	تەواوبوو	
ئاسایی	ڕێگاوبان	٧٨	سلێمانی	٢،٣١٠		
ئاسایی	ڕێگاوبان	١	دهۆک	٣٨٤		
کۆی گشتی:		٨٢		٢،٧٩٤		
داهات	ڕێگاوبان	٥١	هەولێر	٢٢٦٥	تەواوبوو	
داهات	ڕێگاوبان	٣٨	سلێمانی	٢٥١٠		
داهات	ڕێگاوبان	٣١	دهۆک	٢٦٨٨		
کۆی گشتی:		١٢٠		٧،٤٦٣		
ئاسایی	ڕێگاوبان	١٧	سلێمانی	١،٢٥٤	بەردەوام	٢،٣٣٧،٨٩٤
		١٧		١،٢٥٤		
داهات	ڕێگاوبان	١	هەولێر	١٦	بەردەوام	
داهات	ڕێگاوبان	١٣	سلێمانی	٢،٢٤٥		
کۆی گشتی:		١٤		٢،٢٦١		
وەبەرهێنان	ڕێگاوبان	٤	هەرێم	٦،٠٢٤	بەردەوام	
وەبەرهێنان	ڕێگاوبان	٣٠	هەولێر	١،٠٤٧،٣٥٥		
وەبەرهێنان	ڕێگاوبان	٦٠	سلێمانی	٧٧٨،٢٩٠		
وەبەرهێنان	ڕێگاوبان	٢٧	دهۆک	٥٠٢،٧١٠		
کۆی گشتی:		١٢١		٢،٣٣٤،٣٧٩		

هەروەها:

- واژووکردنی یاداشتی لێک تێگەیشتن لە گەڵ کۆمپانیای (دۆیچەبان) ی ئەڵمانی بۆ هاوکاری وەزارەت لە پرۆسەی دامەزراندنی هێلی شەمەندەفەر لە هەرێمی کوردستان .
- واژووکردنی گرێبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری بۆ دامەزراندنی هێلی شەمەندەفەر لە هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

پێشەکی:

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە چەند دروشمێکی ڕوون بڕیاریدا، ئاستی خزمەتکردنی هاووڵاتیان بەرزتر بکاتەوە و دادپەروەری لە شێوازی گەیاندنی ئەو خزمەتانە و ڕێگری لە گەندەڵی بکات، هەروەها بەڵێنیدا بۆ ئەوەی کوردستانێکی بەهێز بەرقەرار بێت، ژیانێکی شایستەتر بۆ هاووڵاتیان بهێنێتە ئاراوە، بەڵام ڕێکەوتی کابینەکە هاوکات بوو لەگەڵ کۆمەڵێک گرفتی گەورە لەسەر ئاستی جیهان وەک بڵابوونەوەی پەتا و لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووریی عێراقیش بەربەستەکان زیاتر بوون.

بە لەبەرچاوگرتنی دۆخە جیاوازە دژوارەکانی لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتنە پێشەوە، کەڵەکەبوونی قەرزی ڕابردوو، دابەزینی بودجەی وەزارەت، پاشتریش دۆخی نەخوازراوی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) کە بەشێکی زۆری پڕۆژەکان و دەوامی فەرمانبەرانیشی ڕاگرت، وێڕای هەموو ئەم بەربەستانە، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان، وەک دابینکردنی ئاوی خاوێن، خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆ، کۆکردنەوەی خاشاک کە پڕۆسەیەکی ڕۆژانەی بەردەوامە و کاریگەری لەسەر تەندروستی هاووڵاتیان و ژینگەوە هەیە، هەروەها بەردەوامبوون لە گەشەپێدانی پارکەکان و سەوزکردنی شار و شارۆچکەکان، هەوڵیش درا بەپێی توانا و داهاتی شارەوانییەکانیش، شەقامەکان نۆژەن کراونەتەوە.

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرباری دروشمی سەرەکی حکومەت لە کابینەی نۆیەمدا، هەڵگری دروشمێکی ناسنامەی خۆی بوو کە بریتییە لە "**خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ هەمووان**" لەژێر ئەم دروشمەدا، هەموو توانایەکی خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی تەواوی ئەو خزمەتگوزارییانەی دەکەونە ژێر سێکتەرەکانی وەزارەتەکەوە بگەنە هەموو شار و شارۆچکە و گوندێک و لەپێشیشدا بایەخەکە بۆ گەڕەکە هەژارنشینەکان چڕ کراوەتەوە.

سێکتەرەکانی خزمەتگوزاری:

تەواوی خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەسەر پێنج سێکتەری سەرەکیدا دابەش بوون:

یەکەم: سێکتەری شارەوانی، بوارەکانی: شەقام و ڕێگەوبان، خۆڵ و خاشاک، ڕووبەری سەوزایی و پارکەکان، بەڕێوەبردنی زەوی و زار، بواری مۆڵەتی بینا، چاودێری و ڕێگری لە زێدەڕۆیی و بواری دیکە لەخۆی دەگرێت.

ئەم سێکتەرە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی: هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان، ڕاپەڕین و سۆران، هەروەها سەرۆکایەتی شارەوانی: هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، کەلار، سۆران و زاخۆ بەڕێوەدەبردرێت. هەر یەک لەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتی و سەرۆکایەتییانە، کۆمەڵێک شارەوانی بەڕێوە دەبەن کە کۆی گشتی (٢١٦) شارەوانین.

دووەم: سێکتەری ئاو و ئاوەڕۆ، دوو ئەرکی سەرەکی لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە دابینکردنی ئاوی خاوێن و چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ و ئاوی قورس، بایەخی لەپێشینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمدا، دابینکردنی ئاوی خاوێنە بۆ هەموو هاووڵاتیان بێ جیاوازی و لە کارنامەی کابینەکەشدا بە ڕوونی ئاماژەی پێ کراوە.

ئەم سێکتەرە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆوە بەڕێوەدەبرێت کە ١٤ بەڕێوەبەرایەتی لەسەر ئاستی هەموو هەرێمی کوردستان لەخۆ دەگرێت.

سێیەم: سێکتەری نەخشەدانانی ئاوەدانی، ئەرکی ماستەرپلان، نەخشەی بنەڕەتی شارەکان، نەخشە کەرتییەکان، دەرکردنی ڕێنمایی و بەرزەفتەی تایبەت بە لایەنی پلانسازی، مۆڵەتی بینا، گەشەسەندن و فراوانبوونی شار بە ڕەچاوکردنی ڕەهەندە ژینگەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێت. ئەم سێکتەرە چاوگی هەموو کارێکی حکومەتە لە شارەکاندا، چونکە ڕێکخستنی شارەکان ئاراستە دەکات، بەپێی ژینگە و لەباری لە هەموو ڕووەکانی سەوزایی، نیشتەجێبوون، بازاڕ و شوێنی بازرگانی، کارگە، یاریگەی وەرزشی، هۆتێل، تەرمینالّ و هەموو بوارەکانی دیکە.

سێکتەری نەخشەدانانی ئاوەدانی، لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی: هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان، ڕاپەڕین، زاخۆ و سۆران بەڕێوە دەبرێت و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانییەوە ئاراستە دەکرێن.

چوارەم: سێکتەری گەشتوگوزار: سەرپەرشتی گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار دەکات بە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت و کۆمەڵگە ناوخۆییەکان تا ببێتە نوێنەری ڕووی جوانی سروشت، مێژوو، فەرهەنگ و کولتووری کوردستان و جومگەیەکی سەرەکی ئابووریی بێت لەپاڵ سامانە سرووشتییەکان و کشتوکاڵ و بوارەکانی تردا.

ئەم سێکتەرە لەلایەن دەستەی گشتی گەشتوگوزار بەڕێوە دەبرێت کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری: هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان، سۆران، زاخۆ و چەندان بەڕێوەبەرایەتی تر لەخۆ دەگرێت.

پێنجەم: سێکتەری شوێنەوار و کەلەپوور، ئەرکی پاراستن و زیندووکردنەوە و ناساندنی شوێنەوارەکانی کوردستان لەخۆ دەگرێت. کوردستان وەک پێگەیەکی دێرینی شارستانی و مرۆڤایەتی، دەوڵەمەند بە چەندان ناوچەی شوێنەواری کە بەڵگەن لەسەر مێژووەکەی، کە کۆنترین شارستانیەتییەکان لەخۆ دەگرێت. بایەخێکی تایبەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرنگیدانە بە شوێنەوارەکان و پاراستنیان لە فەوتان و دروستکردنی مۆزەی شیاو لەسەر ئاستی جیهاندا، تا ببێتە دەرگەیەکی دیکەی کرانەوە بە ڕووی دونیادا.

ئەم سێکتەرە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوورەوە بەڕێوە دەبرێت کە چەند بەڕێوەبەرایەتییەک لەسەر ئاستی شار و دەڤەرەکانی کوردستان لەخۆ دەگرێت.

کار و چالاکی و پڕۆژەکان:

کار و چالاکی و پڕۆژەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەپێی هێڵە گشتیەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە لاپەڕەکانی داهاتوودا، چالاکییە سەرەکییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارمان بەپێی ئەو هێڵە گشتیانەی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پەیوەستن بە وەزارەتمانەوە، دەخەینەڕوو:

یەکەم: لە ئاستی چاکسازیدا

- **ڕێژەی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠٢٠.**
- **بواری یاسا و ڕێنماییەکان.**
- **چاکسازی لە بواری پەرەپێدانی بەڕێوەبەردن و تەکنەلۆجیای زانیاری.**
- **چاکسازی لە بواری داراییدا (داهات و خەرجی).**
- **چاکسازییە یاساییەکان.**
- **چاکسازیی یاسایی تر.**
- **پەرەپێدانی توانای مرۆیی.**

- **ڕێژەی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠٢٠:**

لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی لە مووچە، دەرماڵە، بەخشین، ئیمتیازاتەکان و خانەنشین لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دەستی کرد بە وردبینکردنی دۆسییەی فەرمانبەران لە گشت فەرمانگەکانیدا، بەم شێوەی خوارەوە:

ز	فەرمانگە	ژ. سەرجەم دۆسییەکان	ژ. دۆسییەی وردبینکراو	ژمارەی زیادەی پلە	ژمارەی زیادە سەرمووچە
١	دیوانی وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار	٣٨٧	١٨٨	١٠	٥٣
٢	دەستەی گشتی گەشتوگوزار	٨٤٨	٨٤٨	٣	٢
٣	بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ	٩،٣١٣	٦،٦٥٩	١،١٢٢	٤٠٥
٤	بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار	٥١٤	٥١٤	٠	٠
٥	بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر	٢،١١٤	٧٢٩	٢٢	٢٨٢
٦	بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی	١،٩٤٢	١،٨٩٤	٠	٠
٧	بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی دهۆك	١،٩٤٥	١،٨٥٠	٢٠	٢٢٧
٨	بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەڵەبجە	١٨٧	٦٥	٠	٣٥
٩	بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان	٦٨١	٦٨١	٢٥	٤٧
١٠	بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی	٢٤٣	١١٦	٠	٩
١١	سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر	١،٦٣٠	١،٦٣٠	٢١	٢٩
١٢	سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی	٢،٦٨٦	١،٥٤٢	٢٩١	٧٣٤
١٣	سەرۆکایەتی شارەوانی دهۆك	٦١٤	٣٥٠	٠	٤٢
١٤	سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە	١٢٣	٤٥	٠	٠
١٥	سەرۆکایەتی شارەوانی زاخۆ	٣٩٦	٩٧	٠	٠
١٦	بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی ڕاپەرین	٦٤٧	٥١٢	١٥	١٠٧
کۆی گشتی:		**٢٤،٢٧٠**	**١٧،٧٢٠**	**١،٥٢٩**	**١،٩٧٢**



- **بواری یاسا و ڕێنماییەکان:**

- هەمواری یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانە.

- ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕێکخستن و زیادکردنی داهاتەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار. (ناوەڕۆکی ئەو ڕێکارانە چارەسەری زۆرێک لە گرفتەکانی شارەوانی و ئاو و گەشتگوزار و نەخشەدانانی ئاوەدانی شارەکان دەکات، هەروەک چەندین لایەنی چاکسازی لەخۆدەگرێت).

- **یاسا و ڕێنماییەکان لە بواری شارەوانی:**

- یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی کە خانووی زێدەڕۆیی لەسەر دروست کراوە لە سنووری شاروانییەکان ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩).

- یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٢١) کە هەموارکراوی یەکەمی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی کە خانووی زێدەڕۆیی لەسەر دروست کراوە لە سنووری شاروانییەکان ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩).

- پەیڕەوی پێکهێنانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٩). ئەو پەیڕەوە بە یەکێک لە هەنگاوە گەورەکانی چاکسازی دادەنرێت لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار چونکە ئەنجومەنەکانی شارەوانی نزیکەی (٢٠) ساڵ بوو نەگۆڕرابوون، هەروەک پێکهاتەی ئەنجومەنەکان بەپێی ئەو پەیڕەوە کاریگەری باشتری هەیە لەسەر پرۆسەی بەڕێوەبردنی شارەکان.

- ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١) تایبەت بە دیاریکردنی پارەی هاندانی لیژنەکانی ڕێگری و لابردنی زێدەڕۆیی و هێزە فەرمییەکانی بەشداربوو لە لابردنی زێدەڕۆیی.

- ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢١) تایبەت بە ئاسان جێبەجێکردنی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی کە خانووی زێدەڕۆییان لەسەر دروست کراوە لە سنووری شاروانییەکانی هەرێمی کوردستان.

- ڕێکار و مەرجەکانی گۆڕینی بەشێك لە کارگەکانی ناوچەی پیشەسازیی باشوور لە سنووری شارەوانی هەولێر بۆ پێشانگا.

- ئامادەکردنی ڕەشنووسی پڕۆژەیاسای نوێی بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو کە ئێستا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە.

- ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای تەسوییەکردنی ئەو زەوییانەی دەکەونە ناو سنووری شارەوانییەکان کە یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ دەیانگرێتەوە. نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ڕەشنووسی ڕێنمایی تایبەت بە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل لەناو سنووری شارەوانییەکان. نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

- **یاسا و ڕێنماییەکان لە بواری ئاو و ئاوەڕۆ:**

- دەرکردنی یاسای پاراستنی پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان- عێراق/ ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١ کە دەستکەوتێکی گرینگی کابینەی نۆیەم بوو.
- دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە یاسای پاراستنی پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان کە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی وەقایعی کوردستان بە ژمارە (٢٨١) لە ٢٠٢٢/٤/٢١ بڵاو کراوەتەوە.
- دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١، تایبەت بە (بەستن و خوێندنەوەی پێوەری ئاوی خواردنەوە لە هەرێمی کوردستان) کە بریتییە لە هەمواری ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨.

- **یاسا و ڕێنماییەکان لە بواری شوێنەوار و کەلەپوور:**

- دەرکردنی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١ی بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان - عێراق.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی تایبەت بە یاسای بەڕێوەبردنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا لە ئەنجومەنی شوورایە.

- **یاسا و ڕێنماییەکان لە بواری گەشتوگوزار:**

- ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای گەشتوگوزار کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانە.
- ڕێنمایی ڕێبەری گەشتیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٢).
- ڕێنمایی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی فرۆشتنی مەی لە ئەنجومەنی وەزیران گەڕاوەتەوە، ئامادەیە بۆ بڵاوبوونەوە لە وەقائیعی کوردستان.
- ڕێنمایی تایبەت بە مۆڵەتی ئاهەنگگێران لە هۆڵە داخراوەکان. ئێستا لە ئەنجومەنی شوورایە.
- دانانی ڕێنمایی پاراستن و سەلامەتی گەشتیاران، (بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، تەندروستی، دەستەی ژینگە، دەزگای مین).

- **ڕێنمایی و ڕێکارەکان لە بواری نەخشەدانانی ئاوەدانی:**

- دەرکردنی ڕێنمایی و بڕیاری تایبەت بە سیستەمی (مۆڵەتی پلانسازی).
- ئامادەکردنی ڕێنمایی تایبەت بە پاراستن و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی.
- دەرکردنی ڕێکار و ڕێنمایی تایبەت بە (ئامادەکردنی نەخشەی کەرتی).
- دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە گۆڕینی بەکارهێنانی زەوی لەسەر شەقامەکان لە نیشتەجێبوون بۆ تێکەڵاو.

- دەرکردنی ڕێکاری تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی هەیکەل و باڵەخانە تەواونەکراوەکان.
- پێناسەکردنی زاراوەکانی بواری مۆڵەتی بینا بۆ نەهێشتنی هەڵە تێگەیشتن و هەڵە بەکارهێنانی زاراوەکان.
- کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ڕێنماییەکانی مۆڵەتی بینا لە سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لە چوارچێوەی بڵاوکراوەیەکدا.
- بەرزەفتەی تایبەت بە زەوییەکانی ناو قەدەغەکراوی نەخشەی بنەڕەتی.
- ڕێنمایی ڕێکخستنەوەی بەکارهێنانی شۆستە و شەقام.
- ئامادەکردنی ڕێنمایی گونجاو تایبەت بە ڕووبەری پرۆژە پیشەسازییەکانی وەبەرهێنان.
- ڕێنمایی و مەرجەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی زەوی جێهێڵراو (متروکة) و تەواوکاری بینا.
- ڕەشنووسی ڕێنمایی ڕێکخستنەوەی بینای فرە نهۆمی.
- ڕەشنووسی ڕێنمایی بەکرێدانی نەمامگە لە سنووری نەخشەی بنەڕەتی.
- دەرکردنی گشتاندن بۆ ڕێپێدانی بینادروستکردن لەگەڵ ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی پرۆسەی مۆڵەتپێدان و یەکخستنی فۆرمەکان بە هەر پێنج جۆری مۆڵەت.
- ڕەشنووسی ڕێنمایی مۆڵەتی بینای کاتی.
- ڕێنمایی چارەسەرکردنی کێشەکانی شەقامە تێکەڵاوەکان.

- **چاکسازی لە بواری پەرەپێدانی بەڕێوەبەردن و تەکنەلۆجیای زانیاری:**

- دروستکردنی ئەپڵیکەیشنێکی تایبەت بە بەڕێوەبردنی داهاتەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کە بە شێوەی ئۆنلاین ڕۆژانە داتا و زانیارییەکانی تێدا تۆمار دەکرێت. ئەم سیستەمە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە کار دەکات.
- بەگەڕخستنی سیستەمی بەڕێوەبردنی جۆری بەپێی ستانداردی: (ISO ٩٠٠١:٢٠١٥) لە هەریەک لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، دەستەی گشتی گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ و سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، لە ئێستادا لە قۆناغی بەدەستهێنانی بڕوانامەدان.
- بەگەڕخستنی پرۆژەی (DMS) بە مەبەستی بەئەلیکترۆنیکردنی سەرجەم مامەڵەکان کە قۆناغێکی ڕاگوزارییە لە حکومەتی کاغەزەوە بۆ حکومەتی ئەلیکترۆنی لە هەریەک لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، دەستەی گشتی گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ و سەرۆکایەتی شارەوانیی هەولێر، لە ئێستادا لە قۆناغی جێبەجێکردندایە.
- جێبەجێکردنی پرۆژەی (GIS) لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر.
- دانانی ئەپڵیکەیشنێکی نوێ بۆ کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی پرۆژەکانی بانەوانی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان کە کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی ڕۆتین و باشتر بەڕێوەبردنی مولکەکانی حکومەت. ئەم ئەپڵیکەیشنە قۆناغی ئەزموونی بڕیوە و لە پرۆسەی بەگەڕخستندایە.
- کارکردن لەسەر دروستکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ پرۆسەی پشکنینی بنکە گەشتیارییەکان.

- دروستکردنی پڕۆگرامێکی تایبەت بە (سوودمەندبوون لە زەوی) کە جگە لە نەهێشتنی ڕۆتینێکی زۆر، کەمکردنەوەی کارکردنی ١٠٠ ڕۆژ بۆ تەنیا چەند خولەکێک، ڕێژەی گەندەڵیش لەو بوارەدا بە شێوەیەکی بنەڕ و کۆتایی ناهێڵێت. ئەو ئەپلیکەیشنە لە ئێستادا لە قۆناغی دروستکردندایە.
- بەدیجیتاڵکردنی نزیکەی سێ ملیۆن لاپەڕە لە دۆکۆمێنتەکانی سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر کە تایبەتن بە گرێبەستەکانی پڕۆژەکانی بانەوانی، هەروەها تەواوی مامەڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی لە دیوانی وەزارەت و فەرمانگەکانی تر.

- **چاکسازی لە بواری داراییدا (داهات و خەرجی):**

هەوڵەکان بۆ ڕێکخستنەوە و زیاکردنی داهات:

- سازدانی کۆنفرانسی ڕێکخستنەوەی داهاتەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٢/٨).
- چاککردنی سیستەمی کۆکردنەوەی رسوومات و کرێیە جۆراوجۆرەکانی پڕۆژە گەشتیارەکان.
- بەبازاڕکردن بۆ گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان لە رێگای (ڕیکلام، پێگە ئەلیکترۆنییەکان، چاپەمەنی، لێکۆڵینەوە،...هتد).
- جێبەجێکردنی پلانی کۆکردنەوەی کرێی ئاو بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە ڕێگەی فراوانکردنی تیمەکان و ناوەندەکانی کۆکردنەوەی کرێی ئاو.
- بۆ کارئاسانی و هاوکاری و هاندانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بڕیار درا بە داشکاندنی ڕێژەی (١٥٪) لە قەرزەکانی هاووڵاتیان و بە قیستکردنیان.
- پلانی وەرگرتنی کرێی ئاو لە پڕۆژە نیشتەجێکانی وەبەرهێنان، کە لە ئێستادا سێ شار وەک نموونە وەرگیراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە.
- کۆکردنەوەی کرێی خاشاکی ماڵان لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان.
- وەزارەتی شارەوانی و گەشتگوزار بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی (UN-HABITAT) کار لەسەر پڕۆژەی (ڕێکخستنەوەی داهاتە خۆجێیەکان) دەکات لەپێناو شیکردنەوەی دۆخی ئێستای داهاتەکانی شارەوانی و دیاریکردنی گرفت و بەربەستەکان و ڕێکخستن و دەرفەتەکانی زیادکردنی داهاتی شارەوانی لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان.
- پلانی ڕێکخستنەوەی بۆ کۆشک و دەستگێڕ و عەرەبانەکان ئەوانەی شۆستە و شەقامەکانی شارەوانی بەکار دەهێنن، لە ئێستادا بۆ ڕێکخستنی ئەو بابەتە ڕێنمایی ئامادە کراوە و لە ماوەیەکی نزیکدا بەرکار دەبێت.
- ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە بە داهاتی گرێبەستەکانی بانەوانی (مساطحة).
- پێداچوونەوە بە ڕسووماتی بنکە گەشتیارییەکان.
- ئەنجامدانی گرێبەست لە پڕۆژە بەناو کاتییەکان و وەرگرتنی کرێی هاوتا لێیان.
- چارەسەرکردنی کێشەی خوێندنەوەی پێوەر و دیاریکردنی بەرزترین ڕێژە بە (٤٠،٠٠٠) دینار، هەروەک چارەسەرکردنی کێشەی ئەو هاووڵاتیانەی کە پێوەریان نەبەستووە، بە کەمکردنەوەی کرێی ئاوی مانگانەیان لە (٨٠،٠٠٠) دینار بۆ (٢٠،٠٠٠) دینار لە سەنتەری شارەکان و (١٠،٠٠٠) دینار لە قەزا و ناحیەکان کە ئەو چاکسازییە لەو بوارە کێشەی دەیان هەزار هاووڵاتی چارەسەر کرد و لەهەمان کاتدا کاریگەری هەبوو لەسەر گێڕانەوەی قەرزەکانیان.

بەهۆی ئەو ڕێکارانەی سەرەوە، توانراوە داهاتی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەردەوام لە زیادبوون بێت، هەروەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

داهاتی وەزارەت بەپێی سێکتەرەکان بۆ ساڵەکانی ٢٠١٨ تا مانگی ٥ ی ٢٠٢٢					
ساڵ	سێکتەری شارەوانی	سێکتەری ئاو و ئاوەڕۆ	سێکتەری گەشتوگوزار	سێکتەری شوێنەوار	کۆی گشتی بە دینار
٢٠١٨	٧٢،٧٥٧،٥٥٠،٥٢٩	٣٠،٩١٣،٥٩٢،٧١٠	٤،٥٩٠،٥٦٢،٤٢٧	٥٩،٣٣٦،٣٠٠	**١٠٨،٣٢١،٠٤١،٩٦٦**
٢٠١٩	١٠٦،١٤٤،٩٤٤،٨٣٧	٣٠،١٤٩،٩٠٥،٧١٣	٣،٩٦٣،٣٧٢،٦٤٤	٤٧،٩٦٦،٣٠٠	**١٤٠،٣٠٦،١٨٩،٤٩٤**
٢٠٢٠	٥٢،٢٩٨،٠٨٤،٣١٨	٣٢،٣٧٩،١٢٤،٥٦٧	٢،٧٨٨،١٠٢،٧٠٠	٩٣،١٥٥،٥٠٠	**٨٧،٥٥٨،٤٦٧،٠٨٥**
٢٠٢١	٨٥،٥٨٠،٧٢٣،٧٤٢	٤٢،٠٨١،٥٤٤،٧٧٦	٤،٤٩٠،١٩٥،٠٠٧	٦٦،٨٠٧،٥٠٠	**١٣٢،٢١٩،٢٧١،٠٢٥**
پێنج مانگی یەکەمی ٢٠٢٢					**٥٩،٠٩٣،٣٢٥،٣٠٢**
کۆی گشتی					**٥٢٧،٤٩٨،٢٩٤،٨٧٢**

- **هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی خەرجی:**

- لە بواری گرێبەستەکانی کۆکردنەوە و چارەسەری خاشاکدا، سەرەڕای فراوان بوونی سنوور و ژمارەی گرێبەستەکان لە (٢٨) بۆ (٣٢) گرێبەست، بەڵام گوژمە و تێچووی گرێبەستەکان کەمکراوەتەوە لە (١١،٨٨٧،٦٥٠،٤٥٤) یازدە ملیار و هەشت سەد و هەشتا و حەفت ملیون و شەش سەد و پەنجا هەزار و چوار سەد و پەنجا و چوار دینار مانگانە بۆ (٩،٦٦٦،٠٥٨،٦٣٨) نۆ ملیار و شەش سەد و شەست و شەش ملیون و پەنجا و هەشت هەزار و شەش سەد و سی و هەشت دینار مانگانە. لە خوارەوە لەسەر گوژمەی خاوێنکردنەوەی بەپێی سنوورەکان ڕوون دەکەینەوە:

	پارێزگا	گوژمە (دینار/ مانگانە) (تا ساڵی – ٢٠٢٠)	گوژمە (دینار/ مانگانە) (بۆ ساڵی –٢٠٢١- ٢٠٢٣)
١	هەولێر	٤،٣١٢،٠٢٨،٤٥٠	٣،٤٦٨،٤١٠،٥٢٧
٢	سلێمانی	٣،٥٧٦،٩٣٨،١١٨	٢،٧٤٣،٧٥٠،٤٤٥
٣	دهۆک	٢،٦١٣،٩٢٣،٨٨٦	٢،٣٧٥،٣٩٣،٦٦٦
٤	هەڵەبجە	٠	١٨٥،٩٧٩،١٥٥
٥	ئیدارەی ڕاپەرین	٧٢٦،٠٠٠،٠٠٠	٥٦٧،٣٢٧،٠٠٠
٦	ئیدارەی گەرمیان	٦٥٨،٧٦٠،٠٠٠	٥١١،١٧٧،٠٠٠
کۆی گشتی		**١١،٨٨٧،٦٥٠،٤٥٤**	**٩،٦٦٦،٠٥٨،٦٣٨**

- بەهۆی چاکسازی لە گرێبەستەکانی خاشاک، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار توانیویەتی خەرجی مانگانە کۆمپانیاکانی کۆکردنەوەی خاشاک بە بڕی ٢،٢٢١،٥٩١،٨١٦ دینار کەمبکاتەوە.

- کەمکردنەوەی خەرجی لە گرێبەستەکانی کڕینی شب و کلۆر و پرۆسەکانی تەنکەرین.

- **چاکسازی یاسایی تر:**

- یەکلاکردنەوەی چەندین دۆسییە لە ڕێگای پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە و سزادانی کەسانی کەمتەرخەم و هەروەها چەندین لیژنەی لێکۆڵینەوە بەردەوامن لە کارکردندا.

- یەکلاکردنەوەی چارەنووسی چەندین سکاڵای تۆمارکراو لە دادگاکان لەسەر فەرمانگەکانی وەزارەت و بەکۆتایی هاتنی لە بەرژەوەندی وەزارەت.

- پێداچوونەوە بە گرێبەستی مولکەکانی شارەوانی و هەڵوەشاندنەوەی ئەوانەی کە پابەندی ناوەڕۆکی گرێبەستەکان نەبوون.

- پێداچوونەوە بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان و هەڵوەشاندنەوەی ئەوانەی کە پابەندی یاسا و ڕێنماییەکان نەبوون.
- بەشداری کارا لە لیژنە هاوبەشەکانی نێوان وەزارەتەکان یاخوود ئەو لیژنانەی لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێك دێن.
- دەربڕینی ڕا و سەرنجی پێویست لە زۆربەی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە پەیوەندیدارن لەگەڵ وەزارەتەکانی تری هەرێم و خاڵی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

- **پەرەپێدانی توانای مرۆیی:**

- ئەنجامدانی ٢١٦ خول، سیمینار و وۆرکشۆپ لە بوارەکانی (فێرکاری بەرنامەکانی مایکرۆسۆفت ئۆفیس، ڕێنمایی گرێبەستە گشتیەکان، GIS، ڕاهێنانی زانستیی شوێنەوار، ڕێنمایی ژمێریاری و کارگێڕی، بەهێزکردنی توانای تەکنیکی، یاسایی، ئەندازیاری، ئۆتۆکاد، ڕیڤید، سیڤڵ ٣D و Project management)، ئەتەکێت، زمانەوانی و ڕێکخستنی نووسراوەکان بۆ گشت سێکتەرەکانی وەزارەت.

چالاکی وەزارەت لە پرۆسەی پەرەپێدانی توانای مرۆیی لە گشت بوارەکان و سێکتەرەکان لە ٧/٢٠١٩ تا ٦/٢٠٢٢					
چالاکی	**٢٠٢٢**	**٢٠٢١**	**٢٠٢٠**	**٢٠١٩**	**کۆی چالاکی**
خول	٢٦	٣١	١٤	٢٨	٩٩
سیمینار	٩	٣٤	٧	٢١	٧١
کۆبوونەوە	١١	١٩	٢	٥	٣٧
کۆنفرانس	١	٢	٠	٠	٣
وۆرکشۆپ	٢	٣	٠	١	٦
کۆی گشتی	٤٩	٨٩	٢٣	٥٥	**٢١٦**
کۆی گشتی چالاکییەکانی پەرەپێدانی توانای مرۆیی = ٢١٦ چالاکی					

- بەشداریکردنی فەرمانبەرانمان لە دەیان خول کە لەلایەن کیپا و ڕێکخراو و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانەوە کراونەتەوە.
- کارکردن بۆ دروستکردنی ناوەندی ڕاهێنان و توێژینەوە کە لە قۆناغی کۆتاییدایە و لە داهاتوودا دەبێت بە یەکێک لە ناوەندە گرنگەکان بۆ کردنەوەی خول و سیمینار و ئەنجامدانی کۆبوونەوە کە پێشبینی دەکرێت کاریگەری لەسەر ئاستی ئەدای سەرجەم سێکتەرەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتەوگوزار.
- بەمەبەستی ئاشنابوون لەگەڵ تەکنەلۆژیای سەردەم و ئاڵوگۆڕکردنی داتا و زانیاری و تەکنیکەکان لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سایەی کابینەی ٩ چەندین پسپۆڕ و فەرمانبەری لەڕێگای شاندەوە ڕەوانەی ئەم وڵاتانەی کردووە، هەر وەک دیارکراوە لەم خشتەو چارتەی خوارەوە:

سال	ژمارەی شاند
ساڵی ٢٠١٩	١٠
ساڵی ٢٠٢٠	٥
ساڵی ٢٠٢١	٥
ساڵی ٢٠٢٢	٦
کۆی گشتی شاند	**٢٦**

- تەریب لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی بۆ هاووڵاتیان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بایەخێکی تایبەتی داوە بە پەرەپێدانی تواناکانی فەرمانبەرانی لەڕێگەی پێدانی مۆڵەتی خوێندن بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا (دکتۆرا، ماستەر، دبلۆمی باڵا و بەکالۆریۆس) لەگشت بوارو سێکتەرەکان: (بەکەلۆریۆس: ٣٨ ، دبلۆمی باڵا: ١٧ ، ماستەر: ٤٢ ، دکتۆرا: ٧).

دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

- **پرۆژە ئەنجامدراوەکان (پرۆژەکانی داهات – پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان – پرۆژەکانی پلان)**
- **چالاکی شارەوانی**
- **چالاکی لە بواری بەڕێوەبردنی خاشاک**
- **چالاکی ئاو و ئاوەڕۆ**
- **چالاکی گەشتوگوزار**
- **چالاکی شوێنەوار**
- **چالاکی یاسایی**

- **پرۆژە ئەنجامدراوەکان (پرۆژەکانی داهات – پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان – پرۆژەکانی پلان):**

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پرۆژەوە زۆرترین خزمەتگوزارییەکانی دەگەیەنێت، پرۆژەکان بە سەر ئەو پۆلێنانەی خوارەوە دابەشدەبن:

یەکەم/ پرۆژەکانی لەسەر داهات:

ئەو پرۆژانەی کەلەسەر داهاتی فەرمانگەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار جێبەجێکراون و لەو خشتەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێکراوە سەرجەمیان لەو کابینەیەدا بڕیاریان بۆ دەرچووەو جێبەجێکراون کە خۆی لە (٧٤٥) پرۆژەی گەورە و بچوک و مامناوەندا دەبینێتەوە و سەرجەمی گوژمەی تەرخانکراو دەگاتە زیاتر لە (٦٩) ملیار دینار و لە هەر سێ سێکتەری شارەوانی و ئاو و ئاوەڕۆر گەشتوگوزار.

لەو خشتەیەی خوارەوەدا ژمارە و گوژمەی پرۆژە هەم بەپێی شوێن و سێکتەر ڕوونکراوەتەوە:

جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لەسەر داهات بەپێی پارێزگاکان و سێکتەرەکان			
ز	پارێزگا	ژمارەی پرۆژە	گوژمە بە دینار
١	هەولێر	٣٨٦	٢٩،٣٧٧،٥٧١،٦٥٢
٢	سلێمانی	١٤٠	٢٦،٧٦٢،٤٩٥،٣٤٩
٣	دهۆک	١٤٥	٨،٠٥٧،٦٢١،٤٣٠
٤	گەرمیان	٣١	٣،٢٨٣،٣٥٥،٢٥٠
٥	ڕاپەڕین	٢٧	١،٥٤٩،٣٢٣،٨٢١
٦	هەڵەبجە	١٦	٢٥٠،٥٢٦،٤٦١
	کۆی گشتی	**٧٤٥**	**٦٩،٢٨٠،٨٩٣،٩٦٣**



دووەم/ پرۆژە بەردەوامەکان (پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان):

پرۆژە بەردەوامەکانی فەرمانگەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار جێبەجێکراون و لەو خشتەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێکراوە بەشێکیان لەو کابینەیەدا پریاریان بۆ دەرچووەو جێبەجێکراون و بەشێکیان لە کابینەکانی ڕابردووبوون بەڵام لەو کابینەیەدا تەرخانیان بۆ کراوە کە سەرجەمیان بریتین لە (٤١٦) پرۆژەی گەورەو بچوک و مامناوەندا گوژمەی تەرخانکراو بۆ ئەو پرۆژانە دەگاتە زیاتر لە (٣) تریلیۆن دینار و لە هەر چوار سێکتەری شارەوانی و ئاو و ئاوەڕۆر گەشتوگوزار و شوێنەوار.

لەو خشتەیەی خوارەوەدا ژمارە و گوژمەی پرۆژە هەم بەپێی شوێن و هەم بەپێی سێکتەر ڕوونکراوەتەوە

پوختەی پرۆژەکانی بوودجەی وەبەرهێنان بە پێی پارێزگا			
ژ	پارێزگا	ژمارەی پرۆژە	گوژمەی گشتی (ملیۆن دینار)
١	هەرێم	١٣	٤٦٣،٠٧٠
٢	هەولێر	١٢٧	١،١٢١،١٥٠
٣	سلێمانی	٨٩	٧٧٥،٥٩٨
٤	دهۆک	٧١	٤٣٠،٥١٣
٥	هەڵەبجە	١٦	٣٤،٠٦٧
٦	ئیدارەی گەرمیان	٢٢	٣٨،٧٦٦
٧	ئیدارەی ڕاپەڕین	١٤	٥٧،٤٤٣
٨	ئیدارەی سۆران	٥٥	١٧١،٢٦٠
٩	ئیدارەی زاخۆ	٩	٣٦،٢٤٢
	کۆی گشتی	**٤١٦**	**٣،١٢٨،١٠٩ (ترلیۆن)**



پوختەی پرۆژەکانی بوودجەی وەبەرهێنان بە پێی سێکتەر			
ژ	سێکتەر	ژمارەی پرۆژە	گوژمەی تەرخانکراوی گشتی بە ملیۆن دینار
١	ئاوو ئاوەڕۆ	٢١٤	١،٥١٠،٨٩٧
٥	شارەوانییەکان	١٥١	١،٥٦٧،٧٧٥
٣	گەشت و گوزار	٣٧	٤١،١٥٢
٤	شوێنەوار	١٤	٨،٣٦٢
	کۆی گشتی	**٤١٦**	**٣،١٢٨،١٨٦**



سێیەم/ پرۆژەکانی ئەنجامدراو بەشێوەی قەرز:

ژ	ناوی پرۆژە	پارێزگا	گوژمە بە دۆلار	دۆخ
١	پرۆژەی دیزاین کردن و جێبەجێکردنی (پرۆژەی ئاوی هەولێر/٤ ناسراو بە ئیفراز٤و پرۆژەی چارەسەری ئاوەڕۆی قۆرسی سلێمانی و نۆژەنکردنەوەی پرۆژەی ئاوی دوکان/١)	هەولێر + سلێمانی	١،١٦٤،٠٠٠،٠٠٠	قۆناغی دیزاین تەواوبووە
٢	دانانی بەردی بناغە و تەواوکردنی پاکێجی سێیەم لە پارێزگای هەولێر و پاکێجی چوارەم لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە لە پرۆژەی (باشکردنی ئاوی خواردنەوە لە هەرێمی کوردستان - قۆناغی دووەم IQ-P٢٨)	هەولێر + سلێمانی + هەڵەبجە	٩،٨٣٩،٦٨٠	تەواوبووە
٣	تەواوکردنی قۆناغی یەکەم لە پرۆژەی شەقامی بازنەیی خێرای ١٥٠ مەتری لە شاری هەولێر لە یەکتربڕی (هەولێر - بەحرکە) بۆ (هەولێر - شەقڵاوە)	هەولێر	٢٣٨،٠٠٠،٠٠٠	تەواوبووە
٤	دەستپێکردنی قۆناغی دووەم لە پرۆژەی شەقامی بازنەیی خێرای ١٥٠ مەتری لە شاری هەولێر لە یەکتربڕی (هەولێر- شەقڵاوە) بۆ (هەولێر - کۆیە)	هەولێر	١٠٦،٠٠٠،٠٠٠	٨٠٪ تەواوبووە
٥	دەستپێکردنی قۆناغی سێیەم لە پرۆژەی شەقامی بازنەیی خێرای ١٥٠ مەتری لە شاری هەولێر لە یەکتربڕی (هەولێر - بەحرکە) بۆ (هەولێر- گۆپاڵ)	هەولێر	٩٥،٠٠٠،٠٠٠	٣٥٪ تەواوبووە
٦	دروستکردنی ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان/ قۆناغی یەکەم	هەولێر	٣٠٠،٠٠٠،٠٠٠	قۆناغی تێندەرینگ
	کۆی گشتی بە دۆلار		**١،٩١٢،٨٣٩،٦٨٠**	
	کۆی گشتی بە دینار		**٢،٧٧٣،٦١٧،٥٣٦،٠٠٠**	

چوارەم/ پرۆژەی تر:

ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی تر بەو شێوەیەی خوارەوە:

ژ	ناوی پرۆژە	پارێزگا	گوژمەی پرۆژە/ دینار	گوژمەی پرۆژە/ دۆلار
١	دابینکردن و خەرجکردنی گوژمەی (٥,١٣٦,٦٥٧,٠٠٠) پێنج ملیارو سەدو سی و شەش ملیۆن و شەش سەدو پەنجاو حەفت هەزار دینار بۆ کڕینی مەوادی پاککەرەوەی ئاو (کلۆر-شەب-.....) بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو.	هەرێم	٥،١٣٦،٦٥٧،٠٠٠	
٢	دابینکردن و خەرجکردنی (١,٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیارو دوو سەدو پەنجا ملیۆن دینار مانگانە بۆ مانگەکانی (٨-٩-٢٠٢١/١٠) بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاو بۆ جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری پێویست و هەنوکەیی بەرەنگاربوونەوەی ووشکە ساڵی.	هەرێم	٣،٧٥٠،٠٠٠،٠٠٠	
٣	دابینکردن و خەرجکردنبە گوژمەی (٢,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیارو پێنج سەد ملیۆن دینار وەك بوودجەی لە ناکاو بۆ جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی لە ناکاو پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی ووشکە ساڵی.	هەرێم	٢،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠	
٤	توانرا ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری وەربگیرێت بۆ دابینکردنی گوژمەی (٧٢٢,٠٠٠,٠٠٠) حەفت سەدو بیست و دوو ملیۆن دینار بۆ جێبەجێکردنی (٥) پرۆژەی پێویست لە سنووری بەڕێوەبەرایەتي ئاوی دەوروبەری هەولێر(شەقڵاوە)	هەولێر	٧٢٢،٠٠٠،٠٠٠	
٥	دابینکردنی گوژمەی (١٢,٦٧١,٢٣٣,٧٧٠) دوازدە ملیارو شەش سەدو حەفتاو یەك ملیۆن و دوو سەدو سی و دوو هەزارو حەفت سەدو حەفتا دینار بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی تانکەرێن لە هەرێمی کوردستان بە ڕێگای بانگەواز و تەندەرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:- - بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری هەولێر بڕی (٥,٠٦٨,٧٣٤,١٩٥) دینار. - بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سۆران بڕی (٢,٧٣٢,٨٦٨,١٥٠) دینار. - بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ئاکرێ بڕی (٣٦٧,٩٠٦,٤٠٠) دینار. - بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی بڕی (٤,٠٦٩,٠٠٠,٧٢٨) دینار. - بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەڕین بڕی (٣٩٩,٢٥٨,٩٠٠) دینار	هەرێم	١٢،٦٧١،٢٣٣،٧٧٠	
٦	توانرا ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری وەربگیرێت لەسەر دابینکردنی گوژمەی (٧,٦٥٤,٥٩٠,٦٨٦) حەفت ملیارو شەش سەدو پەنجاو چوار ملیۆن و پێنج سەدو نەوەت هەزارو شەش سەدو هەشتاو شەش دینار بۆ لێدانی (١٣٨)	هەولێر	٧،٦٥٤،٥٩٠،٦٨٦	

	بیر لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری هەولێر.			
٧	توانرا ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری وەربگیرێت لەسەر دابینکردنی گوژمەی (٤,٧٠٧,٧٢١,٥٠٠) چوار ملیارو حەفت سەدو حەفت ملیۆن و حەفت سەدو بیست و یەك هەزارو پێنج سەد دینار بۆ جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی پێویست و هەنوکەیی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری هەولێر.	هەولێر	٤،٧٠٧،٧٢١،٥٠٠	
٨	توانرا گوژمەی (١٤٥,٩٥٤,٨٠٠) دینار دابین بکرێت لەسەر بوودجەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەمان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی لێدانی ٢ بیری قوڵ لە کۆمەڵگەی ڕۆژ سیتی لە ڕانیە.	ڕاپەڕین	١٤٥،٩٥٤،٨٠٠	
٩	خەرجکردنی گوژمەی ($٢,٦٢٢,٦٠٦) دوو ملیۆن و شەش سەدو بیست و دوو هەزارو شەش سەدو شەش دۆلار بۆ پێشینەی یەکەم و دووەم وە بەرزکردنەوەی سلفەی سێ یەم بە گوژمەی ($١,٥٦٠,٢٧٢) یەك ملیۆن و پێنج سەدو شەست هەزارو دوو سەدو حەفتاو دوو دۆلار بۆ پرۆژەی ئاوی سەری بڵند.	هەولێر	٦،٠٦٥،١٧٣،١٠٠	٤،١٨٢،٨٧٨
١٠	کڕینی کەلوپەل بۆ مۆزەخانەی سلێمانی لە لایەن ئاژانسی جایکای ژاپۆنی.	سلێمانی	٣،٩٨٧،٧٥٠،٠٠٠	٢٧٥،٠٠٠
١١	ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیرا بە تەرخانکردنی گوژمەی (٢٠١,٢٤٠,٠٠٠) دوو سەدو یەك ملیۆن و دوو سەدو چل هەزار دینار بۆ پرۆژەی دانانی سیستەمی چاودێری بۆ مۆلیدەکانی حکومی.	هەرێم	٢٠١،٢٤٠،٠٠٠	
١٢	ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیرا بە تەرخانکردنی گوژمەی (١٠٨,٢٤٠,٠٠٠) سەدو هەشت ملیۆن و دوو سەدو چل هەزار دینار بۆ پرۆژەی دانانی سیستەمی چاودێری بۆ ئۆتۆمۆبێلەکانی حکومی.	هەرێم	١٠٨،٢٤٠،٠٠٠	
١٣	ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیرا بە تەرخانکردنی گوژمەی (٣٩٨,٩٠٣,٧٥٠) سێ سەدو نەوەت و هەشت ملیۆن و نۆ سەدو سێ هەزارو حەفت سەدو پەنجا دینار بۆ ڕاکێشانی بۆڕی ئاو لە گەڕەکی (٢٠)ی بۆگەنە لە سلێمانی.	سلێمانی	٣٩٨،٩٠٣،٧٥٠	
١٤	ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیرا بە تەرخانکردنی گوژمەی (٢٧٢,٠٤٥,٠٠٠) دوو سەدو حەفتاو دوو ملیۆن و چل و پێنج هەزار دینار بۆ دروستکردنی ئاوەڕۆی لوولەیی لە گەڕەکی ڕاپەڕین لە شارۆچکەی سەلاحەدین.	هەولێر	٢٧٢،٠٤٥،٠٠٠	
١٥	دابینکردنی بڕی (٩،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دینار مانگانە بۆ پرۆژەکانی کۆکردنەوەی خاشاک لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان: بڕی مانگانە * ژمارەی مانگەکان = کۆی گشتی ٩،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠ * ٣٥ = ٣٣٢،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠.	ئاستی هەرێم	٣٣٢،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠	
	کۆی گشتی		**٣٨٠،٨٢١،٥٠٩،٦٠٦**	

- **چالاکی شارەوانی:**

- هەموارکردنەوەی ماستەرپلانی شاری هەولێر بەشێوی منحە و واژووکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئاژانسی جایکای ژاپۆنی.
- دابینکردن و تەرخانکردنی زەوی بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی پیشەسازی و فەرمانگە حکومییەکان، هەروەها سەندیکا و ڕێکخراو و حزبە سیاسییەکان.
- کارکردن لەسەر بڕیاری وەرگرتنەوەی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاری لە پرۆژە نیشتەجێکانی وەبەرهێنان.
- کارکردنی بەردەوام لەسەر بڕیاری تاپۆکردنی پرۆژە نیشتەجێیەکانی وەبەرهێنان.
- کارکردن لەسەر کۆدی بیناسازی و دروستکردنی سیستەمێک بۆ کۆنترۆڵی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

- جێبەجێکردنی پلانی پەرەپێدانی شارۆچکەکانی (قوشتەپە، باسرمە، کەورگۆسک) هەروەها درێژکردنەوەی شەقامی هەولێر- کەرکوکی کۆن بە درێژایی ١٧٠٠م تا کەمپی ئاوارەکان بە پاڵپشتیی ڕێکخراوی شارەوانییەکانی هۆڵەندا (VNG).
- چاندنی گوڵ، دار، نەمام و کاری جوانکاری شارو شارۆچکەکان لە سنووری شارەوانییەکان.
- ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی پشتێنەی سەوز بە دەوری شاری هەولێردا.
- ئامادەکردنی ستراتیژیەتی پەرەپێدانی پارکی سامی عەبدولڕەحمان.
- کارکردن لەسەر ڕێکخستنەوە و گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچەی پیشەسازیی تیمار لە شاری هەولێر بە مەبەستی پەرەپێدانی کەرتەکە.
- کارکردن لەسەر ڕێکخستنەوەی سنووری ناوەندی شاری هەولێر (سیتی سەنتەر).
- کارکردن لەسەر ڕێکخستنەوەی سنووری ناوەندی شاری سلێمانی (بەردەرکی سەرا).
- کارکردن لەسەر پێداچوونەوەی ماستەرپلانی شاری کۆیە.
- ئامادەکردنی پلانی جێبەجێکردنی ماستەرپلانی شار و شارۆچکەکانی هەرێم بۆ هەموو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر دانانی سیستەمی گڵۆپی هەستیار بۆ پارکە داخراوەکانی ئۆتۆمبێل.
- ڕووپێوکاری ئاسمانی بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان (درۆن) بۆ چەند گوندێکی ناو ماستەرپلانی شاری هەولێر لەگەڵ شەقامی کۆڕنیش و شەقامی ١٥٠ مەتری لە شاری هەولێر.
- دۆزینەوەی سەدان هەلی کار بۆ گەنجان بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی GIZی ئەڵمانی.
- واژووکردنی ڕێککەوتنامەی لێکتێگەیشتن لەنێوان وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و شارەوانییەکانی هۆڵەندا (VNG) لە هەردوو پرۆگرامی مەسار و پرۆگرامی LOGOREP.
- پرۆگرامی بەهێزکردن و پەرەپێدانی حکومەتە خۆجێیەکان، کە دام و دەزگاکانی وەزارەت سودمەندی سەرەکی ئەو پرۆگرامە دەبن، پرۆگرامەکە لە دەستپێکە.
- بەردەوامی پەیوەندییەکان و کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی (UNHABITAT) بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆژە بەتایبەتی لە بوارەکانی نەخشەدانانی ئاوەدانی و خۆڵ و خاشاک و بەڕێوەبردنی ئاو.
- بەردەوامی پەیوەندییەکان و کارکردن لەگەڵ ئاژانسی (USAID/IGPA)ی ئەمەریکی.
- کردنەوەی یەکەی گۆڕینی کارتی زەوی بۆ سەنەد لە سنووری پارێزگای هەولێر، بەو شێوەیە:
- بەهۆی گەشەسەندنی خێرای شارەکان و بنیادنان و ئاوەدانکردنەوە و فراوانبوونی سنووری شارەکان بەتایبەت لە سنووری پارێزگای هەولێر، لە کاتی دابەشکردنی زەوی بەسەر توێژەکان و لەکاتی قەرەبووی خاوەن مافی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵ و جوتیاری خاوەن گرێبەستی کشتوکاڵی پەنا بردراوەتە دابەشکردنی زەوی بەشێوەی کارت نەک سەنەد و دواتر کاریان لەسەر نەکراوە بۆ ئەوەی تۆمار بکرێن لە فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە، بەمەش سەدان کێشەی یاسایی و کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەو هاووڵاتیانە سەری هەڵداوە کە کڕین و فرۆشتنیان بەو زەوییانە کردبێت، ئەمە جگە لەوەی هیچ کام لە مامەڵەکانی کڕین و فرۆشتن بە فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرەدا تێپەرنەبوونە و ئەمەش بۆتە هۆی بەهەدەردانی دەیان ملیۆن دۆلار لە داهاتی حکوومەت. لە پێناو

چارەسەرکردنی سەرجەم ئەو کێشانە و نەهێشتنی ئەو ژمارە زۆرەی زەوی کارت لەگەڵ دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ چارەسەرکردن و بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە هەڵسا بە کردنەوەی یەکەیەکی تایبەت بە ناوی (یەکەی گۆڕینی کارتی زەوی بۆ سەنەد) بۆ تۆمارکردنی ئەم کارتانە و گۆڕینی بۆ تۆماری هەمیشەیی (سەنەد) کە ژمارەیان (٩٩،٠٠٠) کارت بووە، ئەمەی خوارەوە تەواوی داتا و زانیارییەکانن لەسەر پرۆسە ی گۆڕینی کارت بۆ سەنەد:

پرۆسەی گۆڕینی کارت بۆ سەنەد/ سنووری پارێزگای هەولێر	
ژمارەی کارت	دۆخ
٣٥،٠٠٠	کراوە بە سەنەد
٢١،٠٠٠	ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرە کراوە بۆ تۆمارکردنی وێنەی تۆمار
٤٣،٠٠٠	ئێستا کاریان لەسەر دەکرێ
٩٩،٠٠٠	گشتی کارتەکان لە سنووری پارێزگای هەولێر

- **چالاکی لە بواری بەڕێوەبردنی خاشاک:**

وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزار لەبەر ڕۆشنایی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گرینگییەکی تایبەتی بە سێکتەری کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی خاشاک داوە لە پێناو پاراستنی تەندروستی گشتی و پاراستنی سروشت و ابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە هەوڵەکانی وەزارەتی شاروانی و گەشتوگوزار لەو سێکتەرەدا:

- **A/ پرۆسەی کۆکرنەوەی خاشاک:**

- وەزارەت بۆ پڕۆژەکانی خاوێنکردنەوە، کۆکردنەوە، گواستنەوە و داپۆشینی خاشاک ژمارەی گرێبەستەکانی لە (٢٨) بیست وهەشت گرێبەستەوە زیادکرد بۆ (٣٢) سی و دوو گرێبەستی واژوو کراو لەگەڵ چەندین کۆمپانیای ناوخۆی ئەم بوارە، لە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری تیم و لیژنەکانی سەرپەرشتیاری لە شارەوانییەکانی پەیوەندیدار.
- تیمەکانی کۆکردنەوەی خاشاک لە کاتی کەرەنتیندا، جگە لە بەردەوامی کۆکردنەوەی خاشاک، شێواز تایبەت بە کۆکردنەوەی خاشاکی هۆتێلەکانی تایبەت بە کەرەنتینکراوەکان و نەخۆشخانەکان گیرایە بەر، هەروەک شێوازی تایبەت بە داپۆشینیان بە ڕێگەی زانستی ئەنجام درا.
- دروستکردنی باڵەخانەی کارگێڕی و نۆژەنکردنەوەی کارگەی جیاکردنەوەی خاشاکی کواشێ لە شاری دهۆک لەلایەن شارەوانییەکانی هۆڵەندا (VNG) بە مەبەستی ڕێکخستنی سیستەمی کۆکردنەوەی خاشاک لەگەڵ جیاکردنەوەی خاشاک لە سەرچاوەوە لە شاری دهۆک. ئەو پرۆسەیە ئێستا لەژێر جێبەجێکردندایە.
- کارکردن لەگەڵ تێمێکی ڕاوێژکاری بیانی لەسەر پێداچوونەوە بە گرێبەستەکانی کۆکردنەوەی خاشاک.
- بەرزکردنەوەی مۆدێلی ئۆتۆمبێلەکانی خزمەتگوزاری (کەپس، گەسکی شەقام و قەلابی بچووک) بۆ مودێلی (٢٠١٨). لەگەڵ زیادکردنی مەرجی پشکنینی ساڵانەی ئۆتۆمبێل کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ ئەنجام دەدرێت. ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی ژینگە و بەتایبەتی لە ڕووی کەمکردنەوەی دەرهاوێشتە گازییەکان.
- دانانی سیستەمی (GPS) بۆ چاودێری کردنی ڕێڕەوی کارکردنی ئامێرەکان لە شەقامەکان و گەڕەکەکان لەلایەن شارەوانییەوە.

- تیمی راوێژکاری (FMA) لە نووسینگەی ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەهەمەهانگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتی پلاندانان بۆ ماوەی زیاتر لە یەک ساڵە کار دەکەین لەسەر پێداچوونەوە بە بنەماکانی ئامادەکردنی تەندەر بۆ پرۆژەکانی خاوێنکردنەوە و کۆکردنەوە و گواستنەوە و داپۆشینی خاشاک و ئامادەکردنی شێوازێکی نۆێی تەندەر.

- **B/ پرۆسەی چارەسەرکردنی خاشاک:**

لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا چەند کارگەیەك دامەزراوە بۆ چارەسەرکردنی خاشاك، لە خوارەوە ووردەکارییەکان روون کراوەتەوە:

یەکەم: پرۆژە جیبەجێ کراوەکان:

١) پرۆژەی چارەسەرکردنی خاشاک لە تانجەرۆ لە شاری سلێمانی. شێوازی چارەسەرکردنی سیستەمی میکانیکی بایۆلۆجی (Mechanical Biological Treatment MBT)) پەیڕەو دەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی وزەی بەدیل (Refused Derived Fuel (RDF)(RDF)، بەشەکانی تری پرۆژە پێکهاتووە لە شوێنی داپۆشینی تەندروستی (لاندفیل) لەگەڵ ویستگەی چارەسەرکردنی لیچێتیی خاشاک. توانای پرۆژە (١١٠٠) هەزار و سەد تۆن خاشاک/ ڕۆژێکدا. بەڕێوەبردنی پرۆژە ئەنجام دەدرێت لەلایەن کۆمپانیای ئیکۆ سیم و گروپی فارووق لەژێر گرێبەستی واژووکراو لە نێوان پارێزگای سلێمانی و کۆمپانیای ناوبراو. لە کابینەی نۆیەم بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە: (٢٦٩٠ لە ٢٠٢٢/٢/١٦) ڕەزامەندی تەرخانکردنی گۆژمەی (٧،٥٠٠،٠٠٠) حەوت ملیون و پێنج سەد هەزار دینار ساڵانە بۆ پرۆژەکە خەرج دەکرێت.

٢) پرۆژەی چارەسەرکردنی خاشاک لە کواشێ لە پارێزگای دهۆک، شێوازی چارەسەرکردنی سیستەمی میکانیکی بایۆلۆجی (Mechanical Biological Treatment MBT)). پرۆژەکە بریتیە لە (٢) دوو کارگەی جیا کردنەوەی خاشاک و شوێنی داپۆشین و بەرهەم هێنانی پەین. توانای پرۆژەکە (٦٠٠) شەش سەد تۆن خاشاک بۆ هەردوو کارگە.

٣) پرۆژەی چارەسەرکردنی خاشاک لە گەدەسین لە شارەوانی ئاکرێ، شێوازی چارەسەرکردنی سیستەمی میکانیکی بایۆلۆجی (Mechanical Biological Treatment MBT)). پرۆژەکە پێکهاتووە لە کارگەی جیاکردنەوەی خاشاک بە توانای (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا تۆن خاشاک/ ڕۆژێک، لەگەڵ دامەزراندنی لاندفیل و بەرهەمهێنانی پەیین، پرۆژەکە بەشێک بووە لە گرێبەستی واژووکراوی پرۆژەی کۆکردنەوە و گواستنەوە و چارەسەرکردنی خاشاک لە نێوان وەزارەت و کۆمپانیای (MRF) و توڤی کە بۆ ماوەی (١٠)دە ساڵ بوو. لە کۆتایی ماوەی گرێبەست مولکایەتی پرۆژەکە دەگەڕێتەوە بۆ شارەوانی ئاکرێ کارگە دامەزراوە لە کارکردن دایە لە ئێستادا.

دووەم: پرۆژەکانی چارەسەرکردنی خاشاک کە لەژێر جێبەجێ کردندان:

١) پرۆژەی چارەسەرکردنی خاشاک لە تەکیە لە شارەوانی چەمچەماڵ، شێوازی چارەسەرکردنی سیستەمی میکانیکی بایۆلۆجی (Mechanical Biological Treatment MBT)). پرۆژەکە پێکهاتووە لە کارگەی جیاکردنەوەی خاشاک بە توانای (٥٠٠) پێنج سەد تۆن خاشاک/ ڕۆژێکدا، لەگەڵ دامەزراندنی لاندفیل و بەرهەمهێنانی پەین لەگەڵ (٢) دوو وێستگەی ناوەندی گواستنەوەی خاشاک لە پیرەمەگرون و شۆڕش، ڕێژەی کارە ئەنجامدراوەکان بۆ هەریەک لە پێکهاتەکانی پرۆژە بەم شێوەی خوارەوەیە:-

أ. کارگە بەڕێژەی (٥٣٪)

ب. شوێنی داپۆشین بەڕێژەی (٣٨٪)

ت. هەردوو وێستگەی گواستنەوە بەڕێژەی (٩٠٪)

٢) پرۆژەی چارەسەرکردنی خاشاک لە قەدەش لە شارەوانی ئامێدی، شێوازی چارەسەرکردنی سیستەمی میکانیکی بایۆلۆجی (Mechanical Biological Treatment MBT)). پرۆژەکە پێکهاتووە لە کارگەی جیاکردنەوەی خاشاک بە توانای (٤٠٠) چوار سەد تۆن خاشاک/ ڕۆژێک، لەگەڵ دامەزراندنی لاندفیل و بەرهەمهێنانی پەیین. ڕێژەی کارە ئەنجامدراوەکان بۆ هەریەک لە پێکهاتەکانی پرۆژە بەڕێژەی (٨٥ %).

سێیەم: پرۆژەکان کە دەستبەکاربوونیان بۆ ئەنجام دراوە بەڵام نەچۆتە بواری جێبەجێ کردن لە پێگەی پرۆژە.

١- پرۆژەی چارەسەرکردنی خاشاک لە گریزە لە سنووری ئیدارەی سید سادق، شێوازی چارەسەرکردنی سیستەمی میکانیکی بایۆلۆجی (Mechanical Biological Treatment MBT) کە پێکهاتووە لە کارگەی جیاکردنەوەی خاشاک بە توانای (٥٠٠) پێنج سەد تۆن خاشاک/ ڕۆژێک، لەگەڵ دروستکردنی شوێنی داپۆشین (لاندفیل). پرۆژەکە بەشێکە لە گرێبەستی واژووکراوی پرۆژەی خاوێن کردنەوە و کۆکردنەوە و گواستنەوە و چارەسەرکردنی خاشاک لە زۆنی (١)ی شارەزوور کە واژووکراوە لە نێوان وەزارەتم و کۆمپانیای گەردین. تەنیا زەوی ڕادەستی کۆمپانیا کراوە، ماوەی گرێبەست (٣) سێ ساڵە. ڕێکەوتی دەست بەکاربوونی کۆمپانیا لە گرێبەستەکە (٢٠٢١/٨/١).

٢- پرۆژەی چارەسەر کردنی خاشاک لە زاخۆ کە پێکهاتووە لە دروستکردنی شوێنی داپۆشینی تەندروستی لاندفیل، پرۆژەکە بەشێکە لە گرێبەستی واژووکراوی پرۆژەی خاوێنکردنەوە و کۆکردنەوە و گواستنەوە و چارەسەرکردنی خاشاک لە کە واژووکراوە لەلایەن وازارەتمان لەگەڵ کۆمپانیای هیزل، پرۆژەکە جێبەجێ نەکراوە لەبەر کەمتەرخەمی کۆمپانیا و پابەند نەبوون بە بڕگەکانی گرێبەست. ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی گرێبەست (٢٠٢٢/٧/١).

چوارەم: پرۆژەی چارەسەرکردنی خاشاکی شاری هەولێر و دەورووبەر، کە لە ژێر جێبەجێکردندایە.

پێنجەم: ئەنجامدانی دیراسەیەکی زانستی لەسەر زبڵخانەی کانی قرژاڵە لە شاری هەولێر.

- **چالاکی ئاو و ئاوەڕۆ:**

- وزارەتی شاروانی و گشتوگوزار لە ڕێگەی پرۆژە ستراتیجییەکانی ناسراو بە وێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاو (WTP) کە ژمارەیان ٨١ پرۆژەی قەبارە جۆراوجۆرە، هەروەها لە ڕێگەی ٥٧٨٧ بیری ئاو، ڕۆژانە بڕی (٢،٦٨٤،٦٠٦ م٣) دوو ملیۆن و شەش سەد و هەشتا و چوار هەزار و شەش سەد و شەش مەتر سێجا لە ڕۆژێکدا، ئاوی پاکی خواردنەوە بەرهەم دەهێنێت.

- هەروەها ڕۆژانە ئاو لە ڕێگەی پرۆسەی تەنکەرینەوە، ئاوی پاکی خواردنەوە دەگەیەنرێتە ئەو گوند و ناوچانەی تا ئێستا نەتوانراوە پرۆژەی ستراتیجی ئاو یان بیری ئاویان پێ بگەیەنرێت.

- بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو، ڕۆژانە خزمەتگوزاری کردنەوەی هاوبەشی ئاو پێشکەش بەو هاووڵاتیانە دەکەن کە خانوو و باڵەخانە دروست دەکەن. تاوەکوو ئێستا توانراوە (١،٠١٩،٠٠٤) یەك ملیۆن و نۆزدە هەزار و چوار هاوبەش تۆمار بکرێن و مۆڵەتیان پێ بدرێت.

- بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو، ڕۆژانە خزمەتگوزاری بەستن و چاککردنەوەی پێوەر پێشکەشی هاووڵاتیانی کوردستان دەکەن.

وردەکاری ژمارەی هاوبەش و پێوەری بەستراو و نەبەستراو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان		
ژمارەی هاوبەشانی ئاو	ژ. ئەو هاوبەشانەی پێوەریان بەستووە	ژ. ئەو هاوبەشانەی پێوەریان نەبەستووە
١،٠١٩،٠٠٤	**٧١٩،٢٩٤**	**٢٩٩،٧١٠**



وردەکاری ژمارەی هاوبەش و پێوەری بەستراو و نەبەستراو بەپێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان

زۆنەکان	ژ.هاوبەشانی ئاو	پێوەر	بێ پێوەر
دهۆک بە گشتی	**٢١١,٦٢٧**	**١٥٨,٤٨٧**	**٥٣,١٤٠**
بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی دهۆک	٧١,٢٦١	٦١,١١٠	١٠,١٥١
ئاکرێ	١٤,٣٤٣	١١,١٥٥	٣,١٨٨
ئاوی دەوروبەری دهۆک	٨٠,٣٥٨	٥٧,٢٢١	٢٣,١٣٧
ئاوی زاخۆ	٤٥,٦٦٥	٢٩,٠٠١	١٦,٦٦٤
هەولێر بە گشتی	**٣٨٠,١٧٢**	**٢٩٣,١٨٨**	**٨٦,٩٣٤**
ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر	٢٧٢,٩٩٣	٢٣٠,٤٢٥	٤٢,٥١٨
دەوروبەری هەولێر	٥٤,٤٧٥	٢٧,٦٤٨	٢٦,٨٢٧
ئاوی کۆیە	١٩,٩٢١	١٣,٤٦٧	٦,٤٥٤
ئاوی سۆران	٣٢,٧٨٣	٢١,٦٤٨	١١,١٣٥
سلێمانی بە گشتی	**٢٩٢,٩٤٥**	**١٩٠,٢٩٩**	**١٠٢,٦٤٨**
پارێزگای سلێمانی	١٨٠,٥١٧	١٤٧,٥٣٦	٣٢,٩٨١
دەوروبەری سلێمانی	١١٢,٤٢٨	٤٢,٧٦٣	٦٩,٦٦٥
هەڵەبجە-گەرمیان-ڕاپەڕین بە گشتی	**١٣٤,٢٦٠**	**٧٧,٣٢٠**	**٥٦,٩٤٠**
دەوروبەری گەرمیان	١٨,٩٥٨	٧,٥٠٦	١١,٤٥٢
کەلار	٢٦,٨٠٢	١٨,٧٦٥	٨,٠٣٧
هەڵەبجە	٢٣,٦٢٢	١٦,٤٩٢	٧,١٣٠
ڕاپەڕین	٦٤,٨٧٨	٣٤,٥٥٧	٣٠,٣٢١
کۆی گشتی	**١,٠١٩,٠٠٤**	**٧١٩,٢٩٤**	**٢٩٩,٦٦٢**

پارێزگای هەولێر ژمارەی هاوبەشانی ئاو (٣٨٠،١٧٢) و ژمارەی ئەو هاوبەشانەی پێوەری ئاویان بەستووە (٢٩٣،١٨٨) و ژمارەی ئەو هاوبەشانەی پێوەریان نەبەستووە (٨٦،٩٨٤) وەک لەم چارتەی خوارەوە:



پارێزگای سلێمانی ژمارەی هاوبەشانی ئاو (٢٩٢،٩٤٥) و ژمارەی ئەو هاوبەشانەی پێوەری ئاویان بەستووە (١٩٠،٢٩٩) و ژمارەی ئەو هاوبەشانەی پێوەریان نەبەستووە (١٠٢،٦٤٦) وەک لەم چارتەی خوارەوە:



پارێزگای دهۆک ژمارەی هاوبەشانی ئاو (٢١١،٦٢٧) و ژمارەی ئەو هاوبەشانەی پێوەری ئاویان بەستووە (١٥٨،٤٨٧) و ژمارەی ئەو هاوبەشانەی پێوەریان نەبەستووە (٥٣،١٤٠) وەک لەم چارتەی خوارەوە:



	ژمارەی ئەو هاوبەشانەی پێوەری ئاویان نەبەستووە	ژمارەی ئەو هاوبەشانەی پێوەری ئاویان بەستووە	ژمارەی هاوبەشانی ئاو
2018	114,980	58,982	173,962
2019	120,045	68,844	188,889
2020	90,737	109,891	200,628
2021	55,323	155,355	210,678
2022	53,140	158,355	211,627

- ئەنجامدانی پشکنینی ئاو بۆ شیکارەکانی کیمیایی و فیزیایی و بەکتریۆلۆجی کە لەم دوو خشتەیەی خوارەوەدا ڕوون کراونەتەوە:

ئاماری کۆتایی پشکنینی ئاو بۆ شیکارەکانی کیمیایی و فیزیایی بۆ گشت بەڕێوەبەراییەتیەکانی ئاو

ژ	بەڕێوەبەرایەتییەکان	ژمارەی نموونەی ئاوی وەرگیراو	ژمارەی پشکنین
١.	بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر	٤٤٤	٥٧٧٢
٢.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری هەولێر	٥٠٨	٦٦٠٤
٣.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی	١٠٧٩	١٤٠٢٧
٤.	بەڕێوەبەرایەیی ئاوی دەورەبەری سلێمانی	٢١	٢٧٣
٥.	بەڕێوەبەرایەیی ئاوی دهۆك	١٨٣	٢٣٧٩
٦.	بەڕێوەبەرایەیی ئاوی دەوروبەری دهۆك	٦٠	٧٨٠
٧.	بەڕێوەبەرایەیی ئاوی سۆران	------	-----
٨.	بەڕێوەبەرایەیی ئاوی کەلار	١٢٣	١٥٩٩
٩.	بەڕێوەبەرایەیی ئاوی دەوروبەری گەرمیان	٣٦	٤٦٨
١٠.	بەڕێوەبەرایەیی ئاوی کۆیە	٦٠	٢٤٠
١١.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەڕین	٥٥	٧١٥
١٢.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەڵەبجە	٨	١٠٤
	کۆی گشتی	**٢٥٧٧**	**٣٢٩٦١**

ئاماری کۆتایی پشکنینی ئاوی بکتریۆلۆجی بۆ گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو

ژ	بەڕێوەبەرایەتییەکان	ژمارەی نموونەی ئاوی وەرگیراو	ژمارەی پشکنین	ژمارەی کلۆرکراو
١.	بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر	٦٥٤	١٩٦٢	٥١٢
٢.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری هەولێر	٥٠٣	١٥٠٩	٤٠٦
٣.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی	٩٦٣	٢٨٨٩	٩٦١
٤.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی	١٠٨	٣٢٤	١٠٨
٥.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دهۆك	٤٠١	١٢٠٣	٣٨٩
٦.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری دهۆك	١١٥	٣٤٥	١١٤
٧.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سۆران	٢١٣	٢١٣	٢١٣
٨.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کەلار	٨٦	٢٥٨	٨٠
٩.	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان	٧٥	٢٢٥	٦٨
١٠	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەڵەبجە	٢٤٤	٧٣٢	٢٤٤
١١	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کۆیە	١٩١	٥٧٣	١٧٠
١٢	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەڕین	٢٠	٦٠	١٦٥
١٣	بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ئاکرێ	٩٠	٩٠	٧٣
	کۆی گشتی	**٣٦٦٣**	**١٠٣٨٣**	**٣٥٠٣**

- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هۆکارەکانی شکانی بۆڕییەکانی گواستنەوەی ئاو.
- پاککردنەوەی ئاوەڕۆکان بە بەردەوامی.
- کارکردن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی لافاو لەو شوێنانەی کە بەرکەوتەی ئەو ڕووداوە سروشتییانە.

- **چالاکی گەشتوگوزار:**

- ڕاستەوخۆ لکاندنی بەڕێوەبەرایەتی ڕاپەڕین بە دیوانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار.
- دەستەی گشتی گەشتوگوزار بەردەوام هەوڵی زیادکردنی ڕێژەی گەشتیاران دەدات بۆ ئەوەی گەشتوگوزار ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهات لە هەرێمی کوردستاندا. لە کابینەی نۆیەمدا ڕێژەی گەشتیار بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، وێڕای ساڵی کۆرۆنا و کەرەنتین کە هەموو بوارێکی پەك خست. لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا بەراوردی ژمارەی هاتنی گەشتیاران لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا ڕوون کراوەتەوە:

- جێبەجێکردنی مەرجەکانی ژینگەی کارکردن و سەلامەتی پیشەیی لە پڕۆژە گەشتیارییەکان.
- دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بەشداربووان لە خولەکانی پێشوازی و خزمەتگوزاری لە هۆتێل و چێشتخانەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی بیانی.
- کارکردن لەسەر پڕۆژەی ڕووپێوی شوێنە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان کە دەبێتە ناوەندێک بۆ داتا و زانیاری لە کەرتی گەشتوگوزار.
- کارکردن بۆ کردنەوەی بەشی کارە دەستییەکان لە هەیکەلییەتی تازەی دەستەی گشتی گەشتوگوزار، ئەم پڕۆژەیە گرنگی بە بەرهەمە ناوخۆییەکان دەدات لە ڕووی خواردن و کلتور و هونەرییەوە بۆ ئەم مەبەستەش هۆتێلەکانی کوردستان ئاگادارکراونەتەوە کە گرنگی بە بەرهەمە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان بدەن.
- ئەنجامدانی کۆنفرانسی سێ ڕۆژە بۆ ئامادەکردنی پڕۆژە یاسا بۆ دەستەی گشتی گەشتوگوزار.
- ئەنجامدانی کۆنفرانسی گەشتوگوزار لە شاری هەولێر.
- بەشداریکردن لە پێشانگای گەشتیاری نێودەوڵەتی عەرەبی لە دوبەی لە ڕیکەوتی ١٦-٢٠٢١/٥/١٩ بەمەبەستی ڕاکێشانی وەبەرهێنەری گەشتیاری بیانی و خستنەڕووی بەرهەمە گەشتیارییەکانی کوردستان و ناساندن و بەبازاڕکردنی گەشتوگوزاری کوردستان.
- بەشداریکردن لە ئیکسپۆ دوبەی ٢٠٢٠ بۆ ماوەی هەفتەیەك و ئەنجامدانی چەندین دیدار لەگەڵ کۆمپانیا و نوێنەری وڵاتانی بەشداربوو.
- ئەنجامدانی فێستڤاڵی خواردن لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك).
- ئەنجامدانی فێستڤاڵی بازاڕ لە گەرمیان.
- یەکەم دیدار و فێستڤاڵی قوبەهانی گەشتیاری.
- ئەنجامدانی دیدار و کۆڕبەندی نێرگز.
- بەشداریکردن لە کۆنفرانس و کۆڕبەندە گەشتیاریەکان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە.
- کارکردن لەسەر دیاریکردنی ئەو زەویانەی کە دەگونجێت بۆ پڕۆژەی گەشتیاری بەپێی پلانی ستراتیژیەتی گەشتوگوزار.
- ئامادەکردنی پڕۆژەی هۆشیاری گەشتیاریی: دەستەی گشتی گەشتوگوزار لە پلانی خۆیدا بە وردی کار لەسەر هۆشیاری گەشتیاری دەکات تا لە ڕێگەی دروستکردنی ڤیدیۆ و سلۆگانی تایبەت بە مەبەستی هۆشیارکردنی کۆمەڵگای کوردستان، ئەمەش وادەکات گەشتیار هەست بە سەلامەتی بکات و کاریگەری لەسەر ئاستی ژمارەی گەشتیار دەبێت.
- یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ئایینی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی (UPP)ی ئیتاڵی بە مەبەستی ئەنجامدانی خول و ڕاهێنان لە سێکتەری گەشتوگوزار.
- یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن بۆ پەرەپێدانی خوێندنی گەشتیاری و پێداچوونەوە لە پڕۆگرامەکانی خوێندن لە بواری گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان: وەزارەتی پەروەردە و دەستەی گەشتوگوزار ڕێکەوتن کە هەماهەنگ بن بۆ پێداچوونەوە بە خوێندنی پیشەیی گەشتوگوزار.

- کارکردن لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی دارایی و ئابووری: ئاسانکاری بۆ تەرخانکردنی ئەو زەویانەی کە مولکی وەزارەتی کشتوکاڵن دەکەوێتە چوارچێوەی ماستەر پلانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار بە مەبەستی سوود وەرگرتن بۆ پرۆژەی گەشتیاری چ ئەوانەی لە چوارچێوەی ماستەر پلانن یان ئەوانەی کەوتونەتە دەور و بەری بەنداوەکان.
- کارکردن لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەسەر بنەمای پەرەپێدانی ئاستی قوتابیان و خوێندکارانی گەشتوگوزار و پێدانی کورسی خوێندن بۆ کارمەندانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار لە پسپۆڕیی گەشتیاری.
- کارکردن لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی: بەمەبەستی بایەخدان بە گەشتوگوزاری چارەسەری و بەتایبەت چارەسەرییە سروشتییەکان وەك ئاوی گڕاو و ئاوە کانزاییەکانی دیکە، هەروەها هەماهەنگی و کارکردن بۆ کردنەوەی سەنتەری گەشتیاری لە نەخۆشخانەکان بەمەبەستی کارئاسانی بۆ ئەو نەخۆشانەی لە دەرەوەی هەرێم هاتوون.
- کارکردن لەگەڵ ژوورە بازرگانییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان: بۆ ڕاهێنانی رێبەری گەشتیاری کە ڕاهێنان بە ١٠٠ کەس بکرێت لە خوێندکار و قوتابیانی بەشە گەشتیارییەکان لە زانکۆ و پەیمانگە و ئامادەییەکانی کوردستان بە مەبەستی ڕاهێنان لە بواری رێبەری گەشتیاری.
- هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان بە مەبەستی ئامادەکردنی توێژینەوە لەسەر ماستەرپلانی گەشتیاری.
- ئامادەکردنی کۆنووسی رێبەری گەشتیاریی.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی تایبەت بە ڕێنمایی پرۆژەی میکس لەلایەن لێژنەیەکی تایبەت (دەستەی گشتی گەشتوگوزار+ دەستەی وەبەرهێنان+ دەستەی ژینگە+ نەخشە دانانی ئاوەدانی).
- دانانی نرخ بۆ کەپر و پارکەکانی وەستانی ئۆتۆمبێل لە شوێنە گەشتیارییەکان.
- دانانی میکانیزم بۆ پێداچوونەوەی براندەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنانی هەرێم.
- واژووکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای (IQDC) بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری بۆ گۆڕینی بڕوانامەی ئایزۆی (٩٠٠١:٢٠٠٨) بۆ (٩٠٠١:٢٠١٥ دەرچوونی نوێ) بە هەماهەنگی لەگەڵ دیوانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.
- دروستکردنی داتابەیسی ئەلکترونی بۆ پرۆسەی پشکنینی بنکە وکۆمپانیا گەشتیارییەکان.
- کارکردن لەگەڵ (UNDP) بەمەبەستی پێدانی ڕاوێژ بە دەستە لە بواری هونەری و لە بوارەکانی سیاسەت، ستراتیژیەت، پەیکەری رێکخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری و کوالێتی لە بنکە گەشتیارییەکان و ئامادەکردنی راپۆرتی (نەخشەرێگای چاکسازی کەرتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان).
- کارکردن لەگەڵ رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) بەمەبەستی پەرەپێدانی گەشتوگوزار و دۆزینەوەی هەلی کار و پەرەپێدانی توانای مرۆیی.
- ئامادەکردنی دەرخستە بۆ ئاسایشی گشتی هەولێر و سلێمانی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندنی لەسەر پرۆژەی دروستکردنی شوێنی پێشوازی گەشتیاران لە بازگەکان و خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان.
- کارکردن لەسەر ئەو زەوییانەی لە بڕگەی دیزاینی ماستەرپلان دیاری کراون کە ژمارەیان (٦٧) پرۆژەیە بۆ هەرێمی کوردستان.

- پلانی ئەنجامدانی گەشتوگوزاری شوێنواری لە شاری کۆیە لەگەڵ ئاژانسی جایکای ژاپۆنی.

- **چالاکی شوێنەوار:**

- **تەرخانکردنەکان:**

- بڕیاری تەرخانکردنی (٩٠٠،٠٠٠،٠٠٠) نۆ سەد ملیۆن دینار لە ساڵی ٢٠٢١ بۆ پڕۆژەکانی شوێنەوار.
- تەرخانکردنی لە (١٪)ی لە (١٥٪)ی داهاتی گەڕاوە بۆ شارەوانییەکان بۆ هەژماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور کە وا دەکات فەرمانگەکانی شوێنەوار بتوانن چالاکی و پڕۆژەی بچووک ئەنجام بدەن لە سنوری خۆیان.
- پابەندکردنی کۆمپانیاکان لەکاتی ئەنجامدانی پڕۆژەکان بۆ تەرخانکردنی بودجە بۆ ئەنجامدانی هەڵکۆڵینی ڕزگاری بۆ ناوچە شوێنەوارییەکانی کە دەکەونە ناوچەی پڕۆژەکان لە هەولێرو سلێمانی و بۆ (٧) ناوچەی شوێنەواری شەقامی (١٥٠م)ی هەولێر.

- **کارەکانی کنە و پشکنین:**

- ئەنجامدانی کاری پشکنین و هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ ٢٣ ناوچە و گردی شوێنەواری بە هاوبەشی لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و ٢٦ تیمی ئەورووپی و ئەمریکی و وڵاتانی تر.
- ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە ٢٠٢٢/٥/٣٠ بۆ ناوچەی شوێنەواری کەمونە کە بە هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری دهۆک و زانکۆی توبنگن و فرایبۆرگ و ڕێکخراوی شوێنەواری کوردستانی جێبەجێ کراوە، لە ئەنجامی پشکنینەکان سەنتەرێکی گرنگ و مەزنی سەردەمی میتانی بە ناوی (زاخیکۆ) دۆزرایەوە کە دەکەوێتە ڕۆخی ڕووباری دیجلە مێژووی ئەم شارە دێرینە دەگەڕێتەوە بۆ (٣٤٠٠ ساڵ) بەر لە ئێستادا.
- کاری کنەو پشکنینی خێرا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری گەرمیان بۆ پارچە زەوی ژمارە (١٧٦/١) لە کەرتی ١٠١ی بنگرد کە دەکەوێتە ناوەندی شاری کەلار بەمەبەستی دروستکردنی پڕۆژەی بازرگانی.

- پشکنینی شوێنی نوێی پڕۆژەی ئاژەڵ لە زڕگوێز بە ڕووبەری (٩٩٨ دۆنم) لەلایەن تیمی پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سلێمانی.
- پشکنینی شوێنی پڕۆژەی نیشتەجێبوونی شاری شار لە قولەرەیسی بە ڕووبەری (١٦٨ دۆنم) لەلایەن تیمی پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سلێمانی.

- **کارەکانی ڕووپێوی:**

- ڕووپێوی شوێنەواری ناحیەی سکتان بە گوژمەی (٦،٥٠٠،٠٠٠) شەش ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار.
- ئەنجامدانی ڕووپێوی شوێنەواری لە ٩ ناوچەی جیا لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و تیمی زانکۆی پسپۆڕییەکانی بیانی کە ٢٩ تیم بوون بە بەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتووی زانستی.
- بەشداریکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوینەوارو کەلەپوور بە بابەتی (پڕۆژەی ڕووپێوی شوێنەوار سکتان، ڕێبازی مەیدانی و دەرئەنجامی سەرەتا:

The Sktan Archaeological Survey: Field Methods and Preliminary Results, ٢٠٢٠

لە وۆرکشۆپی نێودەوڵەتی زانکۆی پیزای ئیتاڵی کە بە شێوەی ئۆنلاین ڕێکخرا بوو.

- بەخشینی مۆڵەتی هەڵکۆڵینی شوێنەواری بە زانکۆی کۆمیبرای پرتوگالی بە مەبەستی ئەنجامدانی هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە (کانی شای) و ڕووپێوی شوێنەواری لە حەوزی بازیان لە سنووری پارێزگای سلێمانی.
- واژووکردنی مۆڵەتی هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە شاخی کوڕە و ڕووپێوی شوێنەواری بۆ دۆڵی سیروان بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپووری هەرێم و زانکۆی گلاسکۆی بەریتانی لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان.
- کاری هەڵکۆڵین و ڕووپێووی لە ناحیەی شێخ تەوێڵ لە گەرمیان بۆ ماوەی یەک وەرز.
- کاری هەڵکۆڵین و ڕووپێوی شوێنەواری لە گردە دەشت لە سۆران.

- **کارەکانی نۆژەنکردنەوە:**

- نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی قشڵەی کۆیە بە بڕی (٣،٥٠٠،٠٠٠) سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار.
- نۆژەنکردنەوەی چەندین ناوچەی شوێنەواری بە هاوکاری چەندین تیم و ڕێکخراوی بیانی.
- بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەلیف فاوندەیشن (ALEPH Foundation) بۆ نۆژەنکردنەوەی دەرگای ئامێدی بە تێچوونی ($ ٥٠٠ ٠٠٠) نیو ملیۆن دۆلار.
- دابینکردنی بڕی (٩٣،٠٠٠،٠٠٠) نەوەد و سێ ملیۆن دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی قەڵای شێروانە لە کەلار.
- بەشداریکردنی ڕێکخراوی فەرەنسی بۆ دابینکردنی کرێی کرێکاران لەکاتی نۆژەنکردنەوەی قشڵەی ئاکرێ بۆ ماوەی یەک مانگ.
- نۆژەنکردنەوە و پاککردنەوەی ئەشکەوتی چارستین و خنس و گەیاندنی ڕێگاو نۆژەنکردنەوەی کێلیا شەدا لە سنووری پارێزگای دهۆک لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی یونسکۆ و ڕێکخراوی فەرەنسی بە بڕی ($٣٠٠ ٠٠٠) سێ سەد هەزار دۆلار.

- قونسولیەی ئەمریکا (٥٠٠ ٠٠٠$) هەزار دۆلاری تەرخان کردووە بۆ نۆژەنکردنەوەی کەنیسەی حزقیال لە شوش.
- ئامادەکردنی یاداشتی لێتێگەیشتن لەگەڵ کۆمپانیای گیما ئارتی چیکی بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی کەنیشتی حزقیال لە ناوچەی شوش لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری و کەلەپووری ئاکرێ، بودجەکەی لەلایەن کونسولگەریی ئەمریکی دابین کراوە.
- بە پشتیوانی یەکێتی ئەوروپا و چەند لایەن و زانکۆیەک خولێک سەبارەت بە چۆنیەتی نۆژەنکردنەوە و پاراستنی بینا و شوێنی شوێنەواری و کەلەپووری بەڕێوە چوو، بە بەشداریکردنی چەندین فەرمانبەری شوێنەوارناس و ئەندازیار و جیولۆجی، و ئەم خولە بەشێکە لە پروگرامی ILUCIDARE.
- نۆژەنکردنەوەو پاراستنی بەشێک لە بینای سەرای کۆن لە قەزای کفری بە بڕی (١٠،٠٠٠) دە هەزار دۆلار لەلاین گازپرۆمەوە دابین کراوە.
- پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی ناوچەی شوێنەواری خەنەس بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی (ACTED)ی فەرەنسی و چاککردنەوەی کارەبا و بۆیاغکردن و پاککردنەوەی بنکەی شوێنەواری و کڕینی کورسی.....هتد).

- **چالاکی تر:**

- ئەنجامدانی هەڵکۆڵین بۆ چوار پێگەی شوێنەواری لە ڕێڕەوی شەقامی ١٠٠ مەتریی سلێمانی.
- گواستنەوە و ڕزگارکردنی شوێنەوار (إنقاذ الآثار) لە شارۆچکەی شاوێس لە پارێزگای هەولێر و لە ناوچەی شوێنەواریی دەربەندی ڕانیە لە ئیدارەی ڕاپەڕین و ناحیەی فایدە لە پارێزگای دهۆک.
- ئامادەکردنی ماستەرپلانی شوێنەواری لە پارێزگای دهۆک تایبەت بە شوێنەوارەکانی خنس و جەروانە لە لایەن زانکۆی ئۆدینەی ئیتاڵی.
- پیدانی مۆڵەتی هەڵکۆڵینی شوێنەواری بە هەریەک لە زانکۆکانی (ئۆدینەی ئیتاڵی، کامبریجی بەریتانی، لایدنی هۆڵەندی ، کۆلیج دی فەرەنسی).
- واژووکردنی (٢٨) گرێبەست لەگەڵ تیمە بیانیەکانی شوێنەواری بەم شێوەیە (بەخشینی مۆڵەت بە ٧ تیمی بیانی بۆ کارکردن لە سنووری پارێزگای هەولێر، لە سنووری پارێزگای سلێمانی ٦ تیمی بیانی، لە سنووری دهۆک ٦ تیمی بیانی، ڕاپەڕین ٣ تیم، گەرمیان ٣ تیم، سۆران یەک تیم، کۆییە ٢ تیم) و ڕاستەوخۆ پەسندکردنی مۆڵەتەکان لەلایەن بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بە بێ دواکەوتن.
- کردنەوەی پرۆژەی سازنگەی مشتومالکردنی دەستنووسە مێژوویییەکان لە شاری سلێمانی بە هاوکاری ڕێکخراوی گێردە هینکلی ئەڵمانی و ڕێکخراوی بوژاندنەوەی کەلەپووری کوردو بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپووری هەرێم/ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سلێمانی.
- وەرگرتنەوەی چەندین پارچەی شوێنەواری لە ئاسایش و دادگاکانی هەرێمی کوردستان.
- دۆزینەوەی سەدان هەلی کار بۆ گەنجان بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی GIZی ئەڵمانی.
- بەڕێوەچوونی یەکەمین دیداری شانەدەر، تیایدا ژمارەیەک لە بابەتی زانستی سەبارەت بە نیاندەرتاڵ و دەرئەنجامی کنەو پشکنیەکان لە شانەدەر و گرنگی نێودەوڵەتی شانەدەر پێشکەشکران.
- ئەنجامدانی کۆنفرانسی زانستی سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی کاری تیمە بیانیەکان لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی IFPO.

- ئەنجامدانی کۆنفرانسی شوێنەواری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور.
- بەدەستهێنانی هاوکاری لە ڕێکخراوی جایکای یابانی بۆ خەرجکردنی بڕی ($ ٢٧٥ ٠٠٠) دوو سەد و حەفتا و پێنج هەزار دۆلار بۆ مۆزەخانەی سلێمانی.
- واژووکردنی گرێبەست ومۆڵەتدان بە زانکۆی ڕۆم بە سەرۆکایەتی پرۆفیسور کارلۆ چلیتی لە زانکۆی ڕۆم ئیتاڵی بۆ کاری هەڵکۆڵین لە گردی یاسین تەپە لە شارەزور دێی بێستان سور بۆماوەی چوار ساڵ .
- بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری هەولێر:- بەخشینی مۆڵەتی هەڵکۆلینی شوێنەواری بە زانکۆی (میلان)ی ئیتاڵی لە گردەکانی (هێلاوە و عەلیاوە) و کاری هەڵکۆڵین لە گردی شوێنەواری (گرد لەشکر٢٠٢١ – ٢٠٢٢) لەلایەن تیمی بەرشەلۆنەی ئیسپانی ، کاری هەڵکۆڵین لە گردی شوێنەواری (گخانی پانکان) لەلایەن تیمی زانکۆی کاثۆلیکی هەنگاری ، هەڵکۆڵینی ڕزگاری لە گردی خرابە .
- بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی :- بەخشینی مۆڵەت بە زانکۆی فری بێرلینی ئەڵمانی بۆ ئەنجامدانی هەڵکۆلینی شوێنەواری لە گردی بەگم لەقەزای سەید سادق ، کاری هەڵکۆڵینی رزگاری لە گردی شوێنەواری (کانی جنە) و (شێخ ویصال) و (منصور ئاوا) و (کریم سور) لەسەر ئۆتۆبانی بابان شەقامی ١٠٠م سلێمانی ، کاری هەڵکۆڵینی خێرا لە شوێنەواری (دەربەندی ڕانیە) ، کاری هەڵکۆڵین لە ناوچەی شوێنەواری (بێستانەسوور) لەلایەن تیمی (زانکۆی ریدینگ)ی بەریتانی ، کاری هەڵکۆڵین لە ناوچەی شوێنەواری لە قەرەداغ لەلایەن تیمی (مۆزەخانەی سیمسۆنیان)ی ئەمریکی .
- بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک :- چوار هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە (گرێ باستکێ قەزای سێمێل- زانکۆی تۆبنگین، گرێ مقبلێ قەزای سێمێل – زانکۆی فرینبورک، گرێ یاسنگەران قەزای بەردەڕەش- زانکۆی ئۆدینی، جهێ فەیدیێ ناحیەی فایدە – زانکۆی ئۆدینی) .
- لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سۆران :- کاری هەڵکۆڵین لە ئەشکەوتی پڵنگانی (٢) لەگەڵی چناران لەلایەن تیمی ئۆتۆنۆموسی بەرشەلۆنای ئیسپانی بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشی شوێنەوار/ زانکۆی سەلاحەدین ، کاری هەڵکۆڵین لە ئەشکەوتە ڕەش (١٦٠٠) لە گەلی عەلی بەگ لەلایەن تیمی زانکۆی (ماینز)ی ئەلمانی ، کاری هەڵکۆڵین لە شوێنەواری کانی کەڕک سەر بە گوندی سریشمە لەلایەن تیمی زانکۆی (هالەی مارتن لۆثەر) ی ئەلمانی، کاری هەڵکۆلینی بەپەلە لە گوندی کەلۆک سەر بە ناحیەی پیران لە قەزای مێرگەسوور.
- لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری ڕاپەڕین:- کاری هەڵکۆڵین لە ناوچەکانی (وسو ئاسکە و قەڵاتگە) لەلایەن تیمی مۆزەخانەی بەریتانی ، کاری هەڵکۆڵینی شوێنەواری لەلایەن تیمی هەنگاری لە گردی تلێ لە رانیە، کاری هەڵکۆڵین لە ناوچەی (مراد ڕەسو و باب کوڕ) لە بنگرد- ڕانیە لەلایەن تیمی زانکۆی بیزا ، کاری هەڵکۆڵین لە ناوچەی شوێنەواری لە قەڵادزێ لەلایەن تیمی (زانکۆی میونیخ).
- سەردانیکردنی شاندێکی شوێنەوار و کەلەپووری هەرێم بۆ وڵاتی یۆنان.
- بە بەشداری چەندین پسپۆڕ لە سەر ئاستی جیهان دەربارەی (لێکۆڵینەوە لە مرۆڤی نیاندەرتاڵ و هۆکارەکانی لە ناوچوونی) لەلایەن پرۆفیسۆر گرایم بارکەر لە زانکۆی کامبرج و پەیمانگای مەکدۆناڵد پێشکەش کرا.
- نۆژەنکردنەوەی دیوارێکی مەترسی لەسەر رێگای هاتووچۆی قەلای ئاکرێ لەسەر بودجەی پارێزگای دهۆك.
- پرۆژەی دکیومنتکردنی ئەشکەوتی شاریا سەر بە کۆمەڵگەی شاریا بە مەبەستی چاندنی کوارگ (فطر الموسمي) بە هاوکاری لەگەڵ (AVSI).

- دۆزینەوەی چەندین ناوچەی شوێنەواری لە قەزای سۆران کە بریتین لە (گۆڕستانی شێخ باوەکر، ئەشکەوتی کونە بزر، کانی فەقیان، کانی کۆنی باپشتیان، کانی ماران، خانووی سلیمان بەگ، مزگەوتی کۆنی باپشتیان، خانووی میر یەحیا، خانووی مام نەبی ئەحمەد کۆ، خانووی ئەبابکر فەقی).
- لابردنی زێدەڕەوییەکانی سەر ناوچە شوێنەوارییەکانی (مالتا، باستکێ، موقبلێ، قەشەفرێ، کشکانێ، بالیوز).
- وێنەگرتن بە درۆن لەسەر گردی ئامیان لە سنوری قەزای ئاکرێ لە لایەن خاتوو (بارابرا) سەرۆکی ڕێکخراوی IFPO .
- وەرگرتنەوەی پارچەی شوێنەواری لە ئاسایش و دادگای دهۆک.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ مۆزەخانەی بەغدا بۆ گەڕاندنەوەی پارچەی شوێنەواری.
- ئەنجامدانی کۆنفرانسی زانستی سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی کاری تیمە بیانیەکان لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی IFPO.
- ئەنجامدانی کۆنفرانسی شوێنەواری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور.
- کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار لەگەڵ کۆمپانیای(Bular) ئیتالی لە دەستەی گشتی گەشتوگوزار سەبارەت بە گرنگیدان بە شوێنەوار و بە گەشتیاری ناوچە شوێنەوایەکان.
- بەشداریکردنی (٤) فەرمانبەر لە خولی پەیمانگای عێراقی بۆ پاراستنی کەلەپوور تایبەت بە چاککردنی بینا کەلەپوورییەکان بە ناونیشانی (هۆکاری تێکچوونی بیناسازی کۆن و کلتووری و ڕێگاکانی پاراستنیان) لەلایەن پسپۆڕانی کۆماری چیک بەڕێوەچوو.
- بەشداریکردن لە کۆنفراس بۆ دۆکیومێنت کردنی پارچەی شوێنەواری لەکوردستان و عێراق.
- گرێدانی کۆنفرانسی هاوبەش لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و ڕێکخراوی (IFPO) فەرەنسی لە هەولێر بە بەشداری (٢٥) شوێنەواری بیانی و شوێنەوارناسە ناوخۆییەکان.
- بەردەوامی پەیوەندییەکان لەگەڵ زانکۆکانی (ئۆدینەی ئیتاڵی، کامبریجی بەریتانی، لایدنی هۆڵەندی، کۆلیج دی فەرەنس).

- **چالاکی یاسایی:**

- کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو پڕۆژە نیشتەجێیانەی کە وەبەرهێنان نین و کێشەی یاسایی و جۆراوجۆریان هەیە و تا ئێستا چارەسەر نەکراون.
- یەکلاکردنەوەی سوودمەندبوونی ئەو هاووڵاتیانەی کە زەویی نیشتەجێ وەردەگرن چ لە ناوەوەی هەرێم یان لە ڕێگەی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لە بەغداوە بۆمان دێت بۆ هەموو پارێزگاکانی عێراق.
- کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زێدەڕۆییەکانی زەوییەکانی ناوچەی تارین کە بە قەرەبوو دراون.
- بەردەوامی لە پێکهێنانی چەندین لیژنەی لێکۆڵینەوە و ئامادەبوونی نوێنەرانمان لە بەردەم دادگا و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی سکاڵا بەرانبەر بە کارە نایاسایی و زێدەڕۆییەکان کە دەکرێتە سەر موڵك و ماڵی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

- پێدانی کەسایەتی واتایی (الشخصیه المعنویه) بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٣٧١ لە ٢٠٢٢/١٢/١٢) بە مەبەستی پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین وەك ئامادەبوونیان لە دادگاکانی هەرێم تایبەت بەو داوایانەی کە لە دژیان دەکرێت.
- پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە و وردبینی و بەدواداچوون بۆ دۆسیەی گشت بوار و سێکتەرەکان (دارایی، کارگێڕی، یاسایی، مولکایەتی، گرێبەستەکان، کاروباری هونەری و پڕۆژەکان).
- زەوییە نیشتەجێیانەی کە ڕەزامەندیی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیان هەیە بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵ:
  - ✓ بۆ ساڵی ٢٠٢٠: بۆ ٧٠٠ مامۆستای زانکۆی سلێمانی بە نووسراوی ژمارە: ١٦٧٣ لە ٢٠٢٠/٩/٢٢.
  - ✓ بۆ ساڵی ٢٠٢١: لیستی ١١١٤١ ناوی شەهید و ڕزگاربوانی شاڵاوی ئەنفال و زیندانیانی سیاسی بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمار (٣٣٣٩ لە ٢٠٢١/١١/٢٣).

- **سکاڵا و داواکاریی هاووڵاتیان:**

کۆی داواکاری و سکاڵای هاووڵاتیان و وەڵامدانەوەیان لەلایەن وەزارەت لە مانگی ٧ی ٢٠١٩ تا مانگی ٦ی ٢٠٢٢			
ساڵ	**کۆی سکاڵا و داواکاری**	**وەڵامدراوەتەوە**	**کاریان لەسەردەکرێت یان وەڵامی نییە**
٢٠١٩	١٨٠	١٧٣	٧
٢٠٢٠	٣٦٦	٣٤٨	١٨
٢٠٢١	٣٢٧	٣١١	١٦
٢٠٢٢	١٠٠	٧٠	٣٠
کۆ	**٩٧٣**	**٩٠٢**	**٧١**

سێیەم: پەیوەندییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

- واژووکرنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئاژانسی جایکای ژاپۆنی بەمەبەستی جێبەجێکردنی پڕۆژەی چارەسەری ئاوەڕۆی هەولێر و پڕۆژەی هەمواری ماستەرپلانی شاری هەولێر.
- واژووکرنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئاژانسی VNGی هۆڵەندی.
- کارکردن و هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی (USAID)ی ئەمەریکی، ڕێکخراوی (UNHABITAT)، ڕێخراوی (GIZ)ی ئەڵمانی، ڕێکخراوی (UPP)ی ئیتاڵی، ڕێکخراوی ئیتاڵیی فۆکسیڤ، ئەلیف فاوندەیشن (ALEPH Foundation)، ڕێکخراوی (IFP) فەرەنسی، (ILO)ی نێودەوڵەتی،
- بەردەوامی پەیوەندییەکان لەگەڵ زانکۆکانی (ئۆدینەی ئیتاڵی، کامبریجی بەریتانی، لایدنی هۆڵەندی، کۆلیج دی فەرەنس، زانکۆی ئەسینا).

چوارەم: لەسەر ئاستی کارگێڕی

١- لامەرکەزییەت و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان:

- وەزیری شارەوانی گەشتوگوزار لە ڕێگەی پێکهێنانی لیژنەیەکەوە سەرلەنوێ دەسەڵاتی بەخشی بە بریکار و بەڕێوەبەرانی گشتی و بەڕێوەبەرانی ناو وەزارت و سەرۆکی دەستە و سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتی و سەرۆک شارەوانی و بەڕێوەبەرانی بەسترا و بە وەزارەتەوە، لە پێناو خێراترکردن و باشتر ڕاییکردنی کاروبارەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین.

- بۆ یەکەمجار، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار زۆرترین دەسەڵاتی بەخشی بە پارێزگار و سەرۆکی ئیدارە سەربەخۆکان بۆ پەسەندکردنی سەرجەم بڕیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی جگە لە پەسەندکردنی نەخشەی بنەڕەتی و گۆڕینی ڕەگەز و بەکارهێنانی زەوی، بەمەش بڕیاری ئەنجومەنی هەزاران مامەڵە کە پێشتر ئاراستەی وەزارەتی شاروانی و گەشتوگوزار دەکران بۆ پەسەندکردنی لە لایەن وەزیرەوە، چیتر پێویستیان بە وەزارت نابێت و پەسەندی پارێزگار و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان بە پەسەندی وەزیر هەژمار دەکرێت، ئەمەش کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێراتر ڕاییکردنی مامەڵەی هاوولاتیان و تەنانەت کەمکردنەوەی فشار لەسەر وەزارت و چەسپاندنی بنامەی لامەرکەزییەت.
- شۆڕکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران شۆڕی کردەوە بۆ وەزیرەکان.

٢- ڕێکخستنەوەی هەیکەلییەت:

- هەموارکردنەوەی هەیکەلی وەزارەت و فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت کە بە تەواوی لەگەڵ ڕێ و شوێن و پێداویستییەکانی وەزارەت یەک بگرێتەوە و ڕەچاوی نوێترین بنەمای بەڕێوەبردن بکات.
- دانانی وەسفی وەزیفی و دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر فەرمانبەران.
- کردنەوەی سەنتەری GIS بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و کارکردن لەسەر بنەمای ئەو پڕۆگرامە.
- کردنەوەی تاقیگەی ئاوی کەلار و ئاوی ڕاپەڕین و دابینکردنی پێداویستییەکانیان.
- گرێدانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، کە ئەمەش جگە لە گرنگی پێدانی زیاتر بۆ سێکتەرەکە و بازنەیەکی ڕۆتینیشی کەم کردەوە و ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە ئیتر ڕاستەوخۆ نووسراو بۆ وەزارەت دەکات و ڕاستەخۆش وەڵامی دەدرێتەوە.
- هێنانەکایەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری هەڵەبجە.
- هێنانەکایەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سۆران.
- هێنانەکایەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری زاخۆ.
- هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆی هەولێر و لێکدانی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر و کردنی بە بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر، لەو پڕۆسەیەدا جگە لەوەی فەرمانگەیەک کەمکرایەوە، نزیکی (٢٥٧) فەرمانبەرە بەسەر هەر یەکە لە (بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ و دیوانی وەزارەتی شاروانی و گەشتوگوزار دابەش کران)، هەروەک سەرجەم ئۆتۆمبیل و کەلوپەلەکان دران بە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر و باڵەخانەیەکیش مایەوە کە وەک بینای وەزارەت بەکار دەهێنرێت لە داهاتوودا.
- هێنانەکایەی بەڕێوەبەرایەتی داهات لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کە چاودێری کۆکردنەوەی داهاتی فەرمانگەکانی وەزارەت دەکات و ڕاپۆرت لە بارەیانەوە پێشکەش دەکات و هەڵسەنگاندن بۆ دۆخیان دەکات.
- هێنانەکایەی یەکەی کارت بۆ سەنەدی زەوی، کە کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر خێراکردنی پڕۆسەی بەناوکردنی ئەو زەوییانەی کە بە شێوەی کارت دابەش کرابوون، لەگەڵ تەواوبوونی ئەو پڕۆسەیە، کاری ئەو فرمانەگەیەش کۆتایی دێت.
- هێنانەکایەی بەڕێوەبەرایەتی دەرخستەکان لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆژەکان لە دیوانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، کە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێرا پەسەندکردنی ئەو دەرخستانەی کە ئاراستەی وەزارەتمان دەکرێن.
- کردنەوەی فەرمانگەی (٨)ی حەسارۆک بەمەبەستی سەرپەرشتیکردنی ڕێگەپێدانی بیناو گەیاندنی خزمەتگوزاری بەو کەرتە.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

دارشتنی نەخشەڕێ:

لەبەر ڕۆشنایی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەکردنی پلانی چوار ساڵی کارکردن و، بۆ خستنەڕووی دیدگای حکومەت و وەزارەت لەپێناو دارشتنی پلانی کارکردن، پلاتفۆرمێک بەناوی (دیدگە و پلان و هێڵە گشتییەکانی کارنامەی وەزارەت) دارێژرا، بەئامانجی گەشەپێدانی کەرتی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

کاروباری ژێرخانی خوێندنی باڵا:

بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی خوێندنی باڵا و چارەسەرکردنی گرفتە کارگێڕی و داراییەکان، وەزارەتەکەمان لەسەر ئاستی دیوانی وەزارەت و زانکۆکان بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی دارایی و باشتر ڕایی کردنی کاروبارەکانی هاوولاتیان و مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان و خوێندکاران لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا و لەچوارچێوەی نەخشەڕێی پەسندکراوی وەزارەتەکەمان چەندین هەنگاوی گرنگی جێبەجێکردووە، ئەوانەی خوارەوە کۆمەڵێکن لە هەنگاوە دیار و کاریگەرەکانن.

یەکەم: بواری دارایی

١- داهات:

لە بواری داهات، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە چوارچێوەی ڕێنماییەکان کاریکردوە، بەهۆیەوە لە دیوانی وەزارەت و زانکۆکان لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردودا توانیویەتی بڕێکی زۆر لە داهات کۆبکاتەوە، بەشێکی زۆر لەو داهاتانە گەڕاوەتەوە خەزێنەی حکومەت و وەک هەر داهاتێکی دیکەی حکومەت مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو لە سێکتەرە جیاکان خەرجکراوە، هاوکات بەشێکی گەڕاوەتەوە بۆ زانکۆکان یان دیوانی وەزارەت، کە بەهۆیەوە ڕۆڵی گرنگی هەبوە لە بوژانەوەی ژێرخانی زانکۆکان و چارەسەرکردنی بەشێک لە گرفتەکان.

٢- کەمکردنەوەی کرێی خوێندن:

بەڕەچاوکردنی دۆخی دارایی هاوولاتیان لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و بەئامانجی ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ قوتابیان/ خوێندکاران بەشێوەیەکی تایبەت، وەزارەت بۆ هەر سێ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) و (٢٠٢٠-٢٠٢١) و (٢٠٢١-٢٠٢٢)، ئەم بڕیارانەی خوارەوەی جێبەجێکرد:

١) کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پارالێڵ و ئێواران بەڕێژەی (٤٥%) لە سەرجەم زانکۆ حکومیەکان بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندنی (دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا).

٢) لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی کوردستان-یش لە پێناو مانەوەی روحیەتی کێبڕکێی زانستی لە دامەزراوە ئەکادیمیەکان و، بە لەبەرچاوگرتنی باوردۆخی هاوولاتیان وەزارەت بڕیاریدا بە کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەڕێژەی (١٠ بۆ ٢٠ %) بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن، ئەویش بەپێی دواین ئەنجامەکانی ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی کوردستان.

٣- هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان – عێراق:

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لەبەر ڕۆشنایی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دوای دەرچوونی یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان – عێراق و ئەم هەنگاوانەی لە بواری دۆسییەی فەرمانبەران ئەنجامداوە:

ژ. دۆسییەکان	ژ. دۆسییەی وردبینیکراو	ژ. زیادەی پلە	ژ. زیادەی سەرمووچە	تێبینی
٣١٣٥٠	٢٥٠٦٢	٢٩٨	١٦٤	بەردەوامە

٤- خەرجکردنی پاڵپشتی دارایی بۆ خوێندکاران و قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان:

پاڵپشت بە داواکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی دا بە خەرجکردنی بڕی (٧,٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠) حەوت ملیار و دوسەدو پەنجا ملیۆن دینار، وەک پێشینەی مانگانە کە تایبەتە بە دوو بابەتی گرنگ، یەکەمیان پشتیوانییەکی دارایی بۆ خوێندکار و قوتابیانەی پێویستیان بەو دەرماڵەیە دەبێت، دووەمیشیان بۆ نۆژەنکردنەوە و چارەسەری گرفتی بەشە ناوخۆییەکان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

١) تەرخانکردنی خەرجکردنی پاڵپشتییەکی دارایی بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەک پێشینەی مانگانە بە بڕی (٧) ملیار و (٢٥٠) ملیۆن دینار بۆ پاڵپشتیی خوێندکاران و چارەسەری گرفتی بەشە ناوخۆییەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری.

٢) بڕیارەکە لە (٢٠٢٢/١/١) جێبەجێ دەکرێت بۆ ساڵی خوێندنی ئەکادیمی (٢٠٢١-٢٠٢٢).

دووەم: بواری کارگێڕی

یەکێکی دیکە لە هەنگاوەکانی کارکردن لە وەزارەت بریتی بو لە تواندنەوەی بەستەڵەکی نێوان هاووڵاتیان و وەزارەت و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بوو بۆ دامەزراوە جیاکان لە پێناو پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان، هەربۆیە لە بواری کارگێڕی لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردودا بەردەوامی دراوە بەم سیاسەت و هەنگاوانەی خوارەوە:

١- والاکردنی دەرگای وەزارەت بە ڕووی هاووڵاتیان:

لە یەکەمین ڕۆژی دەستبەکاربوونی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و بەیارمەتی هاوکاران لە وەزارەت، دەرگای وەزارەت بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران و خوێندکاران/ قوتابیان والا کرا، لە هەمان کاتدا دەرگای وەزارەت بەڕوی هاووڵاتیان و چین و توێژە جیاکانی کۆمەڵگەش کرایەوە، کە سەردانی وەزارەت دەکەن، بە شانازییەوە لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا ئەم سیاسەت درێژەی پێدرا و، بەهۆیەوە هەزاران هاووڵاتی و مامۆستا و فەرمانبەر و خوێندکار و قوتابی لە قۆناغە جیاکان گوێیان لێ گیراوە و، بە پێی توانا و لە چوارچێوەی یاساکان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان دراوە.

٢- بەسەرکردنەوەی زانکۆکان:

وێستگەیەکی دیکەی کارکردنی وەزارەت لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا، بریتی بووە لە نزیکەوە ئاگاداربوون لەکێشەو گرفتی زانکۆکان و، وەرگرتنی ڕاو و پێشنیازەکانیان لە بواری خوێندنی باڵا، بۆ ئەوەش لەو ماوەیەدا وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دوبارە سەردانی زۆربەی زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ باشترکردنی دۆخی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان لە نزیکەوە ئاگاداربون لەکێشە و گرفتەکانیان و وەرگرتنی ڕاو سەرنج و پێشنیازەکانیان.

٣- بەردەوامیدان بەپەیڕەوکردنی سیستمی ئایزۆ:

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی وەزارەت بۆ بەدەستهێنانی پروانامەی نێودەوڵەتی (ISO) بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەک یەکەم وەزارەت لە کابینەی نۆیەم پروانامەی ئایزۆ (ISO) بە ژمارە (٩٠٠١) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٣/٥) بۆ ماوەی سێ ساڵ بۆ هەردوو بەڕێوەبەرایەتیەکانی (ناوەندی وەرگرتن) و (بەڕێوەبەرایەتی نێردراوان) بەدەستهێنا، گرنگی بەدەستهێنانی ئەم پروانامەیە هۆکارێکە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان بەشێوەیەکی ستانداردی جیهانی لە ڕوی دڵنیایی جۆری بۆ ئەوەی دامەزراوەکانمان باشتر خزمەت پێشکەش بکەن، لەم پڕۆسەیەشدا لە کارەکانمان بەردەوام بووین بۆ بەدەستهێنانی پروانامەی نێودەوڵەتی (ISO) بۆ بەشێک لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیکە.

٤- گۆڕانکاری لە پۆستەکان:

بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ ئەکادیمیستان و، سودوەرگرتن لە ئەزمونی شارەزایان و پسپۆڕان بۆ پەرەپێدان بەئاستی مەعریفی و زانستی زانکۆکان و، بەدیهێنانی گۆڕانکاری و نوێبونەوە، وەزارەتەکەمان لە چوارچێوەی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی گۆڕانکاری لە چەندین ڕاگری کۆلێجە جیاکان و سەرۆکی زانکۆکاندا کردوە و لە ئێستاشدا بەردەوامی هەیە.

ئەم پڕۆسەیەش دوای ئەوە دێ، کە خوازیاران (سی ڤی) خۆیان بۆ ئەو پۆستانە پێشکەش دەکەن، کە بانگەوازیان بۆ کراوە، بۆ ئەو مەبەستەش وردبینی لە پروانامەکانیان، نازناوی زانستی و خزمەتی زانکۆییان دەکرێ، ئینجا لە ڕێگەی لیژنەیەکی وەزاری چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشکەشکاران دەکرێ و، بەهۆیەوە کەسی شیاو کاندید دەکرێ، ئەو پۆستانەشی کە لەلایەن وەزارەتەکەمان بانگەوازیان بۆ دەکرێ بریتین لە پۆستەکانی (سەرۆکی زانکۆ، یاریدەدەرەکانی سەرۆکی زانکۆ، سەرۆکی فاکەڵتی، ڕاگری کۆلێژ و پەیمانگە).

٥- دامەزراندنی یەکەمەکان:

دوای ساڵانێك لە چاوەڕوانی بە هاوکاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەن، توانرا یەکەم تا سێیەم دەرچوانی ساڵی (٢٠١٥-٢٠١٦) و (٢٠١٦-٢٠١٧)، دابمەزرێنین، بەم شێوەیە:

ساڵی خوێندن	ژ. دامەزراوان	ژ. نووسراو + ساڵ	تێبینی
٢٠١٥-٢٠١٦	١٣٠٠	(١٨١٢٠) لە ٢٠١٩/١٠/٣٠	لە زانکۆ و پەیمانگەکان دامەزراون
٢٠١٦-٢٠١٧	١٥٤٢	(١٧٦٧) لە ٢٠٢٢/١/٢٦	لە زانکۆ و پەیمانگەکان دامەزراون

کاروباری خوێندنی بەرایی (دبلۆم وبەکالۆریۆس):

یەکەم: وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان:

١- پرۆسەی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان:

کارئاسانیکردن بۆ وەرگرتنی زۆرترین ڕێژەی دەرچووانی پۆلی دوانزە لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان یەکێکی دیکە بو لە کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بۆ ئەمەش لە ماوەی سێ ساڵی کارکردندا ئەم پریانەی خوارەوەی دا:-

ساڵی خوێندن	پێشکەشکاران	وەرگیراوان	گشتی	پارالێل	ئێواران	تێبینی
٢٠١٩-٢٠٢٠	-	٤١٨٣٣	٢٨١٨٥ (٧٤%)	٣١٣٦ (٨%)	٥٥٤٤ (١٤%)	١٤٨١ (٤%) کوسی بەتاڵ بۆ ئەوانەی هەڵە پڕکراوەکان
٢٠٢٠-٢٠٢١	٥٤٣٩٦	٤٩٤٩٦	٦٥%	١٨%	١٧%	١٠٠% پێشکەشکاران وەرگیراون
٢٠٢١-٢٠٢٢	٥٢٥٣٢	٤٧٧٤٦	٦٥,٥%	١٩,٨%	١٤,٧%	١٠٠% پێشکەشکاران وەرگێران

٢- کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان:

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ساڵانە کارئاسانی تەواو دەکات بۆ وەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیانی کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ئەو خوێندکارانەی لە خوێندنگە کوردییەکان دەخوێنن، لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا هاوکاری کارئاسانیەکان بەم شێوەیە بەردەوام بون:.

ساڵی خوێندن	ژمارەی وەرگیراوان	تێبینی
٢٠١٩-٢٠٢٠	٥٣٣	سەرجەمیان وەرگیراون
٢٠٢٠-٢٠٢١	١١٥٢	سەرجەمیان وەرگیراون
٢٠٢١-٢٠٢٢	١١٦٠	سەرجەمیان وەرگیراون

خوێندنی تەکنیکی لە کوردستان:

بەمەبەستی بەستنەوەو دروستکردنی پەیوەندی زیاتری زانکۆکان لەگەڵ بازاڕی کار و کەرتی گشتی و پیشەسازی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕیفۆرمی خوێندنی تەکنیکی لە زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) دەستپێکرد، بەو پێیەی خوێندنی تەکنیکی یەکێکە لە کۆڵەگە بنەڕەتییەکانی سیستەمی خوێندن و، ڕێگەیەکی گرنگە بۆ ئامادەکردنی دەستی کاری خۆماڵی و، دروستکرنی کارامەیی لە نێو گەنجان، هەر بۆیە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەبەر ڕۆشنایی پلانی پەسندکراوی وەزارەت لەلایەن کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرکیزی تەواوی لەسەر ئەم بوارەیە و، گرنگی تەواو بە بواری گەشەکردنی خوێندنی تەکنیکی و ڤۆکەیشنەڵ دەدات.

پرۆسەی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان:

خوێندنی تایبەت لە هەرێمی کوردستان کۆڵەگەیەکی گرنگن لەپرۆسەی پێگەیاندنی ڕۆڵەکانمان و بنیادنانی توانا مرۆییەکان، هەر بۆیە بەئامانجی ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندن و فێربون لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری بۆ گەنجانی وڵاتەکەمان بە کوالێتی بەرزی خوێندن بۆ گەیشتنیان بە خەون و خولیاکانیان، بەشێوەیەک یارمەتیدەر بێت بۆ تۆخکردنەوەی ئینتمای نیشتمانی و گەنجەکان لە وڵاتی خۆمان. هاوتەریب لەگەڵ خوێندن لە زانکۆ حکومییەکان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ساڵانە پلانی تایبەتی خۆی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان ڕادەگەیێنێ، لەو پلانەشدا بەوردی ڕەچاوی کوالتیتی و چۆنیەتی خوێندن دەکرێ.

بۆ ئەو مەبەستە لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا بەڕچاوکردنی کۆمەڵێک پێوەری تایبەت بەنمرەی پێشکەشکار و توانای ستافی زانستی زانکۆ و تاقیگەکان ژمارەی کورسیەکانی هەر بەشێکی زانستی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دیاری دەکات.

ژمارەی وەرگیراوانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) (٢٠٢٠-٢٠٢١) (٢٠٢١-٢٠٢٢) لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پیشان دەدات:

ساڵی خوێندن	ئاستی خوێندن	پلانی وەرگرتن	ژمارەی پێشکەشکاران	ژمارەی وەرگیراوان	کورسی بەتاڵ
٢٠٢٠-٢٠١٩	بەکالۆریۆس	٢٠،٢٧٨	١١،٩٧٧	٦،٦٨٢	١٣،٥٩٦
	دبلۆم	٨،٧٥٨	٨،٧٧٢	٤،٩٦٦	٣،٧٩٢
٢٠٢١-٢٠٢٠	بەکالۆریۆس	٢٠،٩٥٣	١٣،٢٢٧	٦,٨٩٣	١٤،٠٦٠
	دبلۆم	٩،٣٠٥	٩،١٩٦	٤،٨٦٠	٤،٤٤٥
٢٠٢٢-٢٠٢١	بەکالۆریۆس	١٦،٩٢٥	١٣،٣٦٨	٧،٩١٨	٩،٠٠٧
	دبلۆم	٥،٢٥٥	١٣،٤٤٠	٤،٧٢٠	٥٣٥
کۆی گشتی		**٨١،٤٧٤**	**٦٩،٩٨٠**	**٣٦،٠٣٩**	**٤٥،٤٣٥**

سێیەم: خوێندن لە سەردەمی کۆرۆنا:

لەگەڵ دەستپێکردنی کۆرسی دووەمی ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، پرۆسەی خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان هاوشێوەی زۆربەی زۆری زانکۆکانی جیهان ڕوبەڕوی ئاڵنگارییەکی تازە بوە، کە ئەوەش بریتی بو لە داخستنی دەرگای زانکۆ و پەیمانگەکان بۆ ڕێگرکردن لە تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ناو کۆمەڵگەو جێبەجێکردنی ڕێککارە خۆپارێزییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر زوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کەوتنەخۆ و، دڵنیایی دایە هەمو قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان و کەسوکاریان کە ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بەفیڕۆ ناچێت، بۆ ئەو مەبەستە و، بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان، چەند هەنگاوێکی جێبەجێکرد:-

١) **پێکهێنانی ژوری عەمەلیات لە وەزارەت:** لە بواری تەندروستی و خۆپارێزی ئەنجومەنی وەزارەت ژوری عەمەلیاتی سەرەکی لەسەر ئاستی وەزارەت ڕاگەیاند. بەشێوەیەک (دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لەهەمو شارەکان لیژنەی هاوبەشیان لە کۆلێجەکانی کۆمەڵەی پزیشکی و زانستە تەندروستییەکان و زانستە بنچینەییە پەیوەندارەکان پێکهێنا) ، هەروەها کردنەوەی تاقیگەی زانستی تایبەت بە (ڤایرۆسی کۆرۆنا)، لە دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی و زانکۆکانی سۆران و گەرمیان، بەکارهێنانی سیستەمی(GIS) ی بۆ نەخۆشی کۆرۆنا ڕاگەیاند، پڕۆژەکە بریتییە لە داخڵکردنی زانیاری و داتای ئەو نەخۆشانەی کە دوچاری پەتای کۆرۆنا دەبن لە سەرتاسەری کوردستان، ئامادەکردنی مادەی (VTM) کە بەکاردەهێرنێت بۆ پرۆسێسکردنی نمونەکان و دەستیشانکردنی نەخۆشی کۆرۆنا، لە هەریەک لە زانکۆکانی (سلێمانی، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، چەرمو و گەرمیان).

٢) **دەستپێکردنی خوێندنی ئەلیکترۆنی (پاڵپشتیکار) لە زانکۆکانی کوردستان:** هاوکات لە بواری خوێندن و پەرەپێدانی زانستیدا، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٥/٢) خوێندنی ئەلیکترۆنی بە شێوازی (پاڵپشتکاری) لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان دەست پێبکات. لەهەمانکاتدا هەمو پرۆسەکانی تر بەشێوەی ئەلیکترۆنی دەستیپێکرد.

٣) **کۆتاییهاتنی پرۆسەی خوێندنی ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠) :**لە کۆبوونەوەی ژمارە (٨)ی نا ئاسایی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی، کە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٥/٢٦) بەشێوەی ئۆنلاین بەڕێوەچوو، پرۆسەی خوێندن بۆ ئەو زانکۆیانەی کە پەیڕەوی بۆڵۆنیا پرۆسێس دەکەن و سیستەمی ساڵانەو سیستەمی کۆرسات دەکەن بڕیاری کۆتایی پرۆسەی خوێندنیان بۆ درا.

چوارەم: پیادەکردنی خوێندنی ئاوێتە

بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بڕیاریدا سیستمی خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بریتی بێ لە خوێندنی ئاوێتە واتە (blended learning)، بەشێوەیەک خوێندنی (وانە پراکتیکیەکان، تاقیکردنەوەی کۆرسەکان، کۆتای ساڵ، کرداری ناو نەخۆشخانە و تاقیگەکان و، وانە تیۆریە سەرەکییەکان) لە ناو کامپەس بخوێنرێت، ئەوانی دیکەش بەشێوەی ئۆنلاین بخوێندرێن، ئەوەش لە پێناو پاراستنی گیان و سەلامەتی خوێندکاران و قوتابیان و مامۆستایان لە توشبون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا.

هەربۆیە زانکۆکان لە ساڵی ڕابردودا بۆ خوێندنی ئاوێتە، ئەو پلاتفۆرمە ستانداردانەی خوێندنیان بەکارهێنا کە یونسکۆ راسپاردەی کردبو، بەهۆیەوە زانکۆکان سەرکەوتوانە توانیان ڕێژەی (٦٠ %) وانەکانیان لە ناوکەمپس و تاقیگە و ناوەندە زانستیەکان بخوێنن و، ڕێژەی (٤٠ %) بەشێوەی ئۆنلاین، ئەوەش ئەزمونێکی نوێ و دەسکەوتێکی نوێی زانستی بو، کە زانکۆکان لە چوارچێوەی پلانی وەزارەت پەیڕەویان کرد و، ڕێگەیان نەدا پڕۆسەی خوێندن پەکی بکەوێ، لەهەمانکاتدا کەمترین ژمارەی قوتابی و خوێندکار و مامۆستا دوچاری ڤایرۆسی کۆرۆنا بون.

کاروباری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و دڵنیایی جۆری:

یەکەم: کاروباری خوێندنی باڵا

لە ماوەی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە بواری خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا، بۆرد) چەندین هەنگاوی گرنگی جێبەجێکرد:

١) **چارەسەرکردنی گرفتی کاندیدانی ماستەر و دکتۆرا لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠):** لە ساڵی (٢٠١٦)وە ژمارەیەک لە خوازیارانی خوێندنی باڵا، کە لە خوێندنی (ماستەر و دکتۆرا) وەرگیرابوون، بەهۆی ئەوەی مەرجی توانستی زمانیان بەدەست نەهێنابو نەیانتوانی بوو دەست بەخوێندنی ئەکادیمی بکەن، بۆ ئەمەش ڕێگەیان پێدرا دەست بکەن بە خوێندنی کۆرسی ئەکادیمی، لە هەمان کاتدا بەردەوام دەبن لە کۆرسەکانی زمان لە سەرجەم سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی هەرێم بەهەمان ستانداردەکانی پێشو، کە لە ڕێنماییەکاندا هاتوە، بەمەرجێک تاقیکردنەوەی کۆتایی بە شێوەیەکی ناوەندی و بەسەرپەرشتی وەزارەت ئەنجام بدرێت.

٢) **ڕاگەیاندنی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا و دبلۆمی باڵا:** دوای چەندین ساڵ لە چاوەڕوانی کردنەوەی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا، ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کۆبوونەوەیەکی خۆیدا، ڕێنماییەکانی ژمارە (٥) و (٦) ی ساڵی ٢٠١٩ی خوێندنی ماستەر و دکتۆرای هەموار کردەوەو ڕێنمایی ژمارە (٧)ی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی دەرکرد.

٣) لە ڕێنماییەکاندا گۆڕانکاری بنەڕەتی لە مەرجەکانی (پێشکەشکردن، توانستی زمان، تەمەن، پلان و کۆرسی خوێندن) کرا، بەشێوەیەک هەوڵدرا دەرفەتی زیاتری خوێندنی باڵا بۆ خوازیاران و دەرچوانی زانکۆکان لەناوخۆی وڵات بڕەخسێنرێت، بۆ ئەوەی خوازیاران کاتەکانیان بەکار بهێنن بۆ گەشەپێدانی توانای زانستی و ئەکادیمییان، هەروەك مەبەست بو پلانەکانی ئەمساڵی خوێندنی باڵا ڕێگر بێت لە چونە دەرەوەی سامانی نیشتیمانی وڵاتەکەمان، بۆیە بەپیی پلان لەسەرەتادا (٥٣٧٥) کورسی خوێندنی باڵا/ دبلۆمی باڵای یەک ساڵە و **ماستەر** و دکتۆرا بۆ خوازیاران دەستەبەر کرا.

پلانی وەرگرتن بۆ خوێندنی باڵا/ دبلۆمی باڵا، ماستەر و دکتۆرا:

جۆری خوێندن	کورسی تەرخانکراو بۆ زانکۆکان	کورسی گشتی بۆ فەرمانبەران	کورسی پارالێل	کۆی گشتی
دبلۆمی باڵا	٠	٠	٨٣٠	٨٣٠
ماستەر	١٤١٠	٣٣٥	١٢٢٤	٢٩٦٩
دکتۆرا	١٢٠٥	٨٢	٢٨٩	١٥٧٦
کۆی گشتی	**٢٦١٥**	**٤١٧**	**٢٣٤٣**	**٥٣٧٥**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێنماییەدا و، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی توانستی زانستی لە کۆی (٥٣٧٥) کورسی تەرخانکراوە (٣٨٧٠) پێشکەشکاری خوێندنی باڵا/ ماستەر و دکتۆرا و دبلۆمی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون، هاوکات بەلەبەر چاوگرتنی بارودۆخی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، ئەنجومەنی وەزارەت بڕیاریدا کورسی زیاد لە پلانی زانکۆکان بۆ کەسوکاری پلە یەکی شەهیدان و ئەنفالکراوان و نابینایان تەرخان بکات، بۆ ئەمەش (٢١٠) وەرگیراو کە بریتیین لە کەسوکاری سەربەرزی پلە یەکی شەهیدان و ئەنفالکراوان و، (٦) وەرگیراوی نابینا بە ڕێژەی (١٠٠%) سودمەندبون، بەو هۆیەوەشەوە ژمارەی وەرگیراوان گەیشتە (٤٠٨٦) پێشکەشکار.

ژمارەی وەرگیراوان بەبێ پڕکردنەوەی و زیادکردنی کورسی خوێندن پیشان دەدات

دبلۆمی باڵای یەک ساڵە	ماستەر	دکتۆرا	کەسوکاری شەهیدان	خاوەن پێداویستی تایبەت	کۆی گشتی
٣٩٥	٢٢١٥	١٢٦٠	٢١٠	٦	**٤٠٨٦**

بەم پێیەش ڕێژەی وەرگیراوانی ماستەر و دکتۆرا گەیشتە (٧٥%) کورسیە تەرخانکراوەکان، کە ئەم ڕێژەی وەرگیرانەش یەکانگیربوو لەگەڵ توانای مرۆیی و زانستی و مادی زانکۆکانی کوردستان و تەواوکەری پێداویستی بازاڕی کاری کوردستان بە هەردو کەرتی گشتی و تایبەتەوە.

ژمارەی پێشکەشکاران و وەرگیراوان لە هەنگاوی یەکەم پیشان دەدات

دبلۆمی باڵای یەک ساڵە	ماستەر	دکتۆرا	کەسوکاری شەهیدان	خاوەن پێداویستی تایبەت	کۆی گشتی
١٠٥٠	٧٣٤٣	٢٣٩٤	٢١٠	٦	**١١٠٠٣**
٣٩٥	٢٢١٥	١٢٦٠	٢١٠	٦	**٤٠٨٦**

بۆ ئەو کورسیە بەتاڵانەشی کە مابونەوە، بە لەبەرچاوگرتنی توانای زانکۆکان و پاراستنی کواڵێتی پرۆسەی خوێندن، ئەنجومەنی وەزارەت ئەم بڕیارانەی خوارەوەی پەسەندکرد:

أ- پڕکردنەوەی سەرجەم کورسیە بەتاڵەکانی خوێندنی دبلۆمی باڵا.

ب- چارەسەرکردنی داواکاری ئەو پێشکەشکارانەی کە لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرچون و بەهۆی کەمی یان نەبونی کورسییەوە وەرنەگیرابون.

ت- لە چوارچێوەی داواکاری ئەو پێشکەشکارانەی کە لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی سەرکەوتو نەبوون، بڕیاردرا بە پڕکردنەوەی هەمو کورسییە بەتاڵەکانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە ڕێگەی میکانیزمی زانستی گونجاو و ڕەچاوکردنی ڕەخساندنی زۆرترین دەرفەت بۆ پیشکەشکاران.

کردنەوەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی:

لەپێناو ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ خوزایارانی خوێندنی باڵا بەتایبەت ئەو خوازیارانەی کۆنمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠%) کەمترە، ئەنجومەنی وەزارەت بڕیاری کردنەوەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومییەکانی

هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پەسەندکرد و ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٩) دەکرا، بەپێی ئەو ڕێنماییە هەر کەسێك لەکۆنمرەی (٦٠) قۆناغی بەکالۆریۆس کەمتری هەبو، لەسەرەتادا دەبێت دبلۆمی یەك ساڵە بخوێنی بۆ بەرزکردنەوەی نمرەکەی، پاشان دەتوانێ دەست بەخوێندنی ماستەر لە بوارەکەی خۆیدا بکات.

دووەم: بابەتەکانی پەیوەست بەنازناوی زانستی:

بۆ پێدانی نازناوی زانستی بەهەڵگرانی ماستەر و دکتۆرا تا بتوانن خزمەت بەناوەندەکانی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لەبەر ڕۆشنایی کارنامەی وەزارەت لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پلانانەی جێبەجێکرد:

١) **ڕێکخستنەوەی سێنتەرەکانی پێداگۆجی (ڕێگەکانی وانەوتنەوە):** پێداگۆجی (ڕێگەکانی وانەوتنەوە) پڕۆژەیەکی گرنگی وەزارەتەکەمانە بۆ گۆڕینی شێوازی گەیاندنی زانستی و دروستکردنی کارامەیی مامۆستایان لە وڵاتەکەمان، سێنتەرەکانی پێداگۆجی چەند کێشەیەکیان هەبوو، دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ بەڕێوەبەری سێنتەرەکان ئەنجامدرا، بە چەند بڕیارێك سەرجەم کێشەکانیان چارەسەرکرا، دوای ئەو بڕیارانەش فەرمانێکی وەزاری تایبەت بەڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی سێنتەرەکانی ڕاهێنانی پێداگۆجی و پەرەپێدانی ئەکادیمی دەرکران.

٢) **چارەسەرکردنی کێشەی ئەوانەی نمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠) کەمتریان هەیە:** یەکێکی دیکە لەو کارانەی کە لە ماوەی کارکردنی وەزارەت جێبەجێ کرا، بریتی بوو لە چارەسەرکردنی کێشەی هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا، کە کۆنمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠) کەمتر بوو، بەشێك لەوانە لە زانکۆکانی دەرەوەی وڵات خوێندنی باڵایان تەواو کردبوو، بەڵام ڕێگەیان پێ نەدەدرا نازناوی زانستی بەدەست بهێنن، ئەنجومەنی وەزارەت بڕیاریدا دوای بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و بەدەستهێنانی سەرجەم مەرجەکانی نازناوی زانستی و بڵاوکردنەوەی دوو توێژینەوە، ئینجا نازناویان پێدەدرێت بەمەرجێک پێنج ساڵ لە زانکۆکانی دەرەوەی شارە گەورەکان خزمەت بکەن ، جگە لە زانکۆکانی (سەڵاحەدین – سلێمانی – دهۆک).

سێیەم: سێنتەرەکانی توانستی زمان لە زانکۆکان

بەئامانجی بایەخدانی زیاتر بەزمانی ئینگلیزی و کاراکردنی سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی کوردستان، لە میانەی چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بەڕێوەبەری سێنتەرەکانی زمان، جەختکرایەوە لەسەر پاڵپشتی تەواو بۆ سێنتەرەکانی زمان بەمەبەستی وەرگرتنی متمانەی نێودەوڵەتی، لەهەمان کاتدا بڕیاری پێویست درا بەوەی لە سێنتەرەکان گرنگی زیاتر بە فێربونی زمانی ئینگلیزی بە کوالێتیەکی بەرزتر بدرێت.

بەهۆی ئەو بڕیارەوە، بەسەدان لە فێرخوازانی خوێندنی باڵا و، خوازیارانی بەدەستهێنانی نازناوی زانستی ڕوویان لە سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆکان کرد و، بەشداری لە خولەکان دەکەن.

چوارەم: ڕێزبەندی نیشتمانی زانکۆکانی کوردستان

ڕیزبەندی نیشتیمانی یەکێکی دیکەیە لە پڕۆژە زانستیە گرنگ و پڕ بایەخەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کە بریتیە لە ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان زانکۆکانی کوردستان لەسەر بنەمای پێوەری زانستی و ئەکادیمی، لەو چوارچێوەیەدا و بۆ (جاری چوارەم)، لە مەراسیمێکدا ئەنجامی ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٩) بەدروشمی (ڕیزبەندی نیشتیمانی ... شارێی کرانەوە و متمانە و دڵنیایی) ڕاگەیەنرا، کە ئەنجامەکەی بەم شێوەیە بوو:

- **زانکۆ حکومییەکان:** ئەو زانکۆیانەی کە دەکەونە گروپی (B) و لەنێو گروپی (B) دا بە شێوازی ڕاندۆم ڕێکخراون:
  - **گروپی B** (زانکۆی سەلاحەدین - زانکۆی سۆران - زانکۆی سلێمانی - زانکۆی کوردستان – هەولێر - زانکۆی دهۆک - زانکۆی کۆیە - زانکۆی هەولێری پزیشکی).
  - **گروپی C** (زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی - زانکۆی چەرمو - زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر - زانکۆی ڕاپەڕین - زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک - زانکۆی گەرمیان - زانکۆی زاخۆ).
  - **گروپی D** (زانکۆی هەڵەبجە).
- **زانکۆ تایبەتەکان:** ئەو زانکۆیانەی کە دەکەونە گروپی (B) و لەنێو گروپی (B)دا بە شێوازی راندۆم ڕێکخراون:
  - **گروپی B** (زانکۆی ئەمەریکی لە عێراق – سلێمانی - زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی - زانکۆی جیهان هەولێر - زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی - زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنۆلۆجیا - زانکۆی نەورۆز)
  - **گروپی C** (زانکۆی جیهان – سلێمانی - زانکۆی جیهان – دهۆک - زانکۆی لوبنانی فەرەنسی - زانکۆی نۆڵج)
  - **گروپی D** (زانکۆی کاسۆلیک - زانکۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی - زانکۆی بەیان).

لە ئێستادا گۆڕانکاری پێوەرەکانی ڕیزبەندی نیشتمانی زانکۆکانی کوردستان کراوە، بەشێوەیەک کاریگەری هەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و کوالێتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، بڕیاری ئەوەش دراوە، کە ئەمساڵ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بەشێوەی گروپ نابێت بەڵکو یەکەم و دووەم و سێیەمی زانکۆکان دیاری دەکرێت.

پێنجەم: کۆنفرانسی زانستی

وەک ئەرکێکی بنەڕەتی زانستی و، بۆ ئاگاداربوون لە دواین پێشهات و دەسکەوتە زانستییەکان و، چارەکردنی گرفتە جیاکانی کۆمەڵگە لە بوارە جیاکان، زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردودا بەدەیان کۆنفرانسی زانستی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمیە پێشەنگەکانی جیهانیان بەڕێوەبردوە، کە بەشداری پسپۆڕان و شارەزایان و توێژەرانی بوار و سێکتەرە جیاکان بەڕێوەچوون و، چەندین پێشنیاز و ڕاسپاردەی گرنگیان بەرز کردۆتەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەئامانجی باشتر ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی ژیان و کۆمەڵگە و حکومڕانی لەسەر بنەمایەکی زانستی.

شەشەم: بەشداری مامۆستایان لەکۆنفرانسە زانستیەکان

هاوتەریب لەگەڵ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆنفرانسە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، کە وێستگەی بەیەکگەیشتنی زانایانی و پسپۆڕان و شارەزایانی بوارە جیاوازەکانە، لەهەمانکاتدا وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەردەوام هانی زانکۆکان و دامەزراوە جیاکان دەدات بۆ بەشداریکردنی ستافی زانستی بەشەکان و توێژەران بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسەکان، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری بەشداریکردنی کاریگەری ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسەکان، بەجۆرێک ژمارەی بەشداری مامۆستایان لە کۆنفرانسە زانستیەکان (ناوخۆیی و نێودەوڵەتی) لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردودا هەزاران مامۆستا و توێژەری تێپەڕاند.

حەوتەم: بەرزکردنەوەی پلەی زانستی

ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە زانکۆ حکومییەکان لە چوارچێوەی ڕێنماییە کارپێکراوەکاندا و، لە ڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و، بڵاوکردنەوەیان لە گۆڤارە زانستیە ئاستبەرزەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی و، بەشداریکردن لە کۆنفرانس و چالاکییە زانستییە جۆراوجۆرەکان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیان، بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا لەسەرجەم زانکۆکان بەسەدان مامۆستا توانیویانە پلەی زانستیان بەرز بکەنەوە.

هەشتەم: بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی گرنگی تایبەت بە بواری توێژینەوەی زانستی دەدات و ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارە زانستیەکان (ناوخۆییەکان و نێودەوڵەتییەکان)، هەربۆیە لە ماوەی نێوان (٢٠٢٠/٩/١) تا ڕێکەوتی (٢٠٢١/٩/١) کۆی گشتی توێژینەوە زانستیە بڵاوکراوەکان لە گۆڤارە زانستیە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان گەیشتۆتە (٣٩٨١) توێژینەوە، بەشێوەیەک (١٧٧٩) توێژینەوەیان لە گۆڤارە ناوخۆییەکان بڵاوکراوەتەوە، هەروەها (٢٢٠٢) توێژینەوەیان لە گۆڤارە زانستیە نێودەوڵەتیەکان بڵاوکراوەتەوە، ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

زانکۆ حکومییەکان	توێژینەوە زانستیەکان لە گۆڤارە ناوخۆییەکان	توێژینەوە زانستیەکان لە گۆڤارە نێودەوڵەتییەکان
زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک	٣٩	١٨٥
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر	٤٤٨	٣١٣
زانکۆی زاخۆ	٦٧	١٤٧
زانکۆی هەولێری پزیشکی	٩٣	١٧٠
زانکۆی دهۆک	٢٧٩	٢٠١
زانکۆی هەڵەبجە	٢٩	٦٠
زانکۆی کۆیە	٣٥	١٠٦
زانکۆی سۆران	٥٧	١٢٦
دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی	٦	٨
زانکۆی گەرمیان	٥٩	٨٤
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی	٦٩	٩٣
زانکۆی ڕاپەرین	٧٨	١٠٣
زانکۆی چەرمۆ	١٢	٩١
بۆردی کوردستانی	٤١	٣
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر	٢٧٥	١٠١
زانکۆی سلێمانی	١٩٢	٤١١
کۆی گشتی	**١٧٧٩**	**٢٢٠٢**

نۆیەم: بۆلۆنیا پرۆسێس

مێژووی دەستپێکردنی کارەکانی پێواژوی بۆلۆنیا (Bologna Process) لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠١٥)، کە لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی نوێی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەو کاتەدا ڕاگەیندرا، دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری ئەرکی بەدواداچون و، جێبەجیکردنی پێواژوی بۆلۆنیا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆ دایە. لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان پێواژوی بۆلۆنیا جێبەجێدەکەن و، لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا هەنگاوی گرنگ لەو بوارەدا بەدەستهاتووە.

دەیەم: مۆڵەتپێدان و متمانە بەخشین

یەکێکی دیکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری بریتیە لە مۆڵەتپێدان بەکردنەوەی (زانکۆ، کۆلێژ، پەیمانگە و، بەشی زانستی نوێ لە زانکۆ، کۆلێژ و پەیمانگە) حکومی و تایبەتەکان، بۆ ئەو مەبەستەش زانکۆ و کۆلێژی زانکۆیی و پەیمانگە تایبەتەکان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنمایی و پێوەر و مەرجەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی داواکاری پیشکەش دەکەن و، دواتر بە پێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان پرۆسەی هەڵسەنگاندن بۆ پرۆپۆزەڵەکان ئەنجام دەدرێت.

بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوای هەڵسەنگاندنی پرۆپۆزەڵەکان و، تێپەڕبوون بەپرۆسەکانی دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین بەدەیان بەشی زانستی نوێ لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان ڕێگە بەکردنەوەیان دراوە، لەهەمانکاتدا چەندین بەشی زانستی دیکە داخراون، جگە لەوەش چەند بەشێکی زانستی دیکە، کە دابەشبون بەسەر زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان کارەکانیان هەڵپەسێردراوە.

کردنەوەی کۆلێژ لە زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوە بەپرۆسەی دڵنیایی جۆری تێپەڕدەبێ، تا متمانەی کردنەوەی لەلایەن وەزارەتەوە پێدەبەخشرێ، لەو چوارچێوەیەدا لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا کۆمەلیک پرۆپۆزەڵ بۆ کردنەوەی کۆلێژی نوێ لە ڕێگەی دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری پێشکەش بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کرا، لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی زانستی و ورد بۆ پرۆپۆزەڵەکان چەندین کۆلێژ ڕێگەی کردنەوەیان پێدرا.

یانزەهەم: وەرگرتنی متمانەی نێودەوڵەتی

وەزارەت بەردەوام هانی زانکۆکان دەدات تا ببنە باشترین زانکۆکان لەسەرتاسەری جیهان و، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت عێراقیش، بۆ ئەوەی بتوانین بەشداری ڕاستەقینە لە بەرهەمهێنانی توانا مرۆییەکان لە وڵاتەکەمان بکەن، لەو چوارچێوەیەشدا وەزارەت کۆمەڵێک پرۆژەی گرنگی خستۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکان پاڵپشتی وەزارەت بوە بۆ زانکۆکان تا متمانەی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن لە بەشە زانستیەکانیان بەدەست بهێنن، لەبەر ڕۆشنایی ئەو سیاسەتەی وەزارەت لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردودا دەیان بەش لە زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان توانیویانە متمانەی نێوەدەوڵەتی (International Accreditation) لە دامەزراوە نێوەدەوڵەتیەکان بەدەست بهێنن، ئەوەش دەسکەوتێکی زانستی گرنگ بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی بەشەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

کاروباری پەیوەندییە زانستی و ئەکادیمیەکان:

بەئامانجی فراوانکردنی بازنەی پەیوەندییە ئەکادیمی و زانستییەکانی وەزارەت و زانکۆ و دامەزراوە زانستی و ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی وڵاتانی جیهان لەلایەک، لەگەڵ زۆربەی نوێنەرایەتی و کونسلگەری وڵاتان لە هەرێمی کوردستان لەلایەکی دیکە لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا بەدەیان دیدار و کۆبونەوە ئەنجامدرا، کە چەندین ئەنجامی گرنگ بەدەستهاتوون، لەوانە:

یەکەم: ئاستی پەیوەندییەکانی وەزارەت لەگەڵ نوێنەری وڵاتان لە کوردستان

١- ئیمزاکردنی یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لەگەڵ وەزارەتی توانستە مرۆییەکانی حکومەتی هەنگاریا بەهۆی ئەم ڕێکەوتنە لە ساڵەکانی (٢٠١٩ و ٢٠٢٠) وڵاتی هەنگاریا، کە بۆ هەر ساڵێک (٣٠) کورسی خوێندن لە ڕێگەی وەزارەتەکەمان پێشکەش بە هەرێمی کوردستان دەکات (٢٠ کورسی دکتۆرا و ١٠ کورسی ماستەر).

٢- ئیمزاکردنی یاداشتێک لەگەڵ وڵاتی فەرەنسا تایبەت بە ناردنی قوتابی و خویندکار بۆ وڵاتی فەرەنسا و ڕاهێنانی مامۆستا و فەرمانبەر و توێژەر بە ئەرکی دارایی هاوبەش لە نێوان وەزارەتەکەمان و وەزارەتی دەرەوەی فەرنسا، بەڵام لە بەر بارودۆخی دارایی هەرێم، تا ئێستا ئەو یاداشتە نەچۆتە بواری جیبەجیکردنەوە.

٣- لە ساڵی (٢٠٢١) هەریەک لە وڵاتانی (کۆماری چینی میللی و هیند) سکۆلەرشیپی خویندنیان پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کردوە، لە وەزارەت کاری پێویستیان لە بارەوە کراوە.

٤- ڕێکخراوی ئایرێکسی ئەمریکی لەگەڵ وەزارەتەکەمان کاری کردووە بۆ هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری پیشەیی، مایکرۆ ئینتێرنشیپ و ئامادەکردنی پیشەیی ئەکادیمی، لەگەڵ پێشکەشکردنی بەخششی بچوک ساڵانە لە سەر بنەمای پێشبرکێ بۆ ڕاپەراندنی پرۆژە کورتخایەن و بچوکەکانیان.

٥- ڕێکخراوی گی ئای زێت GIZ: لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە دەستکراوە بە ووتوێژی سەرەتایی بۆ هاوکاریکردنی ناوەندەکانی پەرەپێدان بۆ کار لە ڕێگەی پشتگیری دارایی چالاکیەکانیان و کردنەوەی کۆرسی پێویست بۆ ئەم سێنتەرانە، هەروەها ئەم ڕێکخراوە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری دروستکردوە، کە تیایدا گرنتی بە بازاری کاری هەرێم و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی لە سەر بەرنامەی خوێندن و پێشکەشکردنی شارەزایی بەر لە دەستکردنیان بە کار لە بازار کار دەدات، نوێنەرێکی وەزارەتیش بۆتە ئەندامی ئەم لیژنەیە.

٦- بۆ بەنێودەڵەتیکردنی سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕێککەوتنامەیەکی لەگەڵ زانکۆی کامبریج ئیمزا کرد، بەپێی ڕێکەوتنامەکە زانکۆی کامبریج هەڵسەنگاندنی ورد بۆ لایەنە جیاکانی سێنتەرەکانی زمان لە زنکۆکانی کوردستان دەکات بۆ دیاریکردنی ئاستی زانستی، هاوکات زانکۆکە ڕاهێنان بەستافی سێنتەرەکانی زمان لە ڕووی شێوازی وانەوتنەوە و پرۆگرامەکانی خوێندن دەکات، گۆڕانکاریکردن لە شێوازی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و بەرزکردنەوەی کوالێتی سێنتەرەکان یەکێکی دیکە لە ناوەڕۆکی ڕێکەوتنامەکە.

٧- هەر بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی ستافی ئەکادیمی زانکۆکانی کوردستان و ئەنجامدانی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان و دڵنیایی جۆری و توێژینەوەی زانستی، وەزارەتەکەمان یاداشتنامەیەکی لێکگەیشتن لەگەڵ کۆمپانیای ڕاوێژکاری بواری خوێندنی باڵا (GEMS)ی بەریتانی بەهاوکاری زانکۆی لەندەن ئیمزا کرد، بەم ڕێککەوتنامەیە ژمارەی یاداشتی لێکگەیشتن لەنێوان وڵاتی بەریتانیا و وەزارەتەکەمان گەیشتە (٤٦) ڕێککەوتنامە و، (٤٩) پرۆژەی ئەکادیمی لەنێوان زانکۆکانی هەردولا وڵات کراوە.

٨- ئاڵوگۆڕی مامۆستایان و خوێندکاران و توێژەران لەگەڵ زانکۆکانی وڵاتان درێژەی هەیە. بەتایبەتیش بەشداری وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ستافی وەزارەت لە کۆنگرەی (Education world forum) لە وڵاتی بەریتانیا و ئاڵوگۆڕی زانستی لەگەڵ وەزیرانی خوێندنی باڵای وڵاتان.

٩- هەر بۆ فراوانکردنی بازنەی پەیوەندییەکانی وەزارەت و ئاگاداربوون لە کۆڕ و کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکان، هەریەک لە فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت بەپێی تایبەتمەندیەتیان و بەشداریان لە چەندین کۆنفرانسی جیهانی و تایبەتی کردووە.

دووەم: وەرگرتنی سکۆلەرشیپ و دابینکردنی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان

پەرەپێدان بە وەرگرتنی سکۆلەرشیپ و بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆکانی کوردستان لە ڕێگەی وەرگرتنی قوتابی و خوێندکارانی بیانی لەبەر ڕۆشنایی ڕێکەوتننامە و یاداشتی لێکتێگەیشتنە هاوبەشەکانی وەزارەت و زانکۆکانی کوردستان لەگەڵ دامەزراوە نێودەڵەتیەکان و زانکۆ ئاست بەرزەکان یەکێکی دیکەیە لە کارە گرنگەکانی وەزارەتەکەمان. هەروەک دەستەبەرکردنی خولی ڕاهێنانی پێویست بۆ ستافی کارگێری و ئەکادیمی و توێژەرانی زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا ئامانجی دیکەی نەخشەڕێی وەزارەتەکەمانە، بۆ ئەوەش لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردودا بەرهەمی کارەکان لە دیوانی وەزارەت بریتی بوە لە ڕاگەیاندنی (٩٠) سکۆلەرشیپی بۆ خوازیارانی خوێندنی باڵا لە وڵاتی هەنگاریا، هاوکات ژمارەیەکی دیکەی سکۆلەرشیپی لە کۆماری میللی چین و ڕوسیا ڕاگەیاندوە و، بەهۆیەوە ژمارەیەک خوازیاری خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی ئەو وڵاتانە وەرگیراون و ئێستا لە پڕۆسەی مامەڵەکردندان.

لە سەر ئاستی زانکۆکانیش لەبەر ڕۆشنایی و ستراتیجی وەزارەت، زانکۆکان توانیوانە کۆمەڵێک خولی ڕاهێنان بۆ ستافی زانستی و توێژەران لە زانکۆ پێشکەوتوەکان دابین بکەن، هاوکات توانیویانە ئاڵوگۆڕی (Student Exchange) قوتابیان و خوێندکاران لەگەڵ زانکۆکان بکەن و، چەندین سکۆلەرشیپ بۆ مامۆستایان و فێرخوازانیان دابین بکەن.

سێیەم: ئاماری فێرخوازان لە دەرەوەی وڵات

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردودا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ڕێگەی بەرێوەبەرایەتی نێردراوان مامەڵەی (٥٨٨) خوێندکارو قوتابی بۆ تەواوکردنی خوێندنی (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا، پۆست دکتۆرا) لە دەرەوەی وڵات لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران و فێرخوازان ڕایکردوە.

بەشێکی زۆر لەو خوێندکار و قوتابیانە بەرێگەی سکۆلەرشیپ و، وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن لە دەرەوەی وڵات دەخوێنن، هەربۆیە بەرێوەبەرایەتی نێردراوان بەرپرسە لە کاروباری ئەو قوتابی و خوێندکارانە هەر لە ڕۆژی دەستکردنیان بە خوێندن تاکو بڕوانامەی لە بوار و پسپۆڕییەکانیان بەسەرکەوتویی بەدەست دێنن، لەم خشتەیەی خوارەوەدا بەوردی ژمارەکان پیشاندراون.

ژمارە و جۆری خوێندنی فێرخوازان بەپێی ساڵەکان پیشان دەدات:

ساڵ	مۆڵەتی خوێندن	پۆست دکتۆرا	ساباتیکالیان	سپلیت ساید	سکۆلەرشیپ	کۆ
٢٠١٩	٤٥٧	١٣	٦	٥	١	٤٨٢
٢٠٢٠	٢٧	٥	١	١	-	٣٤
٢٠٢١	٦٢	٥	٥	-	-	٧٢
کۆی گشتی:	**٥٤٦**	**٢٣**	**١٢**	**٦**	**١**	**٥٨٨**

چوارەم: وەرگرتنی فەند و گرانتی نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدان بەخوێندنی باڵا

بەهێزکردنی ڕەهەندی نێودەوڵەتی زانکۆکانی کوردستان یەکێکە لە ستراتیژە گرنگەکانی کارنامەی چوار ساڵی نەخشەڕێی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، چونکە یەکێک لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی ئەکادیمیا لە سەدەی بیست و یەکدا، کە ئامانج لە پیادەکردنی بریتییە لە کرانەوە و بە نێودەوڵەتی بوونی پرۆسەی خوێندن و بەرهەمهێنانی مەعریفە.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هاندەر و پاڵپشتی و ڕێنیشاندەری زانکۆ و دامەزراوە زانستی و ئەکادیمیەکانی هەرێمی کوردستان و، وێستگەی بەیەکگەیاندنی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زانکۆ و ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتیانەی پاڵپشتی پێشکەوتنی پڕۆسەی خوێندنن لەسەر ئاستی جیهان، لە ئەنجامی ئەم پڕۆسەیەش زانکۆکان توانیان دەیان گرانتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بەدەستبهێنن بەمەبەستی پەرەپێدان بەپڕۆسەی خوێندن و بەرهەمهێنانی مەعریفەی زیاتر لە زانکۆکانی کورستان و، بەشداریکردن لە بونیادنانی تواناکان لە هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی پلاندانان

وەزارەتی پلاندانان

کار و چالاکییە ئەنجامدراوەکان:

لەم ڕاپۆرتەدا، ئاماژە بە چەند چالاکییەکی گرنگی وەزارەت لە ماوەی سێ ساڵی تەمەنی کارکردنی حکومەت دەدەین بە شێوەیەکی پوخت و کورت کراو بە پێی ئاستەکانی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکومەتی هەرێم کە بریتین لە:

یەکەم: لە ئاستی چاکسازی

- **ئامادەکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی خانەنشینی گشتی:**

وەزارەتی پلاندانان یارمەتی تەکنیکی پێشکەشی وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی کردووە بۆ ئامادەکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی خانەنشینی گشتی. ئەم سیستەمە ماوەیەکە کاری لەسەر دەکرێت و لە ئێستادا سیستمەکە تەواو بووە و ئامادەیە بۆ کارپێکردن لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی لە پارێزگاکان. ئەم سیستەمە هەموو زانیارییەکانی خانەنشینانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەخۆ دەگرێت، هەموو ڕێکارەکان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی یەکدەخات و مووچەی خانەنشینی بە پێی یاساکان دیاری دەکات.

- **تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ خەلکی هەژار و کەمدەرامەت:**

لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یونیسێف و ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی و بانکی نێودەوڵەتی چەندین کۆبوونەوە لەسەر تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ خەلکی هەژار و کەمدەرامەت ئەنجامدراون، بۆ ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی کاری مەیدانی پێشوەختە لە پارێزگای دهۆك وەکو سەرەتایەك بۆ دانانی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ خەلکی هەژار و کەمدەرامەت و ناو نووسکردنیان بە پێی ئالیەتێکی گونجاو کە هەموو تایبەتمەندییەکانی خەلکی هەژار لەخۆ بگرێتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سوودمەند بن. لە هەمان کاتدا یەکخستن و ڕێکخستنی داتای گشت وەزارەتەکان و بەستنەوەی بە سێرڤەرێکی تایبەت و بۆ ئەوەی بە پێی ئالیەتێکی گونجاو ئەو خێزانانە دەستنیشان بکرێن کە شایستەن بۆ ئەوەی سوودمەند بکرێن لە تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی.

- **نەخشەڕێگای چاکسازی کەرتی باج:**

وەزارەت لە ڕێگەی لیژنەیەکی باڵاوە لەسەر ئاستی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و لەسەر بنەمای بڕیاری ژمارە ٦٣ـی ئەنجومەنی وەزیران (بڕگەی چوارەم)، ڕەشنووسی نەخشە ڕێگای چاکسازی باجی ئامادە کردووە، مەبەست لە نەخشەڕێگایەکە بۆ ڕێکخستنەوەی سیستەمی کارگێڕی باجە لە هەرێمی کوردستان، ئامانج ئەوەیە کە لەم ڕێگەیەوە ئەو بڕە باجانەی کە لە کۆمپانیا و خاوەنکارانی هەرێمی کوردستان وەردەگیرێت، بە سیستەمێکی دادپەروەرانە و لەسەر بنەمای قازانجکردنیان ڕێکبخەینەوە نەک بە شێوەی خەملاندن. بێگومان ستراتیژی و بەرنامەی حکومەت ئەوەیە کە چاکسازی لە بوارە جیاوازەکاندا بکرێت لە پێناو پاراستنی دادپەروەری و بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیاندا، هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئەم بەرنامەیەش کە بریتییە لە (ڕێکخستنەوەی سیستەمی کارگێڕی باج) بە تەواوی بەرژەوەندیی هاووڵاتیانی لەبەرچاو گرتووە و بە هیچ شێوەیەک بارگرانی لە سەر شانی هاووڵاتیان دروست ناکات، بەڵکو دابینکردنی سیستەمی دادپەروەرانەی لەم شێوەیە سەرئەنجام بە قازانجی کۆی گشتی هاووڵاتیان دەشکێتەوە. لە ئێستادا نەخشە ڕێگایەکە لە لایەن لیژنەی باڵا و وەزیرە پەیوەندیدارەکانەوە پەسەند کراوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی پەسەندکردن.

- **ئامادەکردنی ڕەشنوسی یاسای کەرتی کارەبا هەرێمی کوردستان:**

وەزارەتی پلاندانان یارمەتی تەکنیکی پێشکەشی وەزارەتی کارەبا کردووە بۆ ئامادەکردنی ڕەشنوسی یاسای کەرتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان. ئەم یاسایە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕێکخستنەوەی کەرتی کارەبا و ڕێگە خۆشکردن بۆ بەشدارپێکردنی کەرتی تایبەت لە بوارە جیاوازەکاندا.

- **ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی:**

وەزارەت لە ماوەی ڕابردوودا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و بە هاوکاری تەکنیکی ڕێکخراوی کاری جیهانی (ILO)، پێداچوونەوەی کردووە بۆ هەردوو ڕەشنووسی یاسای کار و یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی، لە ئێستادا هەر دوو ڕەشنووسەکە ئامادە کراوە و ڕەشنووسەکان بەشێوەیەک داڕێژراوەتەوە کە ماف و داخوازییەکانی کرێکاران پارێزراو بن.

- **ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنماییەکانی هێنان و کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێم:**

لەسەر بنەمای فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٥٨٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٥، وەزارەت سەرۆکایەتی لیژنەیەکی تایبەتی کردووە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ژمارەیەک لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بۆ مەبەستی داڕشتنەوە و پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکانی چۆنیەتی هێنانی کرێکار و کارکردنی کارمەندی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان. ئامانج لە داڕشتنەوەی ئەم ڕێنماییە ئەوەیە کە دەرفەتەکانی کار زیاتر بۆ گەنجان و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بگونجێنرێت و هاوکات لەو بوارانەشدا کە پێویستمان بە دەستی کاری دەرەوەیە ڕێگە بدرێت سود لە ئەزموون و توانای کرێکار و کارمەندی بیانی وەربگیرێت.

بڕیارە ڕەشنووسی ئەم ڕێنماییە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا لە لایەن ئەم لیژنەیەوە بە فەرمی بەرز بکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی پەسەندکردن و پاشان جێبەجێکردنی لەلایەن دامەزراوە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: لە ئاستی خزمەتگوزاری

- لە سەرەتای دەستپێکردنی کابینەی نۆیەمەوە، بۆ مەبەستی وەگەڕخستنەوەی پڕۆژەکان کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە وەستابوون، پێداچوونەوە کراوە بە پڕۆژەکان، بە تایبەتی ئەوانەی کە گرنگی ستراتیژیان هەبوو و ڕەزامەندی سەرۆکی حکومەتمان وەرگرت کە دووبارە دەست پێ بکاتەوە کە بریتی بوون لە (٦٠) پڕۆژەی وەزارەتەکان لە سێکتەرەکانی (ڕێگاوبان، سایلوکان، بەنداو، کارەبا)، لەگەڵ (١٥٠) پڕۆژەی پارێزگاکان، کە گرنگی درا بە تەواو کردنی ئە و پڕۆژانەی کە ڕێژەی جێبەجێکردنیان لە سەرەوەی ٨٥ ٪و ٧٥ ٪ بوو، و توانراوە بڕی (٢٠٤) ملیار دینار سەرف بکرێت بۆ ئەم پڕۆژانە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- هەولێر ٦٤ ملیار دینار ٤.٣١ ٪
- دهۆک ٥٢ ملیار دینار ٥.٢٥ ٪
- سلێمانی ٨٠ ملیار دینار ٢.٣٩ ٪
- هەڵەبجە ٨ ملیار دینار ٩.٣ ٪

- **پرۆژە ستراتیژەکان بریتین بوون لە:**
  - ڕێگای کەلار - دەربەندیخان
  - ڕێگای کەلار - کفری
  - ڕێگای هەولێر- ڕۆڤیا
  - ڕێگای رۆڤیا - گوپال
  - ڕێگای دوکان - چوارقورنە
  - ٣ سایلۆ لە (کەلار، قوشتەپە، بەڕدەرەش)
  - بەنداوەکان ١٣ دانە (خۆرنەوازان، دێوانە، ئاقوبان، نازەنین، بانوی ئاقوبان، خەنس، چەمرگە، جەلی)

- هەروەها لە ساڵی دووەمی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕی (٣٤٩) ملیار دینار لەسەر داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەردوو بودجەی گەشەپێدانی پارێزگاکان و وەبەرهێنانی وەزارەتەکان تەرخانکرا بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێک پرۆژەی خزمەتگوزاری و ستراتیجی کە وەزارەت سەرپەرشتی لیست و تەرخانی پرۆژەکانی کردووە.

- **خەرجی پرۆژەکان لە کابینەی نۆیەم بە پێی ساڵ بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:**

ز	ساڵ	خەرجی پرۆژە (ملیار دینار)
١	٢٠١٩ (لە دوای مانگی تەمووز)	٢٤٣
٢	٢٠٢٠	١٥١
٣	٢٠٢١	٤٤٦
	کۆی گشتی:	**٨٤٠**

- لە ساڵی سێیەمی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بە فەرمانی سەرۆکی حکومەت کۆمەڵێک پرۆژەی ستراتیجی و گرنگ لە سێکتەرە جیاوازەکان بۆ خزمەتگوزاری هاووڵاتیان ڕێزبەندکران یان تەرخانکراوی پێویستیان بۆ دابینکرا بە مەبەستی جێبەجێکردنیان:
  ١. دروستکردنی سایلۆی ٤٠ هەزار تەنی لەگەڵ ١٠ کۆگا لە هەڵەبجە (٢٦ ملیار).
  ٢. دروستکردنی ڕێگای سەرزێری لە دهۆک/ قۆناغی یەکەم (٤٣ ملیار).
  ٣. ئاوی گۆپتەپە-چەمچەماڵ/ قۆناغی یەکەم (١٠١ ملیار).
  ٤. چاککردنەوەی ڕێگای خەلیفان-بالیسان-شکارتە لە هەولێر (٣ ملیار و ٧٠٠ ملیۆن).
  ٥. نەخۆشخانەی ١٠٠ تەختی لە هێتۆت-ئامێدی (٦٧ ملیار).
  ٦. پاراستنی بۆڕی گوێزەرەوەی ئاوی ئیفراز ٣ لە هەولێر (٢٠ ملیار).
  ٧. تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ پرۆژەی ١٠٠ مەتری سلێمانی (١٠٠ ملیار).
  ٨. دروستکردنی ڕێگا و پردی تووەقوت لە هەڵەبجە (٢٧ ملیار).
  ٩. هۆڵی نەشتەرگەری بۆ نەخۆشخانەی پێشمەرگە لە هەولێر (٢ ملیار و نیو).

١٠. ٢٣ پۆند لە گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم (١٣ ملیار).

١١. چاکسازی لە هێلەکانی گواستنەوەی ئاو و عەمبارەکانی لەگەڵ وێستگەکانی پاڵاوتنی ئاو لە گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم (٣٥٦ ملیار).

١٢. دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان (٣ ملیار).

١٣. دروستکردنی ئۆقەرپاس و ئەندەرپاس + ٦ کیلۆمەتر شەقامی خزمەتگوزاری لە دهۆک (٣٠ ملیار).

١٤. گەیاندنی خزمەتگوزاری ڕێگا و ئاو و کارەبا بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە (٥ ملیار).

- هەروەها بە فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی زیاتر لە (٣٠٠) ملیار دینار بۆ ساڵی ٢٠٢٢ی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان تەرخانکرا بە مەبەستی تەواوکردنی هەندێک لە پڕۆژە خزمەتگوزارییە بەردەوامەکانی پێویست و ڕێزبەندکردنی کۆمەڵێک پڕۆژەی نوێ کە بە شێوازی خوارەوە بە سەر پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم دابەشکرا:

خشتەی

پڕۆژەکانی بەردەوام و پێشنیار - بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان - تەرخانکراوی ٢٠٢٢

		پڕۆژەکانی بەردەوام		پڕۆژەکانی پێشنیارکراو		کۆی گشتی بەردەوام و پێشنیار بۆ ساڵی ٢٠٢٢		
ژ.	پارێزگا / ئیدارە	ژ.	تەرخانی ٢٠٢٢ (ملیۆن دینار)	ژ.	تەرخانی ٢٠٢٢ (ملیۆن دینار)	ژ.	تەرخانی بەردەوام و پێشنیار ٢٠٢٢ (ملیۆن دینار)	ڕێژەی تەرخانکراو
١	پارێزگای هەولێر	٣٤	٢٤،٥٩٩	١١٥	٦٣،٤٨٧	١٤٩	٨٨،٠٨٦	٢٧,٩٪
٢	ئیدارەی سۆران	٣٢	٢،٩٠٧	٥٥	١٤،٥٨٣	٨٧	١٧،٤٩٠	٥,٥٪
٣	پارێزگای دهۆک	١٢٠	٢٩،٧٣٥	١١٣	٣١،٦٥١	٢٣٣	٦١،٣٨٦	١٩,٥٪
٤	ئیدارەی زاخۆ	٧	٦،٣٧٤	٤٤	١٣،٧١٨	٥١	٢٠،٠٩٢	٦,٤٪
٥	پارێزگای سلێمانی	١٣١	٥٩،٠٤٤	٦٤	٢١،٠٢٨	١٩٥	٨٠،٠٧٢	٢٥,٤٪
٦	ئیدارەی ڕاپەرین	٦	٢،٢٤٥	٥٧	١٨،٤٨٥	٦٣	٢٠،٧٣٠	٦,٦٪
٧	ئیدارەی گەرمیان	٢	١٩٥	٤٠	١٥،٠٨٥	٤٢	١٥،٢٨٠	٤,٨٪
٨	پارێزگای هەڵەبجە	٢٩	١٢،١٢٠	٢	٩١	٣١	١٢،٢١١	٣,٩٪
	کۆی گشتی	**٣٦١**	**١٣٧،٢١٩**	**٤٩٠**	**١٧٨،١٢٨**	**٨٥١**	**٣١٥،٣٤٧**	**١٠٠٪**



- لە چوارچێوەی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی عێراقی فیدراڵ و بە نووسراوی فەرمی ژمارە (و.س/٦٥١/٢/١) لە ٢٠٢١/٩/٢٠ کە بڕی (١٠٠) ملیار دینار تەرخانکرابوو بە مەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان، وەزارەتی پلاندانان هەستا بە دابەشکردنی ئەو بڕە پارەیە بە سەر پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم و ناردنی گشت دەرخستە و بەراییەکانی ئەو پرۆژانە بۆ وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی ناوەندی بۆ ڕەزامەندی وەرگرتن لە سەر جێبەجێکردنیان هەر وەک لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە:

بەرکەوتەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان لە (١٠٠ ملیار دیناری حکومەتی عێراقی فیدراڵ)				
ژ	پارێزگا و ئیدارەکان	ژ. پرۆژە	بڕی بەرکەوتەی پارێزگا (ملیۆن دینار)	ڕێژەی بەرکەوتە
١	پارێزگای هەولێر	٦٢	٣٠،٣٨٧	٣٠،٤٪
٢	ئیدارەی سۆران	٣٠	٥،٥٠٧	٥،٥٪
	کۆی گشتی هەولێر	**٩٢**	**٣٥،٨٩٤**	**٣٥،٩٪**
٣	پارێزگای دهۆك	٦٢	١٩،٧٨٦	١٩،٨٪
٤	ئیدارەی زاخۆ	١٥	٤،٠٢٤	٤،٠٪
	کۆی گشتی دهۆک	**٧٧**	**٢٣،٨١٠**	**٢٣،٨٪**
٥	پارێزگای سلێمانی	٩	٢٤،٣٠٤	٢٤،٣٪
٦	ئیدارەی ڕاپەرین	١١	٦،٦٢٠	٦،٦٪
٧	ئیدارەی گەرمیان	١٣	٤،٧٤٠	٤،٧٪
	کۆی گشتی سلێمانی	**٣٣**	**٣٥،٦٦٤**	**٣٥،٧٪**
٨	پارێزگای هەڵەبجە	٤	٤،٥٣٥	٤،٥٪
	کۆی گشتی هەڵەبجە	**٤**	**٤،٥٣٥**	**٤،٥٪**
	کۆی گشتی	**٢٠٦**	**٩٩،٩٠٣**	**١٠٠٪**



- وەزارەت کاری کردووە لەسەر ئامادەکردنی میتۆدی تایبەت بە بیرۆکە و هەڵسەنگاندن و ڕێزبەندکردنی پرۆژە، تایبەت بۆ پرۆژەکانی (پەروەردە و تەندروستی و پرۆژەکانی بەنداو و ئاودێری). لە جێبەجێکرن و بەکارهێنانی ئەم میتۆدانە ئەولەویەتی زیاتر دەدرێت بەو پرۆژانەی کە جەدوای بەهێزتریان هەیە و دواجار ئەو پرۆژانە جێبەجێ دەکرێن کە زۆرترین سودی ئابووری و کۆمەڵایەتییان هەیە. لە پلانی وەزارەتدایە میتۆدی هاوشێوە بۆ سێکتەرەکانی دیکە دروست بکات.

- **چالاکییەکان لە بواری گرێبەستە گشتییەکان:**

بۆ زیاتر پەرەپێدانی ڕێنمایی و سیستەمی گرێبەستە گشتییەکان، وەزارەت کاردەکات بۆ ئامادەکردن و داڕشتنی بەڵگەنامەی پەرەپێدانی ستاندارد بۆ گرێبەستەکان، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا کار لەسەر هەریەک لەم بەڵگەنامە ستانداردانەی گرێبەستەکان کراوە:

- نووسینی ڕەشنووسی ئەم بەڵگەنامانە کە تا ئێستا دەرنەچوونە:
  - بەڵگەنامەی ستانداردی گرێبەستکردن بۆ پرۆژەکانی کهرۆمیکانیک (دیزاین، دابینکردن، بونیاتنان)
  - بەڵگەنامەی ستانداردی گرێبەستکردن بۆ پرۆژەکانی تسلیم مفتاح (Turnkey)
- تەواوکردنی بەڵگەنامەی ستانداردی گرێبەستکردن بۆ دیزاینکردن و دروستکردن
- تەواوکردنی بەڵگەنامەی ستاندارد بۆ پرۆژەکانی خزمەتگوزاری ناڕاوێژکاری (Non-Consultancy SBDs).
- دانانی لینکی DG Market بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکانی کەمکردنەوەی نێودەوڵەتی.

- **چالاکییەکان لە بواری پەرەپێدانی مرۆیی:**

- خولەکانی ڕاهێنانی کیپا KIPA : ئەو خول و ڕاهێنانەی کە لە ماوەی ساڵی یەکەمی کابینەی نۆیەم ئەنجامدراون، بریتی بوون لە (٥٦) خول کە (١،٣٥٣) فەرمانبەری دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم تیایاندا بەشداربوون. جگە لەم خولانەی سەرەوە (٢٥) فەرمانبەر بە زەماله بۆ خوێندن نێردراون بۆ وڵاتانی مالیزیا و چین و هیندستان.

- خولەکانی ڕاهێنانی ئەنیستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی (کیپا) بۆ ساڵی دووەم کە بریتی بوون لە (٤٧) خولی جۆراوجۆر لە بوارەکانی (کارگێڕی، بودجە، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کۆمپیوتەر، گرێبەستە گشتییەکان و هتد) کە (٨٥٩) فەرمانبەری دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم تیایاندا بەشداربوون. جگە لەم خولانەی سەرەوە دەزگای میدیا و زانیاری ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی کیپا خولێکی دوو ڕۆژی لەسەر (داڕشتنی هەواڵ و پلانی میدیایی) بۆ بەڕێوەبەرانی ڕاگەیاندنی سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت پێشکەشکرد و هەروەها خولێکی دوو ڕۆژی لەسەر (Update Information) بۆ فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی حکومەت ئەنجامدرا.

- وەزارەت لە ساڵی سێیەمی تەمەنی کارکردنی کابینەی نۆیەمی حکومەت لە ڕێگەی ئەنیستیتۆی کوردستان بۆ کارگێری گشتی (کیپا- KIPA) هەستا بە ئەنجامدانی (٢٩٧) خولی جۆراوجۆر لە بوارەکانی (کارگێری ئەلیکترۆنی گشتی، هونەری پەیوەندی کاریگەر، ڕەوشتەکانی کارکردن، بەڕێوەبردنی مەترسی و قەیرانەکان، بەڕێوەبردنی تیم، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کۆمپیۆتەر، دڵنیایی جۆری، گرێبەستە گشتییەکان و ...هتد) بە شێوەی خولی ناوخۆی هەرێم و خولی دەرەوەی هەرێم بە شێوەی ئۆنلاین کە (١،٢٩٥) فەرمانبەری دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم تیایاندا بەشداربوون، هەر وەک لە خشتەی خوارەوە ئاماژە پێکراوە:

خولەکانی ناوخۆی هەرێم		
لایەنی پەیوەندیدار	**ژمارەی خول**	**ژمارەی بەشداربوو**
ئەنیستیتۆی کوردستان بۆ کارگێری گشتی	٣٧	٧٢٥
بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی USAID	٤	٨٨
بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی KOICA	٢	٤٠
بە هەماهەنگی لەگەڵ ETTC	١	٣٦
بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی میدیا و زانیاری	٥	١٣٤
بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی هەماهەنگی و بە دواداچوون	١	٨٠
کۆی گشتی خولەکانی ناو هەرێم و بەشداربووەکان	**٥٠**	**١،١٠٣**
خولەکانی دەرەوەی هەرێم		
لایەنی پەیوەندیدار	**ژمارەی خول**	**ژمارەی بەشداربوو**
وڵاتانی چین، کۆریای باشوور	٢٤٧	١٩٢
کۆی گشتی ژمارەی خولەکان و ژمارەی بەشداربووان	**٢٩٧**	**١،٢٩٥**

- **بە کۆی گشتی لە سێ ساڵی سەردەمی کابینەی نۆیەم، وەزارەتمان (٤٠٠) خولی لە بوارە جیاجیاکان بۆ (٣،٥٠٧) فەرمانبەری حکومی کردۆتەوە.**

- وەزارەت هەروەها لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی تواناسازی فەرمانبەرانی هەرێم سەرپەرشتی چەندین کورسی ماستەر و دکتۆرا لە چەند بوارێکی جۆراوجۆر کە لەلایەن وڵاتانی کۆریای باشوور، چین و هیندستان بۆ دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم تەرخانکرابوو کرد.

- دوای ئەوەی پرۆسەی مۆڵەتی خوێندن ڕاگەیەندرا وەزارەتی پلاندانان ڕەزامەندیدا لەسەر ژمارەی کورسی و پسپۆڕی خوێندنی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەی خوارەوە:

ژمارەی کورسی خوێندن	لایەنی سوودمەند بوو
٢٩٥٠	سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەت

ئەنجامدانی چەندین ڕووپێو، وۆرکشۆپ و خولی تر:

- **ڕووپێوی گەنجان:**

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە بارودۆخی گەنجان، ڕووپێوی هەرزەکاران و لاوان و ئەنجامەکەی دەیان نیشاندەری گرنگی لێ دەرکەوت کە حکومەت بە گشتی دەتوانێ بەرچاوڕوونی هەبێت لە کێشەکانی گەنجان و پێویستیەکانیان .

- **ڕووپێوی پیشەسازی :**

بەردەوام بووین لە کۆکردنەوەی نیشاندەری ئابووری بە تایبەتی لەم بارودۆخەدا. لەم چوارچێوەیە ڕووپێوی دامەزراوە پیشەسازییە گەورە و مام ناوەندەکان جێبەجێکرا و ڕاپۆرتەکە خرایە بەردەستی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بۆ سوودوەرگرتن لە ئەنجامەکەی و تێگەیشتن لە ئاستی چالاکی پیشەسازی لە هەرێم.

- **ڕووپێوی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان IHSESIII:**

ئەم ڕووپێوە یەکێکە لە ڕووپێوە هەرەگرنگەکان کە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق و لە ژێر سەرپەرشتی بانکی نێودەوڵەتی World Bank و ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی WFP ئەنجامدەدرێت، کە تیادا دۆخی گوزەرانی خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو لە ڕووی خەرجی، داهات، پەروەردە، تەندورستی، کار و بێکاری ، کشتوکاڵ و ...هتد) کە ماوەی یەک ساڵی کارکردنی مەیدانی دەخایەنێت. وەزارەت لە ڕێگای دەستەی ئامارە هەماهەنگی کردووە لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق بەمەبەستی پەسەندکردنی پێدانی منحەی دارایی تایبەت بەم ڕووپێوە بە بڕی (٩٥٠،٠٠٠) دۆلار بە دەستەی ئامار لە ڕێگای نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لەبەغدا.

- **ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتانIWISH :**

بۆ دووەمین جارە دەستەی ئاماری هەرێم ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتانIWISH ئەنجام بدات. ئەم ڕووپێوە بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق و بە هەماهەنگی سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشوان UNFPA ئەنجامدراوە. لە ئێستادا کاری مەیدانی و دەرخستنی ئەنجامە سەرەتاییەکانی ڕووپێوەکە تەواو بووە.

- **ڕووپێوی دامەزراوە ئابوورییەکان (MSME):**

بە پاڵپشتی دارایی ئاژانسی USAID و بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراویUNDP خەریکی ئەنجامدانی ڕووپێوی ناوبراوە، ئەم ڕووپێوە بۆ زانینی بارودۆخی دامەزراوە ئابوورییەکان (مام ناوەند، بچووك و بچووکتر) لە ڕووی شێوازی بەڕێوەچوونی کارەکانیان و ئەو ئاستەنگانەی دێنە پێش کاری ڕۆژانەیان و پلانەکانیان بۆ داهاتووە. ئەم ڕووپێوە یەکێکە لە ڕووپێوە گرنگەکان تایبەت بە سێکتەری ئابوری و چاوەڕوان دەکرێ نیشاندەری سوودبەخش لێی دەربچێ لەسەر قەبارەی ئەو دامەزراوانەی ڕووپێو دەکرێن لەسەر ئاستی پارێزگاکان.

- **ڕووپێوی بازرگانی ناوخۆیی ٢٠٢١:**

وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق هەستان بە ئەنجامدانی ڕووپێوی بازرگانی ناوخۆیی (بازرگانی تاك و کۆ، فرۆشتن وچاککردنەوەی ئۆتۆمبێل) بۆ ساڵی ٢٠٢١، پێش تر لە ساڵی ٢٠١٣ ئەم ڕووپێوە ئەنجامدرا بوو و ئەم ڕووپێوە بۆ گەیشتن بوو بە نیشاندەرەکانی ئابووری وەک ژمارەی (دامەزراوەکانی بازرگانی، کرێکار، مووچەی کرێکارەکان و داهاتی دامەزراوەکە و هی‌تر).

- **ڕووپێوی هێزی کار :**

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ دەست بە ئامادەکارییەکانی ئەنجامدانی ڕووپێوێکی تایبەت بە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان و عێراق کرا کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار پاڵپشتی دارایی و تەکنیکی کرا. ئەم ڕووپێوە لە گشت پارێزگاکانی عێراق ئەنجامدرا و لە هەر پارێزگایەك ٩١٢ خێزان هەڵبژێردرابوون بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و وەرگرتنی زانیاری پێویست بە پێی ئەو پرسیارنامەیەی کە لەلایەن ڕێکخراوەکە ئامادە کرابوو. بە هۆی پەتای کۆرۆنا کاری مەیدانی ڕووپێوەکە بۆ مانگی تەمووزی ٢٠٢١ دواخرا و دوای تەواوبوونی کاری مەیدانی و خاوێنکردنەوە و بە هێماکردنی داتاکان، ڕاپۆرتی ڕووپێوەکە ئامادە کراوە.

- **ڕووپێوی خێرای بارودۆخی گوزەرانی خێران و ئەژمارکردنی ڕێژەی هەژاری (SWIFT٢):**

بە مەبەستی زانینی بارودۆخی گوزەران و خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان و خەملاندنی ڕێژەیەکی نوێی هەژاری لە هەرێم، دەستەی ئامار بە هەماهەنگی و پاڵپشتی هونەری بانکی نێودەوڵەتی ئەم ڕووپێوەی ئەنجامدا. دوای تەواو بوونی کاری مەیدانی ڕووپێوەکە و ئەژمارکردنی ڕێژەی هەژاری لە هەرێم و سەرپەرشتکردنی کاری تۆمارکردنی داتا و پاککردنەوەی داتاکان تەواو بووە و بریاروایە بە زووترین کات ئەنجامەکانی ڕووپێوی کار و بێکاری لە هەرێمی کوردستان ڕابگەینرین و دواتر بە پشت بەستن بە داتاکانی ڕووپێوی کار و بێکاری و ئەو زانیارییانەی لەسەر خەرجی خێزانەکان کۆکراوەتەوە ئامادەیان بکەین بۆ شیکردنەوە بە مەبەستی دیاریکردن و هەژمارکردنی ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان.

- **ڕووپێوی داینگەکان لە هەرێمی کوردستان:**

مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە بەدەستهێنانی چوارچێوەیەکی نوێکراو و بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی داینگەکانە لە هەردوو کەرتی حکومی و تایبەتە و دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق ساڵانە ئەم ڕووپێوە ئەنجامدەدات و لەسەر ڕاسپاردەی دەستەی ئامار داوا کرا هەرێمی کوردستانیش بەشدار بێت لەم ڕووپێوە. هەر بۆیە بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوی داینگەکان لە هەرێمی کوردستان و بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق، لە ڕێکەوتی ١-٢/٦/٢٠٢٢ لە شاری بەغدا خولی ڕاهێنان بۆ توێژەرانی هەموو پارێزگاکانی عێراق ئەنجامدرا و لە ناویاندا پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، تیمی هەماهەنگکاری دەستەی ئامار و تیمی سەرپەرشتیاران لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاماری پارێزگاکانی هەرێم بەشداربوون و بڕیارە لە ماوەیەکی نزیکدا کاری مەیدانی ئەم ڕووپێوە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

- **ڕووپێوی دامەزراوەکانی پیشەسازی بچوك (مۆلیدەکانی کارەبا لە کەرتی تایبەت) لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٢:**

وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری بەغدا هەڵسان بە ئامادەکردنی ڕێکارەکانی ئەنجامدانی ڕووپێوی ناوبراو کە بۆ یەکەمجارە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت، ئەم ڕووپێوە گرنگی زۆری دەبێت لە بەدەستهێنانی کۆمەڵێک نیشاندەر لەوانە (ژمارەی موەلیدەکان، توانای ووزەی بەکارهاتوو لە موەلیدەکان و دەستی کار تیایاندا، داهاتی بەدەست هاتوو لەو کارە، ئەژمارکردنی بڕی سوتەمەنی بەکارهاتوو لەگەڵ ڕادەی پاڵپشتی حکومەت بۆ ئەو کەرتە، هەروەها زانینی کێشە و ئاستەنگەکان کە ڕووبەڕووی خاوەن موەلیدەکان دەبنەوە) و کۆمەلێك نیشاندەری تر. ئەم ڕووپێوە بە شێوەی سامپڵ لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت کە پێشتر کاری نوێکردنەوەی چوارچێوەی بۆ ئەنجامدراوە.

- **ڕووپێوی یەکە گەشتیارییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢:**

دەستەی ئاماری هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق, ڕووپێوی یەکە گەشتیارییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ ئەنجام دەدات، بۆ ئەم مەبەستە خولی تایبەت بە ڕووپێوی یەکە گەشتیارییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ لە پارێزگای دهۆک/دیوانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری دهۆک بەڕێوەچوو. لەم خولەدا تیمی هونەری و تەکنیکی لە دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق, سەرپەرشتیاری ڕووپێو لە دەستەی ئاماری هەرێم، نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری پارێزگای دهۆک و سەرپەشتیارانی ناوخۆیی و توێژەرانی کاری مەیدانی و تۆمارکاری داتا لە هەر سێ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاماری پارێزگاکانی هەرێم بەشدار بوون. لەم خولەدا ڕاهێنان بە تۆمارکاری داتا کرا لەسەر میکانیزمی پڕۆگرامی تۆماری داتا و لە دواییین ڕۆژی خول کاری مەیدانی تاقیکردنەوەی پرسیارنامە (pilot) ئەنجامدرا بۆ پشکنینی پرسیارنامەی ئامادەکراو و پڕۆگرامی تۆماری زانیارییەکانی تایبەت بە ڕووپێوەکە وەك هەنگاوێکی سەرەکی بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوەکە کە بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٢ دەست بە کاری مەیدانی یەکە گەشتیارییەکان لە سەرتاسەری هەرێم و عێراق بکرێت.

- **خولی ڕاهێنانی بەرنامەی (WaPOR):**

بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنانی (مقدمة عن قاعدة البيانات WaPOR المستخدمة من الاستشعار عن بعد) بە پاڵپشتی ڕێکخراوی فاو (FAO)، خولەکە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی بەرنامەی ناوبراو بوو لەگەڵ چۆنیەتی دابەزاندنی داتاکانی تایبەت بە کەرتی کشتوکاڵی بە هەموو لایەنەکانی خاك و ئاو و پلەکانی گەرما و جێبەجێکردنی لەسەر نەخشەی (باشووری ڕۆژئاوای ناوچەی عێراق) کە شوێنێکە بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشان کراوە تاوەکو توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام بدەن. هاوکات باسی گرینگییەکانی بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆجیایە کرا لە بەکارهێنانی بۆ دەست خستنی زانیاری وورد و باوەڕپێکراو بۆ کەرتی کشتوکاڵ و بەکارهێنانی لە پلانی زانستی بۆ گەشەسەندنی کەرتی کشتوکاڵ، بە تایبەت کە ئێستا بابەتی گۆڕانی کەش و هەوا و ووشکە ساڵی بۆتە جێگای بایەخی چەندین وڵات کە عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە.

- **خولی ڕێژەی ڕووبەری چاندراو لە بەرهەمێکی بەردەوامدا (نسبة المساحة الزراعية تحت الإنتاج والمستدامة):**

دەستەی ئاماری هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری بەغدا بەشداری کرد لە خولێکی (SDG) بە شێوەی (Online) ئەم خولە بریتی بوو لە ڕێژەی ڕووبەری چاندراو لە بەرهەمێکی بەردەوامدا و یەکێکە لە نیشاندەرەکانی (SDG) لە چوارچێوەی (١٧) ئامانجی سەرەکی کە باس لە ڕووبەری چاندراو دەکات بە مەبەستی گەیشتن بە بەرهەمێکی بەردەوام کە ئەمەش سێ لایەنی سەرەکی دەگرێتەوە کە بریتین لە :(ئابووری، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی) کە لە کێڵگەوە دەست پێدەکات تاوەکو دەگات بە پێوەرە نیشتمانی و جیهانییەکان ، و دەبێت ئاڵوگۆڕی و تایبەتمەندییەکان ڕەچاو بکرێت، بۆ نموونە لە ڕووی ئابووری گونجاوە یان نا ــ لەگەڵ ژینگە سازگارە یان نا هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتی گونجاوە، هەروەها بەراورد کردنی کشتوکاڵی ناوچەیی و بێ بەرهەم لەگەڵ کشتوکاڵێکی بەردەوام و گەشەپێدانی لە ڕووی تەکنەلۆجیا بە جۆرێك کە بتوانێت داواکاری پێداویستییەکانی مرۆڤ بۆ وەچەی ئێستا دابین بکات.

- **خولی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان GIS:**

بە چاودێری وەزارەت و بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی (WFP) و بە بەشداری ناوەندی هەماهەنگی قەیرانەکان (JCC)، خولی ئامادەکاری و وەڵامدانەوە بۆ باری لە ناکاو بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان GIS و تەکنیکەکانی نەخشەسازی ئۆنڵاین بە بەشداری کارمەندانی بەشی نەخشەسازی لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و ئاماری پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی ئەنجامدرا.

- **خولی ڕاهێنانی توێژەران بۆ ڕووپێوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئافرەتان IWISH٢ لە پارێزگای دهۆك:**

دوابەدوای ئەنجامدانی خولی ڕاهێنانی توێژەران لە پارێزگای سلێمانی و هەولێر بۆ ماوەی دوو هەفتە، هەستاین بە ئەنجامدانی خولەکە بۆ توێژەرانی پارێزگای دهۆک، لە میانەی بەردەوامی خولەکەدا ڕاهێنان بە توێژەران و سەرپەرشتیارانی ناوخۆ کرا لەسەر پرسیارنامەکانی ڕووپیوەکە، لە هەمان کاتدا ڕاهێنانیان لەسەر پرسیارنامەکە بە بەکارهێنانی تابلێت و لە کۆتا ڕۆژی خولەکەدا کاری مەیدانی پێشوەختە لە هەمان پارێزگا ئەنجامدرا، وەکو ئامادەکارییەکەك بۆ قۆناغی داهاتوو کە کاری مەیدانی ڕاستەقینەیە بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ بەردەوام بوو. ئەم ڕووپێوە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق و بە هەماهەنگی و پاڵپشتی دارایی سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان(UNFPA) ئەنجامدرا.

- **خولی ڕاهێنانی ئامار و توێژینەوەی زانستی:**

بەشداریکردنی تیمی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامار لە پارێزگاکان و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە خولی تایبەت بە ئامار و توێژینەوەی زانستی لە شاری بەغدا. ئامانجی خولەکە بریتی بوو لە بەرەوپێش بردن و بنیاتنانی فەرمانبەران و زیادکردنی گەشە پێدانیان لە شیکردنەوەی ئاماری. باسکردنێکی وورد کرا سەبارەت بە بەشە سەرەکییەکانی بواری زانستی ئامار و سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی داتای ئاماری و چۆنیەتی کۆکردنەوەی داتاکان، هەروەها سەبارەت بە فۆرمی ئاماری(الإستبانة) و ڕاهێنان کردن لەسەر دیزاینی فۆرمەکە. دواتر ئاماری وەسفی باس کرا و ڕێگای پێشکەش کردنی داتاکان لەم ڕووەوە ڕاهێنانی لەسەرکرا.

- **خولی ڕاهێنانی ئەکادیمیای ئامار و شیکردنەوەی بازاڕی کار:**

بەشداریکردنی وەزارەت لە خولی ڕاهێنانی ئەکادیمیای ئامار و شیکردنەوەی بازاڕی کار کە لەلایەن ناوەندی نێودەوڵەتی ڕاهێنانی سەربە ڕێکخراوی جیهانی کار ساز کرابوو، ڕاهێنانێکی تایبەت بە ئامارەکان و شیکردنەوەکانی بازاڕی کار کە تیایدا چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە کار و بازاڕی کار و کاری ئاماری پەیوەندیدار باسکران. هەندێك لە بابەتەکان بریتی بوون لە: (کاری شیاو، کار، بێکاری و هێزی کاری ئامادە، ئامارەکانی بازاڕی کار، ئەژمارکردنی کارکەری و هێزی کاری ئامادە لە ڕووپێوەکانی هێزی کار، هێزی کاری منداڵان، هێزی کاری نافەرمی؛ ئامارەکانی کاری کۆچبەران، سیستەمەکانی زانیاریی بازاڕی کار).

- **وۆرکشۆپی چۆنیەتی ئامادەکردن و هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان:**

وەزارەت سەرپەرشتی وۆرکشۆپێکی پێنج ڕۆژەی ڕاهێنانی کرد لەسەر میتۆدی تایبەت بە چۆنیەتی ئامادەکردن و هەڵسەنگاندنی پرۆژە بۆ هەریەک لە سێکتەرەکانی (تەندروستی، پەروەردە، پرۆژەکانی بەنداو و ئاودێری). لە وۆرکشۆپەکەدا، ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەشداربوون و تاوتوێی ناوەڕۆکی ئەو میتۆدە تایبەتانە کرا کە لەلایەن وەزارەتەوە ئامادەکرابوو، هەروەها لە ماوەی ئەم وۆرکشۆپەکەدا گوێ لە ڕاوبۆچوونی بەشداربووان گیرا و تاوتوێی ڕا و بۆچوونەکان کرا.

- **وۆرکشۆپی ئاوێتەکردنی داینامیکی دانیشتوان لەگەڵ پلاندانانی گەشەسەندن:**

وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی UNFPA وۆرکشۆپێکی سازکرد تایبەت بە داتاکانی ئاماری دانیشتوانی هەرێم و کاریگەری زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان لە ماوەی (٢٠) ساڵی داهاتوودا و ئەو پێشبینیانە خرانەڕوو لەسەر زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم بە مەبەستی بەرچاوڕوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چەند ساڵی ئایندە و گرتنەبەری ڕێکاری پێویست و ستراتیجی لە پێناو ئامادەکاری بۆ زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان.

- **وۆرکشۆپی هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی:**

بە هاوکاری دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق و بە ئامادەبوونی بەشە تەکنیکیەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی وەزارەت وۆرکشۆپی هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بەڕێوە چوو. ئەم وۆرکشۆپە زنجیرەیەکە لە وۆرکشۆپەکان کە پلان وایە بۆ ماوەی ئەمساڵ بەردەوام بێت بە مەبەستی دەرهێنانی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و زیادکردن لەسەر کۆی بەرهەمی نیشتمانی عێراق.

وۆرکشۆپەکە ئەم بابەتانەی لە خۆدەگرت: (دانانی سیستەمی ژمێریاری نیشتمانی، هەیکەلی بەڕێوەبەرایەتی و پۆلینی بەکارهاتوو، شێوازی بەکارهاتوو بۆ مەزندەکردنی کۆی دەرهاوێشتە، پێداچوونەوەی داتای دەرەکی، هاوکاری نێوان بەشە تەکنیکییەکان لە دەزگای ناوەندی و دەستەی ئاماری هەرێم و ئەنجامدانی ڕووپێوی هاوبەش لە ساڵانی داهاتوو، ڕوونکردنەوەی شێوازی کار و پرۆسەی هەژمارکردن بۆ هەموو چالاکییەکان وەکو نەفت، حکومەت، کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی، بانك، دڵنیایی، گواستنەوە، پەیوەندییەکان، ئاو و کارەبا).

- **ڕاپرسی پرۆژە پێشنیارکراوەکان لەلایەن هاووڵاتیانەوە:**

وەزارەت هەستا بە ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی تایبەت بە بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە دەستنیشانکردنی پرۆژەکان و بڕیاری حکومەت دەربارەی پرۆژەکان. وەزارەت لە سەروبەندی دیاریکردن و ڕێکخستنی بودجەی ساڵی ٢٠٢٢یە و لەم چوارچێوەیەشدا و بۆ یەکەم جار خوازیاری ڕاپرسییەکە بۆ وەرگرتنی ڕوانگەی خەڵک لەسەر ئەم پرسە و دیاریکردنی ئەولەویەتی پرۆژە گرنگ و پێویستەکانی ناوچەکانیان. لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٢ تیمی دەستەی ئاماری وەزارەت هەڵسا بە شیکردنەوە و ئامادەکردنی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە.

- **چاودێری و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی خۆراکی ئاوارە و پەنابەران:**

بە مەبەستی زانینی ڕەوشی خۆراك و باری گوزەرانیان و پێداویستییە خۆراکییەکانیان و هەڵسەنگاندن و چاودێریکردنی ڕەوشی ژیانی ئاوارە و پەنابەران و کاریگەری ئەو یارمەتیانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی خۆراکی جیهان (WFP) پێیان دەبەخشرێت، تیمی دەستەی ئاماری وەزارەت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاماری پارێزگاکان (هەولێر، سلێمانی و دهۆك) کاری مەیدانی لە کەمپەکان ئەنجامدەدەن.

- **چالاکییەکان لە بواری پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری:**

- لە ساڵی یەکەم و دووەم وەزارەت هەڵساوە بە پێدانی زیاتر لە (٢٥٤) نووسراوی تایبەتمەندی بۆ کۆمپانیاکانی ناوخۆ و دەروازە سنوورییەکان و لایەنە حکومییەکان و هەروەها کاری پشکنینیان بۆ زیاتر لە (١٩٠) مادەی خۆراکی ئەنجامداوە، و بە بەردەوامی سەردانکردن و بەدواداچوون و چاودێریکردنی بازاڕیان کردووە وەک (تازەکردنەوەی مۆڵەتی زێرینگری و وەرشەی زێڕ، دەرهێنانی مۆڵەتی زێڕینگری، پشکنینی خشڵی هاوردە، پشکنینی پسوولەی فرۆشتنی زێڕ، پشکنینی دوکانی وەرشە و زێڕینگری، کێشکردنی تەرازوو، سەردانی لیژنەی چاودێری بازاڕ، تاقیکردنەوەی زێڕینگەران و خاوەن وەرشەکان، داخستنی دوکانی زێڕینگری بە هۆی نەبوونی مۆڵەت، ئاگادارکردنەوەی ئەو زێڕینگرانەی مۆڵەتیان نوێ نەکردووتەوە).

- لە ساڵی سێیەمی کارکردنی کابینەی نۆیەمی حکومەت وەزارەت کاری پشکنینی بۆ زیاتر لە (١٧٨) مادەی خۆراکی ئەنجامداوە، و بە بەردەوامی کاری پشکنینیان بۆ کەل و پەل و کاڵا هاوردەکانی کە دێنە ناو هەرێمی کوردستان لە بنکەکانی فیشخاپور، حاجی ئومەران، پەرویزخان، سەرتەک کردووە. هەروەها بە بەردەوامی سەردانکردن و بەدواداچوون و چاودێریکردنی بازاڕیان کردووە وەک (٣،٣٠٩ سەردانیکردنی بازاڕ، ١٣٧ داخستن، ٣٢٨ هۆشداری، تازەکردنەوەی مۆڵەتی زێرینگری و وەرشەی زێڕ، دەرهێنانی مۆڵەتی زێڕینگری، پشکنینی خشڵی هاوردە، پشکنینی پسوولەی فرۆشتنی زێڕ، پشکنینی دوکانی وەرشە و زێڕینگری، کێشکردنی تەرازوو، سەردانی لیژنەی چاودێری بازاڕ، تاقیکردنەوەی زێڕینگەران و خاوەن وەرشەکان، داخستنی دوکانی زێڕینگری بە هۆی نەبوونی مۆڵەت، ئاگادارکردنەوەی ئەو زێڕینگرانەی مۆڵەتیان نوێ نەکردووتەوە...هتد).

سێیەم: لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

- **ئەنجامدانی سەرژمێری لە عێراق:** وەزارەتی پلاندانان لە ڕێگەی دەستەی ئاماری هەرێکردووە لە کۆبوونەوەکانی دەستەی باڵای سەرژمێری، کە باس لەو هەنگاوانە کران کە تاکو ئێستا وەکو ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری هاوێژراون لە بوارەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری، سیستەمی زانیاری جوگرافی، گەیاندن، پرسیارنامەکانی هەر دوو قۆناغی گەمارۆسازی و ژمارەدانان و سەرژمێری و تازەکردنەوەی یەکەکانی کارگێڕی. هەروەها هۆکارەکانی دواخستنی سەرژمێری بۆ ساڵی داهاتوو و تەرخاننەکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی سەرژمێری گشتی دانیشتوان و دابیننەکردنی وێنەی ئاسمانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە بە کۆلەکەی ئامادەکارییەکانی سەرژمێری دانیشتوان ئەژمار دەکرێت تاوتوێ کران. هەروەها دووپات کرایەوە کە وەزارەتی پلاندانان لە هەرێمی کوردستان هەمیشە لەگەڵ ئەوە بووە کە سەرژمێری پرۆژەیەکی گرنگە و پێویستە بۆ بنیاتنانی وڵات و نابێت تێکەڵ بە مەرامی سیاسی بکرێت و دەبێت بە هاوبەشی هەردوو لا بۆ سەرخستنی پرۆسەکە کاربکەین. لە ساڵی ٢٠١٨ لە سەرەتای ئامادەکارییەکانی ئەنجامدانی سەرژمێریی دانیشتوان، بابەتی تەرخانکردنی بوودجەی پێویست بۆ دەستەی ئاماری هەرێم بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان، یەکێك لە خاڵەکانی گفتوگۆکانی نێوان دەستەی ئامار و دەزگای ناوەندی ئامار بووە. بوونی گرفتە دارایی کۆنەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و ڕێکەوتن لەسەر شێوازی پێدانی پارەی پێویست بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری لە هەرێمی کوردستان ماوەیەکی خایاند و لە کۆتاییدا بڕیاردرا کە بڕی ١،٢٣٢،٩٧٣.١٦٧ (یەک ملیار و دووسەد و سی و دوو ملیۆن و نۆسەد و حەفتا و سێ هەزار و سەد و شەست و حەفت دینار) بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری لە هەرێمی کوردستان تەرخان بکرێت و بخرێتە سەر ئەژمارێکی بانکی تایبەت بە سەرژمێری دانیشتوان.

- **سندوقی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی(SFD)** : پرۆژەیەکە بۆ گەشەپێدانی گوندەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق و لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە بودجەی بۆ دابین دەکرێت. لە وەزارەت تیمێکی تایبەت بۆ سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی کارەکانی ئەم پرۆژەیە لە هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) پێکهێنراوە.

لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە بە لەبەرچاوگرتنی چەند نیشاندەرێکی دیاریکراو شایستەترین ئەو گوندانە دیاری دەکرێن کە لە ڕێگەی ئەم سندووقەوە خزمەتگوزارییان پێدەگات، قۆناغی یەکەمی ئەم پرۆژەیە لە پارێزگای دهۆک تەواو بووە و چەند گوندێک لەو پارێزگایە لە سندووقەکە سودمەندبوون و لە ئێستاشدا پرۆژەکە بەردەوامە و لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی لە جێبەجێکردندایە، وەزارەت بە بەردەوامی لە هەماهەنگیدایە لەگەڵ ستافی تایبەتمەند بەم سندووقە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، هاوکات هەماهەنگی و لێکگەیشتنی باش دروستکراوە، لە نێوان وەزارەت و وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی فیدراڵ لەسەر ئەم بابەتە.

چوارەم: لەسەر ئاستی ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان

وەزارەت بەپێی توانا لەگەڵ چەندین ڕێکخراو لە هەماهەنگی بەردەوامدایە بۆ هاندانی ئەم بوارە و بۆ ڕێزگرتن لە مافی ئازادی و دیموکراسی و هاوسەنگکردنی ژیان بە گشتی لە هەرێمی کوردستان.

پێنجەم: پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

- وەزارەتی پلاندانان بەردەوام بووە لە کاری هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ ئاژانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ هاوکاری کردنی تەکنیکی و راوێژکاری بۆ دامەدەزگاکانی حکومەت و ئەنجامدانی پڕۆگرامی پێویست بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکان و خزمەتکردنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بە هاوکاری ڕێکخراو و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانی وەک: (UNDP, USAID, UNESCO, CECVI, GIZ, BMZ, GMAC, IOM, ETTC, VNG, RDPPII, UNFPA, AICS, BFZ, JICA)
- ساڵی ٢٠١٦ کۆمسیۆنی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان (UNSD) لە کۆبوونەوەی ٤٧ لەسەر داواکاری هەر یەک لە دەزگای ئاماری وڵاتی نەرویج، کۆمەڵەی ئاماری ئەوروپا، تورکستات و کۆمسیۆنی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران، ڕەزامەندیدا بۆ دروستکردنی گرووپێکی تەکنیکی بە ناوی :گرووپی شارەزایانی ئامارەکانی پەنابەران و ئاوارەکان .Expert Group on Refugees and IDPs Statistics (EGRIS) – ئامانجی ئەم گرووپە دانانی ڕێباز و ڕێنوێنیی گشتگیر و جیهانی تایبەت بە کۆکردنەوەی داتا لەسەر ئاوارەکان و پەنابەران لە وڵاتان بوو تاکو لە کۆتایی کۆمەڵێک ڕاسپاردەی تەکنیکی ئامادە بکرێن و لە دەزگا ئامارییەکانی وڵاتان و لایەنەکانی پەیوەندیدار و بە تایبەتی لە داڕشتنی پرسیارنامەی ڕووپێوەکان کاریان پێ بکرێت. دوای دروستبوونی ئەم گرووپە لەو چوار لایەنە، بە پێویستیان زانی کە چەند وڵاتێک و لایەنێک کە ئەزموونیان لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاوارە و پەنابەراندا هەیە بانگهێشت بکرێن بۆ ئەندامێتی لەو گرووپە تا لە شێوازی کۆکردنەوەی داتای ئاماری بۆ پەنابەران و ئاوارەکان و هەروەها لە ڕێکخستنی ئەو ڕێبازە ئامارییە سوود لە ئەزموونیان وەربگرن. بۆیە، ساڵی ٢٠١٧، بە فەرمی داوا لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کرا بۆ ئەندامێتی لەم گرووپە. تا ئێستا ٢ کۆبوونەوەی باڵا ئەنجامدراون، یەکەمیان لە ساڵی ٢٠١٧ لە وڵاتی نەرویج و دووەمیان لە ساڵی ٢٠١٩ لە وڵاتی تورکیا و کۆبوونەوەیەکی تری لاوەکی لە وڵاتی یوگەندا لە ساڵی ٢٠١٨ ئەنجامدرا. هاوتەریب لەگەڵ کۆبوونەوەکانی لێژنەی باڵا، زنجیرەیەك کۆبوونەوە و کۆنفرانسی ئۆنلاین سازدراون کە بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداریمان کردووە و دواترینیان لە ڕۆژی ٣٠ ئازاری ساڵی ٢٠٢٢ بوو کە تیایدا پرێزینتەیشنی تایبەت بە کوردستان نیشاندرا، بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای ئاماری ئۆکرانیا. دوای ٤ ساڵ لە ئەندامێتی گرووپەکە، سەرۆکی دەستەی ئامار بوو بە ئەندام لە لیژنەی بەڕێوەبردن (Steering Committee) کە لە ١٥ ئەندام پێکهاتووە. لەو ماوەیە، لە داڕشتنی ڕاسپاردە تەکنیکییەکان بۆ چۆنیەتی کۆکردنەوەی ئاماری ئاوارەکان و پەنابەران بەشداریمان کرد و دوای تەواوبوونی کارەکان، ڕاپۆرتی تەکنیکی ڕاسپاردەکان لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمسیۆنی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک لە مانگی ٣ ساڵی ٢٠٢٠ خرایە بەردەم ئەندامانی و دوای پەسەندکردنی، داوا کرا کە کارەکانی ئەم گرووپە تا ساڵی ٢٠٢٤ بەردەوام بن بە مەبەستی سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان لە زۆربەی دەزگا ئامارییەکان بە پێی تواناکانیان و ئاشنابوونیان بەو ڕاسپاردانە. جێگەی ئاماژە پێکردنە کە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی هەرێم و عێراق دەکات لەم گرووپە نێودەوڵەتییە و تا ئەمڕۆ ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە تەواوی کارەکان کە جێگەی شانازییە و ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی کاری ئامارییە لە هەرێمی کوردستان.

شەشەم: لە ئاستی ئابووری و داراییدا

- **ئامادەکردنی چوارچێوەی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت:**

وەزارەت لەسەر بنەمای فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٢)، کاری لەسەر پڕۆگرامی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی- کەرتی تایبەت کردووە و لەو چوارچێوەیەدا:

- چوارچێوەی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی- کەرتی تایبەت کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند کراوە.
- پەیڕەوی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی- کەرتی تایبەت کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند کراوە.
- ڕەشنووسی ڕێنمایی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی- کەرتی تایبەت، کە بە نووسراوی فەرمی لەلایەن وەزارەت ئاراستەی هەریەک لە ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی شورا کراوە بە مەبەستی پێداچوونەوە و پەسەندکردن.

سەرەڕای دانان و داڕشتنی ئەو بنەما یاساییانەی کە لایەن وەزارەتەوە بۆ پڕۆگرامی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی- کەرتی تایبەت ئامادەکراوە، وەزارەت بەردەوامە لە هەماهەنگی کردن و کارکردن لەگەڵ وەزارەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت بۆ مەبەستی:

- دیاریکردنی پڕۆژە گونجاوەکانی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی- کەرتی تایبەت.
- بونیاتنانی توانای فەرمانبەرانی پەیوەندیدار لە وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت تایبەت لە بواری هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی- کەرتی تایبەت و ئامادەکردنی بیرۆکە و چەمک و هەڵسەنگاندنی پڕۆژەکانی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی- کەرتی تایبەت.

- **ئامادەکردنی ڕەشنووسی پلانی ڕیفۆرمی ئابووری ٢٠٢١-٢٠٢٣ :**

چاکسازی یەکێکە لە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمەوە گرنگییەکی زۆر دراوە بە ئەنجامدانی چاکسازی لە هەموو ئاستەکاندا بۆ چەسپاندنی یاسا، ڕێکخستنەوەی کەرتی وەزیفی گشتی، نەهێشتنی گەندەڵی و چەسپاندنی شەفافیەت لە گشت بوارە داراییەکانی حکومەتی هەرێم و بە تایبەت لە بواری نەوت و ڕێکخستنەوەی سیستەمی باج بۆ چەسپاندنی دادپەروەری.

هەروەها هەمەجۆرکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان یەکێک بووە لە ئامانجە گرنگەکانی حکومەت تا بتوانرێت هەلی کار بۆ لاوان فەراهەم بکرێت. لە چوارچێوەی بە ئەنجامگەیاندنی ئامانجەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم، پلانێکی چاکسازی ئابووری سێ ساڵی (٢٠٢١- ٢٠٢٣)ـمان ئامادە کرد. لە پڕۆسەی ئامادەکردنی ئەم پلانەدا، هەماهەنگی تەواو لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتدا (لە ئاستی باڵا) کرد و هەوڵمان داوە بە پێی پەیوەندی هەر وەزارەتێک پلان و چالاکییەکانیان دەستنیشان بکەین و لە پلانە ئابوورییەکەدا جێی کراوەتەوە. پلانی چاکسازیی ئابووری (٢٠٢١- ٢٠٢٣) وێنەیەکی گشتگیری هەمەلایەنی چاکسازییە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان پیشان دەدات. بە گشتی پلانەکە لە پێنج بواری چاکسازی سەرەکی پێکدێت کە بریتین لە :

١. بواری دارایی گشتی.
٢. بواری دروستکردنی ئابوورییەکی هەمەجۆر و هاندانی پەرەپێدانی ئابووری.
٣. بواری دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی گونجاو.
٤. بواری زیادکردنی دەستگەیشتن و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان.
٥. بواری حکومڕانی باش.

١- لە بواری دارایی گشتی:

لەم بوارەدا تیشک خراوەتە سەر چاکسازی لە سیستەمی باج و گومرگ، پەیکەری دامەزراوەیی بۆ خەرجییە گشتییەکان، بودجەی ساڵانەی حکومەت بۆ هەمەجۆرکردنی داهات و کۆنترۆڵکردنی خەرجییە گشتییەکان و سەقامگیرکردنی دارایی گشتی.

٢- لە بواری دروستکردنی ئابوورییەکی هەمەجۆر و هاندانی پەرەپێدانی ئابووری:

بازاڕی ئازاد و باڵادەستی کەرتی تایبەت زۆر گرنگە بۆ دامەزراندنی ئابوورییەکی هەمەجۆر کە هانی پەرەپێدان بدات. لەم بوارەدا تیشک خراوەتەسەر دامەزراندنی میکانیزمی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بۆ بەشداریپێکردنی کەرتی تایبەت لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان. چاکسازی یاسایی بۆ ڕێخۆشکردن بۆ بازاڕی ئازاد و هاندانی وەبەرهێنانی تایبەت و دروستکردنی کەرتی بانکی گونجاو و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی.

٣- لە بواری دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی گونجاو:

باشترکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی بەشی چاکسازیی لە کارنامەی ٢٠١٩ی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەبەرئەوە پلانی چاکسازیی ئابووری زامنی زیادکردنی پشکی وەبەرهێنانی گشتی دەکات لە بواری خزمەتگوزارییەکان و ئەنجامدانی کۆمەڵێک چاکسازی بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان.

چاکسازییە پێویستەکان بریتین لە ڕێکخستنەوەی پەیکەری دامەزراوەیی کەرتی کارەبا و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە بەشداریپێکردنی وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت.

٤- لە بواری زیادکردنی دەستگەیشتن و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان:

خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان بە گشتی پێکدێن لە کەرتە کۆمەڵایەتییەکان وەک پەروەردە، تەندروستی، خانەنشینی، تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی و بازاڕی کار.

دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان ئەرکی سەرەکی حکومەتە، پلانی چاکسازی ئابووری دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ بەشداری کەرتی تایبەت و ڕێکخستنەوەی دامەزراوە گشتییەکان کە پێکهێنراون بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، هەروەها بە مەبەستی بەرزکردنەوەی کارایی بۆ بەکارهێنانی ئەو بودجەیەی بۆیان تەرخانکراوە بە شێوەیەکی گونجاو. لەم بوارەدا تیشک خراوەتەسەر ئەنجامدانی چاکسازی لە خانەنشینی، تۆڕی پاراستنی خێزان و پەرەپێدانی بازاڕی کار.

٥- لە بواری حکومڕانی باش:

ئەم بوارە تیشک دەخاتەسەر کارگێڕی گشتی و بوارەکانی تری حوکمڕانی وەک سیستەمی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری. چاکسازییەکان کە دەستنیشان کراون بریتین لە دروستکردنی کارگێڕی گشتی کارا و گونجاوکردنی مووچەی گشتی، زیادکردنی کارامەیی و شەفافیەتی پڕۆسەی گرێبەستکردنی گشتی و بەرەوپێشبردنی گرێبەستە گشتییەکانی کاڵا و خزمەتگوزاری و چڕکردنەوەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ئەمانەش دەبنە هۆی بەهێزکردنی سەروەری یاسا و هەموو دامەزراوەکانی سەپاندنی یاسا، وەک پۆلیس، داواکاری گشتی و دادوەری (دادگا) و دامەزراوەکانی وردبینی، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە.

- **میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانی ڕیفۆرمی ئابووری:**

لە بەشی کۆتایی پلانەکەدا پێشنیاری گونجاو خراوەتەڕوو بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم پلانە، پێشنیارەکە بریتییە لە دامەزراندنی لیژنەی چاکسازی ئابووری کە بەرپرسیار دەبێت لە سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی پلانەکە. لیژنەی چاکسازی ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان هەڵدەستێ بە پێکهێنانی لیژنەی تەکنیکی بۆ هەر بوارێک تا چالاکییەکان ئەنجام بدەن.

لیژنەی چاکسازی ئابووری پێکدێت لە نوێنەری نووسینگەی ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و نوێنەری نووسینگەی جێگری سەرۆکی حکومەت، وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی دارایی و ئابووری، ڕاوێژکارانی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی لیژنە تەکنیکیەکان.

لیژنەی چاکسازی ئابووری ڕاوێژ دەکات لەگەڵ خاوەنکار و کۆمپانیا تایبەتەکان، سەنتەرەکانی توێژینەوە، کەسانی ئەکادیمی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بە مەبەستی وەرگرتنی دید و بۆچوونیان لەسەر پڕۆسەکانی چاکسازی.

بە مەبەستی پەسەندکردنی پلانی چاکسازی ئابووری، ڕەشنووسی کۆتایی پلانی چاکسازی ئابووری ئاراستەی ئەنجومەنی باڵای ئابووری کراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/١٧.

- **ئامادەکردنی ڕەشنووسی دیدگای ٢٠٣٠ی هەرێمی کوردستان:**

وەزارەتی پلاندانان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، هەڵسا بە ئامادەکردنی ڕەشنووسی دیدگای ٢٠٣٠ی هەرێمی کوردستان و بۆ ئەم مەبەستە و بۆ زیاتر گفتگۆکردن و دەوڵەمەندکردنی کۆڵەکەکانی پێکهاتەکەی ڕەشنووسەکە و بەستنی بە ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام (SDGs) چەندین وۆرکشۆپێک بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێکخرا.

- **چالاکییەکان لە بواری ڕاپۆرتەکان و ئامادە کردن و هەماهەنگیکردنی پلانەکانی گەشەپێدان**

- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کەرتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلاندانان یارمەتی تەکنیکی پێشکەشی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کردووە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک لە سەر کەرتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لە هەڵسەنگاندنی دۆخی گوزەرانی جووتیارانی بوارە جیاوازەکانی کشتوکاڵ بە تایبەتی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، ئاژەڵداری، ماسی و بەرهەمە ئاوییەکان و سەرچاوەکانی دارستانی ناوچە گوندییەکان، هەروەها نیشاندانی زنجیرەی بەهای پێویست بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، ئاستەنگەکان، پێداویستییەکان و پێشنیارکردنی چارەسەرەکان.

- تەواوکردنی ڕاپۆرتێک سەبارەت بە پەرەپێدانی توانای هەناردەکردنی بەرهەمە پیشەسازییەکان و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی کەرتە ئابوورییەکان و ڕەوانەکردنی کۆپییەک بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.
- تەواوکردنی توێژینەوەیەک دەربارەی ڕۆڵی کشتوکاڵی لە پەرەپێدانی ئابووری و ناردنی کۆپییەک لە توێژینەوەکە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.
- کارکردن لەسەر چەندین ڕاپۆرت و توێژینەوەی جۆراوجۆر لە بوارە جیاوازەکان وەک (چاککردنی ژینگەی کار و دابینکردنی هەلی کار لە هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی کەرتی گەشتیاری و پەرەپێدانی بەردەوام و ڕەهەندی ئابووری، پەرەپێدانی توانای هەناردەکردنی بەرهەمە پیشەسازییەکان و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی کەرتە ئابوورییەکان، دابینکردنی پێداویستییەکانی گەشەی ئابووری و ئاسایشی خۆراک، پێداویستییەکانی گەشەی ئابووری بە مەبەستی سوودمەندبوونی خەڵک و تەواوی سێکتەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و هاوتاکردنی ئیمتیازاتەکانی لەگەڵ کەرتی گشتی بە مەبەستی بوژاندنەوەی بازاڕی کار لە کەرتی تایبەتدا، پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە و هاوچەرخکردنی ناوەڕۆکی مەنهەجی خوێندن لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی ئەزبەرکردن لە نێوان قوتابی و خوێندکارەکاندا).

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

ساڵی (یەکەم)

یەکەم: ئاستی چاکسازی

- ئامادەکردنی پێناسەی کار (الوصف الوظيفي) و کارنامەی کار (لائحة العمل) لە ڕووی کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە دیوانی وەزارەت بە مەبەستی شێوازی بەڕێوەبردنی و باشترکردنی خزمەتگوزاری و ڕێکخستنی ئیش و کارەکان.
- گەڕاندنەوەی داهات بۆ خەزینە، ئەویش بە گەڕانەوەی زیاتر (١) ملیار دینار لە مووچە کەم ئەندامان.
- گێڕانەوەی زیاتر لە دوو ملیار دینار کەم ئەندامانی هەڵەبجە بۆ خەزێنەی دەوڵەت.
- کاراکردنەوە و دانانی سندوقی سکاڵا لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەت بەمەبەستی چاکسازی لە کاری وەزیفی و باشترکردنی خزمەتگوزاری.
- لیژنەی بەدواداچوون بۆ هەواڵ و زانیارییەکانی ڕاگەیاندن بۆ سەرجەم فەرمانگەکانی وەزارەت بە مەبەستی باشتر بەڕێوەبردن و چاککردنی خزمەتگوزارییەکان.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بە شێوازێکی نوێ جیا لە شێوازی پێشوو کە تەنها چەند ڕێنماییەکی وەزارەتی دارایی هەبوو بۆ دیارکردنی سوودمەندان و، کارکردن لەگەڵ وەزارەتی پلان و هەردوو ڕێکخراوی بانکی نێو دەوڵەتی و UNDP و شارازی نێودەوڵەتی بۆ گەیشتنە قۆناغی کۆتایی ئەم ڕەشنووسە.
- پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری شایستە و کاراکردنی پڕۆسەی چاکسازی بۆ بەندییەکان، لە میانەی شەش چاکسازی لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك، کە زیاتر لە (٥٣٠٠) پێنج هەزارو سێ سەد بەندی لە خۆ دەگرن.

دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

- گەڕانەوەی مووچەی کەمئەندامان لە گشت شارەکانی هەرێمی کوردستان، تیایدا (١٢٦٨٩) کەمئەندام سوودمەندبوون، کە (١،٧٠٤،٣٠٠،٠٠٠) یەك ملیار و حەوت سەد و چوار ملیۆن و سێ سەد هەزار دینار بۆی تەرخانکراوە.
- سیاسەتی پارستنی منداڵ، لەبواری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەگشت شارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سوودمەندبوونی گشت منداڵان.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای کار و سیاسەتی بەکارخستن بۆ بەکارخستن و دەستەبەری کرێکاران بە مەبەستی خزمەتکردنی زیاتری کرێکاران و پاراستنی مافی کرێکار و خاوەن کار و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری.
- کاراکردنەوەی صندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە مەبەستی کۆکردنەوەی داهاتی دەستەبەری لە یەک صندوق وەبەرهێنان و یەکخستنی داهات.
- پێدانی (٥١٥٠) ڤیزەی کارکردن بە کرێکاری بیانی، بەو کەسانەی مەرجەکانی کارکردن لە هەرێمی کوردستان دەیان گرێتەوەو، ڕەتکردنەوەی هەر داواکارییەکی ڤیزاش کە مەرجەکانی کارکردنی تێدا نەبێت.
- هەموارکردنەوەی یاسای ژماری (٢) ی ساڵی ٢٠١١ ی تایبەت بە سندوقی پشتیوانی پڕۆژە بچووکەکانی لاوان، بە شێوازێك کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی ئێستای هەرێم.

- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بە سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچوکەکانی لاوان بە مەبەستی سوودمەند بوونی ژمارەیەکی زیاتر لە گەنجان لەسەر بنەمای هەموارکردنەوەی مەرجەکانی پێدانی پێشینە لە یاساکەدا (دابینکردنی هەلی کاری زیاتر).
- هەموار کردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ی تایبەت بە کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بە مەبەستی دەستەبەر کردنی ژیانی شایستە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت.
- دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٩ ی تایبەت بە هێزی جێبەجێ کردن لە چاکسازییەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆك بەمەبەستی پاراستنی سزادراوان.
- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٢) سالی ٢٠١٩ تایبەت بە مۆڵەتی سزادراوان بۆ سوودمەند بوونی خێزانی سزادراوان.
- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٣) سالی ٢٠١٨ تایبەت بە سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم بۆ چاودێری کەمئەندامان بە مەبەستی گرنگیدان بە کەرتی تایبەت لەم بوارە.
- بەخشینی مۆڵەتی بەخێوکەر وەکو مافێکی کەمئەندامان بە مەبەستی کەم کردنەوەی ئەرکی خاوەن پێداویستی تایبەت.
- تۆمارکردنی ناوی بێکاران بۆ دۆزینەوەی هەلی کار کە تاکو ئێستا ٤٠٠ کەس تۆمار کراون (٧٥) کاریان بۆ دۆزراوەتەوە.
- گشتاندنی کارئاسانی بۆ مافی کەمئەندامان بە مەبەستی بارسوکی بە بەخشین لە ڕسوماتی خوێندن و کارئاسانی لە باڵەخانەکان.
- ئامادەسازی بۆ دووبارە ناونووسینی کەمئەندام بە مەبەستی سوودمەندبوونی کەسانی شایستە.
- تەواوکردنی کارەکانی باڵەخانەی ٩ وەزارەت بە مەبەستی کارئاسانی بۆ هاووڵاتیان و کەمئەندامان و باشتر کردنی ڕێکخستنی کارگێڕی.
- گێڕانەوەی مووچەی (١٣٠٠٥) کەمئەندامان کە دوای پشکنینەوەی پزیشکی شایستە بوون یارمەتی دارایی وەربگرن، (٨٩٣٩) کەمئەندام بە هاریکاری مانگانەی (١٥٠٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار چونکە هیچ داهاتێکیان نییە، هەروەها (٤٠٦٦) کەمئەندام بە هاریکاری مانگانەی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار کە سەرچاوەی تری داهاتیان هەیە.
- خۆئامادەکردن بۆ تۆمارکردنی ناوی نوێی کەمئەندامان کە مەرجەکانی شایستەبوونی هاوکاریان تێدایەو، پێشتر ناونووس نەکراون.
- بەکارخستنی سیستەمی داتابیس بۆ زانیاری کەمئەندامانی سوودمەند لە حکومەت، کە بەشێوازێك لەسەر ئاستی کوردستان یەك فۆرمی هاوشێوە پیادە بکرێت بۆ زانیارییەکان و وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی سوودمەندبوونی کەمئەندامان لە ڕێگای ئەلکترۆنیەوە بێت.
- ڕاگرتنی دەوامی ئاسایی لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و پەیمانگاکانی فێرکردن و سەنتەری ئۆتیزم لەگەڵ فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران، لە میانەی ڕووبەڕوو بوونەوەی گرفتی ڤایرۆسی کۆرۆناو بەرداوام بوون لە خزمەتگوزارییەکانی چاکسازییەکان و خانەکانی چاودێر و ماڵەکانی دادەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو.
- بەخشینی (الغرامة التاخيرية) بۆ سەرجەم سوودمەندانی قەرزی بچووك لە ٢٠٢٠/١/١ تاکو ٢٠٢٠/٦/١، وەك پاڵپشتەیەك و کار ئاسانیەك بۆ سوودمەندانی قەرزی بچووك، بە هۆی ئەم بارە ناهەمواریەی لە کوردستان هەیە.
- چارەسەرکردن هاوکاری کردنی خێزانێکی کەم دەرامەت بۆ ڕێگەگرتن لە بەخشینی منداڵەکانی لەبەر نەبوونی، کە بە هیمەتی وەزارەت لە ڕێگای خێرخوازان خانووەکی بۆ دابینکرا لە پیرەمەگروون.

- گۆڕینی سیستەمی کاری هێلی گەرمی فریاکەوتنی منداڵان (١١٦) لە سیستەمی (٨) کاتژمێری خزمەت بۆ (٢٤) کاتژمێر، تاکو بتواندرێت بە شێوازێکی بەردەوام بە هانای منداڵانەوە بێت و خزمەتگوزاری پێویستیان پێشکەش بکات.
- کارکردنی جدی لەسەر پرۆژەی خزمەت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەنجام دەدرێت و سەرجەم دامودەزگاکانی وەزارەتی کار کە خزمەتگوزاری پێشکەش هاووڵاتیان دەکەن لەم سایتە زانیاری تەواویان لەسەر بڵاو دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی سەرجەم هاووڵاتیان لە خزمەتگوزارییەکان و پێداویستی مامەڵەو..هتد ئاگاداربن.

سێیەم: ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان

- سیستەمی خێزانی جێگرەوە لە بواری پارێزگاری منداڵ لە شارەکانی هەرێم بە مەبەستی پارێزگاری کردنی منداڵ لە ڕووی دەرونی و تەندروستی و پەروەردەییەوە و دابینکردنی ئارامگەیەکی گەرمی خێزانی بۆ منداڵ.
- ڕێکەوتنامەی لێك تێگەیشتن لەگەڵ ڕێکخراوی (ستێپس)ی بەریتانی لە بواری خێزانی جێگرەوە بە مەبەستی دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی منداڵ لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە.
- چاککردنی ڕەوشی ماڵەکانی دادەدانی ئافرەتان لە ڕووی خزمەتگوزاری شەڵتەر، بە مەبەستی بەسیستەم کردنی کاروباری خزمەتگوزارییەکانی شەڵتەری دادەدانی ژنانی هەڕەشە لێکراو.
- دانانی سیستەمی داتابیس بۆماڵەکانی دادەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو، بە شێوازێك کە زانیاری سەرجەم کەیسەکان لە دیوانی وەزارەت دەبێت و، لەسەر ئاستی کوردستان بە یەك سیستەم کاردەکرێت.
- ئامادەکردنی ڕەشنوسی یاسایی مافی منداڵ بە مەبەستی پارێزگاری کردنی منداڵ لە ڕووی دەرونی و تەندروستی و پەروەردەییەوە.
- بەدواداچوونی سیاسەتی پاراستنی منداڵ لە ئەنجومەنی وەزیران، کە بە بناغەی کاری بواری منداڵان دادەندرێت لەسەر ئاستی هەرێم و بە شێوازێك ئامادەکراوە کە گونجاو بێت لەگەڵ بنەما نێودەوڵەتیەکانی بواری منداڵان.
- چالاك کردنی یەکەی جێندەر لە گشت شارەکانی هەرێم بە مەبەستی کەم کردنەوەی جیاکاری ڕەگەزی.

چوارەم: پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

- دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە حکومەتی فیدراڵ بە مەبەستی گۆڕینەوەی بیر و ڕاو و دروست کردنی هەماهەنگی.

پێنجەم: ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

- پتەوترکردنی پەیوەندی نێوان وەزارەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێوخۆییەکان و بەستانەوەیان بە دیوانی وەزارەت و پێشکەش کردنی کار ئاسانی بۆ چالاکی هاوبەش و سوود بینین لە توانستەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی کارمەندان و ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەشی بە سوود بۆ هاووڵاتیان، کە تەنیا لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە (٧٥) سەردانی فەرمی وەزارەت کراوە.
- ئەنجامدانی چەندین کاری هاوبەش لە نێوان وەزارەت و زانکۆی ستانفۆرد لە هەولێر، وەك هاریکاری خانەکان و هۆشیارکردنەوەی نابیستان لە ڕێگای سیمینارو....هتد.

- پێشوازی کردن و کارئاسانی لە بواری کاری وەزارەت بۆ کونسوڵخانەکان و نوێنەرە جیاجیاکان لەسەر ئاستی کوردستان و، بەشداربوون لە بۆنەو مەراسیمەکانیان و پێشوازی کردن لە (٩) باڵیۆز و کونسوڵخانە لە دیوانی وەزارەت.
- بەشداری کردن لە سەرجەم پرس و بابەتەکانی تایبەت بە ژنان و منداڵان و توێژە جیاکانی کۆمەڵگا، لە کۆنفرانس و سیمیناو وۆرکشۆپی جیاجیاو، بینینی ڕۆڵی بەرچاو لە هەماهەنگی لە ئامادەکردنی و بەڕێوەبردنیان.
- هاوکارو پەیوەندی پتەوبوون لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بۆ سەرجەم بابەتەکانی جێندەری و ئەو لیژنانەی بە هاوبەشی کارەکان ئەنجام دەدەن و ڕۆڵ بینین لە سەرخستنی کارەکان.

شەشەم: ئاستی کارگێڕی

- ئامادەکردنی پلانی ستراتیژی چوار ساڵە بە مەبەستی باشترکردنی گشت خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتمان.
- بەسەرکردنەوەی دام و دەزگاکانی وەزارەت بۆ ٦٠ فەرمانگە لە هەیکەلی وەزارەت بە مەبەستی هاندان و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان.
- ئامادەکردنی پلانی ڕاهێنانی فەرمانبەران بۆ ماوەی ٣ ساڵ بە مەبەستی باشتر کردنی ئاستی فەرمانبەران لە ڕووی کارگێڕی و هونەرییەوە.
- سەر لە نوێ داڕشتنەوەی بەڕێوبەرایەتی و بەشەکانی وەزارت کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕەوشی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی ڕۆتین لە کاتی ئەنجامدانی مامەڵەکانیان.
- ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەشەکان لە چاکسازییەکان و بەڕێوبەرایەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، بە لەبەرچاو گرتنی لێهاتوویی کارمەندان و دانانی کەسی شیاو.

ساڵی (دووەم)

لە ئاستی چاکسازیدا:

یەکەم: کارکردن بۆ چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی

ئەو پرۆژە و ڕێکار و چالاکییەیانەی لە قۆناغی بەردەوامی و جێبەجێکردندان:

- لە ئەنجامی بەردەوامبوون لە وردبینی کردنی دۆسییەی خاوەن پێداویستی تایبەت و دەرهێنانی ناوی ئەو خاوەن پێداویستی تایبەتانەی کە کۆچی دوای دەکەن یاخود کۆچی دەرەوەی وڵات دەکەن یان شایستە نین بووە هۆی گەڕانەوەی نزیکەی (٤٠٠) چوار سەد ملیۆن دینار لە مووچەی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ گەنجینەی حکومەت ئەویش بە هەڵوەشاندنەوەی (٢٧٤٠) - دۆسییەی کەمئەندامی.
- بەردەوامی لە پێداچوونەوە بە دۆسییەی فەرمانبەران دەستنیشانکردنی پلە و سەرمووچەی زیادە، وردبینی کردنی (٤٨٤٠) دۆسییە لە کۆی گشتی (٥٩٧٠) دۆسییە، لە ئێستادا لیژنەی باڵای وردبینی کردنی دۆسییەکان لە وەزارەت سەرقاڵی وردبینیکردنی دۆسییەکانی دەرەوی دیوانی وەزارەتن بە شێوەی وەرگرتنی سامپڵی هەڕەمەکی بۆ دڵنیا بوون لە باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی وردبینی.
- بەردەوامی لیژنەکانی پشکنینی دەستەبەری کومەڵایەتی کە (١٨) لیژنەن (حەوت لە سلێمانی و شەش لە هەولێر و پێنج لە دهۆك).
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری شایستەو کاراکردنی پرۆسەی چاکسازی بۆ بەندییەکان لە ڕێگای (٦) شەش بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران و ژنان و منداڵان لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) کە زیاتر لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار بەندی لە خۆ دەگرێت.
- کارکردنی لیژنە تایبەت بەپێدانی مۆڵەتی بەخێوکەر لە دیوانی وەزارەت بە پێداچونەوە بە دۆسییەی سودمەندانی مۆڵەتی بەخێوکەر تا وەکو ئێستا زیاتر لە (١٥٠) مۆڵەت فەرمانی هەڵوەشانەوەی بۆ کراوە.

ز	وردەکاری	ژمارە	جیاوازی مووچە
١	ژمارەی فەرمانبەری خاوەن پێداویستی تایبەت	١٣٢٤٩	
٢	ژمارەی کۆدی بایۆمەتری دوو جار دووبارە	٦٤٨	٣٢,٤٠٠,٠٠٠
٣	ژمارەی کۆدی بایۆمەتری سێ جار دووبارە	١٧	٣,٤٠٠,٠٠٠
٤	ژمارەی کۆدی بایۆمەتری چوار جار دووبارە	١	٣٠٠,٠٠٠

- هەمواری ڕەشنووسی ستراتیژی نیشتمانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.
- ئامادەکردنی ڕێنمایی (تۆڕی پاراستنی خێزان لەسەر بنەمای هەژاری) کە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پارێزگاکان، دەستەی ئامار، نوێنەرانی پەرلەمان، هەروەها ڕاسپاردەی تەکنیکی و پاڵپشتی دارایی (UNDP) و (UNICEF) و (UNHCR) و (WFP) بانکی نێودەوڵەتی و (Cash Working Group for Iraq) ئامادەکراوە.

دووەم: کارکردن بۆ نەهێشتنی ڕۆتین و خێراکردنی ڕاپەراندنی ئیش و کاری هاووڵاتیان

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یەك پەنجەرە لە بەڕێوەبەرایەتی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆك لە قۆناغی گواستنەوە بۆ شارەکانی تری هەرێم.
- بە هاوکاری و پاڵپشتی ڕێکخراوی یونسێف داتا سیستەمێکی ئەلیکترۆنی بۆ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دروست کرا کە ئێستا لە قۆناغی ئەزموونییە دواتر لە سەرجەم شارەکانی تر کاری پێ دەکرێت و دەبەسترێتەوە بە دیوانی وەزارەت.
- قۆناغی یەکەمی دروستکردنی داتابەیس بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی لە دیوانی وەزارەت.
- قۆناغی کۆتایی لە دروستکردنی داتابەیس بۆ ڕاییکردنی کاروباری توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە چاکسازییەکانی (هەولێر- دهۆك- سلێمانی) لەلایەن ڕێکخراوی تۆڕی دادپەروەری لە عێراق.
- قۆناغی کۆتایی لە ئەنجامدانی خزمەتگوزاری ئەلێکترۆنی و کورتەنامە بۆ سودمەندانی قەرزی بچووك لە ڕێگای مۆبایلەوە.
- قۆناغی کۆتایی لە ئەنجامدانی خزمەتگوزاری چەسپاندنی خاڵی (GPS) بۆ شوێنی پرۆژەکانی قەرزی بچووك.

لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا

- **کار دەکەین بۆ ڕەخساندنی بواری کار بۆ کەرتی تایبەت**

- ئامادەکردنی یاسای کار تایبەت بە مافی کرێکاران پێداچوونەوەی لەلایەن ئەنجومەنی شورا و ڕەوانەکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی ناردن و پەسەندکردنی لە پەرلەمانی کوردستان.
- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٨ی مۆڵەتی پێدانی نووسینگەکانی بەکارخستنی کرێکاری خۆماڵی لە کەرتی تایبەت.
- دەرکردنی ڕەشنووسی لێك تێگەیشتن بۆ بەکارخستنی کرێکاری بیانی.

- **زامنکردن مافە یاساییەکانی فەرمانبەر و کرێکارانی کەرتی تایبەت:**

- قۆناغی کۆتایی لە دارشتنی ڕەشنووس یاسای دەستەبەری کرێکاران بە مەبەستی ناردنی بۆ ئەنجومەنی شورا.

- **دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە، گرنگیدان بە خاوەن پێداوسیتییە تایبەتەکان:**

- کارکردن بۆ دامەزراندنی ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی (مرکز تشخیص العوق) و ئامادەکردنی پەیکەری گونجاو بۆ ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی (مرکز تشخیص العوق) لەگەڵ دەستنیشانکردنی باڵەخانەی کۆنی وەزارەتی کشتوکاڵ لەسەر ڕێگای کەرکوك بۆ ناوەندی لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- دەستپێکردن بە دروستکردنی ناسنامە بۆ خاوەن پێداوسیتییە تایبەتەکان.
- دەرکردنی ڕێنمایی ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی.

- ئامادەکردنی فۆرمی تایبەت بە دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای سندوقی خاوەن پێداویستی تایبەت.
- دەرکردنی ڕێنمایی دەستنیشانکردنی ڕێژەیەك لە مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەرانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە ڕەچاوکردنی ڕێژەی پەککەوتەیی بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی ڕاسپێردراو.
- هەمووارکردنی ڕێنمایی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٨ ی تایبەت بە سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم.
- ڕێنمایی لکاندنی منداڵ بە خێزانی جێگرەوە لە هەرێمی کوردستان.
- ڕێنمایی تایبەت بە سەنتەرەکانی منداڵی بیرکۆڵ لە هەرێمی کوردستان.
- هەموارکردنەوەی یاداشتی لێك تێگەیشتنی نێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی پەیمانگاکانی هیوای نابیستان و ڕووناکی بۆ نابینایان لە ئامادەییە پیشەییەکان و هەردوو پەیمانگای کۆمپیوتەر و هونەرەجوانەکان.
- هەموارکردنی ڕێنمایی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت.
- ئامادەسازی بۆ دووبارە ناونووسینی کەمئەندامان بە مەبەستی سودمەندبوونی کەسانی شایستە.
- دروستکردنی لیژنە بۆ نووسینی پرۆپۆزەڵ و دەرخستە بۆ دروست کردنی سەنتەری شیاندنەوەی بەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەر بەپێی مادەی حەوتی یاسای بەرەنگاربونەوەی مادەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان.

- **گەنجانمان سەرمایەیەکی نیشتیمانی گەورە و کاریگەری مرۆیین و ئایندەسازی وڵاتەکەمانن:**

- ئامادەکردنی پلانی ٢ ساڵە بۆ دەستپێکردنەوەی قەرزی بچووك و بە گەنج و لاوان بەپێی ئەو داهاتەی کە مانگانە دەگەڕێتەوە سەر هەژمارە بانکییەکانمان کە مانگانە خەملێندراوە بە یەك ملیار دینار.
- پلانی ستراتیجی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (PPP) لە خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی وەزارەت.
- بەردەوامی لە تۆمارکردنی بێکاران و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بێکاران لە بەڕێوەبەراتییەکانی کار لە پارێزگا و قەزاکان، تۆمارکردنی (٣٤٨٢) بێکار و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ (٦٩٠) بێکار.
- پێدانی مۆڵەتی کار تۆمارکردنی (٣٦٨٨) کرێکاری بیانی کە بە ڕێگەی وەزارەت هاتوون بۆ کوردستان.
- بەردەوامی خولە جیاوازەکانی ڕاهێنانی پیشەیی: ئەنجامدانی (٩) خول بۆ (١٣٢٩) کەس.
- بەردەوامی چالاکییەکانی هێڵی هۆشیارکردنەوەی کرێکاران (٥٥٠٠): وەرگرتنی (٢٢٠١) پەیوەندی تایبەت بە پرسیارکردن دەربارەی یاسا و ڕێنمایی پەیوەست بە کرێکاران و وەرگرتنی زانیاری پەیوەست و سکاڵا.
- بەردەوامی لە گەڕانەوەی پارەی سودمەندانی قەرزی بچووك بە بڕی (٤٦,٠٢٥,٩٣٣,٠٠٠) ملیار دینار لە کۆی گشتی قەرزی دابەشکراو بە بڕی (٧٦,٨٨٢,٠٠٠,٠٠٠) ملیار دینار لە لایەن (٥) بنکەی سەرەکی لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان) و هەشت بنکەی لاوەکی لە قەزاکانی (سۆران، کۆیە، مێرگەسۆر، ڕانیە، چەمچەماڵ، زاخۆ، ئاکرێ، ئامێدی) بە مەبەستی دووبارە دەستپێکردنەوەی قەرزی بچووك.

ساڵی (سێیەم)

یەکەم: ئاستی چاکسازی

- پێداچوونەوە بە یاسای کاری هەرێم دوای دیراسەتکردنی و تاوتوێکردن و بەراوردکردن لەگەڵ یاسای حکومەتی فیدراڵ و ڕەوانەکردنی یاسای کار و یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ئامادەکردنی ڕەشنوسی یاسای چاکسازی کۆمەڵایەتی کە جێگای سیستەمی چاکسازی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٨ بگرێتەوە.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی تایبەت بە تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی هێنانی دەستی کار ڕەوانکردنی بۆ وەزارەتی پلاندانان.
- کارکردن لەسەر ڕێنمایی مومارەسەی پیشە لە کوردستان (خزمەتگوزارییەکانی پاش فرۆشتن).
- پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی دۆسییەی فەرمانبەران.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان	ژ. گشت دۆسییەکان	ژ. دۆسییەی ووردبینیکراو	ژمارەی زیادەی پلە	ژ. زیادەی سەر مووچە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی	١٠٥	٩٤	٤	١
بەڕێوەبەرایەتی سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان	١٧٥٠	١٥٧٥	٠	٣
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی	١٥٥	١٥٥	٢	٦
بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی/ هەولێر	٨٠٦	٧١٥	١٣	١١
بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودیری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی / سلێمانی	١٠١٥	٩١٠	١	٠
بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودیری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی / دهۆك	١٠٣٩	٦٨٠	٠	٠
بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی/ گەرمیان	٦٦٢	٤٧٥	٠	٠
بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی / هەڵەبجە	١٧٥	١٤٥	٥	٦
	١٤٣	١٤٣	٠	٤
کۆی گشتی	**٥،٨٥٠**	**٤،٩٠٣**	**٢٥**	**٣١**

دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

- کارکردن لەسەر یاسای پاراستنی منداڵ و تاوتوێکردنی لەگەڵ ئەنجومەنی شورا و ڕێکخراوی یونسیف.
- ئامادەکردنی پەیڕەوی سندوقی ڕاهێنان و شیاندنی کەمئەندامان بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەت ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو بەیاسای ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٢١ و ڕەوانەکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای جێگرەوەی سزاکان.

- ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی هاوکاری خێزانی هەژار و کەمدەرامەت لەسەر بنەمای هەژاری (ڕێنمایی هاوکاری دارایی بۆ خێزانی هەژار و کەمدەرامەت).
- تاوتۆکردنی بابەتی هاوکاری کەمئەندامان لەگەڵ لیژنەی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی یاسای کەمئەندامان و چاکسازی (لەبڕی پەکەوتەیی).
- بەشداریکردن لە تاوتوێکردنی ڕەشنووسی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە پەرلەمانی و بەشداری حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم و لیژنەی پەرلەمان.
- پێداچوونەوە و ئەپدەیتکردنی پۆرتاڵی خزمەت لەسەر ئاستی وەزارەت کە (٢٣) خزمەت دەگرێتەوە.
- ئامادەکردنی ڕێبەری کاری سەنتەرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خێزان و پاراستنی منداڵ و گشتاندن بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.
- لە بواری سیاسەتی پاراستنی منداڵ و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵ و خێزان و دەوروبەر .
- خوێندنەوە و پەسەندکردنی ماددە و بڕگەکانی تایبەت بە ڕێنمایی مۆڵەتی بەخێوکەر.
- بەخشینی مۆڵەتی بەخێوکەر وەکو مافێکی کەمئەندامان بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئەرکی خاوەن پێداویستی تایبەت .
- تۆمارکردنی ناوی نوێی کەمئەندامان کە مەرجەکانی شایستەبوونی هاوکاریان تێدایە، پێشتر ناونووس نەکراون، هەروەها جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی دەرماڵەی پەکەوتەیی و ئامادەکاری بۆ پشکنینی خاوەن پێداویستی تایبەتی نوێ پاشان تۆمارکردنیان بەمەبەستی شایستەی دارایی.
- واژووکردنی ڕێنمایی تایبەت بە کردنەوەی (٣) نەخۆشخانەی درێژخایەن بۆ نەخۆشانی دەروونی تایبەت بە ژنان لە (هەولێر ، دهۆك، سلێمانی).
- ئامادەکاری بۆ دامەزراندنی (٣) سێ نەخۆشخانەی دەرونی لە شارەکانی (هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك).
- بەکارخستنی سیستەمی داتابیس بۆ زانیاری کەمئەندامانی سوودمەند لە حکومەت، کە سەرجەم زانیارییە پێویستەکان لەخۆ دەگرێت، وە هەموو کەمئەندامێکی سوودمەند دەکاتە خاوەنی ناسنامەی زیرەك .
- بەردەوامیدان بە خزمەت گوزاری هێڵی ١١٦ (هێڵی فریاکەوتنی منداڵ) و ئیحالەکردنیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار.
- دروستکردن و سەرپەرشتیکردنی بینای ماڵی منداڵانی بێسەرپەرشت لە گەڕەکی کوردسات لەلایەن خێرخوازەوە.
- دروست کردنی هۆڵێك بۆ سوودمەندانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی و پەیڕەو کردنی سیستەمی یەك پەنجەرەیی تێیدا ، تێچوی ئەم پڕۆژەیە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.
- سوودمەندبوونی (٥٢٠) سزادراو لە خولەکانی تایبەت بە مەشق و پیشەیی و وەرشە و وۆرك شۆپ و سیمیناری جۆرا و جۆر.

- کردنەوەی بەشی چاودێری پاشینە (الرعایة اللاحقة) لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بەمەبەستی بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی تایبەت بە هۆبەکانی چاودێری پاشینە لە چاکسازییەکان ژنا ن و منداڵانی هەرێمی کوردستان.
- کاراکردنەوەی صندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە مەبەستی کۆکردنەوەی داهاتی دەستەبەری لە یەک صندوق وەبەرهێنان و یەکخستنی داهات.
- هەنگاونان بەرەو دەستپێکردنەوەی پرۆژەی قەرزە بچووکەکانی لاوان بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و دامەزراندی پرۆژی بچووك و رەخساندنی هەلی کار بۆ (٩٥٠٠) گەنج و رەخساندنی هەلی کار بە (ناڕاستەوخۆ) بۆ زیاتر لە (٢٥٠٠٠) کەس یاریدەدەر لە پرۆژە.
- هەموارکردنەوەی یاسای ژماری (٢) ی ساڵی ٢٠١١ ی تایبەت بە سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان، بە شێوازێك کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی ئێستای هەرێم.
- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بە سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچوکەکانی لاوان بە مەبەستی سوودمەند بوونی ژمارەیەکی زیاتر لە گەنجان لەسەر بنەمای هەموارکردنەوەی مەرجەکانی پێدانی پێشینە لە یاساکەدا (دابینکردنی هەلی کاری زیاتر).
- ڕاهێنان و بەکارخستنی هێز و توانای سزادراوان لە چاکسازی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی ئامادەکردنی سزادراوان بۆ دەستپێشخەری لە دامەزراندنی پرۆژە لە دوای ئازاد بوونیان.
- ئامادەکردنی سیستەمی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە بواری چاودێری خێزان و کەمئەندامان بە مەبەستی کەم کردنەوەی ڕۆتین و لادانی ناوی دوبارە.
- تۆمارکردنی ناوی بێکاران بۆ دۆزینەوەی هەلی کار کە تاکو ئێستا (٧٩٩٠) کەس تۆمار کراون (٣١٤٧) کاریان بۆ دۆزراوەتەوە.
- دەستەبەرکردنی (٢٣٥٠٩) کرێکار لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی.
- بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (ILO & ETTC) ئامادەکردن و ڕاهێنان پێکردنی (١٢) فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی کار لە هەر
- سێ پارێزگا بۆ ئەوەی ببن بە پشکێنەری تایبەتمەند بەکار بۆ بەدواداچوونی کێشە و گرفتی کرێکاران .

- **ئاماری گشتی کەمئەندامان.**

پارێزگا	ساڵ	نێر	مێ	کۆ
هەولێر	٢٠١٦	٢١،٢٤٦	١٨،٠٩٥	٣٩،٣٤١
	٢٠١٧	٢١،٠١٢	١٧،٨٧٣	٣٨،٨٨٥
	٢٠١٨	١٩،٢٩٨	١٧،١٢٤	٣٦،٤٢٢
	٢٠١٩	١٥،٠٦١	١٣،٨٦٩	٢٨،٩٣٠
	٢٠٢٠	١٥،٠٦١	١٣،٨٦٩	٢٨،٩٣٠
	٢٠٢١	١٥،٩٢٩	١٥،١٧٣	٣١،١٠٢
	٢٠٢٢	١٤،٤١٦	١٤،٥٣٢	٢٨،٩٤٨
سلێمانی	٢٠١٥	٢٢،٤٠٦	١٤،٥٦٩	٣٠،٣٢٩
	٢٠١٦	١٨،٦٠٧	١١،٧٢٢	٣٠،٣٢٩
	٢٠١٧	تێبینی/ پرۆسەی دووبارە پشکنینەوەی کەمئەندامان		
	٢٠١٨	١٨،٣٦٨	١٠،٩٢٨	٢٥،٠٤٤
	٢٠١٩	١٤،٣٤٩	١٠،٦٩٥	٢٥،٠٤٤
	٢٠٢٠	١٢،٩٤٤	١١،٢٦٦	٢٤،٢١٠
	٢٠٢١	٩،٩٥٧	٩،٣٣٤	١٩،٢٩١
	٢٠٢٢	١٣،٧٩٠	١١،٧٨٥	٢٥،٥٧٥
دهۆك	٢٠١٦	١٣،٤٢٢	١٠،٨٣٧	٢٣،٩٦٥
	٢٠١٧	١٣،١٩٣	١٠،٧٧٢	٢٢،٧٨٨
	٢٠١٨	١٢،٤٣١	١٠،٣٥٧	١٨،٨٤٥
	٢٠١٩	١٠،٤٣٦	٨،٤٠٩	١٨،٤٣٩
	٢٠٢٠	١٠،٣٣٩	١٨،٦٩٤	٢٩،٠٣٣
	٢٠٢١	١٠،٠٣٢	٨،٢١١	١٨،٢٤٣
	٢٠٢٢	٩،٨٤٦	٨،١٣٧	١٧،٩٨٣
هەڵەبجە	٢٠١٦	٥،٤٠٦	١،٧٠١	٧،١٠٧
	٢٠١٧	٥،٤٠٤	١،٧٠٣	٧،١٠٧
	٢٠١٨	٤٤٨٠	١٤٨١	٥،٩٦١
	٢٠١٩	٥٠٧٧	١٥٥٣	٦،٦٣٠
	٢٠٢٠	٥٠٦٧	١٥٤٢	٦،٦٠٩
	٢٠٢١	٢١٦٦	٩٢١	٣،٠٨٧
	٢٠٢٢	٢١٤٥	٦٥٧	٢،٨٠٢
گەرمیان	٢٠١٦	٤٥٠٦	٢٨٠٥	٧،٣١١
	٢٠١٧	٤٣١٠	٢٦٨٤	٦،٩٩٤
	٢٠١٨	٤٣٤٨	٢٦٢٦	٦،٩٧٤
	٢٠١٩	٤١٨٦	٢٥٥١	٦،٧٣٧
	٢٠٢٠	٣٠١٥	٢٤٥٨	٥،٤٧٣
	٢٠٢١	٣٨٢٥	٢٤٢٤	٦،٢٤٩
	٢٠٢٢	**٣٦٨٢**	**٢٣١٠**	**٥٩٩٢**

سێیەم: ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان

- دەستکردن بە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی سزادراوان لەنێوان حکومەتی هەرێم و کۆماری ئیسلامی ئێران.
- سیستەمی خێزانی جێگرەوە لە بواری پارێزگاری منداڵ لە شارەکانی هەرێم بە مەبەستی پارێزگاری کردنی منداڵ لە ڕووی دەرونی و تەندروستی و پەروەردەییەوە و دابینکردنی ئارامگەیەکی گەرمی خێزانی بۆ منداڵ.
- ڕێککەوتننامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ڕێکخراوی (ستێپس)ی بەریتانی لە بواری خێزانی جێگرەوە بە مەبەستی دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی منداڵ لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە.
- بەشداریکردنی وەزارەت لە ئامادەکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە زۆربەی زانیارییەکان و کەیسەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە وەزارەتەوە لەلایەن نووسینگەی ڕێکخەری پەیوەندیەکانی دەرەوە.
- وەڵامدانەوەی زۆربەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان دەربارەی مافی مرۆڤ بە هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی ڕێکخەری پەیوەندیەکانی دەرەوە.
- چاککردنی ڕەوشی ماڵەکانی دادەدانی ئافرەتان لە ڕووی خزمەتگوزاری شەڵتەر، بە مەبەستی بەسیستەم کردنی کاروباری خزمەتگوزارییەکانی شەڵتەری دادەدانی ژنانی هەڕەشە لێکراو.
- دانانی سیستەمی داتابیس بۆ ماڵەکانی دادەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو، بە شێوازێك کە زانیاری سەرجەم کەیسەکان لە دیوانی وەزارەت دەبێت و لەسەر ئاستی کوردستان بە یەك سیستەم کاردەکرێت.
- بەشداری کردنی وەزارەت لە دیداری لە یەکگەیشتن نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و وڵاتی بۆسنیا بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕزگاربووانی دوای جەنگ.

پێنجەم: ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

- ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵ و دەوروبەری منداڵ و هۆشیار کردنەوەو هاوکاری کردنی کەیسکەکانیان و چارەسەر کردنی.
- ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ (unfpa) لە بواری ژنان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کەیس و هۆشیاری لە بواری توندوتیژی و جیاوازی ڕەگەزی .
- ئیمزاکردنی یاداشتی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ڕێکخراوی VNG بە مەبەستی ڕەخساندنی هەلی کار.
- ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش لە بواری منداڵان و هێڵی ١١٦ لەگەڵ ڕێکخراوی منداڵ پارێز .
- واژووکردنی یاداشتنامە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی لە بوارەکانی ڕاهێنانی کارمەندانی کارو دەستەبەر و ڕاهێنانی سودمەندانی قەرزی بچوك و بواری گەشەپێدانی تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت.
- هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی ترانگ بۆ ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی کە لە کەمپەکان کار دەکەن.

- ئامادەکردنی ڕێبەری کاری توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە چاکسازییەکان بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی هاریکار و یونسیف.
- ڕێکخستن و پێداچوونەوەی دوو لەسەر سێی دوکیۆمێنتەکانی هۆبەی خێزانی جێگرەوە لەگەڵ ڕێکخراوی ستێپ و ڕێکخراوی یونسیف.
- لە ڕێگەی (٨) ئوفیسی پاراستنی منداڵان، کە پرۆژەیەکی هاوبەشە لەگەڵ ڕێکخراوی یونسیف و خزمەتگوزاری هەمەجۆر پێشکەش بە منداڵانی (ئاوارە/ پەنابەر / منداڵی شاری هەولێر) دەکەن، لە ڕێگای ئەم ئۆفیسانە (٨٨٣٢) منداڵ سوودمەند بوون.
- کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکان بە گشتی و یونسێف بە تایبەتی، بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری باشتر بە ئاوارەکان، لە بواری هۆشیارکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانیان و هاریکاری کردنیان لە ڕووی ماددی بە مەبەستی بەردەوام بوونی منداڵەکانیان لە پرۆسەی خوێندن، لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێر و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان.

شەشەم: ئاستی کارگێڕی

- ئامادەکردنی پلانی ستراتیژی بۆ ساڵانی ٢٠٢٢ – ٢٠٢٦ تایبەت بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ دیاریکردنی ئامانجە ستراتیژییەکان کە دەبێتە بناغەیەك بۆ ئامادەکردنی پلانی ساڵانە.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی پلانی ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.
- پەسەندکردنی ڕەشنووسی ڕێبەری پێناسەی وەزیفی (الوصف الوظيفي) تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دهۆك پاش بەدواداچوون و هاوکاریکردنیان لە لایەن وەزارەتەوە و کارکردن لەسەر ئامادەکردنی ڕەشنووسی پێناسەی وەزیفی بۆ دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تر.
- دانانی سیستەمی ئەلیکترۆنی تایبەت بە کاروبارەکانی کارگێڕی و میلاکات و ڕێکخستنەوەی هاتوو و دەرچوو و نووسراوەکان بەمەبەستی خێرا ڕاپەڕاندنی کارەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین و کەمکردنی خەرجییەکان لە دیوانی وەزارەت.
- ئەنجامدانی خولی ڕاهێنانی ڕاهێنەران بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی هۆبەی خێزانی جێگرەوە.
- دامەزراندن بە شێوەی گرێبەست بۆ گەنج و لاوان پاش کردنەوەی نەخۆشخانەی دەروونی لە شاری هەولێر و سەنتەری ئۆتیزم لە شاری هەڵەبجە.
- سەر لە نوێ دارشتنەوەی بەڕێوبەرایەتی و بەشەکانی وەزارت کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕەوشی خزمەتگوزاری بە هاوولاتیان و کەمکردنەوەی ڕۆتین لە کاتی ئەنجامدانی مامەڵەکانیان.

- ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەشەکان لە چاکسازییەکان و بەڕێوبەرایەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، بە لەبەرچاو گرتنی لێهاتوویی کارمەندان و دانانی کەسی شیاو.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ڕێکخستنی داتا و زانیارییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام.
- بە ڕەزامەندی بەڕێز سەرۆکی حکومەت بڕیاردرا بە دامەزراندنی (٣٠) فەرمانبەری نوێ بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرسێ پارێزگا و هەروەها بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (ILO & ETTC) هەڵساین بە ڕاهێنان پێکردن و ئامادەکردنی (٤٥) فەرمانبەری تایبەت بە پشکێنەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی شارەزایی زیاتریان هەبێت لە کاتی سەردانی کردنی پرۆژە و کارگەکان.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

پوختەی هەنگاوەکانی چاکسازی و پرۆژە و چالاکییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە مانگی تەمووزی ٢٠١٩ تا حوزەیرانی ٢٠٢٢.

یەکەم: لەئاستی چاکسازیدا

- دەرکردنی ڕێنمایی نوێ بۆ ڕێکخستنەوەی فیستڤاڵە نێودەوڵەتییە کلتوورییەکان، لەو چوارچێوەیەدا بەپێی ڕێنمایی نوێ، ساڵانە (١٢) فیستڤاڵ کە سروشتی نێودەوڵەتییان هەیە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێن و بەسەر شارو شارۆچکەکانی هەرێمدا دابەشکراون، ئەم ڕێکخستنەوەیە بووە هۆی ئەوەی کە لە شارو شارۆچکەکان یەك فیستڤاڵی نێودەوڵەتی تایبەت بەبوارێك ئەنجام بدرێت، کە پێشتر بێ بەرنامە چەند فیستڤاڵێك ئەنجام دەدرا، ئەوەش بارگرانی بۆ بودجەی حکومەت دروست دەکرد، ئەم ڕێکخستنەوەیە داهات بۆ حکومەت دەگێڕێتەوە.
- دەرکردنی ڕێنمایی نوێ بۆ ڕێکخستنەوەی شێوازی هاوکاری و یارمەتیدانی سەنتەر و گروپە هونەرییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سازدانی چالاکییەکانیان.
- جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (٣٣)ی ئەنجومەنی وەزیران، تایبەت بەداتاو زانیاری تەواو لەسەر میلاکی فەرمانبەرانی وەزارەتمان.
- هەموارکردنی ڕێنمایی تایبەت بەپێدانی مۆڵەت بە یانە وەرزشییەکان.
- پێداچوونەوە بەدۆسییەی فەرمانبەرانی وەزارەتمان: لەکۆی گشتی **٦٨٥٨** دۆسییەی فەرمانبەران، وردبینی **٦١٦٨** دۆسییە کراوە، دەرکەوت **٨٧٤** فەرمانبەر پلەی زیادە و **٧٠٠** فەرمانبەر سەرمووچەی زیادەی پێدراوە.
- ئەو هونەرمەندانەی پێشتر پارەیان لەحکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ کار و چالاکی و بەرهەمهێنانی فیلم وەرگرتبوو، بەڵام کارەکەیان نەکردبوو، یان بەرهەمەکانیان تەواو نەکردبوو، داوامان لێکردن تەواوی بکەن، یان پارەکە بگێڕنەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، چەندین کەس و کەیسیشمان ڕووبەڕووی دادگا کردەوە.

لەو چوارچێوەیەدا کێشەی پێنج فیلمی تەواو نەکراومان چارەسەر کرد، کە پارەیان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرگرتبوو:

١- فیلمی سینەمایی (کەواتە چاوەڕێتە) لەدەرهێنانی (جوان بامەڕنی)، ئەم فیلمە بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٧ بەرهەمی هێنابوو، بڕی ٨٠٠ ملیۆن دیناری بۆ خەرج کرابوو، کەموکوڕی موسیقای تەسویری هەبوو، کێشەکەی چارەسەرکراو فیلمەکە تەواو کرا.

٢- فیلمی سینەمایی (گەڕەکی داهۆڵەکان) لە دەرهێنانی (حەسەن عەلی)، ئەم فیلمە بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٩ بەرهەمی هێنابوو، بڕی ٤٣٠ ملیۆن دیناری بۆ خەرج کرابوو، کێشەی تەسویەی هەبوو، کێشەکە چارەسەرکرا.

٣- فیلمی سینەمایی (شیرین) لەدەرهێنانی (حەسەن عەلی)، ئەم فیلمە بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر، لەساڵی ٢٠١١ بەرهەمی هێنابوو، بڕی ٢٣٣ ملیۆن دیناری بۆ خەرج کرابوو، کێشەی ٢٠٪ی بودجەی هەبوو، بۆ سەر بودجەی ٢٠١٤ موناقەلە کرابوو، کێشەکە چارەسەر کراو فیلمەکە تەسلیم بە بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر کرا.

٤- زنجیرە درامای (خەج و سیامەند) لەدەرهێنانی (نزار مامە)، ئەم درامایە بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر لەساڵی ٢٠١٢ بەرهەمی هێنابوو، بڕی ١٦٥ ملیۆن دیناری بۆ خەرج کرابوو، کەموکوڕی مونتاجی هەبوو، کێشەکەی چارەسەر کرا، فیلمەکە تەسلیم بە بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر کرا.

٥- فیلمی دیکۆمێنتاری (مریەمی عێراقی) لە دەرهێنانی (زانا تەقیدین)، ئەم فیلمە بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر بەرهەمی هێنابوو، بڕی ٥٣ ملیۆن دیناری بۆ خەرج کرابوو، ٨٠٪ی ئەو بڕە پارەیە وەرگیرابوو، پاش بەڵێندانی (زانا تەقیدین) بە تەواو کردنی فیلمەکەو پڕکردنەوەی بەڵێنامە، بەڵێنی خۆی نەبردە سەر، لەبەرئەوە ئەو کەیسە رووبەڕووی دادگا کرایەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا پاش بەدواداچوونی لیژنەی وەزارەتمان و نوێنەری داوکاری گشتی، بۆ کۆمەڵێك چالاکی هونەری لە سلێمانی، کە لەسەر بودجەی پایتەختی ڕۆشنبیری پارەیان بۆ خەرج کرابوو، دەرکەوت گەندەڵییان تێدا کرابوو، دوای لێکۆڵینەوە بڕی (١٣٨٤٨٦٩٠٠) سەدو سیو هەشت ملیۆنو چوارسەدو هەشتاو شەش هەزار نۆسەد دینار بۆ خەزێنەی حکومەت گەڕێنرایەوە.

هەروەها بڕی ١٥٨٦٠٠٠٠ پازدە ملیۆنو هەشت سەدو شەست هەزار دینار کە پێویست بوو بۆ خەزێنەی حکومەت بگێڕدرێتەوە، بەڵام ئەو کەسانە ئامادەنەبوون پارەکە بگێڕنەوە، لەبەر ئەوە روبەروی دادگا کرانەوە.

- رێکخستنەوەی پێدانی ژمارەی سپاردنی کتێب، بەجۆرێك کە کارئاسانی بۆ نووسەرانو چاپکردنی بەرهەمەکانیان بکات، هەروەها بڕیاری ئەوە درا، بێجگە لە پارێزگاکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك)، لە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەرین ژمارەی سپاردن بدرێ.
- ئاگادارکردنەوەی سەرجەم کەناڵەکانی میدیای بیستراو و بینراو و کۆمپانیاکانی رێکلام کە گۆرانی و ئاوازی فۆلکۆر و هونەرمەندانی کوردستان بۆ مەبەستی رێکلامی بازرگانی بەکارنەهێنن، بەپێچەوانەی ئەوەوە، بەپێی یاسای مافی دانەر و هاوسێکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕێکاری یاساییان لەدژ دەگیرێتە بەر.
- ئاگادارکردنەوەو سزادانی ئەو کەناڵە میدیایانەی کە هانی توندوتیژی و توندڕەوییان دەداو دژی دابونەریت و ئادابی کوردەواری بەرنامەیان پەخش دەکرد.
- پرۆژەی (ڕێبەری کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان) لەلایەن لیژنەیەکی وەزارەتمانەوە ئامادە کراوە، ئەم پرۆژەیە کاری میدیایی رێکخسۆتەوەو ڕێنماییەکانی تایبەت بە (مۆڵەتی رادیۆو تەلەفزیۆن، ریکلامی بازرگانی، میدیای ئەلکترۆنیو فریکۆنسیی سپەیس)ی لەخۆگرتووە.

دووەم: لەئاستی خزمەتگوزاریدا

چەندین خزمەتگوزاری جۆر بەجۆر پێشکەش بە هاووڵاتیان کراوە لەوانە:

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی هونەریو ڕۆشنبیری و پیشەیی و میدیایی و وەرزشی و لاوان لە رێی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتمانەوە. هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی وەك (مۆڵەتی رادیۆو تەلەفزیۆنو یانەکانو دەزگا میدیاییو ڕۆشنبیرییەکانو کاری پیشەیی) لە پۆرتاڵی خزمەت خراونەتە روو بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بۆ ئاسانکاری مامەڵەو دەرهێنانی مۆڵەتەکان سوودی لێوەربگرن.

- **خزمەتگوزاریی کتێبخانە گشتییەکان:**

٩٢ کتێبخانەی گشتی لەهەرێمی کوردستان هەیەو (٨٥٨٩٥١) هەشت سەد و پەنجا و هەشت هەزار و نۆسەد و پەنجاو یەك کتێبی هەمەجۆریان تێدایە، ژمارەیەکی زۆری خوێنەران سەردانی ئەو کتێبخانانەیان کردووەو لەماوەی ئەم سێ ساڵەی کابینەی نۆدا ١١٤١٦٦ کە سوودمەند بوون لە خوێندنەوەی کتێب و سەرچاوەکان.

هەر لەرێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانەوە، لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا، لەو سێ ساڵەی تەمەنی کابینەی نۆدا، ٧٩٨٠ ژمارەی سپاردن دراوە بەنووسەران بۆ چاپکردنی کتێبەکانیان.

سێیەم: لەئاستی ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان

هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەریی سریانی و تورکمان کە دوو بەڕێوەبەراتی گشتی سەر بە وەزارەتمانن، سەرباری قەیران و پەتای کۆرۆنا چەندین چالاکی هونەری و ڕۆشنبیرییان ئەنجام داوە، کلتووری رەسەنی خۆیان لەو چالاکییانەدا خستۆتە روو، لەو چوارچێوەیەدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریی سریانی ٢٩ چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری تورکمانی ٢٨ چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری گەورەیان ئەنجام داوە.

چوارەم: لەسەر ئاستی کارگێڕی

کاری زۆربەی بەڕێوەبەراتییە گشتییەکانی وەزارەتمان لە رووی کارگێڕییەوە رێکخراوەتەوەو بەپێی توانا و بەهاوکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری پێداویستییەکانیان دابینکراوە.

پێنجەم: هەڵمەتی هۆشیاری و خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا

سەرباری ڕاگرتنی کار و چالاکییەکانی وەزارەتمان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، لەلایەن دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانمانەوە، چەندین چالاکی بەشێوازی ئەلکترۆنی و ئۆنلاین لەرێی میدیاکان و سۆشیال میدیاوە بۆ بەرەنگاری و هاندانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەنجام دراوە، هونەرمەندان لەرێی گرتەی ڤیدیۆیی و تابلۆو پۆستەرەوە داوایان لە هاوولاتیان کرد خۆیان لەو ڤایرۆسە بپارێزن .

شەشەم: کورتەو پوختەی پرۆژەو چالاکییەکان

سەرباری قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا، لەماوەی سێ ساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بەوەزارەتمان، لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، چەندین پرۆژەو چالاکی جۆراو جۆریان لە رشتەکانی ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی و میدیایی و وەرزش و لاواندا ئەنجام داوە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بەگشتی (٣٩٢٦) چالاکی هەمەجۆر لەم بوارانەدا ئەنجام دراوە:

موزیك: ١٠٣، شانۆ: ٧١، پێشانگای فۆتۆگرافی: ١٦٣، سینەما: ٣٤، کردنەوەی هۆل: ١٢، کولتوور: ٧٢، وەرزش: ٥٨٦، خول و ڤۆرکشۆپ: ٣٢١، کۆنفرانس و سیمینار: ٣٠٠، رێزلێنان: ٢٤٥، دیدار و پەیوەندی: ٦٣٢، یاد و پەیام: ١٤٦، چاپکردنی کتێب: ١٥٠، هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بۆ خۆپاراستن لە کۆرونا: ٧٩، چاکسازی: ٢٩٧، پرۆژەکان: ٥٤، چالاکی جۆراوجۆری دیکە: ٦٦١.

حەوتەم: پرۆژەکان

١- بودجەی ساڵی ٢٠٢٢ بڕی ٢٦٤٠٠٠٠٠٠٠ دوو ملیار و شەش سەدو چل ملیۆن بۆ هەر سێ پرۆژەکە تەرخانکرا، کە بڕێکی زۆر کەمەو پرۆژەکانی پێ تەواو ناکرێ، وا نیوەی ساڵی ٢٠٢٢ رۆیشت، هیچ گوژمەیەك لەو پارەیە خەرج نەکراوە.

یەکێك لەو پرۆژانە هۆڵی (گەل)ـە لەشاری هەولێر کە بودجەیەکی زیاتری دەوێو چەندین جار هونەرمەندان بەیاداشت داوای تەواو کردنی ئەو پرۆژەیان کردووە بۆ ئەوەی وەك هۆڵێکی مودێردن خزمەت بە هونەری شانۆو هونەرەکانی تر بکات.

٢- ساڵی ٢٠٢٢ پەرلەمانی کوردستان، یاسای پاراستنی بەڵگەنامەکانی دەرکرد، بەپێی ئەم یاسایە دەبێ وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پاراستنی بەڵگەنامەکان دابمەزرێنی، دامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتییە پێویستی بە بودجەو میلاك و بینا هەیە، بۆ دابینکردنی بینا، پێشنیازمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران کردبوو، بینای مۆزەخانەی فۆلکۆری کوردی، کە پرۆژەیەکی تەواو نەکراوی وەزارەتمانە، بۆ ئەو مەبەستە تەواو بکرێ، ئەنجومەنی وەزیران پێشنیازی کردووە ئەو پرۆژەیە بخرێتە بودجەی ساڵی ٢٠٢٣، ئەو پرۆژەیە زۆر پێویستە ئەمساڵ بودجەی بۆ دابین بکرێ.

	پرۆژە و چالاکییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان لە تەمووزی ٢٠٢١ تا حوزەیران ٢٠٢٢											
جۆری چالاکی	دیوان وەزارەت	ب.گ.ر هەولێر	ب.گ.ر سلێمانی	ب.گ.ر دهۆك	ب.گ.ر هەڵەبجە	ب.گ.ر گەرمیان	ب.گ.وەرزش	ب.گ.لاوان	ب.گ تورکمان	ب.گ سریان	ب.گ.کتێبخانە گشتیەکان	ب.گ.چاپ و بڵاوکردنەوە	کۆی گشتی
موزیک	٤	٢٧	١٤	٤	٦	١٨		٢٦	١	٣			١٠٣
شانۆ	٣	١٢	١٧	٧	٥	١٨		٧	١	١			٧١
پێشانگای فۆتۆگرافی	٢٢	٥٩	١٨	١٢	٦	٩		٢٤	١	١	٦	٥	١٦٣
سینەما	٤	٣	٢٢	١		١				١		٢	٣٤
کردنەوەی هۆل	٣	٣		٢	١		٢		١				١٢
کلتوور	١	٥	٤			٢	٤٥	١٢	١	٢			٧٢
وەرزش	٣			١٢٥			٣	٤٥٤	١				٥٨٦
خول و وۆرکشۆپ	٣	١	٣	٧٧	٤	١٨		١٨٣	٥	٢	٣	٢٢	٣٢١
کۆنفراس و سیمینار	١٩	١٧	١٤	٤١	٥	٢١		١٤٣	٣	٦	٢٢	٩	٣٠٠
ڕێزلێنان	١٢	١٥	١٢	٨٧	٢٨	٨٦		١	١		١	٢	٢٤٥
دیدارو پەیوەندی	٢١٢	١٣٢	٤٦	٤	١	١٢	١٤٩	٤	١	٣	١٩	٤٩	٦٣٢
یاد و پەیام	٨٧	١٥	٨	١٢	٥	٣		١٤			١	١	١٤٦
کتێب	٥	٦	٩٥	٨	٩	١١		١	٢	٤	١	٨	١٥٠
هەڵمەتی وشیارکردنەوە	٢٤	٦		٧		٣		٣٥	٢			٢	٧٩
چاکسازی	٦						٢٩١						٢٩٧
پرۆژەکان	١٥	١		٢				٣١	٥				٥٤
چالاکی جۆراو جۆر	٤٠	٣٨	١٣	٨٧	٧	١٢	٥	٣٥٦	٣	٦	٧	٨٧	٦٦١
کۆی گشتی	**٤٦٣**	**٣٤٠**	**٢٦٦**	**٤٧٦**	**٧٧**	**٢١٤**	**٤٩٥**	**١٢٩١**	**٢٨**	**٢٩**	**٦٠**	**١٨٧**	**٣٩٢٦**

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان یەکێکە لە وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە یاسای ژمارە ٨ ساڵی ٢٠٠٦ دامەزراوەو بەشانازییەوە کاردەکات بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بە کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی و بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی و تاقانەکانی جینۆساید بەگشتی، ڕۆژانە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و جینۆسایدکراوان لەڕێگای وەزارەتمان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان و نووسینگەکانی سەربەوەزارەتمان ئیشوکارەکانیان بۆ جێبەجێ دەکرێت.

ئەگەرچی لەماوەی ڕابردوودا بەهۆی بەردەوامی قەیرانی دارایییەوە لە هەرێمی کوردستان وەزارەتمان نەیتوانیوە بەپێی خواستی حکومەت خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و جینۆسایدکراوان بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانبەرانمان ماندوونەناسانە لە خزمەتی کەسوکاری شەهیداندا بوون بەردەوامییان داوە بە کارو چالاکییەکانی خۆیان.

ئامانجی وەزارەتمان خزمەتکردنی سەرجەم وارس و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانە بەبێ جیاوازی لەڕووی: (دابینکردنی مووچە، بواری پەروەردە و خوێندن، نیشتەجێکردن، دیاری هاوسەرگیری بۆ کوڕ و کچی شەهیدان و جینۆسایدکراوان، چاودێری کۆمەڵایەتی)، هەروەها بەدەنگەوەهاتنی هەموو داواکارییەك کە لەلایەن وارسی سەربەرزی شەهیدانەوە ئاڕاستەی وەزارەت بکرێت، لە چوارچێوەی یاساو ڕێنماییەکاندا ئەگەرچی لەئێستادا بەهۆی قەیرانی دارایییەوە بەشێك لە خزمەتگوزارییەکان وەستاون.

یەکێکی تر لەئامانجەکانی وەزارەتمان بەرز ڕاگرتنی یادو بۆنە تایبەتییەکانی شەهیدان و جینۆسایدکراوانە. هەروەها کۆکردنەوەو ئەرشیف کردنی دۆکیۆمێنتی تایبەت بە شەهیدان و پاراستن و ئاشناکردنیانە بەنەوەی نوێ.

هەروەها وەزارەتمان ئامانجیەتی لەڕێگەی کەناڵەکانی خۆیەوە پرۆسەی کەیسی ئەنفال و تاوانەکانی تری دژ بە گەلی کوردستان بە جیهان بناسێنێت و لە چوارچێوەی جینوسایدا ناسنامەی پێبدات بۆ ئەم ئامانجەش وەزارەتمان لە پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە (١٧١٨) و بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٣٢٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٠٧/٢ بە واژووی بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان (دەستەی کاروباری جینۆساید) لە وەزارەت دامەزرێنراوە بە مەبەستی ناساندن و بەدواداچوونی دۆسییەی تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کوردستان و دەرئەنجامە یاساییەکانیان و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیەکان.

یەکەم: ئاستی چاکسازی

بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (٢)ی یاساکە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ئەم هەنگاوانەی ناوە:

بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی یەکەم: یەکخستنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان.

١- دەرچواندنی پەیڕەوی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٠، پەیڕەوی دیاریکردنی ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی.

٢- دەرچوواندنی پەیڕەوی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠، پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٣- دەرچووواندنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١، ڕێنمایی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو.

٤- دەرچووواندنی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١، ڕێنمایی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو.

٥- دەرچووواندنی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١، ڕێنمایی دیاریکردنی مافی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی.

٦- دەرچووواندنی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١، ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٥.

٧- دەرچووواندنی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١، ڕێنمایی گواستنەوەی دۆسییەی شەهیدانی هێزەکانی (پێشمەرگە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئاسایش، دژەتیرۆر) بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٨- ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی پلەبەندی مینحەی کەسوکاری شەهیدانی سەنگەر و ناردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

٩- هەڵوەشاندنەوەی مینحەی (١٣,٢٨٢) بەخێوکەر، بەفەرمانی وەزاری ژمارە(٤٨) لە ٢٠٢١/١/٦، کە مانگانە بڕی (٩٩٦,١٥٠,٠٠٠) نۆسەد و نەوەد و شەش ملیۆن و سەد و پەنجا هەزار دینار.

١٠-گواستنەوەی دۆسییەی (١٦٣) کەمئەندامی سەنگەر کە کۆچی دواییان کردووە ، لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆیان بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٠٧ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١١-گواستنەوەی (١٠١٨) دۆسییەی شەهیدانی شەری داعش لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆیان بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٠٧ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١٢- دابینکردنی خزمەتگوزاری خوێندن بۆ کوڕ و کچی شەهیدانی (پێشمەرگە، ئاسایشی ناوخۆ، ئاسایش، دژەتیرۆر) ئەوانەی کە دۆسییەکانیان بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران گواستراوەتەوە بۆسەر وەزارەتمان.

بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی دووەم: پاککردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ماف و ئیمتیازاتی میراتگری ئەو کەسانەی کە بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان).

١- پێکهێنانی لیژنەی وەزارەت بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیر و ئەندامیەتی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت.

٢- پێکهێنانی سێ لیژنەی لاوەکی لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) بۆ ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسییەی شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٣- پێکهێنانی لیژنەی تاقانەکانی جینۆساید بۆ ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسییەکانی تاقانەکانی جینۆساید.

٤- پێکهێنانی لیژنەی ناڕازیبوون (سکاڵا) بۆ بڕیاردان لە دۆسییەکانی ناڕازیبوون (سکاڵا).

٥- پێکهێنانی لیژنەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی بۆ ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسییەکانی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی و ئامادەکردنیان بۆ لیژنەکانی تەندروستی.

٦- گەڕانەوەی دۆسییەکانی تۆماری نوێی شەهیدان، بۆ ئەوەی جارێکی تر ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسییەکاندا بکرێت لەبەر ڕۆشنایی حوکمەکانی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان).

٧- دروستکردنی فۆرمی زانیاری بۆ ووردبینی و پێداچوونەوە بۆ شەهیدانی سەنگەر و جینۆساید و هاووڵاتی و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی و تاقانەکانی جینۆساید و چاپکردن و ناردنی بۆ لیژنەکان.

٨- کۆبوونەوەیەک ئەنجامدرا بە ئامادەبوونی هەریەک لە بەڕێزان (وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفاکراوان و وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری تەندروستی و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون) لە کۆبوونەوەکە کۆنوسێک واژووکرا کە بڕیارەکانی ئەمانەبوون:

أ. ئامادەکردن و پێداچوونەوە بە سەرجەم دۆسییەکانی بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان بۆ ئەوانەی کە منحەی مانگانەیان هەیە، لەگەڵ ئەوانەی داواکارییان پێشکەشکردووە بۆ تۆمارکردنیان وەک بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی بۆ دڵنیابوون لە دروستی زانیارییەکانیان پێش ڕەوانەکردنیان بۆ لیژنەی پزیشکی.

ب. وەزارەتی تەندروستی دوو لیژنەی پزیشکی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی پێکبهێنێت بۆ پشکنینی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی کە بەپێی فۆرمێکی تایبەت ڕەوانەی لیژنەکان دەکرێن.

ج. شایستە و هاندان لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری دابین دەکرێت بۆ ئەندامانی لیژنە پزیشکییەکان.

د. دیاریکردنی ڕێژەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی و منحەکانیان بە پێی پەیڕەوی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٢٠) پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢١) وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان (ڕێنمایی دیاریکردنی مافی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی)دەبێت.

٩- وەزارەتی تەندروستی بە نووسراوی ژمارە (٨٧٩٨) لە ٢٠٢١/١١/٩ بە مەبەستی تاوتوێکردنی خەرجی پرۆسەی پشکنین لیژنەیەکی پێکهێناوە، دواتر بە نووسراوی ژمارە (١٤٩٣٥) لە ٢٠٢١/١١/٢٥ کۆنووسی لیژنەکەو دەرخستەی خەرجی لیژنەکانی پشکنینەوەی بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی ڕەوانەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کردووە و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە نووسراوی ژمارە (١٣٨) لە ٢٠٢١/١١/٢٥ کۆنووسی لیژنە و دەرخستەی خەرجییەکانی ڕەوانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کردووە بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی خەرج کردن.

١٠-تا ئێستا (٧٠٣) دۆسییەی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی، لە لایەن لیژنەی تایبەتمەندی پێداچوونەوە بە دۆسییەکانی بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان پێداچوونەوەیان بۆکراوە و ڕەوانەی وەزارەتی تەندروستی کراون بۆ ئەوەی لیژنە تایبەتمەندەکان پشکنینیان بۆ بکەن و (١٥٢)دۆسییەش ئامادەیە بۆ ناردنی بۆ وەزارەتی تەندروستی بە مەبەستی پشکنینی پزیشکی.

بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی سێیەم: پاککردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کە بە ناوی زیندانی و گیراوی سیاسی بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی) هەموارکراو سوودمەند بوون.

١- بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١١٥) لە ٢٠٢٠/١٢/٢٢ لیژنەیەکی پێکهێنرا و بە کۆنووسێک سەرجەم لیستی ناوەکانی زیندانیکراو و گیراوی سیاسییان پێدرا بۆ پاکتاوی دۆسییەی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی.

٢- بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٤٣) لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٣٠، هەڵپەساردنی تۆماری نوێی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی، ئەنجومەنی دادوەری بە نووسراوی ژمارە (١١٧١) لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٣١ تۆماری نوێی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی ڕاگرت.

٣- بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٤٥) لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٣٠، ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانییە سیاسییەکان و بانکی زانیاری وەزارەتمان بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ لیژنەی باڵای بایۆمەتری و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ بایۆمەتری و بەئەلیکترۆنی کردنی لیستەکانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی.

٤- ناردنی لیستی ناوی (٩٨٤) زیندانی سیاسی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٥٧) لە ٢٠٢١/٣/١٧، بۆ ئەوەی لە رێگای نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵ بکرێت بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەنامەکانی گیرانیان و دڵنیابوون لەوەی کە هیچ مووچەیەکی تریان نیە، تا لە دوای تەواوبوونی ماوەی (١٠) ساڵی مینحەکەیان، مینحەی مانگانەیان بۆ ببەسترێتەوە.

بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی چوارەم: لە کاتی مردنی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی ، بە پێی یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ میراتگرەکانیان دەکرێت.

١- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانییە سیاسییەکان ڕاسپێردراوە کاری پێویست ئەنجامبدات لەکاتی مردنی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ میراتگرەکانیان دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٩)ی ٢٠٢٠، بۆ میراتگرانی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی دەرچووواندوە.

٢- تا ئێستا (١٤٥) زیندانی سیاسی کۆچی دواییان کردووە و بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار مامەڵە لەگەڵ وارسەکانیان کراوە و لەوانە (٦٢) زیندانی سیاسی کۆچکردوو وارسەکانیان شمولی وەرگرتنی مینحە ناکەن و (٨٣) وارسی زیندانی سیاسی کۆچکردووش مینحەکانیان کەمکراوەتەوە بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار.

بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی پێنجەم: ڕێکخستنەوەی لەئەستۆگرتنی حکومەت بۆ خەرجیی چارەسەری تەندروستی و خوێندنی کوڕ و کچ و هاوسەری شەهید کە هاوسەرگیری نەکردۆتەوە لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان لەناو هەرێمدا، دەستنیشانکردنی مەرجەکانی شایستە بوون لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٧) لە یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان).

١- بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دارایی ئابووری و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردە و تەندروستی و سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، دەرچووواندنی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ خزمەتگوزاری خوێندن و تەندروستی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی.

٢- بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٤٤) لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٣٠ ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزارییەکان و بانکی زانیاری لە دیوانی وەزارەتمان کە بەردەوام زانیاری تەواو و باوەڕپێکراو ئامادەبکەن لەبارەی کەس و کاری شەهیدان، بەپێی تەمەن و قۆناغی خوێندن، تاکو لەنێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەماهەنگی بکرێت و پلانی ساڵانەی پێویست بۆ خەرجییەکانی خزمەتگوزاری دابڕێژرێت.

٣- دانانی سێرڤەر و بەستنەوەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بەیەکەوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ بە ئەلیکترۆنی کردنی زانیاریەکانی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، بەمەبەستی ڕێکخستن و بەدواداچوونی خەرجییەکانی خوێندن.

٤- خەرجکردنی بڕی تەنها(١٩,٦٨٦,٤٧٢,٦٠٠) نۆزدە ملیار و شەش سەد و هەشتا و شەش ملیۆن و چوارسەد و حەفتا و دوو هەزار و شەش سەد دینار بۆ کرێی خوێندنی کچ و کور و هاوسەری شەهید و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی خۆی یان یەکێک لە منداڵەکانی، بەپێی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ بە داشکاندنی (٢٥%) ئەو بڕە پارەیە دراوەتەوە بە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ ئەهلییەکان، و بڕی تەنها (٣،٠٨٣،٧٤٦،٤٢٥) سێ ملیار و هەشتا و سێ ملیۆن و حەوت سەد و چل و شەش هەزار و چوارسەد و بیست و پێنج دینار، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری گەڕێندراوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت.

دەرئەنجامی پێداچوونەوە بە دۆسییەکان:

ژ	لیژنەی لاوەکی	جۆری دۆسییە	دۆسییە	ووردبینیکراو	لێکۆڵینەوە	پەسەند	نایگرێتەوە
١-	بەڕێوەبەرایەتی هەولێر	شەهیدی سەنگەر	١٢,٩٤٠	١٣٤٨	١٦٦	١٠٨٠	١٠٢
		شەهیدی جینۆساید	٣،٠٣٠	٨٢٠	٣٠٠	٥٠٠	٢٠
		شەهیدی هاوڵاتی	٨،٤٥٨	١٧٨٧	٦٥٠	١٠١٢	١٢٥
٢-	بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی	شەهیدی سەنگەر	١٧،٦٩٥	٩٠٢	٢٦٧	٥٩٤	٤١
		شەهیدی جینۆساید	٧،٨٢٦	-	-	-	-
		شەهیدی هاوڵاتی	٨،٧٦٢	٧٨٠٦	١٨١٠	٥٤١٩	٥٧٧
٣-	بەڕێوەبەرایەتی دهۆک	شەهیدی سەنگەر	٦،٤١٥	٢٤١٧	١٦٤٩	٦٧٤	٩٤
		شەهیدی جینۆساید	٧٧٨	٧٧٥	١٤٩	٦٢٦	-
		شەهیدی هاوڵاتی	٣،٩٠٨	١٢٨٢	٢٦٩	٩٨٨	٢٥
٤-	زیندانیکراو و گیراوی سیاسی	زیندانیکراو و گیراوی سیاسی	٢٣،٧٦٩	١٧٨٤	٣٢٦	١٤١١	٤٧
٦-	تاقانەکانی جینۆساید	تاقانەی جینۆساید	٤١٢	٤١٢	٥٨	٣١٢	٤٢
٧-	بەرکەوتوی چەکی کیمیاوی	بەرکەوتوی چەکی کیمیاوی	٩،٢٠٢	٧٠٣			
٨-	وەزارەت	فەرمانبەران	١٣٥٩	١٣٥٩	٢٠٤ دۆسییە تێبینی لەسەرە		

کۆی گشتی دۆسییەی شەهیدان لە وەزارەت:

ژ	جۆری دۆسییە	کۆی دۆسییە	ووردبینیکراو	لێکۆڵینەوە	پەسەندە	نایگرێتەوە	کەڵکی ئابووری
١-	شەهیدی سەنگەر	٣٧٠٥٠	٤٥٠١	١٩١٦	٢٣٤٨	٢٣٧	١٢٠،٥٥٤،٠٠٠
٢-	شەهیدی جینۆساید	١١٦٣٤	١٥٩٥	٤٤٩	١١٢٦	٢٠	٩،٠٠٠،٠٠٠
٣-	شەهیدی هاوڵاتی	٢١١٢٨	١١٧٩٣	٣٧١٧	٧٣٣٤	٧٤٢	١٨٥،٥٠٠،٠٠٠
	کۆی گشتی	**٦٩٨١٢**	**١٧٨٨٩**	**٦٠٨٢**	**١٠٨٠٨**	**٩٩٩**	٣١٥،٠٥٤،٠٠٠

کەڵکی ئابووری :

ژ	شوێن	جۆری دۆسییە	نایگرێتەوە	کەڵکی ئابووری
١-	بەڕێوەبەرایەتی هەولێر	شەهیدی سەنگەر	١٠٢	٥١،٠٠٠،٠٠٠
		شەهیدی جینۆساید	٢٠	٩،٠٠٠،٠٠٠
		شەهیدی هاوولاتی	١٢٥	٣١،٢٥٠،٠٠٠
		خوشک و برای شەهید کە بەدەر لە یاسا سوود مەندبوون	١٤٨	٥٩،٥٣٨،٠٥٠
٢-	بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی	شەهیدی سەنگەر	٤١	٢١،٥٢٠،٥٠٠
		شەهیدی هاوولاتی	٥٧٧	١٤٤،٢٥٠،٠٠٠
٣-	بەڕێوەبەرایەتی دهۆک	شەهیدی سەنگەر	٩٤	٤٨،٠٣٣،٠٠٠
		شەهیدی هاوولاتی	٢٥	٦,٢٥٠,٠٠٠
		خوشک و برای شەهید کە بەدەر لە یاسا سوود مەندبوون	٦٧	٢٦،٧٥٠،٠٠٠
٤-	زیندانیکراو و گیراوی سیاسی	مینحەی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی	٤٧	٢٦،٢٥٠،٠٠٠
		بڕینی مووچەی وارس بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار	٦٢	٣١،٠٠٠،٠٠٠
		کەمکردنەوەی مووچەی وارس بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار	٨٣	١٣،١٣٥،٠٠٠
٥-	وەزارەت	مینحەی بەخێوکەر	١٣,٢٨٢	٩٩٦,١٥٠,٠٠٠
کۆی گشتی			**١٤,٦٧٣**	**١,٤٦٤,١٢٦,٥٥٠**

بەمەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٢)ی بەشی دووەمی یاسای چاکسازی و پێداچوونەوە بە دۆسییەکانی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی:

لیژنەی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی لە وەزارەت کە بەهەردوو فەرمانی وزاری ژمارە (٧٨٩) لە (٢٠٢١/٣/١٧) و (١٧١٩) لە (٢٠٢١/٧/١) دەست بەکاربوون تا ئێستا کاریان لەسەر (٧٨٦) دۆسییەی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی کردووە ئەوانەی کە مینحەی مانگانەیان هەیە بۆئەوەی دووبارە پشکنینیان بۆ بکرێتەوە، بەڵام تا ئێستا لیژنەی پزیشکی سەر بە وەزارەتی تەندروستی دەست بەکارنەبوون.

دووەم : ئاستی خزمەتگوزاری

١- بەشی تەندروستی و کۆمەڵایەتی:

ناردنی (١٠٠) کەس لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ وەزارەتی ئەوقاف بۆ بەجێهێنانی فەریزەی حەج ساڵی ٢٠٢٢.

٢- بەشی نیشتەجێبوون:

- دابەشکردنی (٥٦٩) پارچە زەوی بەسەر کەس و کاری شەهیدان لە سنوری پارێزگای سلێمانی بەم شێوەیەی خوارەوە:

  ١- ڕانیە (١٩٠) ٢- کەلار (٢٧٦) ٣- کفری (١٠٣).

- بەداتابەیسکردنی ناوی سەرجەم کچ و کوڕی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی بەمەبەستی خزمەتگوزاری خوێندن.
- بەداتابەیسکردنی دۆسییەی ١٠ هەزار زیندانیکراو و گیراوی سیاسی.

٣- بەشی پەروەردە

١) خەرجکردن و پاکتاوکردنی قەرزی کرێی خوێندن و دەرماڵەی هاتوچۆو نیشتەجێبوونی ساڵی (٢٠١٨-٢٠١٩) و متەفەریقەی ساڵانی پێشوو، بۆ (٦،٣٦٧)ی خوێندکار و قوتابی کە کۆی گشتی گوژمەکەی دەکاتە ١٩،٦٨٦،٤٧٢،٦٠٠ کە لە مساڵدا خەرجکرا.

(٢٠١٨/ ٢٠١٩)

ژ	بەڕێوەبەرایەتی	خوێندکارو قوتابی	بری پارە
١	هەولێر	٢،٣٤٦	٦،٨٧٠،٦٠٦،٢٠٠
٢	سلێمانی	١٣٧٢	٣،٦٠٧،٨١٣،٢٥٠
٣	دهۆک	٩٧٦	٣،٦٥١،٨٤٣،٥٠٠
٤	کەرکوک	١٦٣	٣٢٧،٢٧٧،٥٠٠
٥	ب.زیندانی سیاسی	١٥١٠	٥،٢٢٧،٨١٠،٨٥٠

٢) ئامادەکردنی لیستی کرێی خوێندن و دەرماڵەی هاتوچۆو نیشتەجێبوونی ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بۆ (٥٦٩٨) خوێندکار و قوتابی کە کۆی گشتی دەکاتە (١٧،٧٦٦،٣٤٣،٠١٠) حەڤدە ملیار و حەوت سەدو شەست و شەش ملیۆن و سێ سەدو چل و سێ َ هەزار و دە دینار. (٢٠١٩/٢٠٢٠)

ژ	بەڕێوەبەرایەتی	خوێندکارو قوتابی	بری پارە
١	هەولێر	٢١٠٠	٦،٢٥١،٩٨٢،٤٦٠
٢	سلێمانی	١١١٦	٣،٣٠٦،٥٩٥،٨٠٠
٣	دهۆک	١٠٠٨	٣،٦٣٨،٩٦١،٥٠٠
٤	گەرمیان	١١٦	١٨٥،٣٣٦،٢٥٠
٥	کەرکوک	١٣٠	٢٧٠،٩٠٧،٢٥٠
٦	ب.زیندانی سیاسی	١٢٢٨	٤،١١٢،٥٥٩،٧٥٠

چالاکی و خزمەتگوزارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەولێر:

١- خەرجکردنی بڕی (١،٤٤٠،١١١،٧٥٠) یەك ملیارو چوار سەد و چل ملیۆن و سەد و یانزە هەزارو حەوسەد و پەنجا هەزار دینار وەکو کرێی ساڵانەی خوێندن و دەرماڵەکانیان بۆ کچ و کوڕ و هاوسەری شەهید کە لەساڵی (٢٠١٨-٢٠١٩) کە لەسەر ئەستۆی وەزارەتمان خوێندویانە و لەمساڵدا بۆیان خەرج کردوون.

٢- خەرجکردنی بڕی (١٥٥،٤٣٦،٨٦٢) سەدو پەنجاو پێنج ملیۆن و چوارسەدو سی و شەش هەزارو هەشت سەد و شەسەد و دوو دینار تەرخانکراو وەکو کرێی خوێندن و دەرماڵە بۆ خوێندکارانی ساڵی (٢٠١٦-٢٠١٧) کە لەسەر ئەستۆی وەزارەتمان خوێندویانە و لەمساڵدا بۆمان خەرج کردوون.

٣- خەرجکردنی بڕی (١١٠،١٦٥،٦٢٥) سەد و دە ملیۆن و سەد و شەست و پێنج هەزارو شەسەد و بیست و پێنج دینار پارەی تەرخانکراو وەکو کرێی خوێندن و دەرماڵەکانیان لەساڵی (٢٠١٧-٢٠١٨) کە لەسەر ئەستۆی وەزارەتمان خوێندویانە و لەمساڵدا بۆمان خەرج کردوون.

٤- دابەشکردنی (٥٤٩) مووچەی شەهیدان لەنێوان سەرجەم وارسە یاساییەکانیاندا بەشێوەیەکی یەکسان بەپێی یاسا ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ماف ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان وە هەمواری ژمارە (٣) ساڵی (٢٠١٣).

٥- گەڕاندنەوەی (٢٧٤) بەشە مووچەی وارسی شەهیدان بۆ وارسە یاساییەکان بەپێی یاسا ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) و هەمواری (٣) ساڵی (٢٠١٣).

٦- ڕاستاندن (تصدیق)ی (٨٣٠) وەکالەتی وارسی شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ سەرجەم بانکەکانی پارێزگای سلێمانی بەمەبەستی وەرگرتنی مووچەی شەهیدان.

٧- تۆمارکردن و بینینی (١٣) داوا لەسەرجەم دادگاکانی هەرێم، تایبەت بە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەمان و وارسی شەهیدان و جینۆسایدکراوان.

٨- زیاتر لە (٦٢٠) دەستەبەری دارایی و (١٤) بەڵێننامە بۆ خوشك و برای شەهیدی سەنگەر و هاووڵاتی و کوڕ و کچی شەهیدی هاووڵاتی .

٩- بەستنی زیاتر لە (١٥٣) دەرماڵەی خێزان و منداڵی شەهید.

١٠- تۆماری تازە بۆ (٢١) شەهیدی سەنگەر و شەهیدی جینۆسایدکراوە.

١١- ئامادەکردنی دەرخستە بۆ نۆژەنکردنەوەی بینای بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی.

١٢- نۆژەنکردنەوەی بینای بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی بە بڕی (٢٧،٠٠٠،٠٠٠) بیست و حەوت ملیۆن دینار.

١٣- ئامادەکردن و نۆژەنکردنەوەی دیواربەندی شەهیدانی ئەیلول لە ناو پارکی ئازادی سلێمانی بە بڕی (١،١٥٠،٠٠٠) یەك ملیۆن سەد و پەنجا هەزار دینار .

١٤- سەردانمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەی توماری زەوی کەرتی (٦٥) کانی بەردینە بۆ پرۆژەی نیشتەجێ کردن بۆ وارسی شەهیدان لە کانی بەردینە.

لە بواری خزمەتگوزاری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی دهۆك ئەم کار و چالاکییانەیان ئەنجامداوە:

- خەرجکردنی کرێی خوێندنی ساڵی (٢٠١٨-٢٠١٩) وەجبەی یەکەم کە بەم شێوازەی خوارەوە دابەش کراوە:

- ژمارەی قوتابیانی سودمەند لەم خزمەتگوزارییە بریتیە لە (٩٣٩) قوتابی. بە بڕی (٢،٢٧٦،٣٦١،٢٥٠) دوو ملیار و دوو سەد و حەفتا و شەش ملیۆن سێ سەد و شەست و یەك هەزار و دووسەدو پەنجا دینار.
- خەرجکردنی بڕی (٣٦٤،٥٠٠،٠٠٠) سێ سەد و شەست و چوار ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار وەك دەرماڵەی هاتووچۆ.
- دابین کردنی دەرماڵەی نیشتەجێ بوونیان بە بڕی (١٤٤٠٠٠٠٠٠) سەدو چل و چوار ملیۆن دینار.

کۆی گشتی بریتیە لە (٢،٧٨٤،٨٦١،٢٥٠) دوو ملیار حەوت سەدو هەشتاو چوار ملیۆن و هەشت سەدو شەست و یەك هەزار دوو سەدو پەنجا دینار.

لە بواری خزمەتگوزاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی گەرمیان ئەم کار و چالاکییانە ئەنجامداوە:

خشتەی بەشێك لە چالاکی و خزمەتگوزراییەکانی لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی گەرمیان:

ژمارە		جۆری نووسراو	چەند
١	نیشتەجێکردن	دابەشکردنی زەوی بەپێی قسام شەرعی شە هید	١٥
٢	نیشتەجێکردن	ڕاستکرنەوەی ناوی شە هید و وارسی شە هید	٩

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی:

١- دۆکیۆمێنتکردنی ڤیدیۆی نزار خەزەرجی، فەریق عەلی غیدان، چاوپێکەوتن لەگەڵ د.عبدالحمید عبدالله بەرنامەی الشهادات خاصة.

٢- کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی شەهیدانی شەڕی قازان کە لە (١٩٨٢/٣/٥) بووە.

٣- ئامادەکردنی کتێبێك دەربارەی بەڵگەنامەکانی رژێمی بەعس و شیکردنەوەیان، بە ناوی (زەمانی بەعس و زمانی بەڵگەنامەکان).

٤- ئامادەکردن و چاپکردنی کتێبێك کە بریتییە لە کۆمەڵێك دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ دەربازبووانی ئەنفال و کیمیاباران و بۆردومانکردنی خەڵکی کوردستان، بە ناوی (ژەهرو بۆمب نەیبەزاندین).

٥- دۆکۆمێنت کردنی چەندین وێنەو بەڵگەنامەی کۆپی دەربارەی پەلامارەکانی ئەنفال و جینۆساید کردنی خەڵکی کوردستان.

٦- بەدەستهێنانی داتایەکی تایبەت بە شوێن و ژمارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان.

سێیەم : ئاستی پەیوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

١- پەیوەندییەکانی نێوان وەزارەتمان و حکومەتی فیدراڵی عێراق/ دامەزراوەی شەهیدان لە ئاستێکی باشدایە بەتایبەتی لە چوارچێوەی گەڕان و گەڕاندنەوەی ڕووفاتی قوربانیان بۆ زێدی باو باپیرانیان. لەم چوارچێوەیەدا لە ڕیکەوتی ٢٠٢٢/٠٢/٢٢ چەندین چالاکی و دیداری هاوبەش ئەنجامدراون وەك بەشداری کردنی هاوبەشی دوولایەنە لە هەڵدانەوەی گۆری بەکۆمەلی (حەردان) لە سنوری شەنگال هەروەها هاوکاری و هەماهەنگی هەیە بۆ گەڕاندنەوەی ڕوفاتی ١٧١ قوربانی جینوساید کە پێشتر لە بیابانەکانی سەماوەدا دۆزراونەتەوە.

٢- بەشداری کردنی بەڕێوەبەرایەتی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی وەزارەتمان لە کۆبوونەوەی لوتکەی نێوان (عێراق - ئێران) کە لە ڕۆژی ١١-٢٠٢٢/٠٥/١٢دا ئەنجام درا بەمەبەستی بەشداری کردن و هاوکاری کردن بۆ بەدواداچوونی وونبوانی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق ئێران بەسەر پەرشتی ڕێکخراوی ICRC بەڕێوە چوو، لەو کۆبوونەوەیدا جەخت کرایەوە لەسەر هاوکاری و هەماهەنگی بەردەوامی هەرسێ لایەنی عێراقی، ئێرانی، کوردستانی، بەمەبەستی دۆزینەوە و هەوڵدانەوەی گۆڕی قوربانیانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوانیان و ڕادەستکردنەوەیان.

٣- پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەلایەن تیمی نیشتیمانی بەڕێوەدەچێت کە ئەم تیمە پێکدێت لە دادوەرێك کە سەرۆکایەتی تیمەکە دەکات و ئەندامێتی هەریەك لە (وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق و داواکاری گشتی و وەزارەتی ناوخۆی عێراق و دەزگای شەهیدانی عێراق و پەیمانگەی پزیشکی دادوەری سەر بە وەزارەتی تەندورستی عێراق و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان و چەند لایەنێکی پەیوەندیداری تر بە هاوکاری و هەماهەنگی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (ICMP).

پێنجەم: ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

١- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەشداری کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ICMP دەکات:

بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی (international commission on missing persons کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی کەسانی وونبوو) لە ٣٠ی ئابی ٢٠٢١ بەبەشداری شاندێکی باڵای عێراقی فیدراڵ کە پێکهاتبون لە حسن کەعبی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق وعەبدولئیلاه نائیلی سەرۆکی دەزگای شەهیدانی عێراق و بەهاوبەشی بەڕێز نەوشیروان شەریف سەعید بەڕێوەبەری گشتی دیوان و نوێنەری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لەشاری لاهای هۆڵەندا کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەسەرپرسی وونبووان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان

ڕێکخرا. کۆنفرانسەکە بە ئامادەبوونی کاترین بومبکر سەرۆکی گشتیی کۆمسیۆنی نێودوڵەتی کاروباری بێسەروشوێنان و باڵیۆزانی ئەڵمانیا و عێراق و ژمارەیەکی بەرچاو لە باڵیۆزان و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەتەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەستی بەکارەکانی کرد.

شەشەم: ئاستی کارگێڕی

١- کردنەوەی یەکەی ژمێریاری بۆ دەستەی گشتی بۆ بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی داهاتەکانی وەزارەت لە ژێر ڕۆشنایی بڕیارەکانی لیژنەی ٣٣ و دانانی میلاکی پیویست بۆیان.

٢- ئامادەکردنی ڕەشنوسی کۆتایی پەیڕەوی ناوخۆیی وەزارەت کە تا ئەمساڵیش وەزارەت پەیڕەوی نەبووە و ناردنی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەمەبەستی پەسەندکردنی.

٣- ئامادەکردنی ڕشنوسی کۆتایی بۆ دەرکردنی ڕینماییەك بۆ یاسای سندوقی پشتگیری هاوکاری خانەوادەی شەهیدان قوربانیانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) ژمارە ٣٧ ساڵی ٢٠٠٧.

٤- ئامادەکردنی لیستی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەولێر بۆ لیژنەی (٣٣) کە تایبەتە بە داڕشتنەوەی پەیکەری کارگێڕی.

- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی گەرمیان ئەم کار و چالاکیانەی ئەنجامداوە:**

ژمارە	جۆری کار و چالاکی	ژمارەی کار و چالاکی
١	نووسراوی ڕۆشتو	١٤٩٥
٢	فەرمانی کارگێڕی + شاندکردنی فەرمانبەران	٢٦٦
٣	زانیاری مووچە	١٦٧
٤	پشتگیری بۆ ناساندن	٤٣٨
٥	ڕاگرتنی مووچە	١٠
٦	لێکۆڵینەوەی مەیدانی	٨٠
٧	وارس گۆڕین	١٢٩
٨	بەشە مووچە	٦٧
٩	گواستنەوەی مووچە	٢١
١٠	بەرزکردنەوەی سکاڵا	٧
١١	تۆماری نوێ	١٤

- **دیدار و چالاکییەکانی بەڕێز وەزیر و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

کونسوڵی ئەرمینیا سەردانی مۆنۆمێنتی ئەنفال لەقەزای چەمچەماڵ دەکات

ڕێکەوتی ١١ی نیسانی ٢٠٢٢ بەڕێز (ئارشاک مانوکیان) کونسوڵی گشتی کۆماری ئەرمینیا لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەریەک لە بەڕێزان (ئەندرانێک هاروتونیان) جێگری کونسولی گشتی و هێمن مام ڕەش سەرۆکی ڕێکخراوی دۆستایەتی کورد و ئەرمەن سەردانی قەزای چەمچەماڵیان کرد.

- **شاندێکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان سەردانی دەزگای شەهیدانی عێراق دەکات:**

لە ڕێکەوتی ١٥ ئازاری ٢٠٢٢ دا شاندێکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە سەرۆکایەتی بەڕێز بەڕەڤان حەمدی بریکاری وەزارەت، سەردانی دامەزراوەی شەهیدانی عێراقیان کرد. دەرئەنجام لێکتێگەیشتنی باش بۆ کاری داهاتووی دەزگای شەهیدانی عێراق و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان نەخشەڕێژکرا،

بۆ ئەوەی لە داهاتوودا زیاتر خزمەتی کەسوکاری شەهیدان بکرێت بەپێی یاسا بەرکارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و بەندەکانی دەستوور، کە گشتگیرە بۆ هەموو پارێزگانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

- **شاندێکی وەزارەت بەشداری هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی حەردان دەکات:**

ڕێکەوتی ٢٢ی شوباتی ٢٠٢٢ شاندێکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە سەرپەرشتی بەڕێز بەرەڤان حەمدی بریکاری وەزارەت بە یاوەری بەڕێزان راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی دیوان و تیمی گوڕە بەکۆمەڵەکانی وەزارەتمان لە گوندی حەردانی قەزایی شنگاڵ، بەشداربوون لە ڕێورەسمی راگەیاندنی دەست پێکردنی هەڵدانەوەی گۆڕەکانی کۆمەڵکوژییەکانی سنوورەکە، بەئامادەبوونی نوێنەری سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم، تیمی نیشتمانی عێراقی فیدراڵ و یونیتاد، یوئێن، کەسوکاری قوربانیان و دەزگا ئیداری و سەربازییەکانی سنووری پارێزگایی موسڵ و جەنابی بابەشێخ و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئولی تایبەت بە ئێزدییەکان، پەرلەمانتاران و چەندین گروپی خۆبەخش و ڕێکخراوەیی، دەست کرا بە ڕێکاری هەڵدانەوەی گۆڕەکان بەپێی یاسا بەرکارەکان، کە پێشبینی دەکرێت چوار گوڕ بن و زیاتر لە چوارده رۆژ بخایەنێت، لە کۆی ئەو حەفتاو دوو گۆڕەی کە دۆزراونەتەوە دەست نیشانکراوە بە گشتی لە سنووری شنگال و دەشتی نەینەوا بە یەکێک لە بەڵگەکانی تاوانی جینوسایدی دژی پێکهاتەی کوردانی ئێزدیی دادەنرێت لە ژێر دەستی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش.

- **بەڕێز وەزیر پێشوازی لە شێخ سیراج بارزانی سەرۆکی لیژنەی ٣٣ دەکات:**

ڕێکەوتی ٩ ی شوباتی ٢٠٢٢ بەڕێز عەبدوڵا حاجی محمود وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە دیوانی وەزارەت و بە ئامادەبوونی بەڕێز نەوشیروان شەریف بەڕێوبەری گشتی دیوان و سەرۆکی لیژنەی وەزارەت و بەڕێوبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان پێشوازیکرد لە بەڕێز شێخ سیراج بارزانی سەرۆکی لیژنەی ٣٣ تایبەت بە پێداچوونەوە بە پەیکەری کارگێڕی و میلاکاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە دیدارێکدا باس لە هەوڵ و هەنگاوەکانی ڕێکخستەنەوەی بواری کارگێڕی و هێزی مرۆیی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و کارەکانی لیژنەی تایبەتی وەزارەت لەو بارەیەوە کرا.

- **پێشوازیکردن و کۆبوونەوە لەگەڵ شاندێکی لیژنەی شەهیدان جیۆساید و زیندانیانی سیاسی پەرلەمانی کوردستان:**

ڕێکەوتی ٨ ی شوباتی ٢٠٢٢ بەڕێز عبدالله حاجی مەحمود وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بەیاوەری بەڕێز بەرەڤان حەمدی بریکاری وەزارەت، پێشوازیکرد لە شاندێکی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانییانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان.

لە کۆبوونەوەکەدا بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتی خزمەتگوزارییەکانی وەزارەت، گفتوگۆ کرا لەسەر جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکانی کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانییانی سیاسی و بەدواداچوون بۆ چارەسەرکردن و یەکلایی کردنەوەی گرفتەکانیان.

- **وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان سەردانی وەزارەتی شارەوانی دەکات:**

لە رێکەوتی ١٤ی دیسەمبەری ٢٠٢١ شاندێکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە سەرپەرشتی بەڕێز (عبدالله حاجی مەحمود) وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان سەردانی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاریان کرد و لە لایەن بەڕێز (ساسان عەونی) وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزارەوە پێشوازی گەرم کران.

مەبەستی سەرەکی ئەو سەردانە، جێبەجێکردنی فەرمانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو بە ژمارە (٣٣٣٩) لە رێکەوتی (٢٠٢١/١١/٢٣) تایبەت بە دابەشکردنی (١١١٤١) پارچە زەوی بە سەر میراتگرانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و جینۆسایدکراوان و زیندانیانی سیاسی و ڕزگاربووانی شاڵاوەکانی ئەنفال.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا یاداشتێکی لێکتێگەیشتن واژۆکرا بۆ ئەوەی بە زووترین کات زەویەکان دابەشبکرێت و بەناویان بکرێ.

- **سەرجەم دۆسییەی شەهیدان دەگوازرێنەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

دوای دەرچوونی پەیڕەوی دیاریکردنی مافی شەهیدان و ڕێنمایی گواستنەوەی دۆسییەی شەهیدان، لیژنەی پەیوەندیدار لەسەر ئاستی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە پێکهێنران بۆ گواستنەوەی دۆسییەکانی شەهیدانی هێزەکانی (پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و دژە تیرۆر) بەمەبەستی دابینکردنی ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان .

لەپاش کۆبوونەوە و لێکتێگەیشتن، ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٣ / ١١ / ٢٠٢١ وەک قۆناغی یەکەم ١٠١٨ دۆسییەی شەهیدانی شەڕی داعش لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە گواسترانەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

یەکەم: کەرتی ئاو

١- بەنداوەکان:

دروستکردنی بەنداوەکان لە هەرێمی کوردستان دەکرێن بە چەند قۆناغێك

قۆناغی ١:

لە ساڵی ١٩٥٠ تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەنداوی دوکان لە سەر زێی بچووك توانای گڵدانوەی (٦,٨ ملیار م٣) و بنداوی دەربەندیخان لە سەر زێی سیروان (٣ ملیار م٣) و بەنداوی دهۆك لەسەر رووبار (٥٢ ملیۆن م٣) هەبوو، هەموو بەنداوەکان توانای گڵدانەوەی ئاویان (٩,٨٥٢ ملیۆن م٣) ە. ئەم ساڵ ٢٠٢٢ ئەم بەنداوانە (٤,١٨ ملیار م٣) ئاویان تێدایە، پلانی هاوینەمان لە پێنج مانگی داهاتوو بڕی (١,١٧٥ ملیار م٣) ئاو بەکار دەهێنرێت ، (٥١٥ ملیۆن م٣) داهاتی ئاوە خەملێنراوە لە سەرچاوەکانەوە ، بۆ ساڵی ئایندە (٣,٢٦٥ ملیار م٣) ئاو دەمێنێتەوە وەکو یەدەگ.

قۆناغی ٢:

دوای رووخانی رژێم (٢٠٠٤-٢٠٠٨): لە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراقەوە چەندین بەنداو دراسە و دیزاینیانیان بۆ کرا وەك بەنداوەکانی (تەق تەق، گۆمەسپان، باسەرە ... هتد) و چەند بەنداوێك دروستکران وەک بەنداوەکانی (ئەڵوەند لە خانەقین) و (بەنداوەکانی خاسەچای و شیرین و پەڵکانە لە کەرکوك) (لە ئێستادا لە ژێر دەستی حکومەتی عێراقدان)، و (هەراوە لە چەمچەماڵ) و (سەروچاوە لە سلێمانی) و (کەشکان لە دهۆك).

قۆناغی ٣:

حکومەتی هەرێم (٢٠٠٨-٢٠١٤): لە سەرەتای دامەزراندنی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوەوە لە حکومەتی هەرێم (١٢) بەنداوی بچووك دروستکران، دیزاینی چەندین بەنداوی تریش ئامادە کرا، بەڵام لە کاتی سەرهەڵدانی (داعش) پرۆژەکان وەستان و دەیان ملیار دینار زیانیان بەرکەوت. ئەم بەنداوانە بە هەموویان توانای گڵدانەوەی (٥١ ملیۆن م٣) ئاویان هەیە. ئەم ساڵ (٢٠٢٢) بڕی (٤٢ ملیۆن م٣) ئاویان تێدایە.

قۆناغی ٤:

(کابینەی نۆیەم)ی حکومەتی هەرێم: ئەم قۆناغە لەسەر چوار ئاست دەستی بە دروستکردنەوەی بەنداوەکان کردۆتەوە:

١. **لەسەر بودجەی حکومەت:** پۆڵێنکردنی ئەو بەنداوانەی رێژەیەکی باشیان جێبەجێکراوە ، یان رێژەیان کەمە بەڵام زۆر پێویستن بۆ ئەم قۆناغە، لە کۆتایی ٢٠٢١ بودجە بۆ ١٧ بەنداو تەرخانکراوە: بەنداوەکانیش (چەمرگە، زەلان، چەقچەق٢، دێوانە، خۆرنەوازان، تورەجار، بانوی تاڵەبان، شەوگێر، گۆمەسپان، نازەنین و ئاقوبان) و لە دهۆك (خەنەس، سبنە ٢، گەلی بەنداوە) تەنها (١) بەنداو تەواو بووە بە قەبارەی (١ ملیۆن م٣) و (٨) بەنداو تەواو دەکرێن بە توانای گڵدانەوەی (٥١ ملیۆن م٣)، بۆ تەواو کردنی (٨) بەنداو ١٤,٥ ملیار دینار پێویستە ، بۆ بەردەوام بوون لە ٨ بەنداوی تر پێویستمان بە ٤٤ ملیار دینارە.

٢. **بە هاوبەشی لە گەڵ کەرتی تایبەت (PPP):** لەم قۆناغە (٩) بەنداو دەستنیشان کرا کە لە جۆری مامناوەند و گەورەن: (مەنداوە، تەقتەق، سارتك ، خێوەتە و دەڵگە ، کەلار (بەردەسور، باکرمان، دێرەلوك و باسێ) لە بەر ئەوەی پێویستی بە دراسە و لێکۆڵینەوەی زیاتر و هەڵسەنگاندنی زیاتر و ئامادەکردنی کەڵکی ئابووری پرۆژەکان هەبوو، حکومەتی هەرێم ، نەیویست پەلە لەم پرۆژانە بکات، هاوکات دەبوایە پێشوەخت لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بگاتە لێکتێگەیشتن چونکە بەشێکیان لە ناو نەخشەو دراسەی ستراتیجی عێراقدا نین و راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر هاوسەنگی ئاوی عێراق هەیە ، هاوکات مەسەلەی دیزاینیش هەندێکیان پێویستی بە پێداچونەوە هەیە.

٣. **لەگەڵ حکومەتی عێراق:** حکومەتی عێراق لە ماستەر پلان ودیراسەی ستراتیجی بۆ ئاوو خاك لە عێراق ٢٠١٤-٢٠٣٥ دەیان بەنداوی گەورەو بچوکی خەزنی و هایدرۆپاوەری داناوە، بەشێکی زۆریان لە کوردستانەو لە گەڵ پلانەکەی ئێمە یەکدەگرنەوە ، بڕیاردرا لە رێی لیژنەی تەکنیکی و وەفدی وتووێژو لۆبی کوردی لە پەرلەمان و حکومەتی عێراق کار لەسەر ئەم بابەتە بکرێت .

٤. **لەگەڵ پاوەرچاینا Power China:** لەسەر پێشنیاری جەنابی سەرۆك وەزیران، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو یاداشتی لێك تێگەیشتنی لەگەڵ گەورە کۆمپانیای پاوەر چاینا ئیمزا کرد بۆ ئەوەی دیراسەی ئەگەری دروستکردنی چوار بەنداو لە هەرێمی کوردستان بکرێت ئەمانیش بەنداوەکانی (مەنداوە ، باکرمان، دەڵگە، خێوەتە)ن. دوای چەند کۆبونەوەیەك وەک قۆناغی یەکەم بڕیاردرا دراسەکە چڕ بکرێتەوە لە دروستکردنی بەنداوی (مەنداوە) و دواتر بەنداوی (دەڵگە)ش زیادکرا.

خشتەی پۆلین کردنی بەنداوەکان بە گوێرەی ڕیژەی جێبەجێکردن

گروپی **A**:

ژ	بەنداو	قەبارەی گڵدانەوە ملیۆن م٣	ڕێژەی جێبەجێ کراو %	تێبینی
١	چەمرگە- هەولێر	١	١٠٠	لە وەرگرتنی سەرەتایی پرۆژەکەین

گروپی **B**:

ژ	بەنداو	قەبارەی گڵدانەوە ملیۆن م٣	ڕێژەی جێبەجێ کراو%	بودجەی پێویست ملیۆن	باری پرۆژە
١	دێوانە- سلێمانی	٢١	٩٩٪	٣٠٠،٠٠٠،٠٠٠	بەردەوامە
٢	خەنس-دهۆك	٦	٩٦٪	١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠	بەردەوامە
	کۆی گشتی:	٢٧		١،٣٠٠،٠٠٠،٠٠٠	

گروپی **C**:

ژ	بەنداو	قەبارەی گڵدانەوە ملیۆن م٣	ڕێژەی جێبەجێ کراو %	بودجەی پێویست	باری پرۆژە
١	خۆرنەوەزان- گەرمیان	٩	٩٥٪	٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠	وەستاوە
٢	بانوی تاڵەبان-هەولێر	٣	٩٠٪	٧٠٠،٠٠٠،٠٠٠	وەستاوە
	کۆی گشتی:	١٢		١،٢٠٠،٠٠٠،٠٠٠	

بۆ تەواو کردنی ٤ بەنداو بە توانای گڵدانەوەی ٣٩ ملیۆن م٣ تەنها پێویستمان بە ٢،٥ ملیار دینار نەختێنە هەیە (ضمان).

گروپی **D**:

ژ	بەنداو	قەبارەی گڵدانەوە ملیۆن م٣	ڕێژەی جێبەجێ کراو %	بودجەی پێویست	باری پرۆژە
١	سورقاوشان- سلێمانی	٦	٨٠٪	٣٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠	وەستاوە
٢	ئاقوبان- هەولێر	٢,٦	٨١٪	٢٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠	دەستپێدەکاتەوە
	کۆی گشتی:	٨,٦		٥٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠	

گروپی **E**:

ژ	بەنداو	قەبارەی گڵدانەوە ملیۆن م٣	ڕێژەی جێبەجێ کراو %	بودجەی پێویست	باری پرۆژە
١	تورەجار- گەرمیان	١,٥	٣٦٪	٤،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠	بەردەوامە
٢	شەوگێر- هەولێر	١,١	٣٥٪	٣،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠	بەردەوامە
	کۆی گشتی:	٢,٦		٧،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠	

گروپی **F**:

ژ	بەنداو	قەبارەی گڵدانەوە ملیۆن م٣	ڕێژەی جێبەجێ کراو%	بودجەی پێویست	باری پرۆژە
١	صبنە٢- دهۆك	٦	٤١٪	٣،٧٠٠،٠٠٠،٠٠٠	وەستاوە
٢	گەلی بەنداوە- دهۆك	٥	٣٧٪	٤،٦٠٠،٠٠٠،٠٠٠	وەستاوە
	کۆی گشتی:	١١		٨،٣٠٠،٠٠٠،٠٠٠	

کۆمپانیاکە نایەوێ لەبەر بێپارەیی دەست پێ بکاتەوە، ڕێکاری یاسایی تەواوکراوە، داوامان کردوە لێی وەربگیرێتەوە.

گروپی **G**:

ژ	بەنداو	قەبارەی گڵدانەوە ملیۆن م٣	ڕێژەی جێبەجێ کراو%	بودجەی پێویست	باری پرۆژە
١	زەلان- سلێمانی	٢٠	٢٤٪	٣٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠	وەستاوە
٢	چەقچەق- سلێمانی	٣,٩	٣٠٪	٣٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠	وەستاوە
	کۆی گشتی:	٢٣,٩		٦٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠	

داوامان کردووە بەنداوی (چەق چەق) بەرزی بەنداوەکە و قەبارەی گڵدانەوەی ئاوی بەنداوەکە بۆ ١٠ ملیۆن م٣ زیاد بکرێت ، چونکە لە ڕووی ئابووریەوە زۆر لەوەی ئێستا بە سوودتر دەبێت.

گروپی **H**:

	بەنداو	قەبارەی گڵدانەوە ملیۆن م٣	ڕێژەی جێبەجێ کراو%	بودجەی پێویست	باری پرۆژە
١	گۆمەسپان-هەولێر	٧٢	٣٠٪	٣٠ ملیار دینار لە ٢٠٢٢	بەردەوامە

گروپی I:

ژ	بەنداو	قەبارەی گڵدانەوە ملیۆن م٣	ڕێژەی جێبەجێ کراو%	بودجەی پێویست	باری پرۆژە
١	باسەرە- سلێمانی	٤٦	٤٪	٩٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠	وەستاوە
٢	باوەنور-سلێمانی	٦٠	١٢٪	٢٢٣،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠	وەستاوە
	کۆی گشتی:	١٠٦		٣١٣،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠	

گروپی J:

ژ	بەنداو	قەبارەی گڵدانەوە ملیۆن م٣	ڕێژەی جێبەجێکراو%	بودجەی پێویست	باری پرۆژە
١	نازەنین-هەولێر	١,٩	٢٦٪	٦،٨٠٠،٠٠٠،٠٠٠	وەستاوە

٢- سەرچاوەکانی ئاو:

خشتەی پرۆژە جۆراوجۆرەکانی کەرتی سەرچاوەکانی ئاو

ژ	جۆری پرۆژە	ژمارەی پرۆژە	تێچوو / دینار
١	پرۆژەی ئاودێری تەواو کراو	٤	٢،٨٩٣،٠٠٠،٠٠٠
٢	پرۆژەی تەواو نەکراو (١-٩٩٪) تەواو کراوە	٢٤	٧١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠
٣	پۆندی تەواو کراو	٥	١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠
٤	پۆندی تەواو نەکراو (٢٠-٧١٪) تەواوکراوە	١٣	
٥	نەخشەسازی پۆند	٣٠	٤٤٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠
	کۆی گشتی:	**٧٦**	**٥١٤،٨٩٣،٠٠٠،٠٠٠**

ئاماری بیر هەڵکەندراوەکانی مۆڵەت پێدراو تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠٢١

ژ	پارێزگاکان	خواردنەوە	کشتوکاڵ	پێشە سازی	کۆی گشتی پارێزگاکان
١	هەولێر	٤،٣٢٠	٤،٨٣١	١٦٤	٩،٣١٥
٢	دهۆک	١،٤٧٧	٢،٠١٧	١١٩	٣،٦١٣
٣	سلێمانی	٦،١١٧	٣،٠٢٨	٤٨٨	٩،٦٨٦
٤	گەرمیان	٥٠٧	١،١١٠	١٧٩	١،٧٩٦
	کۆی گشتی:	**١٢،٤٢١**	**١٠،٩٨٦**	**٩٥٠**	**٢٤،٤١٠**

- هاوپێچی ژمارە (١) ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی بەرایی کاریگەری کەم بارانی – وشکە ساڵی لە هەرێمی کوردستان.
- هاوپێچی ژمارە (٢) ڕاپۆرتی بەنداوەکان وشکە ساڵی لە هەرێمی کوردستان .

دووەم : گەنم

پلانی بە بازاڕکردنی گەنم بۆ ساڵی٢٠٢٢- ٢٠٢١

١- پلانی پێشنیارکراو بۆ بە بازاڕکردنی گەنم لە لایەن حکومەتی ناوەند:

پارێزگا (سایلوکان)	ژمارەی جوتیاران	ڕووبەری چێندراو (دۆنم)	برشت کگم/دۆنم	بەرهەمی چاوەڕوانکراو (تەن)
هەولێر	١٠،٨٤٤	٦٥٠،١٠٦	٣٢٦	٢١٢،٠٨٨
دهۆك	٤،٠٩٦	٨٠٥،٨١٦	٥٣١	٤٢٨،١٩٥
سلێمانی	١٩،٨٦٣	١،٠١٩،٥٤٠	٦٧٢	٦٨٤،٦٥٤
کەلار (ئیدارەی گەرمیان)	١،٩١٥	٧٢،٨٧٨	٧٢٧	٥٢،٩٩٤
پارێزگای هەڵەبجە	٢،٢٣٠	٥١،٢٤٠	٧٠٠	٣٥،٨٦٨
کۆی گشتی:	**٣٨،٩٤٨**	**٢،٥٩٩،٥٨٠**		**١،٤١٣،٧٩٩**

پلانی زستانەی پێشنیارکراو بۆ ڕووبەری چێندراو بە بەرهەمی گەنم بۆ ساڵی ٢٠٢١-٢٠٢٢

پارێزگاکان	کۆی گشتی (دۆنم)		
	دێمی	بەراو	سەرجەم
هەولێر	٧٧٤٤٠٩	٢٨٣١٦٠	١٠٥٧٥٦٩
دهۆک	٨٤٥٥٤٥	٩٥٧٥٥	٩٤١٣٠٠
سلێمانی	١٣٩٤٧٧٥	١٢٨٥٤٠	١٥٢٣٣١٥
گەرمیان	١٦٩٣٠٠	١١٢٧٠٠	٢٨٢٠٠٠
هەڵەبجە	٤٣٦٥٠	٢٨٠٠٠	٧١٦٥٠
کۆی گشتی:	**٣٢٢٧٦٧٩**	**٦٤٨١٥٥**	**٣٨٧٥٨٣٤**

٢- پرۆژەی نیشتیمانی بەبازاڕکردنی گەنمی جوتیاران:

ساڵانە توانای وەرگرتنی بری (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار تەن گەنمی هەیە بە پێدانی پارەی پێشەکی و راستەوخۆ بۆ جوتیاران. ئەم پرۆژەیە لە ئێستادا پێشکەوتن و قۆناغی بەرهەمداری بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم (هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە (ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین)، دهۆک) دوای دانانی بەردی بناغەی پرۆژەکان کە لەرێگەی دوو کۆمیانیای کەرتی تایبەت جێبەجێ دەکرێن لە چوارچێوەی یاسای وەبەرهێنان و دەستەی وەبەرهێنان بەسەرپەرشتی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو. ئەم پرۆژەیە توانای بەرهەمهێنانی (٢.٥٠٠) تەن ئاردی هەیە لە رۆژێکدا کە کارگەی ئارد و چەندین کارگەی پیشەسازی و سایلۆی تایبەت بە بەربوومی دانەوێلە لە کارگەکانی بەرهەمهێنانی (ساوار و بروش و مەعکەرۆنە و پاستا و گەنمەکوتاو دابین کردنی بنەتۆ و ئالیک) لە خۆ دەگرێت لە چوارچێوەی ئەو کارگانەی کە بەردی بناغەی بۆ دانراوە.

بەهەول و پێداگیری وەزارەتمان، وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بڕیاریدا بە وەرگرتنی بڕی (٣٧٥,٠٠٠) سێ سەد و حەفتا و پێنج هەزار تەن گەنمی جوتیارانی هەرێمی کوردستان لە رێگەی سایلۆکانی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢٢ بە فەرمانی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ژمارە (٥٧).

٣- لە بواری پەرەپێدانی بنەتۆی گەنم:

هەنگاوی زۆر باش نراوە بە شێوەیەک کە ڕێژەی بەرهەمهێنان زیادی کردووە بەراورد بە خەرجیەکان. ئامادەکردنی (١٠) جۆر تەرزی گەنمی ئارد و ساوار وەکو بەرنامەی ساڵانە بەسەر جوتیاران دابەشدەکرێت. ئەم تەرزە خۆماڵیانە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوە و ڕێنمایی کشتوکاڵی وەزارەتمان توێژینەوەی بۆ کراوە کە زیاتر لە تەرزی هاوردە بەرگەی کەش و هەوای کوردستان دەگرێت و لەبەرهەمهێناندا بەپڕشترن.

ساڵ	بڕی بەرهەم (تەن)	ژمارەی جوتیاری سوودمەند
٢٠١٧	١٠٠	١٠٠
٢٠١٨	٥٥٠	٦٥٠
٢٠١٩	٢،١٧٢	١،٢٧٩
٢٠٢٠	١،٧١٨	١،٢٠٥
٢٠٢١	٥،١٩٢	٣،٩٣٠
٢٠٢٢	٢١،٠٠٠	

سێیەم: بنەتۆ

خشتەی بڕی بنەتۆی چێندراو وکۆی بەرهەم لە هەرێمی کوردستان بە تەن ٢٠٢١

ژ	پارێزگا	ژ. جوتیار	کۆی بەرهەم / بە تەن
١	هەولێر	٩٤٠	١٠٤٥
٢	سلێمانی	١١١٢	١٥٩٣
٣	دهۆک	٩٧٤	١٤٠٠
٤	هەڵەبجە	٥٤	٧٣
٥	گەرمیان	٨٥٠	١٠٠١
	کۆی گشتی:	**٣٩٣٠**	**٥١١٢ تەن**

- وەبەرهێنان لە بواری بەرهەمی کشتوکاڵی بەهەردوو سەرچاوەی ڕووەکی و ئاژەڵی بەتایبەتی پرۆژەی نیشتیمانی بەبازاڕکردنی گەنم و بە پیشەسازی کردنی بەرهەمەکانی دانەوێلە کە زیاتر لە (١٣) جۆر کارگەی جیا بۆ بەرهەمهێنانی ئارد و بەرهەمەکانی دانەوێلە لەخۆ دەگرێت، و هەروەها پرۆژەی بەخۆبژێوی کردنی بەهەمی پەتاتەی خواردن و پیشەسازی.

- پرۆژەی کڕین و وەرگرتنی گەنمی باوەڕپێکراوی جۆری (جیهان٩٩) لە جوتیارانی پارێزگای دهۆك بە هاوکاری کۆمپانیای کەرتی تایبەت، زیاتر لە ٢٥٠ تەن وەرگیراوەتەوە و تا ئێستا بەردەوامە.
- دەرکردنی بڕیاری لێخۆشبوون لە لێبڕینی (٢٪) ی پاڵپشتی بنەتۆی گەنمی جوتیاران لەمیانی پرۆژەی بەبازاڕکردنی گەنمی جوتیاران لەهەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمپانیای کەرتی تایبەت.
- تەرخان کردنی بڕی (٣٣٤,٥٠٠,٠٠) سێ سەد و سی و چوار میلۆن و پێنج سەد هەزار دینار لە پێناو پارێزگاری و پاڵپشتی بەرهەمی ناوخۆیی لە سەر پارەی ٢% سەدا دووی بنەتۆی گەنمی جوتیاران بە خۆڕایی بۆ مەبەستی دابین کردنی دەرمانی قڕکەری سن وکیسەلە بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە ئەو جۆرە مێروولەیان تێدا بلاوبۆتەوە.
- بەرهەم هێنانی بڕی (٣٢٥) تەن گەنم لە جۆری (ئەدەنە ٩٩) لە کێڵگەکانی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی گەرمیان بە هاوکاری بەشی بەرهەم هێنان و پەسەند کردنی تۆ لە گەرمیان.
- وەرگرتنی بەرهەمی گەنمی باوەڕپێکراوی بەڕێوەبەرایەتی تۆژینەوەی کشتوکاڵی لە دهۆك لە جۆری (هویر) لە ٢٠٢١/٦/١ تا ئیستا بەردەوامە و زیاتر لە ١٧٠ تەن وەرگیراوەتەوە.

چوارەم: پرۆژەکانی بواری پەلەوەری و سامانی ئاژەڵ

١- پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ:

پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ لە ٢٠١٩ /١/٧ تاکو ٣١/٥/٢٠٢٢

ژ	جۆری پرۆژە	ژمارەی پرۆژەکان	پرۆژە نوێیەکان	کۆی گشتی	ووزەی پرۆژەکان	یەکە
١	پەلەوەری گۆشت	١،٥٣٥	٢٣٧	١،٧٧٢	٢٨،٢٩٧،٥٧٠	جوجکە/وەجبە
٢	مریشکی هێلکەی خواردن	١١	١٣	٢٤	٢،٧١٠،١٢٩،٩٠٠	هێلکە /ساڵ
٣	دایکانەی جوجەلەی گۆشت	١٤	٠	١٤	٩٠،٧٨١،٨٨٠	هێلکە /ساڵ
٤	دایکانەی هێلکەی خواردن	٠	٣	٣	٤٤،٣٥٦،٠٧٢	هێلکە / ساڵ
٥	پرۆژەی نەژادی پەلەوەر	١	٠	١	٤،٥٠٠،٠٠٠	جوجکە /ساڵ
٦	هەڵهێنەری پەلەوەر	٤٦	١٠	٥٣	٣٦٦،٩٦٦،٢٨٠	هێلکە/ساڵ
٧	هەڵهێنەری دایکانە	٢	٠	٢	٨،٥٠٠،٠٠٠	هێلکە /ساڵ
٨	سەربڕخانەی پەلەوەر	٨	٢	١٠	٣٨،٩٠٠	مریشك/کاتژمێر
٩	بەخێوکردنی مەڕ بزن	٧٢	٢	٧٤	٢٢،١٦٠	سەر/مەڕ
١٠	بەخێوکردنی مانگای شیر	٧٣	١٠	٨٣	١١،١١٠	سەر/مانگای شیر
١١	بەخێوکردنی گامێش	١	٠	١	٧٥	سەر /گامێش
١٢	قەلەوکردنی گۆلك	٥٩	٣١	٩٠	٦٨،٠٣٤	سەر /گۆلك
١٣	قەلەوکردنی بەرخ	٦	١	٧	٢،١٦٦	سەر/ بەرخ
١٤	ووشترمڵ	١	٠	١	٦،٠٠٠	سەر / ووشترمڵ
١٥	کارگەی ئالیك	٣٥	٣	٣٨	٦٢٥	تەن /کاتژمێر
	کۆی گشتی:	١،٨٦٤	٣٠٩	٢،١٧٣		

- پەرەپێدانی پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵی و پەلەوەری، کە تەنها لەم کابینەیەدا (٣٠٩) پرۆژەی گەورە و ستراتیژی دامەزراون و کۆی گشتی پرۆژەکان (٢،١٧٣) پرۆژەن لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بازاڕەکانمان لە بەرهەمی گۆشتی مریشک و هێلکەی خواردن گەیشتوون بە ئاستی خودبژێوی و لە پێداویستی ناوخۆش زیاترە .

٢- پرۆژەکانی سامانی ماسی:

پارێزگا	هەولێر		سلێمانی		دهۆك		گەرمیان		کۆی گشتی	
جۆری پرۆژە	ژمارە	ووزە تەن/ ساڵ	ژمارە	ووزە تەن/ ساڵ	ژمارە	ووزە تەن/ساڵ	ژمارە	ووزە تەن/ ساڵ	ژمارە	ووزە تەن/ ساڵ
حەوزی خۆلی	١٧٦	٣١٩,٨٠	٧٥	٢٦٧,٥	٤٣	١٠٩,٠٢	٦٧	٢٨٩,٥٢	٣٦١	٩٨٥,٨٤
حەوزی کۆنکریتی	٤	١٣٨,١٦	٩	٧٦٦,٥٨	٤	٤١٣,١٧	٠	٠	١٧	١،٣١٧,٩١
بەخێوکردنی قەفەس	١	١٨	١١	٥٩٤,٩	١٠	١٢١,٧٤	٢	٢٨,٤	٢٤	٧٦٣,٠٤
حەوزی داخراو	٣	١٩٢,٠١	١	١٠,٨	٠	٠	٠	٠	٤	٢٠٢,٨١
کۆی پرۆژەکان	١٨٤	٦٦٧,٩٧	٩٦	١٦٣٩,٧٨	٥٧	٦٤٣,٩٣	٦٩	٣١٧,٩٢	٤٠٦	٣،٢٦٩,٦٠
هەڵهێنەری پەنجەماسی	٠	٠	١	١،٠٠٠،٠٠٠	٠	٠	٠	٠	١	١،٠٠٠،٠٠٠

خشتەی مۆڵەت و ڕەزامەندی سەرەتایی پرۆژەکانی سامانی ماسی

مۆڵەت				ڕەزامەندی سەرەتایی		
پارێزگا	ژمارە	جۆر پرۆژە		پارێزگا	ژمارە	جۆر پرۆژە
هەولێر	٠			هەولێر	١	خۆڵی
دهۆك	٠			دهۆك	١	خۆڵی
سلێمانی	٢	١ خۆڵی + ١ کۆنکریت		سلێمانی	٢	١کۆنکریت + ١ قەفەس
گەرمیان	٠			گەرمیان	٠	
کۆی گشتی:	**٢**			**کۆی گشتی**	**٤**	**٢ خۆڵی + ١ کۆنکریت + ١ قەفەس**

خشتەی کۆی پرۆژەکانی سامانی ماسی

پرۆژە	ژمارە پرۆژە کۆنەکان	پرۆژەی نۆی	کۆی گشتی
سامانی ماسی	٣٩١	١٥	**٤٠٦**

- هەڵمەتی دابەشکردنی ٤٥٠٠٠٠ چوار سەد و پەنجا هەزار پەنجە ماسی بۆ پاڵپشتی خاوەن پرۆژەکانی بەخێوکردنی کردنی ماسی وەک بایەخدان و پاراستنی سامانی ماسی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەل و فێترنەری.

چالاکییەکانی کەرتی سامانی ئاژەڵ

- پێدانی مۆڵەت بە پرۆژەی هێلکەی خواردن بە وزەی ٢٣،٤٦٠،١٠٠ هێلکەی تروکاندن/ ساڵ و ٨،١٠٠،٠٠٠ هێلکەی تروکاندن/ ساڵ لە پارێزگای هەولێر.
- پێدانی مۆڵەت بە پرۆژەیەکی هێلکەی خواردن بە وزەی ٥،٢٢٠،٠٠٠ هیلکەی تروکاندن/ ساڵ و لەخەلەکان دوو پرۆژە کە سەر بە پارێزگای سلێمانی بەتوانای بەرهەمهێنانی ٣٧ ملیۆن هێلکە لە ساڵێکدا.
- پێدانی مۆڵەتی دروستکردنی پرۆژەیەکی ستراتیجی متکامل گاوداری بۆبەرهەمهێنانی شیر و گۆشت لە یاران بەگی.
- پرۆژەیەکی ستراتیژی لە هەولێر بۆ بەرهەمهێنانی مریشکی فرێش بەسیستەمی ڤاکیۆم.
- پرۆژەی هێلکەی خواردن بە وزەی ٥٠٠،٠٠٠ پێنج سەد هەزار هێلکە لەیەك رۆژدا لە پارێزگای هەڵەبجە.
- پرۆژەی بەرهەمهێنانی ١٠٠،٠٠٠ سەد هەزار پەنجە ماسی لە پارێزگای دهۆك.

- بەمەبەستی پاراستنی سامانی ئاژەڵ لە نەخۆشی و پەتاکان تەرخانکردنی (٤٣٠،٠٠٠،٠٠٠) چوار سەد و سی ملیۆن دینار بۆ ڕشاندنی هۆڵەکانی ئاژەڵ و ڤاکسین کردني ئاژەڵ.
- بەمەبەستی پاراستنی سامانی پەلەوەر لە نەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵندە تەرخانکردنی (٩٩،٨٠٠،٠٠٠) نۆهەت و نۆ ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار بۆ ڕشاندنی هۆڵەکانی پەلەوەر و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیەکە.
- هەڵمەتی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی LSD (١٩،١٥٣) سەر ئاژەڵ کوتراوە.
- هەڵمەتی ڤاکسین کردنی ئاژەڵ دژی نەخۆشی PPR لە پارێزگای سلێمانی ئێستا دەستی پێکردووە و بەردەوامە بۆ ماوەی دوو مانگ لەلایەن ٣١ تیمەوە.
- هەڵمەتی ڤاکسینکردنی ئاژەڵ دژی نەخۆشی بروسیلا (٣٢،٦٨٤) سەر ئاژەڵ کوتراوە.
- هەڵمەتی ڤاکسینکردنی ئاژەڵ دژی نەخۆشی FMD (١١٤،٤٣٧) سەر ئاژەڵ کوتراوە.
- هەڵمەتی لەناوبردنی مشەخۆری دەرەکی بۆ (٢١٩،٠٧٨) سەر ئاژەڵ ئەنجامدراوە.
- هەڵمەتی لەناوبردنی مشەخۆری ناوەکی بۆ (١،١٥٢) سەر ئاژەڵ ئەنجامدراوە.
- (١٦٦،٢٧٠) ئاژەڵی جۆراو جۆر لە بنکەکانی ڤێتێرنەری لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان چارەسەریان بۆ کراوە.
- (١،٨٤٣) بەدواداچوون کراوە بۆ سەرجەم پرۆژە و کۆمپانیاکان و شوێنی فرۆشتنی بەروبوومی سامانی ئاژەڵی لە هەرێمی کوردستان.

پێنجەم: باخداری ودارستان وپاوان

خشتەی تایبەتە بە زانیاری دەربارەی جووڵەی نەمام لە نەمامگەکان تا ٢٠٢٢/٠٣

ژ	پارێزگا	بەرهەمی پێشنیار کراو	بەرهەم هاتوو	نەمامی فرۆشراو وبەرهەم هاتوو ومدەوەر پار ساڵ	داهات / دینار
١	هەولێر	١٠٠,٠٠٠	٨١,٨٧٥	٢٣,٢٨٥	٢٠,٠٦٣,٧٥٠
٢	سلێمانی	١٠٠,٠٠٠	٩١,٦٠٥	٤٣,١٨٢	٤٠,٢٥٩,٢٥٠
٣	دهۆک	١٠٠,٠٠٠	٤١,٧٩١	٢٤,٦٨٦	٢٦,١٨٨,٠٠٠
٤	هەڵەبجە	١٠٠,٠٠٠	١٠٣,٨٣٨	٥٥,١١٩	٤٦,٩٥٣,٠٠٠
٥	گەرمیان	٢٠,٠٠٠	٥٩,٤٠٧	١٥,١٣٦	١٥,٦٨١,٠٠٠
	کۆی گشتی:	**٤٢٠,٠٠٠**	**٢٥٦,٢٩٢**	**١٦١,٤٠٨**	**١٤٩,١٤٥,٠٠٠**

ژمارەی خانووی پلاستیکی لە هەرێمی کوردستان ساڵی تا ٢٠٢٢/٣

ژ	پاریزگا	ژ.جوتیار	تێکرای ژ.خانوو	رووبەر/م٢	رووبەر/ دۆنم	رێژەی %	هەلی کار
١	هەولێر	٦٦٥	٣،٢٤٨	١،٤٧٥،٤٩٣	٥٩٠	١٠،٨ %	١،٦٢٤
٢	سلێمانی	١،٩٤٠	٢٢،١٠٣	.١٠،٢٤٤،٧٤٠	٤،٠٩٨	٧٤ %	١١،٠٥٠
٣	دهۆک	٩٧٦	٣،٢٥٩	١،٤٦٦،٥٥٥	٥٨٧	١١ %	١،٦٣٠
٤	هەڵەبجە	٣٠	٤٦٧	٢١٠،٢٥٠	٨٤	١،٦ %	٢٣٤
٥	گەرمیان	٢٠٢	٧٨٤	٣٦٣،٣٨٤	١٤٥	٢،٦ %	٣٩٢
	کۆی گشتی:	**٣،٨١٣**	**٢٩،٨٦١**	**١٣،٧٦٠،٤٢٢**	**٥،٥٠٤**	**١٠٠ %**	**١٤،٩٣٠**

خشتەی ناوی کارگەکانی بەرهەم هێنانی قارچک وبەرهەمی ساڵانە تا ٢٠٢٢/٠٣

ژ	پارێزگا	ناوی پرۆژە	شوێنی پرۆژە	ساڵی دامەزراندن	توانای بەرهەمی ساڵانە/ تەن	ژمارەی هەلی کار
١	هەولێر	کۆمپانیای وادی الفطر	قوشتەپە	٢٠١٣	٢٥٠	٣١٠ فەرمانبەر و کرێکار
		کۆمپانیای گوڵی شلێر	بەنصلاوە	٢٠١٧	٩٠٠	
		کۆمپانیای رێول	قوشتەپە	٢٠١٨	٧٠٠	
		پرۆژەی سروشتی بۆتین	شەقڵاوە/ پیرمام	٢٠٢٠	٣٠٠	
		پرۆژەی سوران	شەمامک	لە ژێر دامەزراندن دایە	---	
٢	سلێمانی	پرۆژەی قارچکی پێنجوین	پێنجوین	٢٠١٣	٣٢٠	
		پرۆژەی قارچکی شا	سیتەک	٢٠١٦	٣٥٠	
		پرۆژەی قارچکی سیتەک	سیتەک	٢٠٢٠	١٠٠	
		پرۆژەی قارچکی یەک	چەمچەماڵ	لە ژێر دامەزراندن دایە	---	
٣	دهۆک	پرۆژەی قارچکی خابیر	زاخۆ	٢٠١٩	٢٠	
٤	گەرمیان	پرۆژەی قارچکی (هیوا)	کەلار	دامەزراندن	٢٥٠	
		پرۆژەی قارچکی هیوا	گەرمیان	٢٠٢٢		
	کۆی گشتی:	**١٢ پرۆژەیە**	---	---	**٣١٩٠**	

خشتەی کارگەکانی بەرهەمهێنانی زەیتی زەیتون وبڕی بەرهەمی زەیتی زەیتون تا ٢٠٢٢/٠٣

ژ	پارێزگا	ناوی کارگە	بڕی زەیتونی گوشراو / تەن	زەیتی بەرهەم هاتوو / تەن	ڕێژەی % ی زەیت	ژمارەی جوتیار	هەلی کار
١	هەولێر	کۆمەڵەی هەرەوەزی	١٥١	١٦,٦	١٠,٩٪	٢٩٣	٥٠ فەرمانبەر وکرێکار
		زەمزەمین	---	---	---	---	
		أربیل فید	١٤٤,٥	٢٠,٤	١٤ %	٩٧	
٢	سلێمانی	رانیە	٧٥	١٠	١٣ %	٤٥٠	
٣	دهۆک	کەنار / شێخان	١٤	٢,٨	٢٠٪	٢٥٠	
٤	هەڵەبجە	راسان	٤١٥	٦٠	١٤ %	٢٥٠	
٥	گەرمیان	کەلار	---	---	---	---	
	کۆی گشتی:	**٧ کارگە**	**٧٩٩,٥**	**١٠٩,٨**	---	**١٣٤٠**	

- وەزارەتمان پاڵپشتی هونەری پێشکەش کردووە بە مەبەستی دامەزراندنی کارگەی بەرهەمهێنانی زەیتی زەیتوون و زەیتی گوڵەبەڕۆژە و زەیتی گوڵی ڕاپس.

پێدانی مۆڵەتی باخداری تا ٢٠٢٢/٠٣

ژ	پارێزگا	ژمارەی مۆڵەتی دەرچوو	ژمارەی مۆڵەتی نوێ کردنەوە
١	هەولێر	٤	٣
٢	سلێمانی	٦٤	٢
٣	دهۆک	١٥	١
٤	هەڵەبجە	٢	٥
٥	گەرمیان	٩	٤
٦	**کۆی گشتی:**	**٩٤**	**١٥**

یاداشتی لێک تێگەیشتنی وەزارەت لەگەڵ کۆمپانیاکانی چپس و فینگەر تا ٢٠٢٢/٠٣

ژ	ناوی کۆمپانیا	ناونیشان	بەرهەمی ساڵانە/ تەن
١	کۆمپانیای بیروت- أربیل بۆ بەرهەم هێنانی جبس وفینگەر	هەولێر - قوشتپە	١٥,٠٠٠
٢	کۆمپانیای گرین عێراق بۆ دروست کردنی خواردەمەنی ئامادەکراو و بەرهێنانی کشتوکاڵی	سلێمانی - بازیان	٣٥,٠٠٠
٣	کۆمپانیای لۆنا پێشەسازی و بازرگانی گشتی	سلێمانی-تانجەرو	٤,٠٠٠
٤	کۆمپانیای زین سناکس بۆ بەرهەم هێنانی خۆراکی سووک	هەولێر - قوشتپە	١٢,٥٠٠
٥	کارگەی کروم بۆ بەرهەم هێنانی جبسی پەتاتە	هەولێر - بیرزین	٢,٤٠٠
	کۆی گشتی:		**٦٨،٩٠٠**

- دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازی خۆراک بە تایبەت دامەزراندنی کارگەی بەرهەمهێنانی چپسی پەتاتە و فینگەر.
- هاندان و پاڵپشتی هونەری وەزارەتمان بۆ دامەزراندنی پرۆژەی (کارگەی جوتیار) بۆ بەرهەم هێنانی فینگەر و چبس لە پەتاتەی پیشەسازی لەناحیەی رۆفیا بەهاوبەشی کەرتی تایبەت.
- کردنەوەی خولێکی ڕاهێنانی پەتاتە بۆ زیاتر لە (٤٠) جوتیاری نمونەیی و وەبەرهێنەری پەتاتە لەڕێگەی کۆمپانیای کەرتی تایبەت بۆ مەبەستی ئاشنابوونی زیاتر بە جۆرەکانی پەتاتەی پیشەسازی و دیاریکردنی جۆرەکانی نەخۆشی لە هەرێمی کوردستان .

چەند چالاکییەکی تری بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان تا ٢٠٢٢/٠٣

جۆری چالاکی	هەولێر	سلێمانی	دهۆک	هەڵەبجە	گەرمیان	کۆی گشتی
نەمامی بەرهەم هاتوو	١٤٧،٩٠٧	٣٤٤،٦٩٢	٩٨،٢٤٠	٥٧،١٥٠	٥٦،٧٢٠	٧٠٤،٧٥٩
نەمامی دابەشکراو	٤٤،٢١٣	١٣٩،٦٣٢	٢٤،٩٥٢	٦،٩٠٥	٧،٦٢٥	٢٠٠،٨٢٧
نەمامی فروشراو (نەمام)	٢٢،٩٨٨	٢٥٤،٣٩٣	١٧٩،٨٢٩	-	١٢،١٤١	٤٦٩،٣٥١
دروستکردنی هێلی ئاگر بڕ(م٢)	٣٥،٤٥٠	٤،٨٩٠،٥٤٣	١٨٩،٥٠٠	٣٣،٠٠٠	٤٦٢،١٠٠	٥،٦١٠،٥٩٣
هەڵپاچینی دارستان (دۆنم)	٧٩٨	٥٦٢	٣٨٧	١،٩	٣٦،٢	١،٧٨٦
دروستکردنی بەربەست و دیواری بەردین (م٢)	٢٧	١،٠٦٣	_	٤٠٢	_	١،٤٩٢
دروستکردن و چاککردنی هێلی گرادۆنی (م٢)	١٨،١٠٠	٣٨١،٧٧١	_	٧،٩٧٠	_	٤٠٧،٨٤١
دروستکردن و چاککردنی حەوزی ئاو (دانە)	١،٩٩٣	١٨،٤٤٨	٥،٥٠٠	_	٣٤،٢٤١	٦٠،١٨٢
غەرامە و قەرەبووی دارو درەخت (دینار)	٩٨٠،٠٠٠	٦٢،٤٤٦،٠٠٠	_	_	_	٦٣،٤٢٦،٠٠٠
بە کرێ گرتنی کرێکار بۆ نەمامگە و پرۆژەکانی دارستان لەلایەن ڕێکخراوی GIZ - (کریکار)	١٠٠	٢٧٢	٢٥٠	-	-	٦٢٢

- ستراتیژی پاراستنی دارستان لە ئەنجوومەنی وەزیران ودارایی ٩٠ % رێکارەکانی بەرێوەدەچن.

شەشەم: بەرهەمهێنانی هەنگ

ژمارەی هەنگ و هەنگەوانان و بڕی بەرهەم

پارێزگا	ژمارەی هەنگەوانان			ژمارەی پورە هەنگ			بڕی بەرهەم (تەن)		
	٢٠١٩	٢٠٢٠	٢٠٢١	٢٠١٩	٢٠٢٠	٢٠٢١	٢٠١٩	٢٠٢٠	٢٠٢١
هەولێر	٣،٢٠٠	٣،٢٠٠	٣،٢٠٠	٤٠٠،٠٠٠	٤٠٠،٠٠٠	٤٠٠،٠٠٠	٣٥٠	١٤٠	٥٠٠
سلێمانی	١،٧٢١	٣،٢٠٠	١،٩٤٤	١٠٣،٢٩٢	١٢٠،٠٠٠	١١٥،٢٦٧	٥٢٨	٣٠٠	٢٠٢
دهۆک	٣،٥٤٤	٣،٥٢٩	٣،٤٠١	٧٨،٢٧٦	٨٠،٦٠١	٦٦،٢٢٤	٢٩١	٢٢٨	١٣٢
هەڵەبجە	١٢٠	١٤٤	١٤٨	٤،٨٠٠	٢٢،٦٥	١،٩٠٧	١٢	٨	١,٥
گەرمیان	٤٢٨	٤٣٠	٤٣٨	٩،٢٨٧	١٠،٧٨٦	٩،٤١٧	١٦	١٩	١٦،٥
کۆی گشتی:	**٩،٠١٣**	**١٠،٥٠٣**	**٩،١٣١**	**٥٩٥،٦٥٥**	**٦١٣،٦٥٢**	**٥٩٢،٨١٥**	**١،١٢٥**	**٦٩٥**	**٨٥٢**

حەوتەم: توێژینەوە و ڕێنمایی کشتوکاڵی

چالاکی توێژینەوەکان ٢٠١٩/٩/١٧ تا ٢٠٢٢/٥/٣١

ژ	ساڵ	هەولێر	دهۆک	سلێمانی	هەڵەبجە	گەرمیان	کۆی گشتی
١	توێژینەوەکانی ساڵی ٢٠١٩	٤٨	٢٧	٦٨	٨	١٧	**١٦٨**
٢	توێژینەوەکانی ساڵی ٢٠٢٠	٤٣	٢٦	٨٦	٥	١٦	**١٧٦**
٣	توێژینەوەکانی ساڵی ٢٠٢١	٢٢	٢٦	٥٧	٠	٠	**١٠٥**
٤	توێژینەوەکانی ساڵی ٢٠٢٢	٣٦	٤	٦٩	٢	١٣	**١٢٦**
	کۆی گشتی:	**١٤٩**	**٨٣**	**٢٨٠**	**١٥**	**٤٦**	

خولەکانی توێژینەوەی کشتوکاڵی

ژ	ساڵ	هەولێر	دهۆک	سلێمانی	هەڵەبجە	گەرمیان	کۆی گشتی
١	خوولەکانی ساڵی ٢٠١٩	٣	٤٤	٠	٠	٠	**٤٧**
٢	خوولەکانی ساڵی ٢٠٢٠	٢	٢٠	٢	١	٠	**٢٦**
٣	خوولەکانی ساڵی ٢٠٢١	٥	٦٥	٠	٠	١	**٧١**
٤	خوولەکانی ساڵی ٢٠٢٢	٠	٠	٤	٠	٠	**٤**
	کۆی گشتی خوولەکان:	**١٠**	**١٢٨**	**٦**	**١**	**١**	

چالاکییەکانی خولی ڕێنمایی کشتوکاڵی بۆ فەرمانبەران و جوتیاران

ژ	ساڵ	هەولێر	دهۆک	سلێمانی	هەڵەبجە	گەرمیان	کۆی گشتی
١	خوولەکانی ڕێنمایی ساڵی ٢٠١٩	٤١٨	٧٦١	٣٦٣	-	٢٢٠	**١،٧٦٢**
٢	خوولەکانی ڕێنمایی ساڵی ٢٠٢٠	١٢١	٤٨١	٣٥٣	١	٤٨	**١،٠٠٤**
٣	خوولەکانی ڕێنمایی ساڵی ٢٠٢١	٢	٥١	٥	٣	١	**٦٢**
٤	خوولەکانی ڕێنمایی ساڵی ٢٠٢٢	٢	٢٤	٢	٦	-	**٣٤**
	کۆی گشتی خوولەکان:	**٥٤٣**	**١٣١٧**	**٧٢٣**	**١٠**	**٢٦٩**	

هەشتەم: گرێبەستەکان

چالاکییەکانی زەوی و زاری کشتوکاڵی لە ماوەی نێوان ٢٠٢١/١/٣-٢٠٢٢/٥/٣١

ناوی چالاکی	هەولێر	دهۆک	سلێمانی	گەرمیان	هەڵەبجە	تێبینی
مۆڵەت دان بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان	٧٧	٣	٤٥	١١	٦	
بەکرێ دان و دابەش کردن	١٧٩	٢	٦٦	٤٠	٢٨	
گرێبەست نوێ کردنەوە	٤١١	٤	١١٣	٧٠	٣٣	دەسەڵات دابەزێنراوە
بەرهەم هێنان	٤٦٦	٣٧٠	٦٢٨	٦٥	٥١	
تەرخانکردنی زەوی بۆ پرۆژە کشتوکاڵیەکان وەک (کۆگای ساردکەرەوە + هەباشە + عەلوە + هتر)	٧٩	١٠٦	٣٢	٥٣	١٥	
بەشی تەکنیکی	٨٠٠	٤٠٠	١،١٠٠	١٩٠	٩٦	
دەست بەسەر داگرتن و کوژاندنەوە	١١٠	٧٥	٨٢	٨	٧	

- کارکردن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی ئەو زەویانەی قەرەبووکردنەوەی ڕێژەی سەدا (٣) یان هەبوو بە هەماهەنگی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.

نۆیەم : پرۆژە یاسا و ڕێنمایی ئامادەکراو

- یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە سەرپەرشتیارانی پرۆژەکانی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق.
- یاسای ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ و پەسندکردن و پارێزگاری کردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق.
- یاسای پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو.
- ڕێنمایی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٣ تایبەت بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای دارستان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢١.
- ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە پێدانی مۆڵەت بە دامەزراندنی باخی میوە.
- ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە ڕێنمایی هەموارکردنەوەی پێدانی مۆڵەت بە دامەزراندنی نەمامگە.
- ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە دروستکردنی ڕەژوو.
- ڕێنمایی ژمارە (٨) ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە دامەزراندنی پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ (پەلەوەری و ئاژەڵێ).
- ڕێنمایی ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە دامەزراندن و مۆڵەتدان بە پرۆژەکانی سامانی ماسی.
- ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕێکخستنی هاوردەکردن و مامەڵە کردن بە دەرمان و ڤاکسین و پێداویستیە ڤێتەرنەریەکان.
- ڕێنمایی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە مۆڵەتی ڤێتەرنەری بۆ کارگەکانی دروستکردنی قیمەی گۆشت و بەرهەمەکانی.
- ڕێنمایی ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە دروستکردنی خانووی پلاستیکی.

- ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە سەرپەرشتیارانی پڕۆژەکانی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان -عێراق.
- ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ و پەسندکردن و پارێزگاری کردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
- پڕۆژە یاسای چارەسەری زێدەڕۆیی لەسەر زەوی کشتوکاڵی. (لە ئێستادا لە ئەنجومەنی شورای هەرێمە بە مەبەستی پەسندکردنی).
- پڕۆژە یاسای تەرخانکردنی زەوی بۆ دامەزراندنی پڕۆژەی کشتوکاڵی. (لە ئەنجومەنی وەزیرانە بە مەبەستی پەسندکردنی).
- پڕۆژە یاسای ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی عەلوەکان. (لە ئەنجومەنی وەزیرانە بە مەبەستی پەسندکردنی).
- پڕۆژە ڕێنمایی تایبەت بە هەڵکەندنی بیر. (ئامادەیە لە لیژنەی یاسایی).
- پڕۆژە ڕێنمایی تایبەت بە دامەزراندنی هەنگەڵان. (ئامادەیە لە لیژنەی یاسایی).
- پڕۆژە ڕێنمایی تایبەت بە هەموارکردنەوەی ڕێنمایی دامەزراندنی پڕۆژەی قارچک. (ئامادەیە لە لیژنەی یاسایی).
- پڕۆژە ڕێنمایی تایبەت بە هەموارکردنەوەی ڕێنمایی دامەزراندنی پڕۆژەی کارگەی زەیتوون. (ئامادەیە لە لیژنەی یاسایی).
- پڕۆژە ڕێنمایی تایبەت دامەزراندنی پڕۆژەی کارگەی پەین و قرکەری کیمیایی. (ئامادەیە لە لیژنەی یاسایی).
- پڕۆژە ڕێنمایی تایبەت بە هەموارکردنەوەی ڕێنمایی دامەزراندنی پڕۆژەی کارگەی دەرمان و ڤاکسین. (ئامادەیە لە لیژنەی یاسایی).
- هەمواری یاسای ژمارە (١٧) ساڵی ١٩٦٦ هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠١٢ ی کەرەنتینەی کشتوکاڵی کە لە ئێستادا لە ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستانە.
- بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە درێژکردنەوەی بڕیاری (٦١١)ی ساڵی ١٩٧٧.
- بڕیاری ژمارە (١) یساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو.
- پەیڕەوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە لە ئێستادا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە بە مەبەستی پەسندکردنی.

داوای تۆمارکراو لە داگاکانی کوردستان

بابەت	هەولێر	سلێمانی	دهۆک	گەرمیان	هەڵەبجە
زەوی وزار	١٣٠	١٠٠٠	٧٣	٥٥٠	٥٠
زەوی دارستان وپاوان	١٣٠	٢٤٠	١٤٠	١٥	-

دەیەم : یاداشتی لێک تێگەیشتن

- ئەنجامدانی لێک تێگەیشتن لەنێوان وەزارەت و ئەنجومەنی بالای کاروباری خانمان .
- ئەنجامدانی لێک تێگەیشتن لەگەڵ حکومەتی هۆڵەندی و کونسوڵخانەی هۆڵەندا بۆ ڕاوێژکاری و بەرەو پێشبردنی سێکتەری کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان .
- ئەنجامدانی لێک تێگەیشتنی لە نێوان وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم و وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقی بۆ هەماهەنگی نێوان هەردوولا. ژمارە (١) لە (١٣) خاڵدا.
- ئەنجامدانی لەیەک تێگەیشتنی نێوان وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم و عێراق بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی ژمارە (٢) لە (١٢) خالدا .
- ئەنجامدانی گرێبەستی لێک تێگەیشتن لە نێوان وەزارەت لەگەڵ (٦) کۆمپانیای بەرهەمی پەتاتەی پیشەسازی بۆ پالپشتی جوتیاران و خاوەن کارگەکانی بەرهەم هێنانی چپسی پەتاتە.
- بەکارخستنەوەی یاداشتنامەی لەیەک تێگەیشتن لەگەڵ هەردوو کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر و شارەزوور بۆ کرینەوەی بەروبوومی تەماتەی جوتیاران کوردستان .
- ئەنجامدانی گرێبەستی کرینەوەی (٢) دوو ملیۆن مریشک لە خاوەن پرۆژەکانی پەلەوەری لە هەرێمی کوردستان لە لایەن سەربرخانەی (عەقرەی عێراقی) لەمیانی بەڕێوەچوونی پێشانگای هاوبەشی کشتوکاڵی نێوان هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم و وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقی .
- ئەنجامدانی گرێبەستی لێک تێگەیشتن لە نێوان وڵاتی هۆڵەندا وەبەرهێنەرێکی کەرتی تایبەت بۆ مەبەستی دروستکردنی پرۆژەی خانووی شووشەیی بۆ بەرهمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی لە هەر چوار وەرزەکانی ساڵ، و ڕەخساندنی دەرفەتی کارکردن بۆ دەرچووانی کۆلیژە کشتوکاڵییەکان و پەیمانگەکان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی .
- ئەنجامدانی گرێبەستی پێدانی مۆڵەت لەگەڵ کۆمپانیای (باکەش) بۆ ماوەی (٧) ساڵ بۆ مەبەستی دانانی بارکود وستیکەر لەسەر بەرهەمی خۆماڵی ١٠ سەربڕین خانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی پارێزگای و ناسینەوەی بەرهەمی خۆماڵی خاوەن پرۆژەکانی کوردستان.
- واژووکردنی یاداشتی لێک تێگەیشتن لەگەڵ گروپی کۆمپانیاکانی وولاتی چین (پاوەر چاینا) بۆ مەبەستی دروستکردنی چوار بەنداوی گرنگ و ستراتیژی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کە بریتین لە بەنداوەکانی (دەلگە لە پشدەر، خێوەتە لە سلێمانی، مەنداوە لە هەولێر، باکرمان لە دهۆک).
- ئەنجامدانی یاداشتی لێک تێگەیشتن لەگەڵ ڕێکخراوی (جایکای یابانی) بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی پەرەپێدانی تواناکان بۆ توێژینەوە و ڕێنمایی کشتوکاڵی، بۆ ماوەی چوار ساڵ بەمەبەستی زیادکردنی داهاتی جوتیاران و ڕەچاوکردنی بەرهەمهێنان بە کوالێتی خۆراک .
- ئەنجامدانی لێک تێگەیشتن لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق بەمەبەستی یەکخستنی ڕۆژنامەی کشتوکاڵی و ساخکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی جوتیاران و چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان.

یازدەهەم: پەیوەندییەکان

- لە سەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی پێشوازی جەنابی وەزیر لە باڵوێز و کونسوڵ و نوێنەری وڵاتان و کۆمپانیاکانی وەبەرهینان و رێکخراوە بیانیەکان کە بریتەیە لە (٧٧) پێشوازی. کە گرینگی زۆر بە هەماهەنگی و پتەوکردنی پەیوەندییەکان و بانگهێشتکردنی ئەنجامدانی سەرمایەگوزاری دراوە لەسەر ئاستی باڵای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دراوە .
- بەشداری بەڕیز جەنابی وەزیر و شاندی باڵای وەزارەت و فەرمانگەکان بۆ وڵاتانی دەرەوە بە پێ بانگهێشت نامە فەرمییەکان و بەشداری لە کوڕبەند و پێشانگا نێودەوڵەتییەکان تا وەک ئێستا بریتییە لە (٢٢) شاند فەرمی.

دوازدەهەم: بڕیارە گرنگەکانی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری وەزارەت

لە سێ ساڵی تەمەنی کابینەی نۆ تا کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە زیاتر لە (٢٠) کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ئەنجامدراوە کە ئەجیندای ئەم کۆبوونەوانە بریتی بوون لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی تایبەت بە کەرتی کشتوکاڵ و وەزارەت، هەر بۆ ئەم مەبەستەش (٩٦) بڕیار و ڕاسپاردە لەم کۆبوونەوانەدا بەپێی ئەجیندای کۆبوونەوەکان دەرکراون لەگەڵ (٨٣) بڕیاری تر کە لە کاتی ئەنجامدانی کۆبوونەوەکان و لە کاتی گفتوگۆ لە سەر بابەتی دەرەوەی ئەجێندای کۆبوونەوەکان و کۆبوونەوەی هەفتانەی ئەنجومەنی وەزارەت و کۆبوونەوەی لیژنەکان و ئەنجومەنەکان دراون بەم جۆرە کۆی گشتیان بڕیارەکان دەگاتە (١٧٩) بڕیار و ڕاسپاردە کە هەمووی لە خزمەتی هاووڵاتیان و جوتیاران و خاوەن پڕۆژەکانە.

سێزدەهەم: پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ

- بە پێی ڕاپۆرتی دەستەی وەبەرهێنان ڕێژەی وەبەرهێنان لە سێکتەری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە گشتی لە (١,٨٪) بەرەو (٨٪) و زیاتر هەڵکشاوە.
- بە بازاڕکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بەهەردوو سەرچاوەی سامانی ڕووەکی و سامانی ئاژەڵی، کە ساڵانە وەزارەتمان ڕۆژنامەیەکی کشتوکاڵی تایبەت بە دانانی باج و قەدەغە لەسەر بەروبوومی سەوزە و میوە و بەروبوومی ئاژەڵی دەردەکات بە مەبەستی پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ پاڵپشت بە یاسای پاراستن و پێشخستنی بەرووبوومی کشتوکاڵی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٠٨ و پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٦٥٤٧ لە ٢٠١٤/١٠/٢٢ تایبەت بە پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی جووتیارانی هەرێمی کوردستان. هەروەها هەڵمەتی پشتیوانی و پارێزگاری لەبەرهەمی ناوخۆی جوتیارانی هەرێمی کوردستان بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان بە هاوکاری کەناڵەکانی سۆشیال میدیای کوردستان. لەلایەکی تر ئامادەکاری بۆ کردنەوەی بازاڕی میللی لە دهۆک، هەڵەبجە و گەرمیان بۆ جوتیاران بە مەبەستی بە بازاڕکردن و ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە کێڵگەوە بۆ ناو بازاڕەکانی تایبەتمەند. سەرباری ئەم کارانەش وەزارەتمان پاڵپشت و هاوکارە لە کردنەوەی ڤیستیڤاڵی تایبەت بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وەک ڤیستیڤاڵی (هەنار لە هەڵەبجە، تریٚ و هەنگوین لە دهۆک و هەنگوین لە سلێمانی) بە مەبەستی هاندانی جوتیاران بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان و لە هەمان کاتدا ئاشنا بوونی هاووڵاتیان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان. هەروەها دانانی میکانیزم و مەرجەکانی هەناردەکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی لە پێناو بە بازاڕکردن و ساخکردنەوەی بەرهەمی (سەوزە ومیوە)ی ناوخۆی جوتیاران.

- دامەزراندنی سەنتەری بەبازاڕکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتی هۆڵەندا، کە لە ناو سەنتەرەکان پەرەپێدانی خانووی شووشە بۆ بەرهەمی سەوەزە و میوەی چوار وەرزی ساڵ، و تاقیگەی پێشکەوتووی پشکنینی سەوزە و میوە لەخۆ دەگرێت.
- کردنەوەی سەنتەری (World Horticulture Center) (WHC) کە سەنتەرێکە کۆکراوەی فێربوون و کۆمپانیای بازرگانی و بەر هەمهێنان و بەبازاڕکردنی بەرهەم و توێژینەوەی کشتوکاڵی لەخۆدەگرێت. ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ لە بەرنامەمانە بۆ ئەو مەبەستە لە زەوییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوەی و ڕێنمایی کشتوکاڵی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان زەوی پێویستیان بۆ دابین بکەین لە (٨) ناوچەی جیاواز لە پارێزگاکان و ئیدارەسەربەخۆکان بۆ دروستکردنی خانووی شووشەیی لە گەڵ کۆمپانیاکانی ناوخۆیی و دەرەکی و سەنتەری ناوبراو و بۆ ئەم مەبەستەش کۆمپانیایەکی هاوبەش لە نێوان وەزارەتمان و کەرتی تایبەتی ناوخۆیی و سەنتەری سەرەکی (WHC) لە وڵاتی هۆڵەندا پێکدەهێنرێت کە ڕێژەی ٢٠٪ی قازانجی داهاتی پرۆژەکە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتمان کە هاوکار دەبێت لە پێشخستن و هەمەجۆرکردنی بەرهەمی جوتیاران بە هۆکارەکانی ڕێنمایی کشتوکاڵی.
- بەگەڕخستنەوەی کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر و شارەزوور. هەروەها دامەزراندنی کارگەی بەرهەمهێنانی شەکری چەوەندەری (بیتوێن) بە هاوبەشی تایبەت کە لەکاتی بەکارخستنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەزاران دەرفەتی کار دەرەخسێنێ.
- لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەربارەی گەڕاندنەوەی قەرزی کشتوکاڵی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بڕیار درا بۆ مەبەستی گەڕاندنەوەی قەرزی کشتوکاڵی جوتیارانی سودمەندبوو بۆ ماوەی درێژخایەن و بە لێخۆشبوونی (١٥٪).
- دامەزراندنی کەرەنتینەی سنوورەکان بۆ پشکنینی ئاژەڵ و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان.
- دامەزراندنی تاقیگەی پێشکەوتووی بەرهەمی کشتوکاڵی لە عەلوەکانی کوردستان کە ڕێژەی (٢٠) لە داهاتەکەی بۆ وەزارەتمان دەگەڕێتەوە و برەودان بە بەرهەمی ئۆرگانی.
- کردنەوەی پرۆژەی تاقیگەی شانەزانی لە بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم هێنان و پەسندکردنی بنەتۆ، کە ڕۆلێکی باشە هەیە لە بواری زیادکردنی بەرهەم هێنانی رووەک و تەرزی کشتوکاڵی و دوور لە فایرۆس و هەموو جۆرە نەخۆشیەک.
- کردنەوەی تاقیگەی ناوەندی فێتێرنەری لە هەرێمی کوردستان دوابەدوای نۆژەن کردنەوەی بەشێوازێکی سەردەمیانە لەچوارچێوەی پرۆگرامی کەمکردنەوەی هەرەشەی بایەلۆجی سەربە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا نۆژەن کراوەتەوە .
- ئامادەکردنی نەخشەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجامدانی پێشانگای هاوبەش و کۆنفرانسی کشتوکاڵی و بەروبوومی ئاژەڵی لە هەولێر بەسەرپەرشتی هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق، بە بەشداری خاوەنی پرۆژە و کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و پەلەوەری کوردستانی و عێراقی.
- بەشداری وەزارەتمان لە کۆنفرانسی (ئاو بۆ داهاتوو) لە چوارچێوەی پرۆژەی گرنگیدان بە ئاسایشی ئاو نەخشە و بەڕێوەبردنی ئاو لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە لایەن ڕێکخراوی ئەپەرلەمێنتی ئەڵمانی .

- ئەنجامدانی (٥) خولی ڕاهێنان لە بواری چاندنی سماق و دروست کردنی دۆشاوی هەنار بە هاوکاری ڕێکخراوی UNIDOی نێودەوڵەتی ژمارەی سوودمەند (٨٩) جوتیار /٢٢ گوند لە دهۆك.
- کردنەوەی سێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی لە سنوری ئیدارە سەربەخۆکانی (ڕاپەرین – سۆران – زاخۆ) لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دوابەدوای پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو .
- دامەزراندنی بۆردی کشتوکاڵی وەک یەکێک لە هەنگاوە هەرە گرنگەکانی پەرەپێدان و بەرەو پێش بردنی کەرتی کشتوکاڵ و ئاو لە هەرێمی کوردستان کە پێک هاتووە لە بەڕێزان سەرۆک و جێگری ئەنجومەنی وەزیران و چەند وەزارەتێکی پەیوەندیدار.
- پێکهێنانی بۆردی نیشتیمانی کشتوکاڵ و ئاو بەمەبەستی چالاک کردنی پەیوەندی و ڕۆڵی هاوبەشی نێوان هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێم.
- کار کردن بۆ دەستنیشان کردنی زیانە سروشتییەکانی لافاو و باران بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی جوتیاران و خاوەن پرۆژەکانی ئاژەڵی و پێدانی یاداشت بۆ قەرەبوو کردنەوەو هاوکاری کردنیان.
- بەشداری نوێنەری وەزارەتمان لە هەڵسەنگاندنی (١١) پرۆژەی کشتوکاڵی و ژینگەی کە لەلایەن گروپی هاکەسۆنی ٢٠٥٠ و ڕێکخراوی یۆنامی کۆمەکی تەکنیکی و دارایی دەکرێت دەربارەی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و گۆڕانی کەش و هەواو و ژینگە.
- ئەنجامدانی ڕاوند تەیبلێکی تایبەت بەشداری کەرتی گشتی و تایبەتی لە چوارچێوەی پرۆگرامی هاوبەشی لیژنەی ڕاوێژکاری نێوان وەزارەتمان و حکومەتی هۆڵەندی بەمەبەستی دیاریکردنی بەربەستەکانی بەبازاڕکردنی بەرهەمی خۆماڵی و خواستی بازاڕ و خێراکردنی بەرەو پێشچوونەکان گەشەپێدانی سێکتەری کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان.
- کردنەوەی یەکەم پرۆژەی (Food City) هایدرۆپۆنیکی (چاندن لە ناو ئاو) بەشێوەی مالتی سپان بۆ بەرهەمهێنانی سەوزە و میوە لەسەر ڕووبەری (٢٤٠٠٠) مەتر زەوی لە چوارچێوەی گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی بە هەماهەنگی وەزارەتی کشتوکاڵ و کۆمپانیای ئیکۆ کۆنسولت.
- بڕیاردان لەسەر لێخۆشبوونی گومرگی بۆ هاوردەکردنی (پەینی کیماوی، ماددەی قرکەر، بنەتۆ) لە ژێر ڕۆشنایی بڕیاری ژمارە (٧٩)ی ئەنجومەنی وەزیران بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی تێچووی دانەوێلە و بەتایبەتی گەنم و جۆ و بەروبومە کشتوکاڵییەکان و پاڵپشتی ڕاستەوخۆی جوتیاران .
- بەشداری وەزارەت لە دیداری ساڵانەی بازرگانی و ئابووری کە لەلایەن لیژنەی نەتەوەی (ICC) ئۆکرانی بۆ بازرگانی عێراقی بە هەماهەنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گروپی کۆمپانیاکانی ئۆکرانیا.
- بەشداریمان لە (١٤)یەمین پێشانگای ساڵانەی ترێ و هەنگوینی خۆماڵی جوتیاران و خاوەن پرۆژەکان لە سنووری پارێزگای دهۆک کە لەو پێشانگایە (٣٥) جوتیاری نموونەی (٨٠) جۆر بەرهەمی باخەکانی ترێیان پێشکەشکرد.
- دابەزاندنی دەسەڵاتە کارگێڕی و هونەرییەکان بۆ بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و خزمەتکردنی زیاتری جوتیاران و خاوەن کار و پرۆژەکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و پەلەوەری .
- بڕیاری لابردنی باج لەسەر (صۆیا و پرۆتین)کە لە ئامادەکردنی ئالیک بەکاردێت وەکو پاڵپشتی کردنی پرۆژەکانی پەلەوەر و ئاژەڵ و سامانی ماسی .

- ئامادەکردن و ناردنی پلانی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ بۆ ساڵانی ٢٠٢٠-٢٠٣٠ بۆ دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵیدا و برەودان بە پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان.
- پاڵپشتی وەزارەتمان لە دامەزراندنی سێ پرۆژەی گرنگ و ستراتیژی لە قەزای سێمێل/ دهۆک کە بریتیە لە پرۆژەی بەخێوکردنی مانگای شیری و کارگەی بەروبومە شیرەمەنییەکان و دروستکردنی خانووی شوشەیی و پلاستیکی و بەرهەمهینانی سەوزە و کارگەی پاکێجین و پیشەسازی ئاوی مێوە.
- کردنەوەی پرۆژەی کارا گروپ و نێوەندێکی بەبازاڕکردنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی جوتیاران لە هەولێر .
- بەڕێوەچوونی زنجیرەیەک وۆرکشۆپ لە فەرمانگە کشتوکاڵییەکان بۆ جوتیاران و فەرمانبەران دەربارەی کارایی ئاو و پاراستنی لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنیکە داهێنەرەکانی ئاودێری و دلۆپاندن لەلایەن کۆمپانیای ئیکۆ کۆنسلت.
- لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە (٧٩) پەسند کرا دواتر لە کۆنووسی هاوبەشی هەرسێ وەزارەتەکانی (کشتوکاڵ، دارایی و ناوخۆ) بڕیاری دابینکردنی ئامێر و کەلوپەلە کشتوکاڵییەکان بە قستی درێژخایەن دراوە ئەو پرۆژەیە لە ئێستادا لە بواری هەڵسەنگاندنی توانستی کۆمپانیاکانی تایبەت بە ئامێرە کشتوکاڵییەکاندایە کە داخوازی دابینکردنی ئامێر و کەل و پەلە کشتوکاڵییەکانیان پڕکردۆتەوە. هەروەها بڕیاردرا بە لێخۆشبوونی گومرگی و تابلۆی کشتوکاڵی بە خۆرایی بۆ هێنانی ئامێری کشتوکاڵی بە تەکنەلۆژیای نوێ.
- بەشداری وەزارەت لە پێشانگای ساڵانەی نێودەوڵەتی ئیکسپۆ (٢٠٢٠) دوبەی لە نمایشکردنی کار و چالاکییەکانی هەفتەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتمان چوار ناونیشانی گرنگی دەستنیشان کردبوو کە پێشکەشی ئامادەبووانی بکات. لە هەمانکاتدا لیژنەیەکی تایبەت پێکهاتووە لە سەر ئاستی وەزارەت بۆ ئامادەکاری لەو پێشانگا جیهانییە.
- دابەشکردن و رووواندنی ٥٠٠،٠٠٠ پێنج سەد هەزار شەتلی هەنار وەکو هاوکاری بۆ جوتیاران لە چوارچێوەی سەرپەرشتی کردنی پرۆژەی کوردستانێکی سەوز و ئارام لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم لەسەر پێشنیاری کۆمپانیای هەناری سازان .
- کردنەوەی عەلوەی هاوچەرخی ڕۆژئاوای شاری سلێمانی وەک یەکێک لە گەورەترین پرۆژە ستراتیژیەکانی وەبەرهێنان و بەبازاڕکردنی بەرهەمی خۆماڵی جوتیاران و گرنگیدانی زیاتر بە ئاسایشی خۆراک و فەراهەمکردنی دەرفەتی کار و گەشە و جولەی ئابووری و بازرگانی و پەرەپێدانی پیشەسازی کشتوکاڵی لەسەر رووبەری ١٠٣ دۆنم زەوی دروستکراوە لە لایەن کۆمپانیای کەرتی تایبەت .
- تەرخانکردنی بری ٤،٢٠١،٠٠٠،٠٠٠ چوار ملیار و دوو سەد و یەک ملیۆن دینار لە چوارچێوەی پلانی بەردەوامی پەرەپێدان و پاراستنی رووەک و بەرەنگاربوونەوی نەخۆشییەکانی (کورك، سن وکیسەل، گژ و گیای پەلک پان، گژ و گیای پەلک باریک) بۆ وەرزی چاندنی ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢١ .
- کەمکردنەوەی نرخی کرێی کارەبا بۆ پرۆژە کشتوکاڵییەکان لە ١٣٠ دینار بۆ ٣٠ دینار بەهاوکاری وەزارەتی کارەبا و جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامی ئەم هەماهەنگییانە بەتایبەتی لەسەر ئەم جۆرە پرۆژانە (خانووی پلاستیکی، کارگەی ئالیک، سەربڕین خانەکان، کارگەی قارچک، هێلکە و دەواجن، سامانی ماسی، گاوداری و شیرەمەنی، زەیتی زەیتون، دۆشاوی تەماتە، یانەی ئەسپسواری، پیشەسازی خۆراک).

- بڕیاری بە هەمیشەیی کردنی (١٧١) پزیشکی فێترنەری لەسەر میلاکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە ماوەی ساڵانێکی بوو خزمەتیان دەکرد بەشێوەی کاتی لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتییەکانی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، گەرمیان) ئەم بڕیارە هەنگاوێکی گرنگ بوو لە پێناو دابینکردنی مافە ڕەواکانی پزیشکانی فێترنەری.
- ئەنجامدانی قۆناغی یەکەمی ڕێزلێنان لە خزمەت و ماندوو بوونی (٢١) ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری کشتوکاڵی کە لەبواری پەرەپێدان و میدیایی کشتوکاڵیدا خزمەتیان کردووە لەسەر ئاستی گشتی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان.

چواردەهەم: کارنامەی حکومەت و ئاستی جێبەجێکردن و پابەندبوونی وەزارەتی کشتوکاڵ

١- کەمکردنەوەی ڕۆتین و زیاتر پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان:

أ- بە مەبەستی کەم کردنەوەی ڕۆتین و ئاسانکاری لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان وەزارەتمان هەڵساوە بە دابەزاندنی دەسەڵاتی هونەری و دارایی و کارگێڕی لە بەڕێز جەنابی وەزیرەوە بۆ بەڕێز بریکاری وەزارەت، و بۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی ناو دیوانی وەزارەت، و بۆ گشت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی کشتوکاڵ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان. (کە وێنەیەکی فەرمانە وەزاریەکان هاوپێچی ڕاپۆرتمانە).

ب- دەرکردن و هەموارکردنەوەی چەند پڕۆژە یاسا و ڕێنمایی و بڕیارێکی وەزاری. دەرچووواندن و هەموارکردنەوەی (٣) یاسا و (١١) ڕێنمایی لەلایەن وەزارەتمانەوە.

٢- کەمکردنەوەی خەرجی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:

خەرجی وەزارەتمان بە دیوانی وەزارەت و گشت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتمان کە (٤١) یەکەی ژمێریارین، لە دەرەنجامی قەیرانی دارایی و لە دەرەنجامی سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا لە (٧١٧,٧٥٠,٠٠٠) حەفت سەد و حەڤدە ملیۆن و حەفت سەد و پەنجا هەزار دینار کەم کرایەوە بۆ (٢٢٩,٥٢٥,٠٠٠) دوو سەد و بیست و نۆ ملیۆن و پێنج سەد و بیست و پێنج هەزار دینار واتا بە ڕێژەی نزیکەی (٧٠٪) خەرجی کەم کردۆتەوە کە ئەمەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی نەرێنی هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان بۆ جوتیاران و خاوەن پڕۆژەکان و هاوولاتیان و هەروەها ئەدای گشتی فەرمانبەران.

٣- زیادکردنی داهاتی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:

- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو داهاتێکی زۆری فرە چەشنەی هەیە کە لەلایەن وەزارەتی دارایی ئەم داهاتە ناگەڕێندرێتەوە بۆ وەزارەتمان بە تایبەت خشتەی باجی ڕۆژنامەی کشتوکاڵی کە پێویست دەکات بخرێتە سەر ژمارەی حیسابی بانکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تاکو لایەنی کەم بتوانرێت بەشێکی بەکاربهێنرێت بۆ پاڵپشتی جوتیاران بەتایبەت لەکاتی ووشکە ساڵی و کۆنترۆڵ کردنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و ئافاتە کشتوکاڵییەکان.
- لەسەر فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە سەرەتای مانگی (٦)ی ساڵی ٢٠٢١ـەوە بەمەبەستی ڕێکخستنەوە و زیادکردنی داهات لیژنەیەکی پسپۆڕیمان دروست کردووە کە خشتەی تایبەت بە ڕێکخستن و زیادکردنی داهات ئامادە کردووە کە تیایدا وەزارەتمان زیاتر لە (٣١١) خزمەتگوزاری جیاجیا پێشکەش دەکات کە لە بەرامبەردا دەتوانرێت زیاتر لە (٢٠٠٪) ی داهاتی وەزارەتمان زیاد بکات، بەڵام لیژنەی ڕێکخستنەوە و زیادکردنی داهات لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران هاوڕا نەبوون لەسەر بەشێکی زۆر لە ڕێکخستنەوە و زیادکردنی

داهاتەکان لەبەر ئەوەی لیژنە تایبەتمەندەکە لە ڕووی هونەریەوە شارەزایی پێویستین نەبووە کە پسپۆڕییەکی تایبەتە بە وەزارەتمان.

- پەسندکردنی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ و پەسندکردن و پارێزگاری کردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق و دامەزراندنی تاقیگەکانی بنەتۆ و تۆمارکردنی تەرزە کشتوکاڵییەکان سەرچاوەیەکی گرنگی داهات دەبن بۆ وەزارەتمان کە لە ئێستادا ڕێنمایی تایبەت بەم یاسایە ئامادەکراوە.
- دوای ئەوەی بودجەی پێویست بۆ دامەزراندنی تاقیگەی پشکنینی پەینی کیمیایی و مادەقڕکەرەکان و خاک دابین کراوە بە هەمان شێوە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات دەبێت بۆ وەزارەتمان.
- دوای ئەوەی بودجەی پێویست بۆ دامەزراندنی تاقیگەی پشکنینی نەخۆشییەکانی هەنگ و هەنگوین دابین کراوە بە هەمان شێوە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات دەبێت بۆ وەزارەتمان.
- داهاتی تاقیگەی پشکنینی سەوزە و میوە لە عەلوەکان کەوا بڕیارە (٢٠٪) داهاتەکەی بۆ وەزارەتمان بێت.
- داهاتی دامەزراندنی کەرەنتینەی ڤێتەرنەری لە خاڵە سنورییەکان و هەردوو فڕۆخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی (١٦٪) ی داهاتەکەی بۆ وەزارەتمان دەبێت.
- دامەزراندنی سەنتەری (WHC) لە داهاتودا ئەبێت بە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆ وەزارەتمان.
- پرۆژە یاسای چارەسەرکردنی زێدەڕۆیی سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانی و گواستنەوەی خاوەنداریەتی گرێبەستی کشتوکاڵی، لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە یاسایە لە داهاتوو دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆ وەزارەتمان.
- کۆکردنەوەی داهاتی سزاکانی سەرپێچی لە دارستانەکان بەپێی یاسای ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠١٢ بە هەمان شێوە یەکێک لە سەرچاوەکانی تری داهاتە بۆ وەزارەتمان.

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

١- ئامادە کردنی بەرنامەی کاری پێنج ساڵەی وەزارەت ٢٠٢٠-٢٠٢٤ (٩٩ لاپەڕە).

٢- ئامادەکردنی ٢٤ پرۆژە بەگشتی، ٣٣ چالاکی ، ٧٧ ڕێکاری پێشنیارکراو بۆ جێبەجێکردن لە ساڵانی ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٤ بەپێی ڕێبەری کاری کابینەی نۆیەمی حکومەت (بەگشتی ١٣٣ پرۆژە لە ٤٥٥ لاپەڕە).

٣- کۆبوونەوە لەگەڵ کۆنسول و شاندی وڵاتان بە مەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانی و پیشەسازی.

٤- دانانی لیژنەی دانووستان لە نێوان عێراق و یەکێتی ئەوروپا کە سەردانی بەغدای کردووە .

٥- سەردانی کردنی شاندی وەزارەت بۆ بەغدا بە مەبەستی بەشداری کردن لە کۆنفرانسی ڕێکخراوی کۆچی جیهانی (IOM) کە خاوەن بەرنامەی دەرفەتی کارن بۆ گشت عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣.

٦- ئەنجامدانی وۆرکشۆپی بە ئەلیکترۆنی کردنی بەشە خۆراکی مانگانە لە هەولێر.

٧- بەشداریکردنی وەزارەت لە دەرچوونی یاسای ژمارە (٢٠) ساڵی (١٩٩٨)ی گەشەپێدانی پیشەسازی.

٨- **سەرپەرشتی و بەشداریکردنی وەزارەت لە:**

- لیژنەی یادداشتی لێک تێگەیشتن لە نێوان وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی بازرگانی و کانزاکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ.
- لیژنەی لێخۆشبوونی گومرگی بۆ کەرستەی خاو و ئامێری کارگە پیشەسازییەکان لە ئەنجومەنی وەزیران.
- لیژنەی دیارکردنی پێوەری رووبەری زەوی بۆ پرۆژە پیشەسازییەکان لە هەرێمی کوردستان.
- لیژنەیەکی پێکهێنراو بۆ دیارکردنی میکانیزمی نوێ بە لێخۆشبوونی گومرگی بۆ کارگەکانی بەرهەم هێنانی پیشەسازی لەگەڵ هەر یەکە لە نوێنەرایەتی ئەنجومەنی وەزیران، نوێنەرایەتی ب.گشتی گومرگ، بەڕێوەبەری گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی و بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و بەڕێوەبەری هونەری.
- کاروباری پیشەسازی لەدانانی پلانی ساڵانە بۆ پێدانی مۆڵەتی کارگە پیشەسازییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٢١) ئەمەش بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و بەدواداچوون و نوێنەری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.
- دەرچوونی یاسای ژمارە (٢) ساڵی (٢٠٢١)ی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی کارگەکان.
- کۆنفرانسی تاقیگەی (ساندیا)ی ئەمەریکی وەک ئەندامی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی مەترسییە بایۆلۆجیەکان لە هەرێمی کوردستان.
- کۆنفرانسی زانکۆی هەولێری نێودەوڵەتی لەژێر ناونیشانی (المؤتمر الدولي الثاني للنانو تكنلوجيا وتطبيقاته).
- ئەنجامدانی پیشانگای هاوبەشی بەرهەمە ناوخۆییەکانی کارگەکانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان.

٩- دانانی لیژنەی ئامادەکرنی پلانی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان.

١٠- بەردەوام بوون لە کردنەوەی ئەنجومەنەکانی کار و بیزنس و ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازییە بیانیەکان، هەروەها نوێ کردنەوەی ئەو سەنتەرانە بە پێی ڕێنماییەکان کە بریتین لە:

- نووسینگەی پەیوەندییەکانی بازرگانی و پیشەسازی ئەڵمانی.

- ئەنجومەنی کاری بەریتانی – عێراقی.
- سەنتەری بازرگانی کوردستان.
- لقی ژووری بازرگانی سویسری- کوردی.
- گروپی کاری بەریتانی.
- ژووری بازرگانی ئەمریکی.
- سەنتەری بازرگانی چینی لە هەرێمی کوردستان.
- لقی ژووری بازرگانی ئیسپانی لە هەرێمی کوردستان.
- سەنتەری بازرگانی ئەوروپا- سویسرا- کوردستان.
- ئەنجومەنی کاری بەریتانیا-کوردستان

١١- پێداچوونەوە و دیراسەتکردنی کێشەکانی ناوچەی پیشەسازی تیمار – هەولێر .

١٢- هەموارکردن و ئامادە کردنی (١٦) پڕۆژە یاسای پەیوەندیدار بە وەزارەت ناردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی ئاراستە کردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان:

- هەموارکردنی یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٠ بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١.
- هەموارکردنی پڕۆژە یاسای بریکارنامەی تۆمارکردن ژمارەی ٤ی ساڵی ١٩٩٩.
- هەموارکردنی یاسای پارێزەرایەتی ژمارەی ١٧ی ساڵی ١٩٩٩.
- هەموارکردنی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی بۆ کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٨ هەموارکراو بە یاسای (١٠)ی ساڵی ٢٠٢١ .
- هەموارکردنی یاسای گشتی کۆمپانیاکان ژمارەی ٢٢ی ساڵی ١٩٩٧.
- هەموارکردنی یاسای ناوچە پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری ئازاد.
- هەموارکردنی یاسای ڕێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی ژمارەی ٧٩ی ساڵی ٢٠١٧.
- هەموارکردنی یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر ژمارەی ١ی ساڵی ٢٠١٠ بۆ هەموارکردن.
- هەموارکردنی یاسای بازرگانی عێراق ژمارە ٣٠ ی ساڵی ١٩٨٤ بە یاسای (١٥)ی ساڵی ٢٠٢١.
- هەموار کردنی پڕۆژە یاسای ژووری بازرگانی و پیشەسازی ژمارە ١٤ ی ساڵی ١٩٩٣ بە یاسای (١٣)ی ساڵی ٢٠٢١.
- پڕۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای بریکارنامەی بازرگانی ژمارە ٥١ی ساڵی ٢٠٠٠.
- پڕۆژە یاسای انفاز کردن و هەموار کردنی پەیڕەوی لقی کۆمپانیا بیانییەکان.
- ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای شار و ناوچە پێشەسازی ڕێکخراو.
- ئامادەکرنی پڕۆژە یاسای ناوچە پیشەسازی و بازرگانی خزمەتگوزاری ئازاد (المناطق الاقتصادية الحرة) .
- تاوتوی و ئامادکردنی پڕۆژە یاسای کۆنترۆڵی جۆری لە هەرێمی کوردستان.
- پڕۆژە یاسای ئامادەکراو تایبەت بە دامەزراوەی خۆراک و دەرمان لە هەرێمی کوردستان.

١٣- دەرچوواندنی حەوت ڕێنمایی لە پێناو ڕێکخستن و ڕایەکردنی کارەکانی هاووڵاتیان دەرکراوە یاساکان و ڕێنماییەکان بریتین لە :

- ڕێنمایی ژمارە ١ ساڵی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢ سەبارەت بە پێدانی چیمەنتۆ بۆ هاووڵاتیانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە نرخی گونجاو .
- ڕێنمایی ژمارە ٢ لە ساڵی ٢٠٢١: سەبارەت بە ڕێنماییەکانی بەخشینی بەشە خۆراک و ئاردی هاووڵاتیانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.
- ڕێنمایی ژمارە ٣ لە ساڵی ٢٠٢١: سەبارەت بە بەخشینی مۆڵەتی هەویرکاری لە هەرێمی کوردستان .
- ڕێنمایی ژمارە ٤ لە ساڵی ٢٠٢١ : سەبارەت بە هاوردن و هەناردن لە هەرێمی کوردستان.
- ڕێنمایی ژمارە ٥ لە ساڵی ٢٠٢١: سەبارەت بە لقی کۆمپانیاکانی بەغداد.
- ڕێنمایی ژمارە ٦ لە ساڵی ٢٠٢١ : تایبەت بە چاودێری بازرگانی.

١٤- سەردان کردنی بەردەوامی لیژنەی باڵای سکاڵای هاووڵاتیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت لە پارێزگاکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆک) و ئیدارە سەربەخۆکان بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ سندوقەکانی سکاڵا و هەڵواسینی ژمارەی تایبەت بە سکاڵا بۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆی هاووڵاتیان بەم ژمارە (٠٧٥١٨٧١٨١٢١) سەبارەت بە کەم و کوڕییەکانیان .

١٥- ئامادە کردنی پلانی ساڵانەی پیشەسازی بۆ ساڵانی ٢٠١٩، ٢٠٢٠، ٢٠٢١ و ٢٠٢٢ و بەپێی دیراسەتی پێداویستییەکانی دانیشتوانی هەرێم لە بەرهەمە پیشەسازییەکان و گەشەی ئابووری هەرێم و دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ وەبەرهێنان .

١٦- بەشداری کردن لە داڕشتنی ڕۆژنامەی کشتوکاڵی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران .

١٧- بەشداری کردن لەگەڵ نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی کشتوکاڵ و بەڕێوەبەری گشتی گومرگ بە مەبەستی سەردانی کردنی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق.

١٨- ئامادەکاری بۆ دروست کردنی سەکۆیەکی ئەلیکترۆنی لەنێوان بەغدا و هەرێم بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی.

١٩- کارکردن بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لەنێوان هەرێم و ناوچەکانی تری عێراق.

٢٠- ڕێکخستنەوەی بابەتی لێبوردنی گومرگی بۆ ئەو کارگانەی کە مۆڵەتی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییان هەیە.

٢١- ئەنجامدانی پێشانگای پیشەسازی و وەبەرهێنانی لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٤-٢٠٢١/٨/٧.

٢٢- چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) بۆ ساڵانی ٢٠١٩ تا ٢٠٢٢:

پارێزگا	سەردان	لە٢٠١٩/٧/١ تا ٢٠١٩/١٢/٣١	٢٠٢٠/١/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١	٢٠٢١/١/١ تا ٢٠٢١/١٢/٣١	٢٠٢٢/١/١ تا ٢٠٢١/٥/١	کۆی گشتی
هەولێر	کۆی گشتی سەردان	١٥،١٦١	٢٠،٠٢٨	١٧،٣٧٤	٦،٧٨٢	٥٩،٣٤٥
	کۆی گشتی سزادراوان	٣١١	٥٨١	٤٧٠	٣١٠	١،٦٧٢
	کۆی گشتی پارەی سزا / د.ع	٣٤،٩٢٥،٠٠٠	٤٨،٦٧٥،٠٠٠	١٠٠،١٩٥،٠٠٠	٥٩،٢٧٥،٠٠٠	٢٤٣،٠٧٠،٠٠٠
	موادی ئێکسپایەر / تەن	١٢٢,٨٥	٢٥٦,٣٠٥	١٩٤,٢٥٣	١٥٠,٠٧٠	٧٢٣,٤٨
سلێمانی	کۆی گشتی سەردان	٤٩٦٩	١٣،٤٢٣	٩،٩٨١	٢،٦٧٦	٣١،٠٤٩
	کۆی گشتی سزادراوان	٢٢٤	٥٩٣	٥٤٩	١٤٥	١،٥١١
	کۆی گشتی پارەی سزا / د.ع	١٩،٦٥٠،٠٠٠	٣٨،٤٨٦،٧٠٠	٥٣،٤٦٧،٠٠٠	٩،٩٠٠،٠٠٠	١٢١،٥٠٣،٧٠٠
	موادی ئێکسپایەر / تەن	٣,٢٣٣	٤٠,٩٦٩	٦,٨٦٢	١,٣٠١	٥٢,٣٧
دهۆک	کۆی گشتی سەردان	٧،٣١٥	٤٥،٠٤٩	٣٠،٩٤٤	٥،٤٢٦	٨٨،٧٣٤
	کۆی گشتی سزادراوان	٤٦٥	٧٣١	٤٧٩	١٠٢	١،٧٧٧
	کۆی گشتی پارەی سزا / د.ع	٥٠،٢٧٠،٠٠٠	١٠٣،٤٧٥،٠٠٠	٦٣،٦٨٥،٠٠٠	٣٠،٣٧٠،٠٠٠	٢٤٧،٨٠٠،٠٠٠
	موادی ئێکسپایەر / تەن	٧٧,٠١٢	١٨٨	٣٠٠,٧١٧	٦٨,٤٢٢	٦٣٤,١٥
هەرێم	کۆی گشتی سەردان	٢٧،٤٤٥	٧٨،٥٠٠	٥٨،٢٩٩	١٤،٨٨٤	١٧٩،١٢٨
	کۆی گشتی سزادراوان	١٠٠٠	١٩٠٥	١،٤٩٨	٥٥٧	٤،٩٦٠
	کۆی گشتی پارەی سزا / د.ع	١٠٤،٨٤٥،٠٠٠	١٩٠،٦٣٦،٧٠٠	٢١٧،٣٤٧،٠٠٠	٩٩،٥٤٥،٠٠٠	٦١٢،٣٧٣،٧٠٠
	موادی ئێکسپایەر / تەن	٢٠٣,٠٩٥	٤٨٥,٢٧٤	٥١,٨٣٢	٢١٩,٧٩٣	٩٥٩,٩٩٤

٢٣- پێدانی هێمای بازرگانی بە کۆمپانیاکان لە ساڵانی ٢٠١٩ تا ٢٠٢٢:

ڕێکەوت	لە٢٠١٩/٧/١ تا ٢٠١٩/١٢/٣١	٢٠٢٠/١/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١	٢٠٢١/١/١ تا ٢٠٢١/١٢/٣١	٢٠٢٢/١/١ تا ٢٠٢١/٥/٢٢	کۆی گشتی
هێمای داواکراو	٩٠٢	١،٦٥٠	٢،٤٠٠	٧٥٠	٥،٧٠٢
هێمای تۆمارکراو	٤٠٧	٣٩٣	١،٠٩١	٤٩٤	٢،٣٨٥
کۆمپانیای خۆماڵی	٢٥٦	٢٠٣	٧١٥	٣٥٥	١،٥٢٩
کۆمپانیای بیانی	١٥١	١٩٦	٣٧٥	١٣٩	٨٦١
داهات بە دینار	**٦٨٣،٣٧٦،٨٥٠**	**٨٠٤،٧٣٩،٩٥٠**	**١،٦١١،٩٢٠،٦٠٠**	**٦٠١،٨٨٤،٢٥٠**	**٣،٧٠١،٩٢١،٦٥٠**

٢٤- چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) بۆ ساڵانی ٢٠١٩ تا ٢٠٢٢:

پارێزگا		لە٢٠١٩/٧/١ تا ٢٠١٩/١٢/٣١	٢٠٢٠/١/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١	٢٠٢١/١/١ تا ٢٠٢١/١٢/٣١	٢٠٢٢/١/١ تا ٢٠٢١/٥/١	کۆی گشتی
هەولێر	کۆی گشتی مۆڵەتی نوێ	٤٢	٧٩	١٣٧	٥٨	٣١٦
	سەرمایە بە ملیۆن دینار	١٦،٨٤٧	٤٧،٢٠٨	٦٧،٩٧٢	١٣،٨٣٩	١٤٥،٨٦٦
	ژمارەی کرێکار	٥٢٣	١،٢٣٤	١،٣٣٨	٤٨٧	٣،٥٨٢
	گواستنەوەی خاوەندارییەتی	٠	١٠	٢٧	١١	٤٨
	فراوانکردنی کارگە	١	٠	٠	٠	١
	هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت	١٣	٣	٥٧	٩	٨٢
	کەشف کردنی کارگەکانی کەرتی تایبەت	١٨٢	٢٣٣	٤٢٧	١٥٣	٩٩٥
سلێمانی	کۆی گشتی مۆڵەتی نوێ	٤٧	٥٤	٥٣	٢٠	١٧٤
	سەرمایە بە ملیۆن دینار	٢٨٦،٣٥٢	٣٣٢،٦٨٦	٤٠٠،٤٦٧	٤١،٣٥٧	١،٠٦٠،٨٦٢
	ژمارەی کرێکار	١١٦٩	١،١٨١	١،٧٠١	٦٢٦	٤،٦٧٧
	گواستنەوەی خاوەندارییەتی	١٤	٢٨	٢١	١٩	٨٢
	فراوانکردنی کارگە	١	١	٢	٠	٤
	هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت	٣١	١٥	١٤	٦	٦٦
	کەشف کردنی کارگەکانی کەرتی تایبەت	٢٧٤	٣٧٢	٤٧٧	١٢٩	١،٢٥٢

دهۆک	کۆی گشتی مۆڵەتی نوێ	١١	٢١	١٩	١٢	٦٣
	سەرمایە بە ملیۆن دینار	٨،٦١٢	١٥،٢٢٦	١٠،٨٨٨	٦،٣٨٧	٤١،١١٣
	ژمارەی کرێکار	٣١٧	٧٣٥	٥٢٠	١٩٩	١،٧٧١
	گواستنەوەی خاوەنداریەتی	٣	٧	٨	٢	٢٠
	فراوانکردنی کارگە	٢	١	١٥	٠	١٨
	هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت	٠	٠	٢	١	٣
	کەشف کردنی کارگەکانی کەرتی تایبەت	١٤٠	٨٦	١٧٨	٨٨	٤٩٢

٢٥- لیستی دابین کردنی چیمەنتۆ بۆ پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) و کۆمپانیاکان بۆ ساڵانی ٢٠١٩ تا ٢٠٢٢:

رێکەوت	کۆی چیمەنتۆی دابین کراوی هەولێر میکس بە تەن	کۆی چیمەنتۆی دابین کراوی سلێمانی میکس بە تەن	کۆی چیمەنتۆی دابین کراوی دهۆک میکس بە تەن	کۆی چیمەنتۆی دابین کراو بۆ کۆمپانیاکان میکس بە تەن	کۆی گشتی میکس بە تەن
٢٠١٩/٧/١ تا ٢٠١٩/١٢/١	٤،٠٦٣	٢١،٨٠٤	٢١،٣٥٩	١٦٦،٨٦٢	٢١٤،٠٨٨
٢٠٢٠/١/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١	٣،٧٦٤	٨٤،٣٢٦	١،٤٥٤	١٧١,٥٢١	٢٦١،٠٦٥
٢٠٢١/١/١ تا ٢٠٢١/١٢/٣١	١٣،٢٤٩	٣٧،٤٣٣	٢،٩٤٣	١٧٢،٤٣٥	٢٢٦،٠٦٠
٢٠٢٢/١/١ تا ٢٠٢١/٥/١	٤،١٣٤	٨،١٧٦	٠	١١،٠٤٣	٢٣،٣٥٣
کۆی گشتی	**٢٥،٢١٠**	**١٥١،٧٣٩**	**٢٥،٧٥٦**	**٥٢١،٨٦١**	**٧٢٤،٥٦٦**

٢٦- چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمار کردنی کۆمپانیاکان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) بۆ ساڵانی ٢٠١٩ تا ٢٠٢١:

پارێزگا	جۆری ئیش	٢٠١٩/٧/١ تا ٢٠١٩/١٢/٣١	٢٠٢٠/١/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١	٢٠٢١/١/١ تا ٢٠٢١/١٢/٣١	٢٠٢٢/١/١ تا ٢٠٢١/٥/١	کۆی گشتی
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر	ژمارەی کۆمپانیای خۆماڵی تۆمارکراو	٦٠٠	٧٩٣	٨٧٩	٣٨٧	٢،٦٥٩
	ژمارەی کۆمپانیای خۆماڵی هەموارکراو	٢،٠٥٨	٢،٣٩٠	٢،٦٨٠	٩٩١	٨،١١٩
	ژمارەی کۆمپانیای خۆماڵی ووردبینی کراون	٦،٤٤٣	١٨،٠٤٧	١١،٩٨٥	٤،٢٩٧	٤٠،٧٧٢
	ژمارەی لقی کۆمپانیای بیانی تۆمارکراو	٢٢	٢٧	٣١	٧	٨٧
	ژمارەی لقی کۆمپانیای بیانی هەموارکراو	١٦٧	١٢٣	١٢٥	٤١	٤٥٦
	ژمارەی لقی کۆمپانیای بیانی ووردبینی کراو	٥٤٤	٨٦٣	٨٠٠	٣٨٩	٢،٥٩٦
	ژمارەی کۆمپانیای پشکنین بۆکراو	٠	٠	٠	٠	٠
	ژمارەی کۆمپانیای بودجە پەسەند کراو	١،٩٧٦	٤،٠٢٠	٥،٩٩٢	٤٦٩	١٢،٤٥٧
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی سلێمانی	ژمارەی کۆمپانیای خۆماڵی تۆمارکراو	٥٥	٦٥	٥٩	١٧	١٩٦
	ژمارەی کۆمپانیای خۆماڵی هەموارکراو	٧٦٨	٩٦٤	١،٦٢٢	٤١٠	٣،٧٦٤
	ژمارەی کۆمپانیای خۆماڵی ووردبینی کراون	١،٦٧٥	٢،٧٢٢	٣،١٨٩	٧٨٦	٨،٣٧٢
	ژمارەی لقی کۆمپانیای بیانی تۆمارکراو	٠	١	٤	٠	٥
	ژمارەی لقی کۆمپانیای بیانی هەموارکراو	٩	١٢	١٣	٠	٣٤
	ژمارەی لقی کۆمپانیای بیانی ووردبینی کراو	٣٠	٣٥	٣١	٧	١٠٣
	ژمارەی کۆمپانیای پشکنین بۆکراو	٣٦٥	٨٥٨	٩٥٠	٣٨٠	٢،٥٥٣
	ژمارەی کۆمپانیای بودجە پەسەند کراو	٧٤	٨٠٦	١،٣٩٨	٣٧٢	٢،٦٥٠
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی دهۆک	ژمارەی کۆمپانیای خۆماڵی تۆمارکراو	٣٠٦	٣٧٤	٤٣٣	١١٩	١،٢٣٢
	ژمارەی کۆمپانیای خۆماڵی هەموارکراو	٧٤٨	٩٩٧	١،٥٩٨	٤٥٢	٣،٧٩٥
	ژمارەی کۆمپانیای خۆماڵی ووردبینی کراون	١،٧٢١	٢،٨٧٧	٣،٦٩٠	١،١٠٠	٩،٣٨٨
	ژمارەی لقی کۆمپانیای بیانی تۆمارکراو	٤	٠	٢	٠	٦
	ژمارەی لقی کۆمپانیای بیانی هەموارکراو	٩	٥	٧٧	٦	٩٧
	ژمارەی لقی کۆمپانیای بیانی ووردبینی کراو	٦٠٠	٥٥٥	٨١٦	٣٠٠	٢،٢٧١
	ژمارەی کۆمپانیای پشکنین بۆکراو	١٦٢	١،١٧٨	١،٥٩٤	٤٤٦	٣،٣٨٠
	ژمارەی کۆمپانیای بودجە پەسەند کراو	٨٩٤	١،٩١٣	١،٨٩٢	٤٩٧	٥،١٩٦

٢٧- چالاکییەکانی کۆنترۆڵی جۆری بۆ پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) بۆ ساڵانی ٢٠١٩ تا ٢٠٢٢:

پارێزگا	سەردان و کەشف کردنی کارگەکان	٢٠١٩/٧/١ تا ٢٠١٩/١٢/٣١	٢٠٢٠/١/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١	٢٠٢١/١/١ تا ٢٠٢١/١٢/٣١	٢٠٢٢/١/١ تا ٢٠٢١/٥/١	کۆی گشتی
هەولێر	کۆی گشتی سەردان	٢٣٣	١٧٣	٣٠٥	٩١	٨٠٢
	پشکنینی تاقیگەیی بۆ بەرهەمی کارگەکان	٥،٥٤٧	٤،٦١١	١٢،٠٥٧	٣،٢٣٩	٢٥،٤٥٤
	چالاکی جۆراوجۆر	٢٢	٢٤	٣٤	٨	٨٨
	ئاگادار کردنەوەی خاوەن کارگە	٦٦	٦٢	٨١	٢	٢١١
	سزادانی کارگە	١٣	٢	٢٢	١٨	٥٥
	داخستنی کارگە	٠	٠	٠	٠	٠
	داهاتی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری/ بە دینار	٣٦،٢٥٠،٠٠٠	٢٨،١٢٠،٠٠٠	٢٢،٧٢٠،٠٠٠	٠	٨٧،٠٩٠،٠٠٠
سلێمانی	کۆی گشتی سەردان	٤٢٤	٢٩٢	٤٠٥	٨٣	١،٢٠٤
	پشکنینی تاقیگەیی بۆ بەرهەمی کارگەکان	٢٩٢	٢٠٤	٣٩٣	٨٣	٩٧٢
	چالاکی جۆراوجۆر	٣٣٥	٣٤١	٤٨٣	١٣٢	١،٢٩١
	ئاگادار کردنەوەی خاوەن کارگە	٢٣	٢٠	٣٣	٢	٧٨
	سزادانی کارگە	٥	٢	٠	٠	٧
	داخستنی کارگە	٩	٠	٠	٠	٩
	داهاتی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری/ بە دینار	٦٠،٠٠٠،٠٠٠	٤٥،٨٠٠،٠٠٠	٦٨،٦٠٠،٠٠٠	١٢،٠٠٠،٠٠٠	١٨٦،٤٠٠،٠٠٠
دهۆک	کۆی گشتی سەردان	١٠٨	٦٤	١٥٠	٧٢	٣٩٤
	پشکنینی تاقیگەیی بۆ بەرهەمی کارگەکان	٩١	٥٨	١٣٥	٨١	٣٦٥
	چالاکی جۆراوجۆر	٠	٠	٠	٠	٠
	ئاگادار کردنەوەی خاوەن کارگە	٠	٥٨	١١٩	٧٢	٢٤٩
	سزادانی کارگە	٠	٠	٠	٠	٠
	داخستنی کارگە	٠	٠	٠	٠	٠
	داهاتی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری/ بە دینار	**١٨،٧٠٠،٠٠٠**	**٥،٩٥٠،٠٠٠**	**١٢،٤٥٠،٠٠٠**	**٦،٨٠٠،٠٠٠**	**٤٣،٩٠٠،٠٠٠**

٢٨- دیراسەتکردن و خەملاندنی مەوادی کیمیاوی لەلایەن لیژنەی تایبەت بەپێی نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ، بریتیە لە:

رێکەوت	٢٠١٩/٧/١ تا ٢٠١٩/١٢/٣١	٢٠٢٠/١/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١	٢٠٢١/١/١ تا ٢٠٢١/١٢/٣١	٢٠٢٢/١/١ تا ٢٠٢١/٥/٣١	کۆی گشتی
ژمارەی کۆمپانیا	٤٦	٤٩	٥٩	١٣	١٦٧
ژمارەی مادده	١٥٠	٥٧٩	١،٠٩٠	٤٧٠	٢،٢٨٩
بڕی پەسەند کراو/ بە تەن	١٩١،٠٥٥,٦	١٨٠،٩١٥,٦	١٧٢،١٣٩,١	٢٢،٩٦٤,٣٤	٥٦٧،٠٧٤,٦٤

٢٩- دروستکردنی سایلۆی (٤٠،٠٠٠) تەن لەگەڵ (٥) کۆگا لە قەزای کەلار- ئیدارەی گەرمیان بە گوژمەی (٢٠،٦٧٢،٢٦٣،٠٠٠) دینار .

٣٠- دروستکردنی سایلۆی (٤٠) هەزار تەن و (٤) کۆگا لە ناحیەی روڤیا - دهۆک بە (١٧،٩٤٨،٧٠٠،٠٠٠) دینار.

٣١- دروستکردنی سایلۆی (٤٠،٠٠٠) تەن لەگەڵ (١٠) کۆگا لە ناحیەی قوشتەپە- هەولێر بە گوژمەی (٢١،٢٧٦،٨٣٥،٠٠٠) دینار.

٣٢- پرۆژەی دروست کردنی خزمەتگوزارییەکانی ناوچەی پیشەسازی (٣) بە گوژمەی (٧،٤٩٨،٠٠٠،٠٠٠) دینار، بەرەو پێشچوونی ٥٠٪.

٣٣- ئامادەکردنی (١٩) پرۆژەی وەبەرهێنانی حکومی بە گوژمەی (٨٧،٦٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دینار.

٣٤- داهات و خەرجییەکانی وەزارەت:

ساڵ	کۆی گشتی داهات	کۆی گشتی خەرجییەکان
٢٠١٩	٣٧،٩٣٢،٥٠٣،٧٦٤	-
٢٠٢٠	٧٠،٦٤٣،٤٩٢،٢٧٩	٣٧،٣٨٧،٨٨٣،١٨٢
٢٠٢١	٤٦،٢٦٦،٠٧٩،٠٤٠	٤١،٢٧٠،٤١٤،٣٨٦
٢٠٢٢	١٤،١٤٣،١٣٥،٧٦٥	١١،٤٨٧،٢٥٦،٣٨٠
کۆی گشتی	**١٦٨،٩٨٥،٢١٠،٨٤٨**	**٩٠،١٤٥،٥٥٣،٩٤٨**

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن

ساڵی (یەکەم)

کار و چالاکی وەزارەتمان بەپێی هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی لە ڕۆژی دەستبەکار بوونی حکومەت بۆ ماوەی یەک ساڵ وەک لە خوارەوە روون کراوەتەوە:

یەکەم: ئاستی چاکسازی

١- گۆڕانکاری لە نوێنەرایەتی وەزارەتمان لە کۆمپانیای هاوبەش لە پێناو ڕێکخستنەوەی کارەکانی گەیاندن.

٢- ئەنجامدانی گرێبەستی گواستنەوەی پۆستە لە نێوان هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵات لە ڕێگای هێلی ئاسمانی عێراقی واتە سەرجەم هەناردەی پۆستەی هەرێم لە ڕێگای هێلی ئاماژە بۆ کراو ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت و هەرزان کردنی نرخی یەک کیلۆ لە (٧٠٠٠) حەوت هەزار دینار بۆ (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار.

دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

١- پەیڕەوکردنی میکانیزمی (مێزی - طاولة) بەتاڵ:

پەیڕەوکردنی میکانیزمی (مێزی - طاولة) بەتاڵ کەواتە تەواوکردنی گشت کارەکانی هاووڵاتیان ڕۆژانە و بنبڕکردنی ڕۆتین، کەواتە هەر فەرمانبەرێک لە کۆتایی دەوام دەبێ سەرجەم مامەڵەی هاووڵاتیان کە لەبەر دەستی دایە جێبەجێ بکات و ئاراستەی جێگای مەبەست بکات، ئەو مامەڵانەی پێویستی بە ڕای یاسایی هەیە پێویستە بەرز بکرێتەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار.

٢- ڕێزگرتن لە خاوەن پێداویستی تایبەت لە هێلە گشتییەکانی گواستنەوە:

دەبێت ئەوپەڕی ڕێز لە خاوەن پێداویستی تایبەتەکان بگیرێت و یارمەتیان بدرێت لەکاتی بەکارهێنانی هۆیەکانی گواستنەوە بە تایبەت لەلایەن شوفێرەکان و، دەبێت هەمیشە یەکەم تا چوارەم کورسی لەلای دەرگای گشت کۆستەرەکان و پاسەکان تەرخان بکرێت بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت بە پلەی یەکەم لە

فەرمانگەکانی ئەسبەقیەتی جێبەجێ کردنی کارەکانیان پێ بدرێت.

٣- پابەندبوون بە دەوامی فەرمی:

ئاگاداری گشت فەرمانبەرانی وەزارەتەکەمان دەکەینەوە کەوا پابەندی دەوامی فەرمی بن کە لە کاتژمێر (٨)ی بەیانی دەست پێ دەکات و لە کاتژمێر (٣)ی دوای نیوەڕۆ کۆتایی دێت و سەرپێچیکەر ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێتەوە.

٤- ڕێکخستنەوەی ئاسایشی فەرمانگەکان.

٥- بنبڕکردنی دیاردەی بەرتیل و بەرتیلدان.

٦- ڕێزگرتن لە هاووڵاتیان لەکاتی سەردانی فەرمانگەکان.

٧- سەرپەرشتی کردنی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆستەو گەیاندن لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە ڕووی ئیداری و ژمێریاری.

٨- ئامادەکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەکانی لیژنەی ڕاوێژکاری و دابەش کردنی بەسەر لایەنی پەیوەندیدار و بەدواداچوون و جێبەجێ کردنی خاڵەکانی کۆبوونەوە.

٩- سەرپەرشتی و بەدواداچوونی ئیش و کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری و ئیش و کاری کۆگا لە دیوانی وەزارەت.

١٠- جێبەجێ کردنی نووسراو و داواکارییەکانی بەڕیوەبەرایەتییە گشتییەکانی (فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەربیل، سلێمانی) و گواستنەوەی زەمینی و هێلی ئاسنی و ترامواى و کەشناسی و بوومەلەرزەزانی بە سەرپەرشتی بەڕێز وەزیر.

١١- پێک هێنانی سەرجەم لیژنەکانی جێبەجێکار و سەرپەرشتی پڕۆژەکان کە ساڵانە نوێ دەکرێتەوە.

١٢- کارکردن بە سیستەمی ONLINE بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی کارگێڕی و ژمێریاری و گەیاندنی نووسراوەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەربە وەزارەتمان.

١٣- کۆمپانیای فاست لینک هەڵسا بە جێبەجێ کردنی سیستەمی (فاست کێر) بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و دابەزاندنی چەند ژمارەیەک بۆ پەیوەندی کردن و بەهاناچوونی نەخۆشان لەسەر پێشنیار و داوای وەزارەت کە لەکاتی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و قەدەغەی هاتوچۆ هەنگاوێکی گرنگ بوو.

١٤- کارکردن بۆ ڕێگاپێدانی کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت بۆ رایی کردنی کارەکان و بەرە و پێش بردنی کاری خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لەکاتی قەدەغەی هاتووچۆ و قەیرانی دارایی و کۆرۆنا.

١٥- دوابەدوای نووسراوی وەزارەتمان ژمارە (٢٢) لە ٢٠٢٠/٣/٣ سەبارەت بە زیادکردنی خێرایی ئینتەرنێت و دابەزاندنی نرخ وەک نووسینگە هەڵساین بە ئاراستەکردنی چەند نووسراوێک بۆ کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن و لە ئەنجامدا کۆمپانیای:

أ- فاست لینک و نورتێل هەڵسان بە دابەزاندی نرخی ئینتەرنێت بۆ ٢٥٪ و خێرایی بەرزکرەوە بۆ١٠٠٪ .

ب- کۆمپانیای ئای کیو نێتۆرک و ئوپت ئای کیو هەڵسان بە پێدانی ئینتەرنێت بە خۆرایی بۆ هاووڵاتیان بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ.

١٦- دەستپێشخەری وەزارەت بۆ کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن و ئینتەرنیت بۆ بەخۆرایی و خێراکردنی هێلی ئینتەرنیت بۆ قوتابیان و مامۆستایان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوی زانستی بۆ بەڕێوەچوونی پڕۆسەی جێبەجێ کردنی سیستەمی خوێندنی (On Line) بۆخۆ ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی قوتابیان.

١٧- واژوکردنی گرێبەستی پڕۆژەی دروست کردن و لێدانی شریت و ئاڕم و لۆگۆ بۆ تاکسییەکانی پارێزگاکانی هەرێم لە نێوان وەزارەت و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بۆ هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) و هەروەها دروست کردنی کارتی زانیاری شوفێر (لەرووی ئەمنییەوە).

١٨- دیراسەت کردنی پڕۆژەی ستی پاس (city bus) و ئامادەکردنی بۆ جێبەجێ کردن.

١٩- دیراسەت کردنی چۆنیەتی دامەرزاندنی کۆمپانیای گواستنەوەی گشتی بارهەڵگر.

٢٠- پێدانی ڕەزامەندی تێست کردنی تەکنەلۆژیای نۆی نەوی پێنجەم (Five G) لە هەرێمی کوردستان.

٢١- خێراکردن و هەزران کردنی هێڵەکانی ئینتەرنێت کە لەلایەن چەند کۆمپانیایەک وەک (فاست لینک و نور تێل) لەسەر داواکاری وەزارەتمان جێبەجێ کراوە.

سێیەم: ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

١- هەماهەنگی بەردەوام لەگەڵ دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی لە بەغدا دەربارەی گەڕاندنەوەی قوتابیان و هاووڵاتیانی هەرێم کە لە دەرەوە بوون بۆ کوردستان لە ڕێگای نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا.

٢- هەماهەنگی بەردەوام لەگەڵ (CMC) کۆمسیۆنی گەیاندن و ڕاگەیاندنی عێراقی لە بەغدا بۆ جێبەجێ کردنی گشت داخوازییەکانی بەڕێزان لە فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە و وەزارەتی گەیاندنی حکومەتی عێراقی فیدراڵ.

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و گەیاندن:

یەکەم: ئاستی خزمەتگوزاری

١- دابین کردنی فریکۆێنسی لەسەر باندی (UHF) بۆ وەزارەتی پێشمەرگە.

٢- بەردەوام کارکردن لە پڕۆژەی FTTH:

أ- لە شارۆچکەکانی سەربە پارێزگای سلێمانی: شارۆچکەکانی (دەربەندیخان، پیرەمەگرون، سورداش) خزمەتگوزاری کارایە و هاووڵاتیان لێی سودمەندن و شوێنەکانی تر کار بەردەوامە.

ب- لە سنوری ئیدارەی گەرمیان: شاری (کەلار) خزمەتگوزاری کارایە و هاووڵاتیان لێ سودمەندن. سەبارەت بە شارۆچکەکانی (کفری و رزگاری) هێلی سەرەکی گەیشتوە و کارکردن تێیدا بەردەوامە.

ج- لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین: شارۆچکەکانی (رانیە، ئیسێوی، هێرۆ) خزمەتگوزاری کارایە و هاووڵاتیان لێی سودمەندن.

- بواری پۆستە:

١- سەنتەری ئاڵوگۆڕی پۆستەی نێودەولەتی ئەربیل وەکو سەنتەرێکی نێودەولەتی ناسراوە لەلایەن سەرجەم وڵاتانی جیهان ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بە کۆدی (ترمیز) (IQ EBLA)، دووبارە کرایەوە دوای هەوڵێکی زۆر لەلایەن وەزارەتمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستەی عێراق کە زیاتر لە (٢) دوو ساڵ داخرا بەهۆی بارودۆخی سیاسی (١٦)ی ئۆکتۆبەر و داخستنی فڕۆکەخانەکانی نێودەوڵەتی (هەولێر و سلێمانی).

٢- ئەنجامدانی گرێبەستی گواستنەوەی پۆستە لە نێوان هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵات لە ڕێگای هێلی ئاسمانی عێراقی واتە سەرجەم هەناردەی پۆستەی هەرێم لە ڕێگای هێلی ئاماژە بۆکراو ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت و هەرزان کردنی نرخی یەک کیلۆ لە (٧٠٠٠) حەوت هەزار دینار بۆ (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار .

٣- هەماهەنگی لەگەڵ پۆستەی عێراق و دابین کردنی ئامێر و کەلوپەلی تەکنیکی پێویست و بەگەرخستنی سیستەمی (IPS) واتە بەدواداچوونی پۆستەیی کە ئێستا هەرێم و عێراق بە یەک سیستەمی یەکگرتوو کار دەکەن بە جۆرێک پۆستەی هەرێم هەموو (معایر)ە نێودەوڵەتییەکانی لەسەر جێبەجێ کراوە.

٤- ناردنی (٢٥) تەن کەل و پەلی پۆستەیی و نامە و حەواله لە هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە بەهۆی داخستنی ئاسمانی عێراق بە رووی گەشتە ئاسمانییەکان بە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (covid-١٩) هەناردەکردنی پۆستەی هەرێم بۆ دەرەوە وەستاوە تا ئەم کاتە.

٥- هێنان و دابەشکردنی (٧٣) تەن کەل و پەلی پۆستەیی و نامە و حەواله لە دەرەوەی هەرێم و سەرجەم وڵاتانی جیهان بۆ ناوەوەی هەرێمی کوردستان .

٦- بەگەڕخستنی سیستەمی (Post code) و دابەشکردن و دانانی ژمارە لەسەر خانوو باڵەخانەکان لە گەڕەکەکانی هەرسێ پارێزگاکانی هەرێم و کە ئەمەش کارئاسانی کردووە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری پۆستە بۆ هاووڵاتیان و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم.

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی:

یەکەم: ئاستی خزمەتگوزاری

١- دانانی وێستگەی بوومەلەرزەی باشماخ و بەستنەوەی بە تۆڕی بوومەلەرزەی هەرێمی کوردستان.

٢- کارکردن لە قۆناغی کۆتایی دامەزراندنی وێستگەیەکی تۆمار کردنی بوومەلەرزە لە قەزای چۆمان و بەستنەوەی بە تۆری بوومەلەرزەی هەرێم.

٣- کارکردن لە قۆناغە کۆتایی دامەزراندنی وێستگەیەکی تۆمارکردنی بوومەلەرزە لە قەزای کەلار و بەستنەوەی بە تۆڕی بوومەلەرزەی هەرێم.

٤- دانانی (٤) ئامێری پێوانی باران بارین لە ناوچەکانی (دیبگە، دارەشەکران، کۆیە، شەقڵاوە، سەنگاو، قەرەداغ).

دووەم: پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

١- کارکردن بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری بوومەلەرزە لەگەڵ وڵاتی کوێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ.

٢- ئامادەکردنی نامەی هاوکاری نیوان وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی لەگەڵ ئاژانسی روپێوی جیۆلۆجی ئەمریکی لە بواری هەماهەنگی بوومەلەرزە.

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە:

یەکەم: ئاستی چاکسازی

١- کەم کردنەوەی ڕۆتین و بە خێراکردنی ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکان.

٢- ڕێکخستنی کاروباری گواستنەوە لە ڕێگای کۆمپانیاکان و نووسینگەکانی گواستنەوە.

دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

١- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ کۆمپانیاکانی بواری گواستنەوەی کەلوپەل و بارکردن و داگرتن بۆ (١٢) کۆمپانیا لە سنووری پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، ئیدارەی ڕاپەرین).

٢- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ (٦) کۆمپانیای بواری گواستنەوەی هاووڵاتیان لە سنووری پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، ئیدارەی ڕاپەرین).

٣- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ (٤) کۆمپانیای گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی لەسنووری پارێزگای (هەولێر، سلێمانی).

٤- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ (١) کۆمپانیای بەکرێدانی ئۆتۆمبێل لە سنووری پارێزگای هەولێر.

٥- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ (١) کۆمپانیای رێکلام لە ئامرازەکانی گواستنەوە (پاس - تەکسی) لە سنووری پارێزگای سلێمانی.

٦- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ (١) کۆمپانیای تەکسی تەلەفۆنی لە سنووری پاریزگای دهۆک.

٧- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ (١) کۆمپانیای بواری گواستنەوەی فەرمانبەران و قوتابیان و خوێندکاران لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین.

٨- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ (١) نووسینگەی تەکسی تەلەفۆنی لە سنووری پارێزگای سلێمانی.

٩- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ (١) نووسینگەی گواستنەوەی هاووڵاتیان لە سنووری پارێزگای سلێمانی.

١٠- نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کارکردن بۆ (٨١) کۆمپانیاکانی گواستنەوە لە سنووری پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

١١- نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کارکردن بۆ (٥٤) نووسینگەکانی گواستنەوە لە سنووری پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

سێیەم: ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ.

- بە مەبەستی هاوکاری و هەماهەنگی یەکتر پەیوەندییەکی باشمان هەبووە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەزارەتی گواستنەوەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ ئاسانکاری کاروباری گواستنەوە لە خاڵە سنوورییەکان و بازگەکانی نێوانماندا.

چوارەم: ئاستی ئابووری و دارایی

١- واژوکردنی گرێبەستی پرۆژەی دروست کردن و لێدانی شریت و ئارم و لۆگۆ بۆ تاکسییەکانی پارێزگاکانی هەرێم لە نێوان وەزارەت کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بۆ هەرسێ پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك).

٢- دیراسەت کردنی چۆنیەتی دامەرزاندنی کۆمپانیای گواستنەوەی گشتی بارهەڵگر.

٣- ئامادەکردنی بودجەی خەملێنراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی گواستنەوەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ ساڵی (٢٠٢٠).

٤- دیراسەکردنی پرۆژەی ستی پاس (city bus) و ئامادەکردنی بۆ جێبەجێ کردن.

٤- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەربیل:

یەکەم: ئاستی خزمەتگوزاری

١- پەرەپێدانی سیستەمی ئاو و فراوانکردن و چارەسەری سیستەمی ئاوی قورس.

٢- نوێ کردنەوەی وێستگە سەرەکییەکانی فڕۆکەخانەی کۆن و دانانی سیستەمی چاودێری SCADA.

٣- نوێ کردنەوە و چاککردنەوەی دەست شۆرەکانی تێرمینال و گێتەکان.

٤- پڕۆژەی دروست کردنی ٨ تاوەری ئاسایش.

٥- دروست کردنی گۆڕەپانی کارگۆی کۆن.

٦- دروست کردن و دامەزراندنی شاشەیەکی مۆدێرن لە دیوی ئێرسایدی فڕۆکەخانە.

٧- گۆڕین و نوێ کردنەوەی تەواوی سیستەمی چاودێری ناو تێرمینالی فڕۆکەخانە.

٨- نوێ کردنەوەی سیستەمی مۆتۆرۆلا و سیستەمی چاودێری ئەکسس دۆری فڕۆکەخانە.

دووەم: ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

کۆبوونەوە لەگەڵ شاندی دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراقی (بەشی سەلامەتی فڕۆکەوانی) سەبارەت بە دیزاین کردن و ڕێکخستنی ڕێڕەوی ئاسمانی تایبەت بە فڕۆکەخانەی ئەربیلی نێودەوڵەتی و بەستنەوەی بە ڕێڕەوە ئاسمانیە نێودەوڵەتییەکان.

سێیەم: پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

١- کۆبوونەوە و گفتوگۆ لەگەڵ هێڵی ئاسمانی (طیران الخلیج) کە بڕیار وایە گەشتەکانیان لە ساڵی ٢٠٢٠ ەوە دەست پێ بکەن لە نێوان بەحرەین و هەولێر بەڵام لەبەر ئەم بارودۆخەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دواکەوتووە.

٢- ئاسانکاری و هاوکاری کردن لە بەڕێکردنی نەخۆش و وەرگیراوانی خەڵکی شنگال بۆ وڵاتی فەرەنسا.

٣- کۆبوونەوە و گفتوگۆ لەگەڵ هێلی Tailwind Airlines کەوا چارتەرە و گەشتەکانی لە نێوان هەولێر و ئیستەنبول دەست پێ کردووە لە ڕێکەوتی ٢٢-١٢-٢٠١٩ و تاوەکو ئێستا بەردەوامە.

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی:

یەکەم: ئاستی چاکسازی

دەست پێکردنەوەی کارکردن لە پڕۆژەی ڕێگاکانی فڕۆکەخانە M٣ M٤ بە گوێرەی ماستەرپلان کە بەهۆی قەیرانی دارایی پڕۆژەکە ڕاگیرا بوو توانرا لە ماوەیەکی دیاری کراودا لە ٨٠% کارەکانی پڕۆژەکە تەواو بکرێت بەڵام بە هۆی خەرج نەکردنی شایستە داراییەکانی لەلایەن پارێزگاری سلێمانی کارەکە لە ئێستادا وەستاوە ئەو بڕە پارەیەی کە پێویستە خەرج بکرێت بۆ تەواو کردنی پڕۆژەکە (٢,٠٣٥,١٢٧,٠٠٠) دیناره.

دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

١- ئەو پڕۆژانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە گەشتیاران هەرچەندە نەتوانراوە بەهۆی نەبوونی بودجە پڕۆژەی گەورە جێبەجی بکرێت بەڵام بە گوێرەی ئەو بڕە پارەیەی لەبەردەستدا بوو توانراوە چاکسازی لە چەندین بەشی تێرمینالڵ و بەشەکانی تری کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گەشتیارانەوە هەبوە بە بڕی ٢٧٠,٥٤٠,٠٠٠ دۆلارکاری چاکسازی بکرێت.

٢- کردنەوەی ٤٧ خول و سیمیناری جۆراوجۆر لە بواری خزمەتگوزاری بە فڕۆکەخانە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کە (٧٩٠) فەرمانبەر بەشداری پێکراوە.

سێیەم: ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

پەیوەندی باش لە نێوان فڕۆکەخانەی سلێمانی و دەستەی فڕۆکەوانی مدنی عێراقی هەیە و هەماهەنگی و پەیوەندیەکە گشت بوارەکانی گرتۆتەوە بە تایبەتی لە بواری گەشەی مرۆیی کە توانراوە چەندین کارمەندی فڕۆکەخانەکانی عێراق لە پەیمانگای فڕۆکەوانی شارستانی لقی سلێمانی بەشداری پێ دەکرێن لەو خولانەی کە لەلایەن پەیمانگاوە دەکرێتەوە هەروەها فڕۆکەخانە هەماهەنگی تەواوی هەیە لەگەڵ دەستەی کەشناسی عێراق کە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بە کردنەوەی سەنتەری ڕاهێنانی کەشناسی کە توانراوە خولێکی پێشکەوتوو بۆ چەند کارمەندێکی فڕۆکەخانەکانی تری عێراق و فڕۆکەخانەی سلێمانی بکرێتەوە خولەکان ناوازەن لە عێراق و ناوچەکەدا.

(ساڵی دووەم)

پێشەکی:

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن هەروەک لە ئامانج و پلانی ستراتیجی وەزارەت هاتووە لە چوارچێوەی ئەرک و چالاکییەکانی هاوتەریب لەگەڵ جێبەجێکردنی کارنامەی هێلە گشتییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم، کاردەکات بۆ بەرجەستەکردن و ئەنجامدانی چاکسازی و کەمکردنەوەی ڕۆتین و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بۆ هاوولاتیان کە لە ڕووی تایبەتمەندی پسپۆڕی کە بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بواری گەیاندن کە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی کەرتەکانی بواری گەیاندن بە تەل و بێ تەل و ئەنتەرنێت دەگرێتەوە، لەبواری گواستنەوەو پەرەپێدانی کەرتی گواستنەوەی زەمینی و ئاسمانییەوەو لە بواری پۆستە بریتیە لە دابینکردنی خزمەتگوزاری پۆستە لە ناوەوە و دەرەوە بۆ هاوولاتیان هەروەها پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پێشبینیەکانی کەشناسی بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندن بە پەیڕەوکردنی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان بەشێوەی گشتی.

یەکەم: ئاستی چاکسازی

- **نەهێشتنی ڕۆتین :**

وەزارەت چەند ڕێ و شوێنی پێویستی گرتۆتەبەر بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ڕۆتین کە خۆی دەبینێتەوە لە پێداچوونەوە بەبڕیار و ڕێنماییەکان بۆ ڕاییکردنی نووسراوە فەرمییەکانی ڕۆژانە و خێرایی کردن لە جێبەجێکردنی لە ڕووی کارگێڕی و تەکنیکی لەڕێگەی پۆلینکردنیان و دابەشکردنی کارەکانی ڕۆژانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی سەر بە وەزارەت بەپێی پسپۆڕی و تایبەتمەندیان بۆ جێبەجێکردنیان، هەوڵی جدی دراوە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین لابردنی لەمپەر لەبەردەم کارەکان، مامەڵەی بەڵێندەران، کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، ڕاییکردنی مامەڵەکانیان و جێبەجێکردنی کارەکانیان بەکەمترین کات و، پەیڕەوکردنی سیاسەتی مێزی بەتاڵ بەپێی گشتاندنی وەزارەت ژمارە (٢١١٣) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨. هەروەها پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری سکاڵای هاوولاتیان بە شێوەیەکی خێرا بەپێی فەرمانی وەزارەت ژمارە ٦٢٢ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/١٨ لەگەڵ چەند گشتاندنی تایبەت بەمەبەستی نەهێشتنی ڕۆتین لەوانە گشتاندنی وەزارەت بە ژمارە (٢٩٤٩) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٩ بۆ پێداچوونەوە بەڕێنماییەکانی تایبەت بەو خزمەتگوزارییانەی لە فەرمانگەکان پێشکەش دەکرێت بۆ ساڵی ٢٠٢١ بۆ ئەوەی هەوڵبدرێت ڕۆتین کەم بکرێتەوە، هەروەها نووسراوی وەزارەت ژمارە (٢٩٥٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٩ بۆ پلانی پێشوەختەی بەڕێوەبەراتییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢١ پێداچوونەوە بە کاروباری هۆبەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی وخۆیەتی و ڕێکخستنەوەی میلاکات لەپێناو زووتر ئەنجامدانی کارەکان وەڵامدانەوەی ئەو نووسراوانەی ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان دەکرێت، هەروەها بەدواداچوونی کاروباری هۆبەی هاتوو و دەرچوو بە ئەلیکترونی کراوە بە سیستەمێک کە لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی ئامار و IT) لە ئێستادا بەو سیستەمە کار دەکرێت و پێدانی ڕێنمایی بۆ بەدواداچوونی ئەو نووسراوانەی لە وەزارەتمان دەرچووەو ئەو نووسراوانەی ئاڕاستەی وەزارەتمان دەکرێت، هەروەها دروست کردنی هەماهەنگی لەڕووی پەیوەندییە کارگێڕییەکانەوە لەگەڵ نووسینگەی بەڕێز وەزیر بۆ ڕاییکردنی نووسراو و داواکارییەکان هەروەها دابینکردنی هێڵی گەرم بۆ وەرگرتنی گشت سکاڵاکان و داواکاری هاوولاتیان و ئاگادارکردنەوەی کۆمپانیاکان بۆ چارەسەرکردنیان بەپێی نووسراوی (٢٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٣.

- **تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی:**

وەزارەتەکەمان هەنگاوی گرنگی ناوە لەڕێگەی بەدواداچوونی کاری کۆمپانیاکان بەتایبەت کومپانیاکانی بواری گەیاندن کە گرێبەست و مۆڵەتی کار کردنیان هەیە لەگەڵ وەزارەت لەڕێگەی نووسراوی فەرمی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٥ ئاگادار کراونەتەوە بۆ پابەندبوونیان بەپێدانی شایستە داراییەکانی وەزارەت بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاساییان بەرامبەر دەگیرێتە بەر. لەکۆی (٤٩) کۆمپانیا (٢١) کۆمپانیا پابەندبوون بە پێدانی شایستە داراییەکانیان (١١) کۆمپانیا دراوەنەتە دادگا (٣) کۆمپانیا مۆڵەتیان هەڵوەشاوەتەوە (١٠) کۆمپانیای تر پەڕاویان ئامادەکراوە بۆ تۆمارکردنی داوای یاسایی پابەندکردنیان بەپێدانی شایستە داراییەکانیان کە پێشتر ئەو کومپانیانە پابەند نەبوون، وەزارەت تا ئێستا لەو ڕێگەوە بڕی زیاتر لە (٣) سێ ملیار دیناری گەڕاندۆتەوە بۆ خەزینەی حکومەت. هەروەها وەزارەت لە ڕێگەی پێکهێنانی چەند لیژنەیەک هەڵساوە بە ڕێکخستنەوەی هێڵەکانی گواستنەوە لە دەروازە سنوورییەکان چارەسەرکردنی کێشەی شوفێرەکانی مەرزە سنوورییەکان لە چوارچێوەی یاسا و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی گواستنەوە بۆ زیادکردنی داهات.

- **دەربارەی کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن و دادگایی کردنیان:**

١- تاوەکو ئێستا ١١ یازدە کۆمپانیا دراونەتە دادگا و دۆسییەی تایبەتیان بۆ کراوەتەوە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان و، بریکارنامەی تایبەتی وەزیر دراوەتە مافپەروەر و پارێزەری تایبەت بە دۆسییەکان.

٢- ئەو کۆمپانیایانەی ئامادەن بۆ دادگا ژمارەیان ١٠ کۆمپانیایەو لە ئێستادا لەلای مافپەروەرانی وەزارەتەوە لە ئامادەکردندایە بۆ بەرزکردنەوەی داوای یاسایی لەسەریان.

٣- ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی لە دوای ئاگادارکردنەوەیان پابەندی شایستە داراییەکان بوون ژمارەیان ٢١ کۆمپانیایە.

٤- (٤) داوای یاسایی بڕیاری کۆتایی پێ دەرچووە لە بەرژەوەندی وەزارەت و کۆتایی پێهاتووە.

٥- لە دوای ئەوەی لە مانگی مایسی ٢٠٢٠ ئاگاداری کۆمپانیاکان کراوەتەوە زیاتر لە ٣٠٠٠٠٠٠٠ سێ ملیار دینار وەک شایستەی داراییان داوە بە حکومەت و وەزارەت.

٦- سێ کۆمپانیا بڕیای هەڵوەشاندنەوەیان بۆ دەرکراوە بەهۆی پابەند نەبوونیان.

٧- ئەو کۆمپانیایانەی لەکاتی ئێستادا هەموارکردنەوەیان بۆ دەکرێت بریتین لە ٤ کۆمپانیا، دوو لەمانە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و دووەکەی تریان کۆمپانیای بواری گەیاندنن و هێڵی ئەنتەرنێتی میری دابەش دەکەن و لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی حکومەت تەواودەبن.

- **دەربارەی چاکسازی وەزارەت:**

تاوەکو ئێستا لەکۆی دۆسییەی ٥١٢٢ فەرمانبەری سەربە وەزارەتەکەمان ٤٥٧٨ دۆسییەی وردبینی تێدا کراوە لەلایەن لیژنەکانی خوارەوە واتە لەسەرئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان لە داهاتویەکی نزیک لەسەر ئاستی لیژنەی باڵای وەزارەت وردبینی تێدادەکەن.

هەموار کردنەوەی هەردوو گرێبەستی کۆمپانیای IQ Networks و tarin بۆ دابەش کردنی ئەنتەرنێتی میری بۆ دامود دزگاکانی حکومەت لە هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٢٦ واژۆ لەسەر هەمواری هەردوو گرێبەستی کۆمپانیاکە کرا بە:

١- دابەزاندنی کرێی مانگانە کە حکومەت دەیدات بە هەردوو کۆمپانیا بەبڕی ١٦١,٠٠٠,٠٠٠ سەد و شەست و یەک ملیۆن دینار بۆ هەر مانگێک.

٢- هەردوو کۆمپانیا بوو بە یەک جۆر گرێبەست و زیادکردنی ئەو باندەی کە تارین دەیدات بە حکومەت لە ١٠ گێگابت بۆ ١٤ گێگابت لە چرکەیەکدا .

- درێژکردنەوەی گرێبەستی کۆمپانیای تارین لە چوار ساڵ و نیو بۆ سێزدە ساڵ کە (ای کیو) پێشتر وابوو و گەڕانەوەی خاوەنداریەتی پرۆژەکە دوای تەواوبوونی گرێبەست بۆ وەزارەت و حکومەت.

ڕێکخستنەوە زەوییەکانی دەوروبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر:

بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (١٩) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٩ کە تایبەتە بە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ پێداچوونەوەو چارەسەرکردن لە بوونی (کۆگا، خانووی پلاستیک، شوێنی پرۆژەی تری هەمەجۆر) لەو زەوییانەی لە دەوروبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر کە ناسراوە بە (ناوچەی قەدەغەکراو) لیژنەکە لەماوەی ڕابردوودا چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا سەبارەت بە دەستنیشانکردنی میکانیزمی پێویست بۆ دیارکردنی مەودا و سنووری ئەو ناوچانە و کۆکردنەوەی زانیاری وردتر لەسەر خاوەنی ئەو پرۆژە و کۆگا و زەوییانەی لەو ناوچانەیەدا هەن بە مەبەستی پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکانی (ICAO)ی ساڵی ١٩٤٤ تایبەت بە سەلامەتی فڕۆکەوانی و گەشتیاران، پاڵپشت بە یاساکانی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراقی.

دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

١- ژینگە:

وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی نوێنەر بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان دەکات وەک ئەندامێکی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە کاردەکات لە پێناو پاراستنی ژینگە لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی لە پلان و ستراتیجی وەزارەت و، بەرجەستەکردنی لە بڕیار و ڕێنماییەکانی تایبەت بە مۆڵەتدان بە کۆمپانیاکان و بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن و ڕێکخستنی لەرەلەرو دامەزراندنی تاوەرەکان بەپێی مەرجەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) ئاماژە بە نووسراوی ژمارە ١٤٦٧ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/١٧ .

٢- خزمەتگوزاری گواستنەوە:

- باشترکردنی ڕێگەوبانەکان و سیستەمی هاتووچۆ وەزارەتمان بۆ باشترکردنی کەرتی گواستنەوەو هاتووچۆی هاووڵاتیان چەند پرۆژەی گرنگی ئامادە کردووە هەروەک (لۆگۆی تاکسی، City Bus و دروستکردنی تێرمینال):

٣- سەبارەت بە پرۆژەی لۆگۆی تاکسی:

لەئێستادا لە بواری جێبەجێکردندایە کە بریتییە لە بەپیشەیی کردنی کاری تاکسی لە هەرێمی کوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ هەموو تەکسییەکان لۆگۆی لێ دەدرێت بەپێی ڕەنگی جیاواز و بەپێی پارێزگاکان، هەروەها داتابەیسێک دروستدەکرێت تایبەت بەهەر تەکسییەک و شوفێرەکەی کە هەموو زانیاری ئوتۆمبێلەکە و شوفێرەکە لەخۆ دەگرێت. هاوپێچ وێنەیەک لە هەموو ئەو نووسراو و گرێبەست و کۆنووسانەی تایبەتن بەو پرۆژەیە.

٤- سەبارەت بە پرۆژەی City Bus:

أ- وەزارەتەکەمان نەخشەو دیزاینی تایبەت بەم پرۆژەیەی ئامادەکردووە بەپێی گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیای (FG Tecnopolo) ئیتاڵی، پرۆژەکە تایبەت بە پارێزگای هەولێرە، ئەم پرۆژەیە هەنگاوێکی بەرچاو لە سێکتەری

گواستنەوە پێشدەخات بەتایبەت لە کەمکردنەوەی جەنجاڵی ناو شار و کارئاسانی بۆ هاووڵاتیانی شاری هەولێر و پارێزگاکانی دیکە کە ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی بەکاربهێنن و بەوهۆیەوە بێنە ناو شاری هەولێر.

ب- لە پلانی وەزارەت دایە ڕێکخستنەوە بکات بۆ گشت هێڵەکانی گواستنەوە لەنێوان شارەکان و مەرزەکان بە تایبەت بارهەڵگرەکان کە کاری بارهەڵگری دەکەن لە نێوان شارو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بۆ زیادکردنی داهات.

٥- پرۆژەی دروستکردنی تێرمینالی نێودەڵەتی بارهەڵگری هەولێر:

١) لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١/١٩ بە فەرمانی ژمارە ٥٩ بە مۆڵەتی ژمارە (١٤) کۆمپانیا ڕەزامەندی دەستەی وەبەرهێنانی بەدەستهێناوە بۆ پرۆژەی تێرمینالی نێودەوڵەتی بارهەڵگر لە سەرزەوی ١٨٩ دۆنم لە نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر .

٢) لە پێشووتر ئەم پرۆژەیە بە وەبەرهێنان ڕەزامەندی لەسەر دراوە ، بەڵام وەزارتەکەمان کاری لەسەر ئەوە کرد پرۆژەکە لەلایەن وەزارەت بەشێوەی هاوبەشی حکومەت و کەرتی تایبەت (p.p.p) واتە وەزارەت ڕێژەیەکی زۆر لەم پرۆژەیە وەربگرێت بۆ زیادکردنی داهات.

٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١٢ بە فەرمانی ژمارە (٢١٩٠) لیژنەیەکی فراوانمان پێکهێنا لەو وەزارەت و ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە بە هۆی فراوانی پرۆژەکە و خەرج کردی گوژمەی ٧٠ حەفتا ملیۆن دۆلار لەسەر پرۆژەکەو، دواتر توانرا ڕەشنوسێکی گرێبەست ئامادە بکرێت و ڕێژەی ٣٥٪ دیارکرا کە بدرێت بە وەزارەت و حکومەت ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی داهات.

٦- خزمەتگوزاری گەیاندن (اتصالات) :

وەزارەت لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە هەوڵیداوە کەوا نرخی خزمەتگوزارییەکانی گەیاندن و ئەنتەرنێت کەم بکاتەوەو کوالێتیان بەرزبکاتەوە لە ڕێگەی نووسراو کردن بۆ کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن و بەرادەیەکی بەرچاو سەرکەوتوو بووە لەو بابەتە بەپێی نووسراوی هەندێک لە کۆمپانیا گەورەکان وەڵامی ئەرێنی وەرگرتووە لەوباریەوە، هەروەها وەزارەت لەڕێگەی ئەو گرێبەستانەی کە ئەنجامیداوە لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن و ئەنتەرنێت بەدواداچوون دەکات لەپێناو دابینکردنی خزمەتگوزاری گەیاندن و ئەنتەرنێت بۆ گشت هاووڵاتیان لەگشت ناوچەکان لەشار و دێهاتەکان و، سودمەند بوونیان لەڕێگەی دابینکردنی هێڵی گەرم بۆ وەرگرتنی گشت سکاڵاکان و داواکاری هاووڵاتیان و، ئاگادارکردنەوەی کۆمپانیاکان بۆ چارەسەرکردنیان بەپێی نووسراوی (٢٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٣ .

بەدەستخستنی خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی بۆ بەشداربووانی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری ئەنتەرنێت و گەیاندن کە گرنگترینیان دابینکردنی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت بەخۆڕایی بۆ قوتابیان لە خوێندنی ئۆنلاین لەماوەی کەرەنتین و داخستنی دەرگاکانی قوتابخانەکان و پێدانی ئەنتەرنێت بۆ سایتی وەزارەتی پەروەردە بەبێ بەرامبەر لەلایەن کۆمپانیاکانی ئەنتەرنێت.

٧- دابینکردنی خزمەتگوزاری فاست پێی (Fast pay) بۆ هاوبەشانی ئەنتەرنێت:

وەزارەتەکەمان بۆ ئەوەی گشت هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان سودمەندبن لە خزمەتگوزارییەکانی گەیاندن بەردەوام هەوڵدەدات بۆ ئەوەی نوێترین و خێراترین تەکنۆلۆجیای جیهان پێشکەش بە هاووڵاتیان بکات هەروەک لە ئێستادا خزمەتگوزارییەکانی گەیاندن بە سیستەمی بەتەل و بێتەل بەردەستن وەک (LTE - FTTH) کە کۆمپانیاکان مۆڵەت پێدراوەو بەپێی گرێبەستیان بەردەوام لەکاردان بۆ ئەوەی داواکاری هاووڵاتیان جێبەجێ بکات و لە ئێستادا خزمەنگوزاری (FTTH) لە زۆربەی پارێزگاکان و شارۆچکەکان بەردەستە و هەروەها سەبارەت بەو

شوێنانەی کە بەهۆی جۆگرافیای شاخن ناتوانرێت ئەنتەرنێتیان پێ بگات و لە ڕێگای خزمەتگوزاری بێتەل بۆیان دابین دەکرێت و هەر گوندێک یاخود شارۆچکەیەک لە هەر شوێنێک لە هەرێمن ئەگەر خزمەتگوزارییان لە رووی ئاستدا نەبێت وەزارەتمان لە ڕێگای داواکاری بۆ وەزارەتمان و رای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەمنی داوا لە کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری دەکات بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجامبدەن.

یەکێک لە نموونەکان گوندی (گردجوتیار) داوای بەهێزکردنی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێتیان کرد بە نووسراوی (٢٧٦٧) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١١/٢٥) و، نووسراوی ژمارە (١٠٤) لە (٢٠٢١/١/١١) وەزارەتمان هەڵساوە بە ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی گوندەکە بێبەش نەبن. ئەمەش هاندەرێکە بۆ ئەوەی خەڵکی گوندنشین ئەوانەی جێیان هێشتبێت بگەڕێنەوە یاخود ئەوانەی لە گوندەکانن بمێننەوە.

٨- پرۆژەی تێست کردنی سیستەمی (G ٥):

وەک خزمەتگوزارییەکی سەردەمییانەو، لە داواکاری چەند کۆمپانیایەک بەمەبەستی تاقیکردنەوەی سیستەمی (G ٥) نەوی پێنجەم بۆ بەرو پێش بردن و خێرا کردنی ئەنتەرنێت لە هەرێمی کوردستان و، نموونە بۆ ئەمە کۆمپانیای (فاست لینک) بە نووسراوی (١٣٤٠) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١ ئامادەییان دەربڕی بۆ ئەم سیستەمەو، وەزارەتمان ڕەزامەندی لەسەر پرۆسەی ئەم تاقیکردنەوەی بە سیستەمی ئاماژە پێکراودا، بە چەند مەرجێک و لەسەر سیستەمی پێشکەوتووی جیهانی و، لەکاتی ئێستا دا کۆمپانیای ناوبراو ئامادەکاری دەکات وەک هەنگاوی یەکەم بۆ تاقیکردنەوەو دانانی ئامێری پێشکەوتوو و کۆمپانیای (سێڤن نێت) بە هەمان شێوە ئامادەییان دەربڕی بۆ پەیڕەو کردنی ئەو سیستەمە ئەگەر لەداهاتوودا ئەم سیستەمە جێبەجێ بکرێت دەبێتە وەرچەرخانێک بۆ خێراکردنی ئەنتەرنیت و بەشێوازێکی پێشکەوتوو کە لە ناوچەکە پەیڕەو نەکراوەە، لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆی زیادبوونی سەرچاوەی داهاتیکی زۆر چونکە پێدانی مۆڵەتی ئەم سیستەمە لەسەرەتادا بڕێکی زۆر لە کۆمپانیا وەردەگێریت و، ڕسوماتی ساڵانەی زۆر زیاترە لە سیستەمی (G ٤).

٩- خزمەتگوزاری پۆستە :

أ- پەیڕەوکردنی دواییین سیستەمی ئاڵوگۆڕی پۆستە لە ڕیگەی پڕۆژەی پۆست کۆد کە بە هۆی قەیرانی دارایی ڕاگیراوە بەڵام بە گشتی ٦٠% پڕۆژەکە لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک تەواوکراوە بە سێ گرێبەستی جیاواز کە وینەی گرێبەستەکان هاوپێچە.

ب- ڕێکخستنەوەی کۆمپانیەکانی بواری پۆستە لە کەرتی تایبەت بەڕێگەی پێکهێنانی لیژنەیەک لەلایەن وەزارەتمان بە فەرمانی ژمارە (٢٧٥٥) بۆ پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەیان لە هەرێمی کوردستان.

ج- هەوڵدان بۆ بەردەوامی بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی گرێبەست لەیەک کۆمپانیای هێڵی فڕۆکەوانی عێراقی بۆ ناردنی پۆستە کە ئێستا بە هۆی بوونی بابەتی پاکتاوی دارایی کێشەی تێکەوتوەو لە هەوڵی چارەسەرکردنی داین .

د- لەلایەن وەزارەتەکەمان پڕۆژەی هاوبەشی ڕێکخستنەوەی پۆستە بەنوێترین سیستەمە نێودەوڵەتی بەردەستە لەگەڵ کۆمپانیای (UNICOME)ی سعودی بەمەبەستی پەیڕەوکردنی نوێترین سیستەمی پۆستە بۆ چارەسەری گشت ئەو کەموکوڕیانەی لە سێ خاڵی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە. هاوپێچ فەرمانی لیژنەی سەرپەرشتی و بە دواداچوونی کاری پڕۆژەکە لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراو کە کارەکان لە قۆناغی کۆتاییدایە بە مەبەستی واژۆکردنی گرێبەستێک کە بریتییە لە هاوبەشی و بەڕێوەبردنی کاری پۆستە لە هەرێمی کوردستان.

هـ- بۆ پێداچوونەوە بە دیزاینی پولی پۆستە و چەند تابلۆیەک کە ڕەنگدانەوەی پیرۆزییەکانی هەرێمی کوردستان لە خۆ بگرێت لیژنەیەک لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان پێکهێنراوە بۆ ئەو بابەتە.

١٠- خزمەتگوزاری کەشناسی:

- دەرکردنی دوو بڵاوکراوەی ساڵانەی تۆماری بوومەلەرزە لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ ئاڕاستەکردنی کۆپی بڵاوکراوەکە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەتی وەزیران، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن و، بەرگری شارستانی.
- دامەزراندنی (٣) وێستگەی بوومەلەرزە بە پارچەی یەدەگی ئامێرەکان لە :

١- شارۆچکەی چۆمان لە پارێزگای هەولێر.

٢- گەلی زاخۆ لە پارێزگای دهۆک .

٣- شارۆچکەی کەلار لە ئیدارەی گەرمیان .

- پێدانی زانیاری پێشبینی کەش و هەوا بۆ ڕۆژانی داهاتوو بە هاووڵاتیان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دەزگاکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان .
- کارکردن لە ئەنجامدانی تۆژینەوەی هاوبەش لەگەڵ زانکۆی کوردستان بۆ بابەتی گۆڕانی کەش و هەوا.
- دابینکردنی زانیاری ڕەگەزەکانی ئاو و هەوا بۆ قوتابیانی و توێژەرەکان و لایەنی سودمەند.

١١- خزمەتگوزاری فڕۆکەخانەکان:

أ - سەبارەت بە پڕۆژەکانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی - ئەربیل :

ژ.	ناوی پڕۆژە	گوژمەی گشتی (بە ملیۆن دینار)	خەرجی گشتی (ملیۆن دینار)	ڕێژەی جێبەجێکردن	بەڵێندەر
١	پڕۆژەی بە سەوز کردنی فڕۆکەخانە	٦٤٤,٧١٣,٩٩١,٢٥	١١,١٦٧,٣٤٩,٩٧٦	٪٤٣	Jardin Agrodis/ Jardin Service Vegetaux
٢	پەرەپێدانی سیستەمی ئاو و فراوانکردن و چارەسەری سیستەمی ئاوی قورس	٨,٩٤٨,٨٣٠,٨٠٠	٧,٧٥٠,٢٨٦,٤٠٠	٪٨٧	Sources
٣	ئۆفیسی پڕۆگرامی بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی سیستەمی بەڕێوەبردن و کارکردن لە کارگۆی فڕۆکەخانە	٠٨٧,٩٥٠,٠٠٠,٤	٣,١٠٨,٨٧٧,٢٠٠	٪٧٦	Lufthansa Consulting
٤	نوێکردنەوەی وێستگە سەرەکییەکانی فڕۆکەخانەی کۆن و دانانی سیستەمی چاودێری(SCADA)	٢,٩٨٠,٨٧٩,٢٠٠	٦٠٠,٥٦٧,٥٩٨,٢	٪٨٧	Laval
٥	نوێکردنەوە و چاککردنەوەی دەست شۆرەکانی تێرمینال و گێتەکان	٠٠٠,٨١٦,٢٤٦,٦	٠٠٠,٠٤٦,٣٦٦,٥	٪٨٦	Laval
٦	پڕۆژەی دروست کردنی ٨ تاوەری ئاسایش	٩١٣,٩٦٠,٦٤٤,١	٢٨٥,٥٩٤,٤٣٧,١	٪٨٧	Open Town
٧	دروست کردنی گۆڕەپانی کارگوی کۆن	٦٠٠,٢٠٣,٤٧٥	٤٥٥,٤٦٣,٠١٨	٪٩٧	Kaiwani Hawler
٨	کێڵگەی سوتەمەنی فڕۆکە	٤٤١,٨٦٦,٤٠٠,٩	٥٩٩,٢٠٠,٢,٠٥١	٪٢٢	Ekium-Secomoc-Jc3's
٩	گۆڕین و نوێکردنەوەی تەواوی سیستەمی چاودێری ناو تێرمینالی فڕۆکەخانە	٢٢٨,٠٠٠,٤٠٤,١٠	٥٦١,٣٥٨,٨٠٠,٩	٪٩٢	Inforr
١٠	نوێکردنەوەی سیستەمی مۆتۆرۆلا و سیستەمی چاودێری ئەکسس دۆری فڕۆکەخانە	٢,٩٢٩,٨٣٠,٠٠٠	٤٠٠,٢,٠٧١,٨٥٠	٪٧٠	Inforr
١١	flight check	٠٠٠,٧٩٦,٨٨٤	٦٠٠,٥٨٩,٣٧٧	٪٤٢	Radiola
١٢	Review, assessment, and design of new flight routes	٩٦٠,٠٠٠,٧٨٦	٤٠٠,٧٨,٧١٠	٪١٠	CGX
١٣	Optimization of Obstacle Limitation Surface constraint	٤٥٥,٦٥٥,٦٠٠	٦٠٠,٤٥,٥٧٣	٪١٠	CGX
١٤	FIDS	٢,٠٨٨,٣٨٨,٨٠٠	١,٨٩٣,٨٧١,٢٠٠	٪٩٠	LAVAL

تێبینی:
هەریەک لە پڕۆژەکانی ژمارە (٦ ,٧ ,٩ , ١٠ , ١٤) کارەکانی لەڕووی ئەندازەییەوە تەواوبووە بەڵام بەهۆکاری ئەوەی ڕێژەیەک لە گوژمەیان ماوە و تاوەکو ئێستا - خەرجنەکراوە، بۆیە وەکو پڕۆژەی بەردەوام هەژمارمان کردووە.

ب- پرۆژەکانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی:

١- ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە گەشتیاران هەرچەندە نەتوانراوە بەهۆی نەبوونی بودجە پرۆژەی گەورە جێبەجێ بکرێت بەڵام بە گوێرەی ئەو بڕە پارەیەی لەبەردەستدا بوو توانراوە چاکسازی لە چەندین بەشی تێرمینالّ و بەشەکانی تری کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گەشتیارانەوە هەبووە بە بڕی ٢٧٠,٥٤٠,٠٠٠ دۆلار کاری چاکسازی بکرێت.

٢- پرۆژەی دروستکردنی ڕێگاکانی فڕۆکەخانە M٣ M٤ بە گوێرەی ماستەرپلان کە بەهۆی قەیرانی دارایی پێشتر کارەکانی ڕاگیرابوو دەستبەکارکردن لە پرۆژەکە کرایەوە بەڵام بەهۆی خەرجنەکردنی تەواوی شایستە داراییەکان لەلایەن پارێزگاری سلێمانی پرۆژەکە تا ئێستا تەواو نەکراوە بڕی پارەکە کە پێویستە بۆ کۆمپانیا خەرج بکرێ (٢,٠٣٥,١٢٧,٠٠٠) ملیار دینار لە ٨٠% کارەکانی تەواو بووە.

٣- بۆ نووسینگەی کەشناسی بە بڕی (٨٥,٣٢٦,٢) دۆلار پرۆژەی کڕین و دانانی سسیتەمی (AWOS) بە هۆکاری ڕاگرتنی دەسەڵاتی خەرج کردنی ٥٠% داهاتی فڕۆکەخانە کارەکە ڕاوەستاوەو داوای ڕەزامەندی لە وەزارەت کراوە بۆ تەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیە تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە.

سێیەم: پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

١- واژۆکردنی نامەی لەیەکگەیشتنی نێوان وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی بوومەلەرزەزانی و دەزگای ڕووپێوی جیۆلۆجی ئەمریکی (USGS) تایبەت بە پەرەپێدانی بواری جیۆلۆجی لە هەرێمی کوردستان.

٢- بەستنەوەی تۆڕی وێستگەکانی بوومەلەرزەی هەرێمی کوردستان بە سەنتەری بوومەلەرزەی ئیماراتی عەربی و ئاڵوگۆڕی داتا لە نێوانمان و دابەزاندنی وێستگەکانی بوومەلەرزەی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی بوومەلەرزەی جیهانی لە ژێر کۆدی: (K -Kurdistan)(H- Hawler) (S- Sulimani) (D- Dohuk) .

٣- بەردوامبوون لەکارکردن لەسەر جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتننامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ وەزارەتی ژینگە و ئاو و زەوی ئیتالیا لە بواری دامەزراندنی (٥٥) وێستگەی کەشناسی لە میانەی پرۆژەی گۆڕانی کەش و هەوا بەپێی ڕێکەوتننامەی پاریس .

لە ڕەشنووسی یاسای بودجەی ٢٠٢١ هەرێمی کوردستان ئەمانەی خوارەوەمان پێشنیار کردووە بۆ جێگیر کردنی لە یاساکە:

(مادەی: ١١)

أ- پێویستە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن داوا لە کۆمپانیاکانی مۆبایل و کۆمپانیاکانی ئەنتەرنێت بکات باجەکانیان بدەن، لەوانە باجی فرۆشتن (٢٠٪) و پێدانی پارەی پێویست و پابەندە داراییەکان لەماوەی نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١ و تۆمارکردنی داهاتی کۆتایی بۆ حسابی خەزێنەی گشتی کەمینە و لەکاتی پێنەدانەوەی مۆڵەتی کاری ئەو کۆمپانیایە هەڵوەشێتەوە .

ب- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئەنتەرنێت پابەند دەکات بەپێدانی بەهای بەدەستهێنانی مۆڵەتی کارکردن بۆ دابەشکردنی ئەنتەرنێت بە (١٣ ٪) لەبەهای بەدەستهێنانی مۆڵەتی کارکردن کە لەحکومەتی فیدراڵدا دیاریکراوە و بەپێی ڕووبەری جوگرافی کەمینەکە.

ت- ئەم یاسایە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە پارێزگاکەدا بە تەواوی دەستگەیشتن و کۆنترۆڵی تەواوی سیستەمی حساباتی کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئەنتەرنێت و دەستڕاگەیشتن بە سیستەمی ئەلیکترۆنی حساباتی تایبەت بەبێ مەرج دەبەخشێت لەگەڵ فرۆشتنی ئەو کۆمپانیایانە بۆ دڵنیابوون لە وەگرتنی باج و دەرجە و پابەندبوونە داراییەکانیان و ڕێگە بە وەزارەت دەدات کۆمپانیا و پشکنینی لێهاتوو لە ناوخۆ و دەرەوە لە کاروباری ژمێریاری و ئەلیکترۆنیدا مسۆگەر بکات.

ث- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ئەرکداری بە دانوستان لەگەڵ وەزارەتی گەیاندن و دەسەڵاتی پەیوەندی و زانیاری لە حکومەتی فیدراڵ دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پشکەکەی هەرێم لە ڕێژەی (٢٠ ٪)ی دەست دەکەوێت لە باجی فرۆشتنی کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئەنتەرنێت.

ج- لەسەر وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن پابەندکردنی کۆمپانیاکان و فەرمانگەکانی گواستنەوە (هێڵی دوو گیانی و کەسەکان، برا) بۆ زیادکردنی نیگاری مانگانەو ساڵانە، دوای دەستکاریکردن و دەستنیشانکردنی ڕێنماییەکانی گواستنەوە.

ح- پێویستە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن داوا لە کۆمپانیا و فەرمانگەکانی (پۆستە) بکات کە کرێی ساڵانە بدەن بە ڕێنمایی پۆستە پاش ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر دراوە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە .

خ- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن پێویستە کۆمپانیا و ئۆفیسەکانی فرۆکەوانی (دووگیانی کارکۆ و ڕێبوارانی گواستنەوە) بەپێی ڕێنماییەکانی ئەم وەڵامە کرێی ساڵانە بدەن پاش بەدەستهێنانی ڕەزامەندی بۆ پەسەندکردن لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە .

د- پێویستە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن دەستکاری وێنەکێشانی ساڵانە بکات لە بەرامبەر پسوولەی کەشوهەوا و زانیاری کەشناسی پاش پەسەندکردنی ڕێنماییەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی پەیوەندیدارەوە.

کەمکردنەوەی خەرجی و زیاد کردنی داهات لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەربیل				
ژ	ڕوونکردنەوە	بڕی پێشوو	بڕی ئێستا	تێبینی
١	خزمەتگوزاری خاوێنکردنەوەی فڕۆکەخانە بەگشتی	٩٣٨,٢٠٥$	٦٣٨,٠٠٠$	کەم کراوەتەوە
٢	چاککردنەوەو سیانەی بەردەوام بۆ مۆلیدەکانی فڕۆکەخانە	٩٥٣,١٤٤$	٠$	گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە (کۆمپانیای لاڤال)
٣	چاککردنەوە و سیانەی بەردەوام بۆ بەشە سەرەکییەکانی فڕۆکەخانە	٠٠٠,٣١٤$	٠$	گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە (کۆمپانیای لاڤال)
٤	دابینکردنی ئەنتەرنێت کۆمپانیای ئاڵای نەورۆز تیلیکۆم	١٢,٣٠٧$	٠$	لە ١٥/٠٦/ ٢٠٢١ گرێبەست هەڵدەوەشێتەوە
٥	دابینکردنی ئەنتەرنێت - کۆمپانیای السرد	٢,٨٥٠$	٠$	لە ١٣/٧/ ٢٠٢١ گرێبەست هەڵدەوەشێتەوە
٦	خەرجی شوقەکانی نازستی	٢,٢٧٥$	٤٥٠$	کەم کراوەتەوە
٧	گرێبەستی ڕاوێژکاری مارکێتینگ (بەڕێز ئەندرۆ)	١٢,٠٠٠$	٠$	گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە
٨	گرێبەستی ڕاوێژکاری یاسایی (بەڕێز تۆبیاس)	١٢,٠٠٠$	١١,٠٠٠$	کەم کراوەتەوە
٩	گرێبەستی ڕاوێژکاری ئۆپەرەیشن (بەڕێز ڕۆلاند)	١٢,٠٠٠$	٥٠٠,٩$	کەم کراوەتەوە
١٠	خەرجی بەڕێوەبردنی عارەبانەی گەشتیاران	٥٦,٥٠٠$	٠$	گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە (کۆمپانیای سان لوران)
١١	خزمەتگوزاری سیانەی بەردەوام بۆ توالێتەکانی ناو تێرمیناڵی فڕۆکەخانە	٥٢,٨٠٠$	٠$	گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە (کۆمپانیای لاڤال)
١٢	خزمەتگوزاری سیانەی بەردەوام بۆ شاشەی لۆگۆی فڕۆکەخانە	٤٢,٩٠٠$	٠$	گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە (کۆمپانیای لاڤال)
١٣	خەرجی کۆمپانیای ڕاوێژکاری یاسایی - گۆڕز	١٠,٠٠٠$	٣,٠٠٠$	لە بڕی مانگانە بووە بە پێی کاتژمێری کارکردن ، لە مانگی (١-٢-٣-٢٠٢١) تەنها بڕی ٣,٠٠٠$
١٤	خەرجی ڕاوێژکار (بەڕێز سالار)	٣,١١٠$	٠$	گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە
١٥	خەرجی ڕاوێژکاری تەکنیکی (بەڕێز دارەوان)	٣,١١٠$	٠$	گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە
١٦	خەرجی بەڕێوەبەری دابینکردن	٣,١١٠$	٢,٠٠٠$	کەم کراوەتەوە
١٧	خەرجی دابینکردنی کەلوپەل بۆ سەرجەم بەش و بەڕێوەبەرایەتییەکانی فڕۆکەخانە	٢٠٦,٦$	٣,١٠٣$	فڕۆکەخانە هەڵدەستێت بە دابینکردن
١٨	خەرجی کۆمپانیای ڕاوێژکاری و سەرپەرشتیاری کۆمپانیای بیرو ڤیرتاز	٢٢٢,٢٤$	٠$	بڕی گرێبەست (٢١٨,٠٠٠$) بۆ ٩ مانگ و لەکاتی ئێستا ئەم گرێبەستە نوێ نەکراوەتەوە
١٩	فەرمانبەرانی گرێبەست	٥٠٠,٥٣$	٣٣,٠٠٠$	کەم کراوەتەوە
٢٠	خزمەتگوزاری ڕشاندن بۆ خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا	٠٠٠,٩٥$	٠$	گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە (کۆمپانیای لاڤال)
٢١	دابینکردنی سووتەمەنی بۆ فڕۆکەخانە	٨٦٢,٧٥$	٨٢٧,٤٤$	هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کۆمپانیای پارتیکولار ئۆیل و کەم کردنەوەی خەرجی مانگانە
٢٢	کۆمپانیای ڕاوێژکاری لوفثانسا	٠$	٠$	کارەکانی ڕاگیراوە
	کۆی گشتی	**٩١٠,١,٨٧٦$**	**٨٨٠,٧٤٤$**	**بەنزیکەیی ڕێژەی (٤٠٪) لە خەرجییەکان کەم کراوەتەوە**

(ساڵی سێیەم)

ئاستی چاکسازی:

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەمدا چاکسازی کردووە لە بابەتەکانی ڕێکخستنەوەی دەوام و وردبینی کردنی دۆسییەی فەرمانبەران و کەمکردنەوەی ڕۆتین و ڕێکخستنەوەی هەیکەلیەت و میلاکی وەزارەت.

وەزارەت هەڵساوە بە یەکخستنی هەیکەلی دیوانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە و لێکدان و یەکگرتنەوەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوبراو بۆ ناو دیوانی وەزارەت بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٣٤) لە ٢٠٢٢/١/٢٣ و ژمارە (٧٨٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٣، بەمەش داهاتێکی زۆر باش بۆ خەزێنەی حکومەت گەڕاوەتەوە کە دەکات بە نزیکی زیاتر لە سەرووی ١٠٠ ملیۆن دینار ساڵانە.

ئاستی کارگێڕی:

بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین و چەسپاندنی لامەرکەزییەت و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان وەزارەت هەنگاوی گرنگی بڕیوە لەسەر ئاستی کارگێڕی بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی ڕۆژانە چ لەسەر ئاستی وەزارەت بە گشتی و چ لە ئاستی بەڕێوەبەراتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگاکان و فەرمانگەکان. پاڵپشت بە فەرمانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٩٢٢) لە ڕێکەوتی ٢/ ٢ / ٢٠٢٢ وە ئاماژە بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٢٨) لە ١٧ / ٣ / ٢٠٢٢ . بۆ بەرەو پێشبردنی کاروباری وەزارەت لە ڕووی بە ئەلیکترۆنی کردنی کارەکان. وەزارەت لەگەڵ یەکێک لە کۆمپانیا ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان ڕێکەوتنی ئەنجامداوە بۆ بە ئەلیکترۆنی کردنی نووسراوەکان لە شێوەی سیستەمی (DMS) و بەڕێوەبەرایەتی (پۆستەی هەولێر ، گواستنەوەی هەولێر) دەستنیشان کراون بۆ دانانی ئەو سیستەمە و بەستنەوەی بە دیوانی وەزارەت بۆ ماوەی (١) یەک مانگ وەکو تێست پاشان بڕیاردان لەسەر کوالێتی کارەکە و دواتر ئامادەکردنی گرێبەست بۆ بە سیستەم کردنی سەرجەم وەزارەت، لە ئەگەری پەسەند کردنی کارەکانی کۆمپانیا کە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند، (٢٤٧) فەرمانبەر مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە، گوژمەی (دوو ملیار و سەد و یازدە ملیۆن و پێنج سەد حەفت هەزار و بیست) دینار گەڕێندراوە خەزینەی حکومەت لە ڕێکەوتی وەرگرتنی مۆڵەت.

ئاستی چاکسازی و کار و چالاکی لە یاسا و گرێبەستەکانی وەزارەت:

بەڕێوەبەرایەتی یاسا و گرێبەستەکان لە بەدواداچوونەکانی بەردەوامە لە دۆسییەکانی وەرگرتنەوە و داواکردنەوەی شایستە داراییەکانی وەزارەت لە کۆمپانیاکانی گەیاندن لە ڕێگەی دادگاکان لەخوارەوە دواییەن زانیاری لەو بابەتە دەخەینە ڕوو .

لە سەرەتاوە (٥٩) پەنجاو نۆ کۆمپانیا ئاگادارکرانەوە کە لە پێشووتر پابەندی پێدانی شایستەی دارایی وەزارەت نەبوون و دواییەن مۆڵەتی (١٥) پازدە ڕۆژیان پێدرا .

(١٣) کۆمپانیا دراونەتە دادگا و دۆسییەی تایبەتیان بۆ کراوەتەوە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان.

(٦) کۆمپانیا ئامادەیە بۆ دادگا.

(٢١) کۆمپانیا لە دوای ئاگادارکردنەوەیان پابەندی شایستە داراییەکان بوون.

(٧) داوای یاسایی بڕیاری کۆتایی پێدەرچووە لە بەرژەوەندی وەزارەت تەواوبووە.

زیاتر لە ٦،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ شەش ملیار دیناری کۆمپانیاکان وەک شایستەی دارایی گەڕاوەتەوە بۆ حکومەت و وەزارەت.

(١١) کۆمپانیا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیان بۆ دەرکراوە بە هۆی پابەندنەبوونیان.

کۆمپانیایەکی بواری گەیاندن لە ساڵی ٢٠١٧ـەوە پابەندی شایستە داراییەکان نەبووە کە زیاتر لە ٢،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠ دوو ملیار و پێنج سەد ملیۆن دیناری کەوتوەتە سەر لە ئێستادا لە دادگای تەمیزە و لە بەرژەوەندی ئێمە تەواو دەبێت .

- بەڕێوەبەرایەتی یاسا و گرێبەستەکانی وەزارەت سەردانی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی کرد بەمەبەستی هەماهەنگی کردن دروست کرنی پردێک لە نێوان هەردوولا بۆ بەهێزکردنی کارو باری یاسایی وەزارەت لە پێناو ڕاییکردنی کاروبارەکان لە بەرژەوەندی گشتی.

ئاستی چاکسازی لە گرێبەستەکانی وەزارەت:

هەنگاوی گەورە نراوە لەبابەتی ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە لە گرێبەستەکانی وەزارەت بە تایبەت لە بابەتی نەهێشتنی قۆڕخکاری (احتکار) هەروەک لە خاڵی نۆیەم لە هێلی گشتی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمدا هاتووە کە بەپێی یاسای بەرکار بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ ململانێی بازرگانی ڕەوا و هاندانی کۆمپانیاکانی پشکداری و دانانی بە مەرجی سەرەکی لەو گرێبەستانەی کە ئەنجام دەدرێت و پێداچوونەوە تەواو کراوە لەو گرێبەستانەی کە نوێ دەکرێنەوە کە نابێت هیچ مەرجێک قبول بکرێت کە ببێتە مایەی قۆرەخ کردن پالپشت بە برگەی حەوتەم لە ماددە (٢) ی یاسای وەزارەت ژمارە (١٩) ساڵی ٢٠١١ و ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ ململانێی بازرگانی ڕەوا و هاندانی کۆمپانیاکان. گرینگترین هەنگاوەکان لەم خاڵانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

١- ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە بۆ بەراییەکانی گشت ئەو گرێبەستانەی کە وەزارەت لەماوەی ڕابردوو ئەنجامی داون لە ڕێگەی پێکهێنانی لیژنەیەکی یاسایی تایبەتمەند بۆ تەواو کردن و داواکردنی ئەو بەڵگەنامە و زانیارییانەی کە پێویستە هەبێت لە دۆسییەکانی گرێبەست، گرنگترینیان جەخت کردنەوە لە داواکردنی پاکانەی باجی دەرامەت لە کۆمپانیاکان و زیادکردنی مەرجی داواکردنی پشتگیری دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە کۆمپانیاکان پێش ئەنجامدانی گرێبەست و دووپاتکردنەوەی لە نوێکردنەوەی ئەو گرێبەستانەی کە ماوەیان بەسەرچووە بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.

٢- پێداچوونەوە بە ڕەشنووسی گرێبەستی تێرمینالی بارهەڵگری نێودەوڵەتی کە لە شاری هەولێر جێبەجێ دەکرێت و هەوموار کردنەوەی هەندێک لە بڕگەکانی کرا بۆ گونجاندنی لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەت دیاری کردنی پشکی وەزارەت و دانانی مەرجی تایبەت بەنەهێشتنی قۆرخکاری دووبارە ئامادەکردنەوەی بۆ واژوو کردن کە شاڵانە ڕێژەی ٣٥٪ لەقازانجی کۆمپانیاجێگیر کرا کەبدرێت بە وەزارەت .

٣- ئەنجامدانی چەندین گرێبەستی نوێ لەبواری گواستنەوە بە مەبەستی سود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای تازەی جیهان لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئامادەکردن و دارشتن و واژووکردنی چەندین گرێبەست تازە لە بوارەکانی ڕیکلامی گواستراوە لە سەر هۆیەکانی گواستنەوەی ناوشار، سود وەرگرتن لە خزمەتگوزاری تەکسی زیرەک (ئەپلیکەیشن) و داواکردنی تەکسی لە ڕێگەی ئینتەرنێت .

٤- بەدواداچوون بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی لەزگە و لۆگۆی تەکسی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم و وەرگرتنی ئاماری تایبەت کە پڕۆژەکی گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی هاووڵاتیان لەلایەک، و بە پیشەیی کردن و ڕێکخستنەوەی کاری شوفێری تەکسیە لە هەرێمی کوردستان لەلایەکی تر لە ڕێگەی لیژنەی تایبەتمەند بەو بوارە و جەختکردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی گشت بڕگەکانی ڕێنماییەکان و بەردەوامی پڕۆسەکە لە گشت پارێزگاکان بە مەبەستی تەواو کردنی لەنزیکترین کات بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، پڕۆسەکە دەبێت موختاری گەڕەک پشگیری بکات و دواتر ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان دەبێت پەسەندی بکات

و پاشان لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ گشت ڕێکارەکانی هاتووچۆ دەگیرێتەبەر و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوە پاشان کارتی زانیاری دروست دەکرێت و گشت زانیارییەکانی شۆفێری تیادا تۆمار دەکرێت و لە هەردوو بالیفی پشتەوەی شۆفێر و تەنیشتەوە دەدرێت .

٥- ووردبینی کردن و پێداچوونەوەی ڕێنمایی گشتی کاروباری گواستنەوە لەڕووی یاساییەوە دارشتنەوەی تەواو کردنی ڕێکارەکانی یاسایی و بڵاوکردنەوەی بۆ یەکەم جار لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (٢٧٦) لە ڕێکەوتی ٢٣ / ١٢ / ٢٠٢١ بە ژمارە (١) سالی ٢٠٢١ لەگەڵ دانانی بڕگەی تایبەت بە پشکی وەزارەت لە قازانج یان داهاتی ساڵانەی کۆمپانیای مۆڵەت پێدراو بەمەبەستی زیاد کردنی داهاتی گشتی لە گشت گرێبەستەکاندا کە وەزارەت بە شێوەی ساڵانە پشکی دەبێت لە قازنج یان داهاتی گشتی کۆمپانیاکان بەڕێژەیەک لە گرێبەستەکان دیاری دەکرێت دوای ڕێکەوتنی هەردوولایەن بەپێی یاساو ڕێنمایی .

ئاستی پەرپێدانی مرۆیی:

وەزارەت هەروەک لەڕابردوو کاری کردووە لەسەر پێشخستنی توانا مرۆییەکانی فەرمانبەران بە تایبەت لەبواری تەکنیکی و کارگێڕی و داریی و یاسایی لە خولەکانی ناوەخۆ لە ڕێگەی ڕاهێنانی ئەنیستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی) کیپا KIPA - ئەنجامدراون کە بریتین لە خولی جۆراوجۆر لە بوارەکانی کارگێڕی، بودجە، کۆمپیوتەر، گرێبەستە گشتییەکان و هتد. فەرمانبەرانی گشت دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم تیایاندا بەشداربوون کە بریتین لە ناردنی (٢٨) فەرمانبەر بۆ خوولی ڕاهێنان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ تا وەکو مانگی (٦) ی ٢٠٢٢ بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنستیتۆی کوردستان بۆ ڕاهێنان (KIPA) لەسەر جەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەت.

لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٤ خولێکی تایبەت لەلایەن تیمێکی تایبەتی کۆمپانیای هواوی بۆ ستافێکی ناو دیوانی وەزارەت بەڕێوەچوو لەسەرگەیاندن و سیستەمی نەوەی پێنجەم (٥G) .

لەگەڵ ئەوەی بەپێی تایبەتمەندی پسپۆڕی وەزارەتمان کە بواری تەکنیکیە چ لەبواری گەیاندن و چ لەبواری گواستنەوە ئەم جۆرە خولانە چ لە ناوخۆ یان لە دەرەوەی وڵات زۆر پێویستن بۆ ئەوەی توانا و لێهاتوویی فەرمانبەران لە پسپۆڕییە جیاوازەکان بەرەوپێش بات کە تەکنەلۆژیای سەردەم بەردەوام بەروەپێش دەچێت، بەڵام بەپێی توانا و ئەو پێداویستیانەی کە بەردەستن وەزارەتمان هەوڵی بەردەوامی داوە کە هاوتەریب لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی کە لەبواری گواستنەوە و گەیاندن لە جیهان دەکرێت توانای کارمەندەکانی بەرەو پێش بات.

ناوی خول	ژبەشداربووان	ماوەی خول	شوێنی ئەنجامدانی خول	لایەنی جێبەجێکار
ATOM	٢٥	دوو هەفتە	وڵاتی ئیمارات	وڵاتی ئیمارات
Air TRAFFIC SAFETY	٣	١٥ ڕۆژ	ئەلمانیا	وڵاتی ئەڵمانیا
OJT- ADVANCE	١	١٦ هەفتە	مصر	وڵاتی مصر
ڕاهێنان و سیستەمی کەشناسی فڕۆکەوانی	٣	١٢	فینلاندا	وڵاتی فینلاند
ڕاهێنان لە سەر کابڵی تیشکی	٣	یەک هەفتە	وڵاتی ئیمارات	وڵاتی ئیمارات

لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ :

- هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە بەردەوام کاری کردووە لەسەر پتەو کەدنی هەماهەنگی و پەیوەندی لەگەڵ دامو دەزگاکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بە تایبەتی لە سێکتەری گواستنەوەو گەیاندن، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە رێکەوتی ٢٤ / ١ /٢٠٢٢ بەسەرپەرشتی بەڕێز وەزیر لەگەڵ شاندی یاوەری سەردانی بەغدای پایتەختی کرد کە سێ ڕۆژی خایاند بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشە پەیوەندیدارەکانی نێوان هەردوولا.

لەمیانەی ئەو سەردانەدا بەڕیز وەزیر سەردانی چەندین شوێنی کرد لەوانە، وەزارەتی گواستنەوەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و دەستەی فڕۆکەوانی شارستانی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆمپانیای هێلی ئاسمانی عێراقی کە سەر بە وەزارەتی گواستنەوەی عێراقن، لەلایەن وەزیری گواستنەوەی عێراقی فیدراڵ و سەرۆکی دەستەی فڕۆکەوانی و بەرپرسی دەستەی فڕۆکەوانی پێشوازی گەرمیان لێکرا کە چەندین بابەت و دیداری گرنگ ئەنجامدران بەتایبەت لە بابەتی کردنەوەی گەشتی ئاسمانی سلێمانی – هەولێر – بەغدا کە بڕیاری لەسەر درا، هەروەها بابەتی میکانیزمی جێبەجێکردنی پڕۆژەی هێلی ئاسنی کە باشوور و ناوەڕاستی عێراق بە هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە لە خاڵی بەنداوی فاو دەست پێدەکات کە تێیدا لەلایەن بەڕێز وەزیر پێداگری کرا کە ئەو هێڵە پێویستە بە شارەکانی (کەرکوک – هەولێر – دهۆک – سێمێل– زاخۆ) و بە خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیل دا تێپەر بێت.

هەروەها چەند شوێنێکی تری کرد لەوانە: شاندی وەزارەت سەردانی وەزارەتی گەیاندنی حکومەتی ناوەندی کرد کە لەلایەن بەڕێز وەزیری گەیاندنەوە پێشوازیان لێکرا، سەردانی دەستەی ئە میندارییەتی تۆڕی ڕاگەیاندن و گەیاندن (هیئة أمناء شبكة الاعلام و الاتصالات) و دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندنی حکومەتی عێراقی فیدراڵ (CMC) یان کرد ، لەلایەن سەرۆک و بەرپرسانی دەستەکە پێشوازی گەرمیان لێکرا کە بابەتی گرنگی بواری گەیاندن (مۆبایل – ئەنتەرنێت – لەرە لەر) گفتوگۆی ووردی لەسەر کرا کە هەماهەنگی زۆر باش لە نێوان هەردوولا دروستبوو.

- لە رێکەوتی ٣ / ٣ /٢٠٢٢ بە ئامادەبوونی بەڕێز (ئانۆ جەوهەر) وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێم پێشوازی کرد لە بەڕێز (کاپتن ناصر حسن) وەزیری گواستنەوەی عێراق و شاندی یاوەری. لەدرێژەی زنجیرە کۆبوونەوە و گفتوگۆ کردنی سێکتەرە هاوبەشەکانی بواری گواستنەوە بە گشتی و بواری (فڕۆکەوانی- هێلی ئاسنین) بەتایبەت کرا.

- لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٦/١٧ وەزیری گواستنەوە و گەیاندن یاوەری شاندێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ وڵاتی تورکیا، لە میانەی سەردانەکەدا ئەم تەوەرانە گفتگۆیان لەبارەوە کرا:

١- گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی هێلی شەمەندەفەر لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و چۆنیەتی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە.

٢- گفتوگۆکردن لەسەر دەروازە سنورییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و دۆزینەوەی میکانیزمی باش بۆ زیاد کردنی جموجۆڵی بازرگانی .

٣- گفتوگۆکردن لەسەر گۆڕەپانی ئاڵوگۆری بازرگانی لەدەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خلیل .

- **پرۆژەکان:**

- لەسەرەتای دەست بە کاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەوڵدراوە ئەم پرۆژانەی کە لە ماوەی ڕابردوو تەواو نەکراون کاریان لەسەر بکات و بۆ تەواوکردنیان، وەهەروەها چەندین پرۆژەی تازەشی خستە بواری جێبەجێکردنەوە. هەروەکو لەم خشتەی ژمارە (١) ی هاوپێچ دا هاتووە :

١- کەرتی گواستنەوە:

أ- لە کابینەی نۆیەم لە وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن پرۆژەی کارتی زانیاری و لێدانی لەزگە و لۆگۆی ئۆتۆمبێلی تەکسی جێبەجێکرا و کاری شۆفێری تەکسی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە شێوەیەکی پیشەیی ڕێکخرا دوای ئەنجامدانی باکگراوندوچێکی ئەمنی لە پێناو دڵنیابوون لە ئاسایشی هاووڵاتیان تا ئێستاش پرۆژەکە بەردەوامە بە م شێوەی خوارەوە ئەنجام دراوە:

پارێزگا	ژمارەی تەکسی	ژمارە لۆگۆی لێدراوە	ڕێژە
هەولێر	٣٢٥٠٠	٢٣٠٠٠	٪٧١
سلێمانی	٢٧٠٠٠	١٠٠٠٠	٪٣٥
دهۆك	١٥٣٠٠	١٠٥٠٠	٪٦٩

ب- لەگەڵ کۆمپانیایەک بە ناوی (Ten Broeke) کە تایبەتە بە جێبەجێکردنی هێلی ئاسن، ئۆفیسی سەرەکی لە وڵاتی ئینگلترایە، دوای چەندین کۆبوونەوەو گفتوگۆی وورد لە لایەن تیمی تایبەت لە تەکنیکی و یاسایی و کەسانی خاوەن ئەزموون بە هەماهەنگی تیمی تایبەتی نووسینگەی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانراوە یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن ئامادە بکرێت کە ئێستا لە دواین قۆناغ دایە بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ڕاکێشانی هێڵی ئاسن لە وڵاتی تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خلیل- زاخۆ-دهۆک- هەولێر-سلێمانی بۆ گواستنەوەی کەلوپەل.

ت- پرۆژەی پاسی شار City Bus (دیراسەو دیزاین و ئامادە کردنی تەندەر) بە درێژی ١٠٠ کم لەلایەن کۆمپانیای FG Tecnopolo ئیتاڵی جێبەجێکراوە.

سوودی پرۆژە:

١- بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی لە شاری هەولێر.

٢-پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە سێکتەری گواستنەوەی گشتی بۆ هاووڵاتیان لە ناو شار بە درێژایی (١٠٠کم).

ث- کۆمپانیای (تکسی کریم) کە وا بەشێکە لە کۆمپانیای بە ناوبانگی ئەمریکی ئوبەر (Uber) بۆ سیستەمی ئەلیکترۆنی بە شێوەی (Application) و بە کارهێنانی (GPS) لە بەشێک لە تەکسیەکانی هەرێمی کوردستان کە لەئێستادا گرێبەستێک ئامادەکراوە بۆ واژووکردن لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراو کە ڕێژەی ١٠٪ لە قازانی کۆمپانیا جێگیرکراوە و دەدرێت بە وەزارەت ساڵانە دەچێتە خەزینەی حکومەت.

خشتەی هێڵە سەرەکییەکانی گواستنەوەی هاووڵاتیانی ناو شاری هەولێر:

ژ	ناوی هێڵ	جۆری ئۆتۆمبێل	ژمارەی ئۆتۆمبێل
١	١٠٠مەتری	پاصی گەورە (کۆستەر)	٣٥
٢	٣٠مەتری	پاصی گەورە (کۆستەر)	٤٦
٣	٤٠مەتری	پاصی گەورە (کۆستەر)	٥٦
٤	٦٠مەتری	پاصی گەورە (کۆستەر)	٤٥
٥	باداوە	پاصی گەورە (کۆستەر)	٢٩
٦	بەحرکە	پاصی گەورە (کۆستەر)	٣٥
٧	پیرەش	پاصی گەورە (کۆستەر)	٢٠
٨	جمکە	پاصی گەورە (کۆستەر)	٢٣
٩	رزگاری	پاصی گەورە (کۆستەر)	٤٥
١٠	رووناکی	پاصی گەورە (کۆستەر)	٤٠
١١	سەروەران	پاصی گەورە (کۆستەر)	٢٩
١٢	شاوێس	پاصی گەورە (کۆستەر)	٢٧
١٣	عینکاوە	پاصی گەورە (کۆستەر)	٣٨
١٤	قەڵاتی نوێ	پاصی گەورە (کۆستەر)	٢٠
١٥	کرێکاران	پاصی گەورە (کۆستەر)	٤٣
١٦	کوردستان	پاصی گەورە (کۆستەر)	٣٢
١٧	مامۆستایان	پاصی گەورە (کۆستەر)	٢٨
١٨	منتکاوە	پاصی گەورە (کۆستەر)	٣٢
١٩	نەورۆز	پاصی گەورە (کۆستەر)	٣٩
٢٠	هەولێری نوێ	پاصی گەورە (کۆستەر)	٢٠
٢١	برایەتی	مینی پاص	٤١
٢٢	پیرزین	مینی پاص	١٣
٢٣	راستی	مینی پاص	٢١
٢٤	ڕۆشنبیری	مینی پاص	٢٥
٢٥	زیلان	مینی پاص	٢٢
٢٦	کوێستان	مینی پاص	٣٧
٢٧	ئاری	مینی پاص	٢٨
٢٨	ئاوینەی شار	مینی پاص	٣٨
٢٩	ئیسکان	مینی پاص	٣٤
٣٠	بنەصلاوە	مینی پاص	٣٤
٣١	کەسنەزان	مینی پاص	٣٨
٣٢	دارەتوو	مینی پاص	٤٠
٣٣	قوشتەپە	مینی پاص	١١
	کۆی گشتی		**١٠٦٤**

گواستنەوەی پارێزگای دهۆک:

نوێکردنەوە و ڕێگەپێدانی کۆمپانیا و نووسینگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پارێزگای دهۆك کە بریتیە لە گواستنەوەی هاووڵاتیان و گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی و گواستنەوەی کەڵوپەل و گواستنەوەی قوتابیان و فەرمانیەران و ڕێکلام کردن لەسەر ئامرازی گواستنەوە و تەکسی تەلەفۆن.

ژ	چالاکی	ڕێگەپێدان	نوێکردنەوە	سەرجەم
١	چالاکی ساڵی ٢٠١٩	٦	٩٥	١٠١
٢	چالاکی ساڵی ٢٠٢٠	٠	٤١	٤١
٣	چالاکی ساڵی ٢٠٢١	٢	٤٧	٤٩
٤	چالاکی ساڵی ٢٠٢٢	٠	٢٦	٢٦
	کۆی گشتی	**٨**	**٢٠٩**	**٢١٧**

گواستنەوەی پارێزگای سلێمانی:

کار و چالاکی کۆمپانیا و نووسینگەکانی
پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٩ تا ٢٠٢٢ پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی مۆڵەت

ز	چالاکی	ڕێگەپێدان	نوێکردنەوە	سەرجەم
١	چالاکی ساڵی ٢٠١٩	١٤	٦٨	٨٢
٢	چالاکی ساڵی ٢٠٢٠	٣	٤٧	٥٠
٣	چالاکی ساڵی ٢٠٢١	١١	٥٩	٧٠
٤	چالاکی ساڵی ٢٠٢٢	٥	٢٣	٢٨
	کۆی گشتی	**٣٣**	**١٩٧**	**٢٣٠**

دواین ئاماری سەرجەم کۆمپانیا و نوسینگەکانی گواستنەوە

ژمارە	جۆرەکانی کومپانیا و نوسینگە	ژمارەی کۆمپانیا و نوسینگەکان
١	کۆمپانیای گواستنەوەی بەرهەمەنەوتیەکان	٤٤
٢	کۆمپانیای گواستنەوەی کەل و پەل	٦٥
٣	کۆمپانیای گواستنەوەی هاوڵاتیان	١٦
٤	کۆمپانیای گواستنەوەی فەرمانبەران و خوێنکاران و قوتابیان	١٧
٥	کۆمپانیای گواستنەوەی تەکسی تەلەفونی	٣
٦	کۆمپانیای ڕیکلام کردن لەسەر هۆکارەکانی گواستنەوە	٨
٧	کۆمپانیای بەکرێدانی ئوتومبیلی تایبەت	-
٨	نوسینگەی گواستنەوەی هاوڵاتیان	٣
٩	نوسینگەی گواستنەوەی کەل و پەل	٦
١٠	نوسینگەی گواستنەوەی فەرمانبەران و خوێندکاران و قوتابیان	١١
١١	نوسینگەی گواستنەوەی تەکسی تەلەفونی	٣
١٢	نوسینگەی بەکرێدانی ئوتومبیلی تایبەت	٨
١٣	نوسینگەی گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی	-
	کۆی گشتی	١٨٤

٢- کەرتی گەیاندن:

خزمەتی ئەنتەرنێت خێراتر بوو بە ریژەی ١٠٠٪ لە ٢٠٢٠/٦/١ ونرخەکەی هەرزانتر بوو بە ڕێژەی ٢٠٪ ، و ژێرخان دانرا بۆ دەستپێکردنەوەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری(٥G) بە هاووڵاتیان لە کۆتایی سالی ٢٠٢٢، وهەروەها پاکێجی خێزانی بۆ هاووڵاتیان پێشکەشکرا.

ڕێکخستنی کاری یاسایی کۆمپانیاکانی گەیاندن و دانیان بە دادگا و گەڕاندنەوەی شایستەی دارایی بۆ خەزێنەی حکومەت و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی ئەم کۆمپانیانەی کە پابەند نین بە یاسا و ئەم کارە بەردەوامە.

کەرتی گەیاندن گشت بوارەکانی گەیاندن و کۆمپانیاکانی (تەلەفۆنی تەل و بێ تەل) – مۆبایل - ئینتەرنێت و لەرەلەر (وای فای) و هەروەها ڕێکلام و پەخش دەگرێتەوە. کە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێت:

١) لە پێشووتر ڕەزامەندی درابوو بە دوو کۆمپانیای بواری گەیاندن بۆ تێستکردنی ئینتەرنێت بەسیستەمی نەوەی سێیەم (٥G) دواتر یەکێک لە کۆمپانیاکان بەناوی (فاست لینک) داواکارییەکی پێشکەشکرد بە دەربڕینی ئامادەکاری تەواو بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە بۆیە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٨ توانرا لە دیوانی وەزارەت گرێبەست لە نێوان وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن کۆمپانیای ناوبراو واژوو بکرێت.

٢) نوێکردنەوەی گرێبەستی مۆڵەتی کارکردنی دوو کۆمپانیای تایبەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گەیاندن بە سیستمی **(VSAT)**.

٣) پێدانی مۆڵەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت سیستەمی (Wi-Fi) بە (٢) دوو کۆمپانیا لە سنووری پارێزگای (سلێمانی و هەڵەبجە) و لەسنوری پارێزگای (دهۆک) .

٤) گەڕانەوەی دە کەناڵی تەلەفزیۆن کە تەرخان کرابوو بۆ چەندین کۆمپانیا بەڵام بەکارنەهێنرا و پێدانی بۆ کۆمپانیای تر بە مەبەستی سوود وەرگرتن و دروست بوونی کێبڕکێی زیاتر بۆ بەرژەوەندی گشتی.

٥) گەڕانەوەی ئەو لەرەلەرانەی کە بۆ کۆمپانیاکانی مۆڵەت پێدراوی سیستەمی (WiMAX) تەرخان کرا بو لەبەرئەوەی ئەو سیستەمە لە ئێستادا لە کەمبوون و لەناوچووندایە، وەزارەت ئەو کۆمپانیایانەی ئاگادار کردووە کە دەبێت ئەو سیستەمە بگۆڕدرێت بۆ سیستەمی نوێی خزمەتگوزاری گەیاندن (LTE) بەڵام بەهۆی پابەندنەبوونیان وەزارەت هەڵساوە بە گەراندنەوەی ئەو لەرەلەرانە بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرێت بۆ سیستەمەکانی تری نوێ لەکاتی داواکاری لە لایەن مۆڵەت پێدراوەکان

٦) بە هەماهەنگی وەزارەتی ناوخۆ ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستنەوەی میکانیزمی فرۆشتنی (توێژاڵی ئەلیکترۆنی) (سیم کارت) دەرکرا بۆ زیاتر ڕێکخستنەوەی شێوازی فرۆشتنی سیم کارت و نەهێشتنی بابەتی فرۆشتنی سیم کارتی بێ بەراییەکان ، و لیژنە لەسەر ئاستی سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆییەکان پێکهێنراوە بەمەبەستی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان.

٧) بەدواداچوونی بەردەوام بۆ کێشەی تێکەڵبوونی شەپۆلی ڕادیۆکان لە لایەن لیژنەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆستە و گەیاندنی سەر بە وەزارەت و چارەسەرکردنی لە دوای ئاگادارکردنەوەی ڕادیۆە مۆڵەت پێدراوەکان بە مەبەستی پابەندبوونیان بە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان لە کاتی پەخش کردن.

٨) جێبەجێکردنی داواکاری هاوولاتیان لە شوێنە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بۆ گەیاندنی یاخود باشترکردنی خزمەتگوزاری گەیاندن و هەروەها جێبەجێکردنی داواکاری کۆمپانیا مۆڵەت پێدراوەکان بۆ مەبەستی فراوانکردنی خزمەتگوزارییەکان لەو شوێنانەی کە خزمەتگوزاری گەیاندن لاوازە یاخود بوونی نیە و پێویستە دابین بکرێت.

٩) ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی تاوەرکانی گەیاندن و کاریگەریان لەسەر تەندروستی .

١٠) بەدواداچوونی بەردەوام لە لایەن لیژنەی تایبەت بە چارەسەر کردنی کێشەی دانانی ئامێرەکانی (Repeaters) لە لایەن هاوولاتیان کە ڕێگە پێدراو نیە وکاریگەری هەیە لەسەر ئاستی خزمەتگوزاری گەیاندن.

١١) تەرخانکردنی فریکوێنسی بۆ کۆمپانیای (بلاک وۆلف) بۆ کاری سیکیوریتی لە سەر باندی (VHF).

١٢) تەرخانکردنی فریکوێنسی بۆ کۆمپانیای (کریسنت پترۆلیوم) نەوتی لە سەر باندی (UHF).

١٣) تەرخانکردنی فریکوێنسی بۆ کۆمپانیای (HKN) نەوتی لە سەر باندی (VHF) وکەناڵی مایکرۆویڤ.

١٤) تەرخانکردنی فریکوێنسی بۆ کۆمپانیای (مەنەجێر) بۆ کاری سیکیوریتی لە سەر باندی (VHF).

١٥) دابینکردنی فریکوێنسی بۆ (کۆمیتەی خاجی سور) ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە سەر باندی (C-Band).

١٦) تەرخانکردنی فریکوێنسی بۆ کۆمپانیای (هاریکار) بۆ کاری سیکیوریتی لە سەر باندی **(VHF)**.

١٧) پڕۆژەی دابینکردنی ئینتەرنێتی میری کە باندی ئینتەرنێتەکە بریتیە لە ١٤ گێگابت/ چرکە بۆ پارێزگای (هەولێر و دهۆک) و ١٤ گێگابت/ چرکە بۆ (پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەو هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەرین) .

١٨) ڕێکارەکانی داواکردنی هێلی ئینتەرنێت بە مەبەستی دابەشکردنی باندی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی زانستیانە.

١٩) زیادکردنی باندی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی کاتی بۆ ئەو فەرمانگانەی کە پێویستیان پێیەتی .

٢٠) کارکردن لەسەر نەهێشتنی کڕینی ئینتەرنێت لە لایەن فەرمانگەکانەوە .

٣- کەرتی پۆستە:

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر پەرە بەم بوارە دراوە بەم شێوەی خوارەوە:

١) هێنانی زیاتر لە (١١٠) تەن پۆستەی دەرەوەی وڵات لە ڕێگای بەغدا بۆ ناو هەرێم وە دابەشکردنی بەشێوەیەکی سیستەماتیک و ڕێکوپێک.

٢) پڕۆژەی هاوبەشی ڕێکخستنەوەی پۆستە بەنوێترین سیستەمی جیهانی تاوتوێ دەکرێت لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی گەورە بواری پۆستەی لەوانەش (یونیکۆم) سعودی و کۆمپانیای (برید العراق) بەمەبەستی پەرەپێدان و زیاترکردنی خزمەتگوزارییەکانی پۆستە بۆ زیاتر (١٠٠) خزمەتگوزاری هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو وە چارەسەرکردنی کێشەی دەرچوو بۆ وڵاتان بە هۆی بابەتی پاکتاوی دارایی لەگەڵ ئیدارەی پۆستەی عێراقی کێشەی تێکەوتووە.

٣) بەگەرخستنی توانا مرۆیی فەرمانبەرانی خۆمان لە هێنانی و بردنی پۆستە لەناو هەرێم و شارەکانی تری عێراق کە پێشتر ئەو کارانە لەلایەن کۆمپانیای بەڵێندەرەوە دەکرا .

٤) هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەی پۆستەی کەرکوک وبازگەکانی ئێمە و ئەوان بۆ هاتنی ئەو پۆستانەی کە لەدەرەوەی وڵات کە لەڕێگای بەغدا دێت بۆ کوردستان و دابەشکردنیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کە زیاترە (١١٠) تەن.

٥) یەکلاکردنەوەی قەرزەکان لەگەڵ ئیدارەی کۆمپانیای گشتی پۆستەی عێراقی و قەرزی ئێمە لەسەر ئەوان بۆ ئەوەی لە دیدارێکی نزیک لە گەڵیان کۆببینەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پۆستەی درچوو بۆ وڵاتان.

٦) پێداچوونەوە لەسەر ڕێنمایی پۆستەی هەرێم بۆ ڕێکخستنەوەی کارەکانی پۆستە و پێدانی مۆڵەت بۆ کۆمپانیاکانی ناوخۆیی و بیانی و وەرگرتنی ڕسوماتی ساڵا نە دوای پەسەندکردنی.

٧) ئاماری (ارسالیة) پۆستەی عێراق بۆ پۆستەی هەرێم و دابەشکردنی پۆستەکان بەسەر هاووڵاتیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆستە.

٨) ڕێکخستنی کارەکانی پۆستە و بەدواداچوون لەسەر کار و چالاکییەکان و نووسینگەکانی پۆستە و ناردنی داهاتی مانگانەی هەر نووسینگەیەکی پۆستە بەجیا.

٩) پێدانی ژوورێک بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر لە نووسینگەی (پۆستەی پیرزین) بۆ ستافەکانی ڕێکخراوەکان (unicef) و(Traingie) کە کار دەکەن لەسەر کەیسەکانی پاراستنی منداڵان.

١٠) پێدانی شایستە داراییەکان بە بڕی (٦٠٧٢) شەش هەزارو حەفتا و دوو دۆلاری ئەمریکی بۆ کۆمپانیای هێلی ئاسمانی عێراق بەمەبەستی گواستنەوەی پۆستەکان و بۆ دەرەوەی هەرێم.

١١) دانانی ئامێری (OLT) کۆمپانیای (نورتیل) لەناو بنکەی پۆستەی چۆمان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری (FTTH) بۆ هاووڵاتیان.

١٢) هەنارده و وەرگرتنی پۆسته له نێوان شاری دهۆك و شار و شارۆچکەکان.

١٣) نۆژەنکردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی پۆسته و گەیاندنی دهۆک دەست بەکاربوون ٢٠٢١/١٠/١٧ ڕێکەوتی تەواوبون ٢٠٢١/١١/٢٥. به کوژمەی (٢٨،٦٢٤،٠٠٠) دینار.

١٤) نۆژەنکردنی باڵاخانەی نووسینگەی پۆسته و گەیاندنی قەزای ئامێدی دەست بەکاربوون ٢٠٢١/١١/١٥ ڕێکەوتی تەواوبون ٢٠٢١/١٢/١٣. به کوژمەی (١٩،٨٠٧،٠٠٠) دینار.

١٥) نۆژەنکردنی باڵاخانەی نووسینگەی پۆستەو گەیاندنی قەزای بەردەرەش دەست بەکاربوون ٢٠٢٢/٠٤/١٠ ڕێکەوتی تەواوبون ٢٠٢٢/٠٥/١٥. به کوژمەی (٢٢،٦٣٧،٠٠٠) دینار. پۆستەکانی دەرچوو= ١٤٠٩٣

٤- کەرتی کەشناسی و بوومەلەرزە :

له ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی و بەڕێوەبەرایەتییەکان له پارێزگاکانی هەرێم داتا و پێشبینی کەش و هەوا و داتاکان و چالاکییەکانی تایبەت بەم بواره بڵاو دەکاتەوه وەکو له خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوه:

١) چاودێری کردنی کەش وهەوا له شەو و ڕوژدا بەبەردەوامی و کردنی ڕەسیده لەهەر سێ سەعات جارێک.

٢) ئامادەکاری بۆ سەردانکردنی قوتابیان له قۆناغه جیاوازەکان بەمەبەستی گەشتی زانستی که ژمارەیان ٨٦ قوتابخانه و ٣٤٥٠ قوتابی بوو .

٣) دانانی باران پیو له (قڕگه) بو زیادکردنی تۆری چاودێری کردنی داتاکانی کەش وهەوا.

٤) دیاریکردنی شوێنی گونجاو بۆ ئەو ویستگه و کەشوهەوایانەی کەبڕیاربوو (وەزارەتی ژینگەی ئیتالی) دابینیان بکات.

٥) کردنەوەی خولی تازەکردنەوەی زانیاری کەشناسی بۆماوەی (١٢ سەعات) له مانگی (مایسی ٢٠٢٢) بۆ چاودێرانی کەش و هەوا.

٦) شیتەڵکردن وئەرشیفکردنی (١٠٦٨) بوومەلەرزەی تۆمارکراو له (٢٠٢١/٦/١ تا ٢٠٢٢/٥/٣١).

٧) دەرکردنی نەشرەی مانگانەی داتاکانی بوومەلەرزە تۆمارکراوەکان .

٨) چاککردنەوەو دووباره دامەزراندنەوەی ویستگەی بوومەلەرزەی باشماخ له پێنجوین له ٢٠٢١/١١/١٦.

٩) سەردانکردنی کارگەکانی چیمەنتۆی سنوری سلێمانی وەک کارگەکانی (ماس، لافارج، دیلتا، بازیان، تاسڵوجه) بەمەبەستی توێژینەوەی زانستی بەهۆی بوونی کاریگەری ئەو تەقینەوانەی لەو کارگانەدا دەکرێت و لەسەر ئامێرەکانی داتاو سەنتەر بۆ جیاکردنەوەی بوومەلەرزەکان لەو تەقینەوانه .

١٠) کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی داتا سەنتەری بوومەلەرزە له لایەن (د. رامی ابراهیم) کەبەپێی نامەی لێکتێگەیشتنی نێوان وەزارەت و دەستەی ڕووپێوی ئەمریکی (USGS) ڕەزامەندی درابوو بەکردنەوەی ئەو خووله که له (٢٠٢١/٩/١٩) دەستپێکرد وەله (٢٠٢٢/٣/٢٧) کۆتایی هات.

١١) بەشداریکردنی (٤) کارمەندی داتاسەنتەر له خولی (IT و ئەنتەرنیت).

١٢) لەکارکەوتنی وێستگەی بوومەلەرزەی چۆمان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٣/٢٨) و هەروەها سەردانی کردن و دووبارە بەکارخستنەوەی وێستگەکە.

١٣) وەرگرتنەوەی ئامێریکی تری (Q٣٣٠) کە لە ئەمریکا گەڕێندرابوویەوە بۆ داتاسێنتەری بوومەلەرزە لە سلێمانی و هەروەها دووبارە دامەزراندنەوەی لە شوێنی ئامێری (Q٣٣٠)ە لەکارکەوتووەکەی وێستگەی بوومەلەرزەی هەولێر.

فڕۆکەخانەکان (ئەربیل و سلێمانی):

بەڕێز وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێم، لە ڕووانگەی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان، لە نووسراوی ژمارە (١٢) لە ڕێکەوتی ٣-٢-٢٠٢٢ ڕێنماییەکی پێکهاتوو لە چەند خاڵێک سەبارەت بە خزمەتکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە تایبەتی ئەوانەی تووشی حاڵەتی ئۆتیزم بوون، ئاراستەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی فڕۆکەخانەکانی نێودەوڵەتی ئەربیل و سلێمانی کردووە.

لە فڕۆکەخانەکان لە دوای هەموار کردنی گرێبەستەکان بە ملیۆنەها دۆلار گەڕاونەتەوە خەزێنەی حکومەت، پڕۆژەی نوێ وەک دروستکردنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دهۆک و مەدرەجی نوێی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.

یەکەم: فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەربیل

گرنگترین ڕێکخستن و ئەو چاکسازییانەی کە ئەنجامدراون لە گرێبەستەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری تەکنیکی:

هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری لە گەڵ کۆمپانیای لاڤال بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەکنیکی و باری لە ناکاو (Emergency)، کۆی گشتی گوژمەی مانگانەی (٤٥٣،٦٤٨$) شەش سەدو چل و هەشت هەزار و چوار سەد و پەنجا و سێ دۆلار بوو ، سەرەڕای هەبوونی ئەم گرێبەستە بەڵام ئاستی خزمەتگوزاری تەکنیکی لەفڕۆکەخانە بە گوێرەی پێویست نەبوو بۆیە دوای ئەنجامدانی دوو (٢) کۆبوونەوە، کە یەکەمیان لە ڕێکەوتی (٢٠-٩-٢٠٢٠) و دووەمیان لە ڕێکەوتی (٣٠-٩-٢٠٢٠) و هەڵسەنگاندنی توانای ستافی تەکنیکی بڕیارماندا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم گرێبەستە وە ئەم گوژمەیە بۆ خەزێنەی حکومەت گەڕێنرایەوە و لە ئێستادا گشت کارەکان لەلایەن فەرمانبەرانی فڕۆکەخانە ئەنجامدەدرێن بەشێوەیەکی باشتر.. هەروەها کۆمپانیای لاڤال بە شێوەی گرێبەستی سەربەخۆ چەندین پڕۆژەی تری ئەنجام داوە کەوا گوژمەکەیان بە نزیکەیی دەبێتە ($٥٢،٠٠٠،٠٠٠) پەنجاو دوو ملیون دۆلار.

٢- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری کۆکردنەوەی جانتاهەڵگرەکان (Trolley):

هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری لەگەڵ کۆمپانیای سان لۆران (San Lauran) بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆکردنەوەی (Trolley) جانتا هەڵگرەکانی بەردەم تێرمینالّ و هۆڵی پێشوازی بە گوژمەی ($٥٦،٠٠٠) پەنجاو شەش هەزار دۆلار مانگانە. لە ئێستادا کۆمپانیای خاوێنکردنەوەی فڕۆکەخانە (MxCare Link) ئەم خزمەتگوزارییە بەبێ بەرامبەر ئەنجام دەدات.

٣- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری دابین کردنی ئینتەرنێت:

هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری لەگەڵ کۆمپانیای نەورۆز تیلیکۆم بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بە گوژمەی مانگانەی ($١٢،٣٠٧) دوانزدە هەزار و سێ سەد و حەوت دۆلار. لەبەر ئەوەی ئەم خزمەتگوزارییە ئێستا لە لایەن کۆمپانیای تارین نێت پێشکەش دەکرێت لە چوارچێوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای تارین نێت دا کەوا ئینتەرنێت دابین دەکات بۆ گشت دام و دەزگا میرییەکان.

٤- هەموارکردنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری یاسایی:

هەموارکردنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری لەگەڵ کۆمپانیای گۆرز **(Gorz)** بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری یاسایی وەک داڕشتنی ڕەشنووسی هەندێک لە گرێبەستەکان و پرۆپۆزەل و تەندەرات کە گوژمەکەی مانگانە ($١٠،٠٠٠) دە هەزار دۆلار بوو و هەموارکردنەوە بۆ ئەم گرێبەستە ئەنجامدرا بە مەبەستی گۆڕینی شێوەی پێشینەی مانگانە بۆ شێوەی کارکردن بە کاتژمێر. جێگای ئاماژە پێکردنە دوای ئەم هەموارکردنەوەیە گوژمەی ئەم گرێبەستە بە ڕێژەی (٩٥%) کەم بۆتەوە.

٥- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی یەدەگ:

هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری لە گەڵ کۆمپانیای (السرد) بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی یەدەگ بە گوژمەی مانگانە ($٣٤٠٠) سێ هەزار و چوار سەد دۆلار، ئەم هەڵوەشاندنەوەیە ئەنجام درا دوای ئەوەی کە کۆمپانیای تارین نێت پشتڕاستی کردەوە کە دەتوانێت ئینتەرنێتی یەدەگیش (Back up) دابین بکات لەچوارچێوەی گرێبەستی سەرەکی لەگەڵ فڕۆکەخانە.

٦- هەموارکردنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری بۆ خاوێنکردنەوە:

هەموارکردنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری بۆ خاوێنکردنەوەی فڕۆکەخانە لەگەڵ کۆمپانیای (MxCare Link) بەپێی ئەم هەموارکردنەوەیە تێچووی ئەم خزمەتگوارییە لە گوژمەی ($٩٣٧،٦٨٨٤) نۆ سەدو سی حەوت هەزار و شەش سەدو هەشتاو هەشت دۆلار بۆ گوژمەی ($٦٣٨،٠٠٠) شەش سەد و سی و هەشت هەزار دۆلار کەمکرایەوە. جێگای ئاماژە پێکردنە ئەمە لە کاتێکدایە کە لەگەڵ کەمکردنەوەی گوژمەکە بە ڕێژەی لە ٣٢٪ بەڵام خزمەتگوزارییەکان و ژمارەی بینایەکان بۆ خاوێنکردنەوە زیادکراون.

٧- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە ڕاوێژکارییەکان:

هەڵوەشاندنەوەی چوار گرێبەستی ڕاوێژکارانی بیانی و لۆکالی کە کۆی گۆژمەی مانگانەیان ($٣٠،٤٠٠) سی هەزار و چوار سەد دۆلار بوو سەرەڕای ئەوەی کە لە ماوەی کارکردنیاندا نەیانتوانی بوو خزمەت بە فڕۆکەخانە بکەن.

٨- نوێ نەکردنەوەی گرێبەستی چاکردنەوەی (صیانة) ئۆتۆمبێلەکانی ئاگرکوژێنەوە:

لە ساڵی (٢٠١٧) فڕۆکەخانە گرێبەستێکی خزمەتگوزاری واژووکرد بۆ چاکردنەوەی ئۆتۆمبێلەکانی ئاگرکوژێنەوە بە گوژمەی ($٤١٢،٩٥٩) چوار سەد و دوانزدە هەزار و نۆ سەد و پەنجاو نۆ دۆلار بۆ ماوەی (٥) ساڵ، دوای کۆتایی هاتنی ئەم گرێبەستە فڕۆکەخانە بڕیاری دا ئەم گرێبەستە نوێ نەکاتەوە لەبەرئەوەی لە ئێستادا ستافی فڕۆکەخانە ئەم خزمەتگوزارییە ئەنجام دەدەن.

گرنگترین کارو پڕۆژەکانی فڕۆکەخانە لە سەرەتای دەستبەکاربوونی دەستەی نوێی بەڕێوەبەرایەتی فڕۆکەخانە:

هەر لە دوای دەست بەکاربوونی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی فڕۆکەخانە، تێبینیمان کرد کە گرنکی تەواو نەدراوە بە زۆربەی سێکتەرەکانی فڕۆکەخانە بە تایبەت بواری فڕۆکەوانی کە بە تەواوی پشتگوێ خرابوو، بۆیە بڕیارماندا گرنگی تەواو بە هەموو سێکتەرەکانی فڕۆکەخانە بدرێت و چارەسەر بۆ ئەو کێشە سەرەکیانە بدۆزێنەوە کە بۆ ماوەی چەندین ساڵە لە فڕۆکەخانەدا هەبووە و تەنانەت لە دەرەوەی فڕۆکەخانەش دەنگیان داوەتەوە (لە سیستەمی ساردی و گەرمی، سیستەمی جانتاکان و ئێرسایدی فڕۆکەخانە، نوێکردنەوەی گشتی سیستەمەکان بە دابینکردنی پارچەی یەدەگ و چاککردنەوەیان)، سەرەڕای جێهێشتنی قەرزێکی زۆر لەگەڵ کۆمپانیاکان لەلایەن دەستەی پێشووی بەڕێوەبەرایەتی فڕۆکەخانە و بە گوژمەیەکی زۆر کەم و دیاریکراوی بودجە لە ماوەی دەست بەکاربوون توانراوە کێشەکان چارەسەر بکرێن.

پلانەکانی دەستەی نوێی بەڕێوەبەرایەتی فڕۆکەخانە:

ئەو پلانانەی کە جێبەجێکراون:

١- درێژکردنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری زەمینی:

هەموارکردنەوە و درێژکردنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری زەمینی لە گەڵ کۆمپانیای دناتا (Dnata) بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زەمینی لە فڕۆکەخانە کە بەپێی ئەم گرێبەستە سەرەڕای زیادکردنی پشکی فڕۆکەخانە، کۆمپانیا پابەندکرا بە جێبەجێکردنی چەندین پڕۆژە و خزمەتگوزاری کە گرنگترینیان دروستکردنی کارگۆیەکە لەسەر ڕووبەری (٢٨،٠٠٠ بیست و هەشت هەزار مەتری دووجا). کە ئەم کارگۆیە بە نوێترین سیستەم لەسەر ئاستی جیهان کاردەکات وە هەوڵدەدرێت کە ببێتە وێستگەی ترانزێت بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراقیش.

٢- واژووکردنی گرێبەستی خزمەتگوزاری گومرکی:

ئامادەکردن و واژووکردنی گرێبەستی خزمەتگوزاری لەگەڵ کۆمپانیای (New Standard) بۆ خزمەتگوزاری گومرکی بە مەبەستی بەرەو پێشچوونی ئاستی کوالێتی کۆنترۆڵ.

٣- درێژکردنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری دابین کردنی سووتەمەنی فڕۆکە:

هەموارکردن و درێژکردنەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری لەگەڵ کۆمپانیای (BP) بۆ دابین کردنی سووتەمەنی فڕۆکە کەوا گرنگترین خاڵەکانی ئەم گرێبەستە ئەمانەی خوارەوەن:

- چاکردنەوەی سیستەمی پەمپ لە سەر ستاندی فڕۆکە ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم سیستەمە هەبوو بەڵام بەهۆی پشتگوێخستن و چاک نەکردنەوەی بەردەوام لە کار کەوت، بۆیە بە تانکەر سوتەمەنی دەگوازرایەوە بۆ فڕۆکە.
- دروست کردنی وێستگەی سووتەمەنی فڕۆکە بەپێی پێوەر و ستانداردی فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکان.
- داهاتی هاوبەش: کۆمپانیا بەردەوام دەبێت لە پێدانی بەشێک لە داهاتی گشتی خۆی بە فڕۆکەخانە کە لە گرێبەستدا ئاماژەی پێدراوە.

٤- چالاک کردنەوەی گرێبەستی دانانەوە و دیزاینکردنەوەی هێلی نوێی ڕێڕەوی ئاسمانی:

چالاک کردنەوەی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای (CGX)ی فەرەنسی بەمەبەستی سەرلەنوێ دانانەوەو دیزاین کردنەوەی هێلی نوێی ڕێڕەوی ئاسمانی بۆ بەستنەوەی فڕۆکەخانە بە جیهان.

٥- واژووکردنی گرێبەستی خزمەتگوزاری و داهاتی هاوبەش بۆ دابینکردنی سوتەمەنی:

ئامادەکردن و واژووکردنی گرێبەستی خزمەتگوزاری و داهاتی هاوبەش لە گەل کۆمپانیای (GEG) بۆ دابین کردنی سوتەمەنی بۆ ئۆتۆمبێلەکانی فڕۆکەخانە بە مەبەستی ڕێکخستنی پڕۆسەی دابەش کردنی سوتەمەنی لە فڕۆکەخانە.

٦- گرێبەستی خزمەتگوزاری (License and support) بۆ سیستەمەکان:

نوێکردنەوەی مۆڵەت و پشتگیری (License and support) بۆ ئەکسس دۆرەکان و کامێراکانی فڕۆکەخانە جێبەجێکراوە.

٧- پڕۆژەی کارگۆ یارد (Cargo Yard):

ئەم پڕۆژەیە پێک دێت لە (٤٦) کابینە لە کارگۆ کە دروست کراون بۆ بەکرێدان بە کۆمپانیا لۆجیستیەکان. هەر چەندە ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی (٢٠١٧) تەواوبوو ، بەڵام فڕۆکەخانە بەبێ هیچ هۆکارێکی دیاریکراو هەڵنەستاوە بە دابەشکردنی ئەو کابینانە بە سەر ئەو کۆمپانیانەی کەوا کاری خزمەتگوزاری لۆجیستیک لە کارگۆی فڕۆکەخانە پێشکەش دەکەن، سەرەڕای داواکاری زۆری کۆمپانیاکان بۆ پێدانی کابینە لە کارگۆی فڕۆکەخانە. بۆیە بەڕێوەبەرایەتی نوێی لە سەرەتایی ساڵی (٢٠٢١) دەستی کرد بە دابەشکردنی ئەم کابینانە بە سەر کۆمانیاکانی لۆجیستیک لە ڕێگەی گرێبەستێکی بەکرێدان بە گوژمەی (١٥،٣٠٠،٠٠٠) پانزدە ملیۆن و سێ سەد هەزار دینار ساڵانە بۆ هەر کابینەیەک.

دووەم: فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

ڕێکخستنەوەی سنوری مولکایەتی فڕۆکەخانەی سلێمانی **(GIS)** و کارکردن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زەویانەی کە تا ئێستا قەرەبوو نەکراونەتەوە. ڕێزگرتن لە سکاڵا و گلەیی و گازندەی گەشتیاران و دانانی چەند سندوقێکی سکاڵا لە ناو تیرمیناڵ. دروست کردن بینا و دابینکردنی پێداویستییەکان و شوێنی ڕاهێنان (سەگی ڕاهێنراو) زاوزێکردنیان لە هۆبەی (K٩) لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی فڕۆکەخانە توانراوە لەم ڕێگەیەوە هەزاران دۆلار بۆ بودجەی گشتی ساڵانە بگەڕێندرێتەوە .

بواری خزمەتگوزارییەکان
تەواوکردن کاری دروست کردن ڕێگاکانی ناو فڕۆکەخانە (M٤،M٣) بە گوێرەی ماستەر پلان (٣،٦٥٤،٣٦٣،٤٩٢) دینار بەڵام تا ئێستا بە تەواوی شایستە دارایییەکانی بۆ خەرج نەکراوە . ئەنجامدانی کاری چاکسازی بۆ باڵەخانەو ئامیرە فڕۆکەوانیەکان بە بڕی (٩٨٤،٧٦٥،٠٠٠) ملیون دینار.

خەرجی و داهات:

بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی خەرجییەکان سەبارەت بە جێبەجێکردنی قۆناغەکانی چاکسازی و بەدواداچوون لەسەر داهات و خەرجی وەزارەت و بە مەبەستی چۆنیەتی کەم کردنەوەی خەرجییەکان و پاڵپشت بە دوو فەرمانی وەزاری بە گواستنەوە و یەکگرتنەوەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی (گواستنەوەو کەشناسی) لەگەڵ دیوانی وەزارەت بەم شێوەی خوارەوەیە :

١- نەمانی پێشینەی بەردەوامی مانگانە و سەرجەم خەرجییەکانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

٢- نەمانی دەرماڵەی پایەی ئەم فەرمانبەرانەی کە دەرماڵەی پایەیان وەردەگرت و گواستراونەتەوە بۆ وەزارەت و دووبارە گواستنەوەیان بۆ شوێنی گونجاو کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خەرجییەکان.

لە کاتی ئێستادا داهات و خەرجی (٥) مانگی ساڵی (٢٠٢٢) بەردەستە بەمەبەستی زانینی بەڕێزتان:

کۆی گشتی داهات بە دینار	٣،٠٨٧،٤٥٤،٣٣٣
کۆی گشتی خەرجی بە دینار	٢٧،١٤١،٧٢٥،٥٩٩
کۆی گشتی داهات بە دۆلار	٢٤،٠٥٤،٢٧١،٢٦٦
کۆی گشتی خەرجی بە دۆلار	**٢،٦٣٠،٥٤٠**

داهات و خەرجی (٧) مانگ لە ١/ ٢٠٢١/٥ - ٣١/١٢ /٢٠٢١

	مانگەکان	داهات بە دینار	خەرجی بە دینار	داهات بە دۆلار	خەرجی بە دۆلار
1	مایس	737,050,895	2,228,538,563	3,984,526	1,518,548
2	حوزیران	971,384,328	4,580,887,870	703,005	559,687
3	تەمموز	1,926,625,714	8,394,863,251	969,507	117,063
4	ئاب	1,441,571,547	2,781,210,209	5,809,613	190,308
5	ایلول	931,631,561	5,625,010,272	5,587,205	263,177
6	تشرینی یەکەم	846,526,198	8,570,124,292	7,612,085	2,725,790
7	تشرینی دووەم	1,806,861,916	8,717,629,662	4,591,770	1,765,078
8	کانونی یەکەم	1,040,375,271	21,529,164,380	1,774,727	7,762,311
		9,702,027,430	62,427,428,499	31,032,438	14,901,962

داهات و خەرجی (٥) مانگی ساڵی ٢٠٢٢

	مانگەکان	داهات بە دینار	خەرجی بە دینار	داهات بە دۆلار	خەرجی بە دۆلار
١	کانونی دووەم	٦٥٤٣٣٣٦٤٦	٣٥٣٨٩١٦٥٠	١٠٧٦٨٤٦	٦٣٨٠٠٠
٢	شوبات	٦٢٣٠٨٥٣٦٥	٥٠٥٠٣٣٨٧٥٧	٤٠٩٢١٣٠	٧٧٩٩٩١
٣	ئادار	٥٥٥٦٣٤٦٤٤	٥٤٥٣٤٥٥١٤٨	١٦٨٥٦٧٠	٧٤٨٨٦٠
٤	نیسان	٥٣٤٣٢٢٩٢٢	٥٨١٣٩٢٠٤٥٦	٦٤٦٠٢١٠	١٥٧٤٢٤
٥	مایس	٧٢٠٠٧٧٧٥٦	١٠٤٧٠١١٩٥٨٨	١١٥٤٣٩٨	٣٠٦٢٦٥

ڕێکارەکانی وەزارەت بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیاد کردنی داهات:

لە وەزارەت چەندین ڕێکاری پێویست گیراونەتەبەر بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهات کە بریتین لە:

- پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتمەند لە وەزارەت لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بوارەکانی (کارگێڕی، دارایی، تەکنیکی) بۆ دیراسەتکردن و پێشکەشکردنی ڕاو سەرنجی تایبەت بە ڕێکخستنەوەی هەیکەلی گشتی پێکهاتەی وەزارەت لەسەر گشت ئاستی بەڕێوەبەراتییە گشتییەکان و هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەکان و بەشەکان بە مەبەستی کەمکردنەوە یان لێکدان بەڕێوەبەراتییەکان، بەشەکان، هۆبەکان بەپێی پێویست.
- پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ ڕێکخستنەوەی میلاکی گشتی فەرمانبەران دابەشکردنەوەیان بەپێی پێویستی شوێنەکان.

گرنگترین ڕێکار و میکانیزم گیراوەتەبەر بۆ زیاد کردنی داهات:

ئامادەکردنی پڕۆپۆزەلێک (ڕەشنوسێک) پاڵپشت بە یاساکانی عێراقی فیدراڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری بەشی دیراسات و لێکۆلینەوە بە مەبەستی ڕێکخستنەوە پێداچوونەوە بە وەرگرتنی ڕسومات لەگشت بوارەکان کە ئەو سێکتەرانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت :

أ- بواری گواستنەوە

ب-گواستنەوەی زەمینی

ڕێکخستنەوەی ڕسوماتی مۆڵەتدان، نوێکردنەوە، زیاد کردن، بەناوکردن، (تنازل کردن) لە هێلەکانی گواستنەوە، نووسینگەکانی گواستنەوە)، ڕسوماتی باری بارهەڵگرەکان، و ڕسوماتی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەکان (گەراج، تایبەت، گشتی)، ڕسوماتی کارکردن و مۆڵەتدانی تێرمینالەکانی گواستنەوە (کەلوپەل- گەشتوگوزار) لە ناو شار و دەرەوەی شار لە ڕێگەی دەرچووواندنی ڕێنمایی گشتی کاروباری گواستنەوە بە ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ .

أ- لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٢٧ گرێبەستێک واژووکراوە لەنێوان کۆمپانیای گشتی گواسنەوەی زەمینی حکومەتی عێراق و کۆمپانیای (القمه للنقل العام) تایبەت بە گواستنەوە و ڕێکخستنی مەنەفێست و کەلوپەل و لە پێشووتر بە نووسراوی وەزارەت ژمارە (٢٣) لە ٢٠٢١/٢/٢٥ ١٢ داوا لە حکومەتی عێراق کرابوو کە (٩،٥) بۆ هەر مەنەفێستێک بدرێت بە وەزارەت حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆشبەختانە ڕەزامەندی دراوەلە سەر (٥) دۆلار لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/١٣ لەلایەن حکومەتی عێراق.

ب- لە داهاتوو ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی کاری GPS بۆ بارهەلگرەکانی دەروازەی ئیبراهیم خلیل دەکرێت بۆ ئەمەش (٥) دۆلار بۆ هەر کارێک دەدرێت بە وەزارەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ج- گۆڕەپانی ئالوگۆڕی بازرگانیش بەهەمان شێوە لەلایەن کۆمپانیای (القمه للنقل العام) جێبەجێ دەکرێت بۆ ئەمەش (٥) دۆلار لە هەر جموجۆڵێکی بازرگانی دەدرێت بە وەزارەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە ئێستادا لەسەر فەرمانی ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئامادەکاری دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی (تەکسی میتر) بۆ گشت تەکسیەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، پڕۆپۆزەل لە کۆمپانیاکان وەرگیراوە.

گواستنەوەی ئاسمانی:

ڕێکخستنەوەی ڕسومات و باجی کۆمپانیاکانی هێلەکانی فڕۆکەوانی فڕۆکەخانەکان، کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری ناو فڕۆکەخانەکان، کۆمپانیاکانی گواستنەوەی کارگۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندار و دووبارە خەملاندنیان و پێداچوونەوە بە گرێبەستی بەکرێدان و بەکارهێنانی باڵاخانەکان، شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل، کۆمپانیاکانی گواستنەوەی گەشتیارانی ناو فڕۆکەخانە کە لەلایەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتوە بەڕێوەدەبردرێت و وەرگرتنی ڕسومات بەپێی ڕێکارە یاساییەکان.

ب- بواری گەیاندن:

دووبارە ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە بە ڕسوماتی مۆڵەتی کارکردن ونوێکردنەوەی لە گشت بوارەکانی گەیاندن (تەلەفۆن، مۆبایل، ئینتەرنێت، کۆمپانیاکانی ڕێکلام، دانانی تاوەر، ڕاکێشانی کێبل بە شۆستە و شەقامەکان) و ڕسوماتی بەکرێدانی لەرەلەر لە ڕێگەی لیژنەی تایبەتمەند بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابوری.

ج- بواری پۆستە:

ڕێکخستنەوەی ڕسوماتی مۆڵەتدان و نوێکردنەوەی کۆمپانیاکان و نووسینگەکانی ئاڵوگۆڕی پۆستە و کەلوپەل لە هەرێم و دیاریکردنی نرخ و ڕسومات بەپێی پێوەر و مەرجی ڕێککەوتنی پۆستەی نێودەوڵەتی و یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان لە عێراق، لە ڕێگەی ئامادەکردنی ڕەشنوسی ڕێنمایی تایبەت بە بواری پۆستە دیاریکردنی ڕسوماتی ئەو بوارە.

ڕێکاری پێویست گیراوەتە بەر بۆ زیاد کردنی مەرج لە گرێبەستەکان بۆ وەرگرتنەوەی شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکان لەکاتی خۆی بەجۆرێک کە شەش مانگ جارێک بێت یان پێش کۆتایی ساڵ و پابەندکردنیان بە پێبژاردنی دواکەوتن (الغرامة التأخيرية) و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بە هەڵوەشاندوەی مۆڵەت یان گرێبەست لە ڕێگای دادگاکانەوە لەکاتی پابەند نەبوون .

داهات و خەرجی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن ٢٠٢١							
ز	ناوی فەرمانگە	دینار			دۆلار		
		داهات	خەرجی	جیاوازی	داهات	خەرجی	جیاوازی
١	دیوانی وەزارەت	٩٨٧٥٠٠٠	٣٧١٠٢٣٣٦٠٦	-٣٧٠٠٣٥٨٦٠٦			٠
٢	فڕۆکەخانەی هەولێر	١٨٨٥١٧٦٩١١	٢٢١٩١٧٣٧٦٦٧	-٢٠٣٠٦٥٦٠٧٥٦	٢٧٤٨٧٨٥١	١٤٧٩٦٢٧٩	١٢٦٩١٥٧٢
٣	فڕۆکەخانەی سلێمانی	١٣٢٨١١١١١٢	١٥٨٨١٢٦٧٢٦٢	-١٤٥٥٣١٥٦١٥٠	٦٨١٧١٢٣	٦٥٥٣٣٠	٦١٦١٧٩٣
٤	گشتی گواستنەوە	٢٣٦٠١٥٩٥٥٠	٤٩٦٩٥١٤٢٤٥	-٢٦٠٩٣٥٤٦٩٥			٠
٥	گشتی کەشناسی	٢٤٥٢٥٧٥٠	٢٢٢٢٨٩٦٩٦٨	-٢١٩٨٣٧١٢١٨			٠
٦	ب-پۆستەی هەولێر	١٣٢٦٥٢٥٠٠	٨٤٥٦٧٣٣٢٩٨	-٨٣٢٤٠٨٠٧٩٨			٠
٧	ب-گەیاندنی هەولێر	٣٩٤٣٢٤٦٥٥٢	٦٣٤٢٣٧٢٢٦٣	-٢٣٩٩١٢٥٧١١			٠
٨	پۆستە و گەیاندنی دهۆک	٤٣٥٣٠٨٧٨	٢١٦٩٨٧٨٩٥٠	-٢١٢٦٣٤٨٠٧٢			٠
٩	پۆستە و گەیاندنی سلێمانی	٢٥٨٢٢٤٥١٢٠	١٠٠٨٦٧١٣٤٦١	-٧٥٠٤٤٦٨٣٤١			٠
١٠	پۆستە و گەیاندنی ڕاپەڕین	٦٧٦٨١٩٥٠	٢٠٩٣٢٥٧٦٥٠	-٢٠٢٥٥٧٥٧٠٠			٠
١١	پۆستە و گەیاندنی گەرمیان	١٢٢٠٤٨٠٥٠	١٧٩١٧٧٧١٥٠	-١٦٦٩٧٢٩١٠٠			٠
١٢	پۆستەو گەیاندنی هەڵەبجە	٤٠٣٥٨١٥٠	٢٩٤٣٧١٩٥٠	-٢٥٤٠١٣٨٠٠			٠
١٣	پۆستەو گەیاندنی زاخۆ	٠	٢٥٧٨٤٥٣٥٠	-٢٥٧٨٤٥٣٥٠			٠
	کۆی گشتی	**١٢٥٣٩٦١١٥٢٣**	**٨٠٤٦٨٥٩٩٨٢٠**	**-٦٧٩٢٨٩٨٨٢٩٧**	**٣٤٣٠٤٩٧٤**	**١٥٤٥١٦٠٩**	**١٨٨٥٣٣٦٥**
داهات و خەرجی تەنها فڕۆکەخانەکان بۆ ساڵی ٢٠٢١							
ز	ناوی فەرمانگە	دینار			دۆلار		
		داهات	خەرجی	جیاوازی	داهات	خەرجی	جیاوازی
١	فڕۆکەخانەی هەولێر	١٨٨٥١٧٦٩١١	٢٢١٩١٧٣٧٦٦٧	-٢٠٣٠٦٥٦٠٧٥٦	٢٧٤٨٧٨٥١	١٤٧٩٦٢٧٩	١٢٦٩١٥٧٢
٢	فڕۆکەخانەی سلێمانی	١٣٢٨١١١١١٢	١٥٨٨١٢٦٧٢٦٢	-١٤٥٥٣١٥٦١٥٠	٦٨١٧١٢٣	٦٥٥٣٣٠	٦١٦١٧٩٣
	کۆی گشتی	**٣٢١٣٢٨٨٠٢٣**	**٣٨٠٧٣٠٠٤٩٢٩**	**-٣٤٨٥٩٧١٦٩٠٦**	**٣٤٣٠٤٩٧٤**	**١٥٤٥١٦٠٩**	**١٨٨٥٣٣٦٥**

وەزارەتی ئەوقاف و کاروبای ئایینی

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

یەکەم: لە بواری پێکەوەژیان

- بەشداریکردنی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە ڕاوند تەیبڵ (Round Table)ێك کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە (سام براون باك) سەفیری ئەمریکا ڕێکخرابوو، کە زیاتر لە (٨٠) کەسایەتی ئایینی و کەلتوری جیهانی تێیدا بەشدار بوون.
- بەشداریکردنی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە کۆنفرانسی ئۆسلۆ لە ژێر ناونیشانی (برایەتی مرۆڤایەتی کۆمان دەکاتەوە). کە ڕێکخراوی جیهانی ئیسلامی ئەنجامی دەدات.
- ئەنجامدان و سەرپەرشتی کردنی (١٠) کۆنفرانس و سیمینار کە لەلایەن ڕێکخراوەکان تایبەت بە پێکەوەژیانی ئایینی و مافەکانی مرۆڤ ئەنجام دراوە لە هەرێمی کوردستان.
- سەردانیکردنی هەر یەك لە پاپا و سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە فاتیکان، کە مەبەستی سەرەکی سەردانەکەیان کەلتوری پێکەوەژیان و مێژوویی و ئایینەکان بوو لە هەرێمی کوردستان.
- ئەنجامدانی کۆنفرانسێك لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/١٤ لەشاری هەولێر لەسەر دیداری (ئایینی و مرۆڤ دۆستی) بەهاوکاری وەزارەتی ئەوقاف و بلۆمۆندی ئەمریکی و یوئێن دی پی.
- بەچاپ گەیاندنی پەرتوکێکی فەرهەنگی لەسەر پێکەوەژیانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.
- سەردانی کردنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە یاوەری شاندێك بۆ وڵاتی میسر بەشداریکردن لە کۆنفرانسی (حوار الادیان)، هەروەها کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی ئایینی پەرلەمانی میسر (د. علی جمعه) و مفتی میسر (د. شوقی علام) و وەزیری ئەوقافی میسر (د. محمد مختار جمعه) و شێخی ئەزهەر (احمد الطیب).
- دانانی بەردی بناغەی کەنیسە و بارەگای سەرەکی پاتریارکی ڕۆژهەڵاتی ئاشوری لە جیهان.
- نۆژەنکردنەوەی بەشێک لە پەرستگای لالش وەک گەورەترین و کۆنترین شوێنی ئاینی ئێزیدیان و ئەنجامدانی دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ میرو باباشێخی ئێزیدییان.
- سازکردنی و سەرپەشتیکردنی کۆنفرانسی (ئازادی ئایینی و جیاکاری، بەرەنگاری ووتاری ڕکابەری) بە هەماهەنگی زانکۆی ئەمریکی لە شاری دهۆك و ڕێکخراوی کایسید. ئامانجی کۆنفرانسەکە نیشاندانی پێگە و گرنگی هەرێمی کوردستان لە نەخشەی ناوچەکەدا لەڕووی پێکەوەژیانی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان و پشتیوانیکردن لە وتاری میانڕەوی.
- هاوکاری کردنی (١٥٠٠) مامۆستایانی ئایینی خۆبەخش لەسەر ڕاسپاردەی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی سەرۆکی حکومەتی کوردستان.

دووەم: لە بواری پەیوەندییەکان و هەماهەنگی لەگەڵ دامودەزگاو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

- دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ زانکۆی ئەزهەر لە وڵاتی میسر بە مەبەستی ڕاهێنان و سوود وەرگرتن لە تواناکانیان.
- بەشداری کردن لە کۆربەندی جیهانی لەژێر ناوی (دیداری بنەما هاوبەشەکانی پەیرەوانی ئایینەکان) لە ڕیازی پایتەختی شانشینی عەرەبستانی سعودیە.
- بەشداریکردن لە کۆربەندی بەهێزکردنی ئاشتی لە وڵاتی ئیماراتی عەرەبی لەژێر ناونیشانی (هاوڵاتیبوونی گشتگیر لە هاووڵاتی بوونی هاوبەش بۆ ویژدانی هاوبەش).
- ئەنجامدانی دیدارێک لەگەڵ سکرتێری گشتی سەنتەری کایسید بۆ گفتوگۆی نێوان ئایینەکان.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری داد و کاروباری ئەوقافی ئیسلامی بەحرەین خالد بن علی عبدالله لە میانی کارو چالاکییەکانی (G٢٠ Interfaith Forum) لەوڵاتی ئیتاڵیا.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ پرۆفیسۆر کول دورهام سەرۆکی فۆڕمی کۆربەندەکە بۆ تیشکخستنە سەر ڕۆڵی حکومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستان لەپاراستن و بەهێزکردنی گیانی تەبایی نێوان شوێنکەوتووانی ئایینە جیاوازەکان بەتایبەتی ئەوانەی لەدەرەوەی هەرێمەوە هاتوون.
- کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانەکانی عەرەب بەڕێز عادل بن عبدالرحمان العسومی.
- پێشکەش کردنی پانێلێک سەبارەت بەکلتوور و گیانی پێکەوەیی و تەبایی وخۆشەویستی نێوان ئایینەکان لەکوردستان، هەروەها ڕۆڵی زانایان و کەسایەتییە ئایینیەکانی گشت ئایینەکان وێڕای هەوڵی گرنگ و بەردەوامی حکومەتی کوردستان بۆ پشتیوانیکردن و دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە بە تایبەتی بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێم.
- شاندکردنی لیژنەیەکی باڵا لە وەزارەت بۆ وڵاتی میسری و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی مەشیەخەی ئەزهەر کە ساڵانە سەردانی زانکۆکە دەکەن بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوولا و بەسەرکردنەوەی قوتابیانی کورد لەو زانکۆی ناوبراو و تاوتوێ کردنی بابەتەکانی خوێند لە پەیمانگەی ئەزهەری شاری هەولێر.
- بەشداریکردن لە کۆنگرەی (خزمەتگوزاری عەمرەکان) لەسەر بانگهێشتی وڵاتی سعودیە بەمەبەستی ئاگاداربوون لە ڕێکارەکان و باشتر خزمەتکردنی عەمرەکاران حاجییانی هەرێمی کوردستان.
- واژووکردنی یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ڕێکخراوی هارتلاند ئەلایەنسی نێودەوڵەتی: ڕێکخراوێکی ناحکومی نێودەوڵەتی قازانج نەویستە.
- واژۆکردنی یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لەگەڵ دەزگای ئاشتی نێوان ئایینەکانی نێودەوڵەتی (IIPC) لە وڵاتی ئەمەریکا و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە مەبەستی هاوکاریکردن لە پێشخستنی پێکەوەژیان لە ڕێگەی ڕاهێنانی سەرکردە ئاینییەکانەوە.

سێیەم: لە بواری چاکسازی و کارگێڕی

- کردنەوەی خولێکی گەشەپێدانی توانای کارگێڕی بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١/٢٣).
- بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و شەرعی فەرمانبەرانی موڵکە وەقفییەکان، وەزارەت هەڵساوە بە کردنەوەی خولێکی پەرەپێدانی توانای فەرمانبەرانی موڵکە وەقفییەکان .
- کردنەوەی هۆبەیەك لە دیوانی وەزارەت کە ڕاستەوخۆ سەربە نووسینگەی بەڕێز وەزیرە بۆ بەدواداچوونی ئەو سکاڵا، سکاڵای ئەلیکترۆنی، پێشنیار و ڕەخنانەی کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە ئاڕاستەی وەزارەت دەکرێت بۆ ئەوەی ببێتە پردێك لەنێوان هاووڵاتیان و وەزارەت.
- کردنەوەی خولێکی پەرەپێدانی تواناسازی لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێم بۆ مامۆستایانی ئایینی کە تایبەت بوو بە بەهێزکردنی توانای مرۆیی و زانستی سەردەم وەك کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و ئینگلیزی لە زانکۆکانی (جیهان) لە سلێمانی و دهۆك و هەولێر.
- تەرشیق کردنی هەیکەلی وەزارەت و بەڕێوەبەراتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەراتییەکان لە ژێر ڕۆشنایی بەرنامەی چاکسازی.
- ئامادەکردنی کردنی پرۆژەیەك بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر بەئەلیکترۆنی کردنی (سیستەمی کارگێڕی) و (موڵکەکانی ئەوقاف) و (بانگ لە هەرێمی کوردستان).
- پێداچوونەوە بە لیستی ناوی ئەو فەمانبەرانەی کە لە سیستەمی بایۆمەتری دووجار و یان زیاتر ناویان هاتۆتەوە بە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (١٢) لە (٢٠٢١/١/٧)، کە لە کۆی (١٢٣٧٥) فەرمانبەر (٥٣) فەرمانبەر دوو مووچە وەیان زیاتریان هەبوو، پاشان بەلیستێك بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ هۆبەی بایۆمەتری گەڕێنراوەتەوە بۆ ئەوەی مووچە زیادەکەیان ببڕدرێت کە بەم شێوەی خوارەوە بوو:

کۆی گشتی فەرمانبەران	کۆی ئەوانەی دوو مووچە وەیان زیاتر وەردەگرن			
	وصی	وارسی شەهید	کەم ئەندام	دوو مووچە
١٢٣٧٥	١٣	٤	٦	٢٠
کۆی گشتی	٤٣ فەرمانبەر			

- لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، چەند لیژنەیەك لاوەکی لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شارەکان پێکهێنرا بەمەبەستی پێداچوونەوە بەو دۆسییەی فەرمانبەرانی وەزارەت کە ژمارەیان (١٢٣٧٥) و دەستنیشانکردنی ئەو دۆسیانەی کە کێشە و گرفتیان هەیە، و بۆ دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی دۆسییەکانیان و وەرگرتنی پلە و مەرتەبەی زیادە کە بەم شێوەیە بوو:

ڕوونکردنەوە	ژمارەی دۆسییە
ژمارەی فەرمانبەرانی هەمیشەیی	١٢٣٧٥
ژمارەی فەرمانبەرانی گرێبەست	٧١١
کۆی گشتی سەرجەم فەرمانبەران	١٣٠٨٦
ژمارەی ئەو دۆسیانەی کە کێشەیان هەبوو	١٠٤

- دوای پێداچوونەوە بە دۆسییەکان بۆ جاری دووەم و بەمەبەستی دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی کارەکان و وەرگرتنی سامپڵ لە دۆسییەی فەرمانبەرانی سەرجەم فەرمانگەکانی سەر بە ئەوقاف لیژنەیەکی تر پێکهێنرا بۆ سەردانیکردنی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت و ئەم کارانەش ئەنجامداراون:

شوێن	ژ. دۆسییە کە بە سامپڵ وەرگیراو	ژ. دۆسییەی گومان لێکراو	ئەو دۆسییانەی کەم و کوڕییان تێدابوون
دیوانی وەزارەت	٩٥	٢٠	٨
ب. گ. ئەوقافی پارێزگای هەولێر	١٩٠١	٤٠	١٢
ب. ئەوقافی هەولێر	١٥٢٦	٣٥	٢١
ب. ئەوقافی دەوروبەر	٢٠٥	٢٠	٩
ب. ئەوقافی مەخمور	٣١٣	٢٠	١١
ب. ئەوقافی شەقڵاوە	١٠٠٨	٣٨	١٦
ب. ئەوقافی کۆیە	٧٢	١٨	٧
ب. گ. کاروباری مەسیحییەکان	٦٣	١٥	١٣
ب. گ. کاروباری ئێزدییەکان	١١	١١	٦

- لەپێناو کارئاسانی و زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی ڕۆتین وەزارەت هەڵساوە بە دووبارە داڕشتنەوەی دەسەڵاتەکان و شۆڕکردنەوەی چەندین دەسەڵات بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شارەکان.

چوارەم: لە بواری ئەنجامدانی فەریزەی حەج و گەشتی عومرە

- سازکردنی یەکەمین دیداری گەشەپێدانی پڕۆسەی حەج و عەمرە دەرکردنی (١٣) ڕاسپاردە بە مەبەستی زیاتر دادپەروەری و خزمەتکردنی حاجیان و عومرەکاران.
- شاندکردنی لیژنەیەکی تایبەت بەمەبەستی دابینکردنی شوێنێکی شایستە و نزیك لە حەرەمی پیرۆز و ئامادەکردنی هۆیەکانی گواستنەوە و خواردنێکی شایستە بۆ حاجیانی هەرێمی کوردستان لە شاری مەککەی پیرۆز.
- ئەنجامدانی گرێبەستێك لەگەڵ باشترین کۆمپانیای دابینکردنی دەرمانی کوالێتی بەرزی سعودی، جیاواز لەساڵانی ڕابردوو بۆ خزمەت کردنی حاجییانی هەرێمی کوردستان بۆ سەفەری حەجی ئەمساڵ بە باشترین شێواز.
- سەرپەرشتی کردنی گەشتی عومرە و دانانی لیژنەکانی تایبەت بە فڕۆکەخانە و بەڕێکردنی عومرەکاران و لێپێچینەوە لە کۆمپانیا سەرپێچی کارەکان.
- دەرکردنی ڕێنمایی نوێ بە کۆمپانیاکانی حەج و عومرە بەمەبەستی گواستنەوەی عومرەکاران.
- دەرکردنی مەرجی نوێ بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کۆمپانیای نوێ بۆ گواستنەوەی حاجییانی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ئەنجامدانی فەریزەی حەج و گەشتی عومرە.
- دەکردنی مەرج و ئەرکەکانی موفتی و مورشیدی حەج بۆ ئەمساڵ بە شێوەیەکی تێروتەسەل.

پێنجەم: تەکنەلۆجیای زانیاری

- دانانی تۆڕێکی نوێی کۆمپیوتەر بۆ ناو دیوانی وەزارەت بۆ مەبەستی بەیەکەوە بەستانی کۆمپیوتەرەکانی ناو دیوان و کارپێکردنی ئەو سیستەمە ئەلیکترۆنییانەی لە ئایندەیەکی نزیك دەکەونە بواری جێبەجێکردن.
- ئامادەکردنی پلانی بەسیستەم کردنی کاروبارەکانی وەزارەت لە زۆربەی بوارەکان و وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری کە سەرەتای مانگی داهاتوو دەکەوێتە بواری جێبەجێ کردن، ئەوانیش بریتین لە سیستەمی:-
  - بەئەلیکترۆنی کردنی داتا و زانیاری سەرجەم مولکە وەقفییەکانی وەزارەت.
  - بەئەلیکترۆنی کردنی نووسراوکانی هاتوو و ڕۆیشتووی لەنێوان فەرمانگەکانی وەزارەت.
  - بەئەلیکترۆنی کردنی داتا و زانیاری فەرمانبەرانی وەزارەت.
  - بەئەلیکترۆنی کردنی ئاماری سەرجەم فەرمانبەران و مزگەوتەکان و شوێنە ئایینییە پیرۆزەکان.
  - بەئەلیکترۆنی کردنی زانیاری فەرمانبەران و میلاکاتی وەزارەت.

شەشەم: لە بواری یاسایی

- ئامادەکرنی ڕەشنوسێك بە مەبەستی هەمواری یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- دەرکردنی ڕێنمایی نوێ بۆ سەرپەرشتی کردنەوەی حوجرەی فەقێیان لە هەرێمی کوردستان کە مەڵبەندێکی گرنگە بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان.
- هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکانی دروست کردنی مزگەوت لە هەرێمی کوردستان.
- ئامادەکردنی پڕۆژەی تایبەت بە کردنەوەی پەیمانگایەکی پێگەیاندنی مامۆستایانی ئایینی (پێش نوێژ و وتارخوێن) بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- ئامادەکردنی ڕەشنوسێك بە مەبەستی گرنگیدان بە شوێنە ئایینەکان و کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە شوێنەوارە ئاینییەکان لە دیوانی وەزارەت.
- ڕێکخستنەوە و هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکانی تایبەت بە سەرپەرشتی و کردنەوەی بنکەی فێرکردن و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لە هەرێمی کوردستان و ئامادەکردنی ڕەشنووسێك بۆ ئەنجامدانی سیمنارێك لە بارەی گرنگیدانی زیاتر بە بنکەکانی فێرکردن و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لەژێر ڕۆشنایی ڕێنمایی نوێ.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی گشتی پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەت.
- هەموارکردنەوەی سیستەمی متولی و سەرپەرشتیاری مولکە وەقفییە مولحەقەکان تایبەت بە خاڵی دارایی و گونجاندنی لەگەڵ واقیعی ئێستای کوردستان و ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.
- ئامادەکردنی ڕەشنوسی پڕۆژە یاسای زەکات لە هەرێمی کوردستان ئێستا لە ئەنجومەنی شورای هەرێمە و چاوەڕێی تێبینییەکانیان دەکرێت بۆ ئەوەی ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت.
- دەرکردنی ڕێنمایی نوێ بۆ چەسپاندنی شایستە بوون (اثبات الأهلية) بۆ پێشنوێژ و وتارخوێنانی هەرێمی کوردستان.

- ئامادەکردن و تاوتێکردنی ڕەشنووسی یاسای باری کەسی ئێزیدییەکان.
- هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری مارەبڕین لەلایەن مامۆستایانی ئایینی و ئامادەکرنی ڕەشنووسی یاسای (مأذون الشرعی).

حەوتەم: لە بواری موڵکە وەقفییەکان

- ئامادەکردنی ڕەشنووسێك بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی تایبەت بە موڵکە وەقفییەکانی وەزارەت لە ڕووی چاکسازی و زیادکردنی داهات و ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە موڵکەکانمان.
- پێداچوونەوە بە کرێی موڵکە وەقفییەکانی وەزارەت و دووبارە خەملاندنەوەیان و گونجاندنی لەگەڵ بازاڕ و جەخت کردنەوە لە کرێی ساڵانە لە کات و ساتی خۆی.
- پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆر بۆ گەڕان و بەدواداچوون بۆ دۆزینەوە و ڕێکخستنەوەی تەواوی موڵکە وەقفییەکانی وەزارەت و بەئەلیکترۆنی کردنیان.
- پێداچوونەوە بە گرێبەستە بانەوانییەکان (مساطحة) و وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بە کەمکردنەوەی ماوەکانیان، لەوانەش کەمکردنەوەی ماوەی گرێبەستی بانەوانی بازاڕی (ڕاین مۆڵ) لەگەڕەکی ئیسکانی شاری هەولێر لە (٥٠) ساڵ بۆ (٢٥) ساڵ.
- هەڵگرتنی زێدەڕۆیی لەسەر موڵکی وەقف بە هاوکاری و هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ نموونە هەڵگرتنی زێدەڕۆیی لەسەر موڵکی (بەساتین خرکێ و قاتپکێ) لە ئاکرێ و وەرگرتنی قەرەبووی چەند ساڵی ڕابردوو بە کۆژمەی (٢٦٩,٦١٢,٦٥٠) دینار.
- دانانی میکانیزمی نوێ بۆ گەڕان و دۆزینەوەی ئەو موڵکانەی کە تاکو ئێستا بەناوی وەزارەت تۆمار نەکراون.
- کارکردن بۆ زیاد کردنی داهاتی سەرجەم موڵکە وەقفییەکانی وەزارەت وەك لەم خشتەیەی خوارەوە هاتووە:

ناوی فەرمانگە	داهاتی ساڵەکان بە ملیۆن دینار				کۆی گشتی
	٢٠١٨	٢٠١٩	٢٠٢٠	٢٠٢١	
ب. ئەوقافی هەولێر	٢٥٨,٥٢٩	٣٥٢,٧٤١	٣٥٥,٢١٠	٣٦٣,٦٠٤	١,٣٣٠,٠٨٥
ب. ئەوقافی دەوروبەر	٠	٦,٦٧٠	٢٠,٥٠٠	٦,٩٠٠	١٦,٠٧٠
ب. ئەوقافی شەقڵاوە	٠	٩٢,٨٣٠	١٩,٩٠٥	٣٣,٧٥٠	١٤٦,٤٨٥
ب. ئەوقافی سۆران	٠	٠	٠	٠	٠
ب. ئەوقافی مخمور	١,٠٠٠	١,٠٠٠	١,٠٠٠	١,٠٠٠	٤,٠٠٠
ب. ئەوقافی کۆیە	٢٩,١٥٥	٢٥,٠٨٠	٢٠,٨٥٣	٢٤,٠٧١	١٢٧,٠٩٩
ب.گ.ئەوقافی هەڵەبجە	٣٩,٩٣٤	١١٥,١٤٣	٣٥,٠٦٩	٣٨,٠٩٩	٢٢٨,٢٤٥
ب. ئەوقافی سلێمانی	٩٨٢,٦٠٠	٩٩١,٢١٠	٥٤٢,٢٤٩	٦٧٦,١٠٧	٣,١٩٢,١٦٧
ب.ئەوقافی شارەزوور	٢,٧٤٠	١,٠٥٠	١,٥٤٠	٠	٥,٣٠٣
ب.ئەوقافی چەمچەماڵ	١٠,٣٧٢	٣٤,٣٢٠	٢٢,٠٠٠	١٧,٢٣٢	٥٣,٠٣٦
ب.گ.ئەوقافی گەرمیان	٨,٥٦٠	٧,٥١٥	٦,٧٠٩	٨,١٨٠	٣٠,٩٦٤
ب. ئەوقافی دهۆك	٤٥٥,٨٨١	٤٧٣,٦٦٤	٣٩٠,٥١١	٤٦٦,٧٦٤	٧٨٦,٩٢٢
ب. ئەوقافی ئاکرێ	٩٩,٧٤٨	٨٠,٩٤١	٩٨,٥٩٤	٦٤,١٧٢	٣٤٣,٤٥٧
ب.ئەوقافی بەردەڕەش	٢٦,١٠٦	٤١,٣٩٤	٣٥,٦٠٩	٠	١٠٣,١١٠
ب. ئەوقافی ئامێدی	١٥,٥٠٨	١١,٥٣٨	٨,٥٢٢	١٠,٩٣١	٤٦,٤٩٩
ب. ئەوقافی زاخۆ	٥٥,٦٩٧	٦٣,٩١٦	٥٥,١٧٧	٩٨,٨٦٣	٢٧٣,٦٥٤
کۆی گشتی = ٧,٦٨٧,١٢٣,٠٠٠ دینار					

هەشتەم: لە بواری ڕێنمایی و هوشیاری

- ئامادەکردن و دانانی ڕێنمایی نوێ بۆ مامۆستایانی ئایینی خۆبەخش ئەوانەی گۆتاری هەینی دەخوێنن.
- بە مەبەستی یەکخستنەوە و ڕێکخستنی وتاری هەینی لەم فەوزایەی کە هەبووە بۆردێکی ووتاری هەینی پێکهێنرا بۆ جەخت کردنەوە لە پەیڕەوکردن و پاپەندبوون بە بڕیارەکان بۆرد.
- کردنەوەی خۆلێکی سێ مانگەی هاوینە بۆ فێرکردن و لە بەرکردنی قورئانی پیرۆز.
- ئاگادار کردنەوەی مامۆستایانی ئایینی کە لە ڕێگای بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە و هوشیاری هاووڵاتیان بکەن بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان.
- دەرچوونی خولی شەشەمی پەیمانگەی کوردستان بۆ پێش نوێژ و ووتارخوێنانی سەر بە وەزارەت، کە ئەم پەیمانگایە تایبەت بە بەهێزکردنی توانای مامۆستایانی ئایینی وتاربێژ و دژایەتی کردنی بیری توندڕەوییە، بۆ هەر خولێك (٤٥) ڕۆژ دەخایەنێت.
- دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە کردنەوەی پرسە دانان و ئەنجامدانی بۆنە ئایینییەکان لە هەرێم.
- کردنەوەی خولێکی زمانی ئینگلیزی بۆ (١٠٠) مامۆستای ئایینی شاری هەولێر و دەوروبەری بەهاوکاری و هەماهەنگی زانکۆی نۆلیج کە ماوی سێ هەفتەی خایاند.

نۆیەم: لە بواری ئەندازە و ئاوەدانکردنەوە

- ئامادەکردنی دیزانێکی نوێ بۆ مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوازێك کە لە ڕووی تەلارسازی مۆرکێکی کوردەواری نیشانبدات، پێشبرکێیەك ساز کرا و دەرئەنجام دیزاینێك دەستنیشان کرا کە مۆرکی کوردایەتی پێوە دیارە.
- نۆژەنکردنەوەی ئارامگە و مەزاری (سوڵتان موزەفەرەددین) لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ مەبەستی گرنگیدان بە شوێنەوارە ئایینییە مێژووییەکان.
- تەواوکردنی باڵەخانەی پەیمانگەی پێش نویژ و وتارخوێنان لە شاری هەولێر.
- نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی.
- وەرگتنی ڕەزامەندی بۆ دروستکردنی دوو باڵەخانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافەکانی شێخان و ئامێدی.
- ڕەزامەندیدان لەسەر دروستکردنی (١٧) مزگەوت لەسەر ئەرکی خێرخوازان.
- ڕەزامەندیدان لەسەر ڕوخاندن و دووبارە دروستکردنەوەی (١١) مزگەوت لەسەر ئەرکی خێرخوازان.
- ڕەزامەندیدان لەسەر دروستکردنی (٦) نوێژگە (مصلی) لەسەر ئەرکی خێرخوازان.
- ڕەزامەندیدان لەسەر دروستکردنی (١) حوجرەی فەقێیان لەسەر ئەرکی خێرخوازان.

دەیەم: لە بواری پلان دانان

- ئامادەکردن و نووسینەوەی ستراتیژیەتی کارکردنی چوار ساڵی ئایندەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە ژێر ڕۆشنایی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاڕاستەکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- پێکهێنانی بۆردێکی باڵا بۆ پرسە ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستان، کە پێکهاتوون لە بیرمەندە ئایینیەکان و کەسانی شارەزا لەم بوارە و لایەنە پەیوەندیدارەکان.
- ئامادەکردنی پلانی پرۆژە بەردەوامەکان و پرۆژە پێشنیارکراوەکانی وەزارەت بۆ ساڵی (٢٠٢٢) کە لەسەر بودجەی وەبەرهێنانی خەرجییەکانی بۆ تەرخان دەکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان.
- کردنەوەی (٦٠) خولی پەرەپێدانی تواناسازی لە سەرجەم پارێزگا و شارەکانی هەرێم بۆ (٣٠٠٠) مامۆستایانی ئایینی وتاربێژ تایبەت بە پەرەپێدانی توانای مرۆیی مامۆستایانی ئایینی، تاکو ئێستا (٣٤) خول تەواو کراون و ئەوانەی تر لە ئایندەیەکی نزیك تەواو دەبن.
- ئامادەکردنی دەرخستەیەکی تایبەت بە نۆژەنکردنەوەی مەزاری (لالش) کە مەزارێکی سەرەکی ئایینی ئیزدییەکانە لە پارێزگای دهۆك.
- ئامادەکردنی دەرخستەیەکی تایبەت بە دروست کردن و نۆژەنکردنەوەی (١٣) مەزاری ئایینی ئێزدییەکان لە پارێزگای دهۆك.

یازدەهەم: لە بواری مزگەوتەکان

- ڕێزلێنان و پاداشتکردنی (١٤٧٠) هەزار و چوارسەد و حەفتا وتاربێژی مزگەوتەکانی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.
- ڕێزلێنانی زیاتر لە (١٣٠) حوجرەی فەقێیان لەسەرتاسەری هەرێم.
- ڕێزلێنانی (٩٠) بنکەی لەبەرکردن و قورئانی پیرۆز لەسەرتاسەری هەرێم.
- ڕێزلێنان و پاداشتکردنی (٤٠٠) چوارسەد مامۆستای ئایینی وتاربێژی خانەشینکراو کە هەڵدەستن بە کاری وتاربێژی بەشێوەی خۆبەخش لەگەڵ پاداشتکردنیان بەگوژمە پارەیەکی گونجاو بۆ هەریەکێکیان.
- چاپکردنی پەرتوکی تایبەت بە بۆچوونەکانی گرووپە توندڕەوەکان و وەڵامدانەوەیان، پەرتووکەکە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیدایە.
- ڕێز لێنان لە (٥٠٠) مامۆستای ئایینی لە بەرامبەر هۆشیاری ئایینی و هەست کردن بە بەرپرسیارەتی و ئەم پرۆسەیە بەردەوامی هەیە.
- ئەنجامدانی چەندین چالاکی ڕۆشنبیری بە هاوبەشی لەگەڵ دەستە و ڕێکخراوە نێوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی هۆشیاری ژینگەیی، مافی مرۆڤ، توند و تیژی دژی ئافرەتان، مافی منداڵ، بەرەنگاربوونی ماددە هۆشبەرەکان.
- ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەك بۆ (٦٥٠) مامۆستای ئایینی خۆبەخش لەسەرتاسەری کوردستان بۆ ئەو وتاربێژانەی کە لە مزگەوتەکانی کوردستان بەشێوەی خۆبەخش کاری وتاربێژی دەکەن.
- ئەنجامدانی (٢) تاقیکردنەوەی یەکسانکردنی بڕوانامەی زانستی بە بڕوانامەی شەشی ئامادەیی خوێندنی ئیسلامی کە ساڵانە دوو جار ئەنجام دەدرێت.

دوازدەهەم: لە بواری خوێندن

- کردنەوەی پەیمانگایەکی پێگەیاندنی مامۆستایانی ئایینی (پێش نوێژ و وتارخوێن) کە بۆ ساڵی ئایینده یەکەم قۆناغی خوێندن دەست پێ دەکات.
- ئەنجامدانی مەراسیمێکی شایستە بۆ ڕێزلێنان بۆ ئەو مامۆستا ئایینیانەی کە بڕوانامەی باڵایان بەدەستهێناوە لە بوارە شەرعییە جیاجیاکان لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوو.
- کارکردن لەسەر گەڕاندنەوەی قوتابخانە ئیسلامییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە کە پێشتر سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بوون، ئێستا پڕۆسەکە لە قۆناغی کۆتایدایە.
- سەرپەرشتی کردنی تاقیکردنەوەکانی وەزاری بۆ قۆناغە کۆتاییەکانی قوتابیانی پەیمانگەی ئەزهەر لە شاری هەولێر.

وەزارەتی کارەبا

وەزارەتی کارەبا

لە ئاستی کارگێڕی:

١- پێداچوونەوە و تەواو کردنی گشت دۆسییەی فەرمانبەران و پاش ووردبین کردنی دۆسییەکان بۆمان دەرکەوت کە ٢٤٩ فەرمانبەر بە شێوەکی نایاسایی پلە، یان پایە، یان زیادکردنی مووچەی پێ دراوە.

٢- دەرچوونی یاسای ژمارە ٦ سالی ٢٠٢١ی وەزارەتی کارەبا بە فەرمی پاش بڵاوکردنەوەی لە گۆڤاری وەقایع کوردستان (٢٧٠).

٣- هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆنترۆڵ گەیاندن و هێنانەکایەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ووزە .

٤- بەستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی دابەشکردنی کارەبای (سۆران +ڕاپەڕین +زاخۆ) بە وەزارەتمان .

٥- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی فرۆشتنی وزە لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان بە مەبەستی زیاد کردنی داهات.

٦- وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی دانانی پێوەری کارەبا بۆ ئەم جێگایانەی کە بەسەر پێچی بنیات ناوە.

٧- جێبەجێکردنی فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە راگرتنی سەرپێچی لەسەر تۆڕی کارەبای هەرێم کە ٦١٦٣ سەرپێچی لابراوە.

٨- وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر بابەتی بەرەو کەرتی تایبەت لە سێکتەری دابەشکردن ئەوەش لە پێناو کۆنترۆڵ کردنی کارەبای بەفیڕۆچوو و کەمکردنی خەرجییەکان و زیادکردنی داهات و پێدانی کارەبای گونجاو بۆ هاووڵاتیان.

٩- دانانی سیستەمی ئەلیکترۆنی و جێبەجێکردنی بەشێوەیەک کە بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاکان نووسراوەکانیان لەڕێگای سیستەمەکە ڕەوانە دەکەن کە ئەمەش بۆتە هۆی کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێرا رایکردنی نووسراوەکان بەشێوەیەکی خێرا کەمکردنەوەی خەرجییەکان .

لە بواری تەکنیکی:

بەرهەمهێنان:

ئەو کارانەی ئەنجامدراون لە ساڵی سێ یەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەرتی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە لایەن وەزارەتی کارەبا:

١- چاککردنەوەرو کارپێکردنەوەی یەکەی چوارەمی وێستگەی کارۆئاوی دوکان کە توانای بەرهەمهێنانی (٨٠ مێگاواتە).

٢- تەرخانکردنی گوژمەی پێویست بۆ چاککردنەوەی ترانسفۆرمەری (١٠٠MVA) یەکەی ژمارە (١)ی وێستگەی کارۆئاوی دەربەندیخان.

٣- دەستکردن بە زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی وێستگەی هەڵمی بازیان (قەیوان) بە دامەزراندنی (٢) یەکەی تر بە توانای (٥٠٠ مێگاوات) دوایی واژوو کردنی گرێبەست لەگەڵیان بە گوژمەی ٣٠ دۆلار لە جیاتی ٣٢ دۆلار بۆ ماوەی (١٥) ساڵ.

٤- دەستکردن بە جێبەجێکردنی گرێبەستی واژووکراو لەگەڵ کۆمپانیای (قیوان) بۆ زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی هەڵمی لە وێستگەی خورمەڵە بە توانای (٥٠٠ مێگاوات) بە گوژمەی ٤٥ دۆلار لە جیاتی ٦٣ دۆلار بۆ ماوەی (١٥) ساڵ.

٥- دەستکردن بە جێبەجێکردنی گرێبەستی واژووکراو لەگەڵ کۆمپانیای (کار) بۆ زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی هەڵمی لە وێستگەی خورمەڵە بە توانای (٥٠٠ مێگاوات) بە گوژمەی ٤٥ دۆلار لە جیاتی ٦٣ دۆلار بۆ ماوەی (١٥) ساڵ.

٦- گرێبەست بۆ دامەزراندنی (٤) چوار وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بە شێوەی (BOT) کە دۆستی ژینگەن لەم شوێنانەی خوارەوە:

- ١٠٠ مێگاوات لە سۆران.
- ١٠٠ مێگاوات لە زاخۆ.
- ٥٠ مێگاوات لە ڕاپەڕین.
- ٥٠ مێگاوات لە گەرمیان.

٧- ڕادەستکردنی زەوی تەرخان کراو لە هەریەکە لە (سۆران، زاخۆ، ڕاپەڕین، گەرمیان) بۆ ئەو وێستگانەی کە لە سەرەوە گرێبەستیان بۆ کراوە.

٨- گرێبەست بۆ دامەزراندنی (٣) وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر بە شێوەی وەبەرهێنان لە لایەن کەرتی تایبەت.

٩- گرێبەست بۆ بە گەڕخستنەوەی وێستگەکانی (٢٩) مێگاواتی لە پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی) کە ئامادەبن بۆ بەرهەمهێنان بۆ هاوینی ئەم ساڵ.

١٠- گرێبەست بۆ بەگەڕخستنەوەو ئەنجامدانی کارەکانی چاکسازی (صیانە) وێستگەی (٥١ مێگاواتی تاسڵوجە) لە سلێمانی بۆ کۆمپانیای (سەرمەشق) بە گوژمەی (١٤ دۆلار بۆ یەک مێگاوات/ کاژێر لە جیاتی ٢٨ دۆلار لە ماوەی گرێبەستی پێشوو) بۆ ماوەی (٧) ساڵ.

١١- دەست بەکاربوونی وێستگەی (١٦٥ مێگاواتی) لە گەرمیان بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا ئەنجامدانی گرێبەست .بە سوود وەرگرتن لە گازی بە فیڕۆچووی بیرە نەوتەکان لە کاتی دەرهێنانی نەوت لێیان .

١٢- تەواو کردنی ڕێژەی (٩٥%) کارەکانی وێستگەی هایدرۆپاوەری دێرەلوک کە بریارە بۆ بەرهەمهێنان ئامادە بێت لە هاوینی ئەم ساڵ.

١٣- ئامادە کردنی تەندەر بۆ پێدانی کارەکانی ئیشپێکردن و کارەکانی چاکسازی (صیانە) ی وێستگەی هایدرۆ پاوەری دێرەلوک بە کەرتی تایبەت بۆ ماوەی (٧) ساڵ کە ئێستا لە پرۆسەی تەندەرینەوە پێشبینی دەکرێت لە ماوەیەکی نزیکدا تەواو ببێت دەست بکریت بە بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا لەم وێستگەیە.

١٤- نۆژەن کردنەوەی سیستەمی ساردکردنەوەی هەردوو یەکەیی ژمارە (٢،٣) وێستگەی کارۆئاوی دەربەندیخان.

گواستنەوە:

١- ڕێکخستنەوەی ناوی گشت وێستگەکانی هەرێم بە وێستگە تایبەتیەکانیشەوە و تۆمارکردنی زانیاری و داتا سەرەکییەکانی ئەم وێستگانە و دواتر گشتاندنیان بۆ گشت سێکتەرەکانی کارەبا، ئەم کارە سوودی زۆری دەبێت بۆ ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەی گشت سێکتەرەکانی کارەبا بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی دابەشکردنی کارەبای شارەکان هەروەها بۆ بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم.

٢- ڕاستکردنەوەی ناوی گشت هێلەکانی ١٣٢ کەڤی و ٤٠٠ کەی ڤی لە تۆڕی کارەبای هەرێم، هەروەها کۆکردنەوەی گشت داتاو زانیاری پێویست لەسەر ئەم هێلانە، بە ئەنجامدانی ئەم کارە کارمەندانی بەشەکانی چاککردنەوە دوور دەبن لەکارەساتی دڵتەزێن.

٣- ئەنجامدانی چەندین لێکۆڵینەوە بە مەبەستی دیراسەتکردن و لێکۆلینەوەی زانستی لە کێشەکانی تۆڕی کارەبای هەرێم بۆ ئەوەی گشت بڕیارەکان دوای دیراسەتکردنی زانستیانە بێت، هەڵساین بە ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردنی چەند لیژنەیەکی هەمیشەیی لە وەزارەت وەك لیژنەکانی (Power Quality, Mapping PSS/E,ASPEN)، و کارکردن بۆ دابینکردنی پێداویستی لیژنەکان لە ئامێر و سۆفتوێری تایبەت بە بابەتە ئاماژە پێدراوەکان لە سەرەوە هەروەها ڕێکخستنی خولی ڕاهێنان بۆ ئەندامانی لیژنەکان لە دەرەوەی وڵات و ناوەوەی وڵات، لە ڕێگای کاری پرۆفیشناڵی ئەم لیژنانە دەتوانرێت تۆڕێکی کارەبای تۆکمەو جێگیر بەدەست بێنین لە هەرێمی کوردستان و لەم ڕێگەیەوە دەتوانین ئەو بڕە کارەبایەی کە لە کوردستان بەرهەم دەهێنرێت بگوازرێتەوە و دابەش بکرێت بە شێوەیەکی یەکسان و بەردەوام و جێگیر و بەباشترین کوالێتی. جگە لەمەش چەند لێکۆڵینەوەی تریش دەربارەی ئیلتیزاماتی کۆمپانیای ماس، داواکاری پارێزگاکان بۆ چاکسازی هەنووکەیی لە سەرجەم وێستگەکانی هەرێمی کوردستان، و هەروەها لێکۆڵینەوەی گرنگیش دەربارەی بار زۆری لە وێستگەکان ئەنجامدراوە.

٤- ئامادەکردنی تەندەر بۆ پڕۆژە جیاجیاکان وەک دانانی وێستگەی جێگیر یاخود مۆبایل بێت، کڕینی گۆڕەر و زیاد کردنی (Bay)، بونیادنانی هێلی ١٣٢ یاخود ٣٣ کی ڤی نێوان چەند وێستگەیەکی دیاریکراو.

٥- ئەنجامدانی بەدواداچوونی بەردەوام بۆ پڕۆژەکان و کێشەکانی کارەبا و هەوڵدان بە چارەسەرکردنیان بە باشترین شێوە.

٦- پێداچوونەوەی بەردەوام بە خشتەی پڕۆژە بەردەوامەکان بۆ نوێکردنەوە و تۆمارکردنی ڕێژەی پێشکەوتنی دارایی و هونەری پڕۆژەکانی سێکتەری گواستنەوە، هەروەها پێشکەش کردنی لیستی پڕۆژە جیاجیاکان بە پێی پلەبەندی (ئەولەویەت) و گرنگی پڕۆژەکان لە هەردوو بواری هێلەکان و وێستگەکان.

٧- ئامادەکردنی لیستی ئەو کەل و پەلانەی کە پێویستە بۆ سێکتەری گواستنەوە (هێلەکان + وێستگەکان) بۆ ئەوەی دواتر نرخەکانیان بخەملێنرێت.

٨- نزیکەی (٥) پڕۆژەی بونیاتنانی هێلی ١٣٢ کی ڤی لە شاری هەولێر دەستبەکارن، وەک التزاماتی کۆمپانیای (ماس) تێکڕای ڕێژەی کاری ئەنجامدراو بۆ گشت ئەم پڕۆژانە ٧٩%.

٩- کارپێکردنی وێستگەی (گرد جوتیار) ١١/٣٣ کەی ڤی بە قەبارەی ١*٣١,٥ ام ڤی ئەی، کە لە لایەن کۆمپانیای (مەلەك)ی لوبنانی بنیاتنراوە بە تێچووی ٣,٨١٤,٨٩٣ دۆلار، لەبەر قەیرانی دارایی لەکاتی ئێستادا تەنیا ٤ فیدەری ١١ کەی ڤی دەرهێنراوە لە کۆی ١٦ فیدەرە، کە بەهۆیەوە چارەسەری بارزۆری بەشێك لە فیدەرەکانی بەحرکەی نوێ و دەوروبەری دەکات.

١٠- پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی وێستگەی مۆبایلی عەنکاوە، ١١/١٣٢ کەی ڤی بە قەبارەی ٢٥ ام ڤی ئەی، لایەنی جێبەجێکار کۆمپانیای رۆشنا بوو. شەش فیدەری ١١ لە وێستگەکە دەرهێنراوەو بۆ چارەسەری بارزۆری ناو ناحیەی عەنکاوە، تێچووی پرۆژە ٣٤٧،١٩٣،٦٠٠ دینار.

١١- ئەنجامدانی رێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیای (شاندز) کە جێبەجێکاری پرۆژەکانی (راکێشانی دوو فیدەری ٣٣ کەی ڤی دەبل سێرکت لە وێستگەی رێزان بۆ هێلی ٣٣ کی ڤی (سۆران - مێرگە سوور / بارزان) و ڕاکێشانی فیدەری ٣٣ کی ڤی دەبل سرکت لە وێستگەی رێزان بۆ وێستگەی شێروان مەزن) و راکێشانی فیدەری ٣٣ کی ڤی دەبل سرکت لە وێستگەی کۆیە بۆ وێستگەی تەق تەق)، راکێشانی فیدەری ٣٣ کی ڤی دەبل سرکت لە وێستگەی خەبات بۆ وێستگەی ئیفراز) و ڕازی بێت بە کەمکردنەوەی گۆژمەی تێچووی پرۆژە بە بڕی (٢٤٠،٠٠٠) دۆلار، و دەست بەکاربوونەوە لە کارکردن بە پێی بەرنامەیەکی پوخت و پلانێکی تۆکمە و خێرا بۆ ئەوەی بتوانرێت بەر لە هاتنی وەرزی زستان کارەکان تەواو بکرێن و کێشەی کارەبای دەڤەرەکە بە یەکجارەکی چارەسەر بکرێت. ڕێژەی ئەنجامدانی کار لە ئێستادا لەم پرۆژەیە بریتیە لە (١٠٠%). سەبارەت بە رێککەوتنی نێوان وەزارەت و کۆمپانیای شاندز، لە فەرمانی وەزاری ژمارە (٣٨٢٨) لە ٢٠١٩/٦/٢٦ دا هاتووە.

١٢- ئەنجامدانی پرۆژەی بونیاتنانی هێلی ١٣٢ کەی ڤی دەبل سێرکت (Twin Teal) بە درێژی (٣٥)کم لە ماوەی (١٢٠) ڕۆژ بە گوژمەی ($٧،٤٢٥،٠٠٠)، لە وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای هەڵمی خەبات بۆ هێلی زەنگەنان ١٣٢ کەی ڤی لە پارێزگای دهۆک، بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی گواستنەوەی وزەی کارەبا لە نێوان هەولێر و دهۆک، بە ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە یەکسانی لە دابەشکردنی بڕە کارەبای بەرهەمهاتوو لە نێوان پارێزگاکانی هەرێم هاتەدی هەروەها کێشەی کەمی کارەبا لە پارێزگای دهۆک چارەسەر کرا.

١٣- لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٩ پرۆژەی گۆڕینی تەلی گەیەنەری ١٣٢ کەی ڤی نێوان وێستگەی شەقڵاوە بۆ وێستگەی سۆران ١/ بە گوژمەی (٦،٧٠٠،٠٥٠ $)، بە کۆمپانیای هێرۆ سپێردرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بارزۆری و نزمی ڤۆڵتیە لە دەڤەری سۆران، ئەم پرۆژەیە ١٠٠% تەواو بووە.

١٤- لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٩ پرۆژەی بونیاتنانی هێلی ١٣٢ کەی ڤی دەبل سێرکت (Twin Teal) بە درێژی (٥٠)کم بە گوژمەی ($٩،٦٢٠،٠٠٠) ، نێوان وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای کاشێ لە دهۆک بۆ وێستگەی زاخۆ/٢ (تەلکەبەر)، بە کۆمپانیای ستێر و شاندز سپێردرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بارزۆری لە دەڤەری زاخۆ، ئەم پرۆژەیە تەواو بووە.

١٥- کارپێکردنی وێستگەی رووناکی لە پارێزگای هەولێر، بە تەوژمی ١١/٣٣ کەی ڤی بە قەبارەی (٢x٣٣،٥MVA).

١٦- چەند پرۆژەک کە لە ژێر ئەنجامدانن یان لە پرۆسەی تێندەرنگن وەک: پرۆژەی دابین کردنی یەک وێستگەی مۆبایل بۆ گەرمیان ، دابینکردن سێ وێستگەی مۆبایل بۆ پارێزگای سلێمانی ، چاککردنەوەی (٤) گۆڕەر بە قەبارەی (٦٣/٥٠/٢٥ MVA) لە پارێزگای هەولێر بە گوژمە ١،١ ملیار دینار، چاککردنەوەی سویجگێر لە وێستگەی سەلاحەددین، کرین و دابینکردنی گۆڕەری پاوەر بە قەبارەی (١٦MVA) بۆ وێستگەی نەسیج.

- **کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەراتی پلاندانان و بەدواداچوونی پڕۆژەکان بۆ ساڵی ٢٠٢١ و (٤) مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ :**

١- ئامادەکردن و گشتاندنی لیستی ژمارە (٣) و (٤) بۆ ناو و ژمارە و جۆر و داتا سەرەکییەکانی وێستگەکانی کارەبای هەرێم (٤٠٠kV-١٣٢kV-٣٣kV).

٢- ئامادەکردنی لیستی پڕۆژەکانی سێکتەری گواستنەوەی وزەی کارەبا، کە لەسەر داهاتی (مقاصە)ی کرێی کارەبای کارگەکانی ئاسن و چمەنتۆ ئەنجام دەدرێن.

٣- ئامادەکردنی هێلکاری و دەرخستەی تەخمینی بۆ پڕۆژەی تۆڕی ٤٠٠ کەی ڤی هەرێم.

٤- کۆبوونەوە دەربارەی کەڵکی ئابوری (دراسة جدوى) ی پڕۆژەکانی سێکتەری کارەبا.

٥- خەملاندن بۆ کێبڵی ژێر زەوی ١٣٢ کەی بۆ بەکارهێنانی لە پڕۆژەی بەستنەوەی وێستگەی نووسەران و وێستگەی بازاڕی نیشتمان بە تۆڕی کارەبای هەرێم، کە لە لایەن کۆمپانیای زاگرۆس جێبەجێ دەکرێت.

٦- خەملاندنی نرخی ڕۆنی گۆڕەری ١٣٢ کەی ڤی، بەمەبەستی دابینکردنی بۆ چاککردنەوەی دوو گۆڕەری ١٣٢ کەی ڤی لە پارێزگای هەولێر کە لە لایەن کۆمپانیای سەرسەنگ جێبەجێ دەکرێت.

٧- کۆکردنەوەی داتا و زانیاری هێلەکانی گواستنەوەی هەرێم لە ڕێگای لیژنەی وەزاری بۆ (یەکخستنی ناوی گشت وێستگەکان و هێلەکانی (٤٠٠kV-١٣٢kV) هەرێمی کوردستان.

- **لێکۆڵینەوە (دیراسەکردن) لە ڕێگای لیژنەی (PSS/E) بۆ ساڵی (٢٠٢١):**

١- دیراسەتکردنی دانانی وێستگەی مۆبایلی سید ڕۆس ٣٣/١٣٢ کەی.ڤی بە قەبارەی (١٦ MVA) لەسەر هێلی (تاسڵوجە - دوکان).

٢- دیراسەتکردنی گواستنەوەی چوار مۆبایل لە پارێزگای هەولێر.

٣- دیراسەتکردنی بونیادنانی وێستگەی (٨) حەسارۆک لە هەولێر.

٤- دیراسەتکردنی دانانی وێستگەی مۆبایلی سایلۆ لەسەر هێلی نێوان وێستگەکانی (هەولێری غازی– کەورگۆسک).

٥- دیراسەتکردنی بونیادنانی وێستگەی ماس لە ناو پڕۆژەی ماس ستی.

٦- دیراسەتکردنی بونیادنانی وێستگەی (چەمچەماڵ / ٢) بەقەبارەی (٣*٦٣ MVA) لە جۆری ١١/٣٣/١٣٢ کەی.ڤی.

٧- دیراسەتکردنی پێدانی کارەبا بە کارگەی ئاسنی خۆشناو، کە پێویستی بە (٧٥ MW) کارەبا هەیە.

٨- دیراسەتکردنی پێدانی کارەبا بە کارگەی ئاسنی ڤان، کە پێویستی بە (١٠٤ MW) کارەبا هەیە.

٩- دیراسەتکردنی پێدانی کارەبا بە کارگەی ئاسنی مید ستیل، کە پێویستی بە (٥٦ MW) کارەبا هەیە.

١٠- دیراسەتکردنی فراوانکردنی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە بری (٥٠٠ MW) لە وێستگەی بەرهەمهێنانی بازیان.

- **کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی وێستگەکان بۆ ساڵی ٢٠٢١ و (٤) مانگی سەرەتا ساڵی ٢٠٢٢:**

ئامادەکردەکردنی تەندەر بۆ:

١- وێستگەی شێخان (١٣٢/٣٣/١١kV-٢*٦٣/٥٠/٤٠MVA) لە پارێزگای دهۆك.

٢- وێستگەی مۆبایلی چۆمان (١٣٢/٣٣kV-/٤٥MVA) و حاجی ئۆمەران (٣٣/١١kV-٢٥MVA) لە پارێزگای هەولێر.

٣- وێستگەی تیمار (١٣٢/٣٣/١١kV-٣*١٢٥/٨٠/٥٠MVA) لە پارێزگای هەولێر.

٤- دابین کردنی محویلەی (٣٣/١١kV-١٦MVA) بۆ وێستگەی سیدەکان لە پارێزگای هەولێر.

- **جێبەجێکردنی پرۆژەکان:**

١- دابینکردنی وێستگەی مۆبایلی (٣٣/١١kV-٢٥MVA) پردی حافز لە پارێزگای هەولێر.

٢- دابینکردنی محویلەی (٣٣/١١kV-١٦MVA) بۆ وێستگەی سیدەکان لە پارێزگای هەولێر.

٣- پرۆژەی گواستنەوەی شەش وێستگەی مۆبایل لە پارێزگای هەولێر.

٤- تەواوبونی وێستگەکان (باداوە-نیشتمان-نووسەران) لە پارێزگای هەولێر.

٥- دەستپێکردنەوەی کارەکانی وێستگەی بەحرکە لە پارێزگای هەولێر.

٦- چاککردنەوەی محویلەی سوتاوی باواجی لە کۆیە (١٣٢/٣٣/١١Kv-٦٣/٥٠/٤٠MVA).

٧- چاککردنەوەی محویلەی سوتاوی وێستگەی سۆران (١٣٢/٣٣/١١Kv-٦٣/٥٠/٤٠MVA).

٨- چاککردنەوەی محویلەی سوتاوی وێستگەی هەولێری نوێ (١٣٢/٣٣/١١Kv-٦٣/٥٠/٤٠MVA).

٩- چاککردنەوەی محویلەی سوتاوی وێستگەی زاخۆ (١٣٢/٣٣/١١Kv-٦٣/٥٠/٤٠MVA).

١٠- چاککردنەوە و گۆڕینی (Disconnector)ی وێستگەی پارك لە پارێزگای هەولێر.

١١- زیادکردنی دوو بەی (Bay) لە وێستگەی سۆران لە پارێزگای هەولێر.

١٢- تەواو بوونی پرۆژەی دانانی وێستگەی شەمامك (١٣٢/١١kV-٢٥MVA) لە پارێزگای هەولێر.

١٣- پرۆژەی دروست کردنی وێستگەی ماس ستی لە پارێزگای هەولێر.

- **کار و چالاکی ساڵی ٢٠٢٢:**

دەستبەکاربوون لە وێستگەی سویچینگی دهۆك لەسەر هێلی ٤٠٠ کەی.ڤی (عێراقی- تورکی) کە دادەمەزرێنرێت لە لایەن کۆمپانیای کار.

- **کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی هێلەکان بۆ ساڵی ٢٠٢١ و (٤) مانگی سەرەتا ساڵی ٢٠٢٢:**

١- ئامادەکردنی تەندەری پرۆژەی بونیادنانی هێلی ٣٣ کەی.ڤی نێوان وێستگەی هەڵەبجە و هێلی خۆرماڵ ٣٣ کەی.ڤی لە پارێزگای هەڵەبجە، تەندەری ژمارە HT-٣٤.

٢- ئامادەکردنی تەندەری پرۆژەی بونیادنانی حەوت هێلی ٣٣ کەی.ڤی لە پارێزگای سلێمانی، تەندەری ژمارە ST-٣٦.

٣- ئامادەکردنی تەندەری پرۆژەی بونیادنانی هێلی ٣٣ کەی.ڤی چۆمان- حاجی ئۆمەران و پرۆژەی بنیاتنانی هێلی ١٣٢ کەی.ڤی سۆران- چۆمان لە پارێزگای هەولێر، تەندەری ژمارە ٣٣-ET.

٤- ئامادەکردنی تەندەری پرۆژەی بونیادنانی هێلی ١٣٢ کەی.ڤی تانجەڕۆ - سید صادق لە پارێزگای سلێمانی، تەندەری ژمارە ٣٢- ST.

٥- ئامادەکردنی تەندەری پرۆژەی بونیادنانی هێلی ١٣٢ کەی.ڤی بازیان - رانیە لە پارێزگای سلێمانی، تەندەری ژمارە ٣١-ST.

٦- ئامادەکردنی تەندەری پرۆژەی گرێدانی وێستگەی شاوێس بە تۆڕی کارەبای ١٣٢ کەی.ڤی پارێزگای هەولێر، تەندەری ژمارە ٣٥- ET.

٧- ئامادەکردنی گرێبەستی پرۆژەی گرێدانی وێستگەی شاوێس بە تۆڕی کارەبای ١٣٢ کەی.ڤی پارێزگای هەولێر، گرێبەستی ژمارە ٣٥- ET.

٨- ئامادەکردنی گرێبەستی پرۆژەی بونیادنانی هێلی ١٣٢ کەی.ڤی تانجەڕۆ - سید صادق لە پارێزگای سلێمانی، گرێبەستی ژمارە ٣٢- ST.

٩- ئامادەکردنی گرێبەستی پرۆژەی بونیادنانی هێلی ١٣٢ کەی.ڤی بازیان - رانیە لە پارێزگای سلێمانی، گرێبەستی ژمارە ٣١-ST.

١٠- سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی بونیادنانی هێلی ١٣٢ کەی.ڤی زاخۆ - کاشێ لە پارێزگای دهۆك، گرێبەستی ژمارە ٢٨-TD.

١١- سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی بونیادنانی هێلی ١٣٢ کەی.ڤی شەقڵاوە - سۆران لە پارێزگای هەولێر، گرێبەستی ژمارە ٢٦-ET.

١٢- سەرپەرشتیکردنی گرێبەستی پرۆژەی بونیادنانی هێلی ٣٣ کەی.ڤی کفری - کفری لە ئیدارەی گەرمیان.

١٣- سەرپەرشتیکردنی گرێبەستی پرۆژەی گۆڕینی تەلی هێلی ١٣٢کەی.ڤی کەلار- حەسیرە لە ئیدارەی گەرمیان.

١٤- سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی بونیادنانی هێلی ٣٣ کەی.ڤی لە پارێزگای هەولێر ناوچەکانی (بارزان- ڕێزان- مێرگەسۆر- تەقتەق- کۆیە- خەبات- ئیفراز) بە گرێبەستی ژمارە ٠٣ -NET.

١٥- پێداچوونەوە و پەسەندکردنی ئەو کەشف و دەرخستانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پارێزگاکانەوە ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە دەکرێت.

بۆ زیاتر زانیاری پێدان لەسەر کار و چالاکی پڕۆژە ئەنجامدراوەکانی سێکتەری گواستنەوەی وزەی کارەبا لە ماوەی سێ ساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە خوارەوە خشتەی زانیاری پڕۆژە ئەنجامدراوەکان و بەردەوامەکان دەخەینە روو بۆ زانینی تەواوی زانیاری سەبارەت بەگشت پڕۆژەکانی هەرێمی کوردستان لە سێکتەری گواستنەوەی وزەی کارەبا وەک (ناوی پڕۆژە، ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار، گوزمەی پڕۆژە، ڕۆژی دەستبەکاربوون، ماوەی پڕۆژە، ڕێژەی بەرەوپێش چوونی کار):

١	**ناوی پڕۆژە**	بونیادنانی چوار وێستگەی گۆڕینی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی GIS
	شوێنی پڕۆژە و شوێنی سوودمەند	بازاڕی نیشتیمان، نووسەران، شاوێس، باداوە (ناوەندی هەولێر- شاوێس/ هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	زاگرۆس- دیەن
	گوزمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	$ ٥٩,٠٥٥,٠٠٠
	ڕێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (ڕۆژ)	٢٠١٤/٤/٢٨ - ٢٠٢٠/٧/٢٥ (١٠٨٠) ڕۆژ
	ڕێژە ٪	٪٩٨
	تێبینی	

٢	**ناوی پڕۆژە**	بونیادنانی وێستگەی گۆڕینی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی GIS
	شوێنی پڕۆژە و شوێنی سوودمەند	بازاڕی نیشتیمان/ (ناوەندی هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	زاگرۆس-دیەن
	گوزمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	$٨١٢,٩٩٥,١٣
	ڕێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (ڕۆژ)	٢٠٢٠/٧/٢٥ (٣٦٥ ڕۆژ)
	ڕێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	پڕۆژەکە کەوتۆتە کار و تەواو بووە

٣	**ناوی پڕۆژە**	بونیادنانی وێستگەی گۆڕینی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی GIS
	شوێنی پڕۆژە و شوێنی سوودمەند	نووسەران (ناوەندی هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	زاگرۆس-دیەن
	گوزمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	$٣٣٥,١٨٢,١٣
	ڕێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (ڕۆژ)	٢٠٢٠/٧/٢٥
	ڕێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	پڕۆژەکە کەوتۆتە کار و تەواو بووە

٣	**ناوی پڕۆژە**	بونیادنانی وێستگەی گۆڕینی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی GIS
	شوێنی پڕۆژە و شوێنی سوودمەند	شاوێس – (شاوێس/ هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	زاگرۆس-دیەن
	گوزمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	$٧٣٨,٩١٧,١٥
	ڕێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (ڕۆژ)	٢٠٢١/١/٢٤ (٣٦٥)
	ڕێژە ٪	٪٩٤
	تێبینی	پڕۆژەکە بەردەوامە

٤	**ناوی پڕۆژە**	بونیادنانی وێستگەی گۆڕینی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی GIS
	شوێنی پڕۆژە و شوێنی سوودمەند	باداوە (ناوەندی هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	زاگرۆس-دیەن
	گوزمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	$٧٣٨,٩١٧,١٥
	ڕێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (ڕۆژ)	٢٠٢٠/٧/٢٥ (٣٦٥)
	ڕێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	پڕۆژەکە کەوتۆتە کار و تەواو بووە

٥	**ناوی پڕۆژە**	پڕۆژەی بونیادنانی وێستگەی کەسنەزان تەوژمی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی قەبارە ٢*(٦٣/٥٠/٤٠) ام ڤی ئەی + بونیادنانی وێستگەی ازادی نوێ GIS تەوژمی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی قەبارە ٢* (١٢٥/٨٠/٥٠) ام ڤی ئەی + فراوانکردنی وێستگەی سۆران بە زیادکردنی یەک گۆڕەر (٦٣/٥٠/٤٠) ام ڤی ئەی لەگەڵ هەمو پێداویستییەکانی جیهەتی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی + بونیادنانی وێستگەی رووناکی تەوژمی (٣٣/١١) کەیڤی قەبارە ٢* ٣١,٥ ام ڤی ئەی + بونیادنانی وێستگەی بەحرکە تەوژمی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی قەبارە ٣* (٦٣/٥٠/٤٠) ام ڤی ئەی
	شوێنی پڕۆژە و شوێنی سوودمەند	کەسنەزان، ئازادی، سۆران، رووناکی، بەحرکە (ناوەندی هەولێر-کەسنەزان-بەحرکە-سۆران/ هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	بێست
	گوزمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	$ ٤٥,٩٩٥,٨٣٣
	ڕێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (ڕۆژ)	٢٠١٤/٦/٣ تا ٢٠٢٠/٩/٢٣ (٧٣٠ ڕۆژ)
	ڕێژە ٪	٪٨٦
	تێبینی	پڕۆژەکە ماوەیەکی زۆر کێشەی دارایی و کێشەی زەوی هەبوو بۆیە دواکەوت دووبارە کۆمپانیا دەست بەکاربوونی نوێی بۆ کراوە. بەڵام ئێستا پڕۆژەکە بەردەوامە

٦	ناوی پرۆژە	وێستگەی کەسنەزان (مۆنۆمێنت) بە قەبارەی ٢*(٦٣/٥٠/٤٠) ام ڤی ئەی
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	کەسنەزان (کەسنەزان/ هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	بێست
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	١٠،٠٤٣،٩٧٥ $
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠١٤/٥/٣
	رێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	پرۆژەکە تەواو بووە

٧	ناوی پرۆژە	تەواوکردنی وێستگەی رووناکی (٣٣/١١) کەیڤی بە قەبارەی ٢* (٣١،٥) ام ڤی ئەی
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	رووناکی (ناوەندی هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	بێست
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	٤،٤١٥،٤٧٢ $
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠١٤/٨/١٢
	رێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	پرۆژەکە تەواو بووە

٨	ناوی پرۆژە	بونیادنانی وێستگەی ازادی نوێ (زانیاری) GIS تەوژمی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی قەبارە ٢* (١٢٥/٨٠/٥٠) ام ڤی ئەی
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	ئازاد (ناوەندی هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	بێست
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	١٤،٧٧٠،١٩١ $
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠١٥/٧/١
	رێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	پرۆژەکە تەواو بووە

٩	ناوی پرۆژە	فراوانکردنی وێستگەی سۆران بە زیادکردنی یەک گۆڕەر بە قەبارەی (٦٣/٥٠/٤٠) ام ڤی ئەی لەگەڵ هەمو پێداویستییەکانی جیهەتی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	سۆران (سۆران /هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	بێست
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	٤،٤٩٩،١٢٥ $
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠١٤/٦/٣
	رێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	پرۆژەکە تەواو بووە

٩	ناوی پرۆژە	بونیادنانی وێستگەی بەحرکە تەوژمی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی قەبارە ٣* (٦٣/٥٠/٤٠) ام ڤی ئەی
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	بەحرکە (بەحرکە/ هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	بێست
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	١١،٧٦١،٧٤٧ $
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠١٦/١/١٣ (٢٠٢٠/٩/٢٣)
	رێژە ٪	٪٣٥
	تێبینی	پرۆژەکە راوەستاوە بەهۆی نەبوونی ڕێڕەو بۆ بەستنەوەی وێستگەی بەحرکە بە تۆڕی کارەبای نیشتیمانی

١٠	ناوی پرۆژە	نۆژەنکردنەوەی وێستگەی مۆبایلی پیرمام تەوژمی (١٣٢/١١) بە قەبارەی (٢٥) ام ڤی ئەی
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	پیرمام (پیرمام/ هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	جێبەجێکردنی راستەوخۆ
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	٨٠،٠٠٠،٠٠٠ دینار
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	
	رێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	پرۆژەکە تەواو بووە

١١	ناوی پرۆژە	بەستنی پاوەر ترانسفۆرمەری ٣٣/١١ بە قەبارەی (١٦) ام ڤی ئەی بۆ وێستگەی چۆمان
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	چۆمان (چۆمان/ هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	سەرسەنگ
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	٤٢٥،٠٠٠،٠٠٠دینار
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠١٩/١٠/١٤ (١٦٥) رۆژ
	رێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	پرۆژەکە تەواو بووە

١٢	ناوی پرۆژە	تەواوکردنی وێستگەی گردجوتیار (٣٣/١١) کەیڤی بە قەبارەی ٣١،٥ ام ڤی ئەی
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	گردجوتیار (گردجوتیار/ هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	مەلەك
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	$ ٣،٨١٤،٨٩٣
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠١٢/٢/٥
	رێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	پرۆژەکە تەواو بووە

١٣	ناوی پرۆژە	نۆژەنکردنەوەی وێستگەی مۆبایلی پارك (١٣٢/١١) بە قەبارەی (٢٥) ام ڤی ئەی
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	عەنکاوە (ناوەندە هەولێر- عەنکاوە-جەژنیکان/ هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	رۆشنا
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	٣٤٨،٠٠٠،٠٠٠دینار
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	١٢٠
	رێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	پرۆژەکە تەواو بووە

١٤	ناوی پرۆژە	تەواوکردنی وێستگەی مۆبایلی شەمامك
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	شەمامك (شەمامک/ هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	بێست
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	$ ١،٤١٢،٧٢٤
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠٢١/١/١٢
	رێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	پرۆژەکە تەواو بووە

١٥	ناوی پرۆژە	دانانی وێستگەی مۆبایلی سالح ئاغا لە ناحیەی قۆرەتوو بەتوانای ٢٥MVA-٣٣/١١kV
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	ناحیەی قۆرەتوو (قۆرەتو/ گەرمیان)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	مادۆ
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	١،٢٢١،١٤٤،٢٦٧ دینار
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠٢٠/١/٢٨
	رێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	پرۆژەکە تەواو بووە

١٦	ناوی پرۆژە	وێستگەی شێروان مەزن (٣٣/١١) کەیڤی بە قەبارەی ٢* (١٦) ام ڤی ئەی
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	شێروان مەزن (شێروان مەزن/ هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	مەلەك
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	$ ٣،٥٠٣،٦٢٨
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	
	رێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	رێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١٦ پرۆژەکە تەواو بوو

١٧	ناوی پرۆژە	گواستنەوەی ٦ وێستگەی مۆبایل لە پارێزگای هەولێر
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	دارەشەکران، مەخمور، بازارگە، تیمار، سۆران (هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	گرشین
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠٢١/٨/٢ (٩٠)
	رێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	پرۆژەکە تەواو بووە

١٨	ناوی پرۆژە	وێستگەی هەڵمی خەبات-زەنگەنان ١٣٢ کەیڤی
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	خەبات/ (زەنگەنان دهۆك)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	هێرۆ
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	$ ٧،٤٢٥،٠٠٠
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠١٩/٨/٢٥
	رێژە ٪	٪١٠٠
	تێبینی	پرۆژەکە تەواو بووە

١٩	ناوی پرۆژە	وێستگەی شەقڵاوە و مەفرەقی سۆران
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	شەقڵاوە/ سۆران (سۆران/هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	هێرۆ
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	٦،٧٠٠،٠٥٠ $
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠٢٠/١٢/١٠ (١٨٠) رۆژ
	رێژە ٪	١٠٠٪
	تێبینی	بەشی یەکەمی پرۆژەکە کە (٣٧کم) تەواو بووە

٢٠	ناوی پرۆژە	بەرهەمهێنانی کارەبای کاشێ
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	کاشێ/ زاخۆ (زاخۆ/ دهۆك)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	ستێر+شاندز
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	٩،٦٢٠،٠٠٠ $
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠٢٠/٩/٢٣ (١٨٠) رۆژ
	رێژە ٪	٩٩٪
	تێبینی	پرۆژەکە تەواو بووە

٢١	ناوی پرۆژە	بونیادنانی هێڵی ٣٣kV DC Lark نێوان وێستگەکانی کفری ٣٣kV و١٣٢kV بەدرێژی ٧,٥ کم
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	کفری (کفری/گەرمیان)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	دییەن
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	٨٧٥،٠٠٠ $
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠٢١/٢/١٥ (١٨٠) رۆژ
	رێژە ٪	١٠٠٪
	تێبینی	لە ٢٠٢١/٦/٤ پرۆژەکە تەواو بووە

٢٢	ناوی پرۆژە	گۆڕینی تەلی گەیەنەری هێڵی ١٣٢kV لە DC lark بۆ DC lark HTLS بە درێژی ٢٩ کم
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	کەڵار- سەرقەڵا (گەرمیان)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	دییەن
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	لە سەر بودجەی کۆمپانیای ئەگریکۆیە بە پێی گرێبەست لەگەڵ سامانە سروشتیەکان
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠٢١/١/١٣ (١٨٠) رۆژ
	رێژە ٪	١٠٠٪
	تێبینی	لە ٢٠٢١/٦/٢٢ پرۆژەکە تەواو بووە

٢٣	ناوی پرۆژە	بەستنەوەی وێستگەی کەسنەزان بە هێڵی ١٣٢ کەیڤی (DC Twin Teal OHTL) ڕۆژهەڵاتی هەولێر/ تەق تەق
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	کەسنەزان (کەسنەزان-ناوەندی هەولێر/هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	دڵسۆز
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	٤٦٠،٩٠٠،٠٠٠دینار
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠٢٠/٧/٥ (٦٠) رۆژ
	رێژە ٪	١٠٠٪
	تێبینی	لە ٢٠٢٠/٨/٢٨ پرۆژەکە تەواو بووە

٢٥	ناوی پرۆژە	کێشانی هێڵی Kv ٣٣ لە ناوچەی سۆران
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	هەولێر (مێرگە سوور -بارزان-شیروان مەزن- تەق تەق-ئیفراز/هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	شاندز
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	١١،٩٦٠،٠٠٠$
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠١٩/٦/٢٠ (١٨٠) رۆژ
	رێژە ٪	١٠٠٪
	تێبینی	پرۆژەکە تەواو بووە

٢٦	ناوی پرۆژە	پرۆژەی بونیادنانی هێڵەکانی ١٣٢ کەیڤی لە پارێزگای هەولێر: ١- هەولێر غازی - قوشتەپە (١٧کم) - (٥٠) تاوەر- کۆمپانیای زۆزگ. ٢- سەنتەری هەولێر -ڕۆژئاوای هەولێر (١٨کم) - (٥٣) تاوەر - کۆمپانیای زۆزگ. ٣- ئازادی - ڕۆژئاوای هەولێر (٦کم) - (١٧) تاوەر - کۆمپانیای TL. ٤- ڕۆژئاوای هەولێر - خەبات (٢٥ کم) - کۆمپانیای TL. ٥- کەسنەزان شاویس (١٣کم) - کۆمپانیای TL
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	هەولێر (هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	ماس
	گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	١٥،٤٨٠،٠٠٠$
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠١٨/١٢/٢٤ (٣٦٥) رۆژ
	رێژە ٪	٩٨٪

٢٧	ناوی پرۆژە	گرێدانی وێستگەی ئازادی نوێ بە هێڵی ١٣٢ کەیڤی بە هێڵی نێوان وێستگەی ئازادی و وێستگەی باشور
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	هەولێر (هەولێر)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	دڵسۆز
	گوزمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	١٤٥،٠٠٠،٠٠٠ دینار
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠٢٠/٧/٥ (٤٥) رۆژ
	رێژە ٪	١٠٠٪
	تێبینی	لە ٢٠٢٠/٩/١٩ پرۆژەکە تەواو بووە

٢٨	ناوی پرۆژە	بونیادنانی هێڵی ١٣٢ کەیڤی جۆری (O.H.L. – D/C – T.T) بۆ (بەستنەوەی وێستگەی رانیە بە هێڵی چوارقورنە /قەڵادزە)، (وێستگەی سیدصادق-وێستگەی هەڵەبجەی شەهید) ، (وێستگەی پێنجوین – هێڵی هەڵەبجە/ سید صادق) KRG-MOE/ST-١١/٢
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	رانیە، سید صادق، هەڵەبجە، پێنجوین | رانیە، سید صادق، هەڵەبجە، پێنجوین، سلێمانی
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	دیەن
	گوزمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	٢٦،٥٢١،٠٠٠،٠٠٠
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠١٢/٥/١٣ (٨٦٥) رۆژ
	رێژە ٪	

٢٩	ناوی پرۆژە	بونیادنانی هێڵی ١٣٢ کەیڤی جۆری (O.H.L. – D/C – T.T) بۆ وێستگە کەلار-هێڵی باشووری سلێمانی/ بەرهەمهێنانی چەمچەماڵ ٥٣کم ١٢/٢٠١ KRG-MOE/ST
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	چەمچەماڵ – کەلار (چەمچەماڵ، کەلار،/سلێمانی/، ئیدارەی گەرمیان)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	کناڵ ایران
	گوزمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	٣٩،١٩٤،٠٠٠،٠٠٠
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠١٢/٤/٢٣ (١٠٩٢) رۆژ
	رێژە ٪	١٠٠%

٣٠	ناوی پرۆژە	بونیادنانی وێستگەکانی گۆڕینی ١٣٢ کەیڤی کانی بەردینە (قوڵەرەیسی)، کانی سپیکە، تانجەڕۆ ، ڕانیە ، هەروەها زیادکردنی چوار خانەی ١٣٢ کەیڤی. KRG-MOE/SS-٠٦A/٢٠١١
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	ناوەندی سلێمانی تانجەڕۆ، رانیە، سید صادق (ناوەندی سلێمانی تانجەڕۆ، رانیە، سید صادق/ سلێمانی)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	زۆزگ
	گوزمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	٦٥،٩١٠،٠٠٠،٠٠٠
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠١٢/٥/٩ (١١٥٨) رۆژ
	رێژە ٪	١٠٠%

٣١	ناوی پرۆژە	کرینی ٣ بریکەری ١١ کی.ڤی بۆ موبایلی سەید صادق +چاککردن و رێکخستنەوەی هێڵی ٣٣کی.ڤی گردی جۆگە + کرینی ٢ محویلەی ئۆگزیلەری بة توانای ٢٥٠ کی.ڤی ئەی ٠،٤/٣٣ کی.ڤی
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	سید صادق (سەید صادق/ سلێمانی)
	ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار	راستەوخۆ
	گوزمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو)	٩٨،٠٠٠،٠٠٠
	رێکەوتی دەستپێکردن و تەواوکردن (رۆژ)	٢٠١٨/٩/١٢
	رێژە ٪	١٠٠%

٣٢	ناوی پرۆژە	چاکسازی گۆڕەرەکانی گۆڕینی کارەبا لە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و راپەڕین (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی
	شوێنی پرۆژە و شوێنی سوودمەند	هەڵەبجە و گەرمیان و راپەڕین (راپەڕین سلێمانی هەڵەبجە گەرمیان)
- بەشداریکردنمان لە کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری لەسەر بابەتی نووسین و داڕشتنەوەی دەستور لەگەڵ فراکسیۆنە تورکمانییەکانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری تورکمان و ڕاوێژکاری پێکهاتەی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان.

سەردانی کردن :

- سەردانکردنی پارتە سیاسییەکان و کونسوڵخانەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ دۆخی هاووڵاتیانی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان.
- لە ماوەی یەک ساڵدا بۆ لە نزیکەوە ئاگادار بوون سەردانی مەیدانی چەندین شوێنی ئاینی و کلتوریی و دێرینەکانی پێکهاتەکانمان کرد لە هەرێمی کوردستان وەک (پارێزگای هەولێر و قەزای خەبات گوندی سەفییەی کاکەییەکان و پارێزگای دهۆک و قەزای زاخۆ، قەزای شێخان و لالش گوندەکانی دەوروبەری، پارێزگای سلێمانی، قەزای سۆران، قەزای کفری و قەزای کەلار) کۆبوونەوەمان لەگەڵ پارێزگارانی ئەم شارانە، مەبەست لە سەردانەکان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و گوێ گرتن لە داواکارییەکانی هاووڵاتیانی گشت پێکهاتەکان.
- سەردانکردنی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی و سەرۆک بەشی کارگێڕی و ئابوری و سەرۆکایەتی زانکۆی شاری مێرسین.

پێشوازی و کۆبوونەوەکان :

لە ماوەی ئەم ساڵەدا پێشوازیمان لە نوێنەرانی تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان کردووە، لەسەر ئاستەکانی سیاسی، پەروەردە، ڕۆشنبیری، کلتوری، کەسایەتی، ڕێکخراوەیی.

- بەشداربووین لە شاندی پێشوازی کردنی (مستەفا کازمی) سەرۆک وەزیرانی عێراق لە هەرێمی کوردستان.
- پێشوازیمان کرد لە شاندێکی باڵای یەکێتی زانکۆ جیهانییەکان بە سەرۆکایەتی بەڕێز (د. ئۆرهان حیکمەت ئۆغلو) و بەڕێز (هاکان کاراچای) کونسوڵی گشتی کۆماری تورکیا.
- بەشداریکردنمان لە مێزگردی پرۆگرامی پاراستنی مافی کەمینەکان و داکۆکیکردن لە هەمە چەشنە لە هەرێمی کوردستان و دەشتی نەینەوا .
- پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (صفاء صباح هندی) ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق (مستەفا کازمی) لە شاری هەولێر.
- پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (فاتح یەڵدز) باڵیۆزی کۆماری تورکیا لە بەغدا لە شاری هەولێر.

لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و وڵاتانی هەرێمی دەوروبەر:

بەشداریکردنمان لە چەندین سیمینار و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لەوڵاتی تورکیا کە ستراتیژی هەرێمی کوردستان بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانەی پێکهاتەکان و گرنگی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم رونکراوەتەوە:

- لە میانەی سەردانکردنی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان بۆ لای بەڕێز مولود چاوشئۆغلو وەزیری دەرەوەی کۆماری تورکیا بە مەبەستی پتەو کردنی پەیوەندی نێوان نێوان هەولێر و ئەنقەرە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٦.
- کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی لە شاری مێرسینی تورکیا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٧.
- بەشداریکردن لە چوارەمین لوتکەی وەبەرهێنان و بازرگانی عێراق و تورکیا لە شاری مێرسین ڕێکەوتی ١٧-٢٠٢٠/٩/١٨.
- بەشداریکردن لە پێنجەمین کۆنفرانسی TEDx نیشتمان لە هەولێر ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/١٣.

- ئەنجامدانی مەراسیمی ١١٠مین ساڵیادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری تورکمان ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٢٥.
- بەشداریکردن لە مەراسیمی کردنەوەی پێنجەمین کۆڕسی ڕاهێنانی ڕۆژنامەنوسانی پێکهاتەکان کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی (CDO) سەنتەری میترۆ ئەنجامدرا لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٢.
- سەردانی کردنمان بۆ بارەگای سەرەکی ناوەندی لیکۆڵینەوەی ستراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ORSM) لە وڵاتی تورکیا ٢٠٢٠/٨/٦.
- سەردانی کردنمان بۆ یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی، یەکێتی پیشەوەر و خاوەن کارانی شاری شرناخ لە وڵاتی تورکیا ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢١.
- ئەنجامدانی کۆنفڕانسێک بۆ شیکردنەوەی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ ، یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان- عێراق لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٥.
- بەشداریکردن لە (٧)هەمین ساڵەی مەڕاسیمی دابەشکردنی خەڵاتی ساڵانەی دەزگای ڕوانگە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٢٠.
- دوای سەردانی کردنمان بۆ وڵاتی تورکیا کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆکایەتی دەزگای تورکانی دەرەوە و کۆمەڵگا ناسیاوەکان (YTB) ، بڕیار درا بە پێدانی (٢٠) بیست کورسی بەخششی خوێندن (المنحة الدراسية) بۆگشت پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی هەرێمی کوردستان.

خزمەتگوزاری:

- لە ماوەی ئەم ساڵەدا چەندین هەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاریمان ڕاگەیاند کە پێکهاتبوون لە خۆراک و پێداویستی تەندروستی و خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا و پاشان بەسەر هاووڵاتیان و خێزانە کەمدەرامەتەکانی پێکهاتەکان دابەشکراوە .
- دابەشکردنی هاوکاری مرۆیی (سەبەتەی خۆراک) بەسەر کەمپی شێخان .
- دابەشکردنی هاوکاری مرۆیی (سەبەتەی خۆراک) بەسەرکەمپی لالش کە لە لایەن ڕێکخراوەکانی خێرخوازی مانگی سوری تورکی و عێراقی ئامادەکرابوو .

ساڵی (سێیەم)

پێشــەکی

هەرێمی کوردستان لە چەند پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئاینی مەزهەبی پێکدێت، پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان وایکردووە ببێتە نموونەیەکی جوان بۆ ناوچەکە، و جێگەی دەستخۆشی و شانازییە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هۆکاری سەرەکییە لە درووستبوون و بەردەوامبوونی ئەو پێکەوەژیانە لە ڕێگای وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان، ئەمەش وا دەکات سەقامگیری سیاسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی ڕەنگبداتەوە لە نێو کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی گشتی.

بۆ پاراستنی زیاتری ئەم پێکەوەژیان و فرە کلتوورییە و پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوانیان و ڕەواندنەوەی نیگەرانی و نەهێشتنی بیری تووندڕەوی، پێویستە هەموومان هەماهەنگ بین.

لەسەر ئاستی پێکەوەژیان و ئازادی و دیموکراسی:

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پاراستنی سەقامگیری سیاسی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، بریتیە لە پرنسیپی گیانی لێبووردەیی و قبوڵکردنی یەکتری و لە پێناو زاڵبوون بەسەر هەر بیروڕایەکی سیاسی، نەتەوەیی، مەزهەبی، کە بیەوێت ناکۆکی و درز بخاتە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ قووڵکردنەوەی زیاتری ڕۆحی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکان لەگەڵ تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان زنجیرەیەك کۆبوونەوەی گرنگ ئەنجامدراوە بەم شێوەیە:

١- کۆبوونەوەمان لەگەڵ نوێنەرانی سەر بە پێکهاتەی نەتەوەیی (تورکمانی و کلدانی سریانی ئاشوری) پێکهاتە ئاینییەکانی (مەسیحی، ئێزیدی، کاکەیی، صابیئەی مەندائی، شەبەک، فەیلی، زەردەشتی ...هی دیکە، بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە داواکاری و خواستی پێکهاتەکان.

٢- ئەنجامدانی پانێلێک لە ژێر ناونیشانی (شیکردنەوەی یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥ی یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان -عێراق) بۆ نوێنەرانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە مەبەستی زیاتر ئاشنا بوون بە ماددە و بڕگەکانی یاساکە.

٣- کۆبوونەوە لەگەڵ بەشی هەرە زۆری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چالاکوانان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا.

٤- کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێک کەسانی ئەکادیمی و نوسەرانی سەر بە پێکهاتەکان.

٥- لەسەر ئاستی پەروەردە فێرکردن کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیارانی خوێندنی گشتی تورکمانی و سریانی لە زانکۆ و قوتابخانەکان.

٦- لە ژێر چاودێری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان پانێلێک لەژێر ناونیشانی (ڕۆڵی پێکهاتەکان لە نوسینەوەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان) بۆ نوێنەرانی بەشێک لە پێکهاتەکانی (تورکمان و کلدان سریان ئاشور)ی ڕێکخرا.

٧- ئەنجامدانی سیمیناری پەروەردەیی بۆ پێکهاتەی تورکمان و کلدانی سریانی ئاشوری بۆ هەر یەکیان بە جیا.

٨- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە ڕەوشی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

٩- بەشداریکردن لە (دیداری مێری) لە ژێر ناونیشانی (ڕوانگەی هێزە ئیقلیمییەکان لە دەوروبەری عێراق بۆ سەقامگیری و هێنانەکایەوەی نیزامێکی نوێ لە ناوچەکە).

١٠- مەراسیمی ١٧ی تشرینی دووەمی ڕۆژی زمان و کولتووریی تورکمانی، کە لەلایەن نووسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان ڕێکخرابوو، و تێیدا ڕێزی لە کۆمەڵێك لە نووسەر و مامۆستا و گۆرانبێژی سەر بە پێکهاتەکان نا.

١١- بەشداریکردنی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە کۆنفرانسی تایبەت بە ڕەوشی کۆچبەران بە بەشداریی لایەنە سیاسییەکان.

١٢- بەشداریکردن لە مەڕاسیمی ناساندنی پڕۆژەی پێکەوەژیان و ئاشتەوایی.

١٣- کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سوید بەڕێز (خاتوو ئان لیندی) بە ئامادەبوونی سەرجەم نوێنەرانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکان.

١٤- بەشداریکردن لە "دووەمین کۆنفرانسی ئاشتی لە ڕێگەی میانڕەوی" لە شاری هەولێر.

١٥- لەژێر چاودێریی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان بەشداری لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی پێکهاتەکان کرد.

سەردانیکردن :

١- سەردانیکردنی پارتە سیاسییەکان و کونسوڵخانەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی دواداچوون بۆ دۆخی هاووڵاتیانی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

٢- لە ماوەی یەک ساڵدا بۆ لە نزیکەوە ئاگادار بوون سەردانی مەیدانی چەندین شوێنی ئاینی و کلتوریی و دێرینەکانی پێکهاتەکانمان کرد لە هەرێمی کوردستان وەک (پارێزگای هەولێر و پارێزگای دهۆک و قەزای شەقڵاوە و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ قەزای شێخان ولالش گوندەکانی دەوروبەری، ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، قەزای کۆیە، قەزای کفری) کۆبوونەوەمان لەگەڵ پارێزگارانی ئەم شارانە، مەبەست لە سەردانەکان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و گوێ گرتن لە داواکارییەکانی هاووڵاتیانی گشت پێکهاتەکان بوو.

٣- سەردانی کردنی (دکتۆر ئارام محمد قادر) وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەگەڵ شاندی یاوەری و بە ئامادەبوونی هەریەک لە سەرۆکی بەشەکانی زمانی تورکی و سریانی زانکۆی سەڵاحەددین بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە داواکاری و پێشنیازی پێکهاتەکان لە سێکتەری خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.

٤- سەردانی بەڕێز (عبدالله حاجی مەحمود) وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کرد لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی کەسوکاری شەهیدانی پێکهاتەکان و سودمەندبوونیان لە ماف و ئیمتیازەکان.

٥- سەردانیکردنمان بۆ فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

پێشوازی و کۆبوونەوەکان:

لە ماوەی ئەم ساڵەدا پێشوازیمان لە نوێنەرانی تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان کردووە، لە سەر ئاستەکانی سیاسی، پەروەردە، ڕۆشنبیری، کولتوری، کەسایەتی، ڕێکخراوەیی...

١- پێشوازیکردن لە بەڕێز (علی ڕەزا گونای) باڵیۆزی کۆماری تورکیا لە عێراق و شاندی یاوەری.

٢- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە یادی حەوتەمین ساڵیادی کۆمەڵکوژی سەر پێکهاتەی ئێزیدیەکان، پێشوازی کرد لە بەشێک لە کچانی پێکهاتەی ئێزیدی ڕزگاربوو لە دەستی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش.

٣- لەپای هەوڵ و ماندووبونیان لە بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن خەڵاتی ڕێزلێنانمان بەخشیە بەشێک لە مامۆستایان و وەرزشوانان و هونەرمەندانی سەر بە پێکهاتە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان.

٤- پێشوازیکردن لەشاندێکی باڵای دامەزراوەی نێودەوڵەتی مەعاریف بە سەرۆکایەتی بەڕێز (ئەحمەد زەکی) بەرپرسی عێراقی دامەزراوەکە.

٥- پێشوازیکردن لە بەڕێز (شارلی انویە تکیە) نوێنەری پێکهاتەی کریستیان (کلدانی سریانی ئاشوری) و ئەندامی ئەنجومەنی شورای جمهوریەتی ئیسلامی ئیران و بە ئامادەبوونی علی زهرەوند نوێنەری دیپلۆماسیی کونسوڵگەریی گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەولێر.

٦- پێشوازیکردنی لە گرووپێکی چالاکوانی مەدەنی سەربە پێکهاتە جیاوازەکان بە مەبەستی ئاگاداربوون لە داواکارییەکانیان.

٧- پێشوازیکردنمان لە شاندێکی هاوبەشی کەسایەتییە کریستیانەکانی فنلەندا وبەریتانیا وئەمریکا کە لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان کاردەکەن.

٨- کۆبوونەوەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری پرۆژەی ئەکادیمیای (تورکمانی و سریانی).

٩- کۆبوونەوەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری پرۆژەی ئەکادیمیای (تورکمانی و سریانی) لە پەرلەمانی کوردستان.

١٠- پێشوازیکردنمان لە هەریەک خاتوو ئەلیسا چافێز بەرپرسی بەرنامەکانی عێراق لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی (ستیفانوس) بۆ ئازادیی ئاینی و د.سعد سلوم سەرۆکی دەزگای مەسارات بۆ میدیا و فرەیی.

١١- پێشوازیکردن لە نوێنەرانی بەشێک داهێنەری سەربە پێکهاتەکان و لەمیانەی مەڕاسیمەکەدا قەڵغانی داهێنەرانی پێیان بەخشی، بەبۆنەی ساڵیادی ڕۆژی جیهانیی فرەیی.

لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و وڵاتانی هەرێمی دەوروبەر:

کۆبوونەوە و بەشداریکردنمان لەچەندین سیمینار و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە وڵاتی تورکیا کە ستراتیژی هەرێمی کوردستان بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانەی پێکهاتەکان و گرنگی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم روونکراوەتەوە:

١- لە میانەی سەردانیکردنی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان بۆ لای بەڕێز (مەولود چاوشئۆغلو) وەزیری دەرەوەی کۆماری تورکیا بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەولێر و ئەنقەرە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٩.

٢- بەشداریکردن لە پانێلی هاوبەشی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو لەگەڵ سەنتەری نون سەبارەت بە پەیوەندییەکانی تورکیا - عێراق وهەرێمی کوردستان.

٣- لە میانەی سەردانیکردنمان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/١٧ بۆ وڵاتی تورکیا کۆبوونەوەمان لەگەڵ دامەزراوەی خوێندنی باڵای تورکیا لە شاری ئەنقەرە ، بڕیاردرا بە پێدانی (٢٠) بیست کورسی خوێندن (المنحة الدراسية) بۆ پێکهاتەکان و هەماهەنگی هەبێت لە نێوان زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و زانکۆکانی وڵاتی تورکیا.

٤- دوای سەردانیکردنمان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/١٧ بۆ سەرۆکایەتیی (YTB) سکۆلەرشیب دەزگای تورکانی دەرەوە و کۆمەڵگا ناسیاوەکان، لە ئەنجامدا ئەم دەستکەوتانە بە دەست هێنران لەوانە تەرخانکردنی کورسی خوێندن بۆ زانکۆی سەلاحەدین و دابینکردنی بودجەی تایبەت بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسی هاوبەش لە نێوان زانکۆکانی تورکیا و زانکۆی سەلاحەدین.

٥- بەشداریکردن لە مەراسیمی ساڵیادی (١٥)ەمین ڕۆژنامەی GAP و وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکاری ساڵانە لە وڵاتی تورکیا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/١٤.

پرۆژە جێبەجێکراوەکان :

١- جێگیرکردن و دانانی نوێنەری پێکهاتەکان لە لیژنەی نووسینەوە و داڕشتنی دەستووری هەرێمی کوردستان.

٢- دانانی دوو فەرمانبەر بە گرێبەست لە پێکهاتەی تورکمان لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

٣- بەشداری پێ کردنی نوێنەرانی پێکهاتەکان لە شاندی دیپلۆماسی و پرۆتۆکۆل.

٤- جێبەجێکردنی پرۆژەی (سەنتەری ڕۆشنبیری دیانا) سەر بە پێکهاتەی کلدانی سریانی ئاشووری لە ئیدارەی سەربەخۆیی سۆران.

٥- نۆژەنکردنەوەی بەشێک لە قوتابخانەی تورکمان و سریانییەکان.

٦- کۆنفرانسێک سازدرا لە ژێر ناونیشانی سیستەمی کۆتا و هەڵبژاردنی پێکهاتەکان بە بەشداریپێکردنی نوێنەران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەر بە پێکهاتەکان.

٧- کردنەوەی پێشانگایەکی تایبەت بەو کتێبانەی سەبارەت بە سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆر نووسراون.

٨- ڕەزامەندی درا لەسەر مەشقپێکردنی قوتابیانی قۆناغی چواری بەشی زمانی تورکی زانکۆی سەلاحەدین لە قوتابخانەی مەعاریف نێودەوڵەتی.

٩- بەڕێوەچوونی خولی ڕاهێنانی ڕۆژنامەنوسانی ڕاگەیاندنکارانی سەر بە پێکهاتەکان بۆ نوێنەرانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکان کە لە ژێر چاودێریی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان ڕێکخرابوو.

خزمەتگوزاری :

- لە ماوەی ئەم ساڵەدا چەندین هەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاریمان ڕاگەیاند کە پێکهاتبوون لە خۆراک و پێداویستی تەندروستی پاشان بەسەر هاووڵاتیان و خێزانە کەمدەرامەتەکانی پێکهاتەکان دابەشکراوە.

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان

(ساڵی یەکەم)

یەکەم: پرسیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان و وەڵامی لایەنی پەیوەندیدار

- ٣٦٦ پرسیار لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە ئاراستەمان کراوە ناردراوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار.
- ١٦٢ پرسیار لە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە وەڵام دراوەتەوە و ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە.

دووەم: پرۆژە یاسا و پێشنیازی یاسا

ئەو پرۆژە یاساو پێشنیازانەی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ڕەوانەکراون:

- پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان.
- پرۆژە یاسای لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان.
- پێشنیازی بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلکترۆنیەکان لە هەرێمی کوردستان.
- پێشنیازی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوك لە هەرێمی کوردستان.
- پێشنیازی یاسای گەشەپێدانی یاسایی لە هەرێمی کوردستان.
- پرۆژەی یاسای ڕۆژی کۆمەڵکوژی لە هەرێمی کوردستان.
- پرۆژە یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشین لە هەرێمی کوردستان.
- پرۆژە یاسای مادەی هۆشبەرەکان کارتێکارە عەقلیەکان لە هەرێمی کوردستان.

ناردنی پرۆژە یاساو پێشنیازی یاسا بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ وەرگرتنی ڕاو سەرنجیان.

- پێشنیازی یاسای مرۆڤ سازی لە هەرێمی کوردستان. (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان).
- پێشنیازی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنوری شارەوانیەکان. (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان).
- پێشنیازی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوك لە هەرێمی کوردستان. (وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی).
- پێشنیازی یاسایی گەشەپێدانی خێزانی لە هەرێمی کوردستان. (وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی).
- پێشنیازی یاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان. (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو).
- یاسای (المجلس الطبي لاقليم كوردستان). (وەزارەتی تەندروستی).
- پرۆژە یاسای ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان. (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو).
- پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان. (وەزارەتی تەندروستی).

سێیەم: بەشداریکردن لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٢٦ ڕۆژی یەکشەممە لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو بە یاوەری وەزیری دارایی و ئابووری شاندی دانوستکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا بەشدار بووین لە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ ستافی سەرۆکایەتی پەرلەمان سەبارەت بە سەردانی شاندی دانوستانکاری حکومەت بۆ بەغدا و کۆبوونەوەیان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ لەسەر پرسی بودجەو نەوت و غازو کارەبا و وەرگرتنی شایستە داراییەکان و کێشەو ئاستەنگەکان.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١ ڕۆژی یەکشەممە بەشداریمان کرد لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان بریتی بوو لە چەند خاڵێك یەکێك لەوانە لە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسای (بەرەنگاربەنەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) پاش ئەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کرایە بنەمای گفتوگۆکان بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران، یەك بە یەکی ماددەکان گفتوگۆی لەبارەیەوە کرا و ڕاو بۆچوون و گفتوگۆی یاسایی خۆمان سەبارەت بە ماددەکانی پڕۆژە یاساکە خستەڕوو بەووردی تیشکمان خستە سەر داڕشتنەوەی پڕۆژە یاساکە.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٤ ڕۆژی دووشەممە بەشداری کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان کرد لە پەرلەمانی کوردستان کە لەنێوان ستافی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، بە یاوەری بەڕێز (عبدالله محمود) وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان لەگەڵ لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی کۆبووینەوە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە تایبەت بە گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسی شەهیدان و زیندانیان و ئەنفالکراوان، لە هەمانکاتدا تیشك خرایەسەر بەڕێوەچوون و ڕێکارەکانی چاکسازی لە پاکردنەوەی لیستی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و هێنانەوەی ڕووفاتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و بە جینۆساید ناساندنی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئیمتیازاتی زیندانیە سیاسییەکان و کەس و کاری قوربانیان و، ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوون بۆ چارەسەری گرفتەکان کرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٤ ڕۆژی دووشەممە بەشداری کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان کرد لە هۆڵی پەناگیری لە پەرلەمانی کوردستان کە لە نێوان ستافی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، بە یاوەری بەڕێز (د. سامان حسین بەرزنجی) وەزیری تەندروستی و ستافی یاوەری لەگەڵ لیژنەی تەندروستی و ژینگەو مافی بەکاربەر کۆبووینەوە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە تایبەت بە گفتوگۆکردن سەبارەت بە ئەگەری سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم ڤایرۆسە و هەنگاوەکان و ئامادەکارییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی و ئەو کێشانەی دێنە بەردەم لە دوای سەرهەڵدانی ئەم ڤایرۆسە. لە کۆبوونەوەکەدا جەخت کرایەوە لەسەر سەلامەتی و تەندروستی هاونیشتیمانیانی هەرێمی کوردستان لەهەمان کاتدا تیشك خرایە سەر ڕێکارەکانی و ئاڵوگۆڕی ڕا بۆ چارەسەری گرفتەکان کرا لە نێوان هەردوولا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٦ ڕۆژی چوارشەممە بەشداریمان کرد لە دانیشتنی ژمارە (٣) خولی بەهارەی ساڵی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بە یاوەری بەڕێزان (د. ئالان حمە سەعید) وەزیرە پەروەردە و (د. ئارام محمد) وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. هەر بە گوێرەی خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری پەرلەمان گفتوگۆکرا سەبارەت بە پلانی هەردوو وەزارەت و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ لێکەوتەکانی پەتای کۆرۆنا لەسەر پڕۆسەی خوێندنی ساڵی (٢٠١٩- ٢٠٢٠). لە کۆبوونەوەکەدا ڕێکارەکانی وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا خرانە ڕوو بۆ ئەندامانی پەرلەمان ڕوونکردنەوەی پێویستیان لەبارەیەوە درا و ئاڵوگۆڕی بیرو ڕایەکان لەسەر تەواوی کێشەکان و لێکەوتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەسەر ناوەندەکانی خوێندن و مامۆستا و قوتابی یەوە کرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٦ ڕۆژی پێنجشەممە بەشداریمان کرد لە دانیشتنی ژمارە (١٥) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، دانیشتنەکە تایبەت بوو بە دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر. لە کۆبوونەوەکەدا دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەشی شەش

لیژنەی تایبەتمەند کە لە دوای سەرلەنوێ داڕشتنەوەیان و ڕەچاوکردنی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ستافی حکومەت و ئەندامانی پەرلەمان کە لە دوو دانیشتنی پێشووتردا خرابوونە ڕوو ئامادەکرابوو، یەك بە یەکی ماددەکان و تەواوی ئەو پێشنیارانەی بۆیان کرا بوون خرانە دەنگ دانەوە بەم شێوەیە تەواوی پڕۆژە یاساکە بە کۆی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو پەسەند کرا.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٥ ڕۆژی چوارشەممە بە یاوەری ستافی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێك هاتبوون لە بەڕێزان وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفاکراوان و د.ئامانج ڕەحیم سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بەشداربووین لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەکانی کاروباری یاسایی، دارایی و کاروباری ئابووری، ناوخۆ، شەهیدان، کاروباری پێشمەرگە. مەبەست لە کۆبوونەوەکە کە تەلاری پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو بۆ یەکخستن و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەش و کۆتایی لیژنە تایبەتمەندەکان سەبارەت بە پڕۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە بوو بە ڕەچاوو کردنی ئەو سەرنج و تێبینیانەی کە لە کاتی خوێندنەوەی پڕۆژە یاساکە خرابوونە ڕوو. هەر لە کۆبوونەوەکەدا دوای نووسینی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە تایبەتمەندەکان ڕاپۆرتەکە پەسەند کرا بۆ دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان و دەنگدان لەسەری.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٤ ڕۆژی سێشەممە لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان بەشداربووین لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بە یاوەری بەڕێز د.ئامانج ڕەحیم سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ لیژنەکانی کاروباری یاسایی، دارایی و کاروباری ئابووری، ناوخۆ، کاروباری شەهیدان، پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان. کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەش و کۆتایی لیژنە تایبەتمەندەکان و یەکخستنەوەیان سەبارەت بە پڕۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو پێشنیار و تێبینیانەی کە لە دانیشتنی ٢٠٢٠/١/١٣ لە کاتی خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژە یاساکە بە ئامادەبوونی ستافی حکومەت خرابوونە ڕوو.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٣ ڕۆژی دووشەممە کاتژمێر ٤:٣٠ بەشداربووین لە بەشی دووەمی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٤) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەم بە یاوەری بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران. بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەردەوامبوو لەسەر خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژە یاسای (چاکسازی لە خانەنشینی مووچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) بە هەمان شێوەی بەشی یەکەمی دانیشتنەکە بەشداریمان لە گفتوگۆکان کرد و ڕوونکردنەوەی یاسایی و پێوستمان لەبارەیەوە داو چەندین پرسیار لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئاڕاستەی ئێمە و بەڕێزانی یاوەرمان لە ستافی حکومەت کراو ڕاو بۆچوون و پێشنیاری خۆمان بۆ دەوڵەمەند کردنی پڕۆژەکە خستەڕوو، گفتوگۆی ووردی ماددەو پێشنیارەکانمان لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی ئامادەبووی نێو پەرلەمان کرد.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٣ ڕۆژی دووشەممە کاتژمێر ١٠:٣٠ی بەیانی بەشداربووین لە دانیشتنی پەرلەمان ژمارە (١٤) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەم بە یاوەری بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژە یاسای (چاکسازی لە خانەنشینی مووچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) ماددەکانی پێنجەم و شەشەمی پڕۆژەکە کە تایبەت بوو بە دەرماڵەکان و ڕێکخستنەوەی هەژمارکردنی خزمەت. بەشداریمان لە گفتووگۆکان کرد و ڕوونکردنەوەی یاسایی و پێوستمان لەبارەیەوەداو چەندین تێبینی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئاڕاستەی ئێمەو بەڕێزانی یاوەرمان لە ستافی حکومەت کرا ڕاو بۆچوون و پێشنیاری خۆمان بۆ دەوڵەمەندکردنی پڕۆژەکە خستەڕوو، دوای ئاڕاستەکردنی پرسیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان ڕوونکردەوەی خۆمان شیکردنەوەی ماددەکانی پڕۆژەکەمان ڕاگەیاندن.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٢ ڕۆژی یەکشەممە بەشداربووین لە دانیشتنی پەرلەمان ژمارە (١٣) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەم بە یاوەری هەریەك لە بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگەو وەزیری شەهیدان و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و ژمارەیەك لە بریکارو بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتە تایبەتمەندەکان، دانیشتنەکە تایبەت بوو بە خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای (چاکسازی لە خانەنشینی مووچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی بنەرەتی پرۆژەکەو ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند و خستنە دەنگ دانیانەوە بۆ کردنە بنەمای گفتوگۆ، بە تێروتەسەلی بەشداریمان لە تاوتوێ کردنی ماددەکانی پرۆژە یاساکە کردو ڕوونکردنەوەی یاسایی و پێوستمان لەبارەیەوە دا، لەلایەنی ئێمەو بەڕێزانی یاوەرمان لە ستافی حکومەت، گفتوگۆمان لەسەر پێشنیارەکان کرد بۆ دەوڵەمەندکرنی پرۆژەکە،چەندین پرسیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی ئێمە کرا وەڵامی پێویست و ڕوونکردنەوەی پێویستمان لەبارەیەوە دا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٢ ڕۆژی یەکشەممە لە بەشی یەکەمی دانیشتنی پەرلەمان ژمارە (١٣) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەم بەشداریمان کرد. بە گوێرەی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە کە تایبەت بوو بە دەنگ دان لەسەر پرۆژە یاسای (ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵیەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی بنەرەتی پرۆژەکەو ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند خوێندرایەوە، ناونیشان و ماددە بە ماددەی پرۆژە یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵیەکان لە هەرێم کە لە (١٠) ماددە پێك هاتبوو، خرانە دەنگ دانەوە و لەلایەن ئەندامانەوە پەسەندکرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٧ ڕۆژی سێشەممە لەگەڵ تیمێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی ئابووری و وەزیری هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی دۆسییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی عێراق و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم بەشداری کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان کرد لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری لە پەرلەمان. لە کۆبوونەوەکەدا دواییین گفتوگۆ و تاوتوێی تەواوی ماددەو بڕگەکانی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان عێراق کرا، پێشنیاز بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژە یاساکە خرایەڕوو.
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٤ ڕۆژی سێشەممە هەر سەبارەت بە گفتوگۆ کردن لەسەر بڕگە و ماددەکانی پرۆژە (یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە) لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان کۆبووینەوە بەجیا بەیاوەری لەگەڵ هەریەك لە بەڕێز وەزیری ناوخۆی هەرێم و بەڕێز وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە هەرێمی کوردستان. لە کۆبوونەوەکەدا هەموو ئەو سەرنج و تێبینیانەی لەسەر پرۆژە یاساکە هەبوون گفتوگۆو تاوتوێی تەواوی لەبارەیەوە کراو سەرنجی تەواوی خرایەڕوو.
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٣ ڕۆژی دووشەممە سەبارەت بە گفتوگۆکردن لەسەر بڕگە و ماددەکانی پرۆژە (یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە) بەیاوەری لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم و بریکاری وەزیری دارایی و ئابووری بە وەکالەت و بەڕێوەبەری گشتی ژمێریاری و بەڕێوەبەری گشتی خانەنشینی هەرێم کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان ئەنجامدا لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری.
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٦ ڕۆژی دووشەممە بەشداربووین لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی پەرلەمانی کوردستان دانیشتنەکەی پەرلەمان بەپێی بەرنامەی کار بریتی بوو لە سێ خاڵ یەکەمیان تایبەت بووبە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای (چاکسازی لە خانەنشینی مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرابوو وە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند کراو لەسەر داوای ئەندامان سیفەی بەپەلەی پێدرا.

- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٢ ڕۆژی پێنج شەممە تەواوی (پڕۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گەیاندە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی ئەنجامدانی دانیشتنی پەرلەمان و تاوتوێ کردنی پڕۆژەکەو دەرچواندنی وەکو یاسا.
- پێش نیوەڕۆی ٢٠١٩/١٢/١٢ لە پەرلەمانی کوردستان بەشداربووین لە کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان لیژنەکانی یاسایی، ناوخۆ، کاروباری کۆمەڵایەتی، کاروباری تەندروستی لە هۆڵی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەتاوتوێ کردنی پڕۆژە (یاسای مادده هۆشبەرەکان وکارتێکارە عەقڵیەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) خستنە ڕووی سەرنج و تێبینیەکانمان لەسەر بڕگە و ماددەکانی پڕۆژە یاساکەو بەر لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە بۆ خوێندنەوەی دووەم.
- پێش نیوەڕۆی ٢٠١٩/١٢/١٠ بەشداری دانیشتنی پەرلەمانمان کرد بە یاوەری بەڕێزان وەزیری ڕۆشنبیری و وەزیری کارەبا وچەند نوێنەرێکی دیکەی وەزارەتەکانی تر. کە تایبەت بوو بە چەند خاڵێك بەپێی بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان یەکێك لەوان گفتوگۆکردن بوو سەبارەت بە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسای (ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان عێراق) چەندین سەرنج و تێبینی خۆمان لە بارەیەوە دەربڕی گەنگەشەی ماددەو بڕگەکانیمان لە هۆڵی پەرلەمان کرد و لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکە سەبارەت بە پرسی کارەباش ڕوونکردنەوەو زانیاری لەو بارەیەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان و ڕای گشتی درا لەلایەن ستافی حکومەتەوە.
- لە ٢٠١٩/١٢/٢ لە تەلاری پەرلەمان بەشداری کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان کرد بە یاوەری بریکاری وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و بەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆی هەرێم و لەگەڵ لیژنەکانی دەسپاکی و شارەوانی لە پەرلەمانی کوردستان و ڕاوێژکاران. لە کۆبوونەوەکەدا تیشك خرایەسەر گرنگی هۆشیاری هاووڵاتیان بۆ پاراستن و بەهەدەر نەدانی ئاو وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی ژیان وەك سامانێکی نەتەوەیی و تیشك خرایە سەر بەستنی پێوەری ئاوی ماڵان و ئەو کۆمپانیایانەی بەم کارە هەڵدەستن کە ئامێرەکان هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکەن کێشەو گیروگرفتەکانی سکاڵای هاووڵاتیان خرانە بەرباس سەبارەت بە ئاو و ئاوەڕۆ و جەختیش لەسەر چارەسەرکردی کێشەکان کرایەوە.
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٣ بەشداربووین لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان کە بەرنامەی کاری دانیشتن بریتی بوو لە دوو خاڵ، خاڵی یەکەم تایبەت بوو بە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێنج پێشنیازە یاساو یەك پێشنیازی بڕیار و خاڵی دووەمیش بریتی بوو لە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی یاسای بەخاوەن کردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنوری شارەوانیەکان لە هەرێمی کوردستان. لە بەشی دووەمی دانیشتنەکە کە بەڕێز وەزیری شارەوانیش هاوشانمان بەشداری کۆبوونەوەکەی پەرلەمان بوو، زەوی زێدەڕۆکان باس و خواسی تەواوی لەبارەیەوە کرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٥ بەشداربووین لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان کە بەرنامەی کاری دانیشتن بریتی بوو لە دوو خاڵ، خاڵی یەکەم تایبەت بوو بە ووتەی سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی ساڵیادی دووەمی پرسی سەربەخۆیی کوردستان کە لە ٢٠١٧/٩/٢٥ لە هەرێمی کوردستان و سەرجەم ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم ئەنجامدرا و خاڵی دووەمیش بریتی بوو لە خوێندنەوەی دووەمی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٢ لە پەرلەمانی کوردستان بەشداری کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان کرد کە لە نێوان ستافی حکومەتی هەریم و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆك فراکسیۆنەکان و لیژنەکانی یاسایی و دارایی و وزە و سامانە سروشتییەکان بەڕێوەچوو، تەوەری کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە پرسی بودجەو بەشداری هەرێمی کوردستان لە قۆناغی ئامادەکردنی ڕەشنوسی بودجەی سالی (٢٠٢٠)ی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و پرسە چارەنووساز و نیشتمانییەکان و ئەنجامدانی دانوستان و گفتوگۆکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ.

- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٣ ڕۆژی شەممە بەیاوەری بەڕێز وەزیری وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بەشداریمان کرد لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کار تایبەت بوو بە دەنگدان لەسەر پێشنیازە بڕیاری (دیاریکردنی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان) دوای خستنە دەنگدانی ناونیشان و خاڵەکانی ئەم پڕۆژە بڕیارە و پەسەند کردنی، کۆی بڕیارەکە خرایە دەنگ دانەوە بە کۆی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەند کرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/١ لە پەرلەمانی کوردستان بەشداریمان کرد لە کۆبوونەوەی پەرلەمان ژمارە (٢)ی نائاسایی ساڵی یەکەم کە دانیشتنەکە تایبەت بوو بە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە بڕیاری (دیاریکردنی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان) لەلایەن لیژنەی یاسایی و تایبەتمەندەوە خوێندرایەوەو گفتوگۆکرا لەسەر ناوەڕۆك و خاڵەکانی پێشنیازە بڕیارەکە، لەلایەن لیژنەی یاسایی پێشنیازە تازەکان یاداشت کران.
- لە ڕێکەوتی ٢٨ی تەمموزی ٢٠١٩ لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید بەیاوەری بەڕێزان وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان، کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە تاوتوێ کردنی پێشنیازە بڕیاری (دیاریکردنی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی یەزیدیەکان) و خستنەڕووی خاڵ بە خاڵی پێشنیارە بڕیارەکە دوای ئەوەی لە پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا بوو.

چوارەم: کۆبوونەوەی لیژنەی کاروباری یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیران

١- کۆبوونەوەی ژمارە (١) لە ٢٠١٩/١٢/١٨ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە:

- بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی (واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنیەکان ژمارە ٧٨ ی ساڵی ٢٠١٢).
- پێشنیازی (یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوك لە هەرێمی کوردستان).
- پڕۆژە یاسای گەشەپێدانی خێزانی لە هەرێمی کوردستان.

٢- کۆبوونەوەی ژمارە (٢) لە ٢٠٢٠/١/١٩ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لە سەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە:

- هەمواری ڕەشنوسی یەکەمی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦.
- هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١٠.
- نظام ممارسة مهنة مراقبة وتدقيق الحسابات في اقليم كوردستان.

٣- کۆبوونەوەی ژمارە (٣) لە ٢٠٢٠/٢/١٠ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لە سەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە:

- یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان.
- پێشنیازی بڕیاری پێدانی پێشینەی خانووبەرەو هاوسەرگیری بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.
- پێشنیازی یاسای دامەزراندنی سندوقی پشتیوانی دارایی نیشتەجێبوون.

٤- کۆبوونەوەی ژمارە (٤) لە ٢٠٢٠/٢/٢٣ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لە سەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە:

- پێشنیازی یاسای ئەرك ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان.
- قانون المجلس الطبي في اقليم كوردستان.
- پێشنیازی یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان.

٥- کۆبوونەوەی ژمارە (٥) لە ٢٠٢٠/٤/٢٧ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە:

- پرۆژە یاسای (تضمين الموظفين) لە هەرێمی کوردستان.
- پرۆژە یاسای دامەزراوەی دەرمان و خۆراك لە هەرێمی کوردستان.
- پرۆژە یاسای دەروازە سنوورییەکان.
- پێشنیازی سوککردنی باری دارایی هاووڵاتیان.

٦- کۆبوونەوەی ژمارە (٦) لە ٢٠٢٠/٥/١٨ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لەسەر ئەم بابەتەی خوارەوە:

- پرۆژە یاسای دامەزراوەی دەرمان و خۆراك لە هەرێمی کوردستان.

٧- کۆبوونەوەی ژمارە (٧) لە ٢٠٢٠/٦/٧ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لە سەرئەم بابەتەی خوارەوە:

- قانون مجلس الاعلى لمكافحة الفساد والاصلاح العام في اقليم كوردستان/ العراق.

٨- کۆبوونەوەی ژمارە (٨) لە ٢٠٢٠/٦/٢٩ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لەسەر ئەم بابەتەی خوارەوە:

- پرۆژە یاسای دامەزراوەی دەرمان و خۆراك لە هەرێمی کوردستان.

(ساڵی دووەم)

١- پرسیارەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و وەڵامی لایەنە پەیوەندیدارەکان کە بۆ پەرلەمانی کوردستان ناردراوەتەوە:

- ٤٢٧ پرسیار لە لایەن پەرلەمانی کوردستان ئاراستەمان کراوە و نێردراوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار.
- ٢٧١ وەڵام لە لایەن لایەنی پەیوەندیدار وەڵام دراوەتەوە و ئاراستەمان کراوە و نێردراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

٢- پێشنیازە یاسا و پرۆژە یاسا:

١- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (بە دامەزراوەکردنی هیزە چەکدارەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٧٧٩٦ لە ٢٠٢٠/١١/٢٤) ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (بە شەهید و کەم ئەندام و خانەنیشینی کارمەندانی گرێبەستی مین لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٧٧٦٤ لە ٢٠٢٠/١١/٢٤) ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٣- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (پێدانی قەرزی خوێندنی ئەهلی بۆ بەکالۆریۆس لە هەرێمی کوردستان-عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٧٧٦٣ لە ٢٠٢٠/١١/٢٤) ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٤- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (قەرەبوو کردنەوەی قوربانیانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٧٧٦٢ لە ٢٠٢٠/١١/٢٤) ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٥- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (پارکی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٧٧٦١ لە ٢٠٢٠/١١/٢٤) ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٦- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (سندوقی خانەنیشینان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٧٧٦٠ لە ٢٠٢٠/١١/٢٤) ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٧- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران دوای وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی هەریەك لە وەزارەتەکانی (کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و بازرگانی و پیشەسازی) کە لە کاتی ئامادەبوونیان لە لیژنەی تایبەتمەند لە پەرلەمانی کوردستان خستیانەڕوو، بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٦٦٤٤ لە ٢٠٢٠/١٠/٢٦) ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٨- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (پاراستنی مامۆستایانی بنەڕەتی و ئامادەیی و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران دوای وەرگرتنی ڕاو و سەرنجی وەزارەتی پەروەردە و پشتگیری کردن لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٧٧٥٩ لە ٢٠٢٠/١١/٢٤) ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٩- سەبارەت بە پێشنیازی بڕیاری (پێدانی پێشینەی خانووبەرە و هاوسەرگیری بە هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٤٦٢٤ لە ٢٠٢٠/٠٨/١٢) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

١٠-سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٤٦٢٤ لە ٢٠٢٠/٠٨/١٢) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

١١- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (دامەزراندنی سندوقی پشتیوانی دارایی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٤٦٢٤ لە ٢٠٢٠/٠٨/١٢) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

١٢- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (پاراستن لە تیشك لە هەرێمی کوردستان- عێراق) داوامان لە پەرلەمانی کوردستان کردووە کە پێداچوونەوە بۆ ئەم پێشنیازە بکرێت و بە جۆریك هەموو مەرجە ڕواڵەتییەکانی پێشنیاز لە خۆ بگریت بە نووسراومان ژمارە (٥٤٩٩ لە ٢٠٢١/٥/١٧).

١٣- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان-عێراق) پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی شارەوانی دەکەین و بە نووسراومان ژمارە (١٤٤٣ لە ٢٠٢١/٤/٢٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە.

١٤- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان بەهۆی کارەکانی ڕژێمی پێشوو کە بۆتەهۆی کەم ئەندامبوونیان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بە نووسراومان ژمارە (٥٥٠٠ لە ٢٠٢١/٥/١٧) وەڵامی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان داوەتەوە کە بەپێی دەستوور بەپرسیاریەتی قەرەبووکردنەوەی تاوانە نێودەوڵەتییەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو وڵاتەی تاوانەکەی ئەنجامداوە .

١٥- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (چەسپاندنی شایستە داراییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری داکات و بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٣١٥٨ لە ٢٠٢١/٠٣/١٥) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە.

١٦- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (هەمواری یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بە نووسراومان ژمارە (٣٢١٩ لە ٢٠٢١/٣/١٦) ڕاوبۆچوونی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە لە ئێستادا هەموارکردنەوەی ئەم پێشنیازە بە پێویست نازانن، ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە.

١٧- سەبارەت بە پێشنیازی بڕیاری (کەمکردنەوەی کرێی شوێنی - نیشتەجێبوون و بازرگانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بە نووسراومان ژمارە (٣١٥٩ لە ٢٠٢١/٠٣/١٥) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

١٨- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای دامەزراندنی دەرچوە یەکەمەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات و کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و بە نووسراومان ژمارە (٢٦٩٩ لە ٢٠٢١/٠٣/١) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

١٩ - سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات و کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و بە نووسراومان ژمارە (٢٧٠٠ لە ٢٠٢١/٠٣/١) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢٠- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای پشتیوانی دارایی بۆ ئافرەتان تەمەندار لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات و کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و بە نووسراومان ژمارە (٢٦٩٧ لە ٢٠٢١/٠٣/١) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢١- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای بەگەڕخستنەوەی کارگە لەکارکەوتووەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەکات و کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و بە نووسراومان ژمارە (٢٤٥٢ لە ٢٠٢١/٠٢/٢٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢٢- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای بیمەی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی تەندروستی دەکات بە نووسراومان ژمارە (٢٣٠٧ لە ٢٠٢١/٠٢/٢٣) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢٣- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای سندوقی بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا کە لە ئێستادا قەیرانی دارایی هەیە و ئەم پڕۆژە بارگرانی دروست دەکات لەسەر حکومەت و لەهەمانکاتدا پشتگیری لە پڕۆژە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ دەکات بە ناونیشانی (صندوق التعويضات الزراعي عن الكوارث الطبيعية و الافات الزراعية في اقليم كوردستان- عيراق) بە نووسراومان ژمارە (١٥٦٦ لە ٢٠٢١/٢/٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە .

٢٤- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای پاراستنی تۆڕ و بنچینەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار دەکات بە نووسراومان ژمارە (٧٢٢ لە ٢٠٢١/٠١/١٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە.

٢٥- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی ووزە نوێبووەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی کارەبا دەکات بە نووسراومان ژمارە (٧١٣ لە ٢٠٢١/٠١/١٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە.

٢٦- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای هاوردەکردن و فرۆشتن و بەکرێدانی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) ڕای لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراومان ژمارە (٧١٢ لە ٢٠٢١/٠١/١٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢٧- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ڕێز لە ڕاوبۆچوونی و سەرنجەکانی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان- عێراق دەگرێت و بە نووسراومان ژمارە (٧١١ لە ٢٠٢١/٠١/١٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢٨- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (الادعاء العام لاقليم كردستان-العراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ڕێز لە ڕاوبۆچوونی و سەرنجەکانی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان- عێراق دەگرێت و بە نووسراومان ژمارە (٧١١ لە ٢٠٢١/٠١/١٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢٩- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای پێشینەی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و بە نووسراومان ژمارە (٢٧٠١ لە ٢٠٢١/٠٣/١) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٣٠- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای دروستکردنی هەژماری بانکی مووچەخۆران و گێڕانەوەی مووچە پاشەکەت کراوەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات کە ئەم بابەتە لە چوارچێوەی یاسای چاکسازیدا هاتووە و بە نووسراومان ژمارە (٤٣٨٥ لە ٢٠٢١/٠٤/٢٢) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە.

٣١- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی هەژماری بانکی مووچەخۆران لە هەرێمی کوردستان-عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات کە ئەم بابەتە لە چوارچێوەی یاسای چاکسازیدا هاتووە و بە نووسراومان ژمارە (٤٣٨٦ لە ٢٠٢١/٠٤/٢٢) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٣٢- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات کە لە ئێستادا بارگرانی دارایی دەخاتە ئەستۆی حکومەت و بە نووسراومان ژمارە (٤٠٣٦ لە ٢٠٢١/٠٤/١٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٣٣- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی مووچەی مووچەخۆران لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی ئەم بابەتە هاتووەو بە نووسراومان ژمارە (٢٧٠٢ لە ٢٠٢١/٠٣/١) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە.

٣٤- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای پێدانی دەرماڵەی خوێندن بە خوێندکاران لە هەرێمی کوردستان-عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکات کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی ئەم بابەتە هاتووە و بە نووسراومان ژمارە (٢٦٩٨ لە ٢٠٢١/٠٣/١) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە .

٣٥- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای پێدانی مخصصاتی مانگانە بە قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکات کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی ئەم بابەتە هاتووە و بە نووسراومان ژمارە (٢٦٩٨ لە ٢٠٢١/٠٣/١) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە .

٣٦- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بە نووسراومان ژمارە (٦٦٤٩ لە ٢٠٢١/٦/١٠) ڕاوبۆچوونی وەزارەتی ناوخۆمان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە.

٣٧ - سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (دادگای تاوانکاری تایبەتمەند بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان-عێراق) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبنیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنەناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران، دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (١٠١ لە ٢٠٢١/٤/٢٨) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەندکرد و بە نووسراومان ژمارە (٥٠٤٤ لە ٢٠٢١/٥/٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی تەشریع کردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام.

٣٨- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی سالی ١٩٩٨ هەمووارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبنیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو

ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران. دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (١٠١ لە ٢٠٢١/٤/٢٨) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە (٥٠٤٤ لە ٢٠٢١/٥/٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی بەیاساکردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام .

٣٩- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (هەمووارى دووەمی یاسای یەکیتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٤)ی سالی ١٩٩٣) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبنیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران. دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (١٠١ لە ٢٠٢١/٤/٢٨) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە (٥٠٤٤ لە ٢٠٢١/٥/٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی بەیاساکردنی (تەشریع کردنی) و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام.

٤٠- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (هەمووارى یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٠)ی سالی ٢٠١٠) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبنیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران .دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (١٠١ لە ٢٠٢١/٤/٢٨) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە (٥٠٤٤ لە ٢٠٢١/٥/٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی تەشریع کردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام.

٤١- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (هەموارى پیادەکردنی یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (٣٠)ی سالی ١٩٨٤ لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوەو وەرگرتنی سەرنج و تێبنیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواوکردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (١٠١ لە ٢٠٢١/٤/٢٨) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە (٥٠٤٤ لە ٢٠٢١/٥/٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی تەشریع کردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام.

٤٢- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوای ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبنیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان. ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران. دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (٧٢ لە ٢٠٢٠/٧/١٥) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەندکرد و بە نووسراومان ژمارە (٤٥٨١ لە ٢٠٢٠/٨/١٠) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بەمەبەستی بەیاساکردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام .

٤٣- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (بەرهەمهینان و هاوردرکردنی بنەتۆ و تۆمارکردن و پەسەندکردن و پارێزگاری کردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبنیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران. دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (١٠٤ لە ٢٠٢١/٥/٢٦) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە (٦٣٦٤ لە ٢٠٢١/٦/٧) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی بەیاساکردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام .

٤٤- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (هەمووارى یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی سالی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبنیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران . دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (٩٧ لە ٢٠٢١/٤/٢١) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە (٥٠٣١ لە ٢٠٢١/٥/٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی بەیاساکردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام.

١٦- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لە ڕۆژی دووشەممە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٦ تەلاری پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی هەر یەک لە جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری ناوخۆ و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و جێگر و ئەندامانی لیژنە، تەوەری کۆبوونەوەکە گفتوگۆ کردن بوو لەسەر هەمواری پێشنیازە یاسای (بەرنگار بوونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان و خێزان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان- عێراق).

١٧- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لە ڕۆژی دووشەممە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٦ تەلاری پەرلەمانی کوردستان بە ئامادە بوونی هەر یەک لە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان تەوەری کۆبوونەوەکە گفتوگۆ کردن بوو لەسەر پرۆژە یاسای (متمانە بەخشین بە ناوەندەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردەو خویندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان – عێراق).

١٨- ئامادەبوون لە دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/١٢ لە پەرلەمانی کوردستان ، بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و ئامادەبوونی هەریەک لە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان، تەوەری کۆبوونەوەکە گفتوگۆکردن بوو لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش کە پێکهاتبوو لە لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی و لیژنەی تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر سەبارەت بە گرانیی بازاڕ و بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستی ڕۆژانەی هاووڵاتیان.

هەشتەم : ناردنی ڕاپۆرت و نووسراوەکان و کار و چالاکی لایەنەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان.

١- ناردنی ڕاپۆرتی کار و چالاکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە نووسراومان ژمارە (٨٤٩٣ لە ٢٠٢٢/٦/٩).

٢- ناردنی ڕاپۆرتی کار و چالاکی وەرزی دووەمی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بە نووسراویان ژمارە (٠٠٩٩٧ – un٢١ لە ٢٠٢١/٩/١) بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە نووسراومان ژمارە (١١١٧٤ لە ٢٠٢١/٩/١٥).

٣- ئاڕاستەکردنی نووسراوی دەستەی وەبەرهێنان بە ژمارە (٢١٥١ لە ٢٠٢٢/٥/١٧) سەبارەت بە زانیاری چەند پڕۆژەیەک کە ژمارەیان (٢٨) پڕۆژەیە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە نووسراومان ژمارە (٨١٦٧ لە ٢٠٢٢/٦/٦).

٤- ئاڕاستەکردنی نووسراوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە ژمارە (٤٦ لە ٢٠٢١/٦/٣٠) سەبارەت بە خوێندن و نووسین بە شێوەزاری هەورامی بۆ وەزارەتی پەروەردە بە نووسراومان ژمارە (٨٠٩٩ لە ٢٠٢١/٧/٦).

٥- ئاڕاستەکردنی نووسراوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە ژمارە (٢٩٤٦لە ٢٠٢١/٧/٤) بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە نووسراومان ژمارە (٨٤٤٧لە ٢٠٢١/٧/١٣).

٦- ئاڕاستەکردنی نووسراوی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە ژمارە (٥٠٥١ لە ٢٠٢٢/٣/١٧) بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە نووسراومان ژمارە (٥٠٧٩ لە ٢٠٢٢/٤/٤).

٧- ئاراستەکردنی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ژمارە (٤٠٠ لە ٢٠٢٢/٦/٢٠) بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە پاشکۆی ڕسوماتی پیشنیازە یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان-عێراق، بە نووسراومان ژمارە (٨٩٨١ لە ٢٠٢٢/٦/٢٠).

٨- ئاراستە کردنی نووسراوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بە ڕوونکردنەوە لەسەر (پڕۆژە یاسای سەرپەرشتیارانی پڕۆژە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە ژمارە (٣ لە ٢٠٢٢/١/٢).

٩- وەڵامدانەوەی نووسراوی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٥٠/٣/٤ لە ٢٠٢٢/٤/١٣) سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (خانەنیشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە ( ) ساڵی ٢٠٢٢ لە هەرێمی کوردستان- عێراق) ، بە بەڕێزیانمان ڕاگەیاند کە پڕۆژە یاساکە هەموو ڕێکارە یاساییەکانی تەواو کردووە و ئاراستەی سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە بەمەبەستی خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەن بە نووسراومان ژمارە (٦٦٤١ لە ٢٠٢٢/٥/١٠).

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ ساڵی کابینەی نۆیەمدا بەوپەڕی تواناوە لە ئاستێکی بەرزدا لەسەر بنەمای هێلە گشتییەکانی کارنامەی حکومەت، کاروبارەکانی خۆی ڕاپەڕاندووە و جێبەجێی کردوون هاوکات هەموو بەرپرسیارێتییەکی بۆ سەرجەم هەوڵ و کار و پێشهاتەکان هەڵگرتووە.

لەسەر بنەمای ڕێکخستنەوەیەکی نوێ، فەرمانگە هەوڵیداوە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان فراوانتر و بەهێزتری بکات. جەختی لە پەیوەندییەکی دۆستانە و باش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کردۆتەوە بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی هاوبەش و ڕێزی دوولایەنە. دید و ڕوانگەی حکومەتی هەرێمین لە گەیاندنی خواستی ئاشتییانە بۆ چارەسەریی گشت کێشەکانی ناوچەکە و بەکارخستنی پێگەی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە ڕەوتی چارەسەری.

- لەماوەیەدا، بەڕێز بەرپرسی فەرمانگە تەنها لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان زیاتر لە (١٠٠٠) دیدار و کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندی باڵای وڵاتانی بیانی و باڵیۆز و کونسوڵ و بەرپرسی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەوکان ئەنجامداوە و بەشداری لە یاد و بۆنەکانی تایبەت بە ڕۆژی نیشتیمانی وڵاتان و چالاکی نێودەوڵەتی بازرگانی و وەبەرهێناندا کردووە، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

- پێشوازیکردن لە وەزیری بەرگری ئیتاڵیا و شاندی یاوەری لەمیانی سەرەدانەکەیان بۆ هەرێمی کوردستان.
- پێشوازیکردن لە خاتوو فلۆرانس پارلی، وەزیری بەرگری فەڕەنسا و شاندی یاوەری.
- پێشوازیکردن لە خاتوو ئیرینا سۆلیۆرانۆ، جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق/ ڕێکخەری کاروباری مرۆیی و نیشتەجێ و شاندی یاوەری.
- پێشوازیکردن لە فیلیپ گۆفین، وەزیری دەرەوە و بەرگری بەلجیکا لە فڕۆکەخانە.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ شاندێکی باڵای حکومەتی ڕووسیا بەسەرۆکایەتی میخائیل بۆگدانۆڤ، جێگری وەزیری دەرەوەو نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ڕووسیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا.
- پێشوازیکردن لە محەممەد بن عەبدولڕەحمان ئالسانی، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی قەتەر و شاندی یاوەری لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.
- پێشوازیکردن لە وەزیری جان ئیڤ لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە فڕۆکەخانەی هەولێر.
- پێشوازیکردن لە شری مۆرالیدهاران، وەزیری دەوڵەتی هیندستان بۆ کاروباری دەرەوە.
- پێشوازیکردن لە نیڵس ئانێن، وەزیری دەوڵەت لە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیای فیدراڵ.
- پێشوازیکردن لە شاندێکی حکومەتی ئەڵمانیای فیدراڵ بە سەرۆکایەتی دکتۆر پیێر گیباوەر و دکتۆر کرستیان کۆنۆ لە نووسینگەی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و کریستان کلۆز، بەڕێوەبەری گشتی کۆچ لە وەزارەتی ناوخۆ و کۆرت شتۆکل ستیلفرید، نوێنەری وەزارەتی دەرەوە و بێرن براون، لە وەزارەتی هەماهەنگی ئابووری و گەشەسەندن.
- پێشوازیکردن لە شاندێکی شانشینی نەوریج بە سەرۆکایەتي کنوت لیان، نێردەی تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی شانشینی نەرویج بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە یاوەری ڕۆار هۆگیندال ، جێگری باڵیۆزی نەرویج بۆعێراق نیشتەجێی ئوردن و خاتوو ماری تایگ، ڕاوێژکار لە باڵیۆزخانەی ناوبراو.

- ئەنجامدانی پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ گابریلیوس لاندسپێرگیس وەزیری دەرەوەی لیتونیا، سەبارەت بە چارەسەرکردنی گرفتی کۆچبەرانی هەرێمی کوردستان و عێراق کە لەم دواییە رووبان لەو وڵاتە کردووە.
- یاوەریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پێشوازیکردن و سەرجەم دیدار و کۆبوونەوەکان لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی کۆماری فەڕەنسا و شاندی یاوەری لە میانەی سەردانەکەیان بۆ هەرێمی کوردستان. هاوکات یاوەریکردنیان لە سەرجەم کۆبوونەوەکان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێم. وە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی فەڕەنسا و شاندی باڵای یاوەری.
- پێشوازیکردن لە جۆزیف بۆرێل بەرپرسی سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی یەکێتی ئەورووپا.
- پێشوازیکردن لە ئان لیند وەزیری کاروباری دەرەوەی شانشینی سوید.
- پێشوازیکردن لە میخائیل بۆگدانۆڤ جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیای فیدراڵ و نوێنەری تایبەتی سەرۆك فلادیمیر پۆتین بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئەفریقا.
- بەرپرسی فەرمانگە لە باڵەخانەی فەرمانگە پێشوازیکرد لە بەڕێز گابریلیۆس لاندسبێرگیس وەزیری کاروباری دەرەوەی کۆماری لیتوانیا و شاندی یاوەری.
- سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگە لە باڵەخانەی فەرمانگە پێشوازیکرد لە ژان ئەسیلبۆرن، وەزیری دەرەوەی لۆکسەمبۆرگ و شاندێکی یاوەری.

تایبەت بە دەرەوەی هەرێمی کوردستان:

بەرپرسی فەرمانگە لە ئەیلولی ٢٠١٩ بەشداری لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد وەك بەشێك لە شاندی عێراقی فیدراڵ بە سەرۆکایەتی سەرۆك کۆماری عێراق د. بەرهەم ساڵح کە بۆ یەکەمجار بوو بە شێوەیەکی فەرمی حکومەتی هەرێم بەشداربێت. لەم بەشداریکردنەدا، کۆمەڵێک دیدار و کۆبوونەوەی گرنگ ئەنجامدران، لە هەمووی گرنگتر دیداری دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. لەمیانەی سەردانێکی بەرپرسی فەرمانگە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین دیدار و کۆبوونەوەی گرنگی لەگەڵ ئەندامانی کۆنگرێس و وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بەرگری و کۆنگرێس و وایت هاوس و چەندین ناوەندی لێکۆڵینەوە و ڕەوەندی کوردستان و پێکهاتە جیاجیاکان و کەسایەتی باڵا و دۆستانی تازە و کۆنی گەلی کوردستان ئەنجامدان.

- لە سەردانێکدا بۆ بەغدا، لەگەڵ وەزیری دەرەوە و باڵیۆزی وڵاتان و کوتلەی کوردستانی لە پەرلەمانی بەغدا و چەندین کەسایەتی باڵای حکومی کۆبۆوە بەمەبەستی بەهێزکردنی زیاتری کار و هەماهەنگییەکان لەنێوان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عێراق. خۆشبەختانە ئەم سەردانە دەرەنجامێکی زۆرباشی هەبوو ئەوەبوو بەشێکی تایبەت لە وەزارەت بۆ پەسەندکردنی بەڵگەنامەی هاووڵاتیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی باشتر و کارئاسانیکردن لە هەولێر و سلێمانی کرایەوە.
- بەرپرسی فەرمانگە یاوەری هەریەك لە سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەسرور بارزانی بووە لە گەشتەکان و کۆبوونەوە گرنگ و پڕ بایەخەکانیان لەگەڵ سەرکردەی وڵاتان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، کە بەگشتیی ئەمانەن:

- سەردانی سەفین دزەیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا.

- بەشداربکردنی بەرپرسی فەرمانگە لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك بەشێك لە شاندی عێراقی.
- یاوەریکردنی سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی بۆ بەشداریکردن لە گرووپی سەرەکیی کۆنفرانسی ئاسایشی میونیخ لە قەتەر، لە دەوحەی پایتەخت.
- یاوەریکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەسرور بارزانی بۆ ئەنقەرە.
- یاوەریکردنی سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەسرور بارزانی بۆ ئیمارات.
- یاوەریکردنی سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی بۆ داڤۆس.
- سەرەدانی سەفین دزەیی بۆ واشنتۆن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
- یاوەریکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەسرور بارزانی بۆ ئوردن.
- یاوەریکردنی سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەنقەرە.
- یاوەریکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەسرور بارزانی بۆ یۆنان و هەرێمی فلاندەرزی بەلجیکا.
- یاوەریکردنی سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی بۆ بەریتانیا.
- یاوەری کردنی سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی بۆ دەوحە پایتەختی قەتەر.
- یاوەریکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەسرور بارزانی بۆ بەشداریکردن لە حەڤدەمین لوتکەی دایەلۆگی مەنامە لە بەحرەین.
- یاوەریکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەسرور بارزانی بۆ قەتەر.
- یاوەریکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەسرور بارزانی بۆ بەشداریکردن لە کۆنفڕانسی ئاسایشی میونشن هاوکات بە بەشداری سەرۆکی هەرێم نیچیرڤان بارزانی.
- یاوەریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤانی بارزانی بۆ تورکیا بۆ بەشداریکردن لە کۆڕبەندی دیپلۆماسی ئەنتالیا. Antalya Diplomacy Forum
- یاوەریکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەسرور بارزانی بۆ تورکیا.
- یاوەریکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەسرور بارزانی بۆ شانشینی بەریتانیا.
- یاوەریکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەسرور بارزانی بۆ داڤۆس لە سویسرا.

- لەو ماوەیەدا، دابان شەدەڵە جێگری بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە زیاتر لە ٤٠٠ دیدارو کۆبوونەوەی فەرمی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم لەگەڵ باڵیۆزو کونسوڵ و رێکخراوە نێودەوڵەتی و میوانانی بیانی ئەنجامداوە.
- د. سامان سۆرانی، ڕاوێژکار لە فەرمانگە لەو ماوەیەدا ١٣٩ ڕاپۆرتی شیکاری هەبووە لەگەڵ ئەنجامدانی چەندین چاوپێکەوتنی میدیایی بۆ قسەکردن لەبارەی بابەتە گەرمەکانی ڕۆژ و هەڵسەنگاندنی دۆخی گشتیی.
- دوای وەستانی گەشتە ئاسمانییەکان بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەسەر راسپاردەی بەڕێز (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارەیەك لەو هاووڵاتیانەی بەهەر هۆکارێک گەشتی دەرەوەیان کردبوو و نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە هەرێم، بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و

باڵیۆزخانەکانی عێراق لە دەرەوەو حکومەتی ناوەندی بەغدا و کارکردنی بەردەوامی تیمی فەرمانگەکەمان لەگەڵ وەزارەتەکانی ناوخۆ و تەندروستی و گواستنەوەو گەیاندن، توانراوە ئاسانکاری پێشکەش بە ژمارەیەکی بەرچاو لەو هاونیشتیمانیان بکەین لە وڵاتە جیاجیاکان کە دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

- پڕۆسەی گەڕاندنەوەی هاونیشتیمانیان لە مانگی ئادار دەستیپێکرد، لەم ماوەیەدا تواندراوە زیاتر ٢٠٠٠ هاووڵاتی لە رێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرو نزیکەی ٥٠٠ هاووڵاتی لە رێگەی فڕۆکەخانەی بەغدا و ٥٠ هاووڵاتی دیکە لە رێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەسڕا بگەڕێندرێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان. کە کۆی گشتیان دەکاتە نزیکەی ٣٠٠٠ هاووڵاتی. ئەمە جگە لەو هاووڵاتیانەی لە رێگەی سنورەکانی وشکانی وڵاتانی دراوسێ گەڕێندراونەتەوە. ژمارەیەکیش لە هاووڵاتیانی بیانی لە هەرێمی کوردستانەوە گەڕێندراونەتەوە وڵاتەکانی خۆیان نزیکەی ٦٠٠ کەس دەبوون کە هاوکاری و یارمەتیدانی تەواویان لەلایەن فەرمانگەوە بۆ کراوە.

دوای ئەم پەتایە و ئەو بارودۆخە ئابوورییەی کە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و عێراق و جیهانیشی گرتەوە، فەرمانگە هەوڵی جددی داوە بۆ هاندانی زیاتری سەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستان، وە نوێنەرایەتییەکانیش ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییەکەی کە هەرێم هەیبوو بە ئاڕاستەی بەرەو بووژانەوەی زیاتر بەمەش چەندین کۆمپانیا ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە بۆ وەبەرهێنان لە کەرتە جیاجیاکان.

هەروەها هەوڵیش دراوە کە وڵاتان نێردەی دیپلۆماسی خۆیان لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە، نموونەش بۆ ئەمە کۆماری ئەرمەنستانە، کە کونسوڵگەری گشتی خۆی لە هەولێر کردەوە. دەوڵەتی قەتەریش نموونەیەکی ترە کە خواستێکی زۆری نیشانداوە بۆ کردنەوەی کونسوڵگەری گشتیی خۆی لە هەرێم بەڵام تاوەکو ئێستا ڕەزامەندی حکومەتی ناوەندی بەدەست نەهێناوە.

- **لەم رووەوە بەردەوام لەسەر هێڵ بووین بۆ:**

- پتەوکردنی پەیوەندییە دوولایەنەکان لەگەڵ وڵاتانی بیانی بەتایبەت لە ڕووی ئابووری و بازرگانی. هاندان و پێشکەشکردنی کارئاسانی تەواو بۆ بە بەدیهێنانی ئەمانجەکانی حکومەت لەم ڕووەوە.
- زەمینە ڕێکخستن و هاندانی وڵاتانی بیانی بۆ کردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان .
- شیکاری ڕاپۆرتە سیاسیەکان و هەڵسەنگاندیان لەسەربارودۆخی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە .
- هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراق و باڵیوزخانەکانی عێراق لە دەرەوە .
- سەرپەرشتیکردنی هەردوو بەشی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێران.
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیانی بیانی و ڕێنماییکردنیان لەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم .
- کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر وڵاتانی بیانی و دۆکیومێنت کردنیان .
- بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی شاندە بیانیەکان لەمیانەی سەرەدانیاندا بۆ هەرێمی کوردستان و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان .
- پێشکەش کردنی هاوکاری بە کونسوڵگەرییەکان و هاووڵاتیانیان لە کاتی ڕووبەرووبوونەوەی کێشەدا لە هەرێم.

لەهەمانکاتدا، خواستی زیادکردنی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە هەیە بۆ ئەوەی لەم ١٤ نوێنەرایەتییە زیاتر بکرێن، ئەمەش دەوەستێتە سەر خواست و رەزامەندی ئەو وڵاتانە و دۆخی دارایی حکومەتی هەرێم لەم بارەوە. پێشنیارکراوە کە نوێنەرایەتی لە چەندین وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و لە ئاسیا و ئەوروپا بکرێتەوە. لە نزیکترین ماوەدا هەوڵی کردنەوەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە تورکیا-ئەنکارا وەك یەکەم هەنگاو دەندرێت.

لێرەدا پوختەیەک لە ئەرکەکانی نوێنەرایەتی بۆ دەرخستنی بایەخی کارەکانیان دەخەینەڕوو:

- جەخت کردنەوە لە بەرەوپێش بردن و پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە و ڕۆڵ بینینی نوێنەرایەتییەکان لە شیکردنەوەی بارودۆخ و پێشهاتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندیدار بە هەرێمی کوردستان و ڕوونکردنەوەی هەڵوێست و دیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر پرس و پێشهاتە جیاجیاکان.
- پێشوازی کردن و پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ ئەو شاندانەی لە هەرێمی کوردستانەوە سەردانی دەرەوە دەکەن بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی فەرمی یاخود بەشداری کردن لە کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان یاخود بەشداری کردن لە خولەکانی پەرەپێدانی تواناکان.
- گرنگیدان بە پەیوەندی لەگەڵ ناوەندو ئاژانس و ڕێکخراوە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان، بە ئامانجی بەدەستهێنانی پاڵپشتی و هاوکاری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش بۆ ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەو پەنابەرانەی کە ڕوویان لە ناوچە ئارامەکانی هەرێم کردووەو فشار و بارگرانییەکی زۆری داراییان خستۆتە سەر حکومەت.
- هاندانی کۆمپانیاو وەبەرهێنەرانی بیانی و گرنگیدان بە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابووری و دروستکردنی پەیوەندی ڕۆشنبیری و کلتووری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ گەلان و وڵاتانی دەرەوە.
- دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زانکۆ و پەیمانگاو ناوەندە زانستی و ئاکادیمیەکانی وڵاتان و بەدەستهێنانی کورسی خوێندن لە بوار و ئاستە جیاجیاکاندا و چاودێری کردن و پاڵپشتی ئەو هاووڵاتیانەی هەرێمی کوردستان کە بەمەبەستی درێژەدان بە خوێندن لە وڵاتانی دەرەوە دەژین.
- پاڵپشتی کردنی ڕەوەندی کوردستانی و ئاسانکاری بۆ ئەو کاروبارە کارگێڕی و یاساییانەی پەیوەندییان بە وەزارەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، یان بە پێچەوانەوە. بەتایبەتیش دوای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا نوێنەرایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە گەڕاندنەوەی ئەو هاووڵاتیانەی هەرێمی کوردستان کە لە وڵاتانی دەرەوە گیریان خواردبوو.
- گرنگیدان بە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و بەشداری و پاڵپشتی کردنی ئەو چالاکی و سیمینار و کۆبوونەوانەی لە لایەن ڕەوەندی کوردستانی یان وەزارەت و دام و دەزگا و دامەزراوەکانی هەرێم لە وڵاتان ڕێکدەخرێن.
- دروستکردنی پەیوەندی دۆستانەو نزیکبوونەوەی زیاتر لەگەڵ باڵیۆزخانەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و بەشداری کردنی هەردوولا لەو بۆنەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی ڕێکدەخرێن.
- ناساندنی کلتوور و کەلەپووری هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و هونەری و هزری وڵاتان لەگەڵ وەزارەت و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و ناوەندو دامەزراوە هونەری و ڕۆشنبیرییە تایبەتەکان.
- فەرمانگە بەردەوام داوای ئەنجامدان و کردنەوەی خولی بۆ کارمەندانی حکومەتی هەرێم کردووە لە ناوەوە و دەرەوە. لەو ماوەیەشدا چەندین خول بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم بۆ ستافی

فەرمانگە و کارمەندانی بەشە جیاجیاکانی حکومەتی هەرێم لە ناوەوە و دەرەوە کراونەتەوە. بۆنموونە خولی تایبەت بۆ دادوەرەکان لە لایەن کونسوڵگەری گشتیی بەریتانیا و دواتر سەردانی مەیدانی بۆ وڵاتی بەریتانیا بۆ ئاشنابوونییان بە شێوازی ئیش کردنی و سیستەمی دادوەری لە بەریتانیا.

- فەرمانگە هەوڵی داوە ئەم بابەتە زیاتر گرنگیان پێبدرێت و فراوانتر بکرێت هەربۆیەش خولەکان لە وڵاتانی ئەرمەنستان و هیندستان و یۆنان و بەریتانیا بەردەوامیان دەبێت.
- هەوڵ دراوە چەندین شاندی حکومی سەردانی وڵاتان بکات وە بە پێچەوانەوە. وە بەدواداچوونی ئەو تەوەر و باسانە بکرێت بە شێوەیەکی ستاندارد لە رێگەی نوێنەرایەتییەکانەوە کە شاندە باڵاکان و شاندی وەزارەتەکانی حکومەت و دامودەزگاکان و فەرمانگە و پارێزگاکان گفتوگۆیان لەبارەوە کردوون.
- سیاسەت و ڕوانگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پرۆسەی چاکسازی و دید و تێڕوانینەکانی بۆ پرس و بابەت و دواپێشهاتەکان و خواستی بەهێزترکردنی ئاستی پەیوەندی و هەماهەنگییەکان لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خستۆتە کاری جددی لە سەرجەم ئەو دیدار و چاوپێکەوتن و کۆبوونەوانەی ئەنجاممان داوە، بەتایبەت لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا وە ئەو گرێکوێرە سیاسییەی هاتۆتە پێش و هەنگاو و ئەو دەستپێخەرییانەمان لەگەڵ نێردەی دیپلۆماسی وڵاتان و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕوون کردۆتەوە کە خراونەتە ڕوو بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی گونجاو لەسەر بنەمای دەستوور.
- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کاری جددی کردووە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بەسەر پێکهاتەی گشتی فەرمانگە بکات بە مەبەستی فراوانتر کردنی. هاوکات فەرمانی پێداچوونەوە بەسەر پێکهاتەی گشتی فەرمانگە دەرچووە و دەخرێتە بواری جێبەجێکردن. لەناو پێکهاتە تازەکەدا، گرنگی دراوە بە سەرجەم بەش و بەڕێوەبەرایەتییەکانی فەرمانگە. دیسکی وڵاتان و تایبەتمەندکردنیان لەسەر ئاستی کیشوەر و هەرێمە جیاجیاکان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا و بەشەکانی تری جیهان جیاکردۆتەوە و ناوەندێکی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیمان کردۆتەوە بۆ پێگەیاندن. هاوکات پەنجەمان خستۆتەسەر هەموو کەموکوڕییەکان و جێگیرکردنی سەرجەم ئەرك و بەرپرسیارێتییەکان بە کەسی شیاو. لە داهاتوویەکی نزیکدا سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانە بەڕوونی لە فەرمانگەکەمان ڕەنگدەداتەوە.
- هەوڵەکانی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە بۆ بەدواداچوونی پرسی کۆچبەرانی نایاسایی لە یۆنان و ژێرئاو کەوتنی سێ بەلەم: لە رێکەوتی ٢١ و ٢٣ و ٢٤ی دیسەمبەری ٢٠٢١ لە ئەنجامی ژێرئاوکەوتنیان، ژمارەیەک هاووڵاتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک کۆچبەری وڵاتانی تر، بوونە قوربانی و ژمارەیەکیان تەرمەکانیان دۆزرانەتەوە و بەشێکیان تاکو ئێستا بێ سەروشوێنن و ژمارەیەکی زۆریش لەو کۆچبەرانە لەلایەن پۆلیس و پاسەوانی دەریاوانی یۆنان رزگارکراون.
- لەسەروبەندی ئەم رووداوە یەک لەدوای یەکانەدا، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە سەرقاڵی گەڕاندنەوەی (١٦) شازدە تەرمی رووداوەکەی نۆکەندی ئینگلیز بوون، بۆ بەدواداچوونی پرسی بێ سەروشوێنەکان و گەڕاندنەوەی (٩) نۆ تەرمەکەی کە لە وڵاتی یۆنانن و چارەسەرکردنی کێشەی (رێوار رێبوار عبدالله)ی لە دایک بووی ٢٠١١، فەرمانگە ئەم هەنگاوانەی گرتەبەر:

- لە رێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٢٣ کە تەنها (٢) دوو لەو بەلەمانە ژێرئاو کەوتبوو، بە نووسراوی فەرمی داوا لە کونسوڵگەری گشتی وڵاتی یۆنان لە هەولێر کرا کە بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە بکەن و لە چارەنووسییان ئاگادارمان بکەنەوە و زانیاری دروست لەسەر کۆچبەرەکان بخەنە بەردەستمان. هاوکات لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی هەمان داوا ئاراستەی جێگری کونسوڵی گشتی کرا .

- بە چوار نامەی فەرمی جیاواز لە رێکەوتی ٤ و ١٠ و ٢٠٢٢/١/١١ بە ژمارە، ٩٠١ و ٩٠٢ و ٩٠٣ و ٩٠٤، فەرمانگە داوای لە وەزارەتی دەرەوەی عێراقی فیدراڵ کردووە کە لەلای خۆیانەوە بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا بکرێت، هاوکات لەسەر سستی رایکردنی رێکاری یاسایی هاووڵاتی (رێوار رێبوار)ی تەمەن ١١ ساڵان، بانگهێشتی باڵیۆزی یۆنان لە بەغدا بکرێت و پرساندنی لەگەڵ بکرێت. بەخۆشحاڵیەوە وەزارەتی دەرەوە داواکارییەکانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی جێبەجێ کرد و لەو پرسەدا هاوکاربوون.
- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە دیدار و کۆبوونەوە و پەیوەندی تەلەفۆنی داوای لە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (IOM) و یۆنامی (UNAMI) و نووسینگەی یەکێتی ئەوروپا لە هەولێر کردووە کە لە چوارچێوەی ئەرکەکانیاندا بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە بکەن و هاوکات داوا لە حکومەتی یۆنانی بکرێت بۆ کارئاسانی و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم.
- بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ پرسی بێسەروشوێن و هێنانەوەی تەرمەکانیان و پرسی رێوار و رەوشی کۆچبەران لە کەمپەکان و زیندانەکان، شاندێکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە رێکەوتی ٢٠٢٢/١/٢٠ سەردانی یۆنانیان کرد و لەگەڵ بەرپرسی دۆسییەی کۆچبەران، بریکاری وەزیری پەنابەران و کۆچبەران کۆبوونەوە.
- لە رێکەوتی ٢٠٢٢/١/٢٩ و ٢٠٢٢/٢/١ تەرمی (٩) نۆ کۆچبەر لەسەر راسپاردە و ئەرکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران گەڕێندرانەوە و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر رادەستی کەس و کاریان کرانەوە.

ئامار و گەشتەکانی گەڕاندنەوەی کۆچبەرانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە وڵاتی بێلاروسیا:

خشتەی گەشتەکانی گەڕاندنەوەی کۆچبەرانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە وڵاتی بێلاروسیا کە لەسەر راسپاردەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم بوو، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراقی فیدراڵ و هێڵی ئاسمانی عێراقی و بە سەرپەرشتی هەردوو راوێژکاری فەرمانگە بەڕێزان (سەلیم ابراهیم سلیم و هەڵگورد مەسعود ساڵەیی) ئەنجامی دا.

ژمارەی گەشت	رێکەوت	ژمارەی کۆچبەر	کوردستانی	عێراقی
یەکەم	هەینی ٢٠٢١\١١\١٩	٤٣٢	٤٢٣	٩
دووەم	پێنجشەممە ٢٠٢١\١١\٢٥	١٧٦	١٧٦	
سێیەم	پێنجشەممە ٢٠٢١\١١\٢٥	٤٣١	٤٣١	
چوارەم	هەینی ٢٠٢١\١١\٢٦	٤٢٠	٤٢٠	
پێنجەم	شەممە ٢٠٢١\١١\٢٧	٤٣٠	٤٣٠	
شەشەم	یەکشەممە ٢٠٢١\١١\٢٨	٤٢٥	٤٢٥	
حەوتەم	شەممە ٢٠٢١\١٢\٤	٤١٩	٤١٥	٤
هەشتەم	سێشەممە ٢٠٢١\١٢\٧	٤١٧	٤١٠	٧
نۆیەم	هەینی ٢٠٢١/١٢/١٠	٤١٧	٤٠٧	١٠
دەیەم	هەینی ٢٠٢١/١٢/١٧	٢٥٨	٢٤٣	١٥
کۆی گشتی		٣٨٢٥	٣٧٨٠	٤٥

- حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی بە سیاسەتی کرانەوە بەڕووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا سوود لە توانا و شارەزایی ئەو ڕێکخراوانە وەربگرێت لە کار ئاسانیکردن بۆ گەیاندنی هاوکاری و هاتنی سەدان پسپۆڕی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان. فەرمانگە لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوکارە بۆ پێدانی نامەی پشتگیری بۆ ئەو ڕێکخراوە بیانیانەی کە دەیانەوێت لقیان لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە، بەمەش تا ئێستا ١٧ ڕێکخراوی تایبەت بە UN و ٣٠٠ ڕێکخراوی تر هەیە کە پەیوەندیان لەگەڵ فەرمانگەدا هەیە. بە

هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم پشتگیری بۆ داواکاری ڕێکخراوەکان کراوە بە لێخۆشبوون لە دانی گومرگ بە پشتبەستن بە یاساکانی هەرێمی کوردستان. ئاسانکاری بۆ پێدانی ڤیزەی هاتنە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بۆ سەدان کارمەندی بیانی ئەو ڕێکخراوانە کە لە بوارە جیاجیاکاندا کراوە .هەروەها پێدانی نامەی پشتگیری بۆ ئەو کارمەندانە بۆ وەرگرتنی کارتی مانەوە. بەدوا داچوون کراوە بۆ ئەو کێشانەی دێنە بەردەم کاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە گشتی لە هەرێمی کوردستان. هەروەها ڕێکخستن و بەشداری کردن لە دەیان کۆڕ و سیمینار و وورک شۆپ بۆ کە کارمەندانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و کارمەندانی حکومەتی هەرێم بە گشتی لەسەر بابەتەکانی مافی مرۆڤ و هاوکاری مرۆیی ڕێکخراوە.

- کاروباری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بەرپرسیارێتی و پیرۆزی خۆی هەیە کە پشت بە چەندین بنەما و ڕێسا و ڕێنمایی دەبەستێت، گرنگترین ئەو خاڵانەی کە ڕۆژانە لە تەواوی بەڕێوەبەرایەتی و بەش و گرووپی کار و ئەرکە جێبەجێکارەکان دا هەیە بریتین لە:

١. نیشتیمانپەروەری و پابەندبوون بە پاراستنی سەروەری نیشتیمان و نەبەزاندنی هێڵی سوور لەسەر ئەو دەستکەوتانەی کە گەل و نیشتیمانەکەمان تاوەکو ئەمڕۆی هێناوە و کردووینی بە هەرێمێکی سەرکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەزاندنی ئەم سنوورە هیچ جۆرە لێخۆشبوونێك نایگرێتەوە.

٢. پاراستنی نهێنی کار و نیشاندانی نموونەیەکی بەرزی کوردستانیبوون لە ڕەوشت و ئاکاری بەرز و دڵسۆزی لە کارکردن و کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتیان و کەسانی بیانی و نێردە دیپلۆماسییەکان.

٣. پاراستن و پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیانی لە دەرەوە.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ:

لەسەر بنەمای کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانگە هەوڵیداوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەرەوپێش ببات لە ڕووی سیاسیی و دیپلۆماسی و ئابووری و جووڵەی بازرگانییەوە. لەم ڕووەوە هەردوو بەشی تورکیا و ئێران سەر بە فەرمانگە کار لەسەر پرس و بابەتەکانی پەیوەندیدار دەکەن. لە ساڵی ٢٠٢١ قەبارەی بازرگانی لە نێوان عێراق و تورکیا ١٩ ملیار دۆلار بووە کە زیاتر لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە هەروەها لەپێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵ (٢٠٢٢) قەبارەی بازرگانی لە نێوان عێراق و تورکیا نزیکەی ٧ ملیار دۆلار بووە کە بە هەمان شێوە زیاتر لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە. بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی پەیوەندی ئابووری و بازرگانی و بەرزکردنەوەی قەبارەی بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەوڵدراوە بۆ کردنەوەی دەروازەی نوێ و پەرەپێدانی زیاتری ڕێگەی ئاسمانی. هەر لە چوارچێوەی ئەم هەوڵانەدا لە مانگی ٩ی پار ساڵ بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی و وەزیری بازرگانی کۆماری تورکیا کۆربەندی وەبەرهێنان و بازرگانی لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

- لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان ١٤١٨ کۆمپانیای تورکیا تۆماریان هەیە. فەرمانگە لە ڕێگەی بەشی تورکیاوە بە سەردان و کۆبوونەوە لەگەڵ کونسوڵگەری گشتی کۆماری تورکیا لە هەرێم بەدواداچوونی بەردەوام بۆ کارو چالاکییەکانیان دەکات و کێشە و گرفتەکانیان دەخاتەبەردەست لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە بانکەکانیش تا ئێستا ٤ بانکی تورکی لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بەردەوامن لە کار و چالاکییەکانی خۆیان وەک (١-بانکی ئێش ٢-بانکی زراعە ٣- بانکی وەقف ٤- بانکی ئەلبراکا تورک).

- هەر لە چوارچێوەی پەیوەندی فەرمی لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری تورکیا، ڕۆژانە لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بە شێوەیەکی سەرەکی لە بواری (داد و دادوەری، ناوخۆ، ئابووری و بازرگانی، گومرگ و دەروازەکان، تەندروستی، پەروەردە و خوێندنی باڵا ، شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان) ئاڵوگۆڕی نووسراوی فەرمی ئەنجام دەدرێت. بەشی پەیوەندییەکانی تورکیا جگە لە کاری وەرگێڕی لە کوردی بۆ تورکی وە لە تورکی بۆ کوردی لە هەمان کاتیشدا کاری بە دواداچوونی نووسراوەکانیش دەکات و ئاسانکاری هاتووچۆی دیبلۆماتکاران و شاندەکانیش دەکات. لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٣٠٠٠ نووسراو ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە.
- بەشی ئێران سەر بە فەرمانگە، کار و بەدواداچوونی بەردەوامی کردووە لە پێناو پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییە دوولایەنەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئێرا. هاوکاری دوولایەنە و ئالۆگۆڕی بازرگانی و ئابووری لە سنورەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران بەردەوامە. لەو ماوەیەدا چوار پێشانگایان لە هەرێمی کوردستان کردۆتەوە و کاری جددی کراوە بۆ دروستکردنی لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان ژوورە بازرگانیەکانی هەردوولا بۆ هەماهەنگی و چارەسەری کێشە بازرگانیەکان.
- **کارئاسانی و چارەسەری پێویست کراوە بۆ:**

- کێشەی ئەو پەنابەرانەی کە لە ئێران گەڕاونەتەوە.
- چارەسەرکردنی کێشەی پاسپۆرت.
- وەرگرتنی ڤیزای خێرا بۆ کەسە تایبەتەکان و شاندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- هاوکاری و ئاسانکاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هاوسەرگیری نێوان هاووڵاتیان هەریمی کوردستان و هاووڵاتیانی ئێران.
- هاوکاری و ئاسانکاری بۆ هێنانەوەی تەرمی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە لە ئێران کۆچی دوایی دەکەن و هەروەها ناردنەوەی تەرمی ئێرانیەکان کە لە هەرێم کۆچی دوایی دەکەن.
- بە دواداچوون بۆ کێشەی هاووڵاتیانی ئێرانی کە لە هەرێم کێشەیان دروست دەبێت و لەلایەن کونسولگەری ئاگادار دەکرێینەوە.
- بە دواداچوون و چارەسەری کێشەی ئەو هاووڵاتیانەی هەرێم کە لە ئیران توشی کێشە دەبن.
- بە دواداچوون و ئاسانکاری بۆ ئەو هاووڵاتیانەی هەرێم کە لە ئێران مووچەی خانەنشینیان هەیە.

کاروباری لۆجستك لە بەڕێوەبەرایەتی پڕۆتۆکۆڵ و شاندەکان بە بەردەوام کاری لەسەر کراوە و جێبەجێکراوون:

ز	بابەت	ژمارەی نووسراوەکان
١.	هینانی باری دبلۆماسی بەرێگای دەروازەکانی ووشکایی	٦٠٥
٢.	کارتی نشینگە	١٠٠٢
٣.	ناسنامەی دبلۆماسی	------
٤.	پۆستی دبلۆماسی	٢٩٤
٥.	باجی ئۆتۆمبێل بۆ ناو فرۆکەخانە	٣٦١
٦.	باجی تێرمینالّ	١٠
٧.	داواکاری ڤیزەی هەرێمی کوردستان	١٤٧
٨.	باجی بازگەکان	٧٤
٩.	داواکاری بەخشین لەباجی سەرپێچی	٤٨
١٠.	تابلۆی دیبلۆماسی	٢٣
١١.	تابلۆی شارستانی	١١٣
١٢.	نوێکردنەوەی ساڵیانەی ئۆتۆمبێل	١٠٤
١٣.	مولّەتی هەڵگردتنی چەک	٦٨
١٤.	مولّەتی شوفێری تایبەت بە بیانییەکان	٩
١٥.	هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی زرێپۆش (درع)	٦٩

- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی هەڵساوە بە سەرپەشتی و ڕایی کردنی گشت کاروبارە یاسایی و پەسەندکردنەکانی کە لە دەرەوە یاخود ناوەی وڵات هاتوون، لەهەمان کاتدا هەر بابەتێکی تری یاسایی پەیوەندیدار هەبووبێت بە نووسراو یاخود بە کردەیی و مەیدانی وەک نوێنەری فەرمانگە بەشداربوون و ئەنجامداوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی دیاریکراو لە هەردوو بەشی بەم شێوەیە بووە:
  - پەسەندکردنی (٣٨,١٥٠) بەڵگەنامە.
  - ئامادەکردن و ئاڕاستەکردن و وەڵام دانەوەی (٢,٥٧٧) نووسراو بۆ ناوەوە و نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات.
- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و دارایی فەرمانگە هەڵساوە بە سەرپەرشتیکردن و کاروباری کارگێری و دارایی و ووردبینی و خۆیەتی و ئای تای و خزمەتگوزاری فەرمانگە بەگشتی و نوێنەرایەتیەکانی دەرەوە. بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی هاتنی ڤیرۆسی کۆرۆنا و هەر بارودۆخێکی تر کە هاتۆتەپێش خۆ گونجاندنمان کردووە. لە خوارەوە تیشک دەخەینە سەر هەموو ئەو نووسراوانەی لە هۆبەی هاتوو و دەرچوو لەم بەڕێوەبەرایەتیە کاری پێویستی لەسەر کراوە:
  - دەرچوونی (١٩,٨٧٠) نووسراو بەگشتی.
  - هاتوو (وارد) (٢٩,٣٢٠) نووسراو.
  - سکانکردنی (٤٩,١٢٠) نووسراو وەک ئەرشیفی نووسراوە هاتوو و دەرچووەکان.
- لەو ماوەیەدا بە سەرۆکایەتی سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگە و شاندێکی یاوەری لە فەرمانگە سێ جار سەردانی پەرلەمانی کوردستان کراوە و لەگەڵ هەریەك لە ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمان و د. هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ڕەوەندی کوردستانی بە سەرۆکایەتی دکتۆر ڕێبوار بابکەیی کۆبوونەوە ئەنجامدراوە.

- **لەهەر سێ کۆبوونەوەکاندا، بە ووردی گفتوگۆ لەبارەی چەندین پرس و بابەتی گرنگ کراوە وەك:**

- هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی سیاسیی و ئابووری و بازرگانی هەرێمی کوردستان و عێراق.
- فراوانترکردنی کار و چالاکیی نووسینگەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە و هەماهەنگیی و کاری هاوبەش لەسەر پرس و بابەتە جیاجیاکان.
- دۆخی ڕەوەندی کوردستانی لە دەرەوە بە شێوەیەکی گشتیی.
- پەنجەخستنەسەر کەموکورتییەکان.
- کار و هەماهەنگیی هاوبەش و چۆنیەتی باشترکردنی کاری بەیەکەوەیی و ئاگاداربوون لە دواییین بەڕێوەچوونەکانی وڵات و هاونیشتیمانیان لە ناوەوە و دەرەوە.

- **نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا:**

زیاتر لە ٢٢٠٠ جار هەماهەنگی و پەیوەندییان هەبووە لەگەڵ کۆنگرێسی ئەمریکا لە ڕێگای ئیمەیل و تەلەفۆن و کۆبوونەوە بەشێوەی ئۆنلاین یاخود ڕووبەڕوو بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری لە ڕێگای هاندانیان بۆ ئەو یاسا و پرۆژانەی دەردەچێت کە حکومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستان سوودی لێوەربگرێت. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پەیوەندییە گشتیەکان زۆر چالاکانە بەرنامەی هەبووە لە ڕێگای هەواڵنامەی مانگانە و هەواڵنامەی وەرزی تایبەت بە دۆخی مرۆیی، بڵاوکردنەوەی فلایەر تایبەت بە بۆنە و یادەکان و جەژنەکان، لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پێگەی چالاک بووە هەروەها لە ڕێگای ماڵپەڕی نوێنەرایەتی و بڵاوکردنەوەی پۆدکاستی مانگانە. هاوکات لە چەندین مەراسیم و سیمینار وەک میوانی قسەکەر بەشداربووە و مەراسیمی تایبەتی ڕێکخستووە وەک یادکردنەوەی جینۆسایدی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی شەهید و ئاهەنگی جەژنی نەورۆز.

- لە پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٣ : لە یەک کاتدا لۆبیمان کرد لەگەڵ وەزارەتی بەرگری و کۆنگرێس بۆ بەردەوامبوونی پشتگیرییەکان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕووی مەشق و دابینکردنی کەلوپەل و دەرماڵی لە بودجەی ساڵی ٢٠٢٣. لە ئەنجامدا ئیدارەی ئەمریکی و کۆنگرێس لە کاتی ئێستادا پلانی ئەوەیان هەیە بودجەیەکی زیاتر لە ٣٥٨ ملیۆن دۆلار بۆ عێراق دابین بکەن کە لەو بودجەیەدا پڕی ٢٤٠ ملیۆن دۆلار بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دەبێت.

- لە پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٢ : بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لۆبیمان کرد و هاوکاربووین لە داڕشتنی یاسایەک لە کۆنگرێس کە لە بودجەی ساڵی ٢٠٢٢ ی وەزارەتی بەرگری ئەمریکی بڕی ٢٥٧ دۆلار وەک هاوکاری بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دابین بکرێت ئەمەش مانای ئەوەیە کە هاوکارییەکی زۆری دارایی پێشکەش بە هێزەکانی پێشمەرگە کراوە بەتایبەتی لە ڕێگای بەرنامەی سندوقی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کە ٣٤٥ ملیۆن دۆلار بووە. واتەیە بەشی زۆری هاوکارییەکانی ئەو سندوقە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بووە.

- **نوێنەرایەتی حکومەت لە بەریتانیا:**

لەو ماوەیەدا زیاتر لە ١٢٠٠ کۆبوونەوەی هەبووە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا و وەزیرە باڵاکان و دۆستانی نزیکی کورد و ئەو کۆمپانیایانەی کە ئارەزووی پەرەپێدانی پەیوەندی دەکەن لەگەڵ هەرێم و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ناوەند و ڕێکخراوەکان و باڵیۆزی عێراق لە بەریتانیا و وڵاتە جیاجیاکان و پێکهاتە جیاجیاکان. هاوکات پێشوازی لە چەندین شاندی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ لەندەن و هاوکاری تەواوی کردوون لە ڕێکخستنی دیدار و کۆبوونەوەکانیاندا.

- **نوێنەرایەتی حکومەت لە نەمسا:**

بە بەردەوامی کاریان کردووە لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نەمسا بە تایبەتی لە ڕووی بازرگانی و ئابوورییەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هانی چەندین کۆمپانیای نەمساوییان داوە بۆ ئەوەی کاری وەبەرهێنان لە هەرێم بکەن و پەیوەندییەکی باشیان لە نێوان ژووری بازرگانی نەمسا و هەرێمی کوردستان دروستکردووە. هاوکات گرنگی تەواویان داوە بەو پڕۆژانەی کە کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە لە بوارە جیاجیاکان پێشکەشی هەرێمی کوردستانی دەکەن.

- **نوێنەرایەتی حکومەت لە فەڕەنسا:**

زیاتر لە ٣٠٠٠ دیدار و کۆبوونەوەیان بە جیا ئەنجامداوە لەگەڵ هەریەك لە:

- ڕاوێژکاری سەرۆک ماکرون بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە کۆشکی ئیلیزێ
- بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بەرپرسی کاروباری کوردەکان لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی فەرەنسا.
- بەرپرسی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆکی گروپی دوستایەتی فەرەنسی و کوردی.
- لەگەڵ باڵیۆزی عێراق، تورکیا، ئەرمەنیا، ڕوسیا، ئوردن و هەرێمی کەتەلونیا و هەروەها ستافی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە پاریس.
- ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییە فەرەنسییەکان کە لە هەرێمی کوردستان پڕۆژە ئەنجام دەدەن وەک ڕێکخراوەکانی دانێیل میتەراند، لێئو لاگرانژ، پرومیدیاسیون، هاج ، س ئو س کرسیتیانیەکان و هتد...
- پارت و لایەنە سیاسییەکانی کورد و ڕەوەندی کوردی و قوتابیانی کورد لە فەرەنسا.

- **نوێنەرایەتی حکومەت لە ڕووسیا:**

زیاتر لە ٢٥٠٠ دیدار و کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە بە جیا لەگەڵ هەریەك لە کاربەدەستانی باڵای فڕۆکەخانەی ڤنۆکەڤەی مۆسکۆ، ئەلیکساندەر سەرگێڤیچ لارین ئەندامی ئەنجومەنی گشتی بزنس - باڵوێزی ڕووسیا لە عێراق، دیمیتری نێرسەسیان بەرپرسی سەنتەری پەروەردە و گواستنەوە و ڤلادیسلاڤ ئەلێگەڤیچ یاریدەدەری سەرۆک ژووری بازرگانی مۆسکۆ، نوێنەری فیدراسیۆنی کوردانی سۆڤیەت لە مۆسکۆ ماروف ئەسلانۆڤ،

کارکردنی جددی کراوە بۆ چارەسەرکردنی پرسی ڤیزە و کاروبارەکانی چۆنیەتی هاتنی نەخۆش بۆ ڕووسیا، هەروەها پرسی دروستکردنی قوتابخانەیەکی کوردی لە یەکێک لە گوندە کورد نیشینەکانی ڕووسیا. هەروەها هاوکاریکردنی ئەو پەنابەرانەی کە لەناو خاکی بێلاروسیادان و دەیانەوێ بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان، وە ئەوانەش کە بە نایاسایی هاتوونەتە ناو خاکی ڕووسیا و دەستگیرکراون. بەدواداچوونی بەردەوام و ڕۆژانە کراوە لەسەر ڕەوشی ژیانی ئەو کۆچبەرە گیراوانەی بەهۆی بەزاندنی سنووری ڕووسیا بە نایاسایی لە ڕووسیا دەستبەسەر کراون و ڕۆژانە چاودێری ڕێکارە یاساییەکانیان دەکەین و بەردەوام لەگەڵ خزم و کەس وکاریان لەسەر هێڵین.

- **نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئیسپانیا:**

بەردەوام لە پەیوەندیەکی گونجاودا بووە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەشی مەغریب، دەریای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەزارەتی دەرەوە. حکومەتی ناوەندی ئیسپانیا هەردەم پەیوەندییەکی دۆستانەی هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەڵام هەردەم دووریەک بوونی هەیە لەبەر بابەتی کەتەلۆنیا. زۆر جار پەیوەندییەکان لە ئاستی دۆستانە زیاتر نابن. وەزارەتی دەرەوە هەموو پەیوەندییەکانی لە ڕێگەی بالیۆزخانەی عێراقەوە لە ئیسپانیا چانێڵ دەکات. کونسڵی ئیسپانیا لە هەرێمی کوردستان بوونی نیە، جگە لە کونسڵی فەخری، وە وەزارەتی دەرەوەی ئیسپانیا سەردانی هەرێمی کوردستانیان نەکردووە. لە ٢٠٢١ دا ئارانچا گۆنزالێس لایا پلانی سەردانیکردنی عێراق و هەرێمی کوردستانی هەبوو، بەڵام ئەم سەردانە ئەنجام نەدرا بە هۆی بوونی کەیسی پۆزەتیڤ لە تیمی وەزارەتدا.

- **نوێنەرایەتی حکومەت لە شانشینی سوید:**

لەو ماوەیەدا چەندین کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنی بە جیای ئەنجامداوە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سوید، ئان لیندێ، پەرلەمانتارانی گشت پارتەکانی ناو پەرلەمانی سوید لە پێناو ڕەخساندنی دەرفەتی ئاڵوگۆڕ و هاوکاری پەرلەمانتاری و لایەن و ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردستانییەکان و باڵوێزخانەی عێراق و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لە سوید لە پێناو بەهێزکردنی پێگەی نوێنەرایەتی لەناو سلکی دیپلۆماسیی لە سوید.

- **نوێنەرایەتی حکومەت لە بەلجیکا:**

لە پەیوەندی بەردەوامدابووە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەلجیکا، باڵیۆز (Peter Huyghebaet) بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقا و کەنداو و (Hannelore Delcour) بەرپرسی دێسکی عێراق، خاڤیێر نارت، ئەندامی پەڕلەمانی ئەوروپا و ئەندامی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە و بەرگری ئاسایش،

هاوکات بەشـــداری کارای هەبووە لە کۆبوونەوەی فەرمی لیژنەی پەیوەندییەکانی پەرلەمانی ئەوروپا لە گەڵ عێراق بە بەشداری نوێنەری ئۆفیسی سیاسەتی دەرەوەی و ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا و ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا و باڵیۆزی عیراق لە یەکێتی ئەوروپا. هاوکاری تەواو پێشکەش بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کراوە ئەوانەی لە وڵاتی بەلجیکا کۆچی دوایی دەکەن یاخود کێشەی کۆچکردنیان هەبووە.

- **نوێنەرایەتی حکومەت لە پۆڵۆنیا:**

هەوڵی جددی و کاری زۆری بە ئەنجام گەیاندووە لە ڕووی قەیرانی کۆچبەرانەوە کە لە پایزی ساڵی ٢٠٢١ لە سەر سنووری وڵاتی پۆلۆنیا و بیلاروسیا سەری هەڵدا. کوردستانیەکان زۆرینەی ئەو کۆچبەرانە بوون کە هەوڵیان دەدا سنووری وڵاتی پۆلۆنیا ببەزێنن پێوەری قەیرانەکە پێویستی بە کرداری چڕ و دەستبەجێبوو. هەروەها لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا لە پەیوەندی و کۆبوونەوەی بەردەوامدابوون لەگەڵ بەرپرسانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە وەزارەتی دەرەوەی پۆلۆنیا بە مەبەستی فراوانکردنی هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی نێوان پۆلۆنیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سەرەڕای سەختییەکانی ماوەی پەتای کۆرۆنا لە ساڵی ٢٠١٩ەوە هاوکاری ئەکادیمیای پۆلۆنی و کوردستانی بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندوو و بەردەوام بوون لە ڕێککەوتنە نوێیەکانی نێوان زانکۆکانی پۆلۆنیا و هەرێمی کوردستان و چەندین کاری باش ئەنجامدراوە وەك:

- لە ساڵی ٢٠١٩ واژوو کردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە نێوان زانکۆی یاگیلۆنیان لە کراکۆڤ و زانکۆی تیشک لە هەولێر.
- لە ساڵی ٢٠٢١ واژوو کردنی نامەی مەبەست لە نێوان بەشی توریسم و بەڕێوەبردنی هۆتێل لە زانکۆی دهۆک و فاکەڵتی بەڕێوەبردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی یاگیلۆنیان لە کراکۆڤ.
- واژوو کردنی ڕێککەوتننامەی هەماهەنگی نێوان زانکۆی نەورۆز و زانکۆیماری کوری لە لوبلین.
- واژوو کردنی ڕێکەوتننامەی هەماهەنگی نێوان زانکۆی تیشک و زانکۆیماری کوری لە لوبلین.

- **نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی ئوسترالیا:**

پەیوەندی بەهێزی هەیە لەگەڵ وڵاتی میواندار لە سەر ئاستی حکومەت، پەرلەمان، دامودەزگا حکومیەکان و کەسانی خاوەن ئەزموون و پرۆفیشناڵ وە کار دەکەین بۆ پتەوکردنی پردی نێوانمان و بەرژەوەندیەکانمان، لەم ڕووەوە چەندین کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە بۆ پتەوکردنی قەبارەی هەرێمی کوردستان، گرنگترین دیدارەکانیش لەو ماوەیەدا بە جیا ئەنجامدراوون لەگەڵ هەریەك لە جەندین پەرلەمانتارانی ئوسترالیا لە گروپ و پارتە جیاوازەکان، بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئوسترالیا (بەشی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، دامەزراوەی ئەنجومەنی توێژینەوەی ئوسترالی، گروپی کۆمەڵەی دۆستایەتی عێراق – ئوسترالیا، باڵیۆزخانەی ئوسترالیا لە عێراق و چەندانی تر.

فەرمانگەی میدیا و زانیاری

فەرمانگەی میدیا و زانیاری

بەشی میدیای ناوخۆ:

گرنگترین پرۆژە و چالاکییەکانی میدیای ناوخۆ لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری لەم بوارانەی خوارەوە پێکهاتوون:

هەواڵ:

لە ئێستادا لە ڕێگەی سیستەمێکەوە کە پێی دەگوترێت سیستەمی (IU)، هەموو هەواڵەکان دەگەڕێنەوە فەرمانگەی میدیا و زانیاری و لە پاش پێداچوونەوە و دەوڵەمەندکردنیان بە زانیاری و داتا، هەواڵەکان لە پێگەی فەرمی حکومەت بڵاو دەکرێنەوە.

هەواڵەکانی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت و فەرمانگە و دەستەنەبەستراوەکان بە وەزارەت هەر هەموویان لە ماڵپەڕی فەرمیی حکومەتی هەرێم بڵاو کراونەتەوە کە ژمارەیان ٦١٦٣ هەواڵە .

ئامادەکردنی ڕێبەر:

ئامادەکردنی ٦ ڕێبەری تایبەت بە سیاسەت و ستراتیژی حکومەت و هەروەها تایبەت بە کاری میدیایی .

وۆرکشۆپ و سیمینار:

- لە ڕۆژی ٣١-٨-٢٠١٩ تا ٣-٩-٢٠١٩ (ماوەی چوار ڕۆژ) سیمینارێک بەناونیشانی "دروستکردنی پردی پەیوەندی نێوان خەلک و حکومەت" ڕێکخرا.
- لە ڕۆژی ١٤-١١-٢٠١٩ وۆرکشۆپێک بەناوی "حکومەتی خۆت بناسە/ یەک دەنگ، یەک حکومەت" بە سەرپەرشتی د.هێژا سندی ڕاگری کۆلیژی کارگێری لە زانکۆی کوردستان سازدرا.

کار و چالاکییەکانی فەرمانگە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا:

- لە ڕۆژی ١٣-٢-٢٠٢٠بە مەبەستی دانانی نەخشە ڕێگایەک بۆ ئەم هەڵمەتە، کۆبوونەوەیەك بە سەرپەرشتی د.جوتیار عادل سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕێکخرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٤-٢-٢٠٢٠ بە سەرپەرشتی د.جوتیار عادل سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بە ئامادەبوونی بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی گشت وەزارەت و دەستە و فەرمانگە و هەر چوار پارێزگا بۆ داڕشتنی پلانێکی تۆکمەی میدیایی بۆ هۆشیار کردنی هاووڵاتیان و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەم پەتایە، بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم ڕێکخرا.
- لە ڕۆژی ٢٤-٢-٢٠٢٠ بە ئامادەبوونی د.جوتیار عادل سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، کۆبوونەوەیەک لەگەڵ نوێنەرانی دەزگاکانی میدیا ناوخۆییەکانی هەرێم بۆ خستنەڕووی پلانی میدیای حکومەتی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕێکخرا.

- ڕۆژانە کۆکردنەوە و بەدواداچوون بۆ ڕێکارەکانی هەردوو وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆ بۆ کۆنترۆڵکردنی تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، پوختەکردنی ڕێنماییەکان و وەرگێڕانیان بۆ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، و بڵاوکردنەوەیان بە سێ زمان لەسەر ماڵپەڕی فەرمی حکومەت دەگرێنەبەر.
- بەدواداچوون و هەماهەنگی ڕۆژانە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری دەربارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، و بڵاوکردنەوەی نوێترین ئامارەکانی تووشبووان، چاکبووان و مردووان لەسەر ماڵپەڕی فەرمی حکومەت.
- بەدواداچوون بۆ هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا لەسەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پابەندکردنیان بە دانانی هاشتاگی (#لەدوورەوە) و (#بەماسکەوە)، و بڵاوکردنەوەی سپۆتەکانی ڤیدیۆیی تایبەت بە کۆرۆنا.
- چاپکردن و ئامادەکردنی پۆستەر و بیلبۆردی تایبەت بە هۆشیاکردنەوەی مەترسییەکانی کۆرۆنا بە کوردی و زمانی پێکهاتەکانی تورکمانی، سریانی و کلدانی و دابەشکردنیان بەسەر گشت وەزارەت و دەستە و فەرمانگە و پارێزگاکان و هەڵواسینیان لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان و داموودەزگاکانی حکومەت.
- دروستکردنی ڤیدیۆ گرافیکی تایبەت بە هۆشیاکردنەوەی هاووڵاتیان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کە تا ئێستا زیاتر لە (٧٥) ڤیدیۆ بەرهەم هێنراون و لە سوشیاڵ میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن پەخش کراون.
- ئاڕاستەکردنی دیزاینەران بۆ دروستکردنی پۆستی ڕۆژانە لەسەر کۆرۆنا کە ڕۆژانە لە پەیجی فەرمانگە و سوشیاڵ میدیادا بڵاو دەبێتەوە، هەروەها هاوکاریکردنی وەزارەتەکان لە ڕووی گرافیک و دیزاینەوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری پەیجی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- بەرهەمهێنانی سپۆتی تایبەت بە بەکارهێنانی ماسک و دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی لە بەرهەمهێنانی فەرمانگەی میدیا و زانیاری و پێدانیان بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.
- دروستکردنی ئەنیمەیشنی تایبەت بە منداڵان و تۆمارکردنی گۆرانی تایبەت بە کۆرۆنا بۆ منداڵان و بڵاوکردنەوەی لە تەلەڤزیۆنەکانی تایبەت بە منداڵان. چەندین چالاکی دیکەی هاوشێوەش بەڕێوە چووە.
- دروستکردنی ژمارەیەک ڤیدیۆ بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە وەک بەفیڕۆنەدانی ئاو و کارەبا و پاراستنی ژینگە و سروشتی کوردستان.

دیدار و چاوپێکەوتن:

بەشی میدیای ناوخۆ نزیکەی ٨٠ دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و وەزیرەکان و لایەنی دیکە ئەنجام داوە و لە ڕێگەی ماڵپەڕی فەرمیی حکومەتەوە بڵاویکردۆتەوە.

ڤیدیۆ و ڕاپۆرتی تایبەت بە کار و چالاکی:

- میدیای ناوخۆ هاوکار و بڵاوکەرەوە و نووسەری زیاتر لە ٥٠ ڕاپۆرتی ڤیدیۆیی بووە لەسەر چالاکییەکانی سەرۆک وەزیران و پرۆژە ستراتیژییەکانی حکومەت و هاوکاری بەشی سۆشیاڵ میدیا و بڵاوکردنەوەیان لە ماڵپەڕی حکومەت و پەیجی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیجی تایبەتی فەرمانگەی میدیا و زانیاری و ڕووماڵکردنی هەموو وتارەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکومەت و گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی کورتە ڤیدیۆ و سپۆت و گرافیک دیزاین و بڵاوکردنەوەیان لە سۆشیاڵ میدیای حکومەت و فەرمانگەی میدیا و زانیاری.

کۆبوونەوەکانی بەشی میدیای ناوخۆ:

بەشی میدیای ناوخۆ لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا چەندین کۆبوونەوەی جیاجیای لەگەڵ وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی دیکە ئەنجام داوە بە مەبەستی زیاترکردنی هەماهەنگیی زیاتر و پەرەدان بە کاری پێکەوەیی، ئەمە جگە لە کۆبوونەوەی ناوخۆییەکانی میدیای ناوخۆ بە مەبەستی ڕێکستنەوەی کاروبارەکانی میدیای ناوخۆ:

- ئەنجامدانی زیاتر لە ٣ کۆبوونەوەی لیژنەی پابەندبوونی کەناڵەکان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و هەڵسەنگاندنی پابەندبوونی دەزگاکان و خستنەڕووی ئەو ڕێکارە یاساییانەی کە ئەگەر پێویستی کرد لە داهاتوودا بکرێن.
- ئەنجامدانی ١٤ کۆبوونەوەی جیاجیا سەبارەت بە کارو چالاکییەکانی میدیای ناوخۆ و کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەت و فەرمانگە و دەستە نەبەستراوەکان بە وەزارەت.

کردنەوەی خول:

- کردنەوەی ٨ خولی جۆراوجۆر تایبەت بە ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان و فەرمانگەی میدیاو زانیاری، بە مەبەستی پەرەپێدان و ڕێکخستنەوە و بە پڕۆفیشناڵکردنی میدیا ی حکومەت.

ئەنسات:

دروستکردنی ئەنساتێک بۆ ئاگاداربوون لە دواین ڕووداو و پێشهاتەکان، کە ڕۆژانە بە واتسئاپ و ئیمێل بۆ تەواوی وەزیران، سەرۆکی فەرمانگە و دەستەکان ڕەوانە دەکرێت ، هەموو ڕۆژانی هەفتە جگە لە هەینی ئەنسات ئامادە دەکرێت.

ڕاپۆرت:

بەشی میدیای ناوخۆ لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری، جگە لەو هەواڵانەی کە لەلایەن ڕاگەیاندنی دامودەزگاکانی حکومەتەوە بۆی هاتوون و بڵاوی کردوونەتەوە، زیاتر لە ١٠٠ ڕاپۆرتی جیاجیای لەبارەی کارو پڕۆژەکانی کابینەی نۆیەم بڵاو کردووەتەوە، ئەوەش بەپێی ئەو پلانەی کە سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری داینناوە بۆ بەشەکە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە هاووڵاتیان زیاتر ئاشنابن بە پڕۆژەکانی حکومەت.

فایلی تایبەت:

بەشی میدیای ناوخۆ لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لە سۆنگەی گرنگیدان و ئاگاداربوون لە ڕووداوە ناوخۆیی و هەرێمی و ناوچەیی و تەنانەت نێودەوڵەتیش، ٣٠ فایلی تایبەتی ئامادە و دیزایین کردووە و نێردراوە بۆ سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری .

چەند کارێکی دیکەی جۆراو جۆر

بەشی میدیای ناوخۆ لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری جگە لەو کار و چالاکییانەی کە ئاماژەیان پێدرا، چەندین چالاکی و کاری جیاجیای دیکەشی ئەنجامداوە، کە پەیوەستن بە بواری ڕاگەیاندن و میدیای حکومەتەوە وەك:

- سەردانیکردنی شاری سلێمانی و پێدانی ڕێزلێنان بە ٩ کۆمپانیا و شوێنی حکومی وەکو ڕێزلێنانێک بۆ ئەو هاوکارییەی کە پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردبوو لە ماوەی کەمپەینی کۆرۆنا.
- ئامادەکردنی ٧ سیناریۆ بۆ چەند ڤیدیۆیەک کە تایبەتن بە ئاو و بابەتی دیکە.
- پێداچوونەوە بە کۆی گشتیی ماڵپەڕی فەرمی حکومەت.
- کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەسەر پڕۆژەکانی حکومەت لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- ڕێکخستنی مەراسیمی ڕێزلێنان بۆ ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان.
- ڕێکخستنی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی جوتیار عادل، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی لەگەڵ میدیاکان بۆ بەشداری کردن لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانیانە.
- ڕێکخستنی کاروباری تیمی ڕۆژنامەنووسان بۆ فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی لە کاتی گەڕانەوەی کۆچبەران بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوەش بە هەماهەنگی لەگەڵ میدیای دەرەوە.
- کردنەوەی خولێک بۆ ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان لەلایەن تیمێکی وڵاتی بەریتانیا بە هاوکاری و ئۆفیسی بەڕێز سەرۆک وەزیران و هەماهەنگی و ڕێکخستنی بەڕێوەبەری ئۆفیسی سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری و بەشی سۆشیاڵ میدیا و میدیای دەرەوە بەڕێوەچوو.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت لەسەر بابەتە گرنگەکانی هەفتە لە هەرێمی کوردستان بۆ سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداوە گرنگەکانی ڕۆژ.
- دیاریکردنی کێشەکانی ڕۆژ و پەیوەندیکردن بە وەزارەتی پەیوەندیدارەوە بۆ ئەوەی زانیاری تەواو لەسەر کێشە و گرفتەکان وەربگرین و بیدەینە سەرۆکی فەرمانگە.
- نووسینی بەیاننامە بەناوی فەرمانگەوە بۆ بۆنانەی کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەیاننامەی هەبێت.
- نووسینی ئەو ڕاگەیاندراوانەی کە فەرمانگەی میدیا و زانیاری بڵاوی دەکاتەوە لەسەر ئەو بابەت و پرسانەی کە پێویست دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان قسەی تێدا هەبێت.
- بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی سەرۆکی فەرمانگە و سەنتەری میترۆ ، بۆ دروستکردنی هەماهەنگی زیاتر لە نێوان هەردوو لادا.
- بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی نێوان سەرۆکی فەرمانگە و وەزارەتە خزمەتگوازرییەکان بۆ دروستکردنی هەماهەنگی زیاتر لە نێوان فەرمانگەی میدیا و زانیاری و ڕاگەیاندنی ئەو وەزارەتانە.
- هەماهەنگی و کارئاسانیکردن بۆ ژمارەیەک میدیای ناوخۆ لەوانەش، کوردستان ٢٤، کوردستان تیڤی، تۆڕی میدیایی ڕووداو، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، کەناڵی کوردسات، زاگرۆس تیڤی بۆ ئەوەی لە هەفتەی کوردستان لە ئێکسپۆ ٢٠٢٠ بەشداری بکەن و توانیان بە هەماهەنگی لە تیمی فەرمانگە لە دوبەی چەندین ڕاپۆرتی باش لەسەر کاروچالاکییەکانی کوردستان دروست بکەن، ئەمەش لینکی ژمارەیەک لەو ڕاپۆرتانەی کە ئامادەکراون:

کوردستان٢٤:

https://www.٢٤.krd/ckb/story/٢١٦١١٠-%D٨٪A٨٪DB%٩٥-%DA%A٤٪DB%٨C%D٨٪AF%DB%٨C%DB%٨٦..-%D٩٪٨٧٪DB%٩٥٪DA%B٥٪D٩٪BE%DB%٩٥٪DA%٩٥٪DA%A٩٪DB%٨E%DB%٨C-%DA%A٩٪D٩٪٨٨٪D٨٪B١٪D٨٪AF%DB%٨C-%D٩٪٨٤٪DB%٩٥-%D٨٪A٦٪DB%٨E%DA%A٩٪D٨٪B٣٪D٩٪BE%DB%٨٦٪DB%٨C

کوردستان تیڤی:

https://www.facebook.com/watch/live/?ref=search&v=٥٨٥٨٩٨٧٦٢٤٦٣٦٤٣

کوردسات:

https://m.youtube.com/watch?v=OmIq١v٣hJ٥o

تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان:

https://www.gksat.tv/details.aspx?jimare=١٢٨٧٩٩

ماڵپەڕی Pukmedia

https://pukmedia.com/KS/Details/١٨٣٣٢٤

بەشی پێگەی فەرمی حکومەت:

چالاکییە گرنگەکانی لە سێ ساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەت:

- ئامادەکردن و دیزاینکردنی فۆرمی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ گشت وەزارەت، دەستە و فەرمانگەکانی حکومەتی کوردستان، بۆ بە ستاندارکردنی پێگەی (وێبسایتی) گشت دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- ڕێکخستنی سیمینارێك بۆ گشت کارمەندانی ڕاگەیاندن و (IT) وەزارەت، دەستە و فەرمانگەکانی حکومەت.
- کۆکردنەوەی سەرجەم زانیارییە پێویستەکان لە گشت وەزارەت، دەستە و فەرمانگەکانی حکومەت و پوختەکردنی زانیاریەکان و وەرگێڕانی بۆ زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی.
- ناردنی تەواوی زانیارییەکان بۆ فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری و پێشنیازکردنی چۆنێتی سەرخستنی بۆ سەر پێگەی فەرمی حکومەت (gov.krd).
- دەستپێکردنی قۆناغی دووەمی بە ستاندارد کردنی ماڵپەڕی گشت دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شوێنکردنەوەی لەژێر پێگەی فەرمی حکومەتدا (gov.krd)، کە پێکدێت لە گواستنەوەی زانیاریی بەسود و گرنگەکانی گشت ماڵپەڕی دامودەزگاکانی حکومەت بۆ ژێر بەشی دیاریکراوی وەزارەت، دەستە و فەرمانگەکان لە ناو پێگەی فەرمی حکومەت.
- ئامادەکردن و دیزاینکردنی ڕۆژمێری فەرمی حکومی بۆ دیاریکردنی بۆنە و پشووە فەرمییەکان.
- لە ڕۆژی ٢-١٠-٢٠١٩، بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی پێگەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سیمینارێک بۆ بەڕپرسی ڕاگەیاندن و ئایتی گشت وەزارەت و دەستە و فەرمانگە و ئەنجومەنی پارێزگاکان (هەولێر- سلێمانی- دهۆک-هەڵەبجە) ڕێکخست.
- ئامادەکردنی ڕێبەری ناسنامەی دامەزراوەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- بەدواداچوون و هەماهەنگی ڕۆژانە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری دەربارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، و بڵاوکردنەوەی نوێترین ئامارەکانی تووشبووان، چاکبووان و مردووان لەسەر ماڵپەڕی فەرمی حکومەت.
- نوێکردنەوەی بەردەوامی هێلکاری و داشبۆرد بۆ پیشاندانی ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان لەسەر پێگەی فەرمی حکومەت.

دروستکردنی پەڕەیەکی تایبەت لە پێگەی فەرمی حکومەت بۆ بواری دارایی و ئابووری:

- دیزاینکردنی پەڕەیەکی تایبەت بۆ پیشاندانی داتای داهات، خەرجی، و قەرزەکانی حکومەتی هەرێم بۆ سەرخستنی بۆ ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- دروستکردنی هێلکاری و پۆلێنکردنی زانیارییەکان بەشێوەیەکی خودکارانە لە ڕێی بەکارهێنانی بەرنامەی تایبەتی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت (Power BI).
- دانانی کارنامەی حکومەت و داتای کراوە و کابینەی حکومەت و ئامانجەکانی حکومەت سەبارەت بە چاکسازی و حکومڕانی باش و پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا و وەرچەرخانی دیجیتاڵی بە زمانی کوردی و عربی و ئینگلیزی.
- ڕوونکردنەوەی پێویست بۆ بەشێک لە داموودەزگاکانی حکومەت سەبارەت بە ڕێبەری ناسنامەی دامەزراوەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- دانانی ڕێبەرەکان لە بەستەرە خێراکان لەسەر ماڵپەر (لاپەڕەی سەرەکی) و هەروەها دروست کردنی سەب تایێک (ئامرازی گواستنەوەی خێرای نێو وێبسایت) بە ناوی ڕێبەر لە وێبسایتی تایبەت بە فەرمانگەی میدیا زانیاری کە تیایدا ڕێبەرەکان دانراون.
- کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی پۆرتاڵی خزمەت سەبارەت بە ڕێکخستنەوەی پۆرتاڵەکە و چۆنیەتی ڕێکخستنی داتاکان و پۆلێن کردنیان و دانانیان لە پێگەی فەرمی.
- ڕاهێنان و فێرکردنی ئەو وەزارەت و دەستانەی سەردانمان کردوون بۆ چۆنیەتی ناردن و ڕێکخستنی داتاکان.
- ڕێکخستنی خولێک سەبارەت بە چۆنیەتی ئەرشیف کردنی ئەو ڤیدیۆیانەی کە پەیوەندی بە فەرمانگەی میدیا و زانیاری و سەرۆکی فەرمانگە و لێدوانەکانیەوە هەیە.
- داخستنی وێبسایتە کۆنەکانی وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکانی حکومەت و وەرگرتنی داتاکان و دانانیان لە پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەرشیف کردنی و دانانیان بە شێوەی لینک.
- دانانی بەشی زانیارییەکانی ڤاکسینی کۆرۆنا و لینکی خۆتۆمارکردنی بۆ ڤاکسین.
- دروستکردنی بەستەرە خێراکان کە تیاییدا لۆگۆ و سروودی نیشتمانی و ئاڵای کوردستانی تێیدا دانراوە.
- دانانی وێبسایتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان وەکو لینک لە بەستەرە خێراکان.
- دروستکردنی ڕۆژمێری ساڵی ٢٠٢١ بەر هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی.
- هەماهەنگی و بەدواداچوونی بەردەوام بۆ بەرەوپێشبردن و دەوڵەمەندکردنی ناوەرۆکی وێبسایتەکانی وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکانی حکومەت لە رووی دروستکردنی تاب و سەب تاب و دانانی بڵاوکراوەکان (یاساکان، وەقایعی کوردستان، ڕێنماییەکان، بەیاننامەکان ، تەندەرەکان، ئاگاداری ، پۆستەر)، ڤیدیۆ، بەستەری خێرا، وە چەندین ناوەرۆکی دیکەی پەیوەیست بە دام و دەزگا جیاوازەکانی حکومەت.
- گۆڕینی پەیوەندییەکانیان (contacts) و چالاککردنی لە پێگەی حکومەتی هەرێم.
- سەبارەت بە هاتنی پاپا فرانسیس بە هەماهەنگی لەگەڵ میدیای ناوخۆ دروست کردنی بانەرێک و لاپەڕەیەکی تایبەت بۆ پێشوازی کردن لە هاتنی پاپای ڤاتیکان بۆ هەرێمی کوردستان.

- بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی سیستەمی ناردن و وەرگرتن، پێداچوونە و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تەواوی وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکانی حکومەت، بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری و بەشی میدیای ناوەخۆ لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری و بەڕێوەبەرایەتی پێگەی فەرمی حکومەت سیستەمی (IU) کاراکرا لە پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بوونی یوزەرنەیمی تایبەت ئەو لایەنانە دەتوانن ببنە ئەندام لەم سیستەمە بە ئاسانترین شێوە و زووترین کات هەواڵەکان بڵاوبکرێنەوە لە پێگەی فەرمی.
- دانانی بڕیارەکانی جەنابی سەرۆکی حکومەت و ڕێکخستنیان و ناولێنانیان بە پێی بابەتەکە و دیاری کردنی بەرواری بڕیارەکان و ڕیزبەندکردنی بە پێی ساڵ و مانگ و ڕۆژ و بۆ ساڵانی ٢٠١٩ - ٢٠٢٢.
- بەردەوامبوون لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکانی داتا و زانیاریی پشتڕاستکراوی پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بە هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی لە بەشی (حکومەت > داتای کراوە) لە لاپەڕەی سەرەکی.
- سەبارەت بە لاپەڕەی سەرەکی لە (ئامانجەکان > چاکسازی) تیایدا دانانی پەرتوکێک وەکو لینکێک بەناوی (کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان - چاکسازی و خزمەتگوزاری لە ٢٠١٩/٧/١٠ تاوەکو ٢٠٢١/٥/١).
- سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (حکومەت > کار و چالاکی) ئەوانەی خوارەوە دانران:
  - ڕاپۆرتی کاروچالاکی یەك ساڵی کابینەی نۆییەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
  - ڕاپۆرتی کاروچالاکی ساڵی دووەمی کابینەی نۆییەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
  - ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی وەزارەت و دەستە و فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت.
- دروست کردنی سەب تابێک بۆ فەرمانگەی میدیا و زانیاری لە بەشی بڵاوکراوەکان بە ناوی (دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێم) لینکەکە:

https://gov.krd/dmi/publications/دەستکەوتەکانی-حکومەت

- دروستکردنی فۆرمی سکاڵا و پێشنیار بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە هەر سێ زمان و بە شێوەی ئۆنلاین
- پێداچونەوەی مەرجەکانی بەکارهێنانی پێگەی فەرمی حکومەت وە ئامادەکردنی بۆ بڵاوکردنەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و دواتر هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری بۆ ئەپلۆدکردنی.
- دروستکردنی ماتریکسی بەدواداچوونی ژمارەی هەواڵەکانی هەریەک لە جەنابی سەرۆک، جێگری سەرۆک و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکانی حکومەت.
- دروستکردنی سیستەمی بەرێوەبردن و بەدواداچوونی ئەرکەکانی فەرمانبەرانی فەرمانگەی میدیا وزانیاری.
- بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشی سۆشیال میدیا پێداچوونەوە بە (ڕێبەری سۆشیاڵ میدیا بۆ سەرجەم دامـەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان) و دواتر بڵاوکردنەوەی لەسەر پێگەی فەرمی حکومەت.
- دروست کردنی ڕۆژمێری ساڵی ٢٠٢٢ بۆ هەر سێ زمان و دیاری کردنی پشوو و بۆنە فەرمییەکان بە شێوەی ڕۆژمێری میلادی و ڕۆژمێری کوردی.
- هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بە مەبەستی دانانی ئاڵای کوردستان لەسەر وێبسایت بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەبۆنەی ڕۆژی ئاڵای کوردستان.

- تۆکمەکردنی ئەمنی ئەو ئامێرانەی فەرمانگە کە بەکاردێن کە بۆ داخل کردنی هەواڵەکان و نوێکردنەوەی ناوەرۆکی پێگەی فەرمی.

راپۆرتی ئاماری پێگەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

١. ژمارەی بەکارهێنەران بە گشتی: بەراورد بە ساڵی پێشوو لەم ساڵدا ژمارەی بەکارهێنەران بە ڕێژەی ٦٠٪ زیادیکردووە، وە بەراورد بە ساڵی یەکەمی کابینە بە ڕێژەی ٧٦٪ زیادیکردوو.



٢. ڕێژەی بەکارهێنەران بە پێی ناوەندی سەردانیکردن:

لە ماوەی ساڵی سێیەمدا ترافیکی ئۆرگانیک بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەهێزبوونی پێگەی فەرمی لە رانکی سایتەکانی گەڕانی وەکو گوگل، بینگ، هتد.



- ئۆرگانیک: ئەو سەردانانەی کە بەکارهێنەرانی راکێشاوە لە ڕێگای سایتەکانی گەڕان وەکو گوگل یان بینگ.
- سۆشیال میدیا: ئەو سەردانانەی کە لە ڕێگای تۆرەکانی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) دروستبوون.

- راستەوخۆ: سەردانیکردنی راستەوخۆی وێبسایت لە رێگای تایپکردنی ناونیشانی وێبسایت یان بوکمارک.
- ریفێرەڵ: ئەو سەردانانەی کە لە رێگاکانی ئاماژەپێکراوی سەرەوە دروست نەبوون، بەڵکو لە رێگای هایپەرلینکی وێبسایتی دیکەوە هاتوون، بۆ نمونە دەزگاکانی راگەیاندن.

٣. ژمارەی بەکارهێنەران بە پێی پارێزگا و ساڵەکانی کابینەی نۆیەم:



تێبینی: یەک ناوچە هەیە کە سیستەمەکە نەیتوانیوە شوێنەکەی دیاریبکات و ئەگەری هەیە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش لەخۆبگرێت.

٤. ڕێژەی بەکارهێنەران بە پێی ئامێری بەکارهاتوو و ساڵەکانی کابینەی نۆیەم:



٥. ژمارەی بەکارهێنەران بە پێی وڵات و ساڵەکانی کابینەی نۆیەم: لێرەدا پێنج وڵات کە زۆرترین ژمارەی بەکارهێنەریان هەیە خراونەتەڕوو



٦. ڕێژەی بەکارهێنەران بەپێی ڕەگەز و تەمەن و ساڵی کابینە



بەشی میدیای دەرەوە

١- زیادکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ میدیای بیانی:

بەشی میدیای دەرەوە هەمیشە ئامانجی دروستکردنی پەیوەندییەکی ئەرێنی بووە لەگەڵ میدیاو ڕۆژنامەنووسە جیاوازەکانی دەرەوە، بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی تەندروست و بەهێز لەنێوان حکومەت و ڕۆژنامەنوسانی بیانیدا.

فەرمانگەی میدیا و زانیاری پابەندە بە پاراستنی پەیوەندی نێوان ئەو بەشە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەرەوە، بە تایبەتی ئەو میدیایانەی کە گرنگی بە ڕووداو و کاروبارە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەدات.

لیستی ئەو دەزگا و میدیایانەی دەرەوە کە لە ئێستادا لەگەڵ فەرمانگەی میدیا و زانیاریدا پەیوەندی هەیە، بۆ پەیوەندیکردن بە بەشەکە بۆ لێدوان و سەرچاوەکان لەکاتی پێویست.

١- Financial Times
٢- AFP
٣- Reuters
٤- Al-Monitor

٥- CNN
٦- BBC
٧- The Guardian
٨- Anadolu Agency
٩- Iraqi Oil Report
١٠- Al-Jazeera English
١١- The National
١٢- S&P Global Platts
١٣- Angus Media
١٤- National Public Radio (NPR)
١٥- The New York Times (NYT)
١٦- The Independent
١٧- Bloomberg
١٨- The Telegraph
١٩- French RTL TV
٢٠- El-Mundo Spanish media
٢١- Middle East Institute
٢٢- ABC Spanish newspaper
٢٣- Washington Institute
٢٤- PBS
٢٥- The Economist
٢٦- Los Angeles Times
٢٧- TV٥ Monde French
٢٨- Jerusalem Post
٢٩- TRT World
٣٠- Sky news British
٣١- Fox News
٣٢- ARD German newspaper
٣٣- ORF Austrian newspaper
٣٤- TF١ TV French
٣٥- SVT Swedish TV
٣٦- Le Monde French newspaper
٣٧- Le Figaro French newspaper ٣٨- Canal+ French TV
٣٩- El Mundo Spanish
٤٠- La٧ National TV Italian
٤١- Libero Italian newspaper ٤٢- Independent Arabic
٤٣- Independent Turkish
٤٤- LTV Latvian TV
٤٥- EFE Spanish newspaper ٤٦- DPA German newspaper ٤٧- Wall Street Journal (WSJ) ٤٨- Euronews French version ٤٩- TVP Polish TV
٥٠- Radio Paris
٥١- itv British media
٥٢- The new Humanitarian magazine
٥٣- The New Arab newspaper UK office

٥٤- i٢٤ News Israeli TV
٥٥- Business Insider UK
٥٦- Catalonia TV٣ Spanish media
٥٧- Ekstra Bladet Danish newspaper

لیستی ئەو پەیمانگا نێودەوڵەتییانەی پەیوەندییان لەگەڵ فەرمانگەی میدیا و زانیاری هەیە:

١- Religious Freedom Institute
٢- Washington Institute
٣- Hudson Institute
٤- Chatham House
٥- Atlantic Council
٦- The Middle East Institute

٢- لەبارەی سەردانەکەی بەغدا:

بەشی پەیوەندییەکانی میدیای دەرەوەی فەرمانگەی میدیا و زانیاری سەردانی بەغدای کرد لە ٢٥ تا ٣٠ی مانگی ئایار بۆ ئەنجامدانی زنجیرەیەک دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵیان.

بابەتی سەرەکی کۆبوونەوەکان بریتیبوون لە:

١) راوند تەیبڵی نێوان وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پەیامنێرانی میدیای نێودەوڵەتی بۆ دروستکردنی کەشێکی دۆستانە و ڕاکێشانی سەرنجی میدیای زیاتر بۆ پەیوەندیکردن بە فەرمانگەی میدیا و زانیاری.
٢) دروستکردنی پەیوەندی زیاتر لەگەڵ دەزگای ڕاگەیاندنی جیهانی بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانی فەرمانگەی میدیا و زانیاری.
٣) تاوتوێکردنی ئەو کۆسپ و بەربەستانەی کە میدیا جیهانییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە لەکاتی نووسین سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی .

بەشی میدیای دەرەوە چەند ئامانجێکی دانا لەسەردانەکەی بەغدا، ئامانجەکان بانگهێشتکردنی ڕۆژنامەنووسانی بیانی بوو بۆ ئامادەبوون لەسەر مێزی گفتوگۆ، هەروەها دروستکردنی پەیوەندیی ئەرێنی لەگەڵ میدیا گەورەکان کە هەردووکیان بەسەرکەوتوویی ئەنجامدرا.

٣- ژووری ئۆپەراسیۆنی ڕاگەیاندنی سەردانی پاپا :

ماوەی زیاتر لە مانگێک دەستەی بەشی میدیای ڕاگەیاندنی دەرەوە بەشێک بووە لە لیژنەی ڕاگەیاندنی فەرمی کە ڕووماڵکردنی میدیایی بۆ سەردانی پاپا فرانسیسی پیرۆز بۆ هەرێمی کوردستان ڕێکخست.

لە ٥ ی شوباتەوە تا ٧ ی ئازار دەستەی بەشی میدییای ڕاگەیاندنی دەرەوە بەرپرسی ئەو میدیا جیهانیانە بوو کە ڕووماڵی سەردانی پاپا فرانسیسیان کرد بۆ هەرێمی کوردستان.

٤- ناردنی پەیامی حکومەت بۆ ڕای گشتی:

ا- بەشەکەمان هەمیشە هەوڵی ناردنی لێدوان و ڕاپۆرت و چالاکی و داتاکانی حکومەتی هەرێمی بۆ میدیا جیهانییەکان چ لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی یاخود ئیمەیڵ.

ب- کۆبوونەوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە بیانیەکان بۆ گەیاندنی پەیامەکانی حکومەتی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەمیدیا جیهانییەکان و ڕۆژنامەنووسانی بیانی، کە ئامانجەکانیان بریتییە لە ئەنجامدانی چاکسازی، دروستکردنی پەیوەندیی باش لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، هەوڵدان بۆ یەکخستن و بەهێزکردنی پێشمەرگە و هەروەها دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ هاوپەیمانان .

٥- هەماهەنگی لەگەڵ میدیا بیانییەکان:

ئاراستەکردنی میدیای بیانی سەبارەت بە هێرشی مووشەکیی بالستی بۆ سەر هەولێر.

- میدیای دەرەوە هەموو زانیارییەکانی دابینکرد بۆ میدیا بیانییەکان سەبارەت بە هێرشی موشەکی بالستی بۆ سەر ناوچەی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیان لە هەولێر لە سەرەتای مانگی ئادارداا.
- ئامادەکردنی لیستێک بە ناوی ئەو دەزگای میدیاییە بیانییانەی هێرشە مووشەکیە بالستییەکەیان بۆ سەر هەولێر ڕوومالکرد.
- بەشی میدیای دەرەوە هەماهەنگ بووە لەگەڵ سەرجەم ئەو میدیا بیانییانەی سەردانە فەرمییەکانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتیان بۆ وڵاتانی کەنداو، کۆنفرانسی میونخ، بەریتانیا، تورکیا و کۆڕبەندی جیهانیی وزە لە دوبەی ڕوومالْ کردووە.
- میدیای دەرەوە هەماهەنگیی تەواوی میدیای بیانی بووە سەبارەت بە سەردانی بەڕێز سەرۆک وەزیران بۆ کۆربەندی ئابووری جیهانی کە لە سویسرا بەڕێوەچوو.
- میدیای دەرەوە هاوکاری ٢ میدیای بیانی کرد بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆربەندی ئابووری جیهانی لە سویسرا.
- میدیای دەرەوە زانیاری بە زیاتر لە ٢٠ میدیای بیانی داوە، سەبارەت بە سەردانەکەی بەڕێز مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سویسرا و بەشداریکردنی لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی.

٦- ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ڕوومالْکردنی گەڕانەوەی کۆچبەران:

میدیای دەرەوە بە هەماهەنگی لە گەڵ بەشی میدیای ناوخۆ کاروباری میدیاکانی ڕێکخستووە لە ڕوومالْکردنی گەڕانەوەی کۆچبەران کە لەسەر ئەرکی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڕانەوە.

٧- سەرپەرشتیکردنی میدیایی چالاکییەکانی هەفتەی کوردستانی ئێکسپۆ ٢٠٢٠ـی دوبەی:

- بەشی میدیای دەرەوە ئەندامی ئەو لیژنەیە بوو کە ئامادەکاریی بۆ هەفتەی کوردستان لە ئێکسپۆ ٢٠٢٠ـی دوبەی کرد.
- چەند جارێک لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کۆبوونەوە بەمەبەستی ئامادەکردنی بابەتەکان تاوەکو لە ئێکسپۆ ٢٠٢٠ـی دوبەی پێشکەش بکرێن.

٨- کردنەوەی خولێک بۆ ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان:

بەشی میدیای دەرەو هاوکار بووە لەگەڵ ئۆفیسی سەرۆکی فەرمانگە و میدیای ناوخۆ و سۆشیاڵ بۆ کردنەوەی خولێک بۆ ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان لەلایەن تیمێکی بەریتانییەوە کە بە هاوکاری نووسینگەی بەڕێز سەرۆک وەزیران و کونسوڵخانەی بەریتانیا لە هەولێر بەڕێوەچوو.

٩- گفتوگۆی مێزی بازنەیی:

فەرمانگەی میدیا و زانیاری تا ئێستا سێ گفتوگۆی مێزی بازنەیی ڕێکخستووە، دواترین گفتوگۆی مێزی بازنەیی لە نێوان میدیا بیانیەکان و وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە ڕێکخست بۆ تاوتوێکردنی نوێکارییەکان و پرسە ئەمنییەکان لە هەرێمی کوردستان. ئەو میدیایانەی ئامادە بوون بریتیبوون لە رۆیتارس، ئاسۆشیاتید پرێس، ئێس ئاند پی گلۆباڵ پلاتس، ئای ئێف پی، ئانادۆلو ئایجینسی و ئالمۆنیتار.

فەرمانگەی میدیا و زانیاری هەموو مانگێک لانی کەم جارێک گفتوگۆی مێزی بازنەیی ڕێکدەخات بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و میدیاکانی ڕاگەیاندنی دەرەوە.

بەشی سۆشیاڵ میدیا:

بەشی سۆشیاڵ میدیا لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام بووە لە کارکردن بۆ بەرەوپێشخستنی زیاتری سۆشیاڵ میدیای فەرمانگەی میدیا و زانیاری و سەرجەم سۆشیاڵ میدیای دامودەزگاکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەش بەردەوام لەسەر هێڵ بووە لەگەڵ دامودەزگا حکومییەکان بۆ بەرەوپێشخستنی کارەکانیان. لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا ساڵ دوای ساڵ بەرهەمهێنانی ڤیدیۆمان بەرزکردووەتەوە، بەجۆرێک لە ساڵی ڕابردوو بە نزیکەیی ڕۆژانە ڤیدیۆیەکمان لەسەر پڕۆژە، یان کار و چالاکییەکانی حکومەت بەرهەمهێناوە، هەروەها بۆ ئەوەی هاوولاتیان و رۆژنامەوانان بە ئاسانی داتا گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ببینن، گرافیک بۆ زۆربەی هەرە زۆری ئەو داتایانە دروستکراوە کە بە لای هاوولاتیانەوە گرنگ بوونە ئەمەش جگە لە بڵاوکردنەوەی فۆتۆستۆری، لەگەڵ لینکی ئەو هەواڵانەی کە لە پێگەی ئەلیکترۆنی حکومەت بڵاودەکرێنەوە.

بەشی سۆشیاڵ میدیا ئەم پلاتفۆرمانە بەڕێوەدەبات:

دوو پەیجی فەیسبووک: فەرمانگەی میدیا و زانیاری، کوردستان (پەیجی حکومەتی هەرێمی کوردستانە).

دوو ئەکاونتی تویتەر: فەرمانگەی میدیا و زانیاری، حکومەتی هەرێمی کوردستان

پەیجێکی ئینستاگرام: کوردستان

چەناڵێکی یوتیووب: حکومەتی هەرێمی کوردستان

گرووپێکی تێلگرام: KRG-DMI (ئەو گرووپە تایبەتە بە رۆژنامەنووسان)

چوار گرووپی ڤایبەر:

وەک لەم گرافیکە ناویان نووسراوە و روونکراوەتەوە ⇩⇩⇩

ڤێریفایکردنی پەیجەکانی حکومەت

دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆمپانیای مێتا (فەیسبووکی پێشوو) بۆ ڤێریفایکردنی پەیجەکانی دامودەزگاکانی حکومەت و ناردنی لیستێک بۆیان، هەروەها دوای کۆبوونەوەیەکی ئۆنلایینی نێوان فەرمانگەی میدیا و زانیاری و کۆمپانیای مێتا، کە خاوەندارێتی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک دەکات، بەشی سۆشیاڵ میدیا دەستیکرد بە ڕێکخستنەوەی پەیجەکانی فەیسبووکی وەزارەت و فەرمانگە و دەستە نەبەستراوەکانی حکومەت و گونجاندنیان لەگەڵ داواکارییەکانی توانیمان سەرجەمی ئەو پەیجانەی فەیسبووک، کەپێشتر ڤێریفای نەبوون، ڤێریفای بکەین.

هەروەها هەردوو پەیجی فەیسبووکی وەزارەتەکانی، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، هەروەها پەیجی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، کە "بەهۆی پێشێلکردنی کۆمپیونیتی ستانداردی فەیسبووک" لەلایەن کۆمپانیای مێتاوە ڕاگیرابوون و دیئاکتیڤەیت کرابوون، دوای چەندین ئیمەیڵ گۆڕینەوە و پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوەی پێویست لەنێوان بەشی سۆشیاڵ میدیای فەرمانگەی میدیا و زانیاری و بەڕێوەبەری مارکێتینگ، لەگەڵ کۆمپانیای مێتا، فەیسبووکەکان گەڕێندرانەوە و لەگەڵ فەیسبووکەکانی دیکە، ڤێریفای کران و ئێستا چالاکن.

ئامادەکردنی پاکێجی گرافیک بۆ هەموو وەزارەت، دەستە و فەرمانگەکانی حکومەت:

لەپێناو ڕێکخستنەوەی پۆستەکانیان و جوان نیشاندانی ئەو بابەتانەی کە پۆستی دەکەن، لە بەشی سۆشیاڵ میدیای فەرمانگەی میدیا و زانیاری، ٤١٠ گرافیک بە هەردوو قیاسی، پۆست و ستۆری بە پاکێج بۆ هەموو وەزارەت، فەرمانگە و دەستە نەبەستراوەکان بە وەزارەت دروستکراون.

لینککردنی هەواڵەکان لە ستۆریی فەیسبووک:

ئامادەکردنی(PDF) ـێك کە تێیدا هەنگاو بە هەنگاو ڕوونکراوەتەوە ستۆریی فەیسبووک بە چ شێوازێک لینکی لەگەڵ هاوپێچ دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە، ئەو (PDF) ش لە ڕێگەی گرووپی (KRG Social Media)ـی وەتسئەپ بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی بەڕێوەبەری سۆشیاڵ میدیاکانی حکومەت نێردراوە.

بەرهەمهێنان و بڵاوکراوەکانمان لە ماوەی سێ ساڵی کارکردندا

بەرهەمهێنانی ڤیدیۆ:

بەشی سۆشیاڵ میدیا لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا گرنگییەکی زۆری بە بەرهەمهێنانی ڤیدیۆ داوە چ بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی حکومەت، یاخود بۆ نیشاندانی پڕۆژەکانی کابینەی نۆیەم.

ڤیدیۆکان بە قەبارەی جیاواز و ستایلی نوێ بەرهەمدەهێنرێن و لە هەموو سۆشیاڵ میدیاکانمان بڵاودەکرێنەوە، ئەمە جگە لەوەی هەماهەنگیمان لەگەڵ دامودەزگاکانی دیکەی حکومەت هەیە، کە لەکاتێکدا ڤیدیۆیەک بەرهەمدەهێنین، پەیوەندی بەو دامودەزگایانە هەیە، بۆیان دەنێرین، تاوەکو ئەوانیش بە کوالێتیی بەرز لە پەیجەکانیان بڵاوی بکەنەوە، هاوکات لە ڕێگەی گرووپێکی تایبەت بە تێلگرام ناوەڕۆکی ڤیدیۆکان و ڤیدیۆکان دەدەین بە رۆژنامەنووسان.

فۆتۆستۆری:

یەکێک لەو بابەتانەی سەرنجی هاووڵاتیان رادەکێشێت، وێنەیە کە زۆرترین ریئاکشنی بۆ دێت لە سۆشیاڵ میدیا، لەبەرئەوە بەشی سۆشیاڵ میدیا گرنگییەکی زۆری بە بڵاوکردنەوەی وێنە داوە و لەماوەی ئەو سێ ساڵەی کاردا زیاتر لە ٢١٤٤ وێنەی لە هەریەك لە پلاتفۆرمەکانی بڵاوکردووەتەوە.

گرافیک:

تیمی سۆشیاڵ میدیا توانیویەتی لەماوەی ئەم ساڵەی کاردا، بەشی زۆری دامودەزگاکانی حکومەت پابەند بکات بەوەی گرافیک بۆ داتا و هەواڵە گرنگەکانیان دروست بکەن و ئەو گرافیکانەش بە هەمان ستایل دروست بکەن، کە رەنگەکانی لە لۆگۆی حکومەت وەرگیراون.

ئامادەکردنی زیاتر لە ٤٠٠ گرافیکی ئامادەکراو بە یەک ستایلی یەکگرتوو بە قیاسی پۆست و ستۆری، بۆ هەریەکێک لە وەزارەت، دەستە و فەرمانگەکان.

ئامادەکردنی ٦٠ گرافیک بە زمانی عەرەبی بە قیاسی فەیسبووک و ستۆری، بۆ ئەوەی لە سۆشیاڵ میدیا و گرووپە رۆژنامەوانییە عەرەبییەکان بڵاوبکرێنەوە. ئەم گرافیکانە تایبەتن بە کار و پڕۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و داتای وردیان تێدایە.

پڕۆمۆتکردنی هەواڵ و راپۆرتەکانی ماڵپەڕی حکومەت:

بەشی سۆشیاڵ میدیا، پڕۆمۆتی بۆ سەرجەم هەواڵەکانی وەزارەت، فەرمانگە و دەستەکان کردووە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی لینکی هەواڵەکانیان لە ماڵپەڕی حکومەتەوە بۆ پلاتفۆرمەکانمان، داتاکان نیشانی دەدەن، کە زۆربەی ئەو هەواڵانەی بۆ هاووڵاتیان گرنگن بڵاوکراونەتەوە و ژمارەیان ٢١٢٤ لینکە.

ئاماری بەرهەمهێنان و بڵاوکراوەکانی سۆشیال میدیا بەپێی ساڵ

ئامادەکردنی ڕێبەری سۆشیال میدیا:

بەشی سۆشیال میدیا لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری ڕێبەرێکی تایبەتی بە سۆشیال میدیا بۆ سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەکرد بەمەبەستی پێشخستنی سۆشیال میدیای دامودەزگاکانی حکومەت بۆ ئەو مەبەستە

خولێکی دوو ڕۆژەی بەڕێوەبردنی سۆشیاڵ میدیای بۆ نوێنەرانی وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکخست، بەمەبەستی:

- ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕێبەری سۆشیاڵ میدیا، کە لەلایەن بەڕێوەبەری سۆشیاڵ میدیای فەرمانگەی میدیا و زانیاری ئامادەکراوە بۆ بۆ سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەت.

لینکی ڕێبەرەکە: https://cutt.ly/AJFAFVK

بەشی هەماهەنگی و پەیوەندییە گشتییەکان:

١- ڕێکخستنی پەیوەندی فەرمانگە لەگەڵ گشت وەزارەت و فەرمانگە و دەستە نەبەستراوەکان بە وەزارەت.

٢- ئامادەکردن و کۆکردنەوەی ڕاپۆرتی وەرزی و ڕاپۆرتی هەفتانەی فەرمانگە و ناردنی بۆ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون.

٣- ڕێکخستن و سەردانی پارێزگای دهۆک بۆ چەند پڕۆژە و چالاکییەک.

٤- ڕێکخستنی هەڵمەتی (ئافرەتانی کوردی ئومێدبەخش) بۆ ئەو ئافرەتانەی کە کاری بچووکیان هەیە.

٥- ڕێکخستنی کۆبوونەوەی مانگانەی سەرۆکی فەرمانگە لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی گشت وەزارەت ودەستە وفەرمانگەکانی حکومەتی بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ئۆنلاین (زووم).

٦- ڕێکخستنی کۆبوونەوەی نووسینگەی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی گشت وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکانی بەمەبەستی ڕێکخستنی کاری میدیایی حکومەت.

٧- ڕێکخستنی خولی ڕاهێنان بۆ بەشی سۆشیال میدیای سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەت.

٨- ڕێکخستن و ئامادەکردنی پلان و پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێشانگای نێودەوڵەتی ئێکسپۆ ٢٠٢٠ دوبەی وەک ئەندام لە لیژنەی ئامادەکار و سەرپەرشتی هەفتەی کوردستان لە ڕۆژانی ١٩–٢٠٢٢/١/٢٩ لە شاری دوبەی.

٩- ئامادەکردنی پلانی فەرمانگە بۆ پێشانگای نێودەوڵەتی هایتکس لە ڕۆژانی ٢٧–٢٠٢٢/٦/٣٠ سازدەکرێت و ئەمساڵ فەرمانگە وەک هاوبەشێکی سەرەکی میدیایی بەشداری دەکات.

١٠- ڕێکخستن کۆبوونەوەی سەرۆکی فەرمانگە لەگەڵ کۆمەڵە گەنجێکی چالاکوانی سەر تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی (یوتیوب، ئینستگرام و فەیسبوک) کە لە بواری کۆمەڵایەتی ئامۆژگاری گۆمەڵگا و گەنجان دەکەن بەشێوەیەکی ئەرێنی لەسەر ئەم تۆڕانە.

١١- ئامادەکردن و ڕێکخستنی مەراسیمێک بۆ بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەت بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ٢٠٢٢/٤/٢٢ بەسەرپەرشتی سەرۆکی فەرمانگە.

١٢- ڕێکخستنی چەند کۆبوونەوە لەگەڵ بۆردی بەڕێوەبردنی پێشانگای نێودەوڵەتی هایتکس، بە هەماهەنگی فەرمانگەی تەکنۆژیای زانیاری، بۆ ڕێکخستن وئامادەکردنی پلانی باڵی حکومەتی هەرێم و چۆنیەتی دروستکردن ودیزاینکردنی پشکی حکومەت و پابەندبوون بە ڕێبەری ناسنامەی فەرمی حکومەت.

١٣- ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی هەردوو خولی ڕاهێنانی (ڕووماڵی میدیایی بۆ پڕۆژەکانی حکومەت) و (ڕۆژنامەگەری مۆبایل) بۆ ژمارەیەک لە دام و دەزگاکانی حکومەت.

دەستەی وەبەرهێنان

دەستەی وەبەرهێنان

(ساڵی یەکەم)

پێشەکی:

لە ســاڵی یەکەمی کابینەی نۆیەم، مۆڵەت بە (٤٣) پرۆژە دراوە بە ســەرمایەی نزیکەی (٩٠٥) ملیۆن دۆلار و لەســەر رووبەری (٨٧٥) دۆنم زەوی لەم سێکتەرانەی خوارەوە:

١- پیشەسازی: ١٢ پرۆژە بە سەرمایەی ٣٥٧ ملیۆن دۆلار.

٢- نیشتەجێبوون: ٥ پرۆژە بە سەرمایەی ٣٧٥ ملیۆن دۆلار.

٣- فێرکردن: ٧ پرۆژە بە سەرمایەی ٤٤ ملیۆن دۆلار.

٤- گەشتیاری: ٦ پرۆژە بە سەرمایەی ٣٠ ملیۆن دۆلار.

٥- وەرزشی: ٣ پرۆژە بە سەرمایەی ٣٠ ملیۆن دۆلار.

٦- بازرگانی: ٦ پرۆژە بە سەرمایەی ٤٣ ملیۆن دۆلار.

٧- تەندروستی: ٣ پرۆژە بە سەرمایەی ٢٠ ملیۆن دۆلار.

٨- کشتوکاڵ: ١ پرۆژە بە سەرمایەی ٣ ملیۆن دۆلار.

کۆی ئەو پرۆژانەی لە (٢٠١٩/٧/٢٨)ەوە تا (٢٠٢٠/٧/٧) پێشکەش بە دەستەی وەبەرهێنان کراوە (٢٥٩) پرۆژە بووە، (٤٠) پرۆژەیان پەسـندنەکراوە و (٢١٩) پەسـندکراون لە ناو ئەمانەشـدا لە سـێکتەری پیشـەسـازی جۆراوجۆر (٥٤) پرۆژە پەسەندکراوە و لە سیکتەری کشتوکاڵی (١٠) پرۆژە پەسەند کراوە. سەرمایەی خەملێندراوی ئەم پرۆژانە زیاتر لە (٨) ملیار دۆلارە، پرۆژەکان لە قۆناغی جیاجیای مامەڵەن بە مەبەستی پێدانی مۆڵەت.

ئاستی چاکسازی:

لەسەر داوای دەستەکەمان پێنج کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان ئەنجامدراوە کە ٢٦ بڕیاری دەرکردوە بە مەستی ئەنجامدانی چاکسازی و پێداچوونەوە بە بەشێک لە ڕێنماییەکان. بۆ نموونە: (بڕیاری ژمارە ٣٩٤ لە ٢٠١٧/١١/٧) تایبەت بە دروستکردنی نەخشەی وەبەرهێنان، (بڕیاری ژمارە (٥٤٦ لە ٢٠١٩/١١/٢٦) تایبەت دامەزراندنی بۆردی سیستەمی یەک پەنجەرە بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین).

- بەهۆی پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی وەبەرهێنان ئەو پرۆژانەی کە تا ئێستا دەست بەکار نەبوونە بەهۆی کەمتەرخەمی وەبەرهێنەر، بڕیاردراوە کە مۆڵەتەکانیان هەڵبوەشێنرێتەوە و زەوییەکانیان بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت.
- ١٥ پرۆژە لە پلانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دیاریکراوە و داوا لە وەزارەتی شارەوانی کراوە کە زەویان بۆ تەرخان بکات دواتر وەک هەلی وەبەرهێنانی ئامادەکراو بخرێنە بەردەستی وەبەرهێنەران.

- بەمەبەستی بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کێشەی بەشە خزمەتگوزارییەکان لەناو پڕۆژە نیشتەجێبووەکان، بۆ ئەو پڕۆژانەی کە بەشە خزمەتگوزارییەکانی تێدا دروست نەکراوە. سێ لیژنە پێکهێنران بۆ بەراوردی ناوەڕۆکی فەرمانی مۆڵەت و ئەوەی لە واقیع کرا، سەرەرای دیاریکردنی لایەنی کەمتەرخەم لە جێبەجێ نەکردنی خزمەتگوزارییەکان، هەر بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە وەبەرهێنەران کراوە کە هەرچی زووە پێویستە دەست بە دروستکردنی بەشە خزمەتگوزارییەکانی ناو پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون بکەن.
- کارکردن بۆ دانانی ڕێنمایی تایبەت بە چێکردنەوەی براندەکان بە هاوکاری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.
- بریاردرا پەلە بکرێت لە تەملیکردنی یەکە نیشتەجێبووەکانی ناو پڕۆژەکانی وەبەرهینان و، لیژنەی (متفرغ)ی بۆ پێکهێنرا.
- بڕیاردرا بە قەرەبووکردنەوەی ئەو خاوەن زەوییانەی، کە زەوییەکانیان بەر پڕۆژەکانی وبەرهێنان کەوتووە، بەهۆی قەیرانی دارایی و قەرەبووکردنەوەکەیان دواکەوتبوو.
- هەر بەمەبەستی کارئاسانی بۆ مۆڵەت پێدانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دەستکراوە بە ئەنجامدانی ڕێکارەکانی کاراکردنی سیستەمی یەک پەنجەرەیی (دامەزراندنی بۆردی سیستەمی یەک پەنجەرە بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین). دواتر بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە دەستەکەمان بە فەرمانی ژمارە (٤٩٦١ لە ٢٠١٩/١٢/٣) لیژنەی بۆ پێکهێناوە. لیژنەکە دەست بەکارە و چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجامداوە.
- ئامادەکردنی پلانی وەبەرهێنان لە ساڵی ٢٠٢٠ەوە بە سودوەرگرتن لە پلانی وەزارەتە پەیوەندارەکان کە زیاتر لە ١٠٠٠ پڕۆژە لە خۆ دەگرێت، وەک ئامادەکارییەک بۆ دروستکردنی نەخشەی وەبەرهێنان. پلانەکە ئامادە کراو ڕاگەیاندرا، ئێستا بەردەستە لە وێب سایتی دەستەی وەبەرهێنان بە هەر سێ زمانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی.
- کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پڕۆژە نیشتەجێیەکان و لەم چوارچێوەیەشدا هەر سێ پڕۆژەی نیشتەجێبوونی (چاودێر ستی) و (مەم و زین) (وەرین ستی) چارەسەرکران.
- کۆبوونەوەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ ژمارەیەک لە وەبەرهێنەران بەمەبەستی هاندان و پشتگیری و راییکردنی کارەکانی وەبەرهێنەران و کارئاسانی کردن لە ڕێکارەکانی مۆڵەتی وەبەرهێنان، هاوکات لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە جەخت لە جێبەجێ کردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم کرایەوە لە پەرەپێدانی وەبەرهێنان و هاندانی وەبەرهێنەری خۆماڵی و بیانی و چاکسازی لە سێکتەری وەبەرهێنان، دانانی ئالیەتی گونجاو بۆ چارەسەری کەموکورتییەکان و لەو پێناوەشدا راو و سەرنج و تێبینیەکانی وەبەرهێنەران بۆ ئەو مەبەستە وەرگیرا.
- ئامادەکردنی رەشنووسی یاسایی وەبەرهێنانی کانزایی بە نووسراومان ژمارە ١٠٤٢ لە ڕێکەوتی ٤-٣-٢٠٢٠ ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی دیوان کردووە.

ئاستی خزمەتگوزاری:

- پێکهێنانی لیژنەی بەدواداچوونی بینای خزمەتگوزاری پڕۆژە نیشتەجێیەکانی وەبەرهێنان.
- پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بە پێداچوونەوەی نرخی خزمەتگوزاری بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لە بەرژەوەندی هاوولاتیاندا. لیژنەکە دەست بەکارە و نرخی بۆ چەند پڕۆژەیەک داناوە بە جۆرێک لە هەندێ پڕۆژە نرخی داشکاندنەکە گەیشتۆتە ٦٠%.

ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

سەردانکردنی شاندی دەستەی وەبەرهێنان بۆ دەستەی نیشتیمانی بۆ وەبەرهێنان لە عێراق بەمەستی هەماهەنگی زیاتر و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لە رێکەوتی ٢٧ تا ٢٠١٩/٨/٢٩. دواتر سەردانکردنی سەرۆکی دەستەی نیشتیمانی بۆ وەبەرهێنان لە عێراق بۆ دیوانی دەستە و دانانی میکانیزمی کاری هاوبەش لە داهاتوودا.

ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:

- بەشداریکردنی شاندی دەستە لە پێشانگای نێودەوڵەتی کشتوکاڵی لە وڵاتی پۆڵۆنیا لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٧ تا ٢٠٢٠/١/١٩.
- بەشداری کردنی لە ٢ پێشانگای نێودەوڵەتی لە هەولێر لە رێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٨ و ٢٠١٩/٩/٣٠، بەمەبەستی راکێشان و هاندانی وەبەرهێنەران و پێشکەشکردنی وتار و کۆبوونەوە لەگەڵ چەند وەبەرهێنەرێکی بیانی و ناوخۆ.
- بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی شاندی وەبەرهێنەرانی بیانی لە دیوانی دەستە لەگەڵ وەبەرهێنەر و پیاوانی کاری ئەمەریکی و بانکی جیهانی بە مەبەستی ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە کوردستان لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٥.
- کۆبوونەوە لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی بە مەبەستی هەماهەنگی کردنی زیاتر لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٦.
- بەشداریکردن لە کۆنفرانسی وەبەرهێنان بۆ چوار ساڵی داهاتوو بەمەبەستی راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی لە رێکەوتی ٢٠١٩/١١/٤.
- کۆبوونەوە لەگەڵ رێکخراوی UNDP لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٣ ئەنجامدراو داوا کرا کە هەرێمی کوردستان لەو پۆڵینەی کە لە سیستەمی بانکی جیهانی هاتووە دەربهێندرێت و هەرێمی کوردستان بەجیا لە عێراق مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. هەروەها داواکرا ئەم رێکخراوە زیاتر هاوکاری پێشکەش بە دەستە بکات سەبارەت بە بابەتی دامەزراندنی شار و ناوچەی پیشەسازی و چالاکتر کردنی بواری تەرویج و راگەیاندن.
- بەشداری کردنی نوێنەری دەستەی وەبەرهێنان لە لیژنەی تایبەتمەندی وەزارەتی پلاندانان و لایەنە پەیوەندارەکان بە مەبەستی دانانی میکانزمەکانی هاوبەشی پێکردنی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (PPP, BOT). رێنمایی تایبەت بەم بابەتە ئامادەکراوە.
- بەردەوامی کۆبوونەکان لەگەڵ نوێنەرایەتی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی هاندان و کارئاسانی بۆ وەبەرهێنەری بیانی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، تائێستاش لەوپێناوەدا کۆبوونەوە لەگەڵ هەریەک لە کۆنسوڵانی وڵاتانی (ئێران، تورکیا،چیک، چین) ئەنجامدراوە، هاوکات هەماهەنگییەکان بۆ ئەو مەبەستە بەردەوامن.

ئاستی ئابووری و دارایی:

لە ماوەی رابردوو، دەستەی وەبەرهێنان هەڵمەتێکی دەست پێکرد بۆ وەرگرتنی بیرۆکەی گەنجان و کەسانی خاوەن توانا تایبەتیەکان لەبارەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، لە ئەنجامدا بە دەیان بیرۆکە و پرۆژە بە دەستەکەمان گەیشت، کە لە ئێستادا لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار کاریان لەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی بەشێک لەم بیرۆکانە بکرێنە پرۆژە و بخرێنە خزمەت هاوولاتیان.

ئاستی کارگێڕی:

- سەردانکردنی پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) و ئیدارەی (گەرمیان و ڕاپەڕین) کۆبوونەوە لەگەڵ ئیدارەی ناوچەکان و وەبەرهێنەرانی ئەم شارانە و دواتر سەردانکردنی چەند پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکان.
- دەستەی وەبەرهێنان پلانی کاری (٤) ساڵی داهاتووی خۆی لە ڕێگای چوار پڕۆژە و دوو ڕێکار پیشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران کرد. ئەوانیش (دروستکردنی نەخشەی وەبەرهێنان، سیستەمی بەڕێوەبردنی پیشکەوتوو، سیستەمی یەکپەنجەرە، پڕۆمۆشن، هەموارکردنەوەی یاسایی وەبەرهێنان، میکانیزمی بەشداری کردن لە وۆرکشۆپ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتیەکان).
- ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتەکانی (شارەوانی و گەشتوگوزار، بازرگانی و پیشەسازی، کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون، تەندروستی) بەمەبەستی هەماهەنگی زیاتر و کارئاسانی لە پێدانی مۆڵەت بە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان.
- کۆبوونەوە لەگەڵ پارێزگای هەولێر و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە مەبەستی گەیاندنی خزمەتگوزاری بە ناوچەی پیشەسازی تیمار و کردنی ناوچەکە بە ناوچەیەکی پیشەسازی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی لە ڕێگای گەشە پێدەرەوە.
- ناوچەی پیشەسازی کانی سپی لە ٧-٧-٢٠٢٠کاری پەسندکردنی سەرەتایی بۆ کراوە.
- دوای چەندین کۆبوونەوە لەسەر دیاریکردنی ئەرک و مافی گەشەپێدەر بە گشتی ڕێنمایی تایبەت ئامادەکرا، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆردیک دروستدەکرێت بە مەبەستی دروستکردنی شارو ناوچەی پیشەسازی.

(ساڵی دووەم)

پێشەکی:

پاڵپشت بە یاسای وەبەرهێنانی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٠٦ لە ڕێکەوتی ١-٨-٢٠٠٦ دەستەی وەبەرهێنان دامەزرا، بەمەبەستی پشتگیری کردنی کەرتی تایبەت و هاوبەشی پێکردنی لە بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان.

لە پانزدە ساڵی ڕابردوو، دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی بە (١١٢٦) پڕۆژەی وەبەرهێنان داوە، بە سەرمایەی نزیکەی (٧٤) ملیار دۆلاری ئەمریکی، لەناو ئەمانەشدا بەهۆی پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان تا ئێستا (١٤٦) مۆڵەتی وەبەرهێنان هەڵوەشێنراونەتەوە، هەروەها (٩٨٠) مۆڵەت بە سەرمایەی زیاتر لە (٥٧) ملیار و (٨١٦) ملیۆن دۆلار کارپێکراوە.

لە ساڵی دووەمی کابینەی نۆیەم و لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٨ تا ٢٠٢١/٦/٢٢، مۆڵەت بە (٨٧) پڕۆژە دراوە بە سەرمایەی نزیکەی (٧) ملیار و (٣٠٣) ملیۆن دۆلار و لەسەر ڕووبەری (٧٠٧٥) دۆنم زەوی لەم سێکتەرانەی خوارەوە:

١. **پیشەسازی:** ٢٩ پڕۆژە بە سەرمایەی ١ ملیار و ١٣٠ ملیۆن دۆلار.
٢. **نیشتەجێبوون:** ٤ پڕۆژە بە سەرمایەی ٤٣٠ ملیۆن دۆلار.
٣. **فێرکردن:** ٥ پڕۆژە بە سەرمایەی ٢٦ ملیۆن دۆلار.
٤. **گەشتیاری:** ١٥ پڕۆژە بە سەرمایەی ٥ ملیار و ٦٠ ملیۆن دۆلار.
٥. **وەرزشی:** ١ پڕۆژە بە سەرمایەی ٢ ملیۆن دۆلار.
٦. **بازرگانی:** ١٩ پڕۆژە بە سەرمایەی ٣٠٩ ملیۆن دۆلار.
٧. **تەندروستی:** ٦ پڕۆژە بە سەرمایەی ٥٣ ملیۆن دۆلار.
٨. **کشتوکاڵ:** ٥ پڕۆژە بە سەرمایەی ٢٢٧ ملیۆن دۆلار.
٩. **هونەری:** ١ پڕۆژە بە سەرمایەی ٩ ملیۆن دۆلار.
١٠. **خزمەتگوزاری:** ٢ پڕۆژە بە سەرمایەی ٥٨ ملیۆن دۆلار.

کۆی ئەو پڕۆژانەی لە (٢٠٢٠/٧/٨)ـەوە تا (٢٠٢١/٦/٢٢) پێشکەش بە دەستەی وەبەرهێنان کراوە (٦١٩) پڕۆژە بووە، (٥٠) پڕۆژەیان پەسند نەکراوە و ئەو پڕۆژانەی بڕیاریان لەسەر نەدراوە (٥٨) پڕۆژەن و (٥١١) پڕۆژە پەسندکراون بە سەرمایەی خەملێندراوی زیاتر لە ١٣ ملیار دۆلار (هەولێر: ٨٩ پڕۆژە، سلێمانی: ١٧١ پڕۆژە، دهۆک: ٧٢ پڕۆژە، هەڵەبجە: ٢٣ پڕۆژە، گەرمیان: ٤٢ پڕۆژە، ڕاپەڕین: ١٤ پڕۆژە) ، لە ناو ئەمانەشدا لە سێکتەری پیشەسازی جۆراوجۆر (١٢٢) پڕۆژە پەسەندکراوە بە سەرمایەی زیاتر لە ٣ ملیار دۆلار و لە سێکتەری کشتوکاڵی (٥٠) پڕۆژە پەسەند کراوە بە سەرمایەی زیاتر ٦١٢ ملیۆن دۆلار. پڕۆژەکان لە قۆناغی جیاجیای مامەڵەن بە مەبەستی پێدانی مۆڵەت.

دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەکە، دەستەی وەبەرهێنان پاڵپشت بە بڕگەو تەوەرەکانی کارنامەی حکومەت لە ماوەی یەک ساڵی تەمەنی ئەم هەنگاوانەی ناوە:

یەکەم: ئاستی چاکسازی

- لە ماوەی ئەم ساڵەدا ١٦ بڕیاری ئەنجومەنی باڵا دەرکراوە بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی و پێداچوونەوەی پڕۆسەی وەبەرهێنان، لەوانە:

- بڕیاری ژمارە (٥٨٦) کە تایبەتە بە دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ سەبارەت بە تەرخانکردنی زەوی بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان.

- بڕیاری ژمارە (٥٨٥) کە تایبەتە بە دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ سەبارەت بە نرخی هاندراوی کرێی بانەوانی و نرخی هاندراوی زەوی بۆ تەملیکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان.

- بڕیاری ژمارە (٥٨٤) کە تایبەتە بە دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ سەبارەت بە کرێی خزمەتگوزارییەکان کە دەستەی وەبەرهێنان پێشکەشی دەکات.

- بڕیاری ژمارە (٥٨٧) تایبەتە بە دیاریکردنی میکانیزمی گۆڕینی سێکتەری ئەو پڕۆژانەی مۆڵەتیان وەرگرتوە و داوای گۆڕینی سێکتەری پڕۆژە دەکەن.

- بە بڕیاری ژمارە (٥٨٠) کێشەی هاوولاتیان بە پڕۆژەی هێژا ستی چارەسەرکرا.

- بەهۆی پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی وەبەرهێنان ئەو پڕۆژانەی کە تا ئێستا دەست بەکار نەبوونە بەهۆی کەمتەرخەمی وەبەرهێنەر، بڕیاردراوە کە مۆڵەتەکانیان هەڵبوەشێنرێتەوە و زەوییەکانیان بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت.

- بڕیاردرا پەلە بکرێت لە تەملیکردنی یەکە نیشتەجێبووەکانی ناو پڕۆژەکانی وەبەرهینان، و لیژنەی (متفرغ)ی بۆ پێکهێنرا و، بەردەوامە.

- بڕیاردرا لە قەرەبووکردنەوەی ئەو خاوەن زەوییانەی کە زەوییەکانیان بەر پڕۆژەکانی وبەرهێنان کەوتووە، کە بەهۆی قەیرانی دارایی، قەرەبوو کردنەوەکەیان دواکەوتبوو.

- بەمەبەستی کارئاسانی بۆ مۆڵەتپێدانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دەستکراوە بە ئەنجامدانی ڕێکارەکانی کاراکردنی سیستەمی یەک پەنجەرەیی (دامەزراندنی بۆردی سیستەمی یەک پەنجەرە بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین). دواتر بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە دەستەکەمان بە فەرمانی ژمارە (٤٩٦١ لە ٢٠١٩/١٢/٣) لیژنەی بۆ پێکهێندراوە. لیژنەکە دەست بەکارە و چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجامداوە. لەوانە کۆبوونەوە نوێنەری دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ نوێنەری USAID.

- نوێکردنەوە و پێداچوونەوە بە پلانی ٢٠٢٠ی وەبەرهێنان بە سودوەرگرتن لە پلانی وەزارەتە پەیوەندارەکان و پێویستیەکانی بازاڕ و بەکاربەر بەجۆرێک زیاتر لە ٢٥٠ پڕۆژەی تر لە سێکتەرە جیاجیاکان زیادکران بۆ پلانەکە و داوا لە وەزارەتە پەیوەندارەکان کراوە، کە زەوی بۆ پڕۆژەکانی هاتوو لە پلانەکە تەرخان بکرێت، وەک ئامادەکارییەک بۆ دروستکردنی نەخشەی وەبەرهێنان. پلانەکە ئامادەکراو و ڕاگەیاندراوە، ئێستا بەردەستە لە وێب حکومەتی هەرێمی کوردستان/ دەستەی وەبەرهێنان بە هەر سێ زمانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی .

- کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پڕۆژە نیشتەجێیەکان و لەم چوارچێوەیەشدا چەندین لیژنە کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پڕۆژەکانی (دەشتی بەهەشت، فلۆریا ستی، کانی ئەڵمانی، گوندی ئارام، باژێری ستێرا) کارەکان لە قۆناغی کۆتاییدان.

- کۆبوونەوەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ ژمارەیەک لە وەبەرهێنەران بە مەبەستی هاندان و پشتگیری و ڕاییکردنی کارەکانی وەبەرهێنەران و کارئاسانی کردن لە ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەتی وەبەرهێنان، جەخت لە جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم کرایەوە، لە پەرەپێدانی وەبەرهێنان و هاندانی وەبەرهێنەری خۆماڵی و بیانی و چاکسازی لە سێکتەری وەبەرهێنان، دانانی ئالیەتی گونجاو بۆ چارەسەری کەموکورتییەکان لەو پێناوەشدا ڕاو و سەرنج و تێبنییەکانی وەبەرهێنەران بۆ ئەو مەبەستە وەرگیرا.

دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

- بەردەوامی کاری لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بە پێداچوونەوەی نرخی خزمەتگوزاری بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لە بەرژەوەندی هاووڵاتیاندا. لیژنەکە دەستبەکارە و نرخی بۆ چەند پڕۆژەیەک داناوە بە جۆریک لە هەندێ پڕۆژە نرخی داشکاندنەکە گەیشتۆتە ٦٠%.
- بەمەبەستی گەیاندنی هەموو جۆرە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی کارگەکان لە سێکتەری پیشەسازی و ڕەخساندنی هەزاران هەلی کار بۆ دەستی کاری خۆماڵی، دەستەی وەبەرهێنان و لایەنە پەیوەندارەکان کاریان بۆ دامەزراندنی چەندین ناوچەی پیشەسازی کردووە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

✓ ناوچەی پیشەسازی تیمار و کردنی ناوچەکە بە ناوچەیەکی پیشەسازی لە قۆناغی کۆتاییدایە و هەموو کارەکانی تەواو بووە و تەنها ماوە ڕابگەێنرێت.

✓ ناوچەی پیشەسازی کانی سپی لە ٧-٧-٢٠٢٠ کاری پەسندکردنی سەرەتایی بۆ کرابوو، لە ئێستادا مۆڵەتی وەرگرتووە و دەستی بەکار کردووە.

✓ ناوچەی پیشەسازی لە پارێزگای هەڵەبجە زەوی بۆ تەرخانکراوە .

✓ ناوچەی پیشەسازی لە خورماڵە لە قۆناغی سەرەتاییدایە .

✓ ناوچەی پیشەسازی لە قەزای عەربەت لە قۆناغی پێشکەشکردنی پڕوپۆزەڵدایە.

✓ ناوچەی پیشەسازی کەڵار لە قۆناغی ڕاییکردنی مامەڵەدایە.

✓ ناوچەی پیشەسازی ڕانیە لە قۆناغی دابینکردنی - زەویدایە.

سێیەم: ئاستی ئابووری و دارایی

- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەبارەی کەلوپەلی هاوەردەکراو لە سێکتەری پیشەسازی بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستان و پێداویستییەکانی بەکاربەر لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، بە پشتبەستن بەم توێژینەوەیە زیاتر (٢٠٠) هەلی وەبەرهێنانی نوێ دیاریکرا و خرانە بەردەستەی وەبەرهێنەران.

چوارەم: ئاستی کارگێڕی

- بە پریاری ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان بە ژمارە (٥٧٥) پریاردرا بە کردنەوەی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی سۆران و زاخۆ و بەستنەوەی ڕاستەوخۆی بە دەستەی وەبەرهێنان.

(ساڵی سێیەم)

پاڵپشت بە یاسای وەبەرهێنانی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٠٦ لە رێکەوتی ١-٨-٢٠٠٦ دەستەی وەبەرهێنان دامەزرا، بە مەبەستی پشتگیری کردنی کەرتی تایبەت و هاوبەشی پێ کردنی لە بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان.

دەستەی وەبەرهێنان لە چوار بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە ناو دەستە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان، ڕاپەرین، سۆران، زاخۆ) پێکهاتووە. لە شانزە ساڵی ڕابردوو، دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی بە (**١١٩٢**) پرۆژەی وەبەرهێنان داوە، بە سەرمایەی نزیکەی (٨٢) ملیار دۆلاری ئەمەریکی، لەناو ئەمانەشدا بەهۆی پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان، تا ئێستا (١٤٤) مۆڵەتی وەبەرهێنان هەڵوەشێنراونەتەوە، هەروەها (١٠٤٨) مۆڵەت بە سەرمایەی زیاتر لە (٦٥) ملیار و (٨٤٨) ملیۆن دۆلار کارپێکراوە.

لە ساڵی سێیەمی کابینەی نۆیەم (٢٠٢١/٦/٢٢ تا ٦/١٩/ ٢٠٢٢) مۆڵەت بە (٦٤) پرۆژە دراوە بە سەرمایەی نزیکەی (٢) ملیار و (٩٤٧) ملیۆن دۆلار و لەسەر ڕووبەری (٢٢٢١) دۆنم زەوی لەم سێکتەرانەی خوارەوە:

پیشەسازی: ١٤ پرۆژە بە سەرمایەی ٢٠٤ ملیۆن دۆلار.

نیشتەجێبوون: ٣ پرۆژە بە سەرمایەی ٢٤٨ ملیۆن دۆلار.

فێرکردن: ٧ پرۆژە بە سەرمایەی ٣٨ ملیۆن دۆلار.

گەشتیاری: ٨ پرۆژە بە سەرمایەی ٢ ملیار و ٣٤ ملیۆن دۆلار.

وەرزشی: ٣ پرۆژە بە سەرمایەی ٧ ملیۆن دۆلار.

بازرگانی: ٢٢ پرۆژە بە سەرمایەی ٢٤٣ ملیۆن دۆلار.

تەندروستی: ٣ پرۆژە بە سەرمایەی ١٩ ملیۆن دۆلار.

کشتوکاڵ: ٢ پرۆژە بە سەرمایەی ١٣٣ ملیۆن دۆلار.

بانکەکان: ٢ پرۆژە بە سەرمایەی ١٩ ملیۆن دۆلار.

کۆی ئەو پرۆژانەی لە ٢٠٢١/٦/٢٢ تا ٦/١٩/ ٢٠٢٢ پێشکەش بە دەستەی وەبەرهێنان کراوە (٦٦٠) پرۆژە بووە، و (٤٣٢) پرۆژە پەسندکراون بە سەرمایەی خەملێندراوی زیاتر لە (٥) ملیار و (٥٥٩) ملیۆن دۆلار (هەولێر: ١٥٨ پرۆژە، سلێمانی: ١٢٨ پرۆژە، دهۆک: ١١٧ پرۆژە، هەڵەبجە: ٤ پرۆژە، زاخۆ :٣ پرۆژە، گەرمیان: ١١ پرۆژە، ڕاپەرین: ١١ پرۆژە)، لەناو ئەمانەشدا لە سێکتەری پیشەسازی جۆراوجۆر (١١٥) پرۆژە پەسەندکراون بە سەرمایەی زیاتر لە (٨) ملیار دۆلار و لە سێکتەری کشتوکاڵی (٢٦) پرۆژە پەسەندکراوە بە سەرمایەی زیاتر (٢٣٦) ملیۆن دۆلار. پرۆژەکان لە قۆناغی جیاجیای مامەڵەن بە مەبەستی پێدانی مۆڵەت.

دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەکە، دەستەی وەبەرهێنان پاڵپشت بە بڕگە و تەوەرەکانی کارنامەی حکومەت لەماوەی ساڵی سێیەمی تەمەنی ئەم هەنگاوانەی ناوە:

ئاستی چاکسازی:

- لە ماوەی ئەم ساڵەدا (١٠) بڕیاری ئەنجومەنی باڵا دەرکراوە بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی و پێداچوونەوەی پڕۆسەی وەبەرهێنان، لەوانە:

- بڕیاری ژمارە (٥٩٠) کە تایبەتە بە هەڵوەشانەوەی بڕیاری ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان ژمارە ٤٣٠ و ٥٧٠، هەر لە بڕیارەکە دا هاتووە داشکاندنی (٤٠٪) لە قیستەکانی ئارام ستی بۆ هاووڵاتیان لەو گوژمەی کە لەلای هاووڵاتی ماوە بەپێی گرێبەست و پسولەکانیان لە بەرامبەر دواکەوتنی پڕۆژەکە.

- بڕیاری (٥٩١) تایبەت بەپێدانی مۆڵەتی وەبەرهێنان بە پڕۆژەی نیشتەجێبوونی (village ٢ aram) بە وەبەرهێنەر کۆمپانیای Dutch flowers لە شاری هەولێر.

- بڕیاری (٥٩٢) تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی وەبەرهێنان بە کۆمپانیای سێ وار بۆ بازرگانی گشتی بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی نیشتەجێبوون، لە پارێزگای هەولێر، لە شاری هەولێر.

- بڕیاری (٥٩٣) تایبەت بەپێدانی مۆڵەتی وەبەرهێنان بە کۆمپانیای (North light) بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی نیشتەجێبوون لە شاری هەولێر.

- کردنەوەی بەشی چاودێریی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان سەر بە نووسینگەی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان. لەم ماوەیەدا چاودێری چەندین پڕۆژەی وەبەرهێنانی کردووە لەوانە (١) پڕۆژە لە دهۆك، (٢) پڕۆژە لە سلێمانی، (٤) پڕۆژە لە هەولێر.

- ئامادەکردن و چاپکردنی نامیلکەی ڕێبەری وەبەرهێنانی سەوز لەسەر بنەمای ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام SDGS. بە هەرسێ زمانی کوردی عەرەبی ئینگلیزی و دەرفەتەکانی وەبەرهێنانی سەوز بریتی بوو لە (٢٢٧) جۆری دەرفەت.

- چارەسەرکردنی کێشەی چەند پڕۆژەیەك، لەوانە پڕۆژەی فلۆریا ستی، کە لەم ساڵانەی دوایی کێشەی هەبوو و کێشەکان چارەسەرکران و ئێستا دەستبەکارە. هەروەها بۆ کێشەی پڕۆژەی پاك لاند لیژنەیەك دانراوە و ئێستا بەردەوامە لە کارەکانی.

- کردنەوەی ژووری عەمەلیات لە هەموو فەرمانگەکانی دیوانی دەستەی وەبەرهێنان، ئەم ژوورە بۆ ماوەی (٢) مانگ لە کارەکانی بەردەوام بوو، بە هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێناندا چووەوە، ئەوەی پێویست بوو هەموار بکرێتەوە پێشنیاری پێویست خرایەڕوو.

- بڕیاردرا پەلە بکرێت لە تەملیک کردنی یەکە نیشتەجێبووەکانی ناو پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، لیژنەی (متفرغ)ی بۆ پێکهێنرا و بەردەوامە.

- لیژنەی وردبینی دۆسییەی فەرمانبەران سەبارەت بە یاسای چاکسازی بەردەوامە لە کارەکانی.

ئاستی خزمەتگوزاری:

- کار کراوە بۆ ڕێکخستنەوەی کرێی خزمەتگوزاری بە پێکهێنانی لیژنەی تایبەتی مەیدانی بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگا، دامودەزگای تایبەت سەردانی پڕۆژەکانیان کردووە و کرێی خزمەتگوزاری ناو پڕۆژەکانیان دیاریکردووە، کە پەیوەست بن بە نرخی دیاریکراو و بۆیان دانراوە، لە هەندێك پڕۆژە (٦٠%) نرخەکانی لەبەر بەرژەوەندیی هاووڵاتیان کەمکراوەتەوە، بۆ نموونە:

١) هەولێر (٣٧) پڕۆژەی نیشتەجێبوون.

٢) سلێمانی (٦٥) پڕۆژەی نیشتەجێبوون.

٣) دهۆك (٤٣) پڕۆژەی نیشتەجێبوون.

- بە مەبەستی جێبەجێکردنی بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە دروستکردنی (٢٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کرێنشینان، دەستەی وەبەرهێنان ڕێکارەکانی سەبارەت بەو بڕیارە گرتۆتەبەر. لەوانە ڕاگەیاندنی فۆڕمی کرێنشینان لە وێبسایتی دەستەی وەبەرهێنان و پێدانی زانیاری پێویست بە هاووڵاتیان.

- بەهۆی بەرفراوانبوونی سنوورەکە و زیاتر ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنان و جێبەجێکردنی بڕیاری (٥٧٥)ی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان، بەڕێوەبەرایەتی گەرمیان و ڕاپەرین فراوانکران بۆ بەڕێوەبەراتی گشتی وەبەرهێنان، هەروەها کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سۆران و زاخۆ.

- چالاککردنی بەڕێوەبەراتی گشتی وەبەرهێنانی هەڵەبجە.

- بە مەبەستی گەیاندنی هەموو جۆرە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی کارگەکان لە سێکتەری پیشەسازی و ڕەخساندنی هەزاران هەلی کار بۆ دەستی کاری خۆماڵی، دەستەی وەبەرهێنان و لایەنە پەیوەندارەکان کاریان بۆ دامەزراندنی چەندین ناوچەی پیشەسازی کردووە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ناوچەی پیشەسازی تیمار و کردنی ناوچەکە بە ناوچەیەکی پیشەسازی لە قۆناغی کۆتاییدایە و هەموو کارەکانی تەواو بووە و تەنیا ماوە رابگەیەنرێت.

- ناوچەی پیشەسازی کانی سپی لە ٧-٧-٢٠٢٠ کاری پەسندکردنی سەرەتایی بۆ کرابوو، لە ئێستادا مۆڵەتی وەرگرتووە و دەستی بەکار کردووە.

- ناوچەی پیشەسازی لە پارێزگای هەڵەبجە زەوی بۆ تەرخانکراوە.

- ناوچەی پیشەسازی لە خورماڵە لە قۆناغی سەرەتاییدایە.

- ناوچەی پیشەسازی لە عەربەت لە قۆناغی پێشکەشکردنی پڕۆپۆزەڵدایە.

- ناوچەی پیشەسازی کەلار لە قۆناغی راییکردنی مامەڵەدایە.

- ناوچەی پیشەسازی رانیە لە قۆناغی دابینکردنی زەویدایە.

ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ محەمەد زەکام سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی پارێزگای بابل و وەفدێکی یاوەری لە دیوانی دەستە کۆبوونەوە، لەو دیدارەدا باس لە سودبینین لە ئەزموونی هەرێم لە بواری وەبەرهێنان بۆ ناوچەکانی تر و درووستکردنی پەیوەندیی لەنێوان هەردوولا کرا.
- سەرۆکی دەستە لەگەڵ شاندێکی ڕێکخراوی پیشەسازی و پیاوانی کاری عێراقی تورکی کۆبوەوە، بە مەبەستی ئەنجامدانی پڕۆژەی وەبەرهێنان بە تایبەت لە سێکتەری پیشەسازی لە کوردستان .

ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:

- کردنەوەی سەنتەری ڕاکێشانی وەبەرهێنەری بیانی لە ناو دیوانی دەستەی وەبەرهێنان.
- بەشداری کردنی دەستەی وەبەرهێنان لە پێشانگای کشتوکاڵی و ژینگە لە قەتەر.
- بەشداریکردن لە (١٩) مین کۆنگرەی گەشەکردنی شارەکان و خزمەتگوزارییەکان لە سعودیە.
- ٢٤ -٥-٢٠٢٢ شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە پێکهاتوون لە سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و وەزیری پلاندانان و سەرپەشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ و چەندین وەبەرهێنەرو بازرگان، بەشداری کۆنفرانسی ئەنجومەنی کاری عێراقی بەریتانی (IBBC) کرد. لە کۆنفرانسەکەدا سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان تیشکی خستەسەر هەڵەکانی وەبەرهێنان و وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت و گشتی لە هەرێمی کوردستان. سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بە سەرمایەدار و وەبەرهێنەرانی بەریتانی و بیانییەکانی ڕاگەیاندووە: هەرێمی کوردستان پێویستی بە وەبەرهێنانی بیانی هەیەو چەندین دەرفەتی زێڕێن هەن بۆ کۆمپانیا بیانییەکان، بەتایبەتی لە سێکتەرەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و تەندروستی و بانک و پەروەردە، هەروەها سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، بۆ لەنزیکەوە ئاشنابوون بە دۆخی وەبەرهێنان لە کوردستان، ژمارەیەک کۆمپانیای بەریتانی و جیهانی بانگهێشتی کوردستان کردووە.
- ٢٧-٣-٢٠٢٢سەرۆکی دەستە وەبەرهێنان یاوەری دیدار و کۆبوونەوەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ حاکمی دوبەی و حاکمی شاریقە بوو. لەم دیدارانەدا تاوتوێی چەندین تەوەری گرنگ کراوە، لەوانە پتەوترکردنی پەیوەندییەکان لە بوارە جیاجیاکان، بەتایبەت لەڕووی ئابووری و وەبەرهێناندا.
- ١٦-٣-٢٠٢٢ سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بەفەرمی سەردانی وڵاتی ئەڵمانیای کرد بە مەبەستی ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی. لەم سەردانەدا تیمێکی هاوبەش لە نێوان کەرتی تایبەت و حکومی ئەڵمانیا و دەستەی وەبەرهێنان پێکهێندرا، کە ئامانج لێی پێشخستن و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووریی کوردستانە. ژمارەیەک زۆر کۆمپانیا ئەڵمانیا ئامادەییان دەربڕیوە لەڕووی ڕاوێژکارییەوە هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن. کۆمپانیا گەورەکانی ئەڵمانیا لەبواری پیشەسازی و هێڵی ئاسنین ئامادەن هاوکاری پڕۆژەی هێڵی شەمەندەفەری کوردستان بکەن. ژمارەیەک وەبەرهێنەری ئەڵمانی دەیانەوێ لە سێکتەرەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و ڕێگاوبان هاوکاری کوردستان بکەن.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، پێشوازیکرد لە شاندێکی ئەنجومەنی بازرگانی ئەمەریکا-کوردستان و نوێنەری (١٢) کۆمپانیای ئەمەریکی. لەم دیدارەدا سەرۆکی دەستە باسی لە یاسا و دۆخ و ژینگەی وەبەرهێنانی لە هەرێمی کوردستان کرد و ئاماژەی بەو ئاسانکارییانە کرد کە بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی دەکرێت، ڕاشیگەیاند، گرنگە

وەبەرهێنەران و کۆمپانیا ئەمەریکییەکان لەسێکتەری کشتوکاڵ و وزە و پیشەسازییەکانی وەکو پترۆکیمایی و سێکتەرەکانی دیکە وەبەرهێنان بکەن.

- لە ١٩-١١-٢٠٢١سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بەشداری فۆڕۆمی وەبەرهینان و بەڵێندەرانی تورکیا- عێراقی کرد. سەرۆکی دەستە بەشداریی چەند پانێلێکی کرد.
- سەرۆکی دەستە پیشوازی لە لە وەفدێکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی فوجەیرەی ئیماراتی کرد.
- بەردەوامی کۆبوونەکان لەگەڵ نوێنەرایەتی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی هاندان و کارئاسانی بۆ وەبەرهێنەری بیانی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، تائێستاش لەو پێناوەدا لەگەڵ هەریەکە لە کۆنسوڵانی وڵاتانی (هەنگاریا، سوید، میسر، سودان، کویت، کەندا، پاکستان، سعودیە، ئەمەریکا) کۆبوونەوە ئەنجامدراوە، هاوکات هەماهەنگییەکان بۆ ئەو مەبەستە بەردەوامە.

ئاستی ئابووری و دارایی:

- بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی باڵا ژمارە ٥٨٥، ٥٨٦، ٥٨٧ و ڕێنمایی ١،٢،٣، دەستەی وەبەرهێنان ڕێکاری پێویستی گرتەبەر سەبارەت بە جێبەجێکردنی هەرسێ ڕێنمایەکە.
- دوای ئەوەی لە ساڵی ڕابردوو توێژینەوەیەک لەبارەی کەلوپەلی هاوەردەکراو لە سێکتەری پیشەسازی و کشتوکاڵی بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستان و پێداویستییەکانی بەکاربەر لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا، ئەم ساڵ ئەم توێژینەوەیە بۆ ساڵی ٢٠٢١ -٢٠٢٢ داتاکانی نوێکراوە.

ئاستی کارگێڕی:

- بە بڕیاری ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان بە ژمارە (٥٧٥) بڕیاردرا بە کردنەوەی ب.گ. سۆران و زاخۆ بەستنەوەی ڕاستەوخۆی بە دەستەی وەبەرهێنان.
- بە هاوکاری لایەنی پەیوەندار بەستنی سێ کۆڕبەند لە لە سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و نیشتەجێبوون.
- کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و سەرۆکی دەستەی ژینگە بۆ تاوتوێکردنی پێشنیازەیاسای گەشتیاری.
- کردنەوەی چەند پرۆژەیەك لەوانە پرۆژەی شەدار بۆ بەرهەمهێنانی هێلکەی خواردن لە هەولێر.
- سازدانی چەند کۆبوونەوەیەك بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری سەرۆکی حکومەت بۆ دروستکردنی (٢٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کرێنیشینان.
- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی شارەوانی هەولێر و قائمقام و نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران کۆبۆوە، بە مەبەستی دانانی پلانێکی تۆکمە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان گرنگی زیاتر بە ناوچە پیشەسازییەکان و خزمەتگوزاریی پێویست بۆیان، دروستکردنی ناوچەی پیشەسازی قورس لە سنووری هەولێر و فراوانکردنی پرۆژە کشتوکاڵییەکان. گرنگیدانی بە ناوچە گەشتیارییەکان. کارئاسانی بۆ وەبەرهێنەران بکرێت و بەربەستەکانی بەردەم سستبوونەوەی پرۆژەکان لابرێن. ڕاکێشانی سەرنجی وەبەرهێنەران بۆ دروستکردنی پرۆژەی نوێ.

- ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەت و دەستەکان (شارەوانی و گەشتوگوزار، بازرگانی و پیشەسازی، کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، وەزارەتی کارەبا، دەستەی گەشتوگوزار، دەستەی ژینگە) بەمەبەستی هەماهەنگی زیاتر و کارئاسانی لە پێدانی مۆڵەت بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان.
- پرۆژەی دروستکردنی ناوچەی پیشەسازی تیمار لە شاری هەولێر، ڕەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە بۆ پەسەندکردن.
- بۆ دروستکردنی شاری پیشەسازی ئارارات لە شاری هەولێر نووسراو کراوە بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ تەرخانکردنی زەوی.
- شاری پیشەسازی عەرەبەت لە سلێمانی مۆڵەتی مەرجداری پێدراوە و دەست بەکاربوون لە پرۆژەکە کراوە.
- پرۆژەی ناوچەی پیشەسازی مۆدێرن پەسەندکراوە.

- **ئەم پرۆژانەش لە شاری سلێمانی لە قۆناغی تەرخانکردنی زەویدان:**

١) دروستکردنی ناوچەی پیشەسازی.

٢) پرۆژەی کۆمەڵگەی پیشەسازیی خۆراك.

٣) دروستکردنی ناوچەی پیشەسازی بچووك و ژینگەپارێز لەلایەن کۆمپانیای ریل رۆد.

- پرۆژەی دامەزراندنی دەڤەری پیشەسازیی خۆراك/ کانی سپی لە شاری دهۆك، مۆڵەتی وەرگرتووە.
- پرۆژەی دروستکردنی شاری پیشەسازی لە شاری هەڵەبجە لە قۆناغی مامەڵەی تەرخانکردنی زەویدایە.
- پرۆژەی دروستکردنی شاری پیشەسازی گەرمیان لە ژێر ڕایی کردنی مامەڵەدایە.

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

ئاستی چاکسازی :

- دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ی دەستەی ژینگە تایبەت بە چاودێری ژینگەیی بۆ پڕۆژەکان بەمەبەستی دامەزراندنی دەرچووانی بەشی ژینگە لەکەرتی تایبەت و ڕەخساندنی هەلی کار بۆیان.
- پاڵپشت بە یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٠ (یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشین لە هەرێمی کوردستان- عێراق) ووردبینی لە دۆسییەی گشت فەرمانبەران کراوە و ئەوەی پێویست بووە لە دەستەکەمان ئەنجام دراوە.
- ڕێکخستنەوەی پەیکەری کارگێڕی دەستە بە پێی پێویستی ئەرکەکانی ئێستا و کەم کردنەوەی ڕۆتین و خەرجی.
- دابەزاندنی دەسەڵاتی ڕەزامەندیدان یان ڕەتکردنەوە بە بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان بۆ هەندێک لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بەگوێرەی پۆلێنەکانیان بۆ خێراترکردن و ئاسانکاری لە مامەڵەی هاووڵاتیان.
- ڕێککەوتن لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەمەبەستی هەماهەنگی لەبواری نەهێشتنی خاڵە دژ بەیەکەکان لە ڕێنماییە کشتوکاڵی و ژینگەییەکاندا.
- ڕێکخستنی میکانیزمی تایبەت بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی.
- هەماهەنگی لەگەڵ تیمی سەرپەرشتیاری باخچەی ئاژەڵانی هەولێر بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان کەوا پێویستە باخچەی ئاژەڵان بەپێی ڕێنمایی ئاماژە بۆ کراو کار بکەن.
- کردنەوەی فەرمانگەی ژینگەی هەڵەبجە و دانانی بەڕێوەبەر و، گواستنەوەی فەرمانبەر بەشێوەی تەنسیب و، وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ دامەزراندنی (١٥) فەرمانبەر بەشێوەی گرێبەست و، دابینکردنی ئۆتۆمبێل و کەل وپەلی پێویست بۆ کارکردن .
- پێکهێنانی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەسەر ئاستی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان.
- پێکهێنانی بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، ئەنجامدانی یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای پاراستە سروشتییەکان بۆ تاوتوێکردنی پەیڕەوی ژمارە (٩)ساڵی ٢٠١١ ی ئەنجومەنی وەزیران.
- وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ ئەوەی دەستەی ژینگە خۆی ڕاپۆرتی (هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی) ئامادە بکات و، (٦٥%) بۆ گەنجینەی حکومەت بگەڕێنێتەوە و (٣٥%) یش وەک هاندان بۆ دەستە.
- لیژنەکانی چاودێری و بەدواداچوون بەردەوامە لە پشکنین بۆ چەندین پڕۆژەی جوراوجۆر (پیشەسازی، تەندروستی، نیشتەجێبون، بازرگانی و گەشت و گوزار، خزمەتگوزاری و کشتوکاڵی) بە مەبەستی دڵنیابوون لە پابەندبوونیان بە ڕێنماییەکانی ژینگە و هەروەها بەردەوامە لە ڕێگری کردن لە زیادەڕۆیی هاووڵاتیان وەکو فڕێدانی پاشماوە لە شۆینی نەشیاو و تایە سوتاندن.
- بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی چەندین هەڵمەت و چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە، وەکو ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەرنامە و فیلمی دۆکۆمێنتاری و بڵاوکردنەوەی بابەت و هەواڵ و سپۆتی ژینگەیی

و لێدوان بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ هۆشیارکردنەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، پەیامی ئەم چالاکییانە لە ساڵانی ڕابردوو زیاتر گەیشتۆتە جەماوەر، جگە لەوە چەندین بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکانمان دروستکردوە و ڕۆژی ژینگەی تایبەت بە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانمان دیاری کردووە.

- جێبەجی کردنی پلانی ساڵانە و چالاکی و هۆشیاری ژینگەیی لە ناوەندەکانی خوێندن فێرکردن (خوێندنگەکان و قوتابخانەکان و باخچەکان)، سیمینار، وۆرک شۆپ، بڵاوکردنەوەی نامیلکە و پرۆشەری ژینگەیی، پۆست و ڤیتی ژینگەیی بەئەلیکترۆنی، ناشتنی نەمام ، هەڵمەتی پاککردنەوە لە چەند شوێنێکی جیا).

ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:

لە ئاستی پەیوەندییەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان پەیوەندییەکانمان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی گرینگی پێداوە بە مەبەستی هەماهەنگی و چارەسەری کێشەو بەربەستەکان و وەرگرتنی هاوکاری و ئەنجامدانی کاری هاوبەش.

- لەسەر ئاستی ناوەخۆیی:

بەردەوامیمان داوە بە پەیوەندییەکانمان لەشێوەی سەردان و پێشوازی و دیدار لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراق بەتایبەت بە مەبەستی کارکردن لەسەر بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییەکان (ئێن دی سی)، وەزارەت و دەستەکانی ناوخۆی هەرێم کە لایەنی جێبەجێکارن لەم بارەیەوە، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە مەبەستی هەماهەنگی و کاری هاوبەش.

- لەسەر ئاستی پەیوەندییە دەرەکییەکان:

لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا دەستەکەمان چەندین دیدار و کۆبوونەوەی لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەری وڵاتان و چەندین ڕێکخراوی جیهانی ئەنجامداوە بە مەبەستی هەماهەنگی و هاوکاری لە ڕووی ئەنجامدان و جێبەجێکردنی پرۆژەی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان، لەوانە کونسوڵی (ئەمریکا، ئەڵمانیا، چین، کۆریای باکور، ژاپۆن، بەریتانیا، ئیمارات، ڕێکخراوی (**GIZ**، **IL**، ئێلبەرلەمانی ئەڵمانی)، پوختەی ئەم پرۆژانە لەم خاڵانە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

- کونسوڵی ئەڵمانیا لە هەولێر و ڕێکخراوی (جی ئای زێد) کە بۆ ماوەی دوو ساڵ هاوکارمان بوون لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گرفتەکانی پیسبوونی هەواو ڕێگەچارەکانی، دیدار لەگەڵ شاندێکی ڕێکخراوی ئێلبەرلەمانی ئەڵمانی بۆ تاوتوێکردنی بیرۆکەی کردنەوەی پەیمانگای ژینگەو گۆڕانکاری کەش و هەوا لەعێراق.
- دیدار لەگەڵ کونسوڵی وڵاتی ژاپۆن و، پێشکەشکردنی (٣) پێشنیاز لەڕووی وەبەرهێنانی ژینگەییەوە بۆ کۆمپانیاکانی وڵاتی ژاپۆن کە بریتیی بوون لە: دانانی سیستەمی جۆکاسۆ کە تایبەتە بەچارەسەرکردنی ڕاستەوخۆی پاشەڕۆو ئاوەڕۆی ماڵان. وەبەرهێنان لەبواری دابینکردنی هۆکاری گواستنەوەی گشتی بۆ شارەکانی کوردستان، دامەزراندنی کارگەی کۆکردنەوەو چارەسەرکردنی خاشاکی ئەلیکترۆنی لەهەرێمی کوردستان.
- هاوکاری وڵاتی چین لە ڕووی دابینکردنی (١٢٠٠٠) ماسک تایبەت بە ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و دابەشکردنی بەسەر فەرمانگەکانمان لە شارەکان.

ئاستی خزمەتگوزاری:

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە پێناو کەمکردنەوەی ڕۆتیناتی کارگێڕی زوو زوو ئەپدەیتی خزمەتگوزارییەکانی کردۆتەوە و لە پۆرتاڵی خزمەت بڵاو کراوەتەوە تا هاونیشتمانیان بە قۆناغ و ڕێ و شوێنە کارگێڕییەکان ئاشنا بن و زۆرترین دەسەڵاتی بۆ فەرمانگەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان شۆڕ کردۆتەوە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بە زووترین کات مامەڵەکانیان ڕایی بکرێت، لە خوارەوە کۆمەڵێک کار و چالاکی لە ئاستی خزمەتگوزاریدا بۆتان ڕوون دەکەینەوە:

- **پێدانی مۆڵەت و ڕەزامەندی بە ژمارەیەك پڕۆژە:**

- پێدانی مۆڵەت و ڕەزامەندی بە پڕۆژەکان کە ئەوانیش (پیشەسازیی، بازرگانی، نیشتەجێبوون، کشتوکاڵی، خزمەتگوزاری، گەشتیاری، پەروەردەیی، تەندروستی..هتد)، ژمارەیەک لەو پڕۆژانە ڕەزامەندییان بەپێی نەدراوە بەهۆی نەبوونی مەرجی ژینگەییەکان بەپێی ڕێنمایی.

- ڕاپەراندنی کاری هاووڵاتیان و وەڵامدانەوەی نووسراوەکانیان لە ڕێگەی نووسراو هەروەها بەکارهێنانی سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ ئاسانکاری ئیش و کاری کارگێڕی لە نێوان دیوانی دەستەکەمان و فەرمانگەکانی.

- لەبواری ژینگەیی سروشتی و گۆڕانکاری کەش و هەوا و پێدانی مۆڵەتی ڕاوئاژەڵی کەرویشک و کەو وسوێسکە و مراوی هەروەها بەدواداچوون و لێپرسینەوە بۆ سەرپێچی دارپرین و سزادانیان بەپێی یاسا ژینگەیی و هەروەها ڕەزامەندی لەسەر هەڵپاچینی دار و دروست کردنی باخچە و دابینکردنی نەمام بۆ ڕێکخراوە ژینگەییەکان بۆ چەند ڕێکخراوێکی ژینگەیی و قوتابخانە و هاووڵاتیان فەرمانگە حکومییەکان بەمەبەستی چاندن و خزمەتکردنیان.

- لە بواری تیشک، ڕەزامەندیدان بە کۆگاکردنی سەرچاوەی تیشکدەر بۆ کۆمپانیاکان و دانانی تاوەرەکانی ئینتەرنێت و گەیاندن و هەروەها دابین کردنی ئامێری پێوانەکردنی ڕێژەی تیشکدەر (دۆزمیتر) بۆ کارمەندەکانی تیشک بە هەموو جۆرەکانی.

- بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو پڕۆژانەی کە لەلایەن فەرمانگەکەمانەوە ڕەزامەندی کارکردنیان پێدراوە بە مەبەستی چۆنیەتی جێبەجێکردنی مەرجە ژینگەییەکانی تایبەت بەو پڕۆژانە هەروەها پێدانی ڕێنمایی بۆ هەر پڕۆژەیەک پێشتر مۆڵەتی وەرگرتووە و مەرجی ژینگەیی جێبەجێ نەکردووە و ئیجرائاتی پێویست بەرامبەر ئەوانەی پابەند نەبوون.

- بەشێوازێکی تر خزمەت بە هاووڵاتیان دەکرێت کە ڕۆژانە و بە بەردەوامی لە تاقیگەکانی فەرمانگەکانمان پشکنینی ئاو دەکرێت لەگەڵ پشکنینی خاک بۆ پڕۆژەکان ئەنجامدەدرێت .

- لیژنەی لەبری سەوزکردن، ئەم لیژنەیە پێکهاتووە لە چەندین فەرمانبەر لە فەرمانگەکانمان لە هۆبەی سروشتی و ڕاگەیاندن و هۆبەی چاودێری کە هەڵدەستن بە قەرەبووکردنەوەی سەوزایی بەو پڕۆژانەی کە شوێنیان نەبووە بۆ سەوزکردن لە ناو پڕۆەکەیان، بۆیە دەبێت شوێنێکی گشتی وەک نەخۆشخانە، زانکۆکان، قوتابخانە و باخچەی ساوایان سەوز بکەن.

ڕێکار و چالاکییە بەردەوامەکانی بەشی یاسایی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان :

١- ڕەشنوسی ڕێنمایی بەڕێوەبردنی پاشماوەکان .

٢- ڕەشنوسی ڕێنماییە گشتییەکانی شارو ناوچە پیشەسازییەکان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی ئامادەکراوە.

٣- ڕەشنوسی ڕێنمایی کۆگاکردن و گواستنەوەی سەرچاوەو ماددە تیشکدەرەکان.

٤- ڕەشنوسی هەمواری ڕێنمایی پۆلێنکردنی پرۆژەکان ٢٠٢٢ .

٥- ڕەشنوسی ڕێنمایی سەربڕخانەکان .

٦- ڕەشنوسی ڕێنمایی فڕێدانی پاشماوەکان .

٧- ڕەشنوسی ڕێنمایی خۆپاراستن لە تیشکە نا ئەیۆن کراوەکانی دەرچوو لە سیستەمی پەخش و ناردن و مۆبایل .

٨- ڕەشنوسی ڕێنمایی چۆنیەتی کۆگاکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ماددە کیمیاوییەکان .

٩- ڕەشنوسی ڕێنمایی سندوقی ژینگە .

١٠- ڕەشنوسی هەموارکردنی ڕێنمایی کوالیتی هەوا ٢٠١٩ .

١١-ڕەشنوسی ڕێنمایی ئەو پرۆژانەی سەرپێچی ژینگەییان هەیە .

١٢-ڕەشنوسی ڕێنمایی (بەڕێوەبردنی پاشماوەکان) .

١٣- دەرکردنی ڕێنمایی.

آ- ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ڕێنمایی تایبەت بە ڕاوکردن .

ب- ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢١ ڕێنمایی پاراستن و چاککردنی هەوا لە هەرێمی کوردستان- عێراق .

ج- ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢١ڕێنمایی تایبەت بە سەربڕخانەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق .

د- ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٢١ڕێنمایی ئاگادارکردنەوەی پرۆژە سەرپێچی کارەکان و لەکار ڕاگرتنیان .

ه- ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە ژینگەییانەی کە لە ئەنجامی کارکردنی چالاکی و پرۆژەکان روودەدەن .

١٤- ئامادەکردنی هەمواری یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٠ یاسای دەستەی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق .

١٥- دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ڕێنمایی تایبەت بە (چاودێری ژینگەیی بۆ پرۆژەکان) .

١٦- ئامادەکردنی هەمواری ماددەی (٤٢) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان- عێراق .

١٧- ئامادەکردنی ڕەشنوسی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ڕێنمایی تایبەت بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی .

١٨- ئامادەکردنی ڕەشنوسی ڕێنمایی باخچەی ئاژەڵان .

١٩- ڕەشنووسی ڕێنمایی پاراستنی چینی ئۆزۆن ساڵی (٢٠٢٢).

داتا و ئامارەکانی گشت کار و چالاکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ساڵی (٢٠١٩/٧/١٠ تا ٢٠٢٢/٣/٣١) بۆ ماوەی ئەم سێ ساڵە:

- **یەکەم:**

مۆڵەت و ڕێگەپێدان و ڕەزامەندی بۆ پڕۆژەکانی (پیشەسازی، پیشەسازی خۆراک، خزمەتگوزاری، نیشتەجێ، بازرگانی، کشتوکاڵی، تەندروستی هەروەها مۆڵەتی ڕاو و گواستنەوەی دار و بیری قوڵ و هەروەها مۆڵەت پێدانی بەشی تیشک، بەم شێوەیەیە: (هەولێر (١٩٢٤) پڕۆژە، سلێمانی (٧٨٦) پڕۆژە، دهۆك (١٦٩٣) پڕۆژە، گەرمیان (٥٥٧) پڕۆژە، ڕاپەڕین (٢٦٦) پڕۆژە، بە کۆی گشتی: (**٥٢٢٦ پڕۆژە**).

- **دووەم:**

پێنەدانی ڕەزامەندی بۆ پڕۆژەکان، هەندێک لە پڕۆژەکان لەگەڵ ژینگەو یاساو ڕێنماییەکانی تایبەت بە ژینگە ناگونجێن، بۆیە ڕەزامەندیان پێنەدراوە، بەم جۆرەیە: (هەولێر (٣٤) پڕۆژە، سلێمانی (٢٥) پڕۆژە، دهۆك (٦) پڕۆژە، گەرمیان (١) پڕۆژە، ڕاپەڕین (٥) پڕۆژە، بە کۆی گشتی: (**٧١ پڕۆژە**).

- **سێیەم: لەبواری یاسایی**

١) نووسینەوەی ڕەشنووسی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ و ڕەشنووسی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨.،

٢) بڵاوکردنەوەی (٦) ڕێنمایی بە ناوی ڕاو کوالیتی هەوا (پاراســتن وچاککردنی هەوا) و قەرەبوو کردنی زیانە ژینگەییەکان و سەربڕخانەکان و ئاگادارکردنەوە و ڕاگرتنی پڕۆژەکان.

٣) ئامادە کردنی چەند ڕێنماییەک بە ناوی ئاژەڵی کێوی و تیشک و ئۆزۆن و یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ.

- **ئاماری کەیسەکانی دادگا بەم جۆرەی خوارەوە بوون:**

- هەولێر: کەیسەکانی دادگا و ژ. سکاڵا (٤٩٧) کەیس، سزاو پێژاردن (٦٢) کەیس، بەڵێن نامە (٧٧١).
- سلێمانی: کەیسی دادگا (٥٧٦)کەیس، سزاو پێبژاردن (١٧٣)کەیس، ژ. بەڵێننامە (١٦٦٨)، ئاگادارکردنەوە (٩٥).
- دهۆك: کەیسی دادگا و ژ. سکاڵا (٥٠) کەیس، سزدان و پێبژاردن (١٠٢)کەیس، بەڵێننامە (٦٩٢).
- گەرمیان: کەیسەکانی دادگا (١٢) کەیس.
- ڕاپەڕین: کەیسەکانی دادگا (٦٧) کەیس، بەڵێننامە (٢٠٥).

- **چوارەم:**

چاودێری و بەدواداچوون و پشکنین بۆ پڕۆژە (کشتوکاڵی، بازرگانی، پیشەسازی، خزمەتگوزاری، تەندروستی و پاڵاوگەکانی نەوت هتد، بەمەبەستی جێبەجێکردنی ڕێنماییە ژینگەییەکان: هەولێر (١٦٨٨)، سلێمانی (٣٨٧٧)، دهۆك (٣٧٥٨)، گەرمیان (٢٤١)، ڕاپەڕین (٢٩٩) پڕۆژە پشکنین و بەدواداچوونی بۆ کراوە.

کۆی گشتی ئەو پڕۆژانەی لەو ماوەیەدا پشکنین و بەدواداچوونیان بۆ کراوە: **٩٨٦٣ پڕۆژە.**

- **پێنجەم:**

پشکنین تاقیگەیی بۆ نموونە: (پشکنینی کیمیاوی خاک، پشکنینی بکتریۆلۆجی ئاو، پشکنینی کیمیاوی ئاو) و چەند جۆرێکی تری پشکنین لە تاقیگەکانی ئێمە لە فەرمانگەی شارەکان ئەنجام دەدرێن، ئەمانیش بەم جۆرە بوونە:

هەولێر: ژ. نموونە : (١٢١١)، ژ.پشکنین : (٢٠٠٦٥)، سلێمانی: نموونە (١٠٥١)، پشکنین (١٨٨٣٤)، دهۆك: (٧٩٠٤) نموونە، پشکنین (٣٣١٤٢)، بە کۆی گشتی ژمارەی نموونەکان ١٠١٦٦، و کۆی گشتی جۆرەکانی پشکنین ٧٢٠٤١.

- **شەشەم:**

هەڵمەتی هۆشیاری و ڕاگەیاندن کە بریتیە لە (پێشوازی کردن لە ڕێکخراوەکان و ژینگە پارێزەکان، هەڵمەتی نەمام چاندن لەگەڵ ڕێکخراوەکان، سەردان کردنی شوێنە جیاجیاکان، بەشداری کردن لە دیدارە تەلەفزیۆنییەکان و لێداونە رادیۆییەکان ئەنجامدان و بەشداریکردن لە سیمینارەکان و وۆرکشۆپەکان، هەروەها هەڵمەتە جۆراوجۆرەکانی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دژ بە پەتای کۆرۆنا: (دیوانی دەستە (٢٧٠٠)، هەولێر (٢٤٢)، سلێمانی (١٠٣)، دهۆك (٨٤٨)، گەرمیان (٢٦٦)، راپەڕین (٤٦٥). **بە کۆی گشتی: ٤٦٢٤.**

- چالاکی ڕێژەی لە بری سەوزکردن بۆ ئەو کارگە و پڕۆژانەی پێش یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٨ ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم مۆڵەتیان وەرگرتوە و شوێنی سەوزکردنیان نیە لە پڕۆژەکەدا = (٦٤٣٠٧٤) م٢ کە دەکاتە (٢٥٧) دۆنم .

- **داهاتی گشتی کۆکراوەی دەستەکەمان لەم ماوەیە بەم شێوەی خوارەوە بوو:**

داهاتی ساڵی (٢٠١٩): (٢٠٧٦٣٩٠٠٠) دوو سەد و حەفت ملیۆن و شەش سەد و سی و نۆ هەزار دینار.

داهاتی ساڵی (٢٠٢٠): (١٢٤٣١٥٠٠٠) سەد و بیست و چوار ملیۆن و سێ سەد و پازدە هەزار دینار.

داهاتی ساڵی (٢٠٢١): (٣٣٢٦٦٦٠٠٠) سێ سەد و سی و دوو ملیۆن و شەش سەد و شەست و شەش هەزار دینار.

داهاتی مانگی (١،٢،٣) ساڵی (٢٠٢٢): (٣٢٣١٠٥٠٠) سی و دوو ملیۆن و سێ سەد و دە هەزار دینار.

دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

(ساڵی یەکەم)

ئاستی چاکسازی:

- دەستەکەمان بە چەند هەنگاوێک چەندین داتا و زانیاری بەشیوەی ڕاپۆرت و دیکۆمێنت دابەزاند لەسەر ماڵپەڕی فەرمی دەستە، وەک ئامادەکردنی گشت ئەو بڕیارانەی کە لە دەستەکەمان لە سەردەمی وەزارەت کۆ کرابونەوە و ئەرشیف کرابوون سەبارەت بە پڕۆسەی بەعەرەب کردن و دەرکردنی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بە زۆرەملێ لەلایەن ڕژێمی بەعس لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٨ تاکو ٢٠٠٣/٤/٩ کە لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستور بەکار دێت کە کۆی گشتی ئەو بڕیارانەی لەبەردەستمانە ٢٩٠ بڕیاری سەردەمی رژێمی بەعس کە ئێستا ئامادەیە و کاری لەسەر دەکەین بۆ وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی و لە داهاتوو بڵاوی بکەینەوە.
- دەرکردنی چەندین بەیاننامە و پەیامی جۆراو جۆری تایبەت بە گشت یاد و بۆنەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان و ئەو ڕووداوە لەناکاو و نەخوازراو و هەروەها ئەو کردەوە تیرۆرستی و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ کە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕوویاندوە.

ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

- لەگەڵ دەست بەکاربوونی کابینەی نوێ بەپێی بڕیارەکانی کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران چەندین لیژنە دامەزراوەن بە نموونە بەپێی بڕیاری ژمارە (٧ لە ٢٠١٩/٧/٣٠) لیژنەی تەکنیکی ناوچە کوردستانییەکان و، بە بڕیاری ژمارە (٢١ لە ٢٠١٩/٩/١١) بۆ پێکهێنانی لیژنەی هەڵسانگاندنی پڕۆژەی سەرژمێری گشتی عێراق کە زۆربەی کێشەکان لە سەرژمێری گشتی عێراق لە ناوچە کوردستانییەکان دەست نیشان کراون سەرەڕای ئەوەی دەستەکەمان لە هیچ کامیان ئەندام نیە بەڵام داتا و زانیاری پێویستی بۆ بەردەستی لیژنەکان ئاراستە کردووە.
- لیژنەیەک لە دەستەکەمان پێکهات لەسەر خاڵی چوارەمی بڕیاری ژمارە (٤) کۆبوونەوە لە ڕۆژی (٢٠١٩/٧/٢٢). بۆ ئەو مەبەستەش ڕاپۆرتێک لەسەر زانیاری تەواو سەبارەت بە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق و کارەکانی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و ڕێکارەکان ئامادەکرا کە بە نووسراومان ژمارە (٢٢) لە ٢٠١٩/٩/٢٥ بۆ سکرتاریەتی ئەنجومەن و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ڕەوانە کراوە.
- سەردانی بەڕێزان سەرۆکی دەستە بەوەکالەت و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوسان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بە مەبەستی کۆبۆنەوە لەگەڵ وەزیری دادی ئەو کاتە و لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق لەسەر کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان ناوچە کوردستانییەکانی دەروەی ئیدارەی هەرێم.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەسەر کێشەی زەوی و زار لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم سەبارەت بە کاروبارەکانی لیژنەی باڵای ماددەی ١٤٠ لەسەر ئەم بابەتە هەروەها ئەو پێشێلکاریانەی لەدوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەو ناوچانە ڕوویداوە و ڕووبەڕووی خەڵکی ناوچەکە دەبێتەوە.
- بەدواداچوون لەسەر بارودۆخی نالەباری ناوچە کوردستانییەکان بە دیدار و کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆ و بەشێوەی ئۆنلاین و سەردان بۆ ئەو ناوچانە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.

ئاستی کارگێڕی:

- ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ لیژنەی تەکنیکی ناوچە کوردستانییەکان.
- پێکهێنانی لیژنەی چاکسازی لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی و بەرنامەی چاکسازی حکومەتی هەرێم کە لە ئێستادا بەردەوامین لە کارکردن لەسەر ئەم بابەتە.

(ساڵی دووەم)

یەکەم: ڕاپۆرتەکان

١- ئامادەکردنی پەڕاوی دانوستان بە داتا و زانیاری پێویست بۆ لیژنەی تەکنیکی ناوچە کوردستانییەکان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە تەواوی کارو چالاکی و زانیاری پێویست لەخۆ دەگرێت کە لەلایەن لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقی فیدراڵ لە ٢٠٠٣ تاکو ئێستا ئەنجامدراوە لەگەڵ پێشنیار و ڕاسپاردەکردنی ڕێکاری پێویست بۆ داهاتوو.

٢- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک بۆ پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە مادەی ١٤٠ی دەستور و کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم تایبەت بە کاروبارەکانی لیژنەی باڵای مادەی ١٤٠ لەسەر ئەم بابەتە هەروەها ئەو پێشێلکاریانەی لەلایەن داموودەزگا پەیوەندیدارەکانی سەر بە حکومەتی ناوەندی و گروپە چەکدارە جۆراوجۆرەکان لەدوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەو ناوچانە ڕوویداوە و ڕووبەڕووی خەڵکی ناوچەکە دەبێتەوە. کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٧ لە دانیشتنێکی فەرمی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن سەرۆکی دەستە بە وەکالەت گفتوگۆی لەسەر کرا، دواتر بە نووسراوی فەرمی بۆیان ڕەوانەکرا.

٣- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەفتانە سەبارەت بەکارەکانی دەستە و ڕەوشی گشتی و بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوی ئیدارەی هەرێم و، ئاڕاستەکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێگەی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، بەمەبەستی بەدواداچوون لەسەر بارودۆخی نالەباری ناوچە کوردستانییەکان.

٤- ڕاپۆرت و زانیاری پێویست لەسەر مادەی ١٤٠ی دەستور و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بەتایبەتی کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان و هەروەها داتا و زانیاری پێویست بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و بڵاوکردنەوەیان لەسەر ماڵپەڕی فەرمی دەستەکەمان .

دووەم: ئاستی چاکسازی

١- پێکهێنانی لیژنەی چاکسازی لە چوار چێوەی یاسای چاکسازی و بەرنامەی چاکسازی حکومەتی هەرێم کە لە ئێستادا بەردەوامین لە کارکردن لەسەر ئەم بابەتە.

٢- بەپێی یاسای چاکسازی لەمووچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی و پێداچوونەوەی بە دۆسییەی (١٣٠) فەرمانبەری دەستەکەمان کراوە لەکۆی (١٥١) دۆسییەی فەرمانبەران، تاکو ئێستا بەردەوامین بە پێداچوونەوە ووردبینی کردنی دۆسییەی فەرمانبەرانی دەستەکەمان.

چوارەم: ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

١- سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارە هەرێم کە ئەندامە لە لیژنەی تەکنیکی ناوچە کوردستانییەکان، بەشداری لە دانووستانەکانی تایبەت بە ڕێکەوتنی شنگال کە بە هاوبەشی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ٢٠٢٠/١٠/١ ئیمزا کرا لە پێناو گەڕاندنەوەی ئاسایش و سەقامگیری و ئاسایی کردنەوەی دۆخی شنگال، بە گوێرەی بنەما دەستووری و یاساییەکان بۆ چارەسەرکردنی کۆژانەکانی خەڵکی شنگال وەک دەستپێشخەرییەک بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان و ڕێکخستنی چوارچێوەی کارگێڕی و ئەمنی لە شارۆچکەکە، حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢- سەردانی سەرۆکی دەستە بەوەکالەت و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بۆ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا بەمەبەستی بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و، لەئەنجامدا وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق بە نووسراوێک رایگەیاند هەموو جۆرە مامەڵەیەک لەسەر کێشەی زەوی و زار و گرێبەستە کشتوکاڵییەکان لە ئەو ناوچانەی مشمولن بە مادەی ١٤٠ی دەستور لە ئێستادا ڕابگیرێت تاکو لە ڕێگای لیژنەکانی پەیوەندیدار دیراسە بکرێت و چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە.

٣- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک سەبارەت بە کردنەوەی ناوەندی هاوبەشی ئۆپەراسیۆن لە ناوچە کوردستانییەکان کە ماوەی نزیکەی دوو ساڵ لە گفتوگۆی بەردەوامی نێوان وەزارەتی بەرگری عێراق و وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێم توانرا ڕێککەوتن ئەنجامبدرێت لەسەر پێکهێنانی شەش ناوەندی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە ناوچە کوردستانییەکان بۆ ڕێگریکردن لە بەهێزبوونی چەکدارانی داعش و گروپە توندڕەوەکان، لەو شەش ناوەندە دوو ناوەند لە بەغدا و هەولێر دەبن و ئەوانی تر لە کەرکوك، مەخمور، دیالە و موسڵ دەبێت. ڕاپۆرتەکە بە مەبەستی بەراورد کردنی دۆخی ئەمنی و سەقامگیری لە ناوچەکان لە دوای کردنەوەی ناوەندە هاوبەشەکان دەبێت.

ناوەندە هاوبەشەکان:

- لە ٢٠٢١/٥/٢٣ ناوەندی هەماهەنگی هاوبەشی سەربازی، لە سەربازگەی کەی وەن-ی شاری کەرکوك بە بەشداری نوێنەرانی پێشمەرگە کرایەوە.
- لە ٢٠٢١/٥/٢٤ ژووری هاوبەش لەنێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە لە مەخمور پێکهێنراو لە ئێستا دەستبەکار بوون.
- دەستبەکاربوونی ناوەندی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی دیالە لە خانەقین.

٤- ئامادە کردنی ڕاپۆرتێک لەسەر قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەندانی سەردەمی رژێمی بەعس لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٧ -٢٠٠٣ لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ی دەستور.

(ساڵی سێیەم)

ئاستی کارگێڕی:

١- دەستەکەمان بە بەردەوامی کاری لەگەڵ هەموو لیژنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوە لەگەڵ سیستەمی یاسایی و کارگێڕی هەرێمی کوردستان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتی بەپێی یاسا، لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی حکومەت ئەنجامداوە.

٢- لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٥/١٠ سەرۆکی نوێی دەستە بەڕێز (فەهمی بورهان عمر) دەست بەکار بوو لە دوای دەست بەکار بوونی ڕۆژی ٢٠٢٢/٦/١٤ لە دووەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی دەستە بەرنامەی کاری دەستەی بۆ چوار مانگی داهاتوو ڕاگەیاند.

ئاستی چاکسازی:

لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی و بەرنامەی چاکسازی حکومەتی هەرێم لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان بەردەوامین بۆ سەرخستنی بەرنامەی چاکسازی لە کابینەی نۆیەم بەم شێوەی خوارەوە:

١- بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی (٣٣)ی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێداچوونەوە بە هەیکەل و میلاکات لە دەستەکەمان کاری پێویست بەپێی داواکارییەکان ئەنجامدرا .

٢- کاری پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوە و کەمکردنەوە لەسەر هەیکەلی دەستە لە دوای چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار ئەنجامدرا لە ئاستی بەڕێوبەرایەتی و بەش و هۆبە ڕێکخرایەوە.

٣- بەپێی یاسای چاکسازی لەمووچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان بەردەوامە و پێداچوونەوەی بە دۆسییەی (١٤٨) فەرمانبەری دەستەکەمان کراوە لەکۆی (١٥١) دۆسییەی فەرمانبەران، تاکو ئێستا بەردەوامین بەپێداچوونەوە ووردبینی کردنی دۆسییەی فەرمانبەرانی دەستەکەمان ، و بۆ لیژنەی باڵای چاکسازی ڕەوانکراوە.

٤- ناردنی ڕاپۆرت بۆ لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان لە پەرلەمان بە شێوەی وەرزی (٤ مانگی) لەسەر بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکان و کاروباری دەستە.

ئاستی خزمەتگوزاری:

١- سەبارەت بەجێبەجێکردنی پڕۆژەی خزمەتگوزارییە بەردەوامەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەدواداچوونی بەردەوام ئەنجامدراوە کە لەسەر بودجەی دەستەکەمان ئەنجام دەدرێت و بە شێوەی خوارەوە وردەکاری ئەم بابەتە لە ساڵی ڕابردوو دەخەینە ڕوو:

- ژمارەی پڕۆژە بەردەوامەکان کە لەسەر بودجەی دەستەکەمان جێبەجێ دەکرێت لە ئێستادا (٦٧) پڕۆژەیە دوای ئەوەی لە دووساڵی ڕابردوو ٣ پڕۆژە لە سنوری ئیدارەی گەرمیان بۆ قەزای خانەقین ئەنجام دراوە.

وردەکاری پڕۆژەکانی تایبەت بە قەزای خانەقین کە لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠١٣ دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەکرێت لە ساڵی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ ئەم پڕۆژانەی خوارەوە تەواوکراون:

- **دروستکردنی باخچە و سەوزایی و نافورە لە شاری خانەقین:** ٩٦١٠٥٥٠٠٠ پارەی ایحالە کراوی پڕۆژە.
- **دروستکردنی هۆڵی خوێندن ویاریگا بۆ پەیمانگەی وەرزشی خانەقین:** ٤٤٨٩٩٠٠٠٠ پارەی ایحالەکراوی پڕۆژە
- **دەرخستەی تایبەت بۆ جادەسازی گەڕەکی دارە کوناره:** ١٨٦٢٧٠٠٠٠٠ پارەی ایحالە کراوی پڕۆژە.

٢- ساڵی ٢٠٢٢ پارە تەرخانکراوە بۆ سێ پڕۆژەی تری بەردەوامی سەر بە دەستەکەمان و وردەکارییەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینە ڕوو کە ژمارەیان ٣ پڕۆژەیە لەلایەن پارێزگای هەولێر و ئیدارەی گەرمیان جێبەجێ دەکرێت لە سنووری قەزاکانی مەخمور و خانەقین :

أ- سنووری خانەقین/ لێدانی بیری ئیرتوازی لەگەڵ دروستکردنی ژوور و دانانی خەزانی ئاو کە ڕێژەی ٥٨% تەواو بووە:

- گوژمەی گشتی پڕۆژەکە (٣٠٥) ملیۆن دیناره.
- تەرخانکراو بۆ ساڵی ٢٠٢٢ بریتیە لە (١٠٠) ملیۆن دینار .

ب-سنووری مەخموو / دروستکردنی ڕێگای گوندەکانی ئازیکەند – کەلەشاخ (٢٠کم) کە ڕێژەی ٣٠% ی تەواو بووە:

- گوژمەی تەرخانکراوی پڕۆژەکە (٠٠٠ ٠٠٠ ٢٧٧ ٣) دینار.
- بڕی تەرخانکراو لە ٢٠٢٢ (٠٠٠ ٠٠٠ ٦٦٥) دینار.

ت-سنووری مەخموور/ دروستکردنی ڕێگای گوندی سەلماس (٤کم) کە ڕێژەی ١٠% تەواو کراوە:

- بڕی گوژمەی گشتی پڕۆژەکە (٠٠٠ ٠٠٠ ٧٤٥) دینار.
- بڕی گوژمەی تەرخانکراو لە ٢٠٢٢ بریتیە لە (٠٠٠ ٠٠٠ ٦٨٢) دینار .

٣- بەئەلیکترۆنی کردنی کاروباری حکومەت (حکومەتی ئەلیکترۆنی) بۆ نەهێشتنی ڕۆتین و هەروەها خێراکردنی ڕاپەراندنی کاروباری دەستەکەمان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان لە هەموو فەرمانگەکانی دەستە لە ئاستی کارگێڕی و میلاکات و ژمێریاری و ئەرشیف و دیکۆمێنت و ڕاپۆرتەکانی هەفتانە و وەرزی و هەموو کارەکانیان بە هەر دوو شێوازی ئەلیکترونی و نووسراو ئامادە دەکرێ بۆ لایەنی پەیوەندیدار ڕەوانە کراوە.

٤- پڕۆژەی بە ئەلیکترونی کردن بە شێوازی سیستەمی داتابەیس بۆ پەڕاوەکانی تۆماری (سجلات) ی ١٩٥٧ کە ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن دەستەکەمان توانراوە گشت پەڕاوەکان لە ناوچە کوردستانییەکان کۆ بکرێتەوە و کۆپی بکرێن چونکە تۆماری (سجلات) ساڵی ١٩٥٧ یەکێک لە بنەماکان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوری عێراق بۆ ئەو مەبەستە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٦ بە نووسراوی ژمارە (١٣٠) لە ٢٠٢٢/٢/٦ بە ڕەزامەندی بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی دەستە بەوەکالەت لە چوارچێوەی کارێکی هاوبەشی دەستەکەمان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ ئەنجام دەدرێت.

بەپێی دواین ڕاپۆرتی تیمی دەستەکەمان لە وەزارەتی ناوخۆ تاکو ئێستا توانیویانە (٥٣٨) تۆمار لە کۆی (٢٢٢٢) تۆمار کاریان تەواو بکرێت.

٥- بە ئەلیکترۆنی کردن و سکان کردن و کاری ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە و پۆلین کردن بۆ بەڵگەنامەکانی ڕژێمی پێشووی عێراق لەسەر بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکان و گواستنەوەی زۆرەملێی دانیشتوان و کۆچ پێکردنیان و جۆری بڕیارەکان بەپێی تایبەتمەندی پۆلینمان کردووە:

أ- المراسم الجمهورية.

ب- قرارات مجلس قيادة الثورة (المنحل).

ج- قرارات لجنة شؤون الشمال (الملغاة).

د- قرارات و قوانين الحكومات العراقية المحلية.

ر- اجرائات نزاعات الملكية.

س- الحالات الفردية من سياسات التعريب المتفرقة.

ز- القوانين و القرارات و التقارير ال صادرة بعد سنة ٢٠٠٣.

ف- وثائق و توصيات بعثة الأمم المتحدة و الهيئات الدولية و الجهات الغير العراقية.

كە بریتی بووە لە (١١١) فایل و (١٨٥٧٠) دۆکیۆمێنت.

هەروەها کۆکردنەوەی نووسراو و بڕیارەکان و دۆکیۆمێنتەکانی ١٨ مانگی ڕابردوو سەبارەت بە ڕەوشی ئەمنی و سیاسی و گۆڕانکارییە ئیدارییەکان و کێشەکانی خانوو و زەوییە کشتوکاڵییەکان و جیاکاری ئایینی و نەتەوەیی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٦- لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکی دەستە بە وەکالەت هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ کاری هاوبەش لەسەر توێژینەوەکانی تایبەت بە ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەنجامدا . دواییـن ئاماری توێژینەوەکان کە بەدەستمان گەیشتووە و لە پەرتوکخانەی فەرمانگە ئەرشیف کراون پێکهاتووە لە (٨٨) بابەت کە بەشێوەی (پەرتووک، نامەی ماستەر و دکتۆرا ، ڕاپۆرت و توێژینەوە، بە شێوەی (CD) هەڵگیراون.

٧- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/٩ پێداچوونەوە کراوە لەسەر گشت دۆسییەکانی تایبەت بە مەلەفەکانی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان کە زەرەرمەندی تاوانەکانی ڕژێمی بەعسی لەناوچوون کە ژمارەیان (٥١٩) هەزار فایلە، و ڕێکخستنەوەیان وەک ئامارێک بۆ دەسپێکردنەوەی داتابەیس، هەڵساین بەم شێوەی خوارەوە:

أ- جیاکردنەوەی دۆسییەکان بەپێی شوێنی جوگرافی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک).

ب- جیاکردنەوەی دۆسییەکان بەپێی کاری لەسەرکراو (تۆمارکراو، تۆمارنەکراو، بارکۆدکراو، کەموکوڕی مەشمول نەکراو.

ج- هەڵگرتنی ئەو فایلانەی کاریان لەسەر نەکراوە لەناو بۆکس کارتۆنی تایبەت بەشێوەی ڕێکوپێک کە بە ئاسانی بدۆزرێنەوە و پارێزراوبن لە هۆکارەکانی لەناوچوون بەم شێوەی خوارەوە:

- هەولێر ٢٧ بۆکس کارتۆن.
- سلێمانی ٢٦٣ بۆکس کارتۆن.
- دهۆک ١٣٩بۆکس کارتۆن.

٨- ئەنجامدانی چەندین گۆڕانکاری بنەڕەتی بۆ گەیاندنی زانیاری خێرا لەڕێگەی وێب سایتی فەرمی دەستەکەمان و پەیجی دەستەکەمان لە سۆشیال میدیا بە دانانی داتا و زانیاری و دیکۆمێنت و ڕاپۆرتەکانی ئامادەکراو لە لایەن دەستەکەمان لەسەر سیاسەتی بەعەرەبکردن و ماددەی ١٤٠ ی دەستوور و بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی .

٩- بەشداری کردن لە زنجیرەیەک لەم وۆرکشۆپ و سیمینار و خولانەی ڕێکخراون لەلایەن فەرمانگەی میدیا و زانیاری، بەمەبەستی داڕشتنی ستراتیژیەتی ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دروشمی (یەکدەنگ، یەک حکومەت)، ئێمەش هەڵساوین بە جێبەجێکردنی گشت ئەو سەرەنج و تێبینیانەی لەلایەن پسپۆڕانەوە دەخرانەڕوو.

پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ:

١- پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ یەکە ئیدارییەکانی ناوچە کوردستانییەکان لە ڕێگای نووسینگەکانی سەر بە دەستەکەمان لە ڕووی بەدواداچوونی کارەکان و بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە بواری سیاسی، ئەمنی، خزمەتگوزاری و بابەتی گۆڕانکاری دیمۆگرافی و بەعەرەبکردن و دووبارە بەعەرەب کردنەوە و بە بەردەوامی هەموو بابەتێک تۆمار کراوەوە نێردراوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار.

٢- سەرۆک و ئەنجومەنی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کۆبوونەوەیان لەگەڵ شاندێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە سەرۆکایەتی هەرێم کەمال ئاغا، سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی عێراق کرد دەربارەی بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کێشەی زەوی و زاری کشتوکاڵی جوتیارانی کورد و قەرەبووکردنەوەیان.

٣- ئامادەکردنی ڕاپۆرت و پەڕاوی دانوستان لەسەر ناوچە کوردستانییەکان و شیکردنەوەی تەواوی بڕیار و ڕێنماییەکانی دەرچوو سەبارەت بەم بابەتە بۆ سوود وەرگرتن لە کاتی کۆبوونەوە و دیدار لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و ڕەوانەکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لیژنەی تەکنیکی بۆ دۆسییەی ناوچە کوردستانییەکان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوسان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و لایەنی پەیوەندیداری تر بەم شێوەی خوارەوە:

١) ڕاپۆرتی کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بابەتی بڕیاری ژمارە ٢٩ی ساڵی ٢٠١٢ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق سەبارەت بابەت هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان .

٢) ڕاپۆرتی زانیاری سەبارەت بە هەنگاوەکانی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ .

٣) ئامادەکردنی پەڕاوی دانووستان سەبارەت بە دۆسییەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور.

٤) ئامادەکردنی ڕاپۆرتی وەرزی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە کۆکردنەوەی کار و چالاکی هەر چوار فەرمانگەکانی سەربە دەستەکامان و گشت نووسینگەکانی دەستە لە ناوچە کوردستانییەکان و ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەپێی ماددەی حەوتەم بڕگەی سێیەمی یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٠ دەستەکەمان و هەموارکراو بەپێی یاسای ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان، کە تایبەتە بە ناردنی ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی دەستەکەمان بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە پێشتر تەنها لە کاتی پێویست ڕاپۆرت

ئامادە دەکرا بەڵام لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم ئامادەکردنی ڕاپۆرت بوو بە شێوەی هەفتانە و لە ماوەی ساڵی سێیەمی کابینەی نۆیەم توانراوە (٤٣) ڕاپۆرتی هەفتانە و چوار ڕاپۆرتی وەرزی ئامادەبکرێت.

٥) بەشداربوون لە کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری دادی حکومەتی فیدراڵی کە لە لایەن ئۆفیسی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکخرا بوو سەبارەت بە بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٦) بەشدار بوونی نوێنەری دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکان لە شاندنی حکومەتی هەرێم لە مەڕاسیمی بە خاکسپاردنی ١٠٤ ڕووفاتی قوربانیانی کوردانی ئێزدی لە گوندی کۆچۆ لە دەڤەری شنگال.

پەیوەندییەکانی هەرێم لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:

١- پەرەپێدانی هەماهەنگی لەگەڵ ئۆفیسی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەتی ئەو ڕاپۆرتانەی ئاماژە بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەکەن.

٢- بەشداربوون لە کۆبوونەوەیەک کە وەزارەتی پلاندانان/ بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی مرۆیی ڕێکخستبوو لەگەڵ زانکۆی (سانگمیونگی کۆری) و بەشداربوونی ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی پرۆژەی (کیپا) لەلایەن تیمی کۆرییەکان بۆ ئاژانسی نێودەوڵەتی (کۆیکا). ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە باسکردنی کاریگەری خولەکان لەسەر بەرەوپێشچوونی توانای فەرمانبەران و هەورەها ئاستەنگەکانی بەردەم خولەکان.

٣- ڕێکخستنی دیدار نێوان سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکان دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و سەرکونسولی ژاپۆن لە کوردستان بە مەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندی دوو لایەنە.

٤- ڕێکخستنی دیدار خاتوو مارینا خارۆداکی (پرۆفیسۆر لە زانکۆی لینکۆلن لە لەندەن) لەگەڵ ڕاوێژکاری دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی و تەناهی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

دەزگای گشتی کاروباری مین

دەزگای گشتی کاروباری مین

گرنگترین چالاکییەکانی ئەنجامدراو لە ماوەی ساڵی دووەم لە لایەن تیمە جۆراوجۆرەکانی دەزگا مین لە خوارەوە ئاماژەی بۆکراوە:

١- تیمەکانی مین لابەری دەزگا (MCT) زیاتر لە (٥٠٩,٨٤١) مەتر دووجا ڕووبەری پیسبوو بە مین و تەقەمەنی پاککراوەتەوە و لەناو ئەو ڕووبەرە (١٠,٤٠٥) مینی دژە کەسی و (٢٠) مینی دژە تانک. هەروەها (٣٤٠,٣٦٨) پارچە تەقەمەنی (UXO) دۆزراونەتەوە و لەناو بردراون. لە هەمانکاتدا (٧,١٠٠) مەتر دووجا ڕووبەری پیسبوو بە IED (عبوات ناسفة) پاککراوەتەوە. هەروەها (٢,١٦٩) پارچە تەقەمەنی (EOD) دۆزراونەتەوە. (١) بۆمبی گەورەی فڕۆکە لە جۆری (A١١٧A٣) لەناوبراوە. ژمارەی کێڵگەی مینی نوێ کە تۆمارکراون، (٦) کێڵگەی مین.

٢- دەزگای مین لەماوەی ئاماژە بۆکراو هەڵساوە بە تەسلیم کردنی کۆی (١٦) زەوی پاککراوە لە مین و تەقەمەنی بەڕووبەری (١,٠٢٦,٧١٤) مەتر دووجا بۆ خاوەنەکانیان بەمەبەستی دووبارە بەکارهێنانەوەیان بەم شێوەیە:

- پارێزگای هەولێر (٤) پارچە زەوی بە ڕووبەری (٦٥,٩٧٠) مەتر دووجا.
- پارێزگای سلێمانی (٨) پارچە زەوی بە ڕووبەری (٢٤٩,٩٥٤) مەتردووجا.
- پارێزگای دهۆک نیەتی و ئیدارەی گەرمیان (٤) پارچە زەوی بەڕووبەری (٧١٠,٧٩٠) مەتردووجا کە یەک کێڵگە مین و شەش ناوچەی شەڕگە دەگرێتە خۆی.

٣- تیمەکانی دڵنیایی جۆری و مۆڵەتپێدان (QA) لە ماوەی ساڵی ڕابردوو توانیویانە (٤٧٣) سەردان بۆ کێڵگە مینەکان ئەنجام بدەن لەو سەردانانەدا تیمەکان توانیانە (٧٣,٩٧٥) مەتر دووجای زەوی پڕۆسەی پشکنینی بۆ بکەنەوە. هەروەها بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری لە هەمان ماوەدا هەڵساوە بە نوێ کردنەوەی (٥) مۆڵەت بۆ کۆمپانیا و ڕێکخراوەکانی بواری مین لە هەرێمی کوردستان.

٤- تیمەکانی هۆشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین و تەقەمەنی دەزگا لە ماوەی دیاریکراو توانیویانە سەردانی (٣٤٨) شاروچکە و گوند و کەمپی ئاوارەکان بکەن و (٨,٩٠٠) لە پیاو و ئافرەت و منداڵ سودمەندبوون. هەروەها تیمەکان هەڵساون بە دابەشکردنی (٨,٨٠٨) لە هۆیەکانی هوشیارکردنەوە وەک (پۆستەر و نامیلکەی ڕێبەری هۆشیارکردنەوە لیفلیت و کارتی زانیاری پەیوەندیکردن) بەسەر خەڵکی گوندەکان لە ناوچە مەترسیدارەکان.

٥- لەبواری ڕاهێنان و کردنەوەی خول لەماوەی دیاریکراودا، دەزگا خولی مینلابەری و خولەکانی تری کاروباری مین لە ئاستی ناوخۆ بە بەردەوامی دەکاتەوە و لەو ماوەیەدا (٢٢) خول ئەنجامدراون.

٦- لە ماوەی ساڵی ڕابردوو (٩) هاوولاتی بەر مین و تەقەمەنی کەوتوون کە (٥) یان گیانیان لە دەستداوە.

گرنگترین چالاکییەکانی ئەنجامدراو لە ماوەی ساڵی سێیەم لەلایەن تیمە جۆراوجۆرەکانی دەزگا مین لە خوارەوە ئاماژەی بۆکراوە:

بەشی یەکەم: چالاکییەکانی مین لابردن

أ- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگا / دەزگا:

ز	چالاکی	ب. گ. کاروباری مین/ هەولێر	ب.گ. کاروباری مین/ سلێمانی	ب.گ. کاروباری مین/ دهۆک	ب. گ. کاروباری مین/ ئیدارەی گەرمیان	کۆی گشتی
١	ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ بەدەست (Elec +Full)	٤٤،٨٣٨	٤٩،٨٣٠	٤٨،٣٦١	١٩،٥٢٧	١٦٢،٥٥٦
٢	ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ سەگی میندۆز (MDD)	-	-	-	-	-
٣	ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ بە میکانیکەڵ (MECH)	١٦،٠٢٠	١٠،٥٠٢	-	-	٢٦،٥٢٢
٤	ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ بچوککراو (Reduced)	٣٤،٦١٨	-	٧٢،٥٦٦	٦،٥٠٠	١١٣،٦٨٤
	کۆی گشتیی زەوی پاککراو بە م٢	٩٥،٤٧٦	٦٠،٣٣٢	١٢٠،٩٢٧	٢٦،٠٢٧	٣٠٢،٧٦٢
٥	ڕووبەری لابراو لە ریگای (PTS)	٦٥،٣٧٨	-	-	-	٦٥،٣٧٨
٦	ژمارەی کێڵگە مینی پاککراو	٥	٢	٢	-	٩
٧	ژمارەی شەڕگەکانی (BAC)ی پاککراو	-	٢	-	-	٢
٨	ڕووبەری شەڕگەکانی(BAC)ی پاککراو	-	-	-	-	-
٩	ژمارەی کێڵگە مینەکانی ڕادەستکراو (Handover)	٥	-	-	-	٥
١٠	ڕووبەری کێڵگە مینەکانی ڕادەستکراو (Handover)	٣١٨،٤٦٠	-	-	-	٣١٨،٤٦٠
١١	ڕووبەری زەوی ئامادەکراو بە میکانیەکەڵ (م٢) (Area Prepared)	-	٣١،٣٠٠	-	-	٣١،٣٠٠
١٢	ڕووبەری زەوی نیشانەکراو بەشێوەیەکی هەمیشەیی بە (م٢)	-	١٥،٠٠٠	-	-	١٥،٠٠٠
١٣	ڕووبەری زەوی پشکێنراو لەلایەن تیمەکانی لەناوبردنی پارچە تەقەمەنی بە (م٢)	١٨٤،٩٥٥	١٥،٠٨٠	٥٠،١٨٥	٦٧،٩٦٠	٣١٨،١٨٠
١٤	ژمارەی مینی دژە کەسی لە ناوبراو	٢٩٢	٤٩٣	٧٦	٢٢	٨٨٣
١٥	ژمارەی مینی دژە تانک لە ناوبراو	٢	١	١٧٣	-	١٧٦
١٦	ژمارەی پارچە تەقەمەنی (UXO) لە ناوبراو	١١،٠٦٠	٨٣٠	٧،٥٣٠	١١	١٩،٤٣١
١٧	کۆی ڕووبەری هەڵکەندراو بە میکانیەکەڵ (م٢)	-	٤٤،٥٠٠	-	-	٤٤،٥٠٠
١٨	کۆی ڕووبەری فەرشکراو بە میکانیەکەڵ (م٢)	-	٤،٨٣٠	-	-	٤،٨٣٠
١٩	کۆی ڕووبەری بێژراوە بە میکانیەکەڵ (م٢)	-	٢٧،٥٢٥	-	-	٢٧،٥٢٥
٢٠	ڕووبەری پاککراوە لە شوینی مەترسیی بەرز (IED)	-	-	-	-	-
٢١	ژمارەی کەرستەی تەقەمەنی سەرپێی (IED) لەناوبراو	-	-	-	-	-

ب- ڕێکخراوەکان:

ز	چالاکی	ڕێکخراوی (MAG)	کۆی گشتی
١	ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ بەدەست (Elec +Full)	١٨٧،٧٨٠	١٨٧،٧٨٠
٢	ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ سەگی میندۆز (MDD)	٨٤،٦٢٧	٨٤،٦٢٧
٣	ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ بە میکانیکەڵ (MECH)	-	-
٤	ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ بچوککراو (Reduced)	١٠٦،٠٩٩	١٠٦،٠٩٩
	کۆی گشتی زەوی پاککراو بە م٢	٣٧٨،٥٠٦	**٣٧٨،٥٠٦**
٥	ڕووبەری لابراو لە ریگای (PTS)	-	-
٦	ژمارەی کێڵگە مینی پاککراو	١٤	**١٤**
٧	ژمارەی شەڕگەکانی (BAC)ی پاککراو	٤	**٤**
٨	ڕووبەری شەڕگەکانی(BAC)ی پاککراو	٩٠،٠٥٠	**٩٠،٠٥٠**
٩	ژمارەی کێڵگە مینەکانی ڕادەستکراو (Handover)	-	-
١٠	ڕووبەری کێڵگە مینەکانی ڕادەستکراو (Handover)	-	-
١١	ڕووبەری زەوی ئامادەکراو بە میکانیەکەڵ (م٢) (Area Prepared)	٤٣،٢٣٦	**٤٣،٢٣٦**
١٢	ڕووبەری زەوی نیشانەکراو بەشێوەیەکی هەمیشەیی بە (م٢)	٥٩٧،٦٢٥	**٥٩٧،٦٢٥**
١٣	ڕووبەری زەوی پشکێنراو لەلایەن تیمەکانی لەناوبردنی پارچە تەقەمەنی بە (م٢)	١٤٣،١٤٥	**١٤٣،١٤٥**
١٤	ژمارەی مینی دژە کەسی لە ناوبراو	١،٣١٤	**١،٣١٤**
١٥	ژمارەی مینی دژە تانک لە ناوبراو	٧٠	**٧٠**
١٦	ژمارەی پارچە تەقەمەنی (UXO) لە ناوبراو	٢،٣٧٤	**٢،٣٧٤**
١٧	کۆی ڕووبەری هەڵکەندراو بە میکانیەکەڵ (م٢)	٧٦٣	**٧٦٣**
١٨	کۆی ڕووبەری فەرشکراو بە میکانیەکەڵ (م٢)	١٢٠	**١٢٠**
١٩	کۆی ڕووبەری بێژراوە بە میکانیەکەڵ (م٢)	١،٢٣٢	**١،٢٣٢**
٢٠	ڕووبەری پاککراوە لە شوێنی مەترسی بەرز (IED)	١،٠٣٧،٢٧٣	**١،٠٣٧،٢٧٣**
٢١	ژمارەی کەرستەی تەقەمەنی سەرپێی (IED) لەناوبراو	٤،٥٦٥	**٤،٥٦٥**

بەشی دووەم / ڕاهێنان - خول:

أ- ڕێکخراوەکان:

ز	جۆری / بابەتی خول	ژمارەی بەشداربوو	شوێنی بەڕێوەچوونی خول	لایەنی ئەنجامدەر	ماوە
١	خولی مینلابەری بنچینەیی.	١٥	بارەگای MAG چەمچەماڵ سلێمانی	کارمەندانی ڕێکخراوی MAG	٢٠٢١-٨-٢٩ تاوەکو ٢٠٢١-٩-٣٠
٢	خولی ڕاهێنانی لەناوبردنی پارچەی تەقەمەنی٣ EOD LEVEL .	١٤	بارەگای MAG چەمچەماڵ سلێمانی	کارمەندانی ڕێکخراوی MAG	٢٠٢١-٨-٢٩ تاوەکو ٢٠٢١-٩-٢٩
٣	خولی بەڕێوەبردنی کوالێتی (QM).	١٥	بارەگای MAG چەمچەماڵ سلێمانی	کارمەندانی ڕێکخراوی MAG	٢٠٢١-١٠-١٢ تاوەکو ٢٠٢١-١٠-٢١
٤	خولی ڕاهێنانی هوشیارکردنەوە لەمەترسیەکانی پارچەی تەقەمەنی.	١١	پارێزگای دهۆک	ڕێکخراوی شاریتە	٢٠٢١-١٠-١٧ تاوەکو ٢٠٢١-١٠-٢٥
٥	خولی ڕاهێنانی لەناوبردنی پارچەی تەقەمەنی EOD LEVEL٢	١٦	بارەگای MAG چەمچەماڵ سلێمانی	کارمەندانی ڕێکخراوی MAG	٢٠٢٢/٣/٦ تاوەکو ٢٠٢٢/٤/١٤
٦	خولی بەڕێوەبردنی سەرۆک تیم	١٤	بارەگای MAG چەمچەماڵ سلێمانی	کارمەندانی ڕێکخراوی MAG	٢٠٢٢-٥-٨ تاوەکو ٢٠٢٢-٥-١٩
٧	خولی بەڕێوەبردنی کۆگای تەقەمەنی	١	بارەگای MAG چەمچەماڵ سلێمانی	کارمەندانی ڕێکخراوی MAG	٢٠٢٢-٥-٨ تاوەکو ٢٠٢٢-٥-١٢

پوختەی زانیارییەکانی بەشی یەکەم:

ز	پوختەی چالاکییەکان	دەزگا	ڕێکخراوەکان	کۆی گشتی
١	ڕووبەری پاککراوی کێڵگەی مینەکان لە پارێزگاکان م٢.	٣٠٢،٧٦٢	٣٧٨،٥٠٦	٦٨٢،٢٦٨
٢	ڕووبەری لابراو لە ڕێگای (PTS).	٦٥،٣٧٨	٠	٦٥،٣٧٨
٣	ژمارەی کێڵگەمینی پاککراوە.	٩	١٤	٢٣
٤	ژمارەی شەرگەی پاککراوە.	٢	٤	٦





بەشی سێیەم: دڵنیایی جۆری و مۆڵەتپێدان

یەکەم/ دڵنیایی جۆری:

ز	چالاکی	ب. گ. کاروباری مین/ هەولێر	ب. گ. کاروباری مین/ سلێمانی	ب. گ. کاروباری مین/ دهۆک	ب. گ. کاروباری مین/ ئیدارەی گەرمیان	کۆی گشتی
١	ژمارەی سەردانی چاودێرانی دڵنیایی جۆری بۆ کێڵگە مینەکان.	٢٠٠	٢٦٩	١٤٨	٢٠	٦٣٧
٢	ژمارەی فۆرمی پڕکراوە لەلایەن چاودێران لە میانەی سەردانەکان.	٢٤٩	٤٤٧	٢٢٢	٣٧	٩٥٥
٣	ژمارەی مەتری چێککراوە لەکاتی سەردانی کێڵگە مینەکان.م٢	٢،٤٠٢	٦٣،٣٠٣	٢٣،٠١٤	١،١٦٠	٨٩،٨٧٩
٤	ژمارەی (مین، ERW)ی دۆزراوە لە کاتی چێککردنەوە.	-	-	-	-	-
٥	ژمارەی (مین، ERW) دۆزراوە لەکاتی نموونەسازی	-	-	-	-	-
٦	ژمارەی (پارچەی کانزایی) دۆزراوە لەژێر زەوی لەکاتی چێککردنەوە	٥٤	-	١	-	٥٥
٧	ژمارەی کێڵگەمینی نموونەسازکراو .	٥	١٠	-	٢	١٧
٨	ڕووبەری کێڵگەمینی ئامادەکراو بۆ نموونەسازی .م٢	٧٥،٦٩٤	٤١٢،٥٠٠	-	١٧٩،٠٨٩	٦٦٧،٢٨٣
٩	ڕووبەری سامپڵکراو .م٢	١٤،٦٦٦	٣٩،٤٤٥	-	١٨،٠٠٠	٧٢،١١١
١٠	هەڵسەنگاندن و مۆڵەتدان بۆ سەگ و سەگەوان.	-	١١	-	١	١٢
١١	هەڵسەنگاندن بۆ ئامێری مینپاکی.	-	١	-	-	١

دووەم / مۆڵەتپێدان:

ز	چالاکی تایبەت بە مۆڵەت	کۆی گشتی
١	نوێکردنەوەی مۆڵەت بۆ کۆمپانیا.	٧
٢	پێدانی مۆڵەت بۆ کۆمپانیا.	٠
٣	نوێکردنەوەی مۆڵەت بۆ ڕێکخراو.	٦
٤	پێدانی مۆڵەت بۆ ڕێکخراو.	١





بەشی چوارەم: پلاندانان و بەدواداچوون

- بەشداریکردن کۆبوونەوەی تایبەت بە ڕێکخستی بابەتی دانانی بنکەی زانیاری بەڕێوەبردنی کارەکانی مینپاکی لەڕێگەی بەرنامەی زوومەوە لەگەڵ iMMAP و هەروەها ڕێکخراوی GICHD باسکردنی کێشە سەرەکییەکانی ئێستای بنکەی زانیاری IMSMAng بەکارهاتوو وەکو پڕۆگرامێکی تایبەت بە بەڕێوەبردنی زانیارییەکانی بواری مینپاکی.
- ئەنجامدانی زنجیرەیەک کۆبوونەوە لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی دەزگا کە پێنج ڕۆژی خایاند کە تایبەتە بە لیژنەی داواکاری درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتننامەی ئۆتاوا لەگەڵ لیژنەی فەرمانگەی کاروباری مین/ بەغدا بۆ ڕێکخستن و هەماهەنگی سەبارەت بەشێوە و فۆرمی تایبەت بە ئامادەکردنی ڕاپۆرت و نەخشە و لیست و زانیارییەکانی تایبەت بە پلانی دوو ساڵەی هەرێم و عێراق سەبارەت بە پێشەوەچوونی کارەکانی پلانی پاکسازی کە پێویستە پێشکەش بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکرێت.
- بەشداریکردن لە ڕاهێنانی تایبەت بە پلاندانی ستراتیجی بواری مینپاکی تایبەت بە ڕێکخراوی UNMAS و بەدەستهێنانی بڕوانامە لەو بوارە، کە پێنج ڕۆژی خایاند و ڕێکخراوی Artios ی تایبەتمەند بەم بوارە ڕێکیخستبوو بە بەکارهێنانی پڕۆگرامی تایبەت بە پلاندانان لە ڕێگای پڕۆگرامی زوومەوە.
- بەشداریکردن لە سەرپەرشتیکردنی تیمی تەکنیکی دەزگا لە کۆبوونەوەی تایبەت بە ڕێکخستی بابەتی دانانی بنکەی زانیاری بەڕێوەبردنی کارەکانی مینپاکی لە ڕێگەی بەرنامەی زوومەوە لەگەڵ هەردوو بەڕێوەبەری زانیاری دەزگا و بەڕێوەبەری زانیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە سلێمانی بۆ ئامادەسازی و ڕێکخستی کارەکانی داهاتووی دەزگا لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی iMMAP و هەروەها ڕێکخراوی GICHD کە دەبێت بەشدار بن لە کارەکانی دیزاینکردن و کۆبوونەوەکانی تایبەت بە بنکەی زانیاری سەرچاوە کراوەی پێویست کە لەلایەن دەزگاوە داوا کراوە بۆ ئەنجامدانی بەزووترین کات.

- بەشداریکردن لە زنجیرەیەک لە کۆبوونەوەی تایبەت کە بە رێکخستی بابەتی دانانی بنکەی زانیاری بەڕێوەبردنی کارەکانی مینپاکی و هەروەها بنکەی زانیاری Core لەگەڵ ڕێکخراوی iMMAP و هەروەها ڕێکخراوی GICHD و باسکردنی کێشە سەرەکییەکانی ئێستای بنکەی زانیاری IMSMAng بەکارهاتوو وەکو پڕۆگرامێکی تایبەت بە بەڕێوەبردنی زانیارییەکانی بواری مینپاکی و باسکردنی تەواوی وردەکارییەکانی ئەو کێشانەی کە ڕۆژانە و بە بەردەوامی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.
- سەرپەرشتی تیمی تەکنیکی تایبەت بە دەزگا سەبارەت بە ئەنجامدانی زنجیرەیەک کۆبوونەوە لە بنکەی ڕێکخراوی iMMAP کە پێنج ڕۆژی خایاند لەگەڵ تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی مینی بەغداد بە سەرپەرشتیی تیمە تایبەتەکانی ڕێکخراوی GICHD تایبەت بە دانانی پلانی ستراتیجی پێنج ساڵەی عێراق کە هەرێمی کوردستان بەشێک دەبێت لە پلانەکە، ڕێکخستن و ئامادەکرنی ووردەکاری پلانە ستراتیجیەکە کە زیاتر لە چوار مانگ دەخایەنێت و چەندین کۆبوونەوە لە ڕێگای پڕۆگرامی زووم ئەنجام دەدرێت و دواتر ووردەکارییەکانی پلانی ستراتیجی جێبەجێکاری دادەڕێژرێت، کە تەواوی پێنج ساڵی داهاتووی دەزگای تیادا جێ دەکرێتەوە.
- سەرپەرشتیکردنی تیمی تەکنیکی دەزگا لە کۆبوونەوەی مانگانەی تایبەت بە بابەتی دانانی بنکەی زانیاری بەڕێوەبردنی کارەکانی مینپاکی لە ڕێگەی بەرنامەی زوومەوە لەگەڵ هەردوو بەڕێوەبەری زانیاری دەزگا و بەڕێوەبەری زانیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە سلێمانی بۆ ئامادەسازی و ڕێکخستی کارەکانی داهاتووی دەزگا لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی iMMAP و هەروەها ڕێکخراوی GICHD کە دەبێت بەشدار بن لە کارەکانی دیزاینکردن و کۆبوونەوەکانی تایبەت بە بنکەی زانیاری سەرچاوە کراوە.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی مانگانەی ئۆنلاینی تایبەت بە بابەتی دانانی بنکەی زانیاری بەڕێوەبردنی کارەکانی مینپاکی لەڕێگەی بەرنامەی زوومەوە لەگەڵ هەردوو بەڕێوەبەری زانیاری دەزگا و بەڕێوەبەری زانیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە سلێمانی بۆ ئامادەسازی و ڕێکخستی کارەکانی داهاتووی دەزگا لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی iMMAP و هەروەها ڕێکخراوی GICHD کە دەبێت بەشدار بن لە کارەکانی دیزاینکردن و کۆبوونەوەکانی تایبەت بە بنکەی زانیاری سەرچاوە کراوە.
- ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانی بنکەی زانیاری مینپاکی IMSMA بە وەرگرتنی تەواوی زانیارییەکانی بنکەی زانیاری IMSMA لە پارێزگای سلێمانی و هێنان و داخڵکردنی هەموو گۆڕانکارییەکان و زیادکردنی هەموو ئەو فۆرمانەی کە لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و هەروەها ئیدارەی گەرمیان تۆمار کرابوو و تەواوی زانیارییەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک سەلمێندرا و تۆمارکرا لە بنکەی سەرەکی دەزگا.
- بەشداریکردن کۆبوونەوەی ٢٤ ەمینی جیهانی تایبەت بە بەڕێوەبەرەکانی پڕۆگرامی مینپاکی سەرتاسەریی جیهان لە ڕۆژانی ٢٤بۆ ٢٦، کە چەندین سەکۆی کار و پرێزنتەیشن و گفتوگۆ کرا لەسەر کارەکان و ئاستەنگەکان و گرنگترین کێشەکانی بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆگرامی پاکسازی لە جیهان بە ئامادەبوونی تەواوی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەرانی حکومەتەکانی وڵاتە بەخشندەکانی بواری مینپاکی و تەواوی کۆمەڵگای مینپاکی لە سەرتاسەری جیهان.
- بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی تایبەت بە دانانی پلانی ستراتیجیی دەزگا بۆ ماوەی ٥ ساڵ بە سەرپەرشتیی GICHD دەکرێت کە ئامانجەکەی دانانی پلانێکی سەرتاسەرییە بۆ عێراق کە دەبێت لە کۆتایی ئەم ساڵدا ئامادەبکرێت و پشتگیری پێویستی بۆ بەدەست بهێنرێت.
- گۆڕینی سیستمی بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی تۆڕی ناوخۆی دەزگا بە پڕۆگرامێکی نوێ بەناوی Sophos XG کە تەواوی خزمەتگوزارییەکانی ناو تۆڕی ناوخۆی دەزگا دەگۆڕێت و دەیباتە ئاستێکی تری بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردن

لە بواری دابەشکردنی ئینتەرنێت، ئەم کارەش نزیکەی یەک هەفتەی پێویست کرد تاکو بە تەواوەتی کۆنفیگەر کرا و بەکارهێنانی دەستیپێکرد.

- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئۆنلاینی تایبەت پلانی ستراتیجیی دەزگا بۆ پێنج ساڵ کە لە ڕێگەی بەرنامەی زوومەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی مینی بەغداد ئەنجامدرا کە ڕێکخراوی GICHD سەرپەرشتی دەکات سەبارەت بە ئامانجە ستراتیجییەکانی پێویست کە دەبێت لە ڕاپۆرتەکەدا بەدیبێت.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی تری ئۆنلانینی تایبەت بە پلانی ستراتیجی دەزگا بۆ پێنج ساڵ کە لەڕێگەی بەرنامەی زوومەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی مینی بەغداد ئەنجامدرا کە ڕێکخراوی GICHD سەرپەرشتی دەکات.
- ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانی بنکەی زانیاری IMSMA ng بە وەرگرتنی تەواوی کارەکانی تۆمارکراوی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی مین/ سلێمانی و گەرمیان وەرگرتنیان و تۆمارکردنیان بۆ بنکەی زانیاری سەرەکی دەزگا.
- بەشداریکردن لە سەکۆی کاری ناساندنی ڕەشنووسی پلانی ستراتیجی سەرتاسەری عێراق کە لە ئۆتێلی بابل ڕۆتانا ئەنجامدرا، وەکو نوێنەری دەزگای مین، لە بەغداد بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی GICHD بۆ تاوتێکردنی ڕەشنووسی ئەم پلانە ستراتیجیە کە دەبێت پەیڕەو بکرێت بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کارەکانی مینپاکی لە سەرتاسەری عێراق.
- بەشداریکردن کۆبوونەوەی ئۆنلاینی تایبەت بە ئامادەکاری بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی ئۆتاوا بۆ ساڵی ٢٠٢١، کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە بەدواداچوونی کارەکانی پابەندبوون بەم ڕێککەوتنامەیە لە سەرتاسەری جیهان و بەدواداچوون بۆ گشت ئەو وڵاتانە کرا کە واژۆیان لەسەر ئەم پەیماننامەیە کردووە، کە لە ڕۆژانی ٢٢ تاکو ٢٤ ئەنجامدرا.
- بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی تایبەت بە ڕێککەوتنامەی ئۆتاوا لە بەغداد لە ڕۆژی ٢٠٢١/٨/١١ بۆ ماوەی یەک ڕۆژ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی مینی بەغداد.
- کۆبوونەوەی تایبەت بە ڕێککەوتنامەی ئۆتاوا لە دەزگا بە بەشداربوونی تەواوی بەڕێوەبەرانی پلاندانانی پارێزگاکان بۆ ئامادەکردنی پلانی دووساڵەی جێبەجێکاری بۆ دووساڵی داهاتووی دەزگا.
- ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ گشت ڕێکخراوەکانی مینپاکی بەشداربوو لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ئامادەسازی بۆ کۆنفرانسی تایبەت بە وڵاتە بەخشندەکانی بواری مینپاکی لە بەغداد کە لە کۆتایی ئەم ساڵ ئەنجامدەدرێت.
- سەردانکردنی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بۆ دانانی پڕۆگرامی بنکەی زانیاری سەرچاوە کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی مین/ سلێمانی – بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان/ بەڕێوەبردنی زانیاری بۆ بەشداریکردیان بۆ تاقیکردنەوەی بنکەی زانیارییەکە و ریپۆرتکردنی هەر کێشەیەکی تەکنیکی کە تیایدابێت. هەروەها ئەنجامدانی ڕاهێنانێکی تایبەتی بۆ گشت کارمەندانی بەشی بەڕێوەبردنی زانیاری بۆ بەشدار بوون لە تۆمارکردنی فۆرمەکانی تایبەت بە مینپاکی و هەڵسەنگاندنی.
- سەرپەرشتیکردنی تیمی تەکنیکی دەزگا بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی مانگانەی تایبەت بە بابەتی دانانی بنکەی زانیاری بەڕێوەبردنی کارەکانی مینپاکی لەڕێگەی بەرنامەی زوومەوە لەگەڵ هەردوو بەڕێوەبەری زانیاری دەزگا و بەڕێوەبەری زانیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە سلێمانی بۆ ئامادەسازی و ڕێکخستی کارەکانی داهاتووی دەزگا هەروەها هەردوو ڕێکخراوی iMMAP و ڕێکخراوی GICHD بۆ بەدواداچوونی کارەکان و شیکردنەوەی کێشەکان ڕاپۆرتکردنیان و دانانی چارەسەری پێویست.

- بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی تایبەت بە ڕادەستکردنی پڕۆگرامی بنکەی زانیاری سەرچاوە کراوە بۆ دەزگا وەکو قۆناغی یەکەم بۆ دروستکردن و بەدواداچوونی ئەم کارە لە لایەن ڕێکخراوی iMMAP لە ڕۆژی ٢٠٢١/١١/٢٢ بە بەشدابوونی ڕێکخراوی GICHD و هەروەها بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و ئیدارەی گەرمیان لە ئۆتێلی Best Inn Erbil .
- بەشداریکردنی کۆبوونەوەی ١٩ ئۆنلاینی ڕێککەوتننامەی ئۆتاوا کە زیاتر لە ٣ ڕۆژی خایاند کە ئەنجام درا لە لاهای– هۆڵندا، بە بەشداربوونی گشت وڵاتانی پەیوەندیدار بەم ڕێککەوتننامەیە.
- بەشداریکردن لە ڕاهێنانی تایبەت بە پڕۆگرامی IMSMA Core کە ڕێکخراوی GICHD ڕێکیخستبوو کە لە ڕۆژانی ١٢/٣ تاکو ١٢/١٦ کە ڕۆژانە زیاتر لە ٨ سەعات ڕاهێنان بوو لەسەر سیستەمی نوێی داهاتووی بەڕێوەبردنی سیستەمی مینپاکی.
- بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردنی ئامادەکردنی ڕەشنووسەکانی پڕۆژەکانی تایبەت بە کۆنفڕانسی وڵاتە بەخشندەکانی تایبەت بە بواری مینپاکی کە لە بەغداد بەڕێوەدەچێت بە بەشداربوونی ڕێکخراوەکانی بواری مینپاکی و باڵیۆز و کونسوڵەکانی وڵاتانی ناو هەرێم و عێراق کە لە بواری مینپاکیدا چالاکن.
- ئامادەکردنی بەڕێوەبەرایەتییەک بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکان و ئامێرەکانی تایبەت بە ئینتەرنێت و ژووری سێرڤەر کە زۆر کاری ویست تاوەکو ڕێکخراو ئامادەکاری بۆ کرد.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە بنکەی زانیاری سەرچاوە کراوە بۆ خێراکردنی کارەکانی دیزاینکردن و چاککردنەوەی کێشە تەکنیکییەکان و دانانی ڕێنیشاندەێکی پەیوەست بە بەڕێوەچوونی کارەکان.
- ئەنجامدانی وەرگرتنەوەی زانیارییەکانی بنکەی زانیاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/ سلێمانی، بە وەرگرتنی باکاپی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە، گواستنەوەی تەواوی کارەکانیان بۆ بنکەی زانیاری لە دەزگا بە پەیڕەوکردنی پڕۆسەی تایبەت بە وەرگرتن و سەلماندنی تەواوی زانیارییەکان.
- ڕێکخستن و پێشکەشکردنی پڕۆژەکانی دەزگا کە ئامادەکراوە بۆ کۆنفڕانسی وڵاتانی کۆمەکبەخشی تایبەت بە بواری مینپاکی لە بەغداد هەروەها ئامادەکردنی presentation ی تایبەت بە دەزگا بۆ خستنەڕووی کارەکان و کێشەکان ناساندنیان بە بەشدابووانی کۆنفڕانسی تایبەت بە وڵاتانی کۆمەکبەخش لە بواری مینپاکی.
- ئەنجامدانی گۆڕانکاری و چارەسەرکردنی کێشەکانی بنکەی زانیاری سەرچاوە کراوە (ئەپتدەیت کردن) کە پێشتر چەندین تێبینی و داواکاری هەبوو کە لە ڕێگای گرووپی تایبەت بە کارەکە تۆمار کرابوون، کاری چاکسازی لەسەر بنکەی زانیارییەکە ئەنجام درا لە ڕێگای تیمی تایبەت بە پێشخستنی پڕۆگرامەکە لە ڕێکخراوی iMMAP.
- سەردانکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/ سلێمانی بۆ ئەنجامدانی کارەکانی لیژنەی تایبەت بە بنکەی زانیاری سەرچاوە کراوە و ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ هەموو کارمەندانی بەڕێوەبردنی زانیاری بۆ بەدواداچوونی کارەکانی پێشخستنی بنکەی زانیارییەکە و ئەپدەیتکردنی پڕۆگرامەکە بۆ دواین ڤێرژن و ڕێکخستنی شێوازی تۆمارکردن و ڕاپۆرتکردنی کێشەکان.
- ڕێکخستن و ئامادەکاری بۆ نووسین و پێشکەشکردنی پڕۆژەی مینپاکی لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکانی هەرێم کە لە ڕێگای ڕێکخراوی ITF پێشکەش دەکرێت و ئەنجامدانی چەندین گرووپ کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانی پلاندانانی پارێزگاکان لە ڕێگای تەلەفۆن و پۆستی ئەلیکترۆنی بۆ خستنەڕووی کارەکان و پێشکەشکردنی باشترین کلێشە و باشترین پڕۆژە کە زیاتر لە ١٢ پڕۆژەی جۆراوجۆر ئامادەکرا و یەکخستن و

بەدواداچوونی بۆ کرا، کە بە نزیکەیی ٣٦٠ هەزار دۆلار و لە مەودای دووساڵدا هەولێر و دهۆک و سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیانی گرتەوە.

- ئەنجامدانی سەکۆی کاری تایبەت بە بنکەی زانیاری سەرچاوە کراوە لە ڕێکەوتی ٦ تاکو ٨ی مارس لە هەولێر بە بەشداری تەواوی کارمەندانی بەڕێوەبردنی زانیاری لە دەزگا و کارمەندانی بەڕێوەبردنی زانیاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/ سلێمانی کە لەلایەن ڕێکخراوی iMMAP ڕێکخرابوو و تیایدا بەدواداچوون بۆ کارەکانی بنکەی زانیاری سەرچاوەکراوە کرا و شێوازی ڕاپۆرتکردنی کێشەکان.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی تایبەت بە Landmine Review کە ساڵانە زانیارییەکانی دەستکەوتەکانی پڕۆسەی مینپاکی سەرتاسەری هەرێم داوای دەکەن و شیکاری تەواوی ساڵی پێشووی تێدایە لە هەموو بوارەکان و لە لایەنێکی چاودێر ساڵانە داوا دەکرێت کە ئەم ساڵەیان لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی دەزگا داواکرا بوو، هەر لە ڕێگای بەڕێزیانەوە وەڵامەکانمان بۆ ڕەوانەکردن.
- ئامادەکردنی سێرڤەرێکی تایبەت بە IMSMAng کە تایبەتە بە کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/ سلێمانی و گەرمیان، ئەم سیرڤەرە بریتییە لە سێرڤەرێکی خەیاڵی (Virtual Server) کە تەنها بریتیە لە پڕۆگرامێک لە ناو کۆمپیتەرێک بەبێ بەکارهێنانی هاردوێری کۆمپتوتەر، ئەمەش چەند قازانجێکی زۆری هەیە، کە پێویست ناکات کۆمپیوتەرێکی تایبەتی بۆ بەکاربهێنرێت، بەڵکو دەکرێت لەسەر هەر کۆمپیوتەرێک بێت کە لەبەردەستدایە، هەر بۆیە ئەم سێرڤەرەمان لەسەر کۆمپیوتەری سێرڤەری سەرەکی دروست کرد، کە تەواوی زانیارییەکانی سێرڤەری سەرەکی سلێمانی تێدایە، دەکرێت وەکو سێرڤەرەکەی سلێمانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانی گواستنەوەی زانیارییەکان بە تایبەت لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانی سەلماندن وڕێکخستنەوە وکارەکانی بەدواداچوونی دروستی پڕۆسەی گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ بنکەی زانیاری سەرەکی لە دەزگا، بەتایبەتی لەبەرئەوەی ئەو سێرڤەرەی کە بنکەی زانیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی مین/ سلێمانی لەسەر ئێستا لە کارکەوتووە و پێویستی بە چاککردنەوەی سەرچاوەی پاروەری هەیە، شایەنی باسە ئەم کارە زیاتر لە هەفتەیەکی خایاند تا بە ئەنجام گەیشت.
- ئەنجامدانی سەکۆی کاری تایبەت بە بنکەی زانیاری سەرچاوە کراوە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی مین/ سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان/ بەشی ئیدارەی زانیاری بە بەشداریکردنی تەواوی کارمەندانی بەڕێوەبردنی زانیاری لە ب.گشتییەکە و بەشی رووپێوی و کارمەندانی بەڕێوەبردنی زانیاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/ سلێمانی کە لە بینایەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی مین لە سلێمانی.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی تایبەت بە ڕێککەوتننامەی لەناوبردنی بۆمبی هێشوویی (CCW) کە ساڵانە زانیارییەکانی دەستکەوتەکانی پڕۆسەی مینپاکی سەرتاسەری هەرێم داوای دەکەن و شیکاری تەواوی ساڵی پێشووی تێدایە لە هەموو بوارەکان و لە لایەنێکی چاودێر ساڵانە داوا دەکرێت کە ئەم ساڵەیان داواکاری لەسەر چەند ڕاپۆرتێکی سەرتاسەری کرابوو کە بەدواداچوون بوو بۆ کارەکانی پێشوتری ئەم ڕێککەوتننامەیە.
- ئامادەکردنی سێرڤەرێکی تایبەت بە دابەشکردنی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی مین/ هەولێر بۆ ئاسانکاری ئەنجامدانی دابەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییە بۆ کارمەندەکانیان و ڕێکخستنی و کۆنترۆڵ کردنی کارەکانیان.
- ئەنجامدانی گواستنەوەی زانیاری لە نێوان بنکەی زانیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/ سلێمانی بۆ بنکەی زانیاری IMSMAng سەرەکی لە دەزگا، کە ٤١ فۆرمی ناوچە مەترسیدارەکان بوون لەگەڵ ٣ فۆرمی رووداوی مین و تەقەمەنی و ٤ فۆرمی قوربانی مین و تەقەمەنی و ٣ فۆرمی هۆشیاری لە مین و تەقەمەنی.

- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی تایبەت بە دانانی پلانی ٥ ساڵەی دەزگا بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەرانی پلاندانانی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک، ئیدارەی گەرمیان.
- دانانی سێرڤەری تایبەت بە دابەشکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی مین/ هەولێر بۆ ئاسانکاری ئەنجامدانی دابەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییە بۆ کارمەندەکانیان و ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی کارەکان.
- بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی نێوان دەزگا و ڕێکخراوی iMMAP بۆ ڕێکخستنەوەی کارەکانی ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ دەزگا و بەڕێوەبەرایەتییەکەمان، کە تیایدا باس لە گشت کارەکانیان کرا و ڕێککەوتنی نوێ لەگەڵیان ڕێکخرا.
- ڕێکخستنی سێرڤەری تایبەت بە ئەنجامدانی کاری ئاڵۆگۆڕکردنی زانیارییەکانی سەرۆکایەتی دەزگا لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی مین/ سلێمانی بە دانانی سێرڤەرێکی virtual لەسەر سێرڤەری سەرەکی دەزگا.
- ڕێکخستن و ئەنجامدان و بەشداریکردن لە ڕاهێنانی تایبەت بە سیستمی جوگرافی QGIS ی سەرچاوە کراوە کە لە ڕێگای ڕێکخراوی iMMAP ئامادەکرابوو.
- ئەنجامدانی پڕۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە بنکەی زانیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە سلێمانی بۆ بنکەی زانیاری سەرەکی لە دەزگا بۆ وەرگرتنی دواپین فۆرمەکانی IMSMAng.

یەکەم/ بەشی پلان:

ژمارەی نووسراو	ژمارەی فەرمانی ئەرک	ژمارەی کێڵگە مین	ژمارەی ناوچەی پیسبوو
١٧	١٥	١١	٤

- پێداچوونەوەی هەندێک لە فۆرمەکانی هاتوو بۆ بەشی زانیاری و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان.
- ئامادەکردن و دەرکردنی فەرمانی ئەرک پێدانی کێڵگە مینەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/ سلێمانی، دهۆك، هەولێر و گەرمیان و ڕێکخراوی پاکسازیی مین MAG.
- بەشداریکردن لە وۆرکشۆپ لە سەنتەری ئۆرپی بۆ مەشق و ڕاهێنان لە هەولێر (kurdistanvision٢٠٣٠) لە ڕێکەوتی٢٠٢١/٥/٣١ تاکو ٢٠٢١/٦/٣.
- بەشداریکردن لە وۆرکشۆپی UNMAS بۆ پاڵیشتیکردن و چۆنییەتی مامەڵە کردن لەگەڵ (Donor) بە مەبەستی هاوکاریکردنی پڕۆسەی مینپاکی لە هەرێمی کوردستان.

دووەم/ بەشی بەڕێوەبردنی زانیاری:

- ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان (Data Synchronization): ئەنجامدانی دوو پڕۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لە (٢٠٢١/٦/١) تاوەکو (٢٠٢١/١٢/٣١) لە دوو ڕێکەوتی (٢٠٢١/٦/١) و (٢٠٢١/٨/٢٦) لە نێوان بنکەی سەرەکی داتا بەیسی (IMSMA) لە هەولێر و بنکەی داتا بەیسی (IMSMA) لە سلێمانی. شایانی باسە پڕۆسەکان بە سەرکەوتوویی کۆتاییان هات.
- ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان (Data Synchronization): ئەنجامدانی چوار پڕۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لە (٢٠٢٢/١/١) تاوەکو (٢٠٢٢/٥/٣١) لە چوار ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١/١٧) و (٢٠٢٢/٢/٢٤) و (٢٠٢٢/٤/٧) و (٢٠٢٢/٥/١٢) لە نێوان بنکەی سەرەکی داتابەیسی (IMSMA) لە هەولێر و بنکەی داتا بەیسی (IMSMA) لە سلێمانی. شایانی باسە پڕۆسەکان بە سەرکەوتوویی کۆتاییان هات.

- بەشداریکردنی بەرپرسی بەشی ئیدارەی زانیاری لە (ب. گشتی کاروباری هونەری) لە سەرۆکایەتی دەزگا و بەرپرسی بەشی ئیدارەی زانیاری لە (ب. گشتی کاروباری مین/ سلێمانی) لە وۆرکشۆپی تایبەت بە داتابەیسی (IMSMA Core) کە لە لایەن ڕێکخراوی (GICHD) لە وڵاتی لوبنان ئەنجامدرابوو بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە ڕێکەوتی (٣٠-٢٠٢٢/٣/٣١).
- سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/ سلێمانی لە ڕۆژەکانی (٢٦-٢٠٢٢/٤/٢٤) بە مەبەستی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرس و کارمەندانی بەشی ئیدارەی زانیاری سەبارەت بە داتابەیسی سەرچاوەی کراوە (Open Source) و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی تۆمارکردنی فۆرمەکان لەم داتابەیسە، و ڕوونکردنەوەی پێویست لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی تولی (iMMAT) کە بەکاردێت بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی ناو (IMSMA).
- سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/ هەولێر لە ڕۆژەکانی (٢٠٢٢/٥/١٧) و (٢٠٢٢/٥/٢٣) بۆ دوو مەبەست، یەکەم چاککردن و نوێکردنەوەی ئامێری تۆمارکردنی (پەنجەمۆر)، دووەم دانانەوەی نوێترین باکئەپی داتابەیس (IMSMA) بۆ ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە تولی زانیارییەکان (iMMAT) بۆ وەرگرتنی نوێترین داتا وزانیارییەکانی پێویست.
- بەشداریکردنی خولێکی تایبەت بە بەرنامەی (QGIS) و بەستنەوەی بە بەرنامەی (DB Open source) بۆ ماوەی سێ ڕۆژ (٣٠-٢٠٢٢/٥/٣١ و ٢٠٢٢/٦/١).
- چاککردنی فۆرمەکان: لە ئەنجامی پرۆسەی چێکردن وچاککردنی هەڵە یان کەموکوڕی لە فۆرمەکان کە کاتی خۆی تۆمارکرابوون لە داتا بەیسی (IMSMA)، بەشی ئیدارەی زانیاری بە هەماهەنگی لەگەڵ ستافی هۆبەی تۆمارکردنی زانیاری و هۆبەی نەخشەسازی، کە هەڵسا بە دەستنیشانکردن و چاککردنی هەڵە و کەموکوڕی لە فۆرمەکان (کێڵگەمین، ناوچەی مەترسیدار، رووداوی مین، قوربانیی مین).

أ- هۆبەی تۆمارکردنی زانیاری و ئەرشیف:

- **تۆمارکردن:**

- تۆمارکردنی فۆرمەکان: تۆمارکردنی (١٨٦٠) فۆرم لە داتا بەیسی سەرەکی (IMSMA) بە پێی ئەم خشتەی خوارەوە:

ژمارە	جۆری فۆرم	ژمارەی فۆرمی تۆماکراو	تێبینی
١	فۆرمی مەترسی MF	٨٣	
٢	فۆرمی مەترسی UXO	٤٧٨	
٣	فۆرمی مەترسی IED	-	
٤	فۆرمی مەترسی DA	١٤	
٥	فۆرمی Progress	٣٣٧	
٦	فۆرمی Clearance	-	
٧	فۆرمی Completion	٢٩٦	
٨	فۆرمی MRE	٤٣٥	
٩	فۆرمی Accident	٤٤	
١٠	فۆرمی Victim	٧١	
١١	فۆرمی Place	٩٨	
١٢	فۆرمی Task	٤	
	کۆی گشتی	**١٨٦٠**	





- تۆمارکردنی (٢٦) فۆرم لە داتابەیسی (IMSMA) لە (Grey Area) بە پێی ئەم خشتەی خوارەوە:

ژمارە	جۆری فۆرم	ژمارەی فۆرمی تۆماکراو	تێبینی
١	فۆرمی مەترسی (IED) Hazard	١	
٢	فۆرمی مەترسی UXO	١٣	
٣	فۆرمی Completion	١٢	
٤	فۆرمی NTS	-	
	کۆی گشتی	٢٦	

- **ئەرشیف:**

- ئەرشیف کردنی گشت ئەو فۆرمانەی کە لە داتا بەیسی (IMSMA) تۆمارکراون وەک لە هەردوو خشتەی ژمارە (١)ی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە چ ئەوانەی بە دۆکیومێنت یاخود بە شێوەی ئەلیکترۆنی هاتوون، وئەرشیفکردنی ئەو نووسراوانەی تایبەتن بە بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانان و بەدواداچوون بە مەبەستی پاراستنیان.

ب - هۆبەی سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری (GIS) و (IT):

- سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری (GIS):

١- بەراوردکردنی زانیاری (GDSV) لە داتابەیسی (IMSMA) و(GDSV)ی دەستەی ئامار و چارەسەرکردنی داتاکان.

٢- ئامادەکردنی لیستێکی (Excel) بۆ بەڕێوەبەرایەتی هۆشیارکردنەوە، تایبەت بەو کێڵگە مینانەی کە باریان کراوە و بەردەوامە لەگەڵ تانوپۆ و (GDSV) و ناوی جێبەجێکاری پڕۆژەکە.

٣- نوێکردنەوەی بەرنامەی (ARC GIS) و (Office) وفۆڕماتکردنی کۆمپیوتەرەکە.

٤- ئامادەکردنی (٣) نەخشەی تایبەت وەکو ئاسانکاری بۆ قوتابیانی خوێندنی باڵا بۆ ئەم ناوچانە:

- ناوچەی هێرۆ و هەڵشۆ.
- ناوچەی قەسری وحاجی ئۆمەران.
- ناوچەی بەمۆ و مەیدان و دەربەندیخان.

٥- تاقیکردنەوەی داتابەیسی نوێی تایبەت بە (UXO, Land, MRE).

٦- ئامادەکردنی نەخشەی تایبەت وەکو ئاسانکاری بۆ قوتابی خوێندنی باڵا بۆ ناوچەی چۆمان.

٧- تاقیکردنەوەی داتابەیسی نوێی تایبەت بە (UXO, Land, MRE, Progress, Victim, Accident).

٨- ئامادەکردنی نەخشەی (Overall)ی بە هەموو پارێزگاکانی هەریمی کوردستان (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان).

٩- دابەزاندنی بەرنامەی نوێی (GIS) بەناوی (QGIS) وئیش لەسەرکردنی.

١٠-ئامادەکردن و درووستکردنی (٤) نەخشەی تایبەت بە ناوچە مینرێژکراوەکان بەم شێوەی خوارەوە:

- ئامادەکردنی نەخشەی قەبارە (A٠) تایبەت بە ناوچە مینرێژکراوەکانی پارێزگای هەولێر.
- ئامادەکردنی نەخشەی قەبارە (A٠) تایبەت بە ناوچە مینرێژکراوەکانی پارێزگای دهۆک.
- ئامادەکردنی نەخشەی قەبارە (A٠) تایبەت بە ناوچە مینرێژکراوەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە.
- ئامادەکردنی نەخشەی قەبارە (A٠) تایبەت بە ناوچە مینرێژکراوەکانی ئیدارەی گەرمیان.

١١- ئامادەکردنی فایلێکی تایبەت بە دروستکردنی شێوازی ئیشکردن لەناو بەرنامەی نەخشەدا (Map Procedure).

١٢-ڕێکخستنەوەی پێکهاتەکانی ناو بنکەی زانیاری (Geodatabase) کە تایبەتە بە نەخشە سازی (سێرڤەر یی Server-M).

١٣-بەشداربوونی تەواوی فەرمانبەرانی هۆبە لە خولی ڕاهێنان (DB IMSMA Open Source) لەگەڵ ڕێکخراوی (iMMAP) بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە ٢٠٢٢/٣/٦ تاکو ٢٠٢٢/٣/٩ .

١٤-بەشداریکردنی تەواوی فەرمانبەرانی هۆبە لە خولی ڕاهێنان (QGIS) لەگەڵ ڕێکخراوی (UNMAS) بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە٢٠٢٢/٣/١٥ تاکو ٢٠٢٢/٣/١٧.

١٥-ئامادەکردنی نەخشەی ناوچە مەترسیدارەکانی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، گەرمیان) بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری هونەری.

١٦-بەراوردکردنی (٤) فۆرمی تەقاندنەوەی تەقەمەنی بە بەرنامەی (GIS).

١٧-دروست کردنی نەخشەیەکی تایبەت بە خاڵی تەقاندنەوەی تەقەمەنی لە هەولێر، دهۆک، گەرمیان .

١٨-بەشداریکردنی خولێکی تایبەت بە بەرنامەی (QGIS) و بەستنەوەی بە بەرنامەی (DB Open Source) بۆ ماوەی سێ ڕۆژ (٣٠ و ٣١ و١ / ٦).

١٩-ئامادەکردن و دروستکردنی (١٦) نەخشەی تایبەت بەئەرک پێدان و (٦) لیستی زانیاری

٢٠- بۆ پاککردنەوەی ناوچە مینڕێژکراوەکان بەم شێوەی خوارەوە:

ز	شوێنی داواکراو	نەخشە	فایلی زانیاری
١	بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین سلێمانی/ سەید سادق/ سروچک (بەرزنجە) گوندی مەیندول ٤٤٤٥٧.	١	
٢	بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین دهۆک / زاخۆ / دەرکار/ گوندی تەل دۆرناخ وکێڵگە مینی ١٠٨٦٨.	١	
٣	transects _ geophysical_ poly line Area١ ناوچە مەترسیدارەکانی چۆمان.	١	١
٤	transects_ geophysical_ poly line Area ٢ ناوچە مەترسیدارەکانی چۆمان.	١	١
٥	transects _ geophysical_ poly line Area٣ ناوچە مەترسیدارەکانی چۆمان.	١	١
٦	transects _ geophysical_ poly line Area ٤ ناوچە مەترسیدارەکانی چۆمان.	١	١
٧	transects _ geophysical_ poly line Area٥ ناوچە مەترسیدارەکانی چۆمان.	١	١
٨	بەڕێوەبەرایوتی گشتی کاروباری مینی/ دهۆک ناوچە مەترسیدارەکانی (شێخان/ عین سفلی / زەلکان).	١	
٩	بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی/ سۆران نەخشەی ناوچە مەترسیدارەکانی (هەولیر/ سۆران/ رواندوز/ کاولوکان) کێڵگەی مینی رەباییەی شەهیدان(Ik-١٠٧٩٧).	١	
١٠	بەڕێوەبەرایوتی گشتی کاروباری مینی/ سۆران ناوچە مەترسیدارەکانی (هەولیر/ سۆران/ رواندوز/ کاولۆکان) کێڵگەی مینی گرد کنێر (IK-٢٣٦٥٦).	١	
١١	کۆمپانیای شانیکا.	١	١
١٢	دەزگا، ناوچە پیس بوو و پاککراوەکانی هەرێم بە کوردی و ئینگلیزی.	٢	
١٣	دەزگا، ناوچە پیس بوو و پاککراوەکانی هەرێم بە کوردی و ئینگلیزی.	٢	
١٤	دەزگا، هەولێر / چۆمان/حاجی ئۆمەران / دەربەندی ڕایات IK-١٠٥١٩.	١	
١٥	دەزگا، هەولێر/ کۆیسنجق /کۆیە.	١	
١٦	دەزگا، هەولێر/ کۆیسنجق /کۆیە/ مام قلینج.	١	

- **تەکنەلۆجیای زانیاری (IT):**

ز	کار و چالاکی
١	گۆڕینی پاتری و چاککردن و بەدواداچوونی کێشەی UPS بۆ ١٢ ئامێری جۆراوجۆر.
٢	دامەزرانی ئەنتیڤایرۆس و چالاککردنی ٩ کۆمپیۆتەری بەڕێوەبەرایەتییە جیاجیاکان.
٣	بەدواداچوونی کێشە و چارەسەرکردنی زیاتر لە ١٥ کێشەی کۆمپیوتەر و تۆڕی کۆمپیوتەر بۆ کارمەندە جیاجیاکانی بەڕێوەبەرایەتیەکان و گۆڕینی هاردیس بۆ SSD.
٤	وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی فەرمانبەرانی دەزگا تایبەت بە کێشەکانی کۆمپیتەر و IT لە ڕێگای پەیوەندیی تەلەفۆنی.
٥	گۆڕینی ئەنتەرنێتی دەزگا وبەستنەوەی بە فیبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێشتر لە ڕێگای بێتەلەوە (Wireless) بەسترابووەوە.

بەشی پێنجەم: هۆشیارکردنەوە و یارمەتیدانی قوربانیانی مین

یەکەم / هۆشیارکردنەوە:

أ- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگا / دەزگا:

١- سەردانیکردنی ناوچەکان:

ز	چالاکی	ب. گ. کاروباری مین/ هەولێر	ب. گ. کاروباری مین / سلێمانی	ب. گ. کاروباری مین/ دهۆک	ب.گ. کاروباری مین/ ئیدارەی گەرمیان	کۆی گشتی
١	ژمارەی گوند/ کەمپە سەردان کراوەکان	٣٤	٤٩	١١١	٦	٢٠٠
٢	ژمارەی کۆبوونەوەکان لەگەڵ سوودمەندان	٥٩	٤٩	٢٥٨	١٥	٣٨١
٣	ژمارەی سوودمەند (پیاو) لە (١٨) ساڵی بەسەرەوە	٤٩٧	٢٩٢	٨١٣	٢٢	١،٦٢٤
٤	ژمارەی سوودمەند (ئافرەت) لە (١٨) ساڵی بەسەرەوە	١٤٩	١٦٥	٣١٩	٢٨	٦٦١
٥	ژمارەی سوودمەند (گەنج- نێر) لە (١٣ - ١٧)ساڵی	٢٧	٢٨٨	٥٢٤	١٧٢	١،٠١١
٦	ژمارەی سوودمەند (گەنج- مێ) لە (١٣ - ١٧) ساڵی	٧٤	١٧٩	٦٩١	١٣١	١،٠٧٥
٧	ژمارەی سوودمەند (منداڵ- نێر) لە (٦ - ١٢) ساڵی	٢٠٧	٣٨٠	١،٠٥٥	٩٩	١،٧٤١
٨	ژمارەی سوودمەند (منداڵ- مێ) لە (٦ - ١٢) ساڵی	٢٠٢	٢٢٢	٩٨٩	٦٦	١،٤٧٩
	کۆی گشتی	**١،١٥٦**	**١،٥٢٦**	**٤،٣٩١**	**٥١٨**	**٧،٥٩١**

٢- دابەشکردنی هۆیەکانی هۆشیارکردنەوە:

ز	چالاکی	ب. گ. کاروباری مین / هەولێر	ب. گ. کاروباری مین / سلێمانی	ب. گ. کاروباری مین / دهۆک	ب. گ. کاروباری مین / ئیدارەی گەرمیان	کۆی گشتی
١	پۆستەر	٥٧	٢٤٩	١،٤٢٥	٢	١،٧٣٣
٢	نامیلکەی رێبەری هۆشیارکردنەوە	٤٦٢	١٥٠	١٩٥	٢	٨٠٩
٣	لفلێت	٧٢٢	٥٨٠	٥،١٠٤	١،٧٢٤	٨،١٣٠
٤	کارتی زانیاری پەیوەندیکردن	-	-	٦٩٢	٥٣	٧٤٥
٥	نامیلکەی منداڵان یان چیرۆکی وێنەدار	-	-	٩٩٨	-	٩٩٨
٦	گۆڤار	-	١٥٥	-	٥٥٧	٧١٢
٧	یاری مار و پەیژە (پەزڵ)	١١٤	٢٩٠	٨٤٦	-	١،٢٥٠
٨	دەفتەری قوتابخانە	-	-	٨٢٨	-	٨٢٨
٩	تی شێرت	-	-	-	-	-
١٠	قەڵەم	-	-	-	-	-
١١	ستیکەر	-	-	-	-	-
١٢	تـــۆپ	-	-	-	-	-
١٣	مەدالیە	-	-	-	-	-
١٤	کوپ	-	-	-	-	-
١٥	کاس	-	-	-	-	-
١٦	شۆرت و درێس	-	-	-	-	-

١٧	کاتژمێر	-	-	-	-	-
١٨	درع و کریستاڵ	-	-	-	-	-
١٩	جانتای شوان	-	-	-	-	-
٢٠	ساڵنامە	-	-	-	-	-
	کۆی گشتی	**١،٣٥٥**	**١،٤٢٤**	**١٠،٠٨٨**	**٢،٣٣٨**	**١٥،٢٠٥**

ب- ڕێکخراوەکان:

١- سەردانیکردنی ناوچەکان:

ز	چالاکی	ڕێکخراوی MAG	ڕێکخراوی SOS	ڕێکخراوی SHO	کۆی گشتی
١	ژمارەی گوند/ کەمپە سەردانکراوەکان	٦١١	٦٢٢	٦	**١،٢٣٩**
٢	ژمارەی کۆبوونەوەکان لەگەڵ سوودمەندان	٢،٠٥٦	٦٢٢	٧٧١	**٣،٤٤٩**
٣	ژمارەی سوودمەند (پیاو) لە (١٨) ساڵی بەسەرەوە	٣،١٤٨	٧،٥٩١	٥٩١	**١١،٣٣٠**
٤	ژمارەی سوودمەند (ئافرەت) لە (١٨) ساڵی بەسەرەوە	٢،٥٧٥	٢،٩٦٥	١،٣١٠	**٦،٨٥٠**
٥	ژمارەی سوودمەند (گەنج - نێر) لە (١٣ - ١٧)ساڵی	١،٨٨٠	٤،٧٧٣	١،٣٣٧	**٧،٩٩٠**
٦	ژمارەی سوودمەند (گەنج - مێ) لە (١٣ - ١٧)ساڵی	١،٩٠٧	٢،٥٦٠	٧٨١	**٥،٢٤٨**
٧	ژمارەی سوودمەند (منداڵ - نێر) لە (٦ - ١٢) ساڵی	٢،٧٨٦	٧،٦٨٦	٢،٣٣٩	**١٢،٨١١**
٨	ژمارەی سوودمەند (منداڵ - مێ) لە (٦ - ١٢) ساڵی	٢،٢٣٦	٤،٠٤٠	١،٩٤٦	**٨،٢٢٢**
	کۆی گشتی	**١٤،٥٣٢**	**٢٩،٦١٥**	**٨،٣٠٤**	**٥٢،٤٥١**

٢- دابەشکردنی هۆیەکانی هۆشیارکردنەوە:

ز	چالاکی	ڕێکخراوی MAG	ڕێکخراوی SOS	ڕێکخراوی SHO	کۆی گشتی
١	پۆستەر	٣،٤٨٠	١٩،٣١٥	٩٨٧	**٢٣،٧٨٢**
٢	نامیلکەی ڕێبەری هۆشیارکردنەوە	-	-	-	-
٣	لفلێت	١٣،٠٧٦	٣٥،٢٢٦	٧،٢٨٤	**٥٥،٥٨٦**
٤	کارتی زانیاری پەیوەندیکردن	٣،٦٥٠	-	٢،٤٥٢	**٦،١٠٢**
٥	نامیلکەی منداڵان یان چیرۆکی وێنەدار	١،٨٦٠	-	٣٣٦	**٢،١٩٦**
٦	گۆڤار	-	-	-	-
٧	یاری مار و پەیژە (پەزڵ)	٩٦٦	٤١٥	٥٥٧	**١،٩٣٨**
٨	دەفتەری قوتابخانە	٢٢٧	١٥،٨٠٠	٨٦٠	**١٦،٨٨٧**
٩	تیشێرت	-	٣٣٦	-	**٣٣٦**
١٠	قەڵەم	-	-	-	-
١١	ستیکەر	-	١٧،٣٣٠	-	**١٧،٣٣٠**
١٢	تـــۆپ	-	٨٢٤	-	**٨٢٤**
١٣	مەدالیە	-	٧٦٣	-	**٧٦٣**
١٤	کوپ	-	-	-	-
١٥	کاس	-	٨	-	**٨**
١٦	شۆرت و درێس	-	١،٨٧٣	-	**١،٨٧٣**
١٧	کاتژمێر	-	١٦٨	-	**١٦٨**
١٨	درع و کریستاڵ	-	٥٦	-	**٥٦**
١٩	جانتای شوان	-	-	-	-
٢٠	ساڵنامە	-	١٧	-	**١٧**
	کۆی گشتی	**٢٣،٢٥٩**	**٩٢،١٣١**	**١٢،٤٧٦**	**١٢٧،٨٦٦**

دووەم / یارمەتیدانی قوربانییانی مین:

- چالاکی سەنتەرەکانی پەلی دەستکرد:

ز	چالاکی	مەڵبەندی ئۆرتۆپیدی دیانا DPLC	بنکەکانی پەلی دەستکرد لە سلێمانی (کۆرد و ئیمرجێنسی)	بنکەکانی پەلی دەستکرد لە دهۆك	کۆی گشتی
١	ژمارەی نەخۆشی تازە تۆمارکراو (سەردان)	١،٠٨٠	٣٨٥	٩٣	**١،٥٥٨**
٢	ژمارەی نەخۆشی خەوتوو	-	٤٤٠	-	**٤٤٠**
٣	ژمارەی چارەسەری سرووشتی ئەنجامدراو	٤١٧	٣،٩٨٦	١،٢٧٢	**٥،٦٧٥**
٤	ژمارەی چاککردنەوەی پەلی دەستکرد	٢٤٩	٢،١٣٤	٧٩٤	**٣،١٧٧**
٥	ژمارەی کورسی جوڵاو (wheel chair) ی پێشکەشکراو	٢٩	١٥	٩١	**١٣٥**
٦	ژمارەی یاریدەدەری ڕۆیشتن (Walking aid) وەک: دارئەنیشك، داردەست، دارمل یان رەوڕەوە (Walker higher) ی پێشکەشکراو	٦٥	٢،٦٦٨	١٧٣	**٢،٩٠٦**
٧	ژمارەی کورسی (WC) پێشکەشکراو	٢	-	٢٩	**٣١**
٨	ژمارەی ئەو کەمئەندامانەی چاککاری خانووبەرەیان بۆ کراوە	-	-	-	**-**
٩	ژمارەی وەرشەی یارمەتی بۆ کەمئەندامان (هەرەوەزی)	-	-	-	**-**
١٠	پرۆژەی داهات بۆ کەمئەندامان	-	٦١	-	**٦١**
١١	ژمارەی کەمئەندامان کە ڕاهێنانی پیشەییان پێکراوە	-	-	-	**-**
١٢	ژمارەی پاڵپشت (orthosis) ی دروستکراو	٩٩	٢٤٦	٢٥	**٣٧٠**
١٣	ژمارەی پەلی سەرەوەی دروستکراو	-	٦٨	٢	**٧٠**
١٤	ژمارەی پەلی خوارەوەی دروستکراو	١٧	٦٤٢	٥٨	**٧١٧**
	کۆی گشتی	**١،٩٥٨**	**١٠،٦٤٥**	**٢،٥٣٧**	**١٥،١٤٠**

سێیەم: ژمارەی قوربانییانی مین و تەقەمەنی

ز	بریندار / کوژراو	پـــارێزگـــــا					کۆی گشتی
		هەولێر	دهۆک / (نینوی)	سلێمانی	هەڵەبجە	ئیدارەی گەرمیان	
١	ژمارەی بریندار	٧	٥	١٤	٠	٤	٣٠
٢	ژمارەی کوژراو	٢	٦	٥	٠	٢	١٥
	کۆی گشتی	**٩**	**١١**	**١٩**	**٠**	**٦**	**٤٥**

کار و چالاکییەکانی هۆبەی بەرهەمهێنانی هونەری:

- **بواری ڕاگەیاندن و دیزاین:**

- بڵاوکردنەوەی پەیام و ڕێنماییەکانی هۆشیارکردنەوە لە مین لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیەل میدیا بە تایبەتی فەیسبووک.
- وەرگرتنی پێنج سیمکارد بە ژمارە ١٨٢ لە کۆمپانیای کۆرەک و زین و ئاسیا (هێڵی پەیوەندیکردنی بە خۆڕایی) کە وایکرد هاووڵاتیان زیاتر پەیوەندی بە دەزگای مین بکەن و زووتر گرفتەکانیان لەگەڵ مین و تەقەمەنی چارەسەر بکرێن.
- دیزاینکردنی ڕێبەری شوێنی کێڵگەمینەکان، بەزمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی.
- بە هاوکاری UNMAS (٢٠٠٠) لیفلێت بۆ هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان چاپکراو (١٨) تابڵۆی ئاگادارکردنەوەی ناوچە مینڕێژکراوەکان دروستکرا.

ئەکادیمیای کوردی

ئەکادیمیای کوردی

ساڵی (یەکەم)

یەکەم: گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

لە ماوەی ئەم ساڵەدا (٣) ژمارەی لە گۆڤاری ئەکادیمیا بە هەرسێ زمانی (کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی) بە هەردوو زاری (ناوەڕاست و بادینی)، بڵاوکردۆتەوە بە قەبارەی زیاتر لە (١٢٠٠) لاپەڕە. ئەم گۆڤارە گرینگی تەواوی بەو توێژینەوە زانستیانە داوە، کە خزمەت بە فەرهەنگ و شووناس و مێژووی کوردستان دەکەن.

دووەم: سیمینار و کۆڕبەستن و ڕێزلێنان و بەشداریکردن لە کۆنفرانسدا

- کۆڕێك بۆ بەڕێز م. عەبدولرەحمان سدیق لەبارەی سامانی کەلتوریمان: لە نێوان شێواندن و بەتاڵان بردندا.
- کۆڕێك بۆ بەڕێز م. فەرهاد عەونی لەبارەی کتیبی دیوانی عەونی – بەرگی دووەم.
- کۆڕێك بۆ بەڕێز پ.د فاروق عومەر سدیق لەبارەی نادروست بەکارهێنانی زمانەکەمان.
- کۆڕێك بۆ بەڕێز د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی لەبارەی شاکر خەسباك و کورد.
- کۆڕێك بۆ یادی ڕۆژی جیهانیی زمانی (دایك) لە ئەکادیمیای کوردی.
- کردنەوەی پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی کوردستان و جیهان بەسەرپەرشتی: مامۆستا هاوکار ڕسکن.
- پێشکەش کردنی سیمینارێك لەلایەن (پ. د. ئیبراهیم حەمەڕەش)، زانکۆی کوردستان/ هەولێر بەناونیشانی: (زمانی کوردی لە سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیارییدا).
- پێشکەش کردنی وتاری (با بەرگریی لە زمانی کوردی بکەین)، لەلایەن قوتابیی بەشی زمانی ئینگلیزی، زانکۆی سەلاحەددین: (زیلان سارمەمی)
- دابەشکردنی وتاری یۆنسکۆ بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی داییکەوە.
- دابەش کردنی کتێبی (یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماك).
- کۆڕی دابەشکردنی دیوانی (فەرهەنگی خەم).
- کۆڕێك بۆ بەڕێز م. نەوڕەس ڕەشید بەناونیشانی (لە ئەبوبکرەوە بۆ ئەبوبەکر).
- کۆڕێك بۆ چوار توێژەری کۆماری ڕووسیا.
- کۆڕێك بۆ دابەشکردنی کتێبی (بەتەنیشت ژیانەوە) نووسەر م. دلزار حەسەن.
- کۆڕێك بۆ دابەشکردنی ڕۆمانی (هەولێر ڕینکەبی بەرگی ١١) نووسەر م. شێرزاد هەینی ڕێك دەخات.
- کۆڕێك بۆ دابەشکردنی کتێبی (هەولێر نەوەکانی هیکتۆر) نووسەر م. محمد مسعود محمد.
- کۆڕێك تایبەتی بۆ ڕۆماننووس و وەرگێری کورد (بەیان سەلمان) و شاعیری فەرەنسی (فیلیپ دۆلارپ) بۆ قسەکردن لەبارەی وەرگێڕانی (میتامۆرفۆس) ئۆڤید بۆ سەر زمانی کوردی.
- ئەکادیمیای کوردی بەشداری چواردەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێری کرد لە ٣ /٤ تاکو ٢٠١٩/٤/١٣.

- کۆڕێك بۆ م. ئەبووبکر جاف بەناوونیشانی (ئێمەو ڕۆشنگەری، سەبارەت بە بوێری بەکارهێنانی ئەقڵ و پەیوەندی بە دونیای ئێمەوە) ڕێکخست.
- کۆڕێك بۆ بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر (محەمەد مەحوی) لەبارەی نووسینی ستانداردی کوردی، ڕێکخست.
- لە ئەکادیمیای کوردی ڕۆژی ٢٠١٩/٤/١٥ لە ڕێ و ڕەسمێکی شایستەدا ڕۆماننووسی گەورە عەزیزی مەلای ڕەش مەدالیای قەلاتی پێبەخشرا.
- ئەکادیمیای کوردی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢٢ ڕێزی لە مێژوونووسی گەورەی کورد، مامۆستا کەلیموڵڵای تەوەحودی نا.
- ئەکادیمیای کوردی لە مەراسیمێکی تایبەت بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی حکومەت، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی ڕێزی لە مێژوونووسی گەورەی کورد، مامۆستا کەلیموڵڵای تەوەحودی نا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢٢ ئەکادیمیای کوردی یادی (١٢١)ەمین ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەرزڕاگرت بەکردنەوە پێشانگەیەك بۆ سەرجەم چاپکراوەکانی ئەکادیمیا بەداشکاندنی ٥٠٪، لەگەڵ ناساندن و بڵاوکردنەوەی دوو کتێب یەکەمیان پەخشنامەی هەولێر (١٩٦١ - ١٩٦٣)، دووەمیان (١١) ژمارەی دەگمەنی ڕۆژنامەی خەبات بوو کە دووبارە چاپ و بڵاوکرانەتەوە.
- کۆڕێك بۆ بەڕێز مامۆستا سوداد ڕەسووڵ دیوانی زەینەب خان ڕاستیە یا وەهم.
- کۆڕێك بۆ بەڕێزان ئەسعەد عەدۆ و ئارەزوو ئیسماعیل لەبارەی لاوك حەیران.
- کۆڕێك بۆ دکتۆرە ئاریانا ئیبراهیم لەبارەی (ڕۆلی ڕۆژنامەی خەبات لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی کوردیدا).
- کۆڕێك بۆ م. چنار نامیق لەبارەی (چەمکی جینۆساید قۆناغەکانی جینۆسایدی کورد بە نموونە).
- کۆڕێك بۆ م. شەفیقی حاجی خدر لەبارەی ناساندن و بڵاوکردنەوەی وەرگێڕاوی کتێبی بریان ڕۆبەرت گیبس (ئەرێ کورد بوونە بەردەباز) سازکرد.
- کۆڕێك بۆ م. کارۆخ خۆشناو سەرۆکی (ئەنستیتووتی توێژینەوەی ئەمریکی - کوردی) لەسەر سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد.
- کۆڕێك بۆ د.ئازار حەسۆ میرخان بەناونیشانی ناسیۆنالیزم ڕوانگەیەکی کورددییانە.
- ئێوارە کۆڕێك بە ناونیشانی (وەرگێڕان لە کورددییەوە: ئەزموونی محەمەد حوسێن موهەندیس لە بواری وەرگێڕان لە کایەکانی ئەدەب و زانستد) سازکرد.
- کۆڕێك بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس شاخەوان سدیق لەبارەی ناساندن و بلاوکردنەوەی کتێبی (چێژی خوێندنەوە) و ئەزموون و جیهانی خوێندنەوە لای خوێنەری کورد.

سێیەم: ناوی چاپکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی

هەرچەندە باری ئابووری بۆ ئەکادیمیا سەخت بووە، بەڵام ئەم دەزگایە لە بڵاوکردنەوەی کتێب ناوەستاوە، ژمارەی کتێبە چاپکراوەکانیشی لەم ماوەیەدا بریتییە لە (٢٣) کتێب بە قەبارەی گەورە و ناوەن. بەشێکی زۆری ئەم کتێبانە بەبێ بەرامبەر دەدرێنە شوێنە پێویستەکان وەك (کتێبخانە گشتییەکان، دەزگا و ناوەندەکانی توێژینەوە، پەرلەمان،

سەرۆکاتییەکان، زانکۆکان و ژمارەیەك لە کەسەیەتییەکان کتێبخانە تایبەتەکان. ئەمە جگە لە ناردنە دەرەوەیان بۆ زانکۆ کورددییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و کتێبخانە جیهانییەکان).

١- گەڕەکی شۆرجە لێکۆلینەوەیەکی ئیتنۆگرافی مێژووی بایۆگرافیە.

٢- دەهۆڵ کۆکردنەوەو نۆتە و شیکردنەوە.

٣- کەرکوك نەفرەتی نەوت وستەمی دیمۆگرافیا.

٤- پیڤەرێن ڕێکخستنەڤەیا جڤاکا هەرێما کوردستانێ.

٥- ڕێزمانی بەراورد.

٦- بریتانیا و بەکارهێنانی ئامار لە کێشەی کوردی عێراق (١٩١٩ ــ ١٩٣٢).

٧- قلائد الجمان.

٨- سەفەرێکی تر بەنێو مەملەکەتی شیعردا.

٩- فەرهەنگی زاراوەکانی ئەندازیاریی گەیاندن.

١٠- گوناح و ئیمان توێژینەوە لەبارەی گرووپە ئیتنییەکانی کوردستان.

١١- کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ.

١٢- هەولێر لێکۆلینەوەیەکی مێژوویيە.

١٣- کورد لەسیاسەتی ڕووسیادا.

١٤- بدايات الشعور القومي الكوردي في التاريخ الحديث.

١٥- الشيخ محمد سليم المردوخى.

١٦- وصف المخطوطات الكردية في مجموعات لينينغراد.

١٧- الكورد الاخرون الايزيديون في ظل الاستعمار البريطاني.

١٨- في الفكر التاريخي والسياسية.

١٩- هەولێر (١٩٦١ ــ ١٩٦٣) پەخشنامەیێکی هەفتەیی یە بە زمانی کوردی و عەرەبی شارەوانی هەولێر دەری دەکات.

٢٠- ١١ ژمارەی دەگمەنی ڕۆژنامەی خەبات.

٢١- کوردستان و پرسی کورد (١٩٢٣ ــ ١٩٤٥).

٢٢- الكرد الايزيديون.

٢٣- گۆڤاری ئەکادیمیای ژمارە (٤٢، ٤٣، ٤٤،٤٥).

چوارەم: ئەو بەرهەمانەی کە لەلایەن ئەندامانی ئەکادیمیا لە ژێر ئامادەکردن دایە

١- ئینسکلۆپیدیا بەرگی یەکەم و دووەم لەلایەن (لیژنەی ئینسکلۆپیدیا).

٢- دەرکردنی ژمارەکانی ڕۆژنامەی (صوت الاکراد) لەلایەن بەڕێزان (پ.د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی) و (م. عەبدوڵڵا زەنگەنە).

٣- ئامادەکردنی ژمارەکانی ڕۆژنامەی رزگاری (١٩٥٩) لەلایەن بەڕێزان (پ.د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی) و (م. عەبدوڵڵا زەنگەنە).

٤- بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە و دەستنووس دەربارەی مێژووی هەولێر.

٥- بڵاوکردنەوەی کتێبی رووداوەکانی (موصل و کەرکووك لە ١٩٥٩).

٦- ژیانی ڕووناکبیری و فەرهەنگی لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا وەرگێرانی لەلایەن بەڕێز (د. نەجاتی عەبدوڵڵا)

٧- سەردەمی هەڵەکان لەلایەن بەڕێز (د. نەجاتی عەبدوڵڵا).

٨- کتێبی الامبراطوریات، الحدود والقبائل الکردیة کردســتان ونزاع الحدود الترکی - الایرانی لەلایەن بەڕێز (د. نەجاتی عەبدوڵڵا).

٩- پرۆژەی کورد و کوردســتان لە بەڵگەنامە نێهنێیەکانی حکوومەتی فەرەنســا، بەرگی ســێیەم و چوارەم لەلایەن بەڕێز (د. نەجاتی عەبدوڵڵا).

١٠- نەژاد و مێژوو. کلۆد لێڤی شتراوس، وەرگێران لە فەرەنسییەوە لەلایەن بەڕێز (د. نەجاتی عەبدوڵڵا).

١١-کتێبی (قەرزی وشە) لەلایەن بەڕێز (پ.د. فاروق عومەر) ئامادەیە بۆ چاپ.

١٢-نێرگزە جارێك لە تۆپۆنیمی کوردستان لەلایەن بەڕێز (پ.د. فاروق عومەر) لە ئامادەکارییی دایە.

١٣- فەرهەنگ لە بواری مێژوو بە سێ زمانی (کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی) لەلایەن (پ.د. موحسێن محەمەد حوسێن) لە ئامادەکارییی دایە.

١٤- في الفکر التاریخی و السیاسی لەلایەن (پ.د. موحسێن محەمەد حوسێن) دەرچووە.

١٥- پرۆژەی ئامادەکردنی بەڵگەنامە و بیرەوەریی ئەفسەرانی ئێرانی، عوسمانی، بریتانی، رووسی لەبارەی شۆرشی-سمکۆ لە (١٩١٣ – ١٩٣٠) کە لە (١٧) حەڤدە کتێب پێکهاتووە لەلایەن بەڕێز (م. محەمەد باقی ئەمین) لە ژێر ئامادەکاریی دایە.

ساڵی (دووەم)

یەکەم: گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

لە ماوەی ئەم ساڵەدا، (٢) ژمارە لە گۆڤاری ئەکادیمیا بە هەرسێ زمانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)، بڵاوکردۆتەوە بە قەبارەی زیاتر لە (١٢٠٠) لاپەڕە. ئەم گۆڤارە گرینگی تەواوی بەو توێژینەوە زانستییانە داوە، کە خزمەت بە فەرهەنگ و شووناس و مێژووی کوردستان دەکەن.

دووەم: سیمینار و کۆڕبەستن و ڕێزلێنان و بەشداریکردن لە کۆنفڕانسدا

ئەکادیمیای کوردی بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ (کۆرۆنا) لە جیهاندا و بە مەبەستی پاراستنی تەندروستی هاووڵاتیان بڕیاریدا لەم ماوەیەدا هیچ کۆرو سیمینارێك ئەنجام نەدات.

بەرنامە :

١ - بەشداری کردن لە لێکۆڵینەوەیەك لە شوباتی ٢٠٢١ لە کەلار بە ناونیشانی (ملا جمیل روژ بیانی) و (حوادث کرکوك ١٤ تموز ١٩٥٩) لەلایەن بەڕێز (پ.د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی).

٢ - بەشداری کردن لە (ملتقى ملا جميل روژ بيانى) لە شوباتی ٢٠٢١دا لەلایەن بەڕێز (م. محەمەد حەمە باقی).

٣ - بەشداری کردن لە بابەتی (جهود الخطاطين في خدمة القرآن الكريم) لە (المؤتمر الدولي الافتراضى للقران الكريم واللغة العربية) کە لە (کوردستان – سنە) لە ١٠ و ١١ی ئازاری ٢٠٢١ دا بەڕێوەچوو وەك وتەبێژێك بابەتێك لەلایەن (م. محەمەد عەلی قەرەداغی) خوێندرایەوە.

٤ - بەشداری کردن لە کۆنگرەی زانستی بە بۆنەی تێپەڕبوونی (٦٠) ساڵ بەسەر شۆڕشی ١١ ی ئەیلول ١٩٦١ کە لەلایەن سەنتەری بیشکچی زانکۆی دهۆك بەڕێوەچوو بە ناوی لێکۆڵینەوەی ثورة (١١ ايلول ١٩٦١ في كتابات و مذكرات عدد من كبار ضباط الجيش العراقي ١١ ايلول ١٩٦١ _ ١١ اذار ١٩٧٠، دراسة اولية) لەلایەن بەڕێز (پ.د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی).

٥ - سیمینارێك لە بابەتێکی زماناسیدا بۆ بەڕێز (پ.د. فاروق عومەر سدیق).

٦ - سیمینارێك لەلایەن بەڕێز (م. شەفیقی حاجی خدر) لەسەر ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆمانی (کچانی دووکەڵ و ئاگر) لە بەرنامەدایە.

سێیەم: چاپکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی

هەرچەندە باری ئابووری بۆ ئەکادیمیا سەخت بووە، بەڵام ئەم دەزگایە لە بڵاوکردنەوەی کتێب نەوەستاوە، ژمارەی کتێبە چاپکراوەکانیشی لەم ماوەیەدا بڕیتییە لە (١٧) کتێب بەشێکی زۆری ئەم کتێبانە بەبێ بەرامبەر دەدرێنە شوێنە پێویستەکان وەك (کتێبخانە گشتییەکان، دەزگا و ناوەندەکانی توێژینەوە، پەرلەمان، سەرۆکاتییەکان، زانکۆکان و ژمارەیەك لە کەسەیەتییەکان کتێبخانە تایبەتەکان. ئەمە جگە لە ناردنە دەرەوەیان بۆ زانکۆ کورددییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و کتێبخانە جیهانییەکان):

١ - وریا ئەحمەد، دەهۆڵ .

٢ - پ. د. موحسین محەمەد حوسێن، في الفكر التاريخی والسياسی.

٣ - هۆشیار بەکر عەزیز، گەڕەگی شۆرجە.

٤ - تاریق جامباز، ڕۆژنامەی هەولێر.

٥ - پ.د. زرار صدیق، کاکەیی - ئەهلی هەق و شەبەك.

٦ - د. حەبیب مستەفا ئیبراهیم، ڕۆڵی ڕێساکانی داب و نەریت لە ژیانی بارزانییەکان.

٧ - پ.د. عبدالفتاح علی بوتانی، حوادث الموصل و کرکوك وتداعیاتها ٨ اذار ١٩٥٩ ١٤ی تموز ١٩٥٩.

٨ - لیژنەی مێژوو، فەرهەنگی زاراوەکانی مێژوو.

٩ - پ. د. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ڕێزمانی بەراورد.

١٠- د. هەژار بەشیر سەعدون، THE KURDISH DE FACTO STATE.

١١ - پ.د. جەبار قادر، کردلری دکتۆر فریچ کتێبێکی هەڵبستراو.

١٢ - د. نەجاتی عەبدوڵڵا، مێژوو و کوردناسی بەشی دووەم.

١٣ - ئەحمەد زەرۆ، فەرهەنگۆکا زمانی.

١٤ - د. عزەت فەندی، بێدەر بێدەرا پەیڤ و زاڕەڤان.

١٥ - هاربیت مونتغری، کرد سوریا وجود تعرض للانکار (وەرگێڕان).

١٦ - ابراهیم محمود، العالقون فی الخندق المعلق.

١٧ - پ.د. خلیل علی موراد، دفتر تحریری موفەسەل و ئیجمالی (هەولێر) لەلایەن بەڕێز (پ.د. ئازاد عوبێد) وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی.

چوارەم: بەرهەمی ئەندامانی ئەکادیمیای کوردی، کە لەژێر چاپ و ئامادەیە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

١- پ.د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، القریب من تاریخ الموصل.

٢- د. نەجاتی عەبدوڵڵا، کارکردن لە ناو ئەرشیفخانەکانی فەرەنسا لە ٢٠٢١/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣٠ بۆ ئامادەکردنی کتێبێك لەسەر شۆرشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی فەرەنسا، کاری پۆلێنکردنی بەڵگەنامەکان تەواو بووە و لە ئایندەیەکی نزیك بڵاودەبێتەوە.

٣- پ.د. موحسین محەمەد حوسێن، لێکۆڵنەوەیەك لە ژێر ناونیشانی (سورە وەردی) ٢٠٢١.

٤- پ.د. موحسین محەمەد حوسێن، توێژینەوەیەك دەربارەی (بندلي جوزي رائد في البحث التاريخی).

٥- م. محەمەد حەمە باقی، پڕۆژەی (بزوتنەوەی سمکۆ – ئیسماعیل ئاغای شکاك – لە بەڵگەنامەکانی ئێران و نێودەوڵەتیدا، کە دەبێتە (١٧) کتێب، بەرەو تەواوبوون دەچێت.

٦- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی دەیەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەست خەتەکانیانەوە.

٧- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، سێ دانراوی (د. محەمەد صدیقی موفتیزاد):- (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی، وێژە و وێژەوانان – نالینامە- پەندی پێشینان).

٨- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، دیوانی مەولەوی بەلێکۆڵینەوەیەکی نوێوە لە سێ بەرگدا.

٩- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، الفضیلة: دانراوی مەولەوی بە زمانی عەرەبی.

١٠- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، دیوانی رەنجووری: لەبەر دەستخەتی رەنجووری خۆی ساغمکردووتەوە و بە زیادەوە ئامادەی چاپی دووەمە.

١١- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، ئاسانکردنی اقتران النیرین: ئەم کتێبە پێشتر بەلێکۆڵینەوە لە (٩) بەرگدا بڵاوکرابۆوە ئێستا بە زمانێکی ئاسانتر دارێژتراوەتەوە.

١٢- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، (کنوز الکرد في دورالمخطوطات العالمیة) بەرگەکانی (٣ ، ٤ ، ٥).

١٣- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، (تأریخ القرأن الکریم والتفسیر في کردستان) لە ڕووی زیاتر لە (١٠٠) نوسخەی دەستخەتی قورئانی خۆشنووسانی کوردەوە بەرگی ئەم پڕۆژەیە نووسراوە.

١٤- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، لێکۆڵینەوەیەك بەناوی خطاط من کردستان.

١٥- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، مکتوبات خالد الکردی النقشبندی القرداغی.

١٦- لیژنەی بیبلۆگرافیا، پۆڵکردنی فەرهەنگەکان بەپێی زمانەکانیان (کوردی - کوردی)، (کوردی - زمانە بیانییەکان)، (زمانە بیانییەکان - کوردی) بەسێ جۆر تۆمار کراون: (بەناو و ناسناوی نووسەرانیان، بەناونیشانی فەرهەنگەکان، بەڕیزبەندی ساڵی چاپکردنیان).

١٧- لیژنەی بیبلۆگرافیا، ئامادەکردنی بەرگی دووەمی بیبلۆگرافیای ئەو بابەتانەی بە زمانە بیانییەکان لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراون.

١٨- لیژنەی بیبلۆگرافیا، ئامادەکردنی فەرهەنگی نەتەوەیی (کوردی - کوردی).

١٩- پ.د. وریا عومەر ئەمین، بازە مەزنەکان لەبارەی مێژووی گەردوونناسییەوەیە.

٢٠- پ.د. وریا عومەر ئەمین، لە کونجی بیرەوەریمدا.

٢١- پ. د. فاروق عومەر، نێرگسە جارێك لە تە پۆنجی کوردستان.

٢٢- پ. د. فاروق عومەر، کارکردن لەسەر کتێبی (هێلانە وشە).

٢٣- پ. د. فاروق عومەر، بە چاپ گەیاندنی باسی (بنیاتی وشەی (مەلە) لە زمانی کوردیدا).

٢٤- پ. د. فاروق عومەر، نوسینی باسی (پەڕینەوە لە مۆرفێمی سەربەخۆوە بۆ بەند لە زمانی کوردیدا).

٢٥- م. جەمال عەبدول، فەرهەنگی گەلاوێژ.

٢٦- م. جەمال عەبدول، فەرهەنگی پێناسەکانی ڕێکخراوی مرینی نێودەوڵەتی شارستانی.

٢٧- م. جەمال عەبدول، کتێبی خەمی زمان.

٢٨- م. جەمال عەبدول، دیرۆکی دروستکردنەوەی زانکۆی سلێمانی لە ١٩٩٢/١١/١٤ .

٢٩- م. جەمال عەبدول، فەرهەنگی پەروەردەی ئینگلیزی ، عەرەبی ، کوردی.

٣٠- د. هۆشەنگ فاروق جەواد، بڵاوکردنەوەی توێژینەوەیەك بە زمانی ئینگلیزی لە بارەی گرفتەکانی فێربوونی زمان لای خوێندکارانی کورد لە ژمارە ٤٤ی ساڵی ٢٠٢٠ی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردیدا بە ناونیشانی:

The Challenges of Classroom management Faced by Kurdish EFL Teachers in iraqi Kurdistan– Sulaimani Province Schools .

٣١- د. هۆشەنگ فاروق جەواد، Cognitive Studies in Kurdish Idioms: Selected papers.

٣٢- د. هۆشەنگ فاروق جەواد، توێژنەوەیەك لەسەر ئیدیۆمەکانی کەشوهەوا لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆگنیتیڤەوە.

٣٣- د. هۆشەنگ فاروق جەواد، توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر ئیدیۆمەکانی جەنگ و شەر و ململانێ هەر لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆگنیتیڤەوە.

٣٤- د. هۆشەنگ فاروق جەواد، چەند توێژینەوەیەك لە چوارچێوەی تیۆری سکیما وێنەییەکان لەبارەی مێتافۆر لە زمانی کوردیدا.

٣٥- لیژنەی ئینسکلۆپیدیای کوردستان، ئینسکلۆپیدیای کوردستان دوو بەرگ.

٣٦- د. عەبدولڕەحمان مزووری، عراقة الديانة الايزدية.

ساڵی (سێیەم)

یەکەم: گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

لە ماوەی ئەم ساڵەدا ژمارەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩ و ٥٠) گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی بە هەر سێ زمانانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) و بە هەردوو زاری (ناوەڕاست و بادینی)، بڵاوکراونەتەوە بە قەبارەی زیاتر لە (١٢٠٠) لاپەڕە. ئەم گۆڤارە گرنگیی تەواوی بەو توێژینەوە زانستیانە داوە کە خزمەت بە فەرهەنگ و زمان و ئەدەب و شووناس و مێژووی کوردستان دەکەن.

دووەم: بەرنامە

١- بەشداریکردن لە کۆنگرەی ساڵانەی یادی شۆڕشی (١١)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ بە لێکۆڵینەوەیەك لەلایەن بەڕێز پ.د. عەبدولفەتتاح عەلی بۆتانی.

٢- سەردانیکردن و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ بنکەی بێشکچی بۆ لێکۆڵینەوە مرۆییەکان لەلایەن بەڕێز پ.د. عەبدولفەتتاح عەلی بۆتانی.

٣- ڕێکخستنی پەیوەندیی ڕۆشنبیری لەگەڵ کتێبخانەی (جەمال عرفان) بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی چاپ و بەرهەمەکانی ئەکادیمیای کوردی لە شاری سلێمانی.

٤- پێکهێنانی لیژنەیەك لە شارەزایانی زمانی کوردی بە مەبەستی هاریکاری تیمی پڕۆژەیەك کە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە پێکهاتییە بە مەبەستی تاوتوێکردنی (پڕۆژەی ڕێکخستنی فەرهەنگی سەربازی پێشمەرگە) بە نووسراویان ژمارە (١٥٩٣٣) لە ٢٠٢١/١١/١.

٥- پێکهێنانی لیژنەیەك لە فەرمانبەرانی کتێبخانەی ئەکادیمیای کوردی بە مەبەستی وەرگرتنی زیاتر لە (٢٠٠٠) دوو هەزار کتێب لە کۆلێژی پزیشکی بە نووسراوی ژمارە (٣٩٦) لە ٢٠٢١/٨/١٦.

٦- کارکردن لە پڕۆژەی نووسینی (تاریخ الکرد فی العهد الاسلامی) بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای موکریانی.

٧- پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەکادیمیای کوردی لەگەڵ کتێبخانەکانی دەرەوەی وڵات و ناردنی بەرهەمەکانی ئەکادیمیا بۆ هەریەك لە (ئەلمانیا – هۆلەندا – فەڕەنسا).

٨- کردنەوەی پێشانگای کتێب لە باڵەخانەی ئەکادیمیای کوردی بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/١١ تاکو ٢٠٢١/١١/٢٦، بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی ئەکادیمیای کوردی.

٩- هەڵسانگاندنی بیرەوەرییەکانی بەڕێز (دارا عەتار) بە ناونیشانی (دارا عەتار چەند لاپەڕەیەکی بیرەوەرییەکانی هەڵدەداتەوە) لەلایەن بەڕێز پ.د. عەبدولفەتتاح عەلی بۆتانی.

١٠- بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبانە: (کێشەی نێوان کورد و ئەرمەن، سەفەرنامەی جۆن مەکدۆناڵد کینییڕ بۆ کوردستان، ثورە أيلول في عدد من الصحف الغربية والعربية، الكورد في وثائق الارشيف الوطني البريطاني الجزء الثالث، ئاستەنگەکانی هۆشیاریی هاوچەرخی نەتەوەیی کورد. بڕە لەزمانی کورديدا، کوردستان و کێشەی سنووری ئێرانی- عوسمانی: لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی پەیوەندییە سیاسییەکاندا).

سێیەم: بەرهەمەکان و بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی

١ــ گۆڤاری (٤٧-٤٨).

٢ــ دەفتەری تەحریری موفەسەل و ئیجمالی ویلایەتی ئیربیل (هەولێر).

٣ــ فەرهەنگی چەمك و زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (ئینگلیزی ــ عەرەبی ــ کوردی)/ بەرگی یەکەم و دووەم.

٤ــ کورد و کوردستان/ بەرگی سێیەم.

٥ــ بێدەر/ بەرگی (١-٢).

٦ــ ناحیە قراج.

٧ــ ناڤێن کوردی.

٨ــ کرکوك قراءات فی واقع المدنیه.

٩ــ cognitive studies.

١٠ــ بیبلۆگرافیای گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی.

١١ــ القریب من تاریخ الموصل قراءات فی نصوص تاریخیه محاصره.

١٢ــ الکرد المخدوعون.

١٣ــ لێکۆلێنەوە لە شەرەفنامە و شەرەفخانی بدلیسی.

١٤ــ کورد و کوردستان.

١٥ــ دیوانی شێخ ڕەزای تالەبانی.

١٦ــ نوروز کوردستان.

١٧ــ کوردستان لە سیاسەتی دەرەوەی عوسمانی.

١٨ــ ڕۆژنامەی کوردستان و شوێنی گەرمیان.

١٩ــ منطقه اشیتاء.

٢٠ــ پێگەی شیعری منداڵان/ بەرگی (٢ + ٣ +٤).

٢١ـ گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی/ ژمارە (٤٩)

٢٢ـ ئیشراق وەك ڕامانێك.

٢٣ـ ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی/ بەرگی (٣).

٢٤ـ ئەدەب و چیرۆکی منداڵان (٣) بەرگ.

٢٥ـ فۆلکلۆر لە شیعری کوردیدا.

٢٦ـ ڕێبەری کێش و سەروایێن سترانا دیلاکییا کرمانجی.

٢٧ـ کوردستان لە سەردەمی ئیلخانانی مەغۆلی (١).

٢٨ـ کوردستان لە سەردەمی جەلائیریدا (٢).

٢٩ـ کوردستان لە سەردەمی قەرەقویونلو و ئاق قەیونلو (٣).

٣٠ـ هەلشکافتنا باغێ کورددا.

٣١ـ دەنگی کورد یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سیاسیی کوردیی سەربەخۆیە.

٣٢ـ بیبلۆگرافیای ڕاگەیاندن.

٣٣ـ ڕزگاری/ گۆڤاری برایەتی کورد و عەرەبە یانی چی؟.

٣٤ـ کێشەی نێوان کورد و ئەرمەن.

٣٥ـ سەفەرنامەی جۆن مەکدۆناڵد کینییڕ بۆ کوردستان ساڵی ١٨١٤.

٣٦ـ ثورة ١١ أيلول ١٩٦١.

٣٧ـ ئاستەنگەکانی هۆشیاریی نەتەوەی هاوچەرخی کورد.

٣٨ـ الكورد في وثائق الارشيف الوطني البريطاني (ج٣).

٣٩ـ بڕە لە زمانی کوردیدا.

چوارەم: بەرهەمەکانی ئەکادیمیای کوردی، کە ئامادەن بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

١ـ د. ئەکرەم فەرەیدون حەمە ئەمین، بیبلۆگرافیای ڕاگەیاندن، بەرگی (١ و ٢ و ٣ و ٤) هەولێر ٢٠٢٢.

٢ـ د. رابیعە فەتتاح خۆشناو، مێژووی کوردستان لە ڕووخانی دەوڵەتی عەباسییەوە تا جەنگی چاڵدێران (کوردستان لە سەردەمی ئیلخانانی مەغۆلی لە ٦٥٦ ــ ٧٣٦ کۆچی / ١٢٥٨ ــ ١٣٣٥ زایینی) توێژینەوەیەکی مێژوویی بەرگی یەکەم هەولێر ٢٠٢٢.

٣ـ د. زرار سدیق تۆفیق، مێژووی کوردستان لە ڕووخانی دەوڵەتی عەباسییەوە تا جەنگی چاڵدێران (کوردستان لە سەردەمی جەلائیریدا لە ٧٣٧ ــ ٨١٤ کۆچی / ١٣٣٧ ــ ١٤١١ زایینی) وەرگێرانی لە لایەن د. رابیعە فەتتاح خۆشناو، توێژینەوەیەکی مێژوویی و ئابوورییە بەرگی دووەم هەولێر ٢٠٢٢.

٤ـ د. رابیعە فەتتاح خۆشناو، مێژووی کوردستان لە ڕووخانی دەوڵەتی عەباسییەوە تا جەنگی چاڵدێران (کوردستان لە سەردەمی قەرە قویونلو و ئاق قویونلو لە ٨١٤ ــ ٩٢٠ کۆچی / ١٤١١ ــ ١٥١٤ زایینی) توێژینەوەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە بەرگی سێیەم هەولێر ٢٠٢٢.

٥ـ د. عەبدوڵڵا خدر مولود، فۆلکلۆر لە شیعری کوردیدا. هەولێر ٢٠٢٢.

٦ـ د. مەسعود جەمیل ڕەشید، ڕێبەری کێش و سەرواێین سترانا دیلانکییا کرمانجی هەولێر ٢٠٢٢.

٧ـ د. کەیفی ئەحمەد ئەدەب و چیرۆکی منداڵان هەولێر ٢٠٢٢.

پێنجەم: چالاکییەکانی ئەکادیمیای کوردی

١- کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان ئەکادیمیای کوردی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان بۆ هەماهەنگی و چاککردنی ڕەوشی چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستان. لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٢/١.

٢- سەردانی شاندێکی ئەکادیمیای کوردی لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٢/١، کە پێکهاتبوو لە سەرۆك و سکرتێری ئەکادیمیای کوردی و عەبدوڵڵا زەنگەنە بۆ دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان لە شارۆچکەی پیرمام بۆ ئەنجامدانی کارێکی هاوبەش لە نێوان هەردوولا بۆ چاپکردنی کتێبی (صوت الاکراد) لە ئایینده‌یەکی نزیکدا.

٣- ئەکادیمیای کوردی بە مەبەستی هاوکاری و یارمەتیدانی داموده‌زگا ڕۆشنبیرییەکان هەڵسا بە پشتگیریکردن و یارمەتییدانی ماددی بۆ وەرزنامەی کەشکۆڵ.

٤- لیژنەی ئینسکلۆپیدیا وەك کار و چالاکییەکانی خۆی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکەی ئەنجامدا.

٥- لیژنەی کولتووری و کۆمەڵایەتی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی لەم مانگەدا ئەنجامدا.

٦- لیژنەی دەستنووس و بەڵگەنامەکان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکەی خۆی ئەنجامدا.

٧- لیژنەی زمان وەك کاری ئاسایی خۆی و بە هەمەهانگی لەگەڵ ژووری بازرگانی کارەکانی خۆی لە دەستنیشانکردنی ناوی کوردی و دانانی ناو بۆ کۆمپانیاکانی دەرەوەی هەرێم ئەنجام دەدات.

٨- لیژنەی گۆڤار کارنامەی کۆبوونەوەی پێشووی، کە لە ٢٠٢١/١١/٢٨ ئەنجامدرا بوو، پەسەندکرد و دواتر تاوتوێی ناونیشانی توێژینەوە هاتووەکانی کرد و بەسەر هەڵسەنگێنەرانی پسپۆر دابەشکرد.

٩- لیژنەی گۆڤار تاوتوێی ژمارەکانی داهاتووی گۆڤار و بابەتی بە ئەلکترۆنی کردنی گۆڤاری ئەکادیمی لە داهاتوودا کرد.

١٠- دانان و بڵاوکردنەوەی چوار بەرگی کتێب (کوردستان لەسەردەمی جەلائیریدا و کوردستان لەسەردەمی ئیلخانانی مەغۆلی و کوردستان لەسەردەمی قەرەقویونلو و ئاق قویونلو و هەلشکافتنا باغێ کوردا)

١١- سەردانی شاندێکی لیژنەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەکادیمیای کوردی بۆ ئینستیتووتی

١٢- توێژینەوەی فەڕەنسی بۆ ڕۆژهەڵاتی بەرایی (IFPO) لە هەولێر.

١٣- ڕێوڕەسمی بەخشینی ئەندامەتی شکۆمەند بە نووسەر و وەرگێڕ (دارا عەتار).

١٤- سەردانی شاندێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەکادیمیای کوردی.

١٥- سەردانی شاندێکی لیژنەی کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەکادیمیای کوردی بۆ زانکۆی سۆران.

١٦- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی لە شاری سلێمانی لە بنکەی ژین.

١٧- ئەنجامدانی سیمینارێك لە یادی شەهیدانی کوردی فەیلی لە ٢٠٢٢/٤/٤.

١٨- ئامادەکاری بۆ ڕێوڕەسمی دابەشکردنی کتێبی کەشکوڵی نەجمەدین مەلا.

شەشەم: وەرگێڕانی ناونیشانی ئەم کتێبانەی خوارەوە لە زمانی ڕووسی بۆ کوردی

کتێبی ڕووسی		
ژمارە	ناوی کتێب	
١	ئەنسکلۆپیدیای مێژوویی سۆڤیەتی	١٢بەرگ
٢	ئەنسکلۆپیدیای گەورەی سۆڤیەتی	٤٢ بەرگ + ٣بەرگ
٣	مایکۆڤسکی/ کۆی بەرهەمەکانی	١٠ بەرگ
٤	ماکسیم گۆرکی/ کۆی بەرهەمەکانی	٢٠ بەرگ
٥	نامەی دکتۆرای خوالێخۆشبوو عبدڕحمان/ مارف بە ڕووسی	١بەرگ
٦	چێخۆڤ/ بژاردەی بەرهەمەکانی	١بەرگ
٧	ئەرکادی گایدار/ چیرۆك	
٨	گۆل	١/ ١٩٤٨بەرگ
٩	کتێبی ساڵانەی ئەنسکلۆپیدیای سۆڤیەتی	١بەرگ
١٠	تۆلستۆی/ شەروئاشتی	١بەرگ
١١	تاراسی شێڤکێنکۆ/ شیعر	١بەرگ
١٢	مەکارینکۆ/ شیعر	١بەرگ
١٣	میچوورین/ بەرهەمەکان	١بەرگ
١٤	ئۆسترۆڤسکی/ بەرهەمەکان	١بەرگ
١٥	جۆرج ئەمادۆ/ ئازادیی نهێن /ڕۆمان	١بەرگ
١٦	مێژووی ئەدەبیاتی بێگانە	١بەرگ
١٧	گرفتەکانی ئێستای ئەدەبناسی و زمانەوانی	١بەرگ
١٨	لە ژێردەستیەوە بۆ سەربەخۆیی/ سیاسەت - وەرگێڕان لە هندییەوە بۆ ڕووسی	٢بەرگ
١٩	مێژوو ئەدەبیاتی بێگانە کۆتایی سەدەی - نۆزدە - سەرەتای بیستەم	١بەرگ
٢٠	ئەدەبیاتی بێگانە لە سەدەی بیستەم	١بەرگ
٢١	ئێدمۆند و ژولی دی گۆنکوور/ بەرهەمەکانیان / وەرگێران - لە فەڕەنسییەوە	١بەرگ
٢٢	ژوکۆڤسکی/ شیعر/ بەرهەمەکانی	١بەرگ
٢٣	کورتەیەکی مێژوویی فۆنۆتیکی زمانی کوردی - تسەبۆلۆڤ .پ.	١بەرگ
٢٤	ئاسەواری نووسراو و گرفتەکانی مێژووی - کولتووری میللەتانی ڕۆژهەڵات/ کۆگوتار	١بەرگ
٢٥	مێژووی فەلسەفەی ماف	١بەرگ
٢٦	ڕاپەڕینی کوردانی ساڵی ١٨٨٠ جەلیل جەلیلی	١بەرگ
٢٧	لۆجیکا	
٢٨	خزمەتگوزاریی فڕیوەکانی شەو/ چیرۆك	
٢٩	باخچەوانی/ کەتەلۆگ	
٣٠	بایۆلۆ گیای خێزانی هەنگ	
٣١	زمانانی ئێرانی/ کۆ وتار	
٣٢	ئی.ئا.بوونین/ چیرۆك - هەڵبژاردە	
٣٣	ئیلیا ئێرنبێرگ / بوریا - ڕۆمان	
٣٤	بەروبوومی کشتوکاڵی	
٣٥	یاسای ئەنتی - کرێست لە ئەمەریکا	
٣٦	زمانانی ئێرانی/ ئۆرانسکی	
٣٧	جاك لۆندن - چیرۆکەکانی	
٣٨	نازم حیکمەت - شیعر	
٣٩	ئەدەبی دێرینی ڕووسی	
٤٠	بەلزاك /جوتیارەکان/ ڕۆمان	
٤١	ئەدەبی دێرین/ گەسپارۆڤ ١١٩٧١	
٤٢	بەرهەمەکانی پەیمانگای مێژوو و فەلسەفە/ بەرگی ٩ - باکۆ ١٩٥٦	
٤٣	بوو میرانگ/ گەشت بە ئوسترالیا/ وەرگێران لە سویدییەوە - بۆ ڕووسی	
٤٤	زمانی ڕووسی لە پراکتیکدا	
٤٥	تورگێنیڤ/ چوار ڕۆمان	
٤٦	پەلکە زێڕینە(ڕادوگا)لە زمانی ئەلمانییەوە کۆمەڵە - چیرۆك	
٤٧	کوردۆیڤ/ ڕێزمانی زمانی کوردی	

٤٨	سمیرنۆڤا/ شێوەکانی ژمارەی ناوەکان لە زمانانی ئێرانیدا	
٤٩	جەنگی سەدە/ عەسکەری/ بیرەوەری ١٩٧٥/ مۆسکۆ	
٥٠	ڕێنووسی زمانانی جیهان ١٩٦١/مۆسکۆ	
٥١	ڕەچەڵەکی مرۆڤ/ نیستورخ/ ئەنترۆپۆلۆگیا	١بەرگ
٥٢	میچێل ویلسۆن/ بەیەك گەیشتن لە بازنەیەکی دوودا	
٥٣	ئەندرێیڤ و ڤارۆنۆڤ/ ڕۆمان وەرگێڕان لە ئینگلیزی - پسوولەی باگریان ڕۆمان ١٩٧٤	
٥٤	ئی.ئا.کریلۆڤ/ هەڵبژاردە ئەدەبی منداڵان ١٩٦٩	
٥٥	بەرهەمەکانی لینین لەسەر کێشە نەتەوەییەکان ١٩٦٢ - مۆسکۆ	
٥٦	کورتە فەرهەنگی(فەرهەنگۆك)فەلسەفە/ ١٩٥٣ مۆسکۆ	
٥٧	ئەرکادی گەیدار/ بەرهەمەکانی/ مۆسکۆ ١٩٥٧ چیرۆك و هونەری سینما	
٥٨	لیستی ئەندامەکانی خێزانی مارکس/ ١٩٥٤ مۆسکۆ	
٥٩	چۆن خانووی گوند دروست دەکرێن/ ١٩٧٦ مۆسکۆ	بەرگی دووەم
٦٠	ئالیکدانی ئاژەڵی شیردار/ ١٩٧٨ مۆسکۆ	
٦١	ئەلف و بێی باخچەوانی/ ١٩٧٧ مۆسکۆ	
٦٢	ڕەزی ترێ/ ١٩٧٧ مۆسکۆ	
٦٣	خولیای فلیمسازی/ ١٩٧٤ مۆسکۆ	
٦٤	بنەماکانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی/ ١٩٥٥ مۆسکۆ	
٦٥	شەڕەفنامە بە زمانی ڕووسی/ ١٩٦٧ مۆسکۆ	
٦٦	مێژوی ئەدەبیاتی بێگانە لە سەدەکانی حەڤدە وهەژدەمدا	
٦٧	کارگەی شیرو تەور/ ڕۆمان وەرگێڕان لە چینییەوە	١بەرگ
٦٨	داستان و چیرۆك/ وێلز وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە	
٦٩	دووکۆتایی/ ڤێرێسایڤ/ چیرۆك	
٧٠	شاعیرانی بولگاری	
٧١	ڕۆمان دێرین/ کۆمەڵە وتار	
٧٢	هونەری ڕووسیی کۆن/ نووسینی لوبیمۆڤ	
٧٣	باخچەوانی/ شیرمانۆڤ	
٧٤	ژەهری درختەکان/ تۆکین/ بایۆلۆگی - کشتوکاڵی	
٧٥	گەشتەکەی لێمۆلیا گولیڤێرا/ جوناتان ستیڤن وەرگێڕان لە ئینگلیزی	
٧٦	لە ڕۆخی روباری کێویدا/ بۆریی پۆلیڤۆی- ڕۆمان	
٧٧	قارەمانی بیابانی ئەوسەر/ جیمی ئۆلدریج/ وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە	
٧٨	چێخۆڤ - کۆی بەرهەمەکانی بەرگی شەشەم ١٩٦٢	
٧٩	کازاکۆڤیچ/ بەرهەمەکان/ ڕۆمان ١٩٦٣	
٨٠	زمانی کوردانی ئازەربایجان- باکایڤ/ مۆسکۆ ١٩٦٥	
٨١	گۆدخولد لێسینگ/ دراما لە ئەڵمانییەوە/ ١٩٧٢ مۆسکۆ	بەرگی ١
٨٢	رافاییل ڤیڤیانی/ هونەر/شانۆنامە لە زمانی ئیتالییەوە ١٩٦٢ مۆسکۆ	
٨٣	کاپتنی پازدە ساڵی/ ژولی ڤێرن/ ڕۆمان/ لە فەڕەنسییەوە - ١٩٦٣ کیریلیا	
٨٤	بۆریسی پۆلیەڤۆی/ چیرۆکەکانی / ١٩٧٤ مۆسکۆ	
٨٥	ئۆژیگوف- لێکسیکۆلۆگیا،لێکسیکۆگرافیا،کولتووری قسەکردن ١٩٧٤ مۆسکۆ	
٨٦	ئیتالۆزڤیڤۆ- خۆناسینەوەی دزینۆ/ وەڕگێڕان لە ئیتالییەوە - ئەدەب ١٩٧٢ لینینگراد	
٨٧	چاکۆڤسکی گەمارۆ-ڕۆمان ١٩٧٤ مۆسکۆ	
٨٨	سیرگێی یەسینین/ شیعر ١٩٦٥ مۆسکۆ	
٨٩	کازاکۆڤیچ/ بەرهەمەکانی ڕۆمان ١٩٦٣	
٩٠	دۆستۆیڤسکی/ کۆمەڵە وتار/ ١٩٧٤ لینینگراد	بەرگی ٢
٩١	لێکۆڵەران/ گرانین/ڕۆمان ١٩٧٤ لینینگراد	
٩٢	بیلینکا لە مەیدان/ کۆنۆڤالۆڤ/ چیرۆك و ڕۆمان - ١٩٧٤ مۆسکۆ	
٩٣	ئەدەبیاتی سۆڤیەتیی زوو/ چیرۆك و گێڕانەوە ١٩٧٢ - لینینگراد	
٩٤	فۆنێتیکا،فۆنۆلۆگیا،گراماتیکا/ کۆمەڵە وتار/ ١٩٧١ - مۆسکۆ	
٩٥	شەڕەفنامە بە زمانی ڕووسی ١٩٧٦ مۆسکۆ	
٩٦	کوردستان و مەلەسەی کوردی/ لازەریف ١٩٦٤ مۆسکۆ	
٩٧	ڕووسی لە کوێوە هاتوون/ مەکارینکۆ ٢٠٠٣ مۆسکۆ	بەرگی دووەم
٩٨	زمانی کوردانی یەکێتی سۆڤیەت/ بەکایڤ ١٩٧٣ مۆسکۆ	

٩٩	پارە سکە ی دڤین/ موشێگیان/١٩٦٢ یەریڤان	
١٠٠	مستەفا بارزانی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد/ مەسعود بارزانی ٢٠٠٥ بیترسبورگ/ ١٩٣١-١٩٦١	
١٠١	نهێنیەکانی خاکی ڕووسی کۆن/ پیتوخۆڤ ٢٠٠٣ مۆسکۆ	
١٠٢	ئاڤێستا/ سەکەلۆڤا وسمیرنۆڤا پیترسبورگ ٢٠٠٥	
١٠٣	مایکۆڤسکی/ کۆی بەرهەمەکانی ١٩٥٦ مۆسکۆ	
١٠٤	مایکۆڤسکی/ کۆی بەرهەمەکانی ١٩٦١ مۆسکۆ	
١٠٥	مێژووی ئەدەبیاتی گرێکی کۆن/ ڕادتسیگ ١٩٦٩ مۆسکۆ	بەرگی٢
١٠٦	شوانەکانی بریتان ساڵی ١٧٩٩/ بەلزاك ١٩٥٥ مۆسکۆ	بەرگی ١٣
١٠٧	ئاننا کارنینا/ تۆلستۆی ١٩٦٤ مۆسکۆ	
١٠٨	ئوردن لە سەردەمی نوێدا/ کەتەلۆڤ ١٩٦٢ مۆسکۆ	
١٠٩	ئەتلەسی زیانگەران بە بەروبومەکانی کشتوکاڵ ١٩٧٦کییڤ	
١١٠	مێژووی ئەدەبیاتی ڕووسی سۆڤیەتی/ ئیخۆتسۆڤ/١٩٧٤ مۆسکۆ	
١١١	دوما ئەلیکساندەر- ژیان و سەربردەی/ میخائیل گیرمان١٩٦٢ مۆسکۆ	بەرگی٣
١١٢	باسنی ئیزۆپ(ئیزۆپی کۆیلە) وەرگێڕان لە گرێگییەوە - گەسپارۆڤ ١٩٦٨ مۆسکۆ	
١١٣	ڕاونانی تراویلکە/ چیرۆك/ نیکۆلای تامان ١٩٥٥ مۆسکۆ	
١١٤	سیرافیمۆڤیچ/ چیرۆك بەرهەمەکانی ١٩٤٦ مۆسکۆ	
١١٥	مێژووی ئەدەبیاتی ڕووسی سەدەی ١٩/ کۆ وتار ١٩٧٤ - مۆسکۆ	
١١٦	لیریکای ئەوروپای ڕۆژئاوا/ کۆ وتار/١٩٧٤ لینینگراد	
١١٧	ئامێری نووسین/ ئۆزیران ١٩٧٦ مینسك	
١١٨	تسوسیما- نۆڤیکۆڤ- پریبۆی/ ڕۆمان ١٩٤٧ مۆسکۆ	
١١٩	تالین- ئەلبووم	
١٢٠	ستەفا بارزانی و بزووتنەوەی کوردی ١٩٦١-١٩٣١ - پیترسبورگ ٢٠٠٥	
ئەو ڕێکخراوانەی کە سەردانی مەیدانیان بۆ کراوە بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون بە کار و چالاکییەکانیان	٤٥
ئەو نووسراوانەی کە کراون	٩٤
ئەو پەیوەندییە تەلەفونیانەی کە کراون	١٢٠
ئەو بڕیارە کارگێڕییانەی کە کاریان لە سەر کراوە	١٠
ئەو ڕێکخراوانەی کە بەدواداچوون بۆ دۆسییەکانیان کراوە	١٥٠
بەشداربوون لە کۆبوونەوەکان	٣٠
ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕەوانەی چاودێری دارایی کراون	٥٢
ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی یاسایی کراون	٥٨

- **کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکان**

جۆری چالاکی	٢٠٢١	٢٠٢٢
دەرکردنی نووسراو	١٧	١٠
پڕکردنەوەی فۆرمی جێگیرکردنی ناو	٢٤٥	٤٦
وەڵامدانەوەی پەیوەندی تەلەفۆنی	٨٧٦	٢٠٣
ناردن و وەڵامدانەوەی ئیمەیل	٨٦	٣٥
وەڵامدانەوەی نامەی پەیجی فەیسبووک	٩٥	٥٤
بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە پەیجی فەیسبووک	٦١	٤٢
هەماهەنگی و بەشداریکردن لە چالاکی ڕێکخراوەکان	١٧	٢١

- **پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکان:**

- پێشکەشکردنی ١٢ سیمیناری ڕاپۆرتی داریی بۆ ٣١٠ ڕێکخراو لە هەر چوار شاری هەولێر، سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە.
- وۆرکشۆپی فۆتۆگرافی ڕێکخراوەیی کە ٢٥ ڕیکخراو لێی سوودمەندبوون.

- **پەرەپێدانی توانای فەرمانبەران:**

- ئەنجامدانی ٤ خوولی ڕاهێنان و پەرەپێدان دەربارەی: ئەرشیفکردن، ڕاپۆرتی دارایی، بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن، هۆشیاری یاسایی فەرمانبەران.

- **کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکان:**

ئەنجامدانی ٨ کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکان لەسەر بنەمای سێکتەری کارکردن، بەم شێوەیە:

- ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.
- ئافرەتان.
- نێودەوڵەتییەکان.
- پێشمەرگە، شەهید و ئەنفالکراوان.
- ژینگە.
- پەروەردە.

- **پرۆژە و کەمپینەکان:**

١- کەمپینی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ زیان لێکەوتووانی کەمپی شاریا: کە تیایدا خێزانە زیان لێکەوتووەکان بە بڕی ٦٠٠ دۆلار قەرەبوو کرانەوە.

٢- کەمپینی قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووانی لافاوەکەی هەولێر: کە تیایدا قەرەبووی (٣٦٣) خانەوادە کرایەوە.

٣- ئەنجامدانی ژمارەیەک پرۆژە و چالاکی لە شاری هەڵەبجە لەسەر ئاستەکانی پەروەردە، ژینگە، تەندروستی، مرۆیی، خوێندنی باڵا، نۆژەنکردنەوە و تا ئێستاش بەردەوامیان هەیە بە جۆرێک کە توانرا شارەکە و پێداویستییەکانی بە بەشێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بناسێنرێت.

ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

ساڵی (یەکەم)

ئەم ڕاپۆرتە لەسەر ئەم بنەمایانەی ئاماژەیان پێدراوە داڕێژراوە:

- ستراتیژی نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی بارودۆخی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان کە لە ٢٠١٦/١١/٢٢ لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند کراوە.
- ستراتیژی نیشتمانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ساڵی ٢٠١٢ پەسەند کراوە.
- پلانی نیشتمانی جێبەجێ کردنی بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانتایبەت بە (ئافرەت، ئاشتی، ئاسایش) لە کاتی ململانێکاندا.

بۆ هەریەک لەو ستراتیژانە پلانی تایبەتمان هەیە بە نموونە:

- پلانی گۆڕینی هەڵسوکەوت تایبەت بە قەدەغەکردنی بەشودانی کچانی منداڵ.
- پلانی تایبەت بە نەهێشتنی خەتەنەکردنی مێینە لە هەرێمی کوردستان.

دانانی بەرنامە بۆ پڕۆژەی ڕاهێنانی دادوەران و داواکارانی گشتی و لێکۆڵەرانی دادی و ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە تایبەت بە هەروو یاسای باری کەسی و توندوتیژی خێزانی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی داد وەری و وەزارەتی داد و ناوخۆ.

دانانی پلانی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ جێبەجێ کرنی ستراتیژ و سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری ئافرەتاندا گشت ئەمانە پشتیان بەستووە بە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و هاوکاری شارەزاو راوێژکاری ناوخۆیی ونێودەوڵەتی، لەهەمان کات میکانیزمی جێبەجێ کردنیان و بەدواچوون وهەڵسەنگاندنیان دەستنیشان کراوە و رەچاوی ئەگەر و ئاستەنگە پێشبینی کراوەکان و دەرفەتەکانی سەرکەوتنی کردووە.

جێبەجێ کردنی بەرنامە و پلانەکانی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بواری ئافرەتاندا پێویستی بە هەماهەنگی گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان و بە پلەی یەکەم، لە هەمان کاتدا پێویستی بە هاوکاری مەعنەوی و مادی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە ناحکومییە نێو دەوڵەتییەکانە.

هەر لەسەر ئەو بنەمایانە، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان ساڵانە ئەولەویاتی کاری دەستنیشان دەکات و لەگەڵ گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان پلانی جێبەجێ کردن و بەدواداچوون و ئاماژەکانی جێبەجێ کردن دادەرژێت.

پوختەی کار و چالاکییەکان:

- لە ٢٠١٩/٧/٢٥ کۆبوونەوە لەگەڵ رێکخراوە مەدەنیەکانی ناوخۆ و رێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان و ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە مەبەستی پێداچونەوەو بەدواداچوونی بەرنامە هاوبەشەکانی نێوانمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان. لە کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆکرا لەسەر خولەکانی تواناسازی بۆ یەکەکانی یەکسانی جێندەری لە وەزارەت و دامەزراوەکانی دیکەی حکومەت و چۆنیەتی بەردەوامی و بەرەوپێشبردنی ئەو خولانە لە ناوەڕۆک و شێوازدا.
- لە درێژەی خولەکانی ڕاهێنان بۆ بەهێزکردنی یەکەکانی یەکسانی جێندەری، لە ٢٨ و ٢٠١٩/٧/٢٩، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان خولی ڕاهێنانی لەو بوارەدا ئەنجامدا، بەهاوکاری UN WOMEN و یەکێتی ئەوروپا، لەچوارچێوەی پرۆژەی (پاڵپشتی ژنان و کچانی ئاوەرە و کۆمەڵگەی خانەخوێ- کە ناسراوە بە پرۆژەی مەدەد) بۆ "یەکەکانی یەکسانی جێندەری" سەبارەت بە ئەرک و کاری ئەو "یەکانە" لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمدا.
- لە ٣٠ و ٢٠١٩/٧/٣١ درێژەدان بەهەمان خول بۆ ئەندامانی یەکەکانی یەکسانی جێندەری.
- بەستنی کۆنفراسی هاوبەش لەگەڵ (رێکخراوی تواناسازی ئافرەت) لە٥-٢٠١٩/٨/٦ ، تایبەت بە گفتوگۆ لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە بابەتە یاساییەکان و بەڵگەنامە نێو دەوڵەتییەکان وەک (سیداو) و (پلاتفۆرمی بێجین) و بڕیاری "١٣٢٥"ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی.
- کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری بانکی نێودەوڵەتی و هاوبەندی بانکە تایبەتیەکانی عێراق، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا چەند پرۆژەیەکی هاوبەش ئەنجام بدرێت لەبواری پەرەپێدانی سەربەخۆیی ئابوری ئافرەتان لە بوارەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بوارەکانی دیکەی تواناسازی ئابوری. (تا ئێستا لەبواری ئاماەکارییەکانن).
- لە ١٦و٢٠١٩/٩/١٧ بەردەوامی بە خولەکانی تواناسازی "یەکەکانی یەکسانی جێندەری" لەگەڵ هاوبەشەکانمان.
- لە ٢٠١٩/١٠/٢٨ بەهاوبەشی لەگەڵ رێکخراوی (یورۆمید) ئەنجامدانی کۆنفرانسی "یەکەکانی جێندەری" سەبارەت بە "دیدگە، ئامانج، پلان" هەروەها هەڵسەنگاندن و پێداویستیەکانیان بۆ باشترکردنی تواناکانی کارکردنیان و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنفرانسە دەچێتە پلانی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.
- بەشداریکردن لەگەڵ وەفدی عێراقی لە کۆبوونەوەی راوێژکاری دانانی پلانی نیشتیمانی جێبەجێ کردنی بڕیاری "١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و چەند بیر و ڕایەکمان سەبارەت بە رۆڵی هەرێم چەسپاند
- لە ٢٠١٩/١١/٥ کۆبوونەوە لەگەڵ شاندێکی باڵای یونامی بەسەرکردایەتی (ئەلیس والپۆل)، خستنە ڕوی هەندێک تێبینی سەبارەت بە فەرامۆشکردنی هەرێمی کوردستان لەهەندێک رووەوە (لەبواری کاری ئەنجومەنەکەمان) دانیان نا بەوەدا هۆکارەکەیان گێڕایەوە بۆ ئەوەی کە ئەنجومەن خۆی بەتوانایە و پێویستی بەو بایەخە نیە کە ئەوان بە بەغدای ئەدەن!! لەهەمان کات وەعدیان دا کەلەمەودوا پەیوەندییەکان بە هێزتربن.
- کۆنفرانس دەستپێک و چالاکییەکانی هەڵمەتی نیشتیمانی شازدە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندو تیژی بەرامبەر بە ژنان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ٢٠١٠/١١/٢٥ تاوەکو ٢٠١٩/١٢/١٠ .
- سەردانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و ژمارەیەک لە وەزیرەکانی کابینەی نۆیەم و پارێزگاری هەولێر بە مەبەستی هەماهەنگی زیاتر لە بواری بەرنامەکانی تایبەت بە ئافرەتان.
- ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیەک بۆ ئامادەکاری بۆ پرۆژەی دیراسە و هەڵسەنگاندنی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم پەیوەندیدار بە پرسی ژن و دەستنیشانکردنی ئاستەنگ و بەربەستەکان.

- لە ٢٠٢٠/٦/١٩، بە بۆنەی رۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی سێکسی لە پێکدادانەکاندا، دەرکردنی بەیاننامەی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و سپۆتێکی تایبەت کە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ناوخۆ و بە هاوکاری فەرمانگەی میدیا و زانیاری ئەنجامدرا کە تیایدا قورابانییەکی یەزیدی (لەیلا تەعلۆ) باسی بەسەرهاتەکانی و قوربانیانی خانمانی یەزیدی کرد.
- لە ٢٠٢٠/٧/٢، پێشکەشکردنی سیمینارێک (بە ئۆن لاین) دەربارەی توندوتیژی سێکسی لە کاتی پێکدادانەکاندا، دواییین ئامار و زانیاری لە سەر کچان و ژنانی رفێندراو و رۆڵی حکومەت و رێکخراوەکان لە جێبەجێ کردنی بەیاننامەی هاوبەشی واژووکراو لە نێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان و هەماهەنگی لەگەڵ گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان باس کرا.
- لە ٢٠٢٠/٧/٥ ، ئەنجامدانی سیمینارێک دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و شێوازەکانی خۆپارێزی، بە بەشداری خانمانی ئەفسەر و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر.
- لە بەردەوامی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ بەهێزکردنی سەنتەرەکانی یەکسانی جێندەری لە روی داڕشتنی پرۆگرام و پەیڕەوی کاری سەنتەرەکان و یەکخستنی بەرنامەو هەیکەلیەتی لە زانکۆکانی هەرێم.
- بەدواداچوون بۆ بڕگەی (١-٢) مادەی (١٧) یاسای باری کەسێتی بە ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠٠٨ لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و لەلایەن وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی فەرمانی جێبەجێ کردنی بۆ دەرچوو.
- لەگەڵ وەزارەتی داد/ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی و وەزارەتی ئەوقاف بۆ بەداواچوون سەبارەت بە پێشێل کردنی یاساکان لە پەرلەمانی کوردستان و پابەندبوون بە یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ وە هەروەها مادەی ٢٥ی یاسای باری کەسێتی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان بە ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ی پەرلەمانی کوردستان.
- پرۆژە یاسای ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان نێردراوەتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسەندکردنی و ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان.
- سەردانی بەغداو کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز وەزیری دادی عێراق سەبارەت بە هەندێک تێکەڵی لە ئەرکەکاندا لەئەنجامی نەهێشتنی وەزارەتی کاروباری ئافرەتان و وەزارەتی مافی مرۆڤ لە عێراق دا بەرپابوون و پاش تەکلیف کردنی وەزارەتی داد بە ئەرکی ئەو دوو وەزارەتە ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر ئەرکەکانی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان.

(ساڵی دووەم)

ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان ئەم چالاکییانەی خوارەوەی ئەنجامداوە:

١	**چالاکی:**	پێداچوونەوە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزان و ئافرەت و ئامادەکردنی رەشنووسی یاسایەکی نوێ بۆ ئەو مەبەستە.
	ئامانجی ستراتیژی:	گرتنەبەری ڕێ و شوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسیانە بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان.
	کات و شوێن:	جانیوێری – هەولێر
	هاوبەش:	وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزان و ئافرەتان، لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان، ڕێکخراوە ناوخۆیی و بیانییەکان و نەتەوەیەکرتووەکان.
	دەرەنجام:	تەواوبووە ، رەشنووسەکە ئامادەیە.

٢	**چالاکی:**	ئامادەکردنی پەیڕەوێکی نوێ بۆ ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان کە لەگەڵ ئامانجە درێژخایەنەکانی کابینەی نۆیەم و رەوشی ئێستای ئافرەتان لە هەرێم بگونجێت.
	ئامانجی ستراتیژی:	بەشداری پێ کردنی ژنان لە پڕۆسەی دروستکردنی بڕیار و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی لە سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی هەرێم.
	کات و شوێن:	مارس-مەی/ هەولێر.
	هاوبەش:	دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی کەرتی گشتی، ڕێکخراوە ناوخۆیی و بیانییەکان، ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان.
	دەرەنجام:	تەواو بووە، رەشنووسەکە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بەرزکراوەتەوە.

٣	**چالاکی:**	ئەنجامدانی هەڵمەتی ١٦ رۆژەی بەرەنگاربوونەوە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر.
	ئامانجی ستراتیژی:	بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا سەبارەت بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان.
	کات و شوێن:	نۆڤەمبەر – هەولێر.
	هاوبەش:	وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوقاف، پەروەردە، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان، سندووقی دانیشتووانی نەتەوەیەکگرتووەکان.
	دەرەنجام:	- تەواوبووە.

٤	**چالاکی:**	یادکردنەوەی ٨ مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان. بەشێوەیەکی مەیدانی سەردانی هەر چوار پارێزگاکەی هەرێم کراو خەڵاتی ئەنجومەن درا بە ئافرەتانی لێهاتوو و گەنجانی داهێنەر و هەروەها ئەو کچ و ژنانەی لە کەرتی تایبەتدا خاوەن کاری خۆیانن لە هەر پارێزگایەک. ٢٥ ژن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان - خەڵاتکران.
	ئامانجی ستراتیژی:	بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و رێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.
	کات و شوێن:	مارس/ هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆک.
	هاوبەش:	پارێزگارەکانی هەر چوار پارێزگا، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان، سندووقی دانیشتووانی نەتەوەیەکگرتووەکان.
	دەرەنجام:	تەواو بووە.

٥	**چالاکی:**	کۆبوونەوە لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (رێکخراوەکانی ژنان) لەسەر ئاستی هەر چوار پارێزگاکەی هەرێم.
	ئامانجی ستراتیژی:	گەشەپێدان و پێشخستنی ژنان و سوودوەرگرتن لە تواناکانیان لەبوارە جیاجیاکانی ژیان.
	کات و شوێن:	مارس/ هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆک.
	هاوبەش:	رێکخراوەکان.
	دەرەنجام:	- تەواوبووە.

٦	**چالاکی:**	ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر (ڕۆڵی ئافرەتان لە کەرتی گشتی). لێکۆڵینەوەکە وەزارەتەکانی (ناوخۆ، پێشمەرگە، داد، تەندروستی، پەروەردە و کاروکاروباری کۆمەڵایەتی) دەگرێتەوە.
	ئامانجی ستراتیژی:	بەشداریپێکردنی ژنان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی لە سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی هەرێم.
	کات و شوێن:	جانیوێری – وەزارەتەکان.
	هاوبەش:	سندووقی دانیشتووانی نەتەوەیەکگرتووەکان، زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی.
	دەرەنجام:	٦٠٪ی تەواە بووە و کار لەسەر بەشەکانی دیکەی دەکرێت.

٧	**چالاکی:**	پێداچوونەوە بە ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ٢٠١٧-٢٠٢٧ و هەروەها کارکردن لەگەڵ پەرلەمان بۆ هەمووارکردن و دەرچوواندنی یاسای پێویست.
	ئامانجی ستراتیژی:	گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسیانە بۆ رێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان.
	کات و شوێن:	فێبریوێری – هەولێر.
	هاوبەش:	سندووقی دانیشتووانی نەتەوەیەکگرتووەکان، زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی.
	دەرەنجام:	٦٠٪ی تەواە بووە و کار لەسەر بەشەکانی دیکەی دەکرێت.

٨	**چالاکی:**	هەڵمەتی ڕاگەیاندنی بەرفراوان و دیالۆگ لەسەر ڕێگرتن، خزمەتگوزارییەکان و کۆتاییهێنان بە نەریتە زیانبەخشەکان (کوشتن بە پاساوی شەرەف، هاوسەرگیری منداڵ، خەتەنە).
	ئامانجی ستراتیژی:	گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسیانە بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان.
	کات و شوێن:	مارس – هەولێر.
	هاوبەش:	وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، سندووقی دانیشتووانی نەتەوەیەکگرتووەکان.
	دەرەنجام:	٦٠٪ی تەواو بووە و کار لەسەر بەشەکانی دیکەی دەکرێت.

٩	**چالاکی:**	سەردانی مەیدانی بۆ کەمپەکانی پارێزگای دهۆک بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی ئافرەتانی ئێزدی ڕزگاربووی دەستی داعش. هەروەها ئەنجامدانی دیبەیتێک بە بۆنەی ١٩ی حوزەیران، ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی سێکسی لەکاتی جەنگدا لە لالش.
	ئامانجی ستراتیژی:	بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.
	کات و شوێن:	جون – دهۆک.
	هاوبەش:	وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی فیدراڵ، پسپۆڕانی ناوخۆیی، رزگاربووان، ڕێکخراوەکانی ژنان و بەرپرسانی حکومەتی خۆجێی دەڤەرەکە.
	دەرەنجام:	تەواوبووە.

١٠	**چالاکی:**	ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری لەگەڵ لایەنە جێبەجێکارەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان و ئافرەت و کۆی یاساکانی پەیوەست بە پرسی ئافرەتان بۆ دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنیان بە ئامادەبوونی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
	ئامانجی ستراتیژی:	گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسیانە بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان.
	کات و شوێن:	دیسێمبەر - هەولێر.
	هاوبەش:	داواکاری گشتی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، دادوەرانی دادگای توندوتیژی خێزانی، دادوەرانی لێکۆڵینەوە، دادوەرانی دادگای باری کەسێتی.
	دەرەنجام:	تەواوبووە.

	چالاکی:	ڕێکخستنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگر و ئامادەبوونی وەزارەتە ئەندامەکان لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانماندا بۆ تاوتوێکردنی هۆکارەکانی زیادبوونی هەندێک جۆری توندوتیژی و چارەسەرکردنیان.
١١	**ئامانجی ستراتیژی:**	گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسیانە بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان.
	کات و شوێن:	مەی – ئەنجومەنی وەزیران.
	هاوبەش:	وەزارەتەکانی ئەندام لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان.
	دەرەنجام:	تەواوبووە.

	چالاکی:	ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی ئاشکرای پەرلەمان و وەڵامدانەوەی پرسیاری پەرلەمانتاران سەبارەت بە پرسەکانی ژنان و پلانەکانی ئەنجومەنی خانمان بۆ پێشخستنی پرسی ئافرەتان.
١٢	**ئامانجی ستراتیژی:**	گەشەپێدان و پێشخستنی ژنان و سوودوەرگرتن لە تواناکانیان لەبوارە جیاجیاکانی ژیان.
	کات و شوێن:	مەی/ پەرلەمان.
	هاوبەش:	تیمی حکومەت، لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان، پەرلەمانتاران.
	دەرەنجام:	- تەواوبووە.

	چالاکی:	بەشداریکردن لە لیژنەی ڕێنوێنی نیشتیمانی عێراقی بۆ سندووقی مرۆیی لەپێناو پاڵپشتی لە ئافرەت، ئاشتی.
	ئامانجی ستراتیژی:	بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێکەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.
	کات و شوێن:	جون/ بەغداد.
١٣	**هاوبەش:**	جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەماهەنگیکاری دانیشتووان، ڕێکخەری مرۆیی بۆ عێراق، ئەمیندارێتی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی، نوێنەری دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان، نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە عێراق و کوردستان.
	دەرەنجام:	تەواو بووە، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا ئەو پارانەی کە دێتە سندووقەکەوە بەشێوەیەکی دادوەرانە لەنێوان پارێزگاکانی سەر بە حکومەتی فیدراڵی و هەروەها هەرێمی کوردستاندا - دابەشبکرێت.

١٤	**چالاکی:**	کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمینداریتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی و بەڕێوەبەرایەتی تواناسازی ئافرەتان بۆ ڕێکەوتن لەسەر ئامادەکردنی چوارچێوەی پلانی نیشتیمانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (ژن، ئاشتی و ئاسایش)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان.
	ئامانجی ستراتیژی:	بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێککەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.
	کات و شوێن:	ئۆکتۆبەر/ بەغدا.
	هاوبەش:	ئەمینداریتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی، بەڕێوەبەرایەتی تواناسازی ئافرەتان لە ئەمینداریتی گشتی، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان.
	دەرەنجام:	تەواو بووە: ڕێکەوتن لەسەر چوارچێوەی پلانە نیشتیمانییەکە کرا. بڕیاردرا هەر حکومەتێک بە ڕەچاوکردنی چوارچێوە نیشتیمانییەکە و واقیعی کۆمەڵگەی خۆی پلانی کاری خۆی دابڕێژێت.

١٥	**چالاکی:**	ئامادەکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (ژن، ئاشتی و ئاسایش)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ١٣٢٥.
	ئامانجی ستراتیژی:	بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێککەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.
	کات و شوێن:	دیسێمبەر - هەولێر
	هاوبەش:	وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم، پسپۆڕانی ناوخۆیی و بیانی، ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەڵەتییەکان، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان.
	دەرەنجام:	تەواو بووە، پلانی کاری هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (ژن، ئاشتی و ئاسایش)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ١٣٢٥ ئامادەکراوە و لەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆ ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە.

١٦	**چالاکی:**	بەشداریکردن لە ڕاگەیاندنی ئەرێکردنی پلانی نیشتیمانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (ژن، ئاشتی و ئاسایش)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ١٣٢٥.
	ئامانجی ستراتیژی:	بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێککەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.
	کات و شوێن:	دیسێمبەر – بەغدا.
	هاوبەش:	ئەمینداریتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی، بەڕێوەبەرایەتی تواناسازی ئافرەتان لە ئەمینداریتی گشتی، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان، ڕێکخراوەکانی ئافرەتان.
	دەرەنجام:	تەواو بووە، پلانی نیشتیمانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (ژن، ئاشتی و ئاسایش)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ١٣٢٥ ڕاگەیەندرا کە پلانی هەرێمیشی لەخۆگرتووە.

١٧	**چالاکی:**	ناساندنی پلانی کاری هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (ژن، ئاشتی و ئاسایش)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ١٣٢٥ بە کونسولخانە و نوێنەرایەتی وڵاتانی بیانی و هەروەها دامەزراوە بیانییەکان لە کوردستان
	ئامانجی ستراتیژی:	بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان
	کات و شوێن:	جانیوێری - هەولێر
	هاوبەش:	فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان
	دەرەنجام:	تەواو بووە: هۆکارەکانی پشت پلانی کوردستان و هەروەها کۆڵەگە سەرەکییەکانی بۆ ئامادەبووان ڕوونکرایەوەو داوای هاریکاری تەکنیکی و دارایی و گۆڕینەوەی ئەزموون و زانیاری بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە کرا

١٨	**چالاکی:**	یادکردنەوەی ٢٠ ساڵەی بڕیاری (ژن، ئاشتی و ئاسایش)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ١٣٢٥ بە ئامدەبوونی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر
	ئامانجی ستراتیژی:	بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان
	کات و شوێن:	نۆڤەمبەر - بەغدا
	هاوبەش:	وەزارەتی ناوخۆ، داد، نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێم، ڕاوێژکاری سەۆککۆمار، نوێنەری ئەمینداریتی گشتی ئەنجومەنی وەیرانی فیدراڵ، ڕێکخراوەکانی ژنان، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان
	دەرەنجام:	تەواو بووە: باس لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی پلانی نیشتیمانی و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردن هەروەها و هەماهەنگی نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێم کرا بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە

١٩	**چالاکی:**	سەردانی ڕزگاربووانی کچ و ژنی ئێزدی لە کەمپەکان و گوێگرتن لە کێشەکانیان و پاشان داوەتکردنی نوێنەرەکانیان بۆ هەولێر و کۆبوونەوەیان لەگەڵ وەزیری ناوخۆ و پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی داواکارییەکانیان، لیژنەکە بە ئەمری سەرۆکوەزیران پێکهێنراوە
	ئامانجی ستراتیژی:	گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسیانە بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان
	کات و شوێن:	نۆڤەمبەر/ هەولێر - دهۆک
	هاوبەش:	وەزارەتی ناوخۆ، سندووقی دانیشتووانی نەتەوەیەکگرتووەکان، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان
	دەرەنجام:	تەواو بووە: لیژنەکە پێکهێنراوە لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ئێزدییەکان، نوێنەری دیوان

٢٠	**چالاکی:**	ڕێکخستنی سیمینارێک سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسای پاڵپشتی ژنانی ڕزگاربووی ئێزدی بەمەبەستی گواستنەوەی ئەزموونی دامەزراوەکانی هەرێم بۆ دامەزراوە فیدراڵییەکان
	ئامانجی ستراتیژی:	گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسیانە بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان
	کات و شوێن:	مەی/ هەولێر
	هاوبەش:	دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی هەرێم، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێکخراوە خۆجێییەکان
	دەرەنجام:	٥٠٪ی تەواو بووە. کۆبوونەوەکەی تر لە هەولێرو بە ئامادەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵی ئەنجامدەدرێت

٢١	**چالاکی:**	کۆبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ نوێنەری وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەڵەتی و شانده بیانییەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی پاڵپشتی بۆ دامەزراوەکانی پەیوەست بە کاروباری ژنان لە حکومەت، هەروەها ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و ئەزموون
	ئامانجی ستراتیژی:	بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان
	کات و شوێن:	
	هاوبەش:	فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە
	دەرەنجام:	بە بەردەوامی هەیە

٢٢	**چالاکی:**	پێداچوونەوە بە ڕەشنووسی پرۆژەیاسای وەبەرهێنان لە ڕوانگەی یەکسانی جێندەری و خستەڕووی بۆ لایەنی پەیوەندیدار
	ئامانجی ستراتیژی:	پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشداریەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن
	کات و شوێن:	ئۆکتۆبەر/ هەولێر
	هاوبەش:	دەستەی وەبەرهێنان
	دەرەنجام:	تەواوبووە

چالاکییەکان لە چوارچێوەی پرۆگرامی مەشرق جێندەر فەسیلیتی لەگەڵ بانکی جیهانی		
٢٣ (١)	**چالاکی:**	سێ ورکشۆپ لەسەر نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و لەچوارچێوەی هەڵمەتی بە مافەکانت بناسە بەڕێوەچوو
	ئامانجی ستراتیژی:	پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشداریەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن
	کات و شوێن:	نۆڤەمبەر - ئۆنڵاین
	هاوبەش:	بانکی جیهانی، نوێنەری لایەنە پەیوەندیدارەکان، سەرۆکی پەیوەندییە دەرەکییە میدیاییەکانی حکومەتی هەرێم
	دەرەنجام:	بەردەوامە

٢٣ (٢)	**چالاکی:**	پێنج کۆبوونەوە لەسەر کلینیکەکانی تایبەت بە چاودێری منداڵ بەڕێوەچوو بە بەشداری لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێم و فیدراڵ لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (لوبنان و ئوردن)
	ئامانجی ستراتیژی:	پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشداریەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن
	کات و شوێن:	مارس/ ئۆنڵاین
	هاوبەش:	بانکی جیهانی، نوێنەری لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان، عێراق، لوبنان، ئوردن
	دەرەنجام:	تەواوبووە

٢٣ (٣)	**چالاکی:**	پێداچوونەوەیەک بە یاسای کاری هەرێمی کوردستاندا کرا بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەشداری ئابووری ژنان. دەرکەوت کە لە هەرێمی کوردستان، لە هیچ بەشێکی یاسای کار دا باس لە هەراسانکردنی سێکسی لە شوێنی کار دا نەکراوە. بۆیە ڕەشنووسی یاسای کاری هەرێم وردبینی بۆ کرا و ڕاسپاردە و پێشنیاریش بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەنجومەنی وەزیران بەرزکرایەوە
	ئامانجی ستراتیژی:	پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشداریەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن
	کات و شوێن:	دیسێمبەر / هەولێر
	هاوبەش:	لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم، تیمی کاری بانکی جیهانی
	دەرەنجام:	تەواوبووە

٢٣ (٤)	**چالاکی:**	ئەنجامدانی ۆرکشۆپێک لەسەر دامەزراندنی ئافرەتان و خاوەندارێتی زەوی کشتوکاڵی بۆ گەنگەشەکردنی گرنگترین کەلێنە دۆزراوەکانی پێداچوونەوە بە یاسای کار و هەروەها خستنەڕووی راسپاردەکان بۆ چاکسازییە یاساییەکان
	ئامانجی ستراتیژی:	پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشداریەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن
	کات و شوێن:	ئەپریل - هەولێر
	هاوبەش:	لایەنە حکومییە پەیوەندیدارەکان، رێکخراوە خۆجێییەکان، کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت
	دەرەنجام:	- تەواوبووە

٢٣ (٥)	**چالاکی:**	ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی ڕوانگەی چاودێری منداڵان و هەروەها پێشخستنی باشترین توێژینەوەی حاڵەت سەبارەت بە جیاوازی رەگەزی هێزی کار
	ئامانجی ستراتیژی:	پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشداریەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن
	کات و شوێن:	ئەپریل - هەولێر
	هاوبەش:	لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت، بانکی جیهانی
	دەرەنجام:	بەردەوامە

٢٣ (٦)	**چالاکی:**	ڕێکخستنی واژۆکردنی یادداشتی لێگەیشتن لەنێوان ڕێکخراوی ئای ئێف سی و ژووری بازرگانی هەرێمی کوردستان بۆ دەستپێکردنی پلاتفۆرمی فێربوونی هاوتاکان لەپێناو بەرزکردنەوەی توانای کۆمپانیاکان بۆ وەرگرتنی هێزی کاری ئافرەتان لەڕێگەی زنجیرەیەک ویبیناری- دامەزراو لەسەر بنەمای داواکاری
	ئامانجی ستراتیژی:	پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشداریەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن
	کات و شوێن:	جانیوێری/ هەولێر
	هاوبەش:	ڕێکخراوی ئای ئێف سی، ژووری بازرگانی هەرێمی و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت
	دەرەنجام:	- تەواوبووە

ساڵی (سێیەم)

- دووشەمە ٢٠٢١/٢/٢٢ ئەمینداری گشتی کاروباری خانمان د.خانزاد چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژووری بازرگانی و بانکی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی بەرنامەی (مشرق جیندر فاسلتی) ئەنجامدا، بۆ پێداچوونەوە بە یاسای کاری هەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەشداری ئابووری ژنان.
- چوارشەممە ٢٠٢١/٣/٣ کۆبوونەوە لەگەڵ GIZ (ئان ڤۆن) ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەسەر پلانی هەرێمی کوردستان تایبەت بە (ژن و ئاشتی و ئاسایش).
- ٢٠٢١/٣/٣ کۆبوونەوە لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی و ڕۆشنبیری لەسەر هەڵمەتی (مافی خۆت بزانە) بۆ ئەو ئافرەتانەی لەکەرتی تایبەت کار دەکەن.
- یەکشەممە ٢٠٢١/٤/٢٥ د. خانزاد ئەحمەد، ئەمینداری گشتی کۆبووەوە لە گەڵ د. ریتا کۆلۆمبیا نوێنەری UNFPA لە عێراق، و شاندێکی یاوەری. لە کۆبوونەوەکەدا باس لەسەر چۆنیەتی کارکردنی هاوبەشی نێوان هەردوولا کرا، بە ئامانجی گەیشتنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان بە خانمان لە ڕێگەی ڕاهێنان و پەرەپێدانی تواناکان و دروستکردنی سەرکردە و کەسایەتی لێهاتوو لە ژنان و کچان لەسەرجەم بوارەکاندا.
- سێشەممە ٢٠٢١/٥/٤ د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی کۆبووەوە لەگەڵ (یەکێتی ئەوروپا) بۆ پاڵپشتی و هاوکاری یەکێتی ئەوروپا بۆ پڕۆژەکانی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان.
- یەکشەممە ٢٠٢١/٥/١٦ د.خانزاد ئەمینداری گشتی کۆبووەوە لەگەڵ قونسوڵی بەریتانی بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر بارودۆخی ئابوری ژنان لە هەرێمی کوردستان و هەماهەنگی کارکردن لە نێوان هەردوولادا.
- پێنجشەممە ١٠/٥/ ٢٠٢١ د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، لە بەغدا بەشداری لە کۆبوونەوەی لیژنەی ڕێنمایی نیشتمانی بۆ سندوقی پاڵپشتی خانمان بۆ ئاشتی و کاری مرۆیی کرد.
- لە ڕۆژانی ٢٧-٢٠٢١/٦/٢٩ لە چوارچێوەی بەشی دووەمی نەخشەو پلانی نیشتمانی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ١٣٢٥ و پرسی تواناسازی ئابووری خانمان، بەسەرپەرشتی د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و د. یوسرا بەڕێوەبەری گشتی لە فەرمانگەی تواناسازی ئافرەتانی عێراقی فیدراڵ، بەچاودێری UN-Women کۆبوونەوەیەکی هەماهەنگی لە نێوان ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و فەرمانگەی تواناسازی ئافرەتانی عێراقی فیدراڵ، بەڕێوەچوو.
- پێنجشەممە ٢٠٢١/٩/٢ د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان پێشوازی لە (جەیمی هامیڵ) جێگری کونسوڵی گشتی نوێی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری کرد.
- یەکشەممە ٢٠٢١/٩/٥ د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان کۆبووەوە لەگەڵ شاندێکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی فلاندەرزی بەلجیکی کە پێکهاتبوو لە (جیڵ سوتیس بەڕێوەبەری کاروباری نێودەوڵەتی ژوور و لۆك ڤان ئەندامی ژوور، بەئامادەبوونی عومەر عارف بەڕێوەبەری

پەیوەندییەکانی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر). لە کۆبوونەوەکەدا، هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی فلاندەرز دووپاتکرایەوە، بەتایبەتی بۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەك بۆ گەشەپێدان و تواناسازی خانمان لە هەرێمی کوردستان، لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بوارەکانی تری گەشەپێدانی ئابووریدا.

- پێنجشەممە ٢٠٢١/٩/٢٣ "ئیف دۆڤاڵ" بەڕێوەبەری نوێی نووسینگەی هەولێری باڵوێزخانەی کەنەدا لە عێراق، سەردانی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمانی کرد، لەلایەن د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، پێشوازی لێکرا. لە دیدارەکەدا ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان ئاماژەی بۆ سیاسەتی کابینەی نۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دیدگەی رێزدار مەسرور بازرانی بۆ پرسی یەکسانی و توانادارى خانمان لە گشت بوارەکاندا، کرد. هەر لە دیدارەکەدا میکانیزمی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان ئەنجومەنی باڵای خانمان و حکومەتی کەنەدا گفتوگۆی لەبارەوە کرا.

- پێنجشەممە ٢٠٢١/٩/٢٣ د. خانزاد ئەحمەد، ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، پێشوازی لە شاندێکی دەزگای فریاگوزاری و ئاشتەوایی FRIMMI ی ئەمریکی کرد، کە پێکهاتبوو لە "سوزان گریر" بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دەزگاو "ماکس وود" سەرۆکی بۆرد و "مارك گاڤۆنی" ئەندامی بۆردی دەزگاکە.

- سێشەممە ٢٠٢١/١٠/٢٦ د. خانزاد ئەحمەد، ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، پێشوازی لە شاندێکی هاوبەشی هەردوو باڵوێزخانەی سوید و نەرویج لە عێراق کرد، کە پێکهاتبوو لە هێڵین سۆربێرت ڕاوێژکاری کاروباری کونسوڵی و کارینا کریف کونسوڵی کاروباری کارگێڕی و کۆچ و مۆرتۆن تسیم سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی نەرویج لە عێراق.

- یەکشەممە ٢٠٢١/١٢/٥ لەلایەن ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان و رێکخراوی مۆزاییك میدڵ ئێست-ی بەریتانی، بەهاوکاری UN-Women کۆنفرانسی بارودۆخی خانمانی پێکهاتەکان دوای داعش و پێویستییە ژیانی و دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکانیان لە دەشتی نەینەواو شەنگال، بە بەشداری خانمانی ئەو ناوچانە لە پێکهاتە جیاجیاکان، کۆتایی پێهات، کە ماوەی دوو رۆژی خایاند.

- ٣ی ئاداری ٢٠٢٢ د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، پێشوازی لە ئانیت لیس بەڕێوەبەری کاروباری خانمان لە ئۆفیسی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) کرد. لە دیدارەکەدا پاراستنی مافەکانی ئافرەت و یەکسانی جێندەری و جێبەجێکردنی بڕیاری (ئافرەت، ئاشتی، ئاسایش) ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی خرانە بەرباس .

- ٢٨ی ئاداری ٢٠٢٢ د.خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، پێشوازی لە شاندێکی بانکی نێودەوڵەتی کرد کە پێکهاتبوو لە خاتوو سارە حەریز بەرپرسی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیاو مستەفا ئەلمستاف بەرپرسی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە ئۆفیسی

بەغدای بانکی نێودەوڵەتی. لە دیدارێکدا، هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەردوولا دووپاتکرایەوە لە بواری پرۆژەی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و بوارەکانی مەشق و ڕاهێنان لە بواری جێندەرو پاراستنی کۆمەڵایەتی و بونیادنانی توانا مرۆییەکانی خانمان و پیاچوونەوە بە یاساکان و خزمەتگوزاری پەرەپێدانی خانمانی کارساز لە کەرتی تایبەت.

- ٢٩ی ئاداری ٢٠٢٢ ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، بە هاوکاری ڕێکخراوی Women for Women وGIZ ، وۆرکشۆپی ڕاگەیاندنی ئەپلیکەیشنی (Women Cloud) بەڕێوەچوو. ئەم ئەپلیکەیشنە هاوکاری خانمان دەکات لە رووی ئابوورییەوە کە چۆن بتوانن هەلی کار بدۆزنەوە یان بۆ بە بازاڕکردنی کاڵاکانیان و بەرەوپێشچوونی ئابووری پرۆژەکانیان .

- ٢٩ی ئاداری ٢٠٢٢ د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، پێشوازی لە شاندێکی بانکی نێودەوڵەتی کرد کە پێکهاتبوو لە خاتوو سارە حەریز بەرپرسی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیاو مستەفا ئەلمستاف بەرپرسی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە ئۆفیسی بەغدای بانکی نێودەوڵەتی. لە دیدارێکدا، هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەردوولا دووپاتکرایەوە لە بواری پرۆژەی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و بوارەکانی مەشق و ڕاهێنان لە بواری جێندەرو پاراستنی کۆمەڵایەتی و بونیادنانی توانا مرۆییەکانی خانمان و پیاچوونەوە بە یاساکان و خزمەتگوزاری پەرەپێدانی خانمانی کارساز لە کەرتی تایبەت.

- ٣١ی ئاداری ٢٠٢٢ د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، پێشوازی لە شاندێکی فەڕەنسی کرد، کە پێکهاتبوو لە خاتوو کاترین بۆناود بەڕێوەبەری هەرێمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەزگای AFD و سێرج سنێرچ گەورە ڕاوێژکارانی دەزگاکە لە عێراق، محەمەد فەیزی بەڕێوەبەری بەشی ئابووری لە کونسوڵخانەی فەڕەنسا لە هەولێر. لە دیدارێکدا، بوارەکانی تواناسازیی ئابووری و بازرگانی خانمان لە هەرێمی کوردستان خرانە بەرباس، بەتایبەتی پاڵپشتیکردنی ئەو خانمانەی پرۆژەی ئابووری سەربەخۆیان هەیەو لە کەرتی تایبەت کاردەکەن و هەوڵی بەهێزکردن و پەرەپێدانی پرۆژە و تواناکانیان بدرێت.

- ٤ی نیسانی ٢٠٢٢ بەئامادەبوونی د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، نوێنەرانی ئاژانسی(UN-Women) ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان و ئەندامانی بۆردی ١٣٢٥، کۆبوونەوەکانی پلاندانان بۆ لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی پلانی نیشتمانی جێبەجێکردنی بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ماوەی دوو رۆژدا، چەندین بابەتی گرنگ دەخرێنە بەرباس، لەوانە: دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان سەبارەت بە چوارچێوەی بەدواداچوونی پلانی نیشتمانی ١٣٢٥، خستنەڕووی چوارچێوەی بەدواداچوونی پلانەکەو گفتوگۆکردن لەسەر کۆڵەگەی دووەمی چوارچێوەی پلانەکەو چەندین بابەتی تری تایبەت بە جێبەجێکردنی پلانەکە.

- ١١ی نیسانی ٢٠٢٢ د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، پێشوازی لە شاندێکی بەریتانی کرد کە پێکهاتبوو لە کریسستۆفەر سێگار باڵیۆزی پێشووی بەریتانیا لە عێراق کە هاوکات دامەزرێنەری (ڕێکخراوی موزاییک میدڵ ئیست)ە و ڕۆب شۆلتیڤ سەرۆکی ئەنجومەنی ڕێکخراوەکە، لە دیدارەکەدا دەرەنجامەکانی کۆنفرانسی "ئافرەتانی کەمینە: دەرەفەت و هەڕەشەکان" کە لە بەرواری ٥-٦ی دیسێمبەری ساڵی ڕابردوو لە هەولێر بە هاوبەشی هەردوو دامەزراوەکە و بە پاڵپشتی یوئێن ومەن ئەنجامدرا، خرایە بەر باس.

- ١٢ی نیسانی ٢٠٢٢ بە ئامادەبوونی د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان و د. یوسرا کەریم بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تواناسازیی ئافرەتان لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ، باڵیۆزی ئیتالیا لە عێراق، نوێنەری ئاژانسەکانی (UN-Women) و(UNFPA). ڕێوڕەسمی واژۆکردنی پرۆژەی "باشتربوونی دەستپێڕاگەیشتن، سەلامەتی، پاراستن و خۆشبەختی ژنان و کچانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و جێندەری لە هەرێمی کوردستان لەرێگەی بەهێزکردنی سیستەمی وەڵامدانەوە" لە بەغداد بەڕێوەچوو.

- ١٠ی ٥ی ٢٠٢٢ د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، پێشوازی لە ئان مێسکانین سەرۆکی نێردەی ڕاوێژکاری یەکێتی ئەوروپا لە عێراق و شاندێکی ئۆفیسی سەرەکی دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتی ئەوروپا لە بروکسل، کرد. لە دیدارێکدا ڕەوشی خانمان لە هەرێمی کوردستان خرایە بەرباس، هەروەها باس لە چۆنیەتی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان هەردوولا کرا. لە دیدارەکەدا گفتوگۆ لەسەر جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان تایبەت بە بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی (ئافرەت، ئاشتی، ئاسایش)، کرا.

- ١١ی ٥ی ٢٠٢٢ د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، پێشوازی لە تیمی IGPA / Takamulکرد، کەلایەن ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID)پاڵپشتی دەکرێت. لە دیدارێکدا پرسی بەشداری سیاسی و تواناسازی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و پاراستنی مافەکانی خانمان خرایە بەرباس.

- ١٩ی ٥ی ٢٠٢٢ بەمەبەستی تاوتوێکردنی ڕەوشی خانمان لە هەرێمی کوردستاندا، د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، پێشوازی لە خاتوو میشیل کیمانزی بەرپرسی دۆسییەی مافەکانی مرۆڤ لە ئۆفیسی هەرێمی کوردستانی ئاژانسی یۆنامی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و شاندێکی یاوەری کرد. لە دیدارێکدا ڕەوشی مافەکانی خانمان لە هەرێمی کوردستان خرایە بەرباس و ئەو ئاستەنگ و پێشێلکاریانەش خرانەڕوو کە ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبنەوە لە کۆمەڵگەدا.

- ٢ی ٦ی ٢٠٢٢ د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، پێشوازی لە جێفری تیۆدۆر بەڕێوەبەری کاروباری گەشەپێدان لە باڵوێزخانەی بەریتانیا لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد. پرسی گەشەپێدان و توانادارییی ئابووری خانمان لە هەرێمی کوردستان خرایە بەرباس و ئەو ئاستەنگ و پێشێلکاریانەش خرانەڕوو کە ڕووبەڕووی خانمانی کارساز دەبنەوە.

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان

پێشەکی

حکومەتی هەرێم لە ڕێی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بایەخی بە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی داوە لەگەڵ دامەزراوە ناوخۆیی و دەرەکییە فرەلایەنەکاندا لە بواری پابەند بوون بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ.

یەکەم: ئامادەکردنی ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێم لە میانەی ڕاپۆرتی کۆماری عێراق تایبەت بەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیانەی عێراق پەسەندی کردوون لە بواری مافەکانی مرۆڤ

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا (٢١) ڕاپۆرت پێشکەش بە لیژنەی نیشتمانی نووسینی ڕاپۆرتی ئەو ڕێککەوتننامانەی عێراق پەسەندی کردوون کردووە بە مەبەستی وەڵامدانەوەی ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی لە قاهیرە لە بواری جیاجیا وەک نموونە:

١- پانۆرامای خولی گشتگیر (UPR).

٢- پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان.

٣- پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان.

دووەم: بەشداریکردن لە دارشتنی بەڵگەنامەی بنەڕەتی یەکگرتووی کۆماری عێراق و پلانی نیشتمانیی کۆماری عێراق بۆ مافەکانی مرۆڤ

بەشداریکردن لە دارشتن و ئامادەکردنی بەڵگەنامەی بنەڕەتی یەکگرتووی کۆماری عێراق و پلانی نیشتمانی بۆ مافەکانی مرۆڤ. بەڵگەنامەی بنەڕەتی یەکگرتووی کۆماری عێراق هەنگاوی گرنگ بوو بۆ ئەوەی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراق نیشان بدرێت لەرووی دەستووری، سیستەمی سیاسی لە هەرێم، جوگرافیا، ڕووبەری هەرێم، مێژوویی، خزمەتگوزارییەکان و چەندین بواری دیکە.

سێیەم: بەشداریکردن لە گفتوگۆکانی بارەگا سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئۆرگانە هەرێمییەکان تایبەت بەو ڕێککەوتننامانەی عێراق پەسەندی کردوون

لە میانەی گفتوگۆکانی ڕاپۆرتی کۆماری عێراق لەو ڕێککەوتننامانەی تایبەتن بە پرسی مافەکانی مرۆڤ لە بارەگا سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئۆرگانەکانی تری هەرێمایەتی وەک کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، بەشداریکردن لە (٩) کۆبوونەوە بۆ خستنەڕووی هەنگاوەکانی لەڕووی حوکمڕانی باش، سەروەری یاسا، شەفافیەت، بەرپرسیاریەتی و سەربەخۆیی دادگاکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ڕاسپاردانەی تایبەتن بە هەرێم لەو ڕێککەوتننامانەدا وەک نموونە:

١- گفتوگۆی ڕاپۆرتی یەکەمی کۆماری عێراق بۆ پەیماننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە قاهیرە.

٢- خولی (١٩)مینی لیژنەی نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە ڕێککەوتننامەی پاراستنی هەموو کەسەکان لە شوێن بزربوونی زۆرەملێ.

٣- خولی (٧٣)ی لیژنەی تایبەت بە (نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و هەموو جۆرەکانی مامەڵەی توند و نامرۆڤانە و سووکایەتی پێکردن) لە جنێڤ.

چوارەم: بەدواداچوون، هەڵسەنگاندن، وەڵامدانەوەی ئەو لێدوان، بەیاننامە و ڕاپۆرتانەی دەربارەی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لەسەر هەرێمی کوردستان لە دەرەوە و ناوەوە بڵاوکراونەتەوە

ڕاپۆرتەکان: لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا وەڵامی تێروتەسەلی (١٦) ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی دراوەتەوە کە لە چەند لایەنێکەوە دەرچوون وەک:

١- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە جیهان.

٢- ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆر.

٣- ڕاپۆرتی ڕوانگەی ئەوروپی- ناوەڕاست.

ڕاپۆرتەکان تایبەت بوون بەم بوارانەی خوارەوە:

- سەروەری یاسا.
- ڕەوشی ناوچە جێناکۆکەکان.
- خۆپیشاندانی ئاشتیانە.
- ئازادی ڕادەربڕین و میدیا.
- ڕەوشی گرتووخانە و چاکسازییەکان.
- بازرگانی بەمرۆڤ، و ماددە هۆشبەرەکان.

لێدوان و بەیاننامەکان:

سەبارەت بە ڕووداوەکانی سێ ساڵی ڕابردوو زیاتر لە (٧٢) لێدوان و بەیاننامەمان بڵاوکردۆتەوە لە وەڵامی چەند لایەنێکی ناوخۆیی و دەرەکی لەو لایەنانە:

١- ڕێکخراوی (هیومان ڕایتس وۆچ).

٢- ڕاپۆرتی کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان (CPJ).

٣- ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی.

٤- یۆنامی و کۆمیساری باڵای مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان.

کۆبوونەوە گشتییەکان لەگەڵ دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ:

زیاتر لە (٦٥) کۆبوونەوە ئەنجامدراوە لەگەڵ تۆڕی زانیاری نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپارە نێودەوڵەتییەکان لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ مەبەستی بەداواچوونی دواییین ڕاپۆرت و لێدوان و بەیاننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ڕەوشی حوکمڕانی لە هەرێم.

پێشوازی و سەردانکردن، کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە (بیانی و ناوخۆییەکان):

لەگەڵ لایەنە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان وەک کونسوڵگەرییە گشتییەکان، دبلۆمات، ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و نێوخۆکان زیاتر لە (١٦٠) کۆبوونەوە و دیدار ئەنجامدراون بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی داتا و زانیارییەکان.

ئیمێل و نووسراوەکانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کە ئاراستەی دام و دەزگاکانی هەرێم و لایەنە نێودەوڵەتییەکان کراون بە مەبەستی بەدواداچوون:

لە ماوەی ڕابردوودا زیاتر لە (٥٥٤) نووسراو ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە. تایبەت بوون بە هەماهەنگی لەگەڵ دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ مەبەستی وەڵامدانەوە و ئامادەکردنی هەڵوێست، ڕوونکردنەوە، بەدواداچوون، ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ لایەنە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

لەلایەکی دیکەوە ئاڵوگۆڕکردنی زیاتر لە (٤٧٠٧) ئیمێڵ لەگەڵ لایەنە حکومییەکان، ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، کونسوڵی وڵاتان، دبلۆماتەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، یونیتاد و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نێوخۆیی و بیانی.

کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی:

لە ڕووی ڕووماڵی میدیایەوە زیاتر لە (١٩) کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیمان ڕێکخستووە سەبارەت بە پرسە جیاجیاکانی تایبەت بە ئازادییەکات و دۆسییە پەیوەندیدارەکان بە ڕەوشی حوکمڕانی لە هەرێم.

پێنجەم: پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٢١-٢٠٢٥)

پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٢١-٢٠٢٥) لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٢١/٩/١٥ بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٢) پەسەند کرا، بە یەکێک لە دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم دادەنرێت. پلانەکە بەشێکە لە میکانیزمێکی نیشتمانی بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەپێی ستاندارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و نەخشە ڕێگایەکە بۆ پێشخستنی و پەرەپێدانی دۆخی مافەکانی مرۆڤ و هاندانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی ئەو مافانە لە هەرێمی کوردستان (١٧٩) ڕاسپاردە لە کۆی (٣٨٩) ڕاسپاردەی پانۆرامای خولی گشتگیری نەتەوەیەگکرتووەکان جێبەجێکراوە.

بۆ ناساندنی ئەم پلانە لە ماوەی ڕابردوودا، (٤١) کۆبوونەوە ئەنجامدراوە، و سەردانی (٢٣) وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم کراوە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە نەخشە ڕێگا و میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی ڕوون بکرێتەوە و بەشداری و ڕۆلی وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم لە جێبەجێکردنی پلانەکە دیاری بکرێت.

شەشەم: هەماهەنگی کردن لەگەڵ تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)

- ئەنجومەنی ئاسایش بەپێی بڕیاری (٢٣٧٩) ساڵی (٢٠١٧) بڕیاریدا بە دامەزراندنی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) لە عێراق.
- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشانکرا بۆ هەماهەنگی کردن و بەدواداچوونی کار و چالاکییەکانی تیمی ناوبراو لەگەڵ دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم.
- لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بەشداری (٢٥) کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی کراوە و دەیان دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ یونیتاد و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمدا کراوە.
- بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی سەرۆکی تیمی یونیتاد لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، پەرلەمان و وەزیرەکان.
- بەشداریکردن لە ژمارەیەک چالاکی یونیتاد لە دەرەوەی وڵات، لەوانە لە بەرلین و نیویۆرک.
- بە نوێنەرایەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداریکرد لە کردنەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و لە مەراسیمی هێنانەوەی ڕوفاتی (٧٠) گۆڕی قوربانیانی ئێزیدی لە گوندی حەردان و (٤١) گۆڕی قوربانیانی کۆجۆ و سۆڵاغ.